هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 86

سالی/ 2012 – بەرگی هەشتاو شەش

---

چاپی یەکەم/ سالی 2013

له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(2012)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: 86
چاپی یەکەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات کردن: شرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اکرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد.
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/11 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/12/12 ل 83

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/17 ل 145

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/18 ل 201

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/12/19 ل 251

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/24 ل 293



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**سێ شەممە رێکەوتی 11\12\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (28)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/12/11

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/12/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی سێیەم, سالّی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (28)ی خولی سێیەمی هەلّبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/12/11 دا بەم شێوەیە بێت:

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەلّبژاردن، سالّی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن 28، ڕۆژی دانیشتن 2012/12/11.

بەرنامەی كار

بە پێی حوكمەكانی بڕگە 1 ی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەمواركراوی سالّی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە 28 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەلّبژاردن، لە كات 10ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2012/12/11 بەم شێوەیە بێ:

1/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەنداریێتی هزری و هونەری لەهەرێمی كوردستانی عیراق.

2/پەسەند كردنی حساباتی كۆتایی سالّی 2011 .

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان ناوی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دەخوێنێتەوە كە ئامادە نەبوون یان مۆلّەتیان هەبووە با بفەرموێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دانیشتنی ژمارە 27 ی ئاسایی لە ڕۆژی 2012/12/10 مۆلّەت پێدراون یان بێ مۆلّەت ئامادە نەبوون.

دانیشتنی بەیانی، ئاشتی عزیز (مۆڵەت)، بورهان رشید (مۆڵەت)، دانا سعید (مۆڵەت)، ڕازاو محمود (مۆڵەت)، ڕێباز فتاح (مۆڵەت)، صبیحە احمد (مۆڵەت)، قادر احمد (مۆڵەت)، کوێستان محمد (مۆڵەت)، یاووز خورشید (مۆڵەت)، لیلی امیر (مۆڵەت)، عدنان عثمان (ئامادە نەبووە).

دانیشتنی ئێوارە، ئاشتی عزیز (مۆڵەت)، بورهان رشید (مۆڵەت)، دانا سعید (مۆڵەت)، ڕازاو محمود (مۆڵەت)، ڕێباز فتاح (مۆڵەت)، صبیحە احمد (مۆڵەت)، قادر احمد (مۆڵەت)، کوێستان محمد (مۆڵەت)، یاووز خورشید (مۆڵەت)، لیلی امیر (مۆڵەت)، عدنان عثمان (ئامادە نەبووە)، سمیرە عبداللە (ئامادە نەبووە)، عبدالقادر اکرام (ئامادە نەبووە)، عبداللە محمد امین (ئامادە نەبووە)، نیشتمان مرشد (مۆڵەت).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بۆ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەنداریێتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەکانی یاسایی و ڕۆشنبیری دەکەین فەرموونە سەر سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەکەین بەخێر بێی، ئێستا گەیشتینە ماددەی 7 تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان موناقەشەی بکەن، کاك جلال فەرموو خێر! فەرموو.

**بەڕێز جلال علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ شتێکی وەکو هەڵە (الجمهوریە العراقیە) نەماوە (جمهوریە العراق) ئەگەر ئەوەتان چاك کردایە سوپاستان دەکەم، چونکە ئەوە هی ساڵی حەفتاکانە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## فەسڵی چوارەم

## مافەکانی خاوەن مافی دانەر

**ماددەی حەفتەم:**

یەکەم: دانەر مافی مەعنەوی و دارایی هەیە، دانەر و وەچە گشتییەکەی بەهرە وەردەگرێ لە مافە مەعنەوییەکان کە تێپەڕبوونی کات و دەست لێ بەردان نایانگرێتەوە:

1/ مافی خستنەبەردەستی جەماوەر بۆ هەوەڵجار، لەکاتێکی دیاریکراو و بەو میتۆدەو دەستەواژەی دانەر خۆی دەیەوێ.

2/ مافی دانەر کە کارەکەی بە ناوەوە بکرێ.

3/مافی دانەر لە بڵاوکردنەوەی کارەکەی بە ناوی راستەقینەی خۆیەوە، یان بەناوێکی خوازراوەوە، یان بەبێ ناو.

4/ مافی ڕێگەنەدان بە دەسکاریکردنی کارەکەی بەشێوەیەك کە ببێتە شێواندن و هەڵگێڕانەوەی ئەو هەموارو دەسکارییەی لە بواری تەرجەمەدا دەکرێ، دەستدرێژیی نییە بۆ سەر ئەم مافە، مەگەر وەرگێڕ خۆی لە باسکردنی ئەو جێیانەی لای بردوون، یان گۆڕانکاری تێدا کردوون، بواردرابێ یان بەم کاروکردەیەی خراپەی دەرهەق بە ناوبانگی دانەرەکەو پلەو پایە ئەدەبی، یان هونەری، یان زانستییەکەی کردبێت.

5/ مافی پێشگیرکردن لەهەر دەستدرێژییەك کە بۆ سەر کارەکەی بکرێ.

6/ مافی هەڵگەڕانەوە لە گرێبەستەکانی دەست لێ بەردان، یان لە مامەڵە بە مافە داراییەکانی خۆی، تەنانەت دوای بڵاوکردنەوەی کارەکەی و کۆکردنەوەو کێشانەوەی لە بازاڕ، ئەگەر ئەم هەڵگەڕانەوەیە پێویست بێ بۆ پاراستنی کەسایەتی و ناوبانگی خۆی، بەمەرجێ قەرەبووی ئەو کەسە بکاتەوە کە مافەکانی کەڵك لێ وەرگرتنی دارایی پێدابوو، بۆ بژاردنەوەی ئەو زیانەی لەو هەڵگەڕانەوەیە دەکەوێتەوە لە ماوەیەکدا کە هەردوو لا لەسەری ریکەوتبن، یان لە ماوەیەکدا کە دادگا بڕیاری لێ دا بێت.

دووەم: ئەگەر دانەر، میراتگر، یان وەسیەت بۆ کراوی نەبوو، ئەوا وەزارەت لە جیاتی ئەو، پراکتیزەی ئەو مافانە دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو بە عەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**حقوق صاحب حق المؤلف**

**المادة السابعة:**

**اولاً:** للمؤلف حقوق مالية ومعنوية. ويتمتع المؤلف وخلفه العام بحقوق معنوية غير قابلة للتقادم او التنازل عنها وتشمل:

1/ الحق في اتاحة المصنف للجمهور لاول مرة، في وقت معين و بالطريقة والوسيلة التي يحددها.

2/ الحق في نسب المصنف اليه.

3/ الحق في نشر مصنفه باسمه الحقيقي او باسم مستعار او من دون اي اسم.

4/ الحق في منع تعديل المصنف بشكل يعد تشويها او تحريفا له. ولا يعد التعديل في مجال الترجمة اعتداءا على هذا الحق، الا اذا اغفل المترجم الاشارة الى مواطن الحذف، او التغيير، او اذا اساء بعمله هذا الى سمعة المؤلف ومكانته الادبية او الفنية او العلمية.

5/ الحق في منع اي اعتداء على مصنفه.

6/ الحق في التراجع عن عقود التنازل او التصرف بحقوقه المالية حتى بعد نشر مصنفه وسحبه من التداول، اذا كان ذلك التراجع ضروريا للمحافظة على شخصيته وسمعته، شرط تعويض من آلت اليه حقوق الانتفاع عن الضرر الناتج عن هذا التراجع في غضون أجل متفق عليه او اجل تحدده المحكمة.

**ثانياً:** تباشر الوزارة الحقوق الواردة في الفقرة اولا اعلاه في حالة عدم وجود وارث او موصي له.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ؟ باشە، كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، كاك لقمان سلیمان، سیوەیل خان، كاك نەژاد، كاك جلال، د.صباح، كاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەكەم دا هاتووە (مؤلف حقوق مالية ومعنوية)، من پێموایە لە جیاتی ئەو حقوق مالیە بكرێ بە (حقوق مادیە)، چونكە هەندێ ماف هەیە، مەعنەویش نیە، بەڵام ناچێت و پۆلین ناكرێ لەژێر خانەی حقوقی دارایی دا، لەبەرئەوە، حقوقی مالی بكرێ بە حقوقی ماددی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سیوەیل خان فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا بە نیسبەت (الفصل الرابع) ناونیشانەكە وابزانم زۆر ناڕێكە ئەگەر بیخوێنینەوە نووسراوە (حقوق صاحب حق المؤلف) یەعنی بەس بڵێین (حقوق المؤلف) یان (حق صاحب المؤلف)، یەعنی دوو حەق لەچوار وشەی نابێ، دوویان مافی تێدابی و ڕێك نیە، لە (رابعا)نازانم ئەگەر من غەڵەتم یان نا، نووسراوە هەمووی ناخوێنمەوە (الا اذا اغفل المترجم الاشارة الى مواطن الحذف) یان (الى مواقع الحذف)؟؟ یەعنی وشەیەكی تێدا هەیە نازانم بەڕێزان ئەندامانی لیژنە، چوارەم، بیخوێنمەوە كاك شوان؟ 4/ الحق في منع تعديل المصنف بشكل يعد تشويها او تحريفا له. ولا يعد التعديل في مجال الترجمة اعتداءا على هذا الحق، الا اذا اغفل المترجم الاشارة الى مواطن الحذف، یەعنی مەواتنەكە ڕاستە یان مەواقعە؟ نازانم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك نەژاد فەرمووو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت عینوانەکە منیش لەگەڵ ئەو برادەرانە دامە کە باسیان کرد، بە حەقیقەت عینوانەکە لەنگە، (حقوق صاحب حق المؤلف) ئێستاش نازانم ئەوە هەر لەنگە بەڕاستی کاك شوان، جەنابت تەماشام دەکەی، لەبەرئەوەی ئەو مەشغوڵە، حەقی موئەلیف کیفایەتە، ئەوە نوقتەیەك لە یەکەمیش دا کە دەڵێت (للمؤلف حقوق مالیة ومعنویة) ڕاستە، (ویتمتع المؤلف وخلفه العام) تەبعەن خەلەفیهی عام، یەعنی چۆن خەلەفیهی عام؟ دەمەوێ لیژنەی یاسایی تێم بگەیەنێ، چونکە میراتگر خەلەفی خاسە، یەعنی هی مەعنەوی هەر بۆ موئەلیفەکەی، بەس بۆ ناحیەی مالی، خەلەفی خاس هەیە، یەعنی کابرایەك ناچێ میراتی لە یەکێکی بێگانەوە بگرێ، مەعلومە لە خەلەفی خاسە ئەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا، بەڵام بۆ خەلەفیهی عام، منیش ئەو مولاحەزەیەم هەیە، یان دەبێ شەرعی بێ، یان قانونی بێ، خەلەفی عام لە قانون دا چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش عینوانەکەم بەلاوە دەقیق نیە، هەر بوترێ (حقوق المؤلف)، چونکە کە دەڵێی (صاحب حق المؤلف)، یەعنی موئەلیف خۆی، یەعنی ساحیبی حەقی موئەلیف خۆیەتی، پاشان پێم باشە (حقوق مادیە ومعنویە) بێ، چونکە لە موقابلی مەعنەویەوە ماددی هەیە، ئینجا خەلەفی عام بەڕاستی لێرەدا دەقیق نیە، چونکە ئێمە خەلەفی عام یەعنی هەموو کۆمەڵگا، ئەم کەسە تەمسیلی دەکات خەلەفی خاس واتا وەرەسە، یان بوترێ ..... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.صباح ئەوە موستەڵەحەکی قانونیە دیارە قانونیەکان دەیزانن ئەو موستەڵەحە کەلیمەیەکی عام نیە موستەڵەحێکی قانونیە وەکو زاراوەیەکی قانونی، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی خوێندبێتمان خەلەفی عام و خەلەفی خاس دەبێت تەحقیقی تیا بکرێ، من پێموایە خەلەفی عام یەعنی هەموو ئەوانەی کە دەبن بەوارسی ئەو شەخسە و موجتەمەع، یەعنی بێجگە لەوەی کە وارسە بە قەرابە، ئەگەر هەڵە نەبم، بۆم ڕاست بکەنەوە، باسی تەقادوم و تەنازول دەکرێ، ئەسڵ وایە لە حەقدا یەعنی ئەگەر کاتێکی بەسەردا تێ پەڕی، گومان دروست دەبێ کاتێ دوای ئەو حەقە سابتە بۆ شەخسێ ناچێ مومارەسەی بکات و داوای بکات، بەڵام پاش ماوەیەك دەچێ، بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێك شتێکی بڵاوکردەوە ئیتاحەی دەکات بۆ خەڵك، پاش ماوەیەك کە هەست دەکات ئەمە ئیستفادەی لێ کراوە و خەڵك ڕەنگە ئیستفادەی لێ بکات ئینجا دەچێ داوای دەکات، ئەمە پێویستی بە وردەکاریەکی زیاترە، یەعنی جاری وا هەیە ئەو نەسە کە یەکێ پێشکەشی دەکات تا ئەو کاتەی پێشکەشی نەکردووە موڵکی خۆیەتی، کە پێشکەشی کرد دەبێ بە موڵکی عام وبە موڵکی ئەو خەڵکە، ئەمەش پێویستی بەوەیە ئەمە وردەکاریەکی تێدا بکەین، چونکە ئەوە حەقێك سابت دەبێ بۆ خەڵك و بۆ کۆمەڵگا کە پێی دەوترێ حەقی موکتەسەب و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر مولاحەزەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی من لەسەر ناوی فەسڵەکەیە، لەبەرئەوە ئەمە ڕەبتی بە هەموو مافەکانی موئەلیفەوە هەیە، پێموایە (حقوق المؤلف) بێ وازحترە، دواتر لە بڕگەی 1 دا کە دەڵێ (للمؤلف حقوق مالية ومعنوية ويتمتع المؤلف وخلفه العام) خەلەفی عام یەعنی وەرەسە تایبەتیەکانی خۆی کە تەمەتوع دەکەن، بە تەنیا لێرە حەقی مەعنەوی هاتووە، من پێموایە دەبێ ئیزافەی حقوقی مالیشی بۆ بکرێ، بڵێ (والمالیە) لەبەرئەوەی لە ماددەی 9 و لە ماددەی 8 دا باس لەوە کراوە کە موئەلیف خۆی و وەرەسەکەی تەمەتوع بە حقوقە مالیەکانەوە دەکەن، لەبەرئەوە تەنیا حەقە مەعنەویەکە نابێ لێرە باس بکرێ، لەوانەیە ئەگەر ئەمە بە تەنیا لێرە باس بکرێ، نوقسان دەردەچێ و تەناقوز لەگەڵ ماددەی 8 و 9 دەکات، چونکە لەوێ باس کراوە موئەلیف خۆی و وەرەسەکەی لە ماددەی 9 خەلەفە عامەکە هەیە تەمەتوع بە حقوقی مالیەوە بکەن، پێموایە دەبێ (ومالی) بۆ ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی ڕۆشنبیری؟ کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی فەسڵەکە کە نووسراوە (حقوق صاحب حق المؤلف) یەعنی دانراو (المصنف)، بەڵام بە تەنیا دانەریش نیە کە مومارەسەی ئەو مافانە دەکات، بەڵکو خەڵکێکی دیکەشە کە ئەو مافەی پێ دەدرێ

وەكو خەلەفی عام، وەكو لێرەدا وەسێت، بۆیە جاری وا هەیە ناشیرەكە ئەو مافەی پێ دەفرۆشێ، جاری واش هەیە دەبنە ساحبی ئەوە، یان ئەوەی كە دوێنێ موناقەشەی لەسەر كرا، لە موسەنەفاتی جەماعی كە بۆ خۆی موسەنەفاتی دانەرێك نیە كە موسەنەفاتی جەماعی دابنێ، بەڵام مومارەسەی مافەكان دەكات و دەبێتە خاوەن ماف، ئەوانە بۆیە لەژێر ئەو ناوەدا كۆكراونەتەوە، بۆیە ئەوە بە بڕوای من بەو شێوەیە ڕاستە نەك بەو شێوەیەی ڕەئی خۆم بەو شێوەیەی كە ئێستا بە تەنیا باسی دانەر نەكراوە، وەكو باسی خەلەفی عامیش هەیە و مومارەسەی ئەو مافانە دەكات، خەلەفی عام موسەنەفەكەی دانەناوە، یان ئەوەی كە وەسیەتی بۆ كراوە، خۆ ئەو موسەنەفەی دانەناوە بەڵام لێرەدا ئەو مافەی پێ دەدات و ئەویش كۆمەڵێك مافی دەكەوێ، بۆیە ئەمە فراوانترە یەعنی با بڵێین وەكو عینوان، من پێموایە بە نیسبەت خەلەفی عام پێموایە هەمووومان و ئەوانەی لە قانون و هەرچەندە پێویستە كاك عونی ئەوە ڕوون بكاتەوە، بەڵام ئەوەندەی من لە خەلەفی عام تێ دەگەم بریتیە لەو كەسەی كە جێگەی با بڵێین سەلەفی پێش خۆی دەگرێتەوە لە هەموو ئیلتزاماتی زمەی مالی، بە حقوق و بە ئیلتزاماتەوە، لە هەر هەمووی، ئینجا ئەوە هەرچیەك بێ لێرە دا وارس بێ جاری واهەیە ئەوەی ڕاسپاردەشی بۆ دەكرێ، بەڵام بە مەرجێك ڕاسپاردە جوزئێك لە تەریكە ها نەك لە عەینێكی موعەیەن لە تەریكە، ئەوەی وەسیەتیشی بۆ دەكات ئەویش دەبێتە خەلەفی عام، دەكرێ خەلەفی خاسیش بە بڕوای من ئەوەیە لە قانونی عیراقیشدا تەعریفی شتی تایبەتی خۆی بۆ كراوە، مەسەلەی مەواتن لێرەدا بە مەعنای مەوازع و بە مەعنای مەواقع، یەعنی شوێن لێرە هاتووە، پێموایە نازانم ئەگەر بە مەعنای كەلیمە گونجاوە یان گونجاو نیە، نازانم، بە نیسبەت حەقی مەعنەوی و حەقی مالی ئەوە زۆر لە هەموو قەوانیندا بەو شكلە هاتووە، ئەم حەقە دوو جانب هەیە، حەقێكی مەعنەویە و كە حەقێكی ئیستئساریە، حەقێكە موئەقەت نیە، بەردەوامە، قابیل نیە بۆ تەقادوم، حەقی مالیەكەش بەڕاستی قانونێكی ئیستئساریە، بەڵام موەقەتە، هەروەكو لەناو قانونەكەشدا بۆ مودەیەكی موعەیەنە، ئەویش ئینتفاع كردنە بەو حەقە، ئینتفاعی مالیەكە، چەندە تۆ سوودی لێ دەبینی دەكرێ بیفرۆشێ، بەكرێی بدەی چوزانم لایەنە مالیەكە چەندە دەكرێ لەڕووی مالیەوە ئیستغلال بكرێ، بۆیە ئەو حەقە دوو لایەنی تێدا هەیە، یەعنی حەقە مەعنەویەكەی بە ماددەیەك لەو ماددەیە باسكراوە، حەقە مالیەكەی لە ئینتفاعە مالیەكەی لە شوێنێكی لە ماددەی دواتر باس كراوە، من ئەوەندەم هەبوو وەكو ڕوون كردنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمود شاكر:(وەزیری ڕۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە بەو شێوەیە علاج دەكرێ، (حقوق صاحب المصنف) دوو حەق هەیە، ئەم ماددەیە باسی دەكات، بەشێك ئەو مافانەیە كە خاوەنی موسەنەفەكەیە، كە بۆی دێت، بەشێك خاوەنی كە موئەلفەكەیە، لێرە

حقوق ساحبی موسەنەف دابنێی لە تەنیشتی حقوقی موئەلفیش، یەعنی هەردووکی پێکەوە دەبێ چارەسەری ئەو کێشەیە، چونکە بیرۆکەی ماددەکە وایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی موستەڵەحاتی قانونی خەلەفی عام و خەلەفی خاس، لە قەوانینەکانی کوردستان کە ئیشی پێ دەکرێ، لە قانونی مەدەنی، لە قانونی ئەحوالی شەخسی موعالەجە کراوە، خەلەفی عام میراتگرە، خەلەفی خاس بابەتێکی جیاوازە، مردوویەك، کەسێك ئیلتزاماتێکی هەیە بە پێی ئەو ئیلتزاماتە پابەند دەبێ بەوەی کە هەتا پاش مردنیشی ئەو ئیلتزاماتە بەردەوام دەبێ، واتە لێرە بابەتەکە خەلەفی عام بۆ وەزعێکە و خەلەفی خاس بۆ وەزعێکی ترە، موستەڵەحاتی قانونیە ناتوانین دەسکاری لێ بکەین، بە نیسبەت ئەو فەقەرەیەی کە بڵێین مالیەی ئیزافە بکرێ، منیش پێم باشە ئەوا ئەو مالیە ئیزافە بکرێت بۆ فەقەرەی یەکەم، سەبارەت (بمؤلف حقوق مالية ومعنوية ويتمتع المؤلف وخلفه العام بحقوق معنوية ومالية غير قابل للتقادم أو التنازل عنها وتشمل) بۆ؟ چونکە مادام بە پێی قانونەکی خاسە، ماددەیەکی تێدایە کە دەڵێ کار بە هیچ دەقێکی یاسایی لە قەوانینی دیکە ناکرێت، ئێمە ئەو حەقەشیان بدەینێ کە مالیش قابلی تەنازول نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی ڕۆشنبیری؟ کاک ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە حەقی مەعنەویە کە تەقادومی بەسەردا نایەت، تەنازولیشی لێ ناکرێ، چونکە لەبەرئەوەی ئیرتباتێکی زۆر زۆر پتەوی هەیە بە شەخسی ئینسانەکە، چونکە نیتاجی زهنی ئەوە، لێرەدا ناکرێ، ئەمە کۆمەڵێك لە ئیجرائات، چونکە رابتێکی شەخسیە لە بەینی ئەو و لە بەینی موسەنەفەکە، لە بەینی دانەر و لە بەینی ئەوەی کە کردوویەتی، بەڵام حەقی مالی دەکرێ تەنازولی لێ بکرێ، لە ڕێگەی عەقدەوە، چ جوزئی بێ و چ کولی بێ، مەسەلەن با بڵێین شتێك هەیە دەیفرۆشیەوە، کتێبێکت هەیە دەیدەیە ناشر بۆ ئەوەی ئەو ئیستفادەی لێ بکات، بۆیە قابلی تەقادومە، چونکە ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە لە دوای 70 ساڵ دەبێتە موڵکی عام، لە ماددەی دواتریش هاتووە، بۆیە بەڕاستی ئەو دەمە ئەگەر ئێمە هەردووکیان وەکو یەك لێ بکەین، ئەو دەمە با بڵێین بەشەریەت ئیستفادەی لێ ناکات لە دوای مودەیەکی موعەیەن، لەدوای مەسەلەن با بڵێین 50 ساڵ یان 60 ساڵ و یان 30 ساڵ لە دوای مردنی، ئینجا ئەوە هەر چۆنێك ئیتفاقی لەسەر بکرێ دەبێتە موڵکی گشتی، دەبێتە بەشێك لە توراسی فیکری، ئینسانی، بۆیە ناکرێ ئەوە

هەتا هەتايە (غير قابل للتنازل او التقادم) بێ، بە بڕوای من حەق نیە مالیەی بۆ لە ماددەی یەکەم دا مالیەی بۆ ئیزافە بکرێ؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری بە هاوکاری لەگەڵ وەزیر دوا سیاغەمان بدەنێ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا سیاغەی هەردوو لیژنە، بەو شکلەیە:

**الفصل الرابع**

**حقوق المؤلف**

المادة السابعة:

**اولاً:** للمؤلف حقوق مالية ومعنوية. ويتمتع المؤلف وخلفه العام بحقوق معنوية غير قابلة للتقادم او التنازل عنها وتشمل:

1/ الحق في اتاحة المصنف للجمهور لاول مرة، في وقت معين و بالطريقة والوسيلة التي يحددها.

2/ الحق في نسب المصنف اليه.

3/ الحق في نشر مصنفه باسمه الحقيقي او باسم مستعار او من دون اي اسم.

4/ الحق في منع تعديل المصنف بشكل يعد تشويها او تحريفا له. ولا يعد التعديل في مجال الترجمة اعتداءا على هذا الحق، الا اذا اغفل المترجم الاشارة الى موطن الحذف، او التغيير، او اذا اساء بعمله هذا الى سمعة المؤلف ومكانته الادبية او الفنية او العلمية.

5/ الحق في منع اي اعتداء على مصنفه.

6/ الحق في التراجع عن عقود التنازل او التصرف بحقوقه المالية حتى بعد نشر مصنفه وسحبه من التداول، اذا كان ذلك التراجع ضروريا للمحافظة على شخصيته وسمعته، شرط تعويض من آلت اليه حقوق الانتفاع عن الضرر الناتج عن هذا التراجع في غضون أجل متفق عليه او اجل تحدده المحكمة.

**ثانياً:** تباشر الوزارة الحقوق الواردة في الفقرة اولا اعلاه في حالة عدم وجود وارث او موصي له.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەسڵی چوارەم**

**مافەکانی دانەر**

**ماددەی حەفتەم:**

**یەکەم: دانەر مافی مەعنەوی و دارایی هەیە. دانەر و وەچە گشتییەکەی بەهرە وەردەگرێ لە مافە مەعنەوییەکان تێپەڕبوونی کات و دەست لێ بەردان نایانگرێتەوە:**

**1. مافی خستنەبەردەستی جەماوەر بۆ هەوەڵجار، لەکاتێکی دیاریکراو و بەو میتۆدو دەستاوێژەی دانەر خۆی دەیەوێ.**

**2. مافی دانەر کە کارەکەی بە ناوەوە بکرێ.**

**3. مافی دانەر لە بڵاوکردنەوەی کارەکەی بە ناوی راستەقینەی خۆیەوە، یان بەناوێکی خوازراوەوە، یان بەبێ ناو.**

**4. مافی ڕێگەنەدان بە دەسکاریکردنی کارەکەی بەشێوەیەك کە ببێتە شێواندن و هەڵگێڕانەوەی ئەو هەموارو دەسکارییەی لە بواری تەرجەمەدا دەکرێ، دەستدرێژیی نییە بۆ سەر ئەم مافە، مەگەر وەرگێڕ خۆی لە باسکردنی ئەو جێیانەی لای بردوون، یان گۆڕانکاری تێدا کردوون، بواردبێ یان بەم کاروکردەیەی خراپەی دەرهەق بە ناوبانگی دانەرەکەو پلەو پایەی ئەدەبی، یان هونەری، یان زانستییەکەی کردبێت.**

**5. مافی پشتگیریکردن لەهەر دەستدرێژییەك کە بۆ سەر کارەکەی بکرێ.**

**6. مافی هەڵگەڕانەوە لە گرێبەستەکانی دەست لێ بەردان، یان لە مامەڵە بە مافە داراییەکانی خۆی، تەنانەت دوای بڵاوبوونەوەی کارەکەی و کۆکردنەوەو کێشانەوەی لە بازاڕ، ئەگەر ئەم هەڵگەڕانەوەیە پێویست بێ بۆ پاراستنی کەسایەتی و ناوبانگی خۆی، بەمەرجێ قەرەبووی ئەو کەسە بکاتەوە کە مافەکانی کەڵك لێ وەرگرتنی دارایی تێدابوو، بۆ بژاردنەوەی ئەو زیانەی لەو هەڵگەڕانەوەیە دەکەوێتەوە لە ماوەیەکدا کە هەردوو لا لەسەری ریکەوتبن، یان لە ماوەیەکدا کە دادگا بڕیاری لێ دا بێت.**

**دووەم: ئەگەر دانەر، میراتگر، یان وەسیەت بۆ کراوی نەبوو، ئەوا وەزارەت لە جیاتی ئەو، پراکتیزەی ئەو مافانە دەکات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، کاك شوان فەرموو.**

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**الحقوق المالية للمؤلف قابلة للتنازل عنها وانتقالها جزئيا أو كليا، سواء أكان بمقابل او من دونه. ويتمتع المؤلف وحده، او خلفه العام من بعده، بحق الانتفاع المالي لمصنفه، ايا كانت طريقة مباشرة هذا الحق وله في سبيل ذلك اجازة او منع:**

**اولا:** بيع المصنف، او توزيعه او تأجيره او عرضه.

**ثانيا:** نسخ المصنف، طبعه، تسجيله وتصويره بكافة الوسائل المتوفرة.

**ثالثا:** ترجمة المصنف الى لغة اخرى، او اقتباسه او تعديله او تحويره او تلخيصه او تكييفه او اي اجراء آخر.

**رابعا:** استيراد نسخ من المصنف الذي نشر في الخارج سواء أكان برضائه او من دونه.

**خامسا:** أداء المصنف.

**سادسا:** نقل المصنف الى الجمهور باي شكل وباية وسيلة كانت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە کوردیەکەی؟ کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

مافە داراییەکانی دانەر مایەی دەست لێ بەردان و گواستنەوەن، چ بەتەواوەتی یان پاشەکی، یان بەرامبەریان هەبێت یان نا. دانەر هەر خۆی، یان وەچە گشتیەکەی دوای خۆی، مافی کەڵك لێ وەرگرتنی دارایی لە کارەکەی خۆی هەیە و بە هەر میتۆدێك پراکتیزەی ئەو مافە بکات. لەپێناو ئەمەشدا دانەر بۆی هەیە مۆڵەت بدات یان ڕێ بگرێ لە:

یەکەم: فرۆشتن، یان دابەشکردن، یان بەکرێدان، یان نیشاندانی کارەکەی.

دووەم: کۆپیکردن، چاپکردن، تۆمارکردن و وێنەگرتنەوەی کارەکەی بە هەموو دەستاوێژە بەردەستەکان.

سێیەم: وەرگێڕانی کارەکەی بۆ زمانێکی دی، یان دەسکاریکردن، یان هەڵگێڕانەوە، یان کورتکردنەوە، یان گونجاندن، یان هەر کارراییەکی دی.

چوارەم: هاوردەکردنی دانە کۆپیکراوەکانی ئەو کارەی لە دەرەوە جا چ بە ڕەزامەندی خۆی بێت یان نا بلاوکرابێتەوە.

پێنجەم: جێبەجێکردنی کارەکەی.

شەشەم: گواستنەوەی کارەکەی و خستنەبەردەستی جەماوەرەوە بەهەر شێوەو دەستاوێژێکی بەردەست.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود (وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك عبدالسلام، د.احمد، کاك یشار، پەروین خان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەسەور دەكەم، سێ وشە هەیە ئەگەر بیخەینە ناوی نزیكی واقع دەبین، ئەوانەی ئیش دەكەن لەو بوارە دەزانن، من نموونەیەكی بەسیت دێنم، شەریكەی مایكرۆسۆفت، بەرنامەیەكی گەورەی وەكو وۆر یان ئێكسس برۆ بگەڕێ لە هەموو ئەدەبیاتی كۆمپیوتەر نازانی كێ نووسیویەتی، ئەو موئەلیفە، بەڵام هیچ حەقی نیە، چونكە موەزەفە لە شەریكەیەك، شەریكەكە لەگەڵ عەقدەكە پێی وتووە ئینتاجەكەی تۆ هی منە، لەوە پارەت دەدەمێ، واتە (لوحده أو خلفه العام من بعده بحق انتفاع المالي) نیە شتی وا، بۆ ئەو موسەنەفە پارە وەرناگرێ، وەكو كرێكارێكە كە كۆمپیوتەرێك دروست دەكات، یان سەعاتێك دروست دەكات، هەمان شت موسیقی هەیە، هەمان مومەسیل هەیە، هەمان شت حەتا دەق نووسینیش، واتە جارێكی تر باسی موسەنەفی جەماعی نەكەین، ئەمە عیلاقەی بە موسەنفی جەماعی نیە، بە تەسەوری من ئەوەی حقوقی مالی و قابیلە لە تەنازول جوزئی ئەو كولی ئەها لەوێ ئیشارەتێك بدەین ئەگەر عەقدێكی كردبێت بە عەقدێكی مەكتوب تەنازولەكە دەكرێ، جارێكی تر مەوزوعی ساحیبی موسەنەف و موئەلیف دێت، ئەو كەبە عقد ئەو موسەنفەی ئینتاج كردووە تەنازولی كردووە لە كاتی دەستی پێ كردووە بە عەقد لەگەڵ ئەو كابرا كە ساحب عەمەلەكەی دەبێتە ساحبی موسەنەف، ئێمە تەنها بیر لە دارشتنەكە نەكەین و من و تۆ كتابێكمان نووسیوە یان تەكلیفمان دەكەی كتابێك بنووسین، نەخێر موسەنەف وەكو لێرە هاتووە، زۆر واسیعە، بۆیە من تكاتان لێ دەكەم، ئەوەی (وله فی سبیل ذلك ای) یەعنی ئەو بە تەنها حەقی هەیە شتی وانیە، بەیعی موسەنەف ئەو حەقی نیە و تەدەخولی تێدا ناكات، ئەوە ناكات نەشری، چونكە پێش نووسینی ئەو تەنازولی كردووە لە حەقی خۆی، بۆیە رجا دەكەم یەعنی ئەوەی پێشنیاری دەكەم لەسەرەتاوە بڵێ (اذا كانت قد تم ذلك بعقد مسبق) ئەو ڕێگایەكە بدۆزنەوە كە ئەمە ڕەها نەبێ، ئەمە وانیە لە زۆربەی زۆری كاری مۆدێرنی ئێستا، موئەلیف حقوقەكەی تەنازولی كردووە لە كاتێ كەدەستی پێ كردووە بۆ جیهەتێك ئیش بكات، ئەو جیهەتە دەبێتە ساحبی موسەنەف، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە كە دەڵێ دانەر بۆی هەیە، مۆڵەت بدات یان ڕێگری بكات لە خاڵانەی هەموو باسكردووە دوایی لە خاڵی 5 دەڵێ جێ بەجێ كردنی كارەكەی، یەعنی (اداء المصنف) ئایا ئەوانەی دیكە هەمووی ئەدا نینە؟ كە لێرە ئەم خاڵەی دووبارە هێناوەتەوە، چونكە هەر یەكە لە فرۆشتن یان دارشتن یان بەكرێدان، یان نیشاندان، یان كۆپی كردنی، یان چاپ كردن، یان وەرگێڕانی كارەكەی بۆ زمانێكی تر یان هاوردەكردنی، یان گواستنەوەی ئەوانە هەمووی كارن، دوایی دەڵێ ئەدای موسەنەف، یەعنی ئەمانەش

هەمووی جێ بەجێ کردنن، بۆچی ئەم خاڵە زیادە بەڕای من، ئەوە یەك، دووەم/ بەڕاستی ئێمە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان کە پێشتر بەکارمان هێناون لە یاساکانی خۆمان، پێموایە ئەو تەرجەمەی ئێرە زۆر جیاوازە لەوەی کە پێشتر ئێمە لەو یاسایانە بەکارمان هێناون، پێویستە ئێمە زمانی قانونیمان جیا بێ لەگەڵ زمانی ئەدەبی بەڕاستی، تەرجەمەکە لێرە زۆر جیاوازە لەوەی کە ئێمە پێشتر بەکارمان هێناوە لە پرۆتۆکۆلات هەیە و لە یاساکانی ئێمە تۆمار کراوە، بۆ نموونە لە جیاتی کولیەن یان جوزئیەن، دەڵێ بە تەواوەتی یان پاژەکی، پاژەکی نازانم بە کارنەهاتووە لە جیاتی جوزئی تا ئێستا ئێمە بەکارمان نەهێناوە، یان لە جیاتی تەریقە، میتۆدێك پراکتیزەی ئەو مافە بکات، یەعنی لە جیاتی میتۆد بەڕای من ئەو وشەیە زیاتر وشەیەکی ئەدەبیە بۆ نووسینی ڕۆژمانە باشە، بەڵام بۆ زمانی قانون باشترە بڵێی بەهەر ڕێگایەکی کە پراکتیزەی ئەومافە بکات، یەعنی ئەو مافەی خۆی ئەنجام بدات، نەك لە باتی موباشەرەی بەکارهێناوە، هەروەها بە هەمان شێوە لە فەقەرەی دووەم کە دەڵێ، بە هەموو دەستاوێژەکان کە مەبەستی بەهەرهۆکارێکی بەردەستە، یان سەبارەت بە کارەکەی من دوێنێش عەرزم کردن بەڕاستی موسەنەف بەکارمەعنا ناکرێ، موسەنەف من تەماشای فەرهەنگەکانیشم کرد، موسەنەف دەڵێ (الکتاب المؤلف) یەعنی ئەو کتێبەی کە دانراوە، ئەو بەرهەمەی دانراوە، دەتوانین لە جیاتی کارەکە بەرهەم بەکاربێنین، یەعنی بەرهەمەکەی، ئەگەر نەشڵێین دانراوەکەی، چونکە ئێمە وتمان موئەلیف، باسی مافەکانی موئەلیف دەکەین، دانەر، کەوا بوو بەرهەمەکەی ئەو چیە؟، دانراوە، یەعنی دەتوانین بڵێین بەرهەمەکەی نەك بڵێین کارەکەی، چونکە کار لە مقابلی (العمل) ی عەرەبی بەکاردەهێندرێ، بۆیە من پێم باشە لە هەموو ئەو شوێنانەی کەوا کار هاتووە، وشەکە بگۆڕین بە بەرهەمەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك یشار فەرمووو.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی چوارەم هاتووە هاوردەکردنی دانە کۆپی کراوەکانی ئەو کارەی لە دەرەوە جا چ بە ڕەزامەندی خۆی بێ یان نا، کە جارێك موئەلیفەکە ڕەزامەندی دەدات، ئەو کارەی چاپ بکرێ، کۆپی بکرێ، دواتر چۆن دەتوانێ ڕێگری لێ بکرێ لە فرۆشتن و لە هاوردەکردنی، لە وڵاتێك شتێك کۆپی دەکرێ مافی خۆیەتی بفرۆشرێ بە وڵاتێکی تر، جارێك ڕەزامەندی دەدات، جارێك چۆن دەتوانێ ڕێگری لێ بکەن، لە هەمان ئەو کۆپی کراوەکەی بیفرۆشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ماددەی 8 کە دەڵێ حەقی ئینتفاعی هەیە موئەلیف (له الحق الاستئثار الانتفاع بالمصنف التصريح الاخرين بالانتفاع بشرط المتفق عليها) لێرە شەرتێك هەبێ، هەر ئەوە نەکرێ کە بڵاوبکرێتەوە، یان ئیستفادەی لێ بکرێ لەلایەنی مالی یاخود نا، لە خاڵی 6 کە دەڵێ (نقل المصنف الى الجمهور باى شكل وباى وسيله كان ) من پێم باشە لێرە وەسائیلەکان دیاری بکرێ، چۆن چۆنی ئەو وەسیلەیە، یەکەم/ بەشێوەی بڵاوکراوە یاخود تەسجیل کردنی سەوتی بێ، یاخود عەرز کردنی بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵك لە شێوەی شانۆ یاخود کارە مۆسیقیەکان بێ، یاخود بخرێتە سەر ئەڤراسی ڤیدیۆ و گوێگری بێ، یاخود بە واستەی ئیزاعە بێت، یەعنی لە ڕێگەی ئیزاعەکانەوە نمایش بکرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی ڕۆشنبیری؟ کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە موسەنەفاتی جەماعی ئەوەی باسکرا لە ماددەی 21 لە فەقەرەی 3 موعالەجە کراوە، بۆیە لەوێ بە جوانی موعالەجە کراوە و ئەوەی کاك عبدالسلام گوتی ئەو مومارەسەی ئەو مافانە دەکات کە لێرەدا هاتوون لەو فەسڵەدا، بە نیسبەتی ئەدا من تەنیا لێرە دا ڕەنگە بە نموونەیەك بتوانم ئەمە ڕوون بکەمەوە، یەکێك لەحنێکی بۆ گۆرانیەك داناوە، ئەو دانەرە، ئەو ڕێگە نادات یەکێکی دیکە گۆرانیەکەت دەڵێتەوە، ئەو دەتوانێ ڕێگەی نەدات ئەو گۆرانیە بڵێتەوە، لێرە پێشتریش باسی فەنانی ئەدائی کراوە، باسی تەعریفات لە پێشەوە هەیە، حەقە ئێمە بۆ ئەو مەوزوعە بگەڕێینەوە، ئەوە هەر تەنیا نموویەك بوو هێنامەوە، بۆیە لێرە جێگەی خۆیەتی ئەوە ڕێگەی بدات یان نا، چونکە مەسەلەن ئەمەش خۆ بەرامبەر بە پارەیەکە، هەروەها نیە، خۆ لایەنی مالی تێدایە، لەبەرئەوەیە، یەعنی ئێمە پێشتریش قسەمان کردووە، دواتریش لە حقوقی مجاورەش قسەمان لەسەری کردووە، کە ئەوە تەرجەمەکە کاکە پێشتر قسەمان کردووە و چەند جاری تریش دەیڵێینەوە ئەو تەرجەمەیە عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس دواتر گوتمان ئەوانەی تایبەتمەندن لە پەرلەمانی کوردستان کە قانونەکان تەرجەمە دەکەن، ئەو دەمە بەو شێوەیە تەرجەمە بکەن کە تا ئێستا کراوە، ئێمە هەر بە پەلە ئەو ئیشەمان کردووە شتێکی فەردی بووە، هەر هەندەمان لێ زانیوە، د.احمد چوزانم یەعنی هەر دەتوانم هەر ئەوە بڵێم، بە نیسبەتی مەسەلەی ئیستیراد مەبدەئێك هەیە و پێی دەوترێ مەبدەئی ئیقلیمیەت، بۆ ئەوەی کە کابرای دانەر لە چوارچێوەی وڵاتێکدا بتوانێ بەرهەمەکانی خۆی بفرۆشێ و عەرزی بکات و تەوزیعی بکات، ئەوە مەبدەئی ئیقلیمیەتە، بۆ ئەوەی لە دەرەوە نەیەت بە بێ ڕەزائی بابڵێین ڕێگە بدات، یان مەنعی بکات، بۆ ئەوەی زەرەرەی پێ نەکەوێ، مەوزوعەکە ئەوەندەیە و شتێکی دیکە نیە، با بڵێین ئێمە ئیستنادمان کردووە لەسەر مەبدەئی ئیقلیمیەتی هەم موسەنەفەکە هەم کابراکە خۆی کە با بڵێین لێرە بڵاوکراوەتەوە هەم بۆ خۆشی کە خەڵکی ئێرەیە، بۆ ئەوەی سوود لەم مەبدەئە وەربگرێ، مەبدەئی ئایا دەکرێ لە قانون دا ئەم مەوزوعانە هەمووی بوترێ،

بۆیە بە شکلێك گوتراوە یەعنی دواتر دەکرێ ئەمە باسی لەسەرە، دەکرێ زیاتر بابڵێین ئەوانەی تەفسیری قەوانین و شتی وا دەکەن، بە نیسبەتی نەقلی موسەنەف بۆ جمهور بە چەندین ڕێگە دەکرێ، یەعنی تەعریف کراوە، کە ئیتاحە دەکرێ، من هەر نموونەیەك دەڵێم لە ڕێگەی ئیزاعەوە دەکرێ، لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دەکرێ، یەعنی سلکی و لاسلکی، لەڕێگەی ئەقماری سناعیەوە دواتر ئەوە دەکرێ، لەڕێگەی کێبڵەوە دەکرێ بە دەیان ڕێگە هەیە بۆ نەقڵ کردنی هەر موسەنەفێك بۆ خەڵك و بۆ جمهور، من پێموایە و نازانم پێموایە زۆر زۆر وازحە، قانونەکە نازانم مەفهومە ڕەنگە ئیتر کاك دڵشاد ئەگەر شتێکی ئیزافەتان هەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئەگەر بە نیزامی حسابی بکەن باشە، چونکە کاك ئاسۆ من گوتم ئەوەی من قسەی لەسەری دەکەم عیلاقەتی بە موسەنەفی جەماعی نیە، بەڕێز لیژنەی ڕۆشنبیری پێم دەڵێ بڕۆ فلان مادده موسەنەفی جەماعی بخوێنە، ئەگەر وازح نەبێت، ئەگەر ڕێگەم بدەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، شەرح بکەم کە من چیم گوت، کاك ئاسۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەیەك بوو، لە ڕۆژنامە پێیان وتووە مەقالەیەکی ئیفتتاحی بنووسە بەناوی خاوەنی ڕۆژنامەکە یان ڕۆژنامە، کاك ئاسۆ ساحیبی موسەنەفەکە نیە، بۆی نیە ئەم ئەحکامی ئەم ماددەیە بەکاربێنی، ئەو مەقالە ئیفتتاحیە بەناوی خۆی نیە و ڕاستە خۆی نووسیویەتی و خۆی موئەلیفە، من ئیشم کردووە موبەرمجی کۆمپیوتەرم، بۆ شەرکەیەك پرۆگرامی کۆمپیوتەر دەنووسم، ئەو دەیفرۆشێت و تەوزیعی دەکات، موسەنەفی جەماعی نیە ئەوە، من تەنیا کەسم، من موئەلفم بەڵام ئەو ساحبە، بۆیە تاکو لە یەکتر تێ بگەین، من دەڵێم حاڵەتێك هەیە موئەلف بەعەقد کە دەستی پێ کردووە لەگەڵ خاوەن عەقدەکە تەنازول دەکات، لە هەموو حقوقی خۆی، لە باتی ئەو موسەنفەی ئەو ئینتاج دەکات راتبێکی مانگانەی سابت وەردەگری، ئەم حاڵەتە لێرە ڕەچاو نەکراوە، واتە من ئەگەر ئیتفاقیشم کردبێ لەگەڵ خاوەن کار کەمن موسەنفی بۆ ئینتاج بکەم، هیچ حقوقم نیە بەناوی ئەوە، چۆن دەبێ من مەنعی ئەم هەموو شتە بکەم، بۆیە رجاتان لێ دەکەم تۆزێ خۆتان بیەخنە جێگەی من لە بیرکردن، نە موسەنەفی جەماعیە، نە ئەو مافی حقوقی مالی بزات بۆی نیە و بەناوی خۆی نیە، ڕاستە ئەو نووسیویەتی، بەڵام تەنها بە عەقدە بەینی و ئەو و خاوەنی کارەکەی کە ئەوە لە سجلاتی وەزیفی دەنووسێ ئەو نووسیویەتی، ئەو پرۆگرامە ئەو ماددەیە هەموو تەسەروفێکی لێ دەکرێ، خاوەنی موسەنەف، بۆیە (اذا لم یکن هناك اتفاق مسبق بتنظیم ذلك) چی تێدایە ئەگەر ئەوە بنووسن، من نازانم وازح بوو فکرەکەم یان نا؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز کاوە محمود (وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز کاك عبدالسلام باسی کرد، واردە، بەڵام ماددەی 9 موعالەجەی ئەو حاڵەتەی کردووە، پێموایە ئەگەر تەماشای ماددەی 9 بکرێ وابزانم یەعنی حەلی دۆزیوەتەوە بۆ ئەو حاڵەتە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزانەی کاك عبدالسلام بڕوام وایە لە ماددەکان علاج کراوە، لە داهاتووش پرسیارێك هەیە، هەر کەسێکی موبدیع جیایە، ئەوەی کە ئیبداع دەکات، بەڵام ئەوەی بەرنامجێکی کۆمپیوتەر دائەنێ کە خۆی پێشتر کەسێك ئیبداعی کردووە، ئەمە ئیشێکی وەزیفیە، ئەو کەسەشی لە ڕۆژنامەیەك ئیش دەکات بە مقابلی کارێکی مالی ئیش دەکات، یەعنی مقابلی مالی هەیە، لەبەرئەوە ئەو کەسە بە پێی عەقدێك لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە، ئێستاکە مقابلی مالی هەیە، بەڵام ئەو کەسە دەتوانێ لە داهاتوو مەقالەکانی خۆی لە کتێبێك دا بڵاوبکاتەوە، چونکە عەقدەکە لەگەڵ ئەو بووە تا ڕۆژنامە هەیە، بە پێی ئەو عەقدەی کردوویەتی لەگەڵی، لە ماددەی 9 ئەو عەقدە کراوە کە دەتوانێ حەقی مالی خۆی کامل تەنازول پێ بکات، یان بەشێکی تەنازول پێ بکات، یان بە پێی مودەیەك، ئەوە بە پێی ئیتفاقیاتی خۆیان و دەزگاکان ئەوە موعالەجە کراوە، بڕوام وایە لە ماددەی 9 لە ماددەکانی دیکەشدا لە داهاتوو موعالەجە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە لەسەر ئەو ماددەیە، تەبیعی هەر کێشەیەك ببێت مەوزوعی عەقد بە نووسین بێت، بە شەفەوی بێ، ئەحکامی قەوانینی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان معالەجەی کردووە، واتە مەحکەمە لەو مەوزوعەی دەکات، بە تایبەتی ئەگەر تێبینی ئەوەی بکەین ماددەکان یەك لە دوای یەك پەیوەندیان بە یەك هەیە، واتە ماددەی 9 بە تەفسیلی زیاتر باسی ئەوانە دەکات کە لە ماددەی 8 ئەو

پێشنیاره تەقدیم کرا، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی کە هاتووە، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بخرێتە دەنگدانەوە زۆر سوپاس.

**المادة الثامنة:**

الحقوق المالية للمؤلف قابلة للتنازل عنها وانتقالها جزئيا أو كليا، سواء كان بمقابل او من دونه. ويتمتع المؤلف وحده، او خلفه العام من بعده، بحق الانتفاع المالي لمصنفه، ايا كانت طريقة مباشرة هذا الحق وله في سبيل ذلك اجازة او منع:

**اولا:** بيع المصنف، او توزيعه او تأجيره او عرضه.

**ثانيا:** نسخ المصنف، طبعه، تسجيله وتصويره بكافة الوسائل المتوفرة.

**ثالثا:** ترجمة المصنف الى لغة اخرى، او اقتباسه او تعديله او تحويره او تلخيصه او تكييفه او اي اجراء آخر.

**رابعا:** استيراد نسخ من المصنف الذي نشر في الخارج سواء كان ذلك برضائه او من دونه.

**خامسا:** أداء المصنف.

**سادسا:** نقل المصنف الى الجمهور باي شكل وباية وسيلة كانت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

مافە داراییەکانی دانەر مایەی دەست لێ بەردان و گواستنەوەن، چ بەتەواوەتی یان پاشەکی، یان بەرامبەریان هەبێت یان نا. دانەر هەر خۆی، یان وەچە گشتیەکەی دوای خۆی، مافی کەڵك لێ وەرگرتنی دارایی لە کارەکەی خۆی هەیە و بە هەر میتۆدێك پراکتیزەی ئەو مافە بکات. لەپێناو ئەمەشدا دانەر بۆی هەیە مۆڵەت بدات یان ڕێ بگرێ لە:

یەکەم: فرۆشتن، یان دابەشکردن، یان بەکرێدان، یان نیشاندانی کارەکەی.

دووەم: کۆپیکردن، چاپکردن، تۆمارکردن و وێنەگرتنەوەی کارەکەی بە هەموو دەستاوێژە بەردەستەکان.

سێیەم: وەرگێڕانی کارەکەی بۆ زمانێکی دی، یان دەسکاریکردن، یان هەڵگێڕانەوە، یان کورتکردنەوە، یان گونجاندن، یان هەر کارڕاییەکی دی.

چوارەم: هاوردەکردنی دانە کۆپیکراوەکانی ئەو کارەی لە دەرەوە جا چ بە ڕەزامەندی خۆی بێت یان نا بڵاوکرابێتەوە.

پێنجەم: جێبەجێکردنی کارەکەی.

شەشەم: گواستنەوەی کارەکەی و خستنەبەردەستی جەماوەرەوە بەهەر شێوەو دەستاوێژێکی بەردەست.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

**اولا: للمؤلف وحده و خلفه العام نقل كل او بعض الحقوق المالية المنصوص عليها في هذا القانون الى الغير ويشترط لصحة انعقاد التصرف أن يكون مكتوبا وأن يحدد فيه وبالتفصيل الحقوق موضوع العقد على الانفراد، مع تحديد مدة الاستغلال ومكانه ويبقى المؤلف محتفظا بحقه في كل ما لم يتنازل عنه طبقا للعقد من حقوق مالية ومع عدم الاخلال بحقوقه المعنوية المنصوص عليها في هذا القانون، يمنع على المؤلف القيام باي عمل من شأنه تعطيل استغلال الحق محل التصرف.**

**ثانيا: أن ينص عقد التصرف على المقابل النقدي او العيني نظير نقل حق او اكثر من حقوق الانتفاع المالي للمصنف الى الغير على أساس مشاركة المؤلف في النسبة المئوية من الايراد الناتج عن الاستغلال، كما يجوز له التعاقد على اساس مبلغ اجمالي او الجمع بين أساسين.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم:**

یەکەم: دانەر خۆی یان وەچە گشتییەکەی دوای خۆی، بۆی هەیە تەواوی مافە داراییەکانی لەم یاسایەدا هاتوون، یان بەشێکیان بۆ کەسێکی دی بگوازێتەوە و مەرجی ڕاست و دروستی ئەم ڕەفتارە ئەوەیە دەبێ بە نووسین بێت و بەدورودرێژی ئەو مافانەی، هەر یەکەیانی بەتەنیا، تێدا باسکرابێت، بەدیاریکردنی کات و شوێنی بەکارهێنانیشەوە. دانەر بۆی هەیە هەر مافێك، کە بەگوێرەی گرێبەستەکە، دەسبەرداری نەبووبێ لەدەستە خۆی بهێڵێتەوە و بێ ئەوەی مافە مەعنەوییەکانی لەم یاسایەدا هاتوون پێشێل بکرێن، ڕێگە بە دانەریش نادرێ پەکی سوودوەرگر بخات لە کەڵك وەرگرتن لەو مافەی کە گرێبەستەکەی لەسەر کراوە.

دووەم: گرێبەستی ڕەفتارەکە دەبێ بەدەق باس لە بەرامبەری نەختینە یان عەینی بکات، لەبری گواستنەوەی مافێك یان زیاتری مافەکانی کەڵك لێ وەرگرتنی دارایی کارەکە بۆ یەکێکی تر لەسەر بنەمای بەشداریی دانەرەکەی بە ڕێژەیەکی سەدی ئەو داهاتەی لە بەرهەمهێنانی کارەکە دەکەوێتەوەو دەشێ گرێبەست بکرێ لەسەر بنەمای گوژمەیەك یان هەردوو بنەما بەیەکەوە کۆبکرێنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟ کاک کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود (وەزیری رۆشنبیری و لاوان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەل ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(ان النص عقد التصرف) تەسەروف رەفتار نیە، (التصرف بشئ) یەعنی تۆ ئیشێکی پێ دەکەی، مافی دەسکاری کردنە بزەبت، تتصرف بشئ، دەسکاری دەکەی، حەز دەکەم ڕەچاوی بکەن ئەوە، ئەوە یەك، دوو/ من حەز ناکەم زۆر جار عەنود بم، بە من وترا ئەو مولاحەزەی منی ماددەی 8 لە ماددەی 9 علاج کراوە، بەڕێزان 9باسی ئەوە دەکات من موئەلیف و موسەنفەکەم حازرە و عەقدێك لەگەڵ یەکێك دەکەم، چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ ئەو موسەنەفە، تەنازول دەکەم و وەکو ماددەکە دروستە، بەڵام ئەم حاڵەتەی من باسی دەکەم، ئەوە نیە، من کە ئیش دەکەم بۆ تۆ، لەسەرەتاوە بێ هیچ موسەنفێك کردبێت، تەنازولم کردووە دێی پارەم دەدەیەی، بۆیە بەس بۆ تێبینی، ئەو تەسەروفەش کەیفی خۆتانە چۆن تەسەروفی لەگەڵ دەکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، دوا سیاغەتان؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بە نەزەر ئیعتبار وەرگرتنی ئەو تێبینیانە، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش بە باشی دەزانین، کەلیمەی ئینعقاد لاببەین لە بڕگەی یەکەم، واتە بەو شکلەی بێت، (للمؤلف وحده و خلفه العام نقل کل أو بعض الحقوق المالية المنصوص عليها فی هذا القانون الی الغير ويشترط لصحة التصرف ان يكون مكتوبا وأن يحدد فيه وبتفصيل........ .، بڕگەکانی دیکەش وەکو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

**اولا: للمؤلف وحده و خلفه العام نقل كل او بعض الحقوق المالية المنصوص عليها في هذا القانون الى الغير ويشترط لصحة التصرف أن يكون مكتوبا وأن يحدد فيه وبالتفصيل الحقوق موضوع العقد على الانفراد، مع تحديد مدة الاستغلال ومكانه ويبقى المؤلف محتفظا بحقه في كل ما لم يتنازل عنه طبقا للعقد من حقوق مالية ومع عدم الاخلال بحقوقه المعنوية المنصوص عليها في هذا القانون، يمتنع على المؤلف القيام باي عمل من شأنه تعطيل استغلال الحق محل التصرف.**

**ثانيا: أن ينص عقد التصرف على المقابل النقدي او العيني نظير نقل حق او اكثر من حقوق الانتفاع المالي للمصنف الى الغير على أساس مشاركة المؤلف في النسبة المئوية من الايراد الناتج عن الاستغلال، كما يجوز له التعاقد على اساس مبلغ اجمالي او الجمع بين أساسين.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئەو نوقتە نیزامیە چیە؟ کاك د. صباح فەرموو.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی دەنگدان بکرێ لەسەر ماددەکە، وابزانم لە سیاغەی ماددەکە، هەڵەیەك هەیە، ئەمەوێ ڕوونی بکەمەوە، زەحمەت نەبێ کە دەڵێ (اولا) ئەمە لەسەر چی تەرەتوبی کردووە، دەبێ بوترێ (المادة التاسعة : للمؤلف وحده و خلفه العام نقل كل أو بعض الحقوق المالية المنصوص عليها فى هذا القانون الى الغير ويشترط لصحة انعقاد التصرف، أولا/ ان يكون مكتوبا.... ) ئینجا (ثانيا) عقد التصرف......... ، یەعنی ئەگەر وای لێ بکرێ، تەرتیب و سیاغەی ماددەکە زۆر باشتر دەبێ، .....**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون دوا صیاغەی کوردی و عەرەبی بخوێنەوە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سیاغەی ماددەکە بەو شێوەیە دەبێ، ئەوەلەنەکەی، موقەدیمەکەی لادەبەین.**

**المادة التاسعة:**

**للمؤلف وحده وخلفه العام نقل كل أو بعض الحقوق المالية المنصوص عليها في هذه القانون الى الغير ويشترط لصحة التصروف:**

**اولاً: ان يكون مكتوباً وان يحدد فيه وبالتفصيل الحقوق موضوع العقد على الانفراد مع تحديد مدة الاستغلال وما كان ويبقى المؤلف محتفظاً بحقه في كل ما لم يتنازل عنه طبقاً للعقد من الحقوق المالية ومع عدم الاخلال بالحقوق المعنوية المنصوص عليها في هذا القانون، يمتنع على المؤلف القيام بأى عمل من شأنه تعطيل استغلال الحق محل التصرف.**

**ثانياً: ان ينص التصرف على المقابل النقدي أو العيني نظيرة نقل حق او اكثر من حقوق الانتفاع المالي للمصنف الى الغير على اساس مشاركة المؤلف في النسبة المئوية من الايراد الناتج عن الاستغلال كما يجوز له التعاقد على اساس مبلغ اجمالي او الجمع بين اساسين.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك دڵشاد.**

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم: بەم شێوەیەی لێهات.**

**دانەر خۆی یان وەچە گشتیەكەی دوای خۆی بۆی هەیە تەواوی مافە داراییەكانی لەم یاسایەدا هاتوون یان بەشێكیان بۆ یەكێكی تر بگوازێتەوە، مەرجی راست و دروستی ئەم ڕەفتارە ئەوەیە:**

**یەكەم: دەبێ بەنووسین بێت و بە دوور و درێژی ئەو مافانەی هەبێ كە بەتەنیا تیایدا باس كرابێ بە دیاری كردنی كات و شوێنی بەكارهێنانیشیەوە، دانەر بۆی هەیە هەر مافێك كە بەگوێرەی گرێبەستەكە دەست بەرداری نەبووبێ لەدەستی خۆی بهێڵێتەوە بێ ئەوەی مافە مەعنەویەكانی لەم یاسایەدا هاتوون پێشێل بكرێن، ڕێگە بە دانەریش نادرێ پەكی سوود وەرگر بخات لەكەڵك وەرگرتن لەو مافەی گرێبەستەكەی لەسەر كراوە.**

**دووەم: گرێبەستی ڕەفتارەكە دەبێ بە دەق باس لە بەرامبەری نەختینەكە یان عەینی بكات لە بری گواستنەوەی مافێك یان زیاتری مافی كەڵك لێ وەرگرتنی دارایی كارەكە بۆ یەكێكی تر لەسەر بنەمای بەشداری دانەرەكەی بە ڕێژەیەكی سەدی لەو داهاتەی لە وەبەرهێنانی كارەكە دەكەوێتەوە، دەشێ گرێبەست بكرێ لەسەر بنەمای گوژمەیەك یان هەردوو بنەما بەیەكەوە كۆ بكرێتەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 2 كەس لەگەڵدانیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة:**

**اذا تبين ان الاتفاق المشار اليه في المادة التاسعة من هذا القانون مجحف بحقوق المؤلف او اصبح كذلك لظروف ترى بعد التعاقد للمؤلف او خلفه العام اللجوء الى المحكمة بطلب اعادة النظر في قيمة مقابل المالي المتفق عليه مع مراعات حقوق المتعاقد معه وعدم الاضرار به.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك دڵشاد.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ئەگەر دەركەوت ڕێكەوتنی ئاماژە بۆكراو لەماددەی نۆیەمی ئەم یاسایەدا زیان بە مافەكانی دانەر ئەگەیەنێ، یان لەبەر هەر هۆیەك لە پڕی دوای گرێبەستەكە دانەر یان وەچە گشتیەكەی بۆی هەیە پەنا بۆ دادگا ببات و داوای چاوخشانەوە بە بەهای بەرامبەرە دارایی ڕێكەوتن لەسەر كراوەكە بكاتەوە، بەرەچاو كردنی مافەكانی گرێبەست لەگەڵكراو وزیان پێنەگەیاندیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟، ئاهەنگ عارف، جلال علی، عبدالسلام، نەژاد عزیز، صباح بەرزنجی، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی دە من تێبنیەك دەكەم، هەر بەرهەمێكی هونەری یان بەرهەمێكی مەسرەحی، مەسەلەن بڵێین پیاوێك مەسرەحیەكی دانا، عەقدە مابەینی دوو تەرەف، موئەلیف و كاتیبەكە، یان كاتیبەكەو موخریجەكە، لەو حاڵەتەی ئەو عقودانە بەتەنێ، ئەوەی بەرهەمی هونەری فەنی بێ، خاسەتەن ئەوەی تابع بێ بەو قانونە، بەتەنێ ئەو دووە تەرەف نینە لێی، هەقی عامیش تەرەفە لێی، چونكە من موئەلیفی مەسرەحیەكم، موخریجەكە دێ ئیخراجەكی دەكات، لەنەسی قانونی لەسەر مەسرەحی مومەسیلەك لەو نەسەی دێتە دەرێ، لە نەسی مەسرەحیەكەی دێتە دەرێ، هەقی عام هەیە لەو حاڵەتە، ئەو هەقە چۆن لەو عەقدە موراعات دەكرێ، یەعنی شتەك هەیە لەناوی حەقی عامی پێ دەڵێن، عیلاقەی بە فەلسەفەی بەرهەمی هونەری هەری هەیە، زەمانی خۆی نموونەكی زۆر زۆر بەسیت، لە میسر ناخۆشیەك ڕوویدا مابەینی عبدالوهاب و ام كلثوم، ئەو دووە بە سەروەری قەومی ئەو وڵاتە دادەنران، جمال عبدالناصر تەداخولی كرد، هەردووكیانی جەمع پێ كرد گوتی دەبێ مەقامەكی بڵێن، ام كلثوم بیڵێ عبدالوهابیش تەئلیفی بكات، ئەو ناخۆشیە نابێ لە بەینتان بمێنێ، هەندێ شت هەیە عیلاقەی بە هەقی عام هەیە، عەقد نیە لەمابەینی دوو كەس كە ئەوانە عاید بەو بەرهەمەینە، بەرهەمی هونەری بۆ میللەتە هەمووی،

بۆیه ئەو قانونه لینکەکی تێدایه دەبێ هەقی ئەوەش موراعات بکرێ، عیلاقەی به مەزاج و سیاسەتی عام و خەڵکەکەی هەیه، ئەوەی که گوێی لەو هونەرەی دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی هەشت و نۆ هەقی داوە به موئەلیف عەقد بکات، لێرە ئەڵێ ئەگەر عەقدەکە موجحیف بوو، موئەلیف خۆی عەقدەکەی کردووە، کەس زەختی لێ نەکردووە، مەعقولە لێرە ئیجحاف بە هەقی خۆی بکات موئەلیف، تکام وایه ئەوە بەهەند وەربگرن و چاکی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو مەبدەء هەیه (العقد  شریعه المتعاقدین والقانون لا یحمی المغفلین) لەمەسەلەی ئیبداع ئەوە بایه، کە من بەناچاری بەرهەمەکەی خۆم، موسەنەفەکەی خۆم تەنازولی لێ ئەکەم یان ئەیدەمە جێگەیەك تەسەروفی پێ بکات، به عەقد، پاشان ئەو چیرۆکە، ئەو قەتعه مۆسیقیه، ئەو لەوحەیە، ئەو مەسرەحیە، مەلاین دۆلارات دێنێ، من عەقدم کردووە لەو وەقتە هێنابووی لەم زەمەنە، به چ هەقێك من بچم شکایەتی لێ بکەم، بەتایبەتی ( اذا شعر بالاجحاف) ئیجحاف لەکوێیە؟، کابرایەکی زیرەك هەستی کردووە، لەو عەقدە ئیقتیسادیه، بازرگانیه، سوودێکی گەورە وەرئەگرێت لەو کڕین و فرۆشتنە، بۆیە بە تەسەوری من ئەو ماددەیه لابدەن رەجاتان لێ دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکی کاك عبدالسلام ڕاستەو ڕاستیش نیه، بەلایەك ڕاسته که (العقد شریعة المتعاقدین، القانون لا یحمی المغفلین) ئەوەی ڕاسته، بەلاًم لێرەدا شتێك هەیه، یەعنی مەسەلەی ئیبداع ناچێته ئەو قانونەوە، ئیبداع شتێکی تره بەڕاستی، یەعنی مەسەلەن دار نەشرێك لەگەڵ موبدیعێك ڕێك دەکەوێ بۆ ماوەیەکی موعەیەن، تەعاقودەکەی بۆ ماوەیەکی موعەیەنە، ڕەنگە ئەو دار نەشرە لە عەقدەکەیدا ئیتیفاقی لەگەڵ

کردبێ ده هەزار دانەی لەو کتێبەی یان لەو مەسرەحیەی، یان لەو کۆمەڵە شیعرەی یان لەو کۆمەڵە چیرۆکە بۆی چاپ بکات، بەڵام ئەو لە ژێراو ژێر کە ئیجحافەکە لێرەدایە، لە ژێراو ژێر مومکینە پەنجا هەزاری لێ چاپ کردووە، ئەو ئیجحافە لەبەر ئەوە ئەو هەقەی دەکەوێ، لەو حاڵەتەیدا بۆیە دەڵێم ڕاستەو ڕاستیش نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند مەبدەئێکی قانونیمان هەیە، کە لێرەدا مەبنای ئەم ماددەیە بەڕاستی یەکێکیان (العقد شریعة المتعاقدین) ئەم مەبدەئە قانونیە هەمیشە ساریە، بەڵام جارو بار ئیستیسنای تێ ئەکەوێ ئێمە نەزەریەکمان هەیە لە قانونی نەزەریەی ئەحوال تاریئە، ئیستیسنایە لەو مەبدەئە قانونیەی کە ئەڵێت (العقد شریعة المتعاقدین) بۆ نموونە، کەسێك لەگەڵ کەسێکی تر عەقد ئەکات لەبواری مەسەلەن ئینشائاتە، چەند تەن چیمەنتۆی بۆ بێنێ، بەپێی عەقدەکە مولزەمە لەماوەیەکی موحەدەد چیمەنتۆی بۆ بێنێ، بەڵام لە پڕ بومەلەرزەیەك دروست ئەبێ ئەو مەعمەلی چیمەنتۆیە لەناو ئەچێ، لێرە قانون هاتووە حیمایەی ئەو کەسە ئەکات کە موتەزەریرە، ئیستیسنای بۆ ئەکات کە مولتەزم نەبێ بە عەقدەکەوە، کەواتە لابردنی مولتەزم لە هەندێ ئیلتیزامات لەبەر خاتری حیمایە، ئەوە ئیستیسنایە لە مەبدەئی (العقد شریعة المتعاقدین) بەڵام ئەمە ئایا کە خۆی ئیستیسنایە، ئایا تەوەسوع لە ئیستیسنا ئەکرێ یان ناکرێ؟، (لایجوز توسع في الاستثناء وماثبت على القياس لا يقاس عليه الغير) بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەوە ماددەیە لابرێ، چونکە ئیستیقراری عقودی لەسەر دروست نابێ، هەر کەسێك موبدیع بێ دوای ماوەیەك ئەتوانێ یەخەی دارو نەشرەکە بگرێ بڵێ من پارەی زیاترم ئەوێ، چونکە ئەو ماددەیە هەیە، بۆیە من پشتگیری ئەکەم ئەو ماددەیە لابچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی مەبەست لە قانونەکە ئەگەر هەموو عقودێك بێ، خۆ پێویست ناکات ئێمە باسی حقوقی موئەلیف و مەبدەئی و شتی وا بکەین، ئێمە لێرە مەبەستمان لە قانونەکە پاراستنی حقوقی موبدیعە، عقود لەگەڵ موبدیع و موئەلیف و ئەم بوارە وەکو عقودی تر نیە، لەبەر ئەوە لە زۆر حاڵەت هەیە، حاڵەتێك دروست ئەبێ کە تەقیمێکی باش ناکرێ، بۆ ئەو ئیشە کە دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەمە مەجالی داوە بە مەحکەمە، سولتەی تەقدیریەکە بۆ مەحکەمەیە، ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ پاراستنی مافی ئەو خەڵکانەی کە

موبديعن، له بواره جيا جيا كانى ئيبداع كار ئەكەن، مانـەوەى ماددەكە باشـە، چونكە خۆى مەبەسـت لـە قانونەكە ئەوەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

من پێم باشە ئەو ماددەيە وەكو خۆى بمێنێتەوە، لەبەر ئەو هۆيـەى كـە جـەنابى وەزيـر باسـى كـرد، بـەڵام ئــەوەى تــرى پێــدەوێ، ئێمــە زۆر لــەو موئەليفانــەمان هەيــە كــە تاكــە رزقــى ژيــانى ئــەوان لەســەر بەرهەمەكانيانە، كارێكى تر ناكەن، لە هەدەفەكەشدا ئێمە باس دەكەين، پێويستە مافەكانيان بپارێزرێ، بـۆ ئـەوەى حەرەكـەى فـەنى، ئـەدەبى، عيلمـى پـێش بكـەوێ، ئـەم خسوسـيەتێكى تايبـەتى خـۆى هەيـە لـەناو مافەكانى تر، نموونەش بابێنمەوە، هەر ئەو نموونەيـەى كـاك نـەژاد گـوتى، يـەكێك عەقـدێك دەكـات لـەدار نەشرێك بۆ ماوەى پێنـج ساڵ، بابڵێين بەرامبەر بە 10 هەزار دۆلار پێى دەيفرۆشـێ، بـەڵام ئـەو تەسـەورى نەدەكرد ئەم كتێبە 100 هەزار دانەى لێ چاپ دەكـرێ، ڕەواجێكـى يـەكجار زۆر يـان فليمێـك نەفسـى شـت، ڕەواجێكى يەكجار زۆرى دەبێ و پارەيەكى يەكجار زۆرى دەست دەكـەوێ، بۆيـە تـەنيا ئـەوە پـەنا دەبـات بـۆ مەحكەمە، داوا دەكات، بـەڵام بـە مـەرجێك يـەعنى موراعـاتى شـتەكان بكرێـت، زەرەريشـى پـێ نەگەيـەنێ، ئەلێرەش پەنا دەبـات بـۆ مەحكەمـە، خـۆ نـەيگوتووە ئـيلا دەمـەوێ، داوايـەك دەكـات، تەقـدير دەكـات چـى بدرێتێ چى نەدرێتێ، من پێم باشە وەكو خۆى بمێنێتەوە بـۆ تەشـجيعى ئـەدەبى، بـۆ پاراسـتنى مافـەكانى، چونكە لەبەر ئەوەى بەشێكى زۆرى لە نووسەران و هونەرمەندان و ئەوانەمان لەسەر ئەوە دەژين، ئێستاش ڕەنگە وانەبێ، بەڵام بۆ موستەقبەلى ئێمە بە بڕواى من باشە و پێويستە بەو شكلە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك عمر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەمە مورتەبيتە بە ماددەكەى پێشەوە، ئەگەر ئەمە عەقدى كڕين و فرۆشـتن بـێ، عەقـدى تـەنازول كـردن بێ لەو هەقانە، موئەليف خۆى يان موهەندسەكەى بيكات، ئەچێتە بابى (العقد شريعة المتعاقدين) تەبعـەن ئەوە موناقەشەى نيە، (العقـد شـريعة المتعاقـدين) موفتەرينـە بـە دوو عەمەليـە كـەپێى ئـەوترێ (مطابقـة القبول بالايجاب) كە قبول و ئيجاب ڕوويدا لەبەينى موئەليف يان وەرەسەكەى لەگەڵ ئـەو كەسـە، ئـەو دارو نەشـرە، مانـاى ڕازى بـوون بـە هـەموو ئـەركان و شـروتى ئـەو عەقـدەى كەلـەنێوانيان هەيـە، ئەمـە قـانون تەفسيرى ئەكات بە ئيسـتيقرارى موعامـەلات لـە قـانون، ئەگـەر ئەمـە نـەمێنێ، هەرچـى موعامـەلات هەيـە عەدەمى ئيستيقرار بەخۆيەوە ئەبينێ، واى لێدێت لە مەحاكيم ئـەنواع تەفسـيرى بـۆ بكـرێ، كەڕەتێك بـە

قوەی قاهیرەو و کەرەتێك بە زەرفی تارئ و کەرتێکی تر بە ماددەیەك بە ڕەئیەکی فیقهی، کە لە قانون هەیە، لە قانونی مەدەنی باسی لەسەر کراوە، پێی ئەوترێ(الغبن مع التغريم) ئەو ئەگەر غوبنێکی فاحیش هەبێ لەگەڵ تەغریر کردن، ئەمەش ئیستیسنائە لە هەموو عەمەلیەتێکی بەیع، لە هەموو عەقدێك ڕوونادات، لەبەر ئەوە تەوەسوع لەو ئیستیسنائە ناکرێ ناکرێ بەکاربهێندرێت، لەبەر ئەوەی ئەوها باشترە، ئەم ماددەیە لێرە نەمێنێت و ئیلغا بکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەموو شەریکەیەك کە سپۆنسەری بەرهەمی هونەری دەکات، هەدەفی ئەوەیە کە قازانجێکی لێ بکات، بەلاَم ئەگەر ئێمە ئەم نەسە لێرە تەسبیت بکەین، سبەینێ هیچ شەریکەیەك ناتوانێ سپۆنسەری بەرهەمی هونەری بکات، ئەڵێت کە بەرهەمەکە پارەیەکی باشی کرد، کە من دەمەوێ و ڕەواجی بۆ دەکەم ئەوکاتە دەچێتەوە مەحکەمەو ئیشەکەی من باتڵ دەبێتەوە، بەلاَم ئەوکەسەی کەخاوەنی بەرهەمێکی هونەریە دەکرێ لەناو عەقدەکەدا فەقەرەیەك دابندرێت بڵێت بۆ نموونە، من بە 10 هەزار دۆلار ئەم بەرهەمە دەفرۆشم، بەم شەریکەیە، ئەگەر ئەم بەرهەمە بەهۆی ڕەواج و لە موستەقبەلدا توانی بگاتە ملیۆنێك دۆلار، ئەوکاتە بەشێك لەو بەرهەمە بەڕێژەیەك دیاری بکرێ، بدرێتەوە بە خاوەنی بەرهەمە هونەریەکە، یەعنی حەلی ئەم مەوزوعە دەکرێ لەعەقدەکەدا بکرێ، ئەگەرنا ئەمە ئیستیقراریەتی عقود تێکدەدات، من تەئیدی د.صباح دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە پێشنیار هەیە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ، ئەو پێشنیارە دوورە لە ئەسڵی پرۆژەکە، ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین ئەو پێشنیارە بخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە ئەوەیە ئەم ماددەیە ئایا ئەگونجێ لەگەڵ قانونی مەدەنی، ڕۆحی قانونی مەدەنی یان ناگونجێ؟، قانونی مەدەنی باسی غوبن ناکات، لەحالەتی غوبن هەقی ئەوەی هەیە کە موراجەعەی ئەو عەقدە

بكرێتەوە، ئەمە حاڵەتێكە جاری وا هەیە حاڵەتی غوبن ڕوو ئەدات لەو حاڵەتە، ئەسڵەن مەبەستی ئەم قانونە موراعاتی ئەو حاڵەتانەیە، جاری وا هەیە ئەوەی موئەلیفە یان موبدیعە تووشی غوبن نەبێ، پاراستنی ئەو حاڵەتەیە، دەشمێنێتەوە لە ئەخیر، سوڵتەی تەقدیری بۆ مەحكەمەكەیە، ئەگەر مەحكەمە پێی وابێ غوبن نیە، ئەتوانێ نەیكات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جاری وا هەیە كتێبێك چاپ دەكەی 500 دانەی لێ دەفرۆشرێت، ئەو كاتە ئەو دەزگایە هەقی ئەوەی هەیە بچێت داوا لەموئەلیفەكە بكات، بڵێت نەفرۆشراوەو من زەرەرم پێگەیشتووە، ئەگەر ئەو هەقە بدەینە ئەو دەزگایە، ئەوكاتە عەقدەكە بۆ هەردوو لا نابێتە عەقد، هەر كەسێك هەقی پەشیمان بوونەوەی دەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد زۆر بە پەلەی.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مەوزوعە یەعنی ئەو دەڵێت (اجحاف بحق المؤلف) ڕاستە عەقدەكە كراوە، بەڵام كابرا عەقدی كە كردووە، بۆیەش دەڵێم كابرا من بە موئەلیف ناڵێم كابرا، چونكە گوێم لێ بوو، پێش ئێستا هەندێك لەبرادەران گوتیان كابرا، موئەلیف، موبدیعە، كابرا نیە، ئینسان بە موبدیع ناڵێ كابرا، بەوەی دەڵێ كابرا ئەوەی كەچاپی دەكات، ئەوەی كە چاپی دەكات ساحێبی دار نەشرە، تاجیرە، لەبەر ئەوە عەقدی لەگەڵ كراوە، ئەگەر زەرەر دەكات ئەو بەخۆی تەحەمولی زەرەرەكەی دەكات، بەڵام ئیجحاف بەهەقی موئەلیفەكەیە، ئێ تەبعەن ئەگەر ئیلتیزامی نەكرد بە عەقدەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی سكرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە، بابفەرمووێ.

**بەڕێز فرست احمد/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من تەسەروفاتی قانونی یان ئیلتیزامات، مەفروزە هەموو وەكو یەك بن، مەبدەئی سەرەكی لە قانونی مەدەنی عیراقی كە ئێمە پێی ئەكەین، میسریش پێی ئەكات، دەوڵەتەكانی تریش پێی ئەكەن، ئەو مەوزوعە پێی ئەڵێن غوبن، بەڵام مەربوتە بە شەرتێك، لازمە تەغریری لەگەڵ بێ، تەغریر یەعنی هەڵخەڵەتاندن لەگەڵ بێ، ئەگەر هەڵخەڵەتاندنی لەگەڵ نەبێ ئیعتیبار ناكەن كابرای خاوەنی ئەوە عەقدە یان خاوەنی ئەو هەقە، ئەو مافەی هەبێ داوای تەعویز بكات، وەك عەقد ئەگەر ئێمە بەنیسبەی ئەو

مەوزوعە، وامان لێ کرد، کو غوبن بە تەنیا کیفایەت بێ، داوای تەعویز بکات، بەڕەئی من ئەوە تێکدانی مەبدەئێکی سەرەکیە لە قانونی مەدەنی، کە شاملی هەموو عەقدەکانە، بەهەزاران عەقد و ئەنواعیان هەیە، ئێمە بێین عەقدێك بەتەنیا ئیستیسنا بکەین، غوبن بکەینە ئەساس بۆ تەعویز، عقودەکانی تر هەموویان لازمە غوبن موقتەرن بێ لەگەڵ تەغریر، لەگەڵ هەڵخەڵەتاندن، بۆیە من بەڕەئی من ئەو مەوزوعە حەل کراوە، بێ ئەو نەسە کابرا ئەتوانێ موراجەعەی مەحکەمە بکات، مافی خۆی بپارێزێ، با ئێمە تووشی تناقض نەبین، مەبادئی سەرەکی لە قانونەکانی سەرەکی، تێك نەدەین بۆ خاتری شەریحەیەك، یان جەماعەتێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا رەئیەك هەیە دەڵێ ئەم ماددەیە نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ڕەت بکرێتەوەو نەمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەداخەوە ئەوە سێ کەس مانەوە، کەواتە ئەم ماددەیە ڕەت کرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

لا يترتب على تصرف المؤلف في نسخة الاصلية او الوحيدة لمصنفه نقل حقوقه المالية عليه ومع ذلك لايجوز الزام المتصرف اليه بتمكين المؤلف من نسخ او نقل او عرض تلك النسخة مالم يوجد اتفاق مكتوب على غير ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یانزەیەم:

بەهۆی ڕەفتاری دانەر بەدانە ئۆرگینالّ یان تەنیا کارەکەیەوە ئەوە مافە داراییەکانی سەر ئەو کارە ناگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ ئەوەی کارەکەی کەوتۆتە لاوە، ناچار نیە دەرفەت بە دانەر بدات کۆپی ئەو دانەیە بکات، یان بیگوازێتەوە، یان نیشانی بدات ئەگەر ڕێکەوتنێکی نووسراوی بەپێچەوانە لە نێوانیاندا نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟، كەس تێبینی نیە، كەواتەبیخوێنینەوەو بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

لا يترتب على تصرف المؤلف في نسخة الاصلية او الوحيدة لمصنفه نقل حقوقه المالية عليه ومع ذلك لايجوز الزام المتصرف اليه بتمكين المؤلف من نسخ او نقل او عرض تلك النسخة مالم يوجد اتفاق مكتوب على غير ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یانزەیەم:

بەهۆی ڕەفتاری دانەر بەدانە ئۆرگینالّ یان تەنیا كارەكەیەوە ئەوە مافە داراییەكانی سەر ئەو كارە ناگوازرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێ ئەوەی كارەكەی كەوتۆتە لاوە، ناچار نیە دەرفەت بە دانەر بدات كۆپی ئەو دانەیە بكات، یان بیگوازێتەوە، یان نیشانی بدات ئەگەر ڕێكەوتنێكی نووسراوی بەپێچەوانە لە نێوانیاندا نەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

لمؤلف مصنفات الفنون التشكيلية الاصلية وكذلك المخطوطات الموسقية والادبية الاصلية او لورثته الحق في الحصول على نسبة لاتقل عن 10٪ من كل عملية بيع بالمزاد العلني لهذه المصنفات تلي اول تنازل عنها يجريه المؤلف.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوانزەیەم:

دانەری کارە ئەسڵیەکانی هونەری شێوەکاری و دەستنووسە ئۆرگینالی و مۆسیقیە ئەدەبیەکان یان میرات گرەکانی دانەر مافی وەرگرتنی ڕێژەیەکیان هەیە لەهەر پرۆسەیەکی هەڕاج کردنی ئاشکرای ئەو کارانەدا کە لە 10٪ کەمتر نەبێ لە دوای دەست لێ بەربوونی دانەر لەو کارەیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری ڕۆشنبیری لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، کاک یشار، کاک عبدالسلام، کاک نەژاد، فەرموو کاک یشار.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا هاتووە تەرجەمەکە تەنها بۆ سەر زمانی کوردی بێت، لەوانەیە نووسەرێك بۆ سەر زمانی تورکمانی لەهەرێمی کوردستاندا وەرگێڕان بکات، ئەوکات شمولی ئەو یاسایەی ناکات، جێگەی بۆ بکرێتەوە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەباشی ئەزانم ئەگەر ئیشارەتێك بۆ هەقی ئیدعای عام بکرێ، وەکو ئەزانن بێجگە لەو هەقەی دامانە 10٪ بۆ فرۆشتن، مونەزەمەیەکی نێودەوڵەتی لەپاریس هەیە، عبدالوهاب و ام کلثوم لەوە پارەیەکی باشیان وەرئەگرت، هەتاوەکو ئێستا بەجدیە، ئێستا ئەلیسا مەسەلەن کاظم ساهر، هەقی ئیدعای عام مونەزەمەیەکی دوەلیە موراقەبەی چەند جار بەرهەمەکەی تۆ دووبارە ئەکرێت، ئەدا ئەکرێت، نیسبەیەکت ئەداتێ لەو واردەی کە ئەو موئەسەسەی بڵێین ئەدائی ئەکات، چونکە مەسەلەن بڵێین ئیعلانات وەرئەگرێ شتێك وەرئەگرێ، بۆ ئەوەیە تەسەور ئەکەم (اضافة الى احتفاضه بحق الادعاء العام

المنصوص عليه) ئەگەر هەبێ، دوو، من ئیشکالیەم لەگەڵ ئەسلیە دووجار هاتووە، یەعنی چیە موسەنەف گوتمان ئیتیفاقمان کردووە، موسەنەف یەعنی ئیبداعە کردویەتی، ئەو کەلیمەیە ئەسڵی من تێنەگەیشتم، ئەگەر مەبەست دەست خەتەکانی کۆن بێ یەعنی، ئەسڵی جیاوازە، مەختوتات مۆسیقیە، مەختوتات ئەدەبیە دەست خەتە، مەبەستم نۆتەکانە بەدەست، مەسەلەن بتهۆڤن تەسەوڕ ناکەم پێیان بڵێن مەختوتاتی مۆسیقیم بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو قانونەمان داناوە تەبعەن بۆ ماوەیەکی زۆر، نەوەك بۆ ماوەیەکی کورت و ئەوانە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو مەوزوعی هونەری شێوەکاری و ئەوانە هەتاوەکو ئاوازی مۆسیقاش، هەتاوەکو ماوەیەکی زۆر بەتایبەتی هونەری شێوەکاری، لەوحات هەیە ئێمە دەبینین لەدونیا دەفرۆشرێ بەنرخێکی زۆر زۆر، یەعنی لەحەد بەدەر، بەڕاستی ئەو ڕۆژە لەوحەیەك فرۆشرابوو بە 75 ملیۆن دۆلار، یەعنی لەو حەیەکی بیکاسۆ لە لەوحە بەسیتەکانیشی بوو، نەوەك بڵێین لە لەوحە گەورەکانی بابڵێین، تەسەور دەکەم ئەوەندەی من شارەزایم هەبێ هونەرمەندی زۆر بە توانامان هەیە بەڕاستی، ڕاستە ئێستا ئەو بازاڕە برەوی نیە لەکوردستان، بەلاّم ئەو قانونە بۆماوەیەکی درێژە، لەبەر ئەوە من پێموایە لە 10٪ کەمە، یەعنی ئەو 10٪یە زیاتر بکرێ، وەختی خۆشی لەلیژنە من ئەو ئیقتیراحەم کرد دیارە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیراوە، بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان، فەرموو کاك دڵشاد، یەك دەقە کاك دڵشاد، وابزانم نوقتەی نیزامی هەیە د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر گرفتێك هەلە لەسەر دەستەواژەی مەختوتاتی مۆسیقی، دەستەواژەیەکی گونجاو تر هەیە موئەلەفاتی مۆسیقی ئەگەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لەو ماددەیە کە (مصنفات الفنون التشکیلیة الاصلیة) یەعنی لەوحە ئەسڵیەکەی، بۆ نموونە، لەوحەی مۆنالیزا ئەسڵیەکەی کە لە مەزادی عالەمی ئەفرۆشێ، لەگەڵ لەوحەیەك کە لەبەری گیراوەتەوە جیاوازە، موخەتەتاتی مۆسیقی ئەو کەسەی کە نۆتەی مۆسیقی بە موخەتەت ئەنووسێتەوە، ئەوەی دەستنووسەکەی خۆی، بۆنموونە، ئێستا دەستنووسی موخەتەتی بتهۆڤن، گەیشتۆتە مەلاین دۆلار، یەعنی دەستنووسە ئەسڵیەکەی، قیمەتی ئەمە چیە لە مەزادی عالەمی ئەفرۆشرێت، لەبەر ئەوەی دەست نووسی ئەسڵیە، یان بابەتی ئەدەبی ئەسڵیە، بۆ نموونە، دیوانی بێکەس ئێستا بە دەستنووسی ئەسڵی لامان بێ لە مەزاد بیفرۆشی بەدەست نووسەکەی خۆی، ڕەنگ بێ دە ئەوەندەی قیمەتی دیوانەکە ئەکات کە بەچاپ کراوی هەیە، بۆیە هەدەفەکە لەمەدایە هەقی وەرەسەی موئەلیف بپارێزرێ لەمەزادێکی عالەمی، لە مەزادێکی ئاشکرا کە ئەم نوسخە ئەسڵیانە ئەفرۆشرێت، نیسبەتێکی هەبێ، بەنیسبەتی نیسبەتەکەوە، من بڕوام وایە بەنیسبەت نیسبەتەکەوە، مامۆستا نەژاد بڕوام وایە نیسبەتەکە لە دونیا لەوە زیاتر نیە، یەعنی بە بڕوای من، ئەوەی تەسەوڕم کردبێ، ئەگەر کەسێك نموونەی زیاتری لایە من پێموایە هەقە دیفاع لەوە زیاتر بکات، چونکە مەبدەئی یاساکە بۆ ئەوەیە، بەلاَم شتێکیش بکەین بڵێین لەخەڵکی تر زیاتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکەی هاوکارمان کاك نەژاد، لێرە زۆر وازح ئەڵێ، یەعنی ناڵێ ئەبێ دەبێت، ئەڵێ (علی نسبە لاتقل عن 10٪) یەعنی دەکرێ زیاتر بێ، لەبەر ئەوە مەجالێکی هێشتۆتەوە لە 10 بەرەو ژوور بێ، ئەوەیەك، دووەم، وەکو کاك دڵشادیش وتی، ئەم ڕێژەیەی کە لێرە دانراوە حەدی ئەدنایە، زیاترە لەوەی کە لە ولاَتانی تر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە بەنیسبەتی ئەو تەوزیحەی کە کاك دڵشاد و کاك شوان کردیان، باشە ئەدی هەقی دەوڵەت، مۆنالیزا دەفرۆشرێت، هەقی ئیتالیایە ئێستا، چونکە ئەوە ئاساری فیرعەونی دەفرۆشرێت هەقی دەوڵەتە ئەوە، ئەدی هەقی عام لەو قانونە؟ ئەدی دەوڵەت؟، ئەو پێرسنتە کێ وەردەگرێ؟، چونکە هەندێ شت هەیە ئەمنی قەومیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ تەوزیحێك، هەقی دەوڵەت لەو دەردەکەوێ کە زەریبە لەو مەبلەغە وەرئەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزيز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەی ئاهەنگ خان وتی ڕاست دەکات، بەڵام لەمەسەلەی ئاسار، هەر ویستم مولاحەزەیەك بدەم، مەسئەلەی ئاسار ناگرێتەوە، ئاسار عیلاقەی بەو مەوزوعە نیە، یەعنی، ئەوە شتی ئیبداعیە، چونکە ئاسار دەکەوێتە خانەیەکی ترەوە، ئەویش ئەسکەندەر نامەکی دەوێ هەتاوەکو .....

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی مودە، مودە قسەك کرا، ئێمە مودەیەکمان هەیە، مودەی حیمایە، 50 ساڵ دوای مردنی دانەر، لەدوای ئەوە دەبێتە موڵکی گشتی، تا ئەو دەمە دانەرەکە خۆی، هەم میرات گرەکانی مومارەسەی ئەو هەقە دەکەن، لەزمنی ئەوانە ئەو هەقەی کە لێرە هاتووە پێی دەوترێ (حق الطبع) لەدوای ئەوە دەبێتە موڵکی عام، کێ مومارەسەی موڵکی عام دەکات؟، ئێمە لەو قانونەدا باسی وەزارەتمان کردووە، ئەوان مومارەسەی ئەو مافانە دەکەن کە لەناو ئەو قانونەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوا سیاغەتان لیژنەی هاوبەش، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

لمؤلف مصنفات الفنون التشكيلية الاصلية وكذلك المخطوطات الموسقية والادبية الاصلية او لورثته الحق في الحصول على نسبة لاتقل عن 10٪ من كل عملية بيع بالمزاد العلني لهذه مصنفات تلي اول تنازل عنها يجريه المؤلف.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوانزەیەم:

دانەری كارە ئەسڵییەكەی هونەری شێوەكاری و دەستنووسە ئەسڵی و مۆسیقیە ئەدەبییەكان یان میرات گرەكانی دانەر مافی وەرگرتنی ڕێژەیەكیان هەیە لەهەر پرۆسەیەكی هەراج كردنی ئاشكرای ئەو كارانەدا كە لە 10٪ كەمتر نەبێ لە دوای ئەوەل دەست لێ بەربوونی دانەر لەو كارەیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، یەك كەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

استثناء من احكام المادة الثامنة من هذا القانون يحق لاي شخص في الاقليم ترجمة اي مصنق اجنبي منشور بشكل مطبوع او اي شكل اخر الى اللغة الكوردية ونشر هذه الترجمة اذا مرت سنة واحدة على تاريخ اول نشر لهذا المصنف الاجنبي ولم يتم نشر اي ترجمة له في الاقليم باللغة الكوردية من قبل مالك الحق في الترجمة او بموافقته او في حال نفاذ الطبعات المترجمة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەهەم:

بە هەڵواردن لەحوكمەكانی ماددەی هەشتەمی ئەم قانونە هەركەسێك لەناو هەرێم مافی ئەوەی هەیە هەركارێكی بلاّو كراوە یان چاپ كراوی بیانی یان بەهەرشێوەیەكی دیكە وەربگێڕێتە سەر زمانی كوردی و بلاّویشی بكاتەوە، ئەگەر ساڵێك بەسەر مێژووی ئەوەل جار بلاّوكردنەوەی ئەم كارە بیانیەدا تێپەڕ بووبێ و هیچ وەرگێڕانێكی ئەو كارەی خاوەن ماف بە ڕەزامەندی ئەو لە هەرێمدا بە زمانی كوردی بلاّو نەبووبێتەوە، یان لەحاڵەتێكدا چاپە وەرگێڕدراوەكان هیچیان لێ نەمابێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەكت هەبێ؟.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاكر/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، ئەمە جۆرێکە لە ئیستیسنا لەماددەی هەشت، واتە هەقێکی تر هەیە کە هەقی موئەلیفە لێرە، ئەم بەکاری ئەهێنێ بۆ تەرجومە کردن، لەم حاڵەتە دوو خاڵ هەیە، خاڵی یەکەم لەهەندێ قەوانین ئەم مافە و ئەم ڕوخسەتە دەدرێ بە وەزیر، وەزیر ئەو روخسەتە بدات، باشە ئەو روخسەتەیان لابردووە لە وەزیر، بۆ ئەوەی خەڵکەکە، هاووڵاتیەکە پێویست نەکات کە ڕوخسەت وەربگرێ لە وەزیر بۆ تەرجومە کردن، بەس خاڵی دووەم کە پێویستی بە تۆزێك ورد بینی هەیە، ماوەی ساڵێکیان داناوە، هەندێ قەوانینی تر، هەندێ وڵاتی تر ماوەکە تۆزێك زیاد ئەکەن، ئەیکەنە دوو ساڵ یان سێ ساڵ، نازانم بۆ ئێمە بەنیسبەت، تەشجیع کردنی حەرەکەی لیژنەی ڕۆشنبیری چیە کە ساڵەکەیان داناوە، بۆ پاراستنی هەقی خەڵکی تر؟، ئایا ساڵەکە باشە بەنیسبەتی ئێمەوە؟، تەوازونێك هەبێ لەنێوان پاراستنی هەقی خەڵکێکی تر، لەگەڵ تەشجیع کردنی حەرەکەی تەرجومە، ئایا ساڵەکە باشە یان تۆزێك زیاتر بێ لەساڵەکە، بۆ تەقدیری ئەوان بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، پەیمان عزالدین، ئاهەنگ عارف، د.احمد وەرتی، یشار نجم الدین، د.جهان، د.صباح بەرزنجی، بێریڤان سەرهەنگ، ئەمیر گۆگە، شڤان احمد، عبدالسلام، نەژاد عزیز، تارا خان، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە تەشجیع کردنی تەرجەمە، وەرگێڕان لەهەرێمی کوردستان کارێکی زۆر باشە، بەلاَم بە دیوێکی تر من پشتیوانی لە قسەکەی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری ئەکەم، بەدیوێکی تر، ئەم یاسایە وەکو شەرعیەت دان ئەبێت بە کۆپی کردنی سیدی، لەکاتێك ئێمە لەهەرێمی کوردستان تەبعەن مع الفارق، چونکە ئەمە موئەلیفاتەو تەرجەمە کردنە، بەلاَم لەئەسڵی مەبدەئەکە ئەوەیە کە ئێمە ئەمانەوێ زۆرترین ڕێگە بگرین لەوەی کە بەرهەمە مۆسیقیەکان بکرێ، دژی کۆپی کردنین، تەرجەمە کردنیش بێ، لەبەر ئەوەی هەقی بابلێین گۆرانی بێژەکەو هونەرمەندەکەی تیا ئەفەوتێ، لەمەش دیسانەوە بەدیوێك کە خزمەتی بواری وەرگێڕان ئەکات لە هەرێمی کوردستان، بەلاَم مافی کەسانێك ئێمە لێرە بە ئەجنەبی ناومان بردوون، کە تەسەور ئەکەم ئەمە بەدیوێك لە دیوەکانی ئێمە، دیوێکی خراپ پیشان بدات، کە ئێمە بە تەنیا مافی بابلێین فکری خۆمان ئەپارێزین، ئەوەندە موهتەم نین، بۆیە ئەکرێت یان فلتەر دابندرێت،

کۆمەڵێك ڕێگەی بۆ دابندرێت، یان وەکو ئـەوەی کـە وەزیـر گـوتی، یـان کەسـێك موخـەوەل بکـرێ، وەزیـری ڕۆشنبیری یان هەر کەسێك بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئەو وەرگێڕانە بکات، یان ماوەکە زیاد بکـرێ، بـۆ ئـەوەی ئەو موئەلیفەش هەقی ئەوەی هەبێ، یەعنی کـە موئـەلیفێك لـە دەرەوە لـە ولاتێکـی عـەرەبی، لـە ولاتێکـی دەرەوە دایە، ڕەنگە پێی خۆش نەبێ موقابیل کەسێك هەبێ لە هەرێمی کوردستان بەرهەمەکەی وەربگێڕێ بەبێ ئەوەی ئەسڵەن ئەو ئاگای لێی بێ، ئەمە هەم لە ڕووی یاساییەوە، هـەم لـە ڕووی ئەدەبیشـەوە جـائیز نیە، بۆیە یاخود فلتەری بۆ دابندرێ، یـاخود ئـەو سـاڵە زیـاتر بکـرێ، بـۆ ئـەوەی هەنـدێ ئاسـتەنگ هـەبێ، نەوەك ئاوا بە ڕەهایی شەرعیەت بە تەرجەمە کردن بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەمن باشترین ماددەیە کە لەو قانونە دەرچووە، لە دوو ناحیـەو سـێ ناحیـە، ئەوەڵـەن روحـی مونافەسە پەیدا دەکات لەناو هەر کەسێك کە موهتەم بێ بـە تەرجومـە، دوو لـەناو ئاسـتی مەحـەلی، لـەناو ئاستی عالەمی زۆر زۆر موهیمە بـۆ کوردسـتان، لـەناو ئاسـتی مەحـەلی مـن خوێندنـەوەم بەتـەنێ بـەزمانی کوردیە، دەتوانم ئەگەر کتابێکی عالەمی تەرجومە کرا بۆخۆم زۆر بە ئیسراحەت بخوێنمەوە، کە ئینگلیـزی نازانم یان عەرەبی نازانم، ئەوە وا دەکات کە حەرەکەیەکی سەقافی بتەوێ و نەتەوێ زۆر زۆر جوان تەتەور بکات لەناو موجتەمەعەکەی خۆی، دوو، دوەلیەن زۆر زۆر موهیمە تۆ ئاشنابی بەوەی کە لە دەوڵەتەکی لـە دەرێ بزانـی کتابـەك یـان مەختوتـەك یـان کـۆدەکی تجـاری، تەرجومـە کـراوە، تەجروبـە لـەدوو ولاتـی پێشکەوتووی دونیا ئەو قانونە هەیە، زۆر زۆریش ئیستیفادەیان لێی کردووە، ئێران و هیند، ئەو دوو ولاتـە بە تەرجومە زۆر ئیستیفادەیان لێ کراوە، هەرە حەدەسەکانی عالەمی ئەوەیە کە لـە ئـێران بـوو لـە زەمـانی حەسار، لە 2005 بوو یان 2007 گابرێل گارسیا مارکیز، کە ئەویش موئەلیفەکی، کـاتبێکی کۆڵۆمبی زۆر زۆر مەشهورە کە جائیزەی نۆبلی وەرگرتووە، بەخۆی چووە ئێران، چونکە تەرجومەی کتابـەکانی خـۆی بـە زمانی فارسی لە ئێران زۆر بـوو، ئـەو عیبـارەی گـوت کـە لـەجادەی تـەهران پیاسـەی دەکـرد، گـوتی مـن زۆر پێخۆشحاڵم کە کتابەکانی خۆم بە زمانێك دەبینـم نازانم بخوێنمەوە، بەڵام رەسمی خۆم لەسەر جادەی ئـەو ولاتە دەبینم، دیارە کە حەرەکەی سەقافی ئەو ولاتە زۆر زۆر بەقوەتە، ئەوە فەقەرەکی زۆر زۆر باشە، لـەو قانونە و ڕوحی قانونەکەیە، من لەگەڵم و تەئیدی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو ماددەیە ماددەیەکی گرنگە، بۆ برەودان بە زادی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام من پێموایە ئەڵێ هەر کارێکی بڵاوکراوە یان چاپ کراوی بیانی، یان بەهەر شێوەیەك بێ وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بڵاویشی بکاتەوە، من پێم باشە لێرە لەپاڵ زمانی کوردی هەم زمانی عەرەبی بۆ زیاد بکرێ، هەم بڵێ بە زمانی کوردی یان عەرەبی یان هەر زمانێکی تر، چونکە ئێمە زۆر نووسەرمان هەیە کەوا تەرجومە لە زمانەکانی تر ئەکاتە سەر زمانی عەرەبی وەری ناگێڕێتە سەر زمانی کوردی، یەعنی هەر کوردی خۆشمانە، بەڵام تەرجومەی عەرەبی ئەکات، تەرجومەی کوردی ناکات، یەعنی بۆیە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی زمانی رەسمین، من پێم باشە بنووسرێ زمانی کوردی و عەرەبی و یان هەر زمانێکی تر، زمانەکانی تریش لە هەرێمدا بگرێتەوە، بەنیسبەت ئەو یەك ساڵەیە، دیارە کە ئێمە لە زمنی ئەو وڵاتانەی کە تازە گەشەسەندوویان پێ ئەڵێن، وڵاتانی نامی، ئەوانە وابزانم ئەوانە بەخشراون لە مافی وەرگێڕان، بۆیە ئێمە لە زمنی ئەو وڵاتانەداین دەتوانین وەرگێڕان بکەین، من پێم باشە ئەم یەك ساڵە لابرێت، تەنها ئەم یەك ساڵە بۆ تەرجەمە بێ، کە ئەگەر کەسێکی تر کتێبێك یان دانراوێکی وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی، یان عەرەبی یان هەر زمانێکی تر، دوای یەك ساڵ ئەو بتوانێ مافی ئەوەی هەبێ کە تەرجەمەی بکات، هەقی تەرجەمە وەرنەگرینەوە، ئەگەر کەسێکی تر تەرجەمەی کردبێ کەس نەتوانێ، چونکە زۆر تەرجەمە هەیە بەڕاستی تەرجەمەکی سەقەتە، یەکێکی تر دێت دووبارە وەری ئەگێڕێتەوە، ڕەنگە ئەوەی دواتر وەری گێڕابێتەوە باشتر بێ لەوەی پێشتر، بۆیە من پێم باشە ڕێگە نەگرین لەوەی کە تەرجەمە دوو تەرجەمە یان زیاتر بۆ یەك دانراوە بکرێ، بەڵام مەرجی یەك ساڵەکە تەنها بۆ وەرگێڕانەکە دابنێین، بۆئەوەی کەسێکی تر دووبارە وەری ئەگێڕێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی پێشوو یەك ساڵەکە هەڵبگیرێت، پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یشار فەرمووو.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەرجەمە کردنی کتێبە بیانیەکان بەعام شتێکی باشە بۆ تەرجەمانی کوردی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ڕێگە بدرێ بۆ سەر زمانی تورکمانیش تەرجەمە بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.جهان فەرمووو.

**بەڕێز د.جهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەر ئەو ڕەئیە هەی، ئەگەر ڤێرێ ئەم بەحسێ لۆغەتێ بکەین، بەس بێتە تەرجەمە کردن سەر لۆغەتا کوردی، باشە ئەو میللەتێ دی ل هەرێما کوردستانێ ژی لۆغەتێکی دییت هەی، مەسەلەن هەق نینە

**کتابەکێ ئەجنەبی تەرجومە بکەن بۆ سەر، ئەز ڤێرێ پێشنیار دکەم لۆغاتێ دی ژی ڤێرێ بێتە نووسین، عەرەبی بی، سریانی بی، تورکمانی بت، یەعنی هەر ئێك دیف هەقێ خۆ بشێت تەرجمەی کتێبێ بکەتن، مەمنون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە وەکو خۆی ئەڵێت ئیستیسنایە لە ماددەی 8، ئەسڵی یاساکە بۆ پاراستنی مافی نووسەران و دانەران و داهێنەرانە، یەعنی تۆ بەڕاستی ئەتەوێ دافعی ئەوەی کە حەرەکەی تەرجەمە بۆ زمانی کوردی بەهێز بکەی، موخالەفەی مەبدەئێکی قانونی ئەکەی کە ئەسڵی یاساکە بۆ ئەوەیە، ئەسڵی یاساکە بۆ ئەوەیە ئێمە پارێزەر بین لە هەموو نووسەرێك کوردبێ یان غەیرە کورد، بە زمانی کوردی بنووسێ یان بە زمانی کوردی نەنووسێ، لەهەر ولاتێکی تر بێ، لێرە تۆ لەبەرخاتری پێشخستنی بزاڤی تەرجەمە کردنی بۆ سەر زمانی کوردی، پێچەوانەی غەرەزی یاساکەی خۆت داناوە، لە ڕاستیدا ئەو حەرەکەی تەرجەمەی کە لەکوردستان هەیە، شەرت نیە حەرەکەیەکی زۆر سەحی بێ، ئەو تەرجەمانەی کە ئەکرێن، بەڕاستی تەرجەمەی سەقەتن، یەعنی کەسێك کە شارەزا بێ، بەتایبەتی ئەوەی کە بەزمانی عەرەبی ئەکرێت، ئەوەی کە لە زمانی فارسی ئەکرێتە سەر زمانەکانی تر، من ئاگادار نیم، بەڕاستی زۆربەیان تەرجەمەی سەقەتن، لەباتی ئەوەی ئیزافەیەك بن بۆ ڕەسیدی کتێبخانەی کوردی، لەڕاستی کتێبخانەی کوردیان لاواز کردووە، ئێمە لەباتی ئەوەی بێین ئەمە بکەین، ئەبێ موتەرجم ڕابهێنین بەشێوەیەکی قانونی تەرجەمەی خۆی بکات، ئێستا زەمانی پەیوەندیە، پەیوەندیەکان زۆر بەئاسانی لە قانونی دەقە ئەسڵیەکە هاتووە، باوەڕناکەم هیچ نوسەرێکی جدی هەبێ کە مانع بێ ئیجازە وەربگیرێ لێی بۆ تەرجەمەی بەرهەمەکەی بۆ سەر زمانی کوردی، بۆیە ئەوەی کە لێرە هەیە، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ئەم ماددەیە لابرێ، چونکە خزمەت بەحەرەکەی تەرجەمە ناکات، لەو لاوە کە مەبدەئێکی ئەساسی کە هەقی موئەلیفە یان هەقی موسەنیفە پێشێل ئەکرێ، ئێمە با بەڕێکاری تر خزمەت بە تەرجەمەی کوردی بکەین، مەسەلەن لە ئێران نموونە هێنرایەوە، کە حەرەکەی تەرجەمە زۆر بەهێزە، ئەوان حەرەکەی تەرجەمەیان تەنها بەو مەسەلەیە هێن نەکردووە کەڕێگە دراوە بە موتەرجم، بۆ هەموو زمانێکی زیندووی دونیا بەشی تەرجەمەیان لە زانکۆکان کردۆتەوە، موئەسەساتی زۆر و زەبەندیان لە شارەکانی خۆیان کردۆتەوە، خەڵکی لەسەر بارا ئەهێنن، پەروەردەی ئەکەن، بۆیە لەوێش وەك و من بزانم یاسایەك نیە بەناوی یاسای پاراستنی مافی نووسەران و داهێنەران، تا ئەو حەدەی ئاگادار بم، بۆیە لێرەدا ئەگەر ئێمە یاسایەکمان هەبێ، بەو ناوە، تووشی تەعاروزیشمان ئەکات لەگەڵ یاسای ولاتانی تر کە پارێزگاری لە نووسەرانی خۆیان ئەکەن، پارێزگاری لە بەرهەمی خۆیان ئەکەن، یەعنی مەسەلەکە بوعدێکی نێودەوڵەتی وەرئەگرێت، کەسێك لە ولاتێکی ترەوە**

**دێت دەعوا لەسەر موتەرجمێکی ئێمە قەید دەکات، ئەڵێت بەپێی یاسای وڵاتەکەی خۆم من دیفاع لە نووسراوەکەی خۆم ئەکەم، بەڵام بەپێی ئەو یاسایە ئێمە دیفاع لە موتەرجومەکەی خۆتان ئەکەین، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو ئەو کێشمە کێشمانە من پێشنیار ئەکەم ئەو ماددەیە لابرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بێریڤان خان فەرموو.**

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەیە زۆر بە گرنگ دادەنێم، چونکە ناوی تەرجەمەیە، لە ڕێگای تەرجەمەوە تۆ کەلتوری ئەو وڵاتە و ڕۆشنبیری ئەو وڵاتە تێدەگەی، پشتگیری لە کاك یشار و د.جیهان دەکەم بۆ پێشنیارەکەیان، لەو ماددەیە دەڵێ هەر کەسێك لەناو هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە هەر کارێك بڵاو کرایەوە یان چاپ کراوە، یان بە هەر شێوەیەك وەری دەگێڕێتە سەر زمانی کوردی بڵاوی بکاتەوە، من دەڵێم بەپێچەوانەوە تەنها بۆ زمانی کوردی نا، لە زمانانانی تریشەوە تەرجەمە بکرێتەوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان زۆر بیانیمان هەیە، ئێستا لێرە دەژین، با ئەوانیش ئەو چاپ کراوانە یان ئەو شتانە بزانن، ڕۆشنبیریان هەیە لەسەر ئەمە، یان هەر بۆخۆمان لە هەرێمی کوردستان، زمانی تر دەزانین، بۆ نموونە، من خۆم موتەرجمم، دەتوانم زۆر بڵاو کراوە مافم بەخۆم داوە و تەرجەمەم کردووە بۆ وڵاتانی تر بڵاوم کردۆتەوە، بۆیە شارەزایی یەکتر لە ڕێگای تەرجەمەوە بۆ کەلتور ئەوە شتێکی پێویستە، ئەو ماددەیە گرنگە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئەمیر فەرموو.**

**بەڕێز ئەمیر گۆگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشەکی ئەز ژی پشتگیریا ڕای د.جیهان دەکەم، ژبەر چی، چونکە ئەم زانین ل کوردستانێ کو زۆر زۆر بڕیار دەرکەتینە، ژ پەرلەمانی و هەروەسا ژ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، کو جهێ شانازیە مافێ نەتەوێ دی هاتنە چەسپاندن دەستوورێ موقتەرەح، هەروەسا گەلەك نوکە خواندنا مەسەلەن ب زمانێ سریانی بۆ خەلکێ وان نوکە ڕسمیە ل هەرێما کوردستانێ، هەروەسا وەکی زانن ئەرمەنی بۆ خەلکێ خۆ هەروەسا بۆ تورکمانی، پێشنیار دکەم ئەڤ هەرسێ بێنە زێدە کرن، پاڵپشتی زمانێ کوردی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شڤان فەرموو.**

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم ئەم مادده لەم یاسایەدا تەمامەن دژی یاساکەیە، یەعنی عەکسی یاساکەیە، هەموو یاسایەکان و فەلسەفەی یاساکان پاراستنی مافی موئەلفە، دانەرە یان ساحێب کارە، بەس ئەو یاسایە پێشێلی هەمووی دەکات، بەلاَم دیسان لەگەلْ ئەوەدام ئەم مادده بمێنێتەوە، بەس بەبێ مودەی زەمەنیش، بۆ؟، ئەم مودە زەمەنیە شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چ پاش ساڵێك بێت یان پێش ساڵێك بێ، یان دەم و دەست بێ، لە خاریجی قانون دەبینم مەسلەحە عامەی تێدایە، کەئەویش جانبی قانون دەگرێتەوە، ئەم ماددەیە بمێنێت بەبێ مودەی زەمەنی، بۆ ئەوەی حەرەکەی علمی وحەرەکەی سەقافی لەو ولاَتە، ئیستیفادە لەتەجروبەی ئیران بکات و ئاهەنگ خان باسی کرد هیندستان و شوێنەکانی تر ئیستیفادەی لێ بکەین، من بەتایبەتی نەوەك بۆ زمانی کوردی لە زمانەکانی تریش کە لە کوردستاندا هەن، وەکو تورکمانی و ئەوانی تریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینیم هەیە، تێبینی یەکەم، پشتگیری ئەو خوشك و برایانە ئەکەم بەکارهێنانی وشەی زمانی کوردی بەپێچەوانەی سیستەمی سیاسیە لە کوردستان، تۆ یاسایەك دەرئەکەی لە هەرێمی کوردستان، تەجاهل ئەکەی کە غەیری کورد لێرەیە، یەك، دوو، واتە من بۆم نیە تەرجەمە بکەم بۆ سەر زمانێکی تر، نە بۆ کوردی نە بۆ عەرەبی نە بۆ تورکمانی نە بۆ سریانی نە بۆ ئینگلیزی، ئەلێت (یسمح الترجمه الی اللغه الکوردیه) بۆیە تەسەور دەکەم ئەو وشەی کوردیە لادەن بۆ تەرجەمە، دووەم خاڵ، یەعنی نەبێت وشەی کوردی (الترجمه ای منتج) دووەمیان، منیش پشتگیری هەردوو بەڕێزان ئەکەم، ئەم یاسایە بۆ پاراستنی مافی دانەرە، تۆ لێرە بەیاسایەك ڕەفتارێکی نایاسایی ئەکەی جیاوازی قەرسەنە ئەکەی، جیاوازی تەعەدا لەمافی دانەر ئەکەی کە یاسایەکە ئاسانە پاراستنی، سێیەمیان، دێین مەسەلەی ناقانونیەکە، ئەگەر بێین ئێمە باسی سیاسەت و وەتەن و ئەخلاق و ڕۆشنیری کوردایەتی بکەین، جێگای لەو یاسایە نیە، بۆیە ئەوەی سێیەم ئەلێم بۆخۆتان ئەزانن دوو کتابم تەرجەمە کردووە، لەو پرۆسەیەی تێپەڕیوم، یەکێکیان لە ئەلمانیا موباشر چووم لەگەلْ موئەلیفەکە دانیشتم، خەتیەن ئەوەی دا بەمن کە من مافم هەیە تەرجەمەی بکەم بۆ کوردی، لەتەبعی یەکەم ئەگەر بەبیرتان بێ، دووەمیان لە ئینگلیزی لە موئەلیفێکی ئەمریکی، بەلاَم دارو نەشرەکەی ئەلمانی بوو، ئەوان مافەکەیان داوە نەشری بکەن، بەلاَم مافی کۆپی رایتی بۆخۆی بەجێهێشتووە، ئەم پرۆسەیە ئاسانە، سێیەم پێش پێنج ساڵ، بیرۆکەی دار تەرجومەی ئەکادیمی لە کوردستان پەیدابوو، هەندێك برادەر ئاگادارن، لەمەعرەزی فرەنك فۆرتی کتاب بەیەك جەلسەی دوو، سێ سەعاتی 12 دار نەشری گەورەی دونیا موافەقەیان کرد، حقوق نەشری خۆیان تەنازولی لێ بکەن، بەبێ موقابل مادام بۆ کوردیە بۆ تەشجیعی پرۆسەی ئەو، واتە مەبەست لەم ماددەیە تەشجیعی تەرجومە بێ

دەستتان خۆش بێ، پێویستە، فیعلەن هەموو ئەو تەبریراتانەی کەگوتراوە، بەلاّم وەرە دانەشتێك بلّێ، داوا بکە بۆ تەشجیعی حەرەکەی تەرجومە حکومەت نەشرەکان بکرێت، هاوکاری موتەرجمەکان بکات، هەرشتێك دانێ، بەس شەرعیەت بدەی بەشتێکی ناشەرعی ئەوە پێشێل کردنی مافی ئەو دانەرەیەکە تەرجومەی لێ دەکەی، بەلاّم بەڕاستیش ئەویّ ئەوەش بکەی جێگای لەم یاسایە نیە، ئەم یاسایە بۆ ئەوە نەهاتووە، بەتایبەتی بەو سیغەیەی کە تۆ شەرعیەت ئەدەی بە پێشێل کردنی مافی دانەر، بۆیە تەئیدی برادەران ئەکەم کەنەمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەکانی من زۆربەیان ئاهەنگ خان کردنی، یەعنی لەگەڵ قسەکانی ئەودام، بەلاّم لە مەوزوعی ئەو شەرعیەت دان و شەرعیەت نەدانە لەسەر مەوزوعی ئەو ماددەیە، خۆی ئەساسی قانونەکە بۆ پاراستنی مافی دانەرە لە کوردستان بە هەقیقەت، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم، وجهە نەزەرەکی تێدایە قسەی برادەرانم، یەعنی دەبێ بگونجێ، بەلاّم دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەو قانونە ئەساسەن دادەندرێت بۆ پاراستنی مافی موبدیع، دانەر، موئەلیف لە کوردستان، کە دەڵێی لە کوردستان یەعنی هەموو ئەو لۆغەتانەش دەگرێتەوە کە برادەران تازە باسیان کرد، کە لە کوردستاندا بە ڕەسمی ناسێندراون و دەخوێندرێنەوە، لە لایەکی ترەوە، بەڕاستی موناسەبەیەکە، هەر چەندە ئەوە مومکینە خارجی مەوزوعیش بێ، بەس پێم باشە کە عەرزی بەڕێزتان بکەم وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەو پەرلەمانەی ئێمە، پێویستی بە وەحدەیەکی وەرگێڕان هەیە، من تەسەوڕ دەکەم موتەرجمی، وەرگێڕی زۆر باشمان هەیە، بەلاّم وەرگێڕی زۆر باش یەعنی هەقی شایەنی بدرێتێ، یەعنی نەك هەر ئەوە، یەعنی هەقی خۆی، هەقی شایەنی بدرێتێ، من تەسەوڕ دەکەم هەمانە لە سلێمانی لەهەولێر لە دهۆك، لەهەموو شارەکانی کوردستان، لە کەرکووك، هەمانە کە هەوڵ بدرێ وەحدەیەکی تەرجەمە بینا بکرێ بۆ دەوراتی داهاتووش کەڵکی لێ وەربگیرێ، ببێتە بنەمایەك بۆ ئەو مەوزوعە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی زۆر کرا، من لەو ماددەیە واتێئەگەم بە پێچەوانەوە نابێ بەهیچ شێوەیەك لابرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە دوو خاڵمان هەیە لەمەدا، یەکەم هەق و مافی دانەرەکە لەگەڵ هاوکارانی خۆم کاك عبدالسلام و د.صباحیش لێرە کە باسی کرد، زۆری تریش، ئەبێ مافەکەیان هەبێ چۆن ئەو مافە بپارێزرێ، بەلاّم قەت

ڕێگەی پێنەدراوە کە تەرجەمە بۆ زمانی تر نەکرێت، لە هەرێمی کوردستان یەکێك لەو پرەنسیپانەی کە بەکارهاتووە، ئەویش هەر کەسێك ئەتوانێ تەرجەمەکە بۆ هەر زمانێك کەئەیەوێ، ئەو زمانانە پێشێل نەکراوە، بەڵام کە لێرەدا لۆغەی کوردی بەتەواوی، یان زمانی کوردی دانراوە، وەکو ولآتانی تورکیا سەیر بکەین، ئێران تەماشا بکەین، ئەوەندەی کە ئیهتیمام بەزمانەکانی خۆیان دەدەن، ئێمە تەرجەمە کردن بۆ زمانی کوردی یەکێکە لەوانەی کە وا ئەکات حەرەکەی تەرجومە زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان کە زۆر زەروریە، ئێمە زۆر کتێبی عالەمی هەیە، وا ئەکات وەرچەرخانێك ئەبێ لە زۆر ڕووەوە، ئەگەر تەرجەمە نەکرێت بۆ زمانی کوردی، تەشجیع نەکرێت بۆ زمانی کوردی، ئەوە مانای ئەوەنیە کە زمانەکانی تر لادەدەم و بەڵێ بە فەخریشەوە ئەڵێم ئەبێ زۆر زیاتر بایەخ بە زمانی کوردی بدرێ، بۆ ئەم پێشکەوتنە حەزاریە بۆ نموونە لەناو ئێران حەرەکەی تەرجەمە هەیە، چونکە بۆ زمانی خۆیانە، لە ئەڵمانیا هەتا ئەفلام کارتۆنەکانیان نیە بە زمانی خۆیان نەبێ، ئەوانەی لەوێ ژیاون، مومکینە زیاتر لە پێنج، شەش جار چوومەتە ئەوێ و یەکێك لەشتەکانی موعجەبم پێیان وەکو زمان هەموو شتێك تەرجەمە ئەکەن بۆ زمانی خۆیان، ئێمە با بەس بە شەرمەوە باسی زمانی کوردی بکەین، زمانی کوردی زمانی دایکە، زمانێکە لە هەرێمی کوردستان هەتا تەشجیع بکرێ لە حەرەکەی تەرجەمە گرنگە، کەئەسڵەن موئەسەساتی تایبەت هەبێ بۆ ئەمە، هەر پشتیگری لە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریش ئەکەم، ئەگەر ماوەی زیاتریش دابندرێت بۆ زمانی کوردی، بەتەنیا بتواندرێت تەرجەمەی لەسەر بکرێ، ئەمە یەکێکە لە ئیقتیراحەکان، شوێنی تایبەتیش هەبێ بۆ ئەوەی کە ئایا ئەو تەرجەمەیە تا چ ڕادەیەك ڕەئی موئەلیفەکەی وەرگیراوە، هەقەکەی بپارێزرێ، بەڵام تەشجیع کردن بۆ زمانی دایك یەکێکە لە پرەنسیپەکانی کەلەناو ئەم ماددەیە هەیە، بەهیچ شێوەیەك داوا ئەکەم کە لانەدرێت ئەوە ڕەئی خۆمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموون.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من هەر تەوزیحێکی گشتی ئەدەم بۆ ئەوەی بڵێین لەبەر چاومان بێ، تەبعەن هەموو ولآتێك یاسای ئیتفاقی دەولی هەیە، هەر ولآتێکیش کە یاسا دائەنێت، یاسا بۆ نووسەرو هونەرمەندانی ولآتەکەی خۆی دائەنێ، مەبدەئەکە ئەمەیە، یا مەبدەئێك هەیە لەناو ولآتان مەبدەئی مەسەلە، لە ولآتێك ئەگەر هەقی

نووسەرەکەی من پارێزراو بێ، ئـەبێ منـیش هـەقی نووسـەرەکەی ئـەو بپـارێزم، بـەڵام بـەپێی ئیتیفاقیـەی (احکام خاصة بالدول نامية) لە ساڵی 1971 لە موئتەمەری ئیتیفاقی بێڕنی لە ساڵی 1971 ئەم حەلەیان دۆزیوەتەوە، بۆیە موتەناقز نیە لەگەڵ ئیتیفاقە دەولیەکە، ئەڵێ (وکان هدف المؤتمر التى تمت فيه مراجعة اتفاقية بيرن عام 1971 وايجاد الحلول من اجل دعـم الطالـب العـالمي للاتفاقيـة وذلـك عـن طريـق مساعدة الدول النامية في القضايا الاقتصادية، الاجتماعية، الثقافية وادرجت بالتالي الاحكام الخاصة بالبلـدان الناميـة في ملحـق خـاص باتفاقيـة الـبيرن، وكـان الهـدف مـن وراء هـذا الملحـق مـنح بعـض الاسـتثنائات للـدول الناميـة خصوصاً في مجالات الترجمة والاستنساخ)

ئینجا زۆر دەوڵەت هەیە سێ ساڵی داناوە، دەوڵەت هەیە پێنـج ساڵی داناوە، زۆر دەوڵەت هەیە لەم ئیتیفاقیە ئیمزای نەکردووە، بە ئـارەزووی خۆیـەتی، بـەڵام عـیراق ئـەم ئیتیفاقیـەی ئیمزایـی کـردووە، لـە یـەك سـاڵ تاوەکو پێنج ساڵ ئەتوانێ داینێ و سوود لەو ئیتیفاقیـەی ببینـێ، موخـالف نـابێ لەگـەڵ قانونـە دەولیەکـە، ئەمە دەعمیشە بۆ ئەوەی موتەرجم وەکو موسەنەفی موشتەق، ئیعتیمـاد بکاتـە سـەر داهـاتی خـۆی، ببێتـە میهنەی خۆی، کە ئەبێتە موسەنەفێکی موشتەق بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لە ئەسڵاً پێویستە بمێنێ، مانی زۆر زەروریە، وەکو باسی لەسەر کـرا بـۆ بووژانـدنـەوەو بـەرەو پێش چوونی حەرەکەی ڕۆشنبیری و سەقافی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئیشکالەکە لێرە کە دروست بووە و قسـەی لەسـەر ئـەکرێ، هەنـدێ وائـەزانن ئـەوە حەسـر کـراوە بـە لوغـەی کوردیـەوە، ئەگـەر بگەڕێینـەوە ماددەکانی پێشوو، لە ماددەی 8 لە فەقەرە 3، باس لـە تەرجەمـە کـراوە الى اللغـات، هـەروەها لـە مـاددەی 6 باسی لە حیمایەی حقوقی مواتنی ئیقلیم کردووە، موقیمینی ئیقلیم، لەوانەیە لە ئیقلـیم تەبعـەن عـەرەب هەیـە، کـورد هەیـە، تـورك هەیـە، ئەرمـەن هەیـە، ئاشـور هەیـە، خـەڵکی تـری تیایـە، بـۆ لابردنـی ئـەم ئیشکالیەتە، کەتەنیا حەسم نەبێ لەسەر ئەوەی کەلوغەی کوردی تیایە، وەکـو وەزیـریش ئیشـارەتی پێیـدا، ئێمە ڕاستە وەکو ئیقلیم مـولزەمین بـە ئیتفاقیـە دەولیـەکان کـە کـاك دڵشـاد باسـی لەسـەر کـرد، تەحسـیل حاسل لە عیراقەوە ئێمە مولزەمین پێوەی کە ئیلتیزامی پێوە بکەین، ڕەبتی بـە ئێمـەوە هـەبێ، ئەوەنـدەی لەدەستوور هەقمان پێ درابێ، لەدەستووری عیراقی ماددەی 4 ی دەستووری عیراقی کە نافزە لای ئێمە، دوو لۆغەی ڕەسمی ئەکات کوردی و عەرەبی، زەمانی حقوقی ئەرمـەن و ئاسوری و کلـدان و تورکمـانی کـردووە، کە بە لوغاتی خۆیان بخوێنن، کەواتە ئەکرێت یان لوغە کوردیەکە هەڵبگیرێ بکرێتـە هـەموو لوغـات لێـرە، هەر تەرجەمە بە کامیل، یاخود وەکو دەستووری عیراقی لێ بکەین (الى اللغه الکوردیه والترکمانیه والعربیـه والسریانیه والارمنیه فی الاقلیم) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له لایەکەوە عیراق خۆی ئیمزای ئەو ئیتیفاقیـە نێودەوڵەتیـەی کـردووە، قـانونی عیراقـی ژمـارە 3 حقـوقی موئەلیف لەعیراق ساڵی 1971 ئیستینادی لەسەر ئەو ئیتیفاقیە کردووە، لەبەر ئەوە ئەو سێ سـاڵی دانـاوە لـە عـیراق، ئەمێنێتـەوە قـانونی عیراقـی سـاڵی 1971 بـە مـەنزورێکی تـرەوە، بـەس زمـانی عـەرەبی بەکاریهێناوە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی کە کوردستان فرە نەتەوەییـە، هـەموو زمانـەکان مەشـروعی قـانونی زمانە فەرمیەکانیش هەیە، وا خەریکـە ئامـادە ئـەکرێت، مـن پێموایـە بـەس کەلیمـەی (في الاقلـيم) یـەعنی کەلیمەی لوغـەی کـوردی لابـەرین لەمەتنەکە بڵـێ ( ولم يـتم نشـر اي ترجمـة لـه في الاقلـيم) ئـەوە کافیـە، ئەوکاتە هەموو ئەو زمانانەی کە تەرجەمـەی پـێ ئـەکرێت لەهـەرێم دەیگرێتـەوە، بـۆ ئـەوەش کـە تووشـی گرفت نەبین، من پێموایە بیگونجێنین لەگەڵ قانونی عیراقی کە تەوقیعی کردووە سێ سـاڵ، چـونکە ئـەوان موراعاتی ئەو حاڵەتەیان کردووە، یەعنی یەك ساڵەکە ببێتە سێ ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم( ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من، مـن موتـەفیقم لەگـەڵ کـاك دڵشاد، زۆر زۆر جـوان ڕوونـی کـردەوە، ئیتیفاقـاتی دەولی هەیـە عیراق تەرەفە لەو ئیتیفاقیە، ڕاستە ئێمە لە ئەسڵی مەشروعەکەشـدا سـێ سـاڵ دانرابـوو، دووەمیـان، باسـی وەزارەت کرابـوو کەپێویسـتە ئـەوەی تەرجەمـەی دەکـات پێویسـتە ڕوخسـەیەکی غـیر حەسـری لـە وەزارەت وەربگرێ، ئێمە هەڵمان گرت، دیارە ئێستا جەنابی وەزیـریش پێـی خۆشـە کـە هـەڵگیراوە، ئێمـە بۆتەشـجیع کردنی تەرجەمەش لەسێ ساڵەوە کردمانە یەك ساڵ، پێمان وابوو کە ئەوە بە قازانجی هەرێمی کوردسـتانە، لەبەر ئەوە بابڵێین ئەو هەموو بن دەستیەی میللەتی ئێمە، ئەو هەموو غەدرەی لە ئێمە کـراوە، میللـەتانی تر، بەڕاستی لە ڕێگەی تەرجەمەوە زۆر زۆر پێشکەوتن، هەموو توراسی ئینسانیان گواستۆتەوە بۆ میللـەتی خۆیان، بۆیە ئێمە ئەو ئیستیسنائە لێرە دراوە، ڕاستە ئێمە ماددەی 6 ن هەیە، کەباسی ئەوانەمان کـردووە، کێ ئیستیفادە لەو قانونە دەکات، دواتر لە ماددەی 8 بڕگە 3 باسمان کردووە کە ئەوانە هەقیان هەیە باسی یەکێکی ئەجنەبی ناکات کە لـە دەرەوەی وڵاتـە، موسـەنەفێکی ئەجنـەبی، لـەوێ بـڵاوی کردۆتـەوە دەتـەوێ لێرە بڵاوی بکەیتەوە، یەعنی ئێمە ئەلێرە دایە، ئەمەش ئیتیفاقیاتی دەولی ڕێگەی پێداوە، باشـە کـە مـادام

ئەو ڕێگەیە هەیە ئێمە بۆ ئیستیفادەی لێ نەکەین، بە بڕوای من پێویستە ئەوە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، هیچ موتەناقز نیە لەگەڵ نە ماددەی 6 نە ماددەی 8، بۆیە ئێمە لەگەڵ مانەوەین، زۆریش بە زەروری دەزانین، لەبەر ئەو هۆیەش بەڕاستی گوتمان بۆ ئەوەی تەشجیعی حەرەکەی تەرجەمە بکرێ، من لەگەڵ ئەوەشم بالفعل بەتەنیا کوردی نەبێ، بەڵکو هەموو ئەو زمانانە بێ، ئەوە لاببرێ، ئەو دەمە هەموو بابڵێین ئەو زمانانەی لە هەرێمی کوردستان بەکاردێن دەکرێ تەرجەمەیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دوا سیاغەتان بخوێننەوە، لیژنەی موشتەرەك.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تێبینی بەڕێزان ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری، ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

المادة الثالثة عشرة:

استثناء من احكام المادة الثامنة من هذا القانون يحق لاي شخص في الاقليم ترجمة اي مصنق اجنبي منشور بشكل مطبوع او اي شكل اخر ونشر هذه الترجمة اذا مرت سنة واحدة على تاريخ اول نشر لهذا المصنف الاجنبي ولم يتم نشر اي ترجمة له في الاقليم من قبل مالك الحق في الترجمة او بموافقته او في حال نفاذ الطبعات المترجمة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەهەم:

بە هەڵواردن لەحوکمەکانی ماددەی هەشتەمی ئەم قانونە هەرکەسێك لەناو هەرێم مافی ئەوەی هەیە هەرکارێکی بلاّو کراوە یان چاپ کراوی بیانی بەهەرشێوەیەکی دیکە وەربگێڕێت و بلاّویشی بکاتەوە، ئەگەر ساڵێك بەسەر مێژووی ئەوەل جار بلاّوکردنەوەی ئەم کارە بیانیەدا تێپەڕ بووبێ و هیچ وەرگێڕانێکی ئەو کارەی خاوەن ماف یا بە ڕەزامەندی ئەو لە هەرێمدا بە زمانی کوردی بلاّو نەبووبێتەوە، یان لەحاڵەتێکدا چاپە وەرگێڕاوەکان هیچیان لێ نەمابێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نزامیم هەیە ڕێگا بگرم لەتەسویت لەسەر ماددەیەکی نا قانونی، لە غەرب لە موجتەمەعی پێشکەتوو، تاك مافەکانی پارێزراوە، ئەو تەفسیرەی برادەران وتیان ئیستینادیان کرد لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەم ماددەیە هەبێ، ناچێتە عەقلی من لەبەر ئەوەی هیچ مەعاهدێکی دوەلی دەستوورێك قوەتی ئەوەی نیە فەردێك لەوێ ئیجبار بکات، بێت لەوێ، مەخسەدم چیە، موستەحیلە دەستوورێکی غەربی قبوڵ بکات، تۆ فەردێك ئیجبار بکەی تەنازول لە حقوقی خۆی بکات، یەعنی ئەوەی کە ئێوە پێی ئەڵێن موسەنەف مەحفوزە بەپێی قەوانین، لەبەر ئەوەی مافێکی فەردە، ئەو نەسەم ئەوێ بۆم بێنن کە مەعاهدێکی دوەلیە، ڕێگا ئەدات بەدەوڵەتێکی نامی پێشێل کردنی مافی تاکێك لە دەوڵەتێکی غەربی بکات، ناچێتە عەقڵم، ڕەجاتان لێ ئەکەم ئەم ماددەیە ئەتوانن هەر وەختێك ئیزافەی بکەن لە هەموار کردن، بەلاّم مـن هشیاری ئەدەم ماددەیەکی نا قانونیە، سەنەدەکەی زەعیفە لای من، مەنتق قبوڵی ناکات، لەغەرب دانەر قبوڵ ناکات دەوڵەتەکەی خۆی لە باتی خۆی بڵێت حقوقی تەبع ئەدەم بەخەڵك، سوپاس، ڕەجاتان لێ ئەکەم بیری لێ بکەنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم یەك تەوزیح بدەم، هەر لەماددەکە هاتووە، مەسەلەن ئەو کەسە یەکەمجار تەئلیف ئەکات لە ولاّتێکی ئەجنەبی، بێگومان لە یەکەمین ساڵەوە خۆی عقود لەگەڵ دار نەشر ئەکات و تەرجەمەی ئەکات، ئەمە بۆ ئەو کتێبانەیە کەلەو کتێبە تەرجەمە نەکرابێ لە هەرێم، لە مودەی ئەو ساڵە، کە تەرجومە نەکرابێ، دوو، هەموو کەسێك لەولاّتی خۆی مافی هەیە وەکو دانەر داوای مافی خۆی بکات، بەلاّم ئەو کاتەی کتێبێك تەرجەمە کرا لە هەرێمی کوردستان، هات لێرە داوای مافەکەی خۆی کرد، من پێی ئەڵێم بەپێی ئەم یاسایە کە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە، لەدوای ساڵەکە تۆ نەچووی عەقد لەگەڵ دەزگایەکی دار نەشر بکەی لە هەرێمی کوردستان، هەقی تەئلیفی خۆت بۆ ئەوەی بلاّو بکرێتەوە لە ولاّتەکان، لەبەر ئەوە لە دوای ئەم یاسایە من هەقم پێ دراوە، ئەمەی تۆ تەئلیف بکەم، چونکە من لە دوەلی نامیەم، بەپێی ئیتیفاقیەی بێرنی 1971.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆر سیاسەتی دوەلی عوزما، ئێستا بزات ئەمەریکا، خۆ کەس ڕاست چاوی لەسەر قارەی ئاسیایە، لەسەر دوەلی نامیەیە لەسەر ئەمەریکای لاتینیە، ئەوەی کاك دڵشاد دەیلێ ڕاستە، هەموو شتێك دەکات بۆ ئەوەی

شتێك بێته پێش بۆ ئەوەی بڵێ من موساعەدەی دوەلی نامیە دەكەم، زۆر ئیتیفاقاتیش دەكرێ بزات بۆ دوەلی نامیە، بۆ دوەلی ئەمەریكای لاتینی بۆ ئەوەی بەپێش بكەون، لە پێوەری تیجاری، لە پێوەری هەندەسە، لە پێوەری تەرجەمە، هەتاوەكو لە پێوەری عەسكەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ماددەیە بەو سیاغە كوردی و عەرەبیەی كە خوێندرایەوە پێشتر، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 10 كەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا. لیژنەی یاسایی، لیژنەی رۆشنبیری، فەرموون گەیشتینە ماددەی 14، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

اولا: لا يجوز الحجز على حقوق المؤلف المعنوية او على اي مصنف قبل نشره.

ثانيا: لا يجوز الحجز على المصنف الذي توفى مؤلفه قبل نشره، الا اذا كان قد وافق على نشره قبل وفاته.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 14

یەكەم: مافە مەعنەویەكانی دانەر یان هەر كارێك بەر لە بڵاوكردنەوە گل نادرێتەوە.

دووەم: نابێت ئەو كارەی كە دانەرەكەی پێش بڵاوكردنەوەی مرد بێت گل بدرێتەوە، مەگەر خۆی پێش مردنی لەسەر بڵاوكردنەوەكەی ڕازی بووبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟

**بەڕێز كاوە محمود/ وەزیری رۆشنبیری لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقەكەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـەو ماددەیـەدا هـاتووە کـە موئـەلیفێك وەفـاتی کـرد، دوای وەفاتەکـەی، دوای کـۆچ کردنـی دەتوانرێـت بابەتەکەی بلاّوبکرێتەوە، بەلاّم پرسیارێك لێرەدا ئەوەیە چی بۆمان دووپات دەکاتەوە، کە ئەو دەستنووسە یان ئەو بابەتە هی ئەو کەسە بێت، کە دوای مردنی بلاّو دەکرێتەوە، خۆ دەکرێت کەسێك بـەناوی ئـەوەوە شـتێك بـلاّو بکاتـەوە، بلێـت پێشـی کـۆچ کردنـی ئـەو بابەتـە ئـەو لەوحەیـەی دروسـت کـردووە یـان ئـەو مۆسیاقەیەی داناوە، ناوەکەی ئەو کەسە بەکاربهێنی بۆ ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە دووەمیان ئەگەر بیخوێنینەوە، بزانن هەردوو جوملە تەعاروز ناکات لەگەڵ یەکتری، کە دەڵێت (لا يجوز الحجز على المصنف الذي توفي مؤلفه قبل نشره)، وابزانم تەعاروزە بەس ئەگەر بڵێین (الا اذا كان قد وافق على عدم نشره)، وابزانم دەبێت (عدم نشره) بێت، لە ماددەی (15) بەهەمان شێوە ئەو ماددەیە دووبارە بوویتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم وایـە ماددەکـە زۆر زۆر وازحـە، مافـە مەعنەویـەکان یـان هـەر موسـەنەفێك بۆخـۆی بـەر لـەوەی بلاّوبکرێتەوە، چونکە مافە مەعنەویـەکان مـافێکن ئیرتبـاتێکی زۆر تونـدیان هەیـە، رابیتەیـەکی شەخسیە لەنێوان ئەو و دانەر و موسەنیف، ئەگەر ئەو بڕیاری نەدابێت بلاّوی بکاتەوە، یەعنی پێش بلاّوکردنـەوەی، چونکە ئەو مافە تەنها هی دانەرەکەیە، بۆیە ناکرێت حجزی بخرێتە سەر، بەنیسبەت ئەوەی دووەمـیش لـە چ حاڵەتێکدایە مەسەلەن لە قانونی مەدەنی، ڕەنگە کاك عونی یان برادەرانی تر باشـتر لـە مـن بـزانن، لـەو حاڵەتانەی کە دەکرێت حجـز بخرێتـە سـەر ئـەموالی یـەکێك، ئـەوە لێـرەدا فـەرقێك هەیـە ناکرێـت، چـونکە هەروەکو وتم ئەوە ئیرتباتی بە شەخسی ئەو ئینسانە هەیە، با بڵێین فـەرز دەکـەم مـن دانـەرێکم کتێبـێکم هەیە پێش ئەوەی بلاّوی بکەمەوە بڕیاریشم نەدایە بلاّوی بکەمەوە مردم، قەرزاری یەکێکم کابرای خـاوەن قـەرز بـۆی نیـە حجـز بخاتـە سـەر ئـەو کتێبـەی مـن، بـەو بیـانووەی کـە دەیـەوێت مافـەکانی خـۆی لـێ هەڵگرێتەوە، چونکە لەبەرئەوەی مافی بلاّوکردنەوەکە هی منە، بەلاّم ئەگەر هاتو مـن بڕیـارم دابێـت بـلاّو بکرێتەوە، ئەو دەمە دەکرێت حجزی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال قسەكرا، بەڵام دەیفەرموو یەك دەقیقە.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەفو وەڵلا من لەوەی یەكەم (لا یجوز الحجز علی حقوق المؤلف المعنویة او علی ای مصنف قبل نشره.)، ئایا ئەگەر بلاْونەكرێتەوە چۆن حجز دەكرێت؟ من ئەو پرسیارە دەكەم، كە شتێك بلاْونەكرێتەوە حجز چۆن دەكرێت لەڕووی قانونیەوە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(لا یجوز الحجز الا اذا كان قد وافق )، وەرە عەكسەكەی وەرگرە (الا اذا لم یكن الحجز قد وافق) یەعنی (یجوز الحجز)، بیری لێ بكەنەوە، بۆیە حەقیانە كە دەڵێن تێنەگەیشتووین، یەعنی ((لا یجوز الحجز الا اذا كان قد وافق)، (الا اذا لم یكن الحجز قد وافق)، ئەوە تەناقوزە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم سیاغەكە بەمشێوەیە بێتن، موعالەجەی مەوزوعەكەی دەكات، بەنیسبەت فەقەرەی دووەم (لا یجوز الحجز علی المصنف الذي توفی مؤلفه قبل نشره، الا اذا كان قد وافق علی نشره قبل وفاته)،

**المادة الرابعة عشرة:**

**اولا:** لا یجوز الحجز علی حقوق المؤلف المعنویة او علی ای مصنف قبل نشره.

**ثانیا:** لا یجوز الحجز علی المصنف الذي توفی مؤلفه قبل نشره، الا اذا كان قد وافق علی نشره قبل وفاته.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 2 كەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشرة:**

لورثة المؤلف وحدهم الحق في نشر مصنف لم ينشر اثناء حياته، الا اذا كان المؤلف قد اوصى بعدم نشره او حدد الوقت الذي يجوز نشره فيه. واذا اشترك في تأليفه اكثر من مؤلف واحد وتوفى احدهم دون وارث، يؤول نصيبه الى المشتركين معه في التأليف بالتساوي ما لم يوجد اتفاق خطي بغير ذلك.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 15:

تەنها میراتگری دانەر بۆیان هەیە ئەو کارەی کە لە ژیانی دانەرەکەیدا بلاَونەکرابێتەوە، بلاَو بکەنەوە مەگەر دانەرەکەی ڕایسپاردبێت کە بلاَو نەکرێتەوە یان کاتێکی دیاریکراوی بۆ بلاَوکردنەوەی دانابێت، ئەگەر لە دانەرێك زیاتر بەشداری لە دانانی کارەکە کردبێت و یەکێکیان مردوو هیچ میراتگرێکی لەپاش بەجێ نەما بێت، ئەوە بەشەکەی ئەویش بە یەکسانی دەبێتە هی ئەوانەی کە لەدانانی هاوبەش بوون، مەگەر ڕێکەوتنێکی پێچەوانە هەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێت؟ فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 4 کەس (د. بشیر- سۆزان خان- کاك نەژاد- تارا خان)، فەرموو دکتۆر بشیر:

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن هـەر ئەوەنـدە مولاحـەزەم هەیـە، کـە ماددەکـە بکەینـە 2 فەقـەرە، فەقـەرە 1 و 2، لەبەرئـەوەی (واذا اشترك في تألیفه اکثر من مؤلف)، ئەوە بابەتەکە دەگۆڕێ لەگەڵ یەکتردا، بۆیە ئەوانەی پێشتر بکەنە ئەوەڵەن ئەوە بکەینە دووەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکەم کاك دکتۆر بشیر کردی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

فەقەرەی دووەم لەو ماددەیـە (واذا اشـترك في تألیفـه اکثـر مـن مؤلـف)، ئەگـەر موئـەلیف مـرد، تەبعـەن لـە ناحیەی مەعنەویەوە ئەوە باسی مەسەلەیەکی مالی دەکات، وەرسەکە (میراتگر) لە ناحیەی مالیـەوە ڕاسـتە، بەلاّم لە ناحیەی مەعنەویەوە ئـەوە نـاوی بـزر نـابێتن، ئـیلا ئەگـەر بێتـو ئـەو شـتە کـە نووسـرابێتن هـیچ ناوێکی لەسەر نەبێت، یەعنی بە مەجموع دەنا ناوی نابێت بزر بێـت، حقـوقی مەعنـەوی دەبێـت مـەحفوز بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بۆچوونم هەیە لەوەی کاك نەژاد، بەلاّم لێرەدا ئەگەر ئەو کەسە ئیتفـاقی خـەتی نـەبوو، دوو شەخسن موئەلەفێکیان کردووە، من خۆم بەسەرم هاتووە ئەوە بۆ نموونە کەسێك دەناسـم دکتـۆرای هـەبوو موشتەریك بوو لەگـەڵ یـەکێکی تـر ئـەمری خـوای کـرد، بـەس هـیچ ئیتفـاقێکی خـەتی لـەنێوانیان نـەبوو، حقوقەکە مالیەن، ماددیەن ئەوی تر وەری گرت، یەعنی ئەو لە ژیاندا نەما بوو، من نـازانم بـەو فەقەرەیـە چی زیاد دەکەین بۆ ئەو مەوزوعـەی کـە وەکـو یـەك وەربگـرن، حەزدەکـەم جـوابم بدەنـەوە، مومکینـە مـن تێنەگەیشتنێکم هەیە بۆ ئەو ماددەیە، هیچی تێدانیـە، کـە حقوقـەکانیان وەکـو یـەك مـاددە و ماددیـەنیش مەحفوز بێت، مومکینە مەعنەویەن وەکو بەڕێز فەرمووی ناڕوات، چونکە دکتۆر فلاّن لەسـەری نووسـراوە، بەلاّم لە ڕووەکانی ترەوە ئایا مەحفوزە بەم فەقەرەیە لەم قانونە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان کەریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکەی بەڕێز دکتۆر بشیر زۆر ئاساییە بکرێت بە 2 فەقەرە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت وماناکەشی وازح تر دەبێت، بەنیسبەت تێبینیەکەی بەڕێز کاك نەژاد ئەمە باسی نەسیب دەکات، نەسیبی ماددیە ئەوە دەڵێت (یؤول نصیبه الی المشترکین معه)، مەسەلە مەعنەویەکە نیە ناوەکەی ئەو کەسە لەو موئەلەفە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام نەسیبە ماددیەکەیە کە بە عەقدێك بەش کراوە، ئەگەر خاوەنداریەتی نەما بێت یاخود وەرەسەکەی نەبێت ئەو کەسەی کە بەشداری تێدا کردووە، ئەو پارەیە یان ئەو ماددەیە دابەش دەکرێت بەسەر ئەو 2، 3 کەسەی تر، کە بەشدار بوون لە بەرهەمەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروام وت خۆ، خۆ وتم باسی مەسەلەیەکی ماددی دەکاتن، بەڵام مەسەلە مەعنەویەکە دەبێت ئیشارەتی پێ بدرێتن، کە هیچ کەسێك حەقی نیە پاش مردنی ئەو کەسە، ئەگەر شتەکە بە جەماعی بێت، یەعنی موئەلفێك بێت بە جەماعی نووسرابێت زۆر شتی وابووە، تەئلیف فلاَن و فلاَن یەکێکیان مردووە، خۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ئەوەی ئەوانی تر بە میرات لێی وەرگرنەوە، کەی شتی وابووە لە دونیایە، نا، نا لە ناحیەی ماددی ئەگەر وارسی نەبێت قەیدیناکە، بەس لە ناحیەی مەعنەوی هیچ کەسێك حەقی نیە کە میراتگری بێ لە ناحیەی مەعنەوی، دەبێت لێرە ئیشارەتی پێ بدرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی یەکەم (لا یجوز الحجز علی حقوق المؤلف المعنویة او علی اي مصنف قبل نشره) پێم وایە (او) زیادە، یەعنی حجزەکە لەسەر (علی اي مصنف قبل نشره).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکانی تاراخان، تەبیعی ئەو بابەتە کە هات بوو کێشەی لەسەر بوو، ئەوە مەحکەمە یەك لایی دەکاتەوە مەرج نیە ئیلا بە نووسینیش هەبێت، بەگوێرەی قەواعیدی عامەی ئیسپات، ئەوکاتەی موعالەجە دەکرێت بەپێی قانونی ئیسپات، سیاغەی پێشنیار کراو بەو شێوەیە دەبێتن (**المادة الخامسة عشرة:**

1- لورثة المؤلف وحدهم الحق في نشر مصنف لم ينشر اثناء حياته، الا اذا كان المؤلف قد اوصى بعدم نشره او حدد الوقت الذي يجوز نشره فيه.

2- واذا اشترك في تأليفه اكثر من مؤلف واحد وتوفى احدهم دون وارث، يؤول نصيبه الى المشتركين معه في التأليف بالتساوي ما لم يوجد اتفاق خطي بغير ذلك.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 15**

یەکەم برگەی (1) تەنها میراتگرانی دانەر بۆیان هەیە ئەو کارانەی کە لە ژیانی دانەرەکەی بلاۆنەکرابێتەوە بلاۆبکەنەوە، مەگەر دانەرەکەی ڕایسپاردبێت کە بلاۆنەکرێتەوە یان کاتێکی دیاریکراوی بۆ بلاۆکردنەوەی دانا بێت، دووەم ئەگەر لە دانەرێك زیاتر بەشداری لە دانانی کارەکەی کرد بێت و یەکێکیان مرد، هیچ میراتگرێکی لەپاش بەجێ نەما بێت، ئەوە بەشەکەی ئەوەیش بە یەکسانی دەبێتە هی ئەوانەی لە دانانیدا هاوبەش بوون، مەگەر ڕێکەوتنێکی پێچەوانە هەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگە پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة عشرة:**

اذا لم يباشر ورثة المؤلف، او من يخلفه، الحقوق التي انتقلت اليهم، ورأت الوزارة ان المصلحة العامة تقتضي نشر المصنف فيجوز لها الطلب من ورثة المؤلف بكتاب رسمي، القيام بنشر المصنف ويجوز للوزير في حالة عدم قيامهم بذلك خلال سنة من تأريخ الطلب، ان يأمر بنشر المصنف على ان يعوض الورثة تعويضا عادلا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 16**

**ئەگەر میراتگری دانەر یانی وەچەکەی پراکتیزەی ئەو مافانە نەکەن، کە بۆیان گواستراوەتەوە وەزارەت بینی کە بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە ئەو کارە بلاّو بکاتەوە، ئەوە دەشێت بە نووسراوێکی رەسمی داوا لە میراتگری دانەرەکە بکات، کە کارەکەی بلاّو بکەنەوە لەماوەی سالێکی ئەم داخوازیەوە وەزیر بۆی هەیە ئەگەر میراتگرەکان کارەکانیان بلاّو نەکردەوە فەرمان بە بلاّوکردنەوەی بدات، بە مەرجێك قەرەبوویەکی دادپەروەرانەی میراتگرەکان بکاتەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ؟ فەرموو.**

**بەڕێز کاوە محمود/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیمان لەسەری نیە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (د. احمد- سۆزان خان- سیوەیل خان- کاك عبدالسلام- کاك نەژاد)، فەرموو دکتۆر احمد.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لێرە تەنها باس لەوە دەکات، ئەگەر میراتگرەکانی ئەو کارەیان نەکرد بەو مافە، ئەگەر وەزارەت بە مەسلەحەتی بینی بەو کارە هەڵدەستێ، ئایا خەڵکێکی تریش بۆی نیە کە داوا لە وەرەسەو میراتگرانی ئەو موئەلیفە بکات، بە ڕەزامەندی ئەوانەوە ئەوانیش بتوانن بەو کارە هەستن بۆ بلاّوکردنەوەی ئەو بەرهەمەی ئەو ئەوە یەك، دووەم مودە لێرە دیاری نەکراوە، هیچ ماوەیەك دیاری نەکراوە، کە دوای چەند ساڵ مافی ئەوە دەدرێت بە وەزارەت، یان بە خەڵکانی تر کە ئەوە ئەو بەرهەمەی ئەو نووسەرە بلاّو بکەنەوە، وابزانم لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیەکە 50 ساڵیان داناوە، بۆئەوەی کە دوای خۆی حەقی ئەوە دەدرێت، کە ئەو بەرهەمەی بلاّو بکرێتەوە، کە عیراقیش تێیدا ئەندامە، وابزانم لای لیژنەی رۆشنبیری هەیە و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من ئیعترازم لەسەر هەندێ دەستەواژە هەیە، کە لە کوردیەکە دەڵێت پراکتیزە کردن، بە عەرەبی پراکتیزە کردن موباشرە نیە، مومارەسەیە بۆیە کە دەڵێت (اذا لم يباشر ورثة المؤلف، او من يخلفه، الحقوق التي انتقلت اليهم)، حقوق موباشرە ناکرێت، حقوق مومارەسە دەکرێت، من دوێنێش ئیعترازم لەسەر ئەوە هەبوو هەندێ لە دەستەواژەکان ڕاستە لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە، بەلام ئەو تەرجومەیە تەرجومەیەکی تەواو نیە، حقوق موباشرە ناکرێت، حقوق مومارسە دەکرێت ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم من هاوڕام لەگەڵ بەڕێز دکتۆر احمد، دەبێت مودەیەکی زەمەنی دابنرێت کەوا وەزارەتی رۆشنبیری دوای مودەیە ببێتە خاوەنی خاوەنداریەتی ئەو میراتە فکری و هونەریە بکات، بۆئەوەی بلاوببێتەوە خەڵکی تر سوودی لێ وەرگرێت، لەوانەیە لە میراتگرەکاندا کەسیان ئیهتمامێکی ئەدەبیان نەبێت، کەسیان ئیهتمامی هونەری نەبێت، بەلام پێویستە بۆ کۆمەڵگاکە و، لەحیاتی ئەو میراتە ئەدەبی و فکریە لەلایەن خاوەنەکەی بمێنێتەوە، نەبهێڵێت بلاوببێتەوە، نە هیچ شتێك ئەوە دەبێتە هۆی کە بڵێین کۆمەڵگای لێ بێ بەش دەکرێت، بۆیە حەقە ماوەیەك دابنرێت، کە تێیدا دیاری بکرێت لەپاش ئەوەندە ساڵ، 50 ساڵ بێت، بزانن لە مەعاهدەو ئیتفاقەکان چەند ساڵە، حکومەت دەبێتە مالکی ئەوە ( مع موراعات تعويض الورثة)، یەعنی دەبێت ئەوەش باس بکەین کە موراعاتی تەعویزی وەرەسە بکرێت، خاڵێکی تر کە هەتا ئێستا نە لەبەرچاوم کەوتووە نە هیچ شتێك، هەندێکجار دەست نووسەکانی کە دەمێننەوە، مەسەلەن من هەندێ دەست نووسم هەیە هی خۆمە و دەیدەمە دەستی موئەلفێك بۆم بکاتە کتێبێك، لەدواییدا ئەم دەست نووسانە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مالکی ئەسڵی، ئەوە ئێستا ڕوونادات ئەو دەست نووسەی کە دەدرێت بە موئەلیفێك ئیتر خۆی دەبێتە خاوەنی، ئەگەر من دەفتەرێك دابێت و ئەو 3 دەفتەری پەیدا کردبێت، 3 دەفتەر و 4 دەفتەرەکەی من دەچێتە پاڵ ئەو دەفتەرەی ئەو پەیدای کردووە، خۆی دەبێت بە خاوەنی ئەو سەرمایەی کە بۆ من سەرمایەی مەعنەویە، هەتا ئێستا لە هیچ شوێنێك نەمبینی، بۆیە دەبێت لێرەشدا موعالەجەی ئەو نسوسە بکرێت، کە دەبێت خاوەنداریەتەکەی بگەڕێتەوە بۆ (الورثة الشرعين)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من لەمێژە لایەنی قەواعیدی و ئەوانە باس ناکەم، کە یاسا دەردەچێت ئیعتمادی لەسەر کولیەکەش ناکەم، بەلام لە عەرەبیەکەی کە هاتووە دەڵێ (اذا لم يباشر)، هەروەکو سۆزان خان وتی موباشر دەست بەکار بوونە، بەلام ئەگەر بکرێتە (اذا لم يطلب ورثة المؤلف) پێم باشترە (او من يخلفه، الحقوق التي انتقلت اليهم، ورأت الوزارة ان المصلحة العامة تقتضي)، وابزانم دوای کەلیمەی (تقتضي) دەبێت (على)یەکەی لە بۆ زیاد بکەی، (على) هەبێت، لەبەرئەوەی بلاو دەکرێتەوە و یاسایە، پێم باشە (على)ی تێدابێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو 2 تێبینیەی ئەو 2 خوشکە، من پێشنیارێکم هەیە سیاغەکە (اذا لم یقم الوارث، او من یخلفه، بممارسة حق نشر المصنف التي انتقلت الیهم)، بزەبت ئەو حاڵەیە، دووەم من تەسەور دەکەم هەندێك شت هەیە دەبێت ئینسان ئیعادەی بکات، لەسەر ئەساسی چ مەنتیقەیەك ئێمە ماف بە وەزیرێك بدەین، ئەمرێکمان پێ بکات چۆنیەتی تەسەروف بکەم لەگەڵ مولکیەتی شەخسی خۆم، سەرەڕای ئەوەش تاکو ئەو غەرەزە لەپشت ئەو ماددەیە تەحقیق بێت، دەڵێم وەزیر بۆی هەیە داوایان لێ بکات بڵێت نەشری بکەن، ئەگەر هاتو موافەقەیان کرد دەبێت تەعویزێکی باشیان بداتێ، ڕەجایان لێبکات نەك بڵێت ئەوە قەرارمان دا بڵاوی بکەینەوە، ئەگەر موافەقەیان نەکرد هیچ حەقی لەسەر نیە، ئەو 50 ساڵەی باسی دەکەن، بۆیە (یجوز لوزیر) نەك (القیام بنشر المصنف) (الطلب من الورثة)، یەعنی (الموافقة على نشره بناءاً....) (لان المصلحة العامة) (وفي حالة حدوث الموافقة یجب ان یعوض الورثة تعویضا عادلا)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی منیش لەگەڵ قسەکەی کاک عبدالسلام دام لەو مەوزوعەی، (اذا لم یباشر) نا (اذا لم ینشر ورثة المؤلف او من یخلفه)، یەعنی میراتگرەکانی نەشریان نەکرد، ئەوکاتی وەزارەت تەلەب بکاتن، کە ئەو دەستنووسە ئەویش ئەگەر لەلایەن لیژنەیەکەوە، یەعنی زەرورەتی نەشری ئەو دەستنووسە پەسەند بکرێت، چونکە بەڕاستی ئەو دەستنووسە بۆ مەسڵەحەتی عام زۆر زەرورە ئەوکاتە، دەنا شەرت نیە هەموو بێ، ڕەنگە هەندێ شتی موزەکەرات مەسەلەن یەعنی بیرەوەری هەندێ تەبەعاتی سیاسی و قانونی لێ دەکەوێتەوە، وەزارەت بە چ حەقێك یەعنی لە وەرەسەکەی دەستێنێت و مەسەلەن بڵاوی دەکاتەوە ئەوە شتی تری لێ دەکەوێتەوە، دەبێت ئەوە تۆزێك بە ڕوونی ڕوون بکرێتەوە لەو فەقەرەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان، دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەبێت ئەو ماددەیە بە ئیرتبات لەگەڵ ماددەی 15 بخوێنینەوە، هەروەها بە ئیرتبات لەگەڵ ماددەی 7 و 8 ئەم قانونە، بە تەنها مافی نەشر نیە ئەو مافانەی کە لەم 2 ماددەیەدا خەلەف وەرسە یان خەلەف

مومارەسەیە بکەن یان موباشەرەیەك دەکەن، کۆمەڵێك ماددەی تریشن یەکێك لەوانە مافی نەشرە، ئەگەر لەدوای مردنی ئەوە ڕەنگە لێرەدا قسەیەك هەبێت، ڕەنگە مودەیەك تەحدید بکرێت، ئەگەر موباشەرەی مافی ئەو نەشرەیان نەکرد، بابڵێین وازیان لێ هێنا، دکتۆر احمد وابزانم ئیشارەتێکی کرد، لە چ کاتێکدا وەزارەت حەقی هەیە تەلەبیان لێ بکات؟ بەڵام یەك شتە لێرەدا ئەویش مودەیەکی لە بۆ داندراوە، مسەلەکە مەسڵەحەی عامەیە هیچ شتێکی تر نیە، وەزارەت تەقدیری دەکات پێی وایە ئەم موسەنەفە، ئەم کارە پێویست بەوە دەکات لەبەر قیمەتە علمیەکەی، لەبەر قیمەتە ئەدەبیەکەی، لەبەر قیمەتە هونەریەکەی ئەوە پێویستە بڵاو بکرێتەوە، وەرەسەکانیشی ماون بۆیە ئەگەر ئەوان نەیان کرد، ئەو داوایان لێ دەکات خۆیان بیکەن، ئەگەر لەماوەی 1 ساڵدا ئەو ئیشەیان نەکرد ئەو دەمە وەزارەت بەو کارە هەڵبستێت، بەڵام بە مەرجێك تەعویزێکی عادلیان بکاتەوە، بە بڕوای من زۆر وازحە، نازانم خەلەل لە کوێیە؟ ساڵەکەش لێرە دیاری کراوە ئەوە تەلەبێکە، بۆ مودەی حیمایەش 50 ساڵە دوای مردنی ئەگەر موئەلیفەکە تاك بوو، ئەگەر موشتەرکین بوو ئەویش کۆمەڵێك ئەحکامی هەیە، لە ماددەی 29 موعالەجە کراوە، یەعنی وەرەسە یان خەلەفی دانەر بۆماوەی 50 ساڵ لەدوای مردنی مومارەسەی هەموو مافەکان دەکەن، کە لێرانەدا هاتن، بە تەئکید مافە مالیەکان، بەڵام مەبەست لێرانەدا زیاتر مافی بڵاوکردنەوەیەتی، مومارەسەی ئەو مافەیان نەکرد، بۆیە حەقی وەزارەتە، لەبەر مەسڵەحەتی عامە داوایان لێ بکات، کە بڵاوی بکەنەوە ئەگەر نەیان کرد لەماوەی 1 ساڵ، ئەو دەمە وەزارەت بۆ خۆی ئیشەکە دەکات، بەبڕوای من زۆر وازحە، نازانم ئەگەر ئەم شەرحە کافی بێت پێم وایە مەسڵەحەتی عامەیە وای دەخوازێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

اذا لم يباشر ورثة المؤلف، او من يخلفه، الحقوق التي انتقلت اليهم، ورأت الوزارة ان المصلحة العامة تقتضي نشر المصنف فيجوز لها الطلب من ورثة المؤلف بكتاب رسمي، القيام بنشر المصنف ويجوز للوزير في حالة عدم قيامهم بذلك خلال سنة من تأريخ الطلب، ان يأمر بنشر المصنف على ان يعوض الورثة تعويضا عادلا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**ماددەی شازدەم:**

ئەگەر میراتگری دانەر، یان وەچەکەی، پراکتیزەی ئەو مافانە نەکەن کە بۆیان گوێزراوەتەوە و وەزارەت بینی کە بەرژەوەندیی گشتی لەوەدایە ئەو کارە بڵاوبکاتەوە، ئەوا دەشێ بە نووسراوێکی رەسمی داوا لە

میراتگرانی دانەرەکە بکات، کە کارەکەی بڵاوبکەنەوەو لەماوەی ساڵێکی ئەم داخوازییەوە، وەزیر بۆی هەیە، ئەگەر میراتگرەکان کارەکەیان بڵاونەکردەوە، فەرمان بە بڵاوکردنەوەی بدات بەمەرجێ قەرەبوویەکی دادپەروەرانەی میراتگرەکان بکاتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 10 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**اصحاب الحقوق**

المادة السابعة عشرة:

اولا: تنشأ حقوق المؤلف مع انشاء المصنف.

ثانيا: يقصد بانشاء المصنف لحظة وضعه في شكل موضوعي قابل للادراك و النسخ او التثبيت.

ثالثا: تسجيل المصنف او ايداعه او اتمام الاجراءات الشكلية الاخرى غير مطلوب لانشاء حقوق المؤلف او ممارستها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەسڵی پێنجەم

خاوەن ماف

ماددەی حەڤدەم:

یەکەم: مافەکانی دانەر، بە دانانی کار، دێنەئاراوە.

دووەم: مەبەست لەهاتنەئارای کار، ساتەوەختی دانانی کارەکەیە لە شێوەو فۆرمێکی بابەتیدا کە مایەی درکپێکردن و کۆپی، یان جێگیرکردن بێت.

سێیەم: تۆمارکردنی کار، یان سپاردنی، یان تەواوکردنی کارڕاییە شکڵییەکانی تر، پێویست نین بۆ هاتنە ئارای مافەکانی دانەر، یان پراکتیزەکردنیان.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 3 کەس (کاک عبداللە- کاک نەژاد- کاک یشار)، فەرموو کاک عبداللە.

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ئیجرائاتی شكلی لەم ماددەیەدا، كە باس لەوە كراوە ئیجرائاتی شكلی پێویست نیە بۆ تەسجیلی ئەم مافە، تەبعەن ئێمە موڵكیەی فكریمان هەیە، موڵكیەی فكری 2 بەشە، بەشی سناعی و بەشی ئەدەبی و فەنی، لە موڵكیەی سناعیدا كەسێك عەلامەتێكی تیجاری هەیە، دوو تەریقە هەیە بۆئەوەی ئیسپاتی ئەوە بكرێت یان ئەوەیە ئەسبەقیەی ئیستعمال هەیە یان ئەسبەقیەی تەسجیل هەیە، بەلاَم لێرەدا لە موڵكیە فەنیەكەدا ئەم ئیجرائاتە شكلیە موراعات نەكراوە، یەعنی هیچ پێویست نیە لە ماددەكە نووسراوە، من پرسیار دەكەم ئەگەر كێشەیەك ڕوویدا لەنێوان 2 كەسدا، ئیدعای خاوەنداریەتی موڵكێكی فەنی یان ئەدەبی هونەری كرا، یەعنی چۆن ئیسپاتی ئەم موڵكداریەتە دەكرێت؟، ئەگەر ئیجرائاتی شكلی موراعات نەكرێت، ئەگەر تەسجیل نەكرێت، ئەگەر ئەسبەقەی ئیستعمال شتێك بە نەزەر ئیعتبار وەرنەگیرێت، من بۆیە پێشنیار دەكەم لێرەدا ئیزافەی ئەوە بكرێت یان بڵێین ئیعتماد دەكرێتە سەر ئەسبەقیەی ئیستعمال، یان تەسجیل وەكو ئیجرائاتێكی شكلی موراعات بكرێت و ئاماژەی پێ بكرێت، سوپاس.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك نەژاد فەرموو.**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێم وایە لەو ماددەیەدا سێیەم مادام دەڵێت (اتمام الاجراءات الشكلية الاخرى غير مطلوب)، هیچ پێویست ناكات بنووسرێتن، 2 خاڵەكە بەسە، هەرچەندە بەگوێشمان ناكەن 3 سەعاتە قسە دەكەن، سێیەم كە دەڵێتن (تسجيل المصنف او ايداعه او اتمام الاجراءات الشكلية الاخرى غير مطلوب لانشاء حقوق المؤلف او ممارستها)، كە غەیری مەتلوبە هەر نەنووسرێتن باشترە، ئەوە تەحسیل حاسڵە، ئەوە بۆچیە ئەو فەقەرەیە؟.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك یشار فەرموو.**

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە ماددەی 17 بڕگەیەك هەیە لە بڕگەی یەكەم مافەكانی دانەر، بە دانانی كار، دێنەئاراوە، پێشنیاردەكەم مافەكانی دانەر بە بلاَوكردنەوەی كار دێنە ئاراوە، لەجیاتی دانانی كار ببێتە بلاَوكردنەوەی كار، چونكە هەتا ئەو كارە بلاَو نەكرێتەوە، ناتوانی تۆ پارێزگاری لێ بكەی یان مافی ئەوەت هەبێ لەلایەنێكی ترەوە دەست درێژی نەكرێتە سەر ئەو موسەنەفەی، كە خاوەنداریەتیەكەی بۆ كەسەكە دەگەڕێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موسەنەف هەیە بڵاوناکرێتەوە، ئێمە کاتێك دەڵێین شەرت نیە بڵاو بکرێتەوە، موسەنەف ئینشا دەکرێت، بۆنموونە ئێستا بە ئالەتی تەتەوری ئێستا، من لە ئیمەیلی خۆم موسەنەفێك دەنووسم لەناو ئیمێلەکەی خۆم تەسجیل دەکەم بە تەئریخێك هەڵی دەگرم، بڵاوی ناکەمەوە هەر لە ماددەکانی تریش هەیە، کە کەسێك بۆچی دەڵێن وەرەسەکەی دەتوانێت موسەنەفەکەی بڵاو بکاتەوە یان بڵاوی نەکاتەوە، دەڵێن ناتوانی حجز بخەیتە سەر موسەنەفێك کە بڵاونەکرابێتەوە، یەعنی موسەنەف هەیە بڵاو نەکرایتەوە ئەوە مەبەست ئەوەیە، دوو: مەبەستمان (تسجیل المصنف او ایداعه) ئێمە موناقەشەیەکی زۆرمان کرد، ئەوەیە ئیداع کردن ئیجبار نەبێت، چونکە موسەنەف ئیداع بکرێت، ئیداع هەبێ و نەبێ چونکە ئیداع کردن تەنها بۆ کتێب و کۆمەڵێ شتی مەشمولاتە، کۆمەڵێ شتی هونەری ئیداعی ناوێت، لەبەرئەوە موسەنەف بە ئیعلان کردنی، بە ئینشا کردنی مەحمیە بەپێی ئەو یاسایە هەروەکو تەوزیحاتی گشتی.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك نەژاد پێشنیاری کرد لە ماددەی 17 سێیەمیان لابرێت، ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش پشتگیری پێشنیارەکەی دەکەین و ئەو سێیەمیانە لادەبەین.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی مەسەلەی سیاغەو دەنگدان بێتە ئاراوە، لێرەوە ئێمە جیاوازی بکەین لەنێوان موسەنەفات، موسەنەفاتی وا هەیە تەلەبی جیهەتێك دەکرێت بۆ نموونە پەرلەمان داوا لە مەجموعەیەك دەکات، کە سروودێکی نیشتمانی دابنێن، لێرەدا لەو حاڵەتە تەسجیل مەتلوبە، بۆ؟، چونەکە تەنازوع دروست دەبێت، مومکینە ئەگەر تەسجیلەکە نەبێت چند کەسێك بەیەکەوە دایبنێن ئەو بڵێ من لەپێشی ئەوانم کردووە، موسەنەفاتێك هەیە کابرا تیلقایی دەیکات، مەرج نیە تەسجیل بکرێت یان نا، بۆیە دەبێت لێرەدا مەسەلەکە ورد بکرێتەوە، فیعلەن خاڵی سێیەم برگەی ( تسجیل المصنف)، ئەگەر غەیری مەتلوبە زیادەیە، بەڵام ئەگەر فیعلەن هەندێ موسەنەفات پێویستی بە تەسجیل هەیە، لەبەرئەوەی نیزاعی تێدا دروست دەبێت لەنێوان چەند کەسێکدا، بۆیە دەبێت لەو مەوزوعە جیا بکرێتەوە، چونکە هەموو موسەنەفەکان نابێت بە یەك چاو سەیریان بکرێ، بە یەك پێوانە پێوانە بکرێت.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە ئەوەی مامۆستا دەیڵێتن خۆی باسی کرایە، ئەوە دیفاع لە برادەران نیە بەس باسی کرایە، ئەوانەی بە مەجموع پێش ئێستا چەند فەقەرەیك لە چەند بەندێکمان باس کرد، لە مەوزوعی ئەوەی کە کۆمەڵێك بەشدار دەبن لە تەئلیفی شتێکدا، تەبیعی ئەوەی مامۆستا دەیڵێتن کە سروودێك با بڵێین بۆئەوەی فەرق ببێت لەنێوان ئەوە، سروود دەدرێتە لیژنە تەبیعی هەر یەکێك نەسی خۆی دەدات، ئەو نەسەی کە پەسەند دەکرێت بەناوی ئەو شەخسە دەبێت کەتەقدیمی کردووە، ئیتر دەبڕێتەوە، تەواو بەناوی خۆیەوە بڵاودەبێتەوە، ئەی رەقیب هی یونس رؤوف دڵدارە تەواو، ئێ کەس دەتوانێ بڵی هی احمد محمد رسولە؟ یەعنی ئەوە وازحە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر احمد:

**بەڕێز د. احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێچەوانەوەم پێم وایە ئەم بڕگەیە زۆر گرینگە لێرە ببێت، چونکە تەئکید کردنەوەیە لەسەرئەوەی کە مافی دانەر هەتا ئەگەر ئەو ئیجرائاتانەش ئەنجام نەدات، مافەکانیان پارێزراوە، بۆیە لێرە گرینگە بمێنێتەوە، تەئکید دەکاتەوە لەسەرئەوەی کە ئەگەر هاتو داندراوەکەی تۆماریش نەکردبێت، رەقەمی ئیسپات بوونیشی وەرنەگرت بێت، بۆ نموونە ئەگەر کتێبێك تەبع کرا بوو، ژمارەی سپاردنی وەرنەگرت بوو یان تۆمار نەکرا بوو، ئەوە مافەکانی نافەوتێت، لەبەرئەوە یاسا لێرە بە وازحی تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مافەکانی لەو حاڵەتانەش پارێزراوە، بۆیە مانەوەی ئەو بڕگەیە بەڕای من زۆر زەرورە، سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەوزیحێك لەسەر قسەکانی دکتۆر احمد دەدەم، دەڵێت (يقصد بانشاء المصنف لحظة وضعه في شكل موضوعي قابل للادراك و النسخ او التثبيت)، یەعنی بە تەسجیل کردن هەر شمولی ئەوە دەکات، بڵاو کردنەوە هەر شمولی ئەوە دەکات، ئیحتفاز پێکردنی هەر شمولی ئەوە دەکات، گواستنەوەی بە ئیمەیل هەر شمولی دەکات، لەلاپەڕەی خۆت دای بنێی و ئیمزای خۆتی بەسەرەوە بێت، تەئریخی لەسەر بێت هەر شمولی

**دەكات، یەعنی بە هەموو شتەكان شمولی دەكات، لەبەرئەوە ئەگەر ئەوە هەبێ و نەبێ تەسەور دەكەم لە دووەم شمولی ئەوەش دەكات، كە تەسبیت مەسەلەت بەشێكە لە تەسجیل، لە ئیداع ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو ئیداع نەبێت بە ئیجباری، بۆئەوەی نەبێتە وەسیلەیە كە بڵێین بەكاربێت بۆ رەقابە، بۆئەوەی تەسجیل نەبێت یەعنی، تەنها حاڵەتێكی تەسجیلی ئیختیاری بێت، بۆ هەركەسێك كە دەیەوێت، چونكە پێویستی بە ئیداع نیە.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سیاغەی پێشنیار كراو بەم شكلەیە**

**المادة السابعة عشر:**

**اولا:** تنشأ حقوق المؤلف مع انشاء المصنف.

**ثانيا:** يقصد بانشاء المصنف لحظة وضعه في شكل موضوعي قابل للادراك و النسخ او التثبيت.

**ثالثا:** تسجيل المصنف او ايداعه او اتمام الاجراءات الشكلية الاخرى.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە عەرەبیەكە دەكەینە ئەساس و دوایێ تەرجومەی كوردی دەكەین، بەو سیغەیەی كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة عشر:**

يمارس الشخص او الاشخاص الطبيعيون الذين ابتكروا المصنفات الواردة في المادة الثالثة وما يماثلها، الحقوق المالية والمعنوية المنصوص عليها في هذا القانون.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی هەژدەم:**

کەس، یان کەسە سروشتییەکان کە داهێنەری ئەو کارانەن لە مادده 3دا ناویان هاتووە و هاوشێوەکانیان، پراکتیزەی مافە مەعنەوی و داراییەکانی لەم یاسایەدا دەق بەندکراون، دەکەن.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە کە دەڵێت (یمارس الشخص او الاشخاص الطبیعیون) تا ئاخیری ماددەکە، حوکمەکە جەوازیە هیچ پێویست ناکات، ئەگەر حوکمەکە وجوبیە لەڕاستیدا کەس ناتوانێت ئیجابیەکی بکات بڵێت تۆ دەبێت موماڕەسەی حەقی خۆت بکەی، کەواتە پێشنیاری من ئەو ماددەیە لابرێت، چونکە کە ئەم قانونە داندرا بۆ تەسبیتی حەقی ئەوانەیە، کە خاوەنی موڵکایەتی فکری و هونەری و ئەوانە، بوونی قانونەکە کافیە بۆئەوەی ئیسپاتی حەقەکەیان بۆ بکەی، بەشێوەیەکی تەبیعی تەحسیلی حاسڵە بەڕاستی حەقی هەبوو، بۆی هەیە موماڕەسەی بکات یان موماڕەسەی نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی منیش هەر مامۆستا کردی.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە لە تەعریفدا بە شەخس هێنامان، دواتر ئەو شەخسانە حقوقی خۆیان ئیبتیکار کردووە، ئیکتساب پێکراوە بە حوکمی ئەم قانونە، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێت و، ئەو ماددەیە زیادە لێرە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو لیژنە ڕایان وایە ئەو ماددەیە زیادە لابرێتەوە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنە ڕەئیان وایە ئەو ماددەیە زیادە، دەیخەینە بەردەستی ئێوە کێ لەگەڵ ئەوەدایە بلێ ڕەت بکرێتەوە، لەغوبکرێت؟ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**المادة التاسعة عشر:**

مع عدم الاخلال بحقوق مؤلف المصنف الاصلي، يعد مؤلفا لاغراض هذا القانون:

**اولا:** كل من قام بترجمة مصنف الى لغة اخرى، او مراجعته او تحويله من لون الى لون آخر من الوان الاداب او الفنون او العلوم، او تلخيصه، او تحويره، او تعديله، او شرحه، او التعليق عليه، او فهرسته او غير ذلك من الاوجه التي تظهره بشكل جديد مبتكر.

**ثانيا:** كل من أدى عملا فنيا وضعه غيره، سواء أكان الاداء بالغناء، او العزف، او الايقاع، او الالقاء، او التصوير، او الرسم، او الحركات او الخطوات، او باية طريقة اخرى.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدەم:

بەبێ پێشێلکردنی مافەکانی دانەری کارە ئۆریجناڵەکە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، ئەو کەسەش بە دانەر دادەنرێ کە:

یەکەم: کارێك بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕێ، یان پێی دابچێتەوە، یان لە ڕەنگێکەوە بیگۆڕێ بۆ ڕەنگێکی تری ئەدەبیات یان هونەر یان زانست، یان کورت و پوختی بکاتەوە، یان دەسکاری و هەمواری بکاتەوە، یان راڤەی بکات، یان کۆمێنتی لەسەر بنووسێ، یان پێڕستی بۆ بکات و زۆر ڕووی دیکە کە شێوەیەکی نوێی داهێنراوی پێ بدات.

دووەم: کارێکی هونەری کەسێکی دیکە، ئەدا "جێبەجێ" بکات، جا ئەو ئەدایە بە چڕین بێت، یان میوزیك ژەنین و ئیقاع بێ، یان وتنەوە بێت، یان وێنەی بگرێتەوەو ڕەسمی بکێشێ یان بە هەر جووڵەو هەنگاوێکی تر و هەر شێوەو میتۆدێکی تری هەبێ.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ تەنها 3 کەس (ناسك خان- کاك نەژاد- کاك جلال)، فەرموو کاك جلال.**

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلا من پرسیارەکەم ئاراستەی برایانی لیژنە دەکەم، بۆ نموونە هۆنراوەیە یان چیرۆکێك ئەوانەی کە وتراوە لە لەونێکەوە بۆ لەونی تر( یا تلخیصە، او تحویرە، او تعدیلە، او شرحە) هەتا دوایی، چۆن ئەو هەموو خەڵکە دەبنە موئەلیف، وەکو ساحیبی ئەسڵیەکەی کە موئەلیفە؟ بەس من لەوەیان حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەك هەبی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ناسك خان فەرموو.**

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە من هەر دێری ئەوەڵ کە دەیخوێنیتەوە دەڵێت (مع عدم الاخلال بحقوق مؤلف المصنف الاصلي، یعد مؤلفا)، یەعنی تۆ چۆن موتەرجمێك دەکەیتە دانەر؟ هەست دەکەم ئێمە غەرەز لەوە ئەوەیە کە هەمان حقوقی موئەلیفی هەیە، ئایا ئێمە بڕیاردەدەین لێرە هەرکەس موتەرجم بوو ئیتر دەتوانێت بڵێت من موئەلفم، قەسدی وایە تەمەتوع دەکات بە هەمان ئەو حقوقانەی کە لەم قانونەدا هەیە، نەك ئەویش دەبێتە موئەلیف، یەعنی چۆن موتەرجم دەبێتە موئەلف؟.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك نەژاد فەرموو.**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە مەوزوعی تەرجەمەو لە تەحویل من لون الی لون اخر، ئیعتیادی دەبێتە موئەلیف، یەعنی نەك موئەلیف، بەڵکو زۆرجاران تێش دەپەڕێنێ لە موئەلیفی، مەسرەحیەك کابرایەك ئیخراجی دەکات، فەنانێك ئیخراجی دەکات زۆر تێدەپەڕێنێ لەوەی کەوا ئەو نووسیویەتی و، بەزۆر شێوەش، بەڵام من مولاحەزەیەکم هەیە لەو ئەوەیە، موراجەعاتی ڕەنگە زۆر وارید نەبێت لێرانە لەگەڵ (تلخیصە) او (تعدیلە)، ئەو سێ شتە ئەگەر لێی لابردرێت یەعنی ڕێك و پێك تر دەبێ، دەنا من لون الی لون اخر زۆر ئیعتیادیە و بە موئەلیفیش حیساب دەبێ، یەعنی کابرایەك وەکو وتم ریوایەتێکی دەکاتە فیلم، یەعنی ئەوە ئیبداعێکی ترە.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك دڵشاد فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان بۆ تەوزیحی ئەو ماددەیە، موئەلیفی ئەسڵی هەیە، موئەلیفی موشتەق هەیە، موئەلیفی موشتەق بۆ نموونە هەروەکو کاك نەژاد وتی، ریوایەتێك دەکەی بە فیلم، کە بوو بە فیلم دەرهێنەر بە وێنەگیراوی دەبێتە موئەلیفی ئەو ریوایەتە بە وێنەگیراوی، بە پیشاندراوی یان شیعرێك هەیە لەگەڵ چەند شیعرێکی گشتی تێکەڵ دەکرێت، بۆنموونە ئێستا دەبینین کۆپلە شیعرە کلاسیکیەکان لەچوارچێوەی شیعری نوێ تێکەڵ دەکرێت، ئەوە دەبێتە ماددەیەکی تر، بەلاّم لە ئەساسدا ئێمە نووسیومانە (مع عدم الاخلال بحقوق مؤلف)، یەعنی لەکاتێکدا دەبێت ناوی بێنی، کە تۆ بڵێی ئەم موسەنەفە لەو موسەنەفە وەرگیراوە، بابەتێکی تر هەیە لەوە ئەویش تەحویلاتی گۆرانیە بۆ چەندەها ئاواز، ئێستا دەبینین مەسەلەن گۆرانی حسن زیرەك، کە هەر هەمووی کۆدەکرێتەوە دەکرێت بە ماددەیەکی تری گۆرانی، ئەوە دەبێتە ماددەیەکی موسەنەفی تر، سێیەم موتەرجم کاتێك دەبێتە موئەلیف (من ناحیة الحقوق) دەبێتە موئەلف، بۆچی دەبێتە (من ناحیة الحقوق)؟ چونکە موتەرجم کاتێك کتێبێك تەرجومە دەکات، خۆی ساحیبی ئەو کتێبەیە لەڕووی حقوقی مەعنەوی دەبێت ناوی بنووسرێت لەسەری، ئیشارەت بەناوی بدرێت لەڕووی حقوقی مالیەوە تەرجومەی کردووە، دەتوانێت لەگەڵ ئەو دەزگایە رێك بکەوێت و پێی بفرۆشێت، لەبەرئەوە (من ناحیة الحقوق) دەبێت بە موئەلف، لەبەرئەوە ئەوە لە زۆر شت هەیە، لە شانۆگەری هەیە، شانۆگەری ئامادە دەکرێت بۆ نموونە شانۆگەری شکسپیر یان مەسەلەن هاملێت 30 جار نووسراوەتەوە هەر بەناوی هاملێتەوە، هاملێت دەگەڕێتەوە، هاملێت دەڕوات، هاملێت خەو دەبینێت، یەعنی مەبەستم لە ئەسڵەکە هەیە، ئەو لە ئەسڵەکە دەقێکی نوێی نووسیوە بۆنموونە (کاری گۆلا) ڕۆمانە، بەلاّم هاتووە (کامۆ کاری گۆلایەکی) تری نووسیوە لەسەر ئەم کالی گۆلا، ئەوەش دەبێتە موئەلفێکی تر، یەعنی مەبەستەکە هەر لەوەیە، بۆیە هەر بەگشتیەکەی یەعنی مەعلوم بێت لامان، کە ئەوانە دەبنە موسەنەفی موشتەق، سوود لە حقوقەکانی وەردەگرن.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سیاغەی پێشنیار بەم شێوەیە**

**المادة التاسعة عشر:**

مع عدم الاخلال بحقوق مؤلف المصنف الاصلي، يعد مؤلفا لاغراض هذا القانون:

**اولا:** كل من قام بترجمة مصنف الى لغة اخرى، او مراجعته او تحويله من لون الى لون آخر من الوان الاداب او الفنون او العلوم، او تلخيصه، او تحويره، او تعديله، او شرحه، او التعليق عليه، او فهرسته او غير ذلك من الاوجه التي تظهره بشكل جديد مبتكر.

**ثانيا:** كل من أدى عملا فنيا وضعه غيره، سواء أكان الاداء بالغناء، او العزف، او الايقاع، او الالقاء، او التصوير، او الرسم، او الحركات او الخطوات، او باية طريقة اخرى.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدەم:

بەبێ پێشێلکردنی مافەکانی دانەری کارە ئۆریجناڵەکە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە، ئەو کەسەش بە دانەر دادەنرێ کە:

یەکەم: کارێك بۆ زمانێکی دیکە وەربگێرێ، یان پێی دابچێتەوە، یان لە رەنگێکەوە بیگۆڕێ بۆ رەنگێکی تری ئەدەبیات یان هونەر یان زانست، یان کورت و پوختی بکاتەوە، یان دەسکاری و هەمواری بکاتەوە، یان راڤەی بکات، یان کۆمێنتی لەسەر بنووسێ، یان پێڕستی بۆ بکات و زۆر رووی دیکە کە شێوەیەکی نوێی داهێنراوی پێ بدات.

دووەم: کارێکی هونەری کەسێکی دیکە، ئەدا "جێبەجێ" بکات، جا ئەو ئەدایە بە چڕین بێت، یان میوزیك ژەنین و ئیقاع بێ، یان وتنەوە بێت، یان وێنەی بگرێتەوەو رەسمی بکێشێ یان بە هەر جووڵەو هەنگاوێکی تر و هەر شێوەو میتۆدێکی تری هەبێ.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العشرون:**

يعد الناشر مالكا لحقوق المؤلف المالية في المصنفات التي لا تحمل اسما لاي مؤلف او تحمل اسما مستعارا لاغراض تطبيق احكام هذا القانون لحين ظهور المؤلف الحقيقي او الكشف عن هويته.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم:

بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە، بەسەر ئەو کارانەدا کە ناوی دانەرەکەیان پێوە نییە، یان بەناوێکی خوازراوەوە، تا ئەو دەمەی دانەری راستەقینە بەدەردەکەوێ، یان ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوا بڵاوکەرەوە دەبێتە خاوەنی مافە داراییەکانی کارەکە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیستفسارێکم هەیە بەحەقیقەت لە ماددەی 20 مورتەبیتە بە 19، مەسەلەن دەبینی موئەلیفێك کتێبێکی نووسیە، ناقدێك دێت نەقدی ئەو بەرهەی دەکات، لەخیلالی نەقدی ئەو بەرهەمەی کە موئەلیفێکی تری پێ دەڵێن، ئەو بەرهەمە لەسەر ئەساسی بەرهەمە ئەسڵیەکەی دەفرۆشرێت، بۆنموونە لە زەمانی خۆی (محمدحسنین هیکل) هەمووومان دەیناسین کتابێکی دەرهێنا زۆر مەشهور بوو (خریف الغضب)، کریم بەیروتی موئەلیفێکی تر بوو نەقدی لە حسنین هیکلی گرت لەسەر هەمان کتێبی، هەردوو کتاب بە سەعرێکی زۆر زۆر باش فرۆشران، ئایا بەرهەمی ئەم دووانە لەسەر یەك ماددەی، لەو قانونە لە کوێ جێگایان دەبێتەوە؟.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئەوە شتێکی ئیعتیادیە، کە ناشر ببێتە مالکی حقوق، بەڵام ئەوە تۆزێك تەزاروبی ئەگەر نەکات لەگەڵ ئەو ماددەیەی پێشتر، کە باسی حقوقی وەرەسە و ئەو مەوزوعانەمان کرد، یەعنی ئێمە وتمان بۆ وەزیر و وەزارەت نیە، کە بەبێ تەلەب و پاش ئەوەندەی تێبپەڕی و وابکەو وابکە، باشە ناشرێك چۆن دەتوانێ ببێتە مالیك و ئەو کتێبە یان ئەو موسەنەفە بڵاوبکاتەوە بەبێ هیچ ئیجازەیەك، چیە ناوی بەسەرەوە نیە؟، دوایی هەتا دەردەکەوێت ناوەکەی دەردەکەوێت ئەوە دەبێت ڕوون ببێتەوە ئیجازەی لە کێ وەردەگری؟، کێ ئیجازەی بەو کابرایە دەدات؟ کە کتێبێکی نەناوی لەسەرە یان ناوێکی موستەعاری لەسەرە، ئەگەر ناوی موستەعاری لەسەرە یان دەبێت کابرا بزانێت ئەو ناوە موستەعارە کێیە، چونکە ئەوە تەبیعاتی قانونیشی لەسەرە، کێ دەڵێ ئەوە زیانی بۆ موجتەمەع نیە؟، ئەو کتێبەی ئەو ناشرە نەشری دەکات.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. صباح فەرمووو.

**بەڕێز د. صباح محمد نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لێرە پرسیاردەکەم دەڵێم ئەگەر ناشر خاوەنی مافی دارایی بێت، ئەی مافە مەعنەویەکانی ئەو نووسراوە بۆ کوێ دەچێت؟ لە حاڵێکدایە ئێمە لەپێشدا لە ماددەی حەوتەمدا باسمان کرد، وتمان حقوقی مەعنەوی قابیلی تەقادم و قابیلی تەنازول نیە، ئەم ماددەیە باسی پاراستنی مافی دارایی نووسەر دەکات، لە حاڵەتێکدا کە ئەو کەسە نەناسراوبێ یان ناوێکی خوازراوی هەبێ، لێرە پرسیار ئەوەیە بۆ بە موتلەقی نەوترێت(يعد الناشر مالكا لحقوق المؤلف)، ئیتر نەوترێت مالی یان مەعنەوی بە عام بێت، چونکە حقوقی مەعنەویش گرینگە، ئەگەر گرینگتر نەبێت لە حقوقە مالیەکە بەقەدەر ئەو گرینگە، لە حاڵێکدا ئێمە دەزانین حقوقی مەعنەوی بە تەقادوم، بە تەنازول سقوت ناکات، قابیلی ئەوە نیە تەقادوم وای بەسەر دابێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر بە موتلەقی بێ، مەسەلەی مالیەکەی لێ دەرچێت، (حقوق المؤلف المالية في المصنفات التي لا تحمل اسما لاي مؤلف او تحمل اسما مستعارا)، سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرمووو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێجگە لەو تێبینیە کە کاک دکتۆر صباح وتی، حقوقی موئەلیف بەشێوەیەکی گشتی بێت لێرە نەك حقوقی مالی، بەلاّم لێرە تەنها ناشر یان بلاّوکەرەوە ئەو مافەی پێدراوە کەوا دەبێتە مالك بە حقوقی موئەلیف، (لحين ظهور المؤلف الحقيقي او الكشف عن هويته) کە لێرە دیارە مەبەست بلاّوکەرەوە ئەو دەزگایەیە یان ئەو دارنەشرەیە، کە ئەو داندراوە تێیدا بلاّودەکاتەوە، بەلاّم ئایا ئەو موئەسەساتانەی تر، ئەو دامەزراوانەی تر کە داندراوێك بلاّودەکەنەوە، بەلاّم بەناوی دامودەزگاکەی خۆیان بلاّوی دەکەنەوە، دار نەشر نیە؟ بە ڕەئی من لێرە ببێتە دوو $2$ فەقەرە یەکیان ئەوانەبێت، کە دەزگایەکی بلاّوکردنەوە بلاّوی دەکاتەوە ئەو دەبێت بە خاوەنی تا خاوەنە حەقیقیەکەی ئاشکرا دەبێت، ئەوەی تر چونکە ئەو دامودەزگایە زانستیانەی یان دامودەزگا حکومیانەی تر، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان پرۆتۆکۆلاتی خۆی بلاّودەکاتەوە یان یاساکانی خۆی بلاّو دەکاتەوە، یان پەیڕەوی ناوخۆ ئەوە بەناوی دامودەزگاکەی خۆیەتی، کەسێکی تر مافی ئەوەی نیە ببێتە خاوەنی مافەکە، لەبەرئەوە ئەو فەقەرەیەش بەڕەئی من گرینگە، ئەوە بۆ ئەو ناشێت، چونکە ناشر لێرە ئەو دامودەزگایانە ناگرێتەوە، چونکە دەڵێت تا کاتی ئاشکرابوونی موئەلیفی حەقیقی، کەوا بوو مەبەست لێرە تەنها بلاّو کەرەوەیە، ئەو دامودەزگایەی کە چاپ دەکات، بلاّوی دەکاتەوە، نەك بە مەعنای ئەو موئەسەساتانەی تر کە شت دەردەکەن، سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەو ماددەیە تەعاروز دەكات لەگەڵ ماددەكانی پێشتر، لەبەرئەوەی لە ماددەكانی پێشتر ئێمە وتمان حەقی بڵاوكردنەوە ئیلا دەبێت ئیزن لە موئەلیف بخوازێ، بۆئەوەی ئەو نووسراوە بڵاو بكرێتەوە، بەڵام كەچی لێرانە بەبێ ئەوەی ئیزن لە موئەلیفەكە وەربگیرێ ئەو هەڵدەستێت بە ئەو بڵاوكراوە، دووەمین شتیش ئێمە وتمان لە ماددەكانی تر هەتا 50 ساڵیش ئەو مافە داراییە بۆ دانەر یاخود بۆ كەس و كاری دانەر دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا بە چ حەقێك لێرە ناشر دەبێتە خاوەنی ئەو مافە داراییەی كە لێرە هەڵدەستێت بە بڵاوكردنەوە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی رۆشنبیری.

**بەڕێز بكر كریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 20 دەبێ لەگەڵ ماددەی هەشتەم بەراوردی بكەین، لەوێ كۆمەڵێك ماف هاتوون، ئەو مافانە بە دانەر دراون، هەروەها بە خەلەفی عام دراوە لەوكاتەی خۆی نەمێنێ، كۆمەڵێك مافن لێرە كۆمەڵێ شروتی تێدایە، تەنها لەو موسەنەفاتانەی كە بێ ناو بڵاودەكرێنەوە، كە ناشر موسەنەفێك بڵاو دەكاتەوە، هیچ ناوێكی بەسەرەوە نیە یان ناوی دانەری بەسەرەوە نیە، یان ناوێكی موستەعارە كەس نازانێ ئەو ناوە موستەعارە كێیە؟، لێرەدا بۆ مومارەسەكردنی ئەو مافانەی كە لە ماددەی 8 هاتوون، ئینجا ناشیر بە موتلەق هاتووە، موئەسەسە بێ، یەك بێ، هەرچی بێ یەعنی مومارەسەی ئەو مافانە دەكات، تا ئەو دەمەی موئەلیفی راستەقینە دەردەكەوێت یان ئیعلانی كەشفی خۆی دەكات، پێم وایە هیچ گرفتێك نیە لەوە، بەنیسبەت ئەوی تر ئەوەی ئاهەنگ خان وتی، بەڕاستی لە ماددەی 9 ئەوەلەن جێگای كراوەتەوە، كە باسی شەرح بكرێت، تەعدیل بكرێت، یان تەعلیقی لەسەر بكرێت یان بە هەر شێوەیەكی تر بێت، كە موسەنەفەكەی تر بە شكلێكی نوێی موبتەكەر بێ، مەسەلەن بۆ نموونە (صادق جلال) كتێبی نووسیوە، خەڵكی تر كۆمێنتی لەسەر نووسیوە، بەڵام لەسەر ئەویان كردووە، ئەوە موسەنەفێكی دیكەیە، ئیعتمادی لەسەر ئەو كردووە، بە موسەنەفێكی تازە دەژمێردرێت، بەڵام دەڵێ (من دون اخلال)، بە تەئكید دەبێ ناوی بێ بە ئەو مافانەی كە موئەلیفی ئەسڵی دەیكەوێ، نابێ زیانی پێ بگەیەندرێت، نازانم من ئەوە تێگەیشتم.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێت شتێك تەوزیح بكەم، شتێك هەیە لە فەن، لە بەروبوومی مەسەلەن ئێستا روباعیاتی خەیام، چەند كەس تەرجومەی كردووە، زۆر هەنە روباعیاتیان تەرجومە كردیە و، زۆر لە میللەتانی تریش و بە لوغاتی تریش، خەیام روباعیاتی ئیشكالی لەسەر نیە، كە تۆ فەلسەفەكەی دەخوێنیەوە، یەك لە تەرجومەكانت بە دڵە لەوی تر زیاتر، مەسەلەن عەرەبیەكەی لەوی تر بە قوەت ترە، ئینگلیزیە و فارسیەو فەرەنسیەكەی و نەوعێكی تر هەیە، هەندێك هەیە شعرەكەی دەنووسێ بە نەسر، ئینگلیزیەكەی دەنووسێ، بۆئەوەی تۆ لە مەغزای شاعیرەكەی تێبگەی، بێ ئەوەی بیكاتە شیعر، ئەنواع تەرجومە هەیە، بەڵام ئەوەی من دەڵێم خیلافی 3 كەسی لەسەر یەك بەرهەمی دەبێت، كە حەسەنین هەیكەلی (خەریفی غەزەبی) نووسی، ئەو خەریف غەزەبە، ئەو بەروبوومە وای كرد كریم بەیروتی بەگیانی بتەقێتەوە، كە بەگیانی تەقیەوە بەرهەمەكەی كریم بەیروتی، كە لەسەر ئەساسی بەرهەمەكەی حەسەنین هەیكەل بوو، وای كرد ناشیرەكە لە هەردووكیان ئیستفادە بكات، ئەوە لە قانون لە كوێ جێگای دەبێتەوە؟، ئەو سێیە رەبتیان لەگەڵ یەكتر هەیە، ئەوەیە سوئالەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی ئاهەنگ خان كابرا لە تاكەكان قازانج دەكات، لە هەردوو تاك قازانج دەكات، حەسەنین هەیكەل موئەلفێكی خۆی هەیە، ئەویش موئەلفی خۆی هەیە، قەیدیناكە با وەڵامی ئەو بێ، بەڵام ناشر لە هەردووكیان بە تاك، تاك ئیستفادە دەكات، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ناشیرە ئەساسەن نەیدەزانی ئەو پیاوە كتابەكەی هەندی بەرهەمی ئەسڵی بەقوەت دەبێت، ناشیرەكە لەگەڵ یەكەمی عەقدی هەبوو، كە نەشری بۆ كرد، بەڵام هی دووەم كە ئیجبار كرا، كە شەعبیەتی هەبوو كراوە، ئەوە دەبێتە ئیتفاقێكی نوێ، حقوقێكی نوێ، دەبێ ناوی ئەو بینێ، دەبێ حقوقیشی مەحفوز بێ، دەبێ لە قانون جێگای ببێتەوە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەوەی ئاهەنگ خان باسی دەكات، وتمان لە ماددەی 9، چونكە ناقد دەبێتە موئەلیف لە ماددەی 19، هەتا چەند كتێبێكی جیا بكەوە دەبێت بە فەهرس، ئەوە تۆ دەبی بە موئەلفی ئەو فەهرسە ئەوە لەوێ جێگای كراوەتەوە، بەڵام بەنیسبەت ئەوەی كە ڕەنگە وازح نەبووبێ بۆ نموونە خۆتان دەزانن لە سەردەمی شۆڕش و ئەوانە، كەسێك ئاوازێكی داناوە یان كەسێك شیعرێكی داناوە لەناوەوە بڵاو بوویتەوە

بەناوێکی موستەعار، ئەو دار نەشرەی کە ئەوەی بلاّو کردیتەوە یان ئەو تەسجیلاتەی ئەو ئاوازەی بلاّو کردیتەوە، لەبەرئەوە ناوەکەی موستەعارە، لەبەر وەزعی سیاسی ناوەکەی خۆی ئاشکرا نەکردووە، ئەم دار نەشرە یان ئەو تەسجیلاتە بۆی هەیە حقوقی مالی بیفرۆشێت، هەتا ساحێبی ئەسڵی دەردەکەوێت بڵێت ئەوە هی منە، حقوقەکەم بدەوە ئێستا حەقی خۆمەو خۆم بلاّوی دەکەمەوە، خۆم دەیفرۆشم، یەعنی مەبەستەکە ئەوە نموونەیەکی بەسیت بوو هێنامەوە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك دڵشاد باسی کرد ئەوە لەنێوان دوو شەخسە، ئیتفاقیەی 2 شەخسە، بەلاّم ئەوە 3 کەس دەکەونە ناوی، 3 کەس و بەدەستی خۆشی نیە بکەونە تەرەف لەناوی.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمود/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە دەبێتە موسەنەفێکی نوێ، هەر تەرجومەیەك کە کراوە هی شیعر، هی ئەوەی کە باسی کرد، بە چ زمانێك بێت ئەو موتەرجمە دەبێتە موسەنفێکی نوێ، موئەلفێکی نوێ بۆ ئەم حاڵەتە، مافی خۆیەتی وەکو شتێکی نوێ دەبێتە (ئیبداع).

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العشرون:**

يعد الناشر مالكا لحقوق المؤلف المالية في المصنفات التي لا تحمل اسما لاي مؤلف او تحمل اسما مستعارا لاغراض تطبيق احكام هذا القانون لحين ظهور المؤلف الحقيقي او الكشف عن هويته.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیستەم:

بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە، بەسەر ئەو کارانەدا کە ناوی دانەرەکەیان پێوە نییە، یان بەناوێکی خوازراوەن، تا ئەو دەمەی دانەری راستەقینە بەدەردەکەوێ، یان ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەوا بڵاوکەرەوە دەبێتە خاوەنی مافە داراییەکانی کارەکە.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحادية والعشرون:**

**اولا:** اذا اشترك اكثر من شخص في تأليف مصنف واحد، بحيث لا يمكن فصل نصيب كل واحد منهم فيه، فيعتبرون جميعا مالكين للمصنف بالتساوي الا اذا اتفقوا على غير ذلك، ولايجوز لاي منهم في هذه الحالة ممارسة حقوق المؤلف على هذا المصنف، الا باتفاقهم جميعا ولكل واحد منهم الحق في رفع الدعوى عند وقوع اي اعتداء على حق المؤلف.

**ثانيا:** اما اذا كان من الممكن فصل نصيب كل من المشتركين في تأليف المصنف عن نصيب شركائه الآخرين، فيحق لكل منهم استغلال حق المؤلف في الجزء الذي ساهم في تأليفه على أن لا يلحق اي ضرر باستغلال المصنف نفسه او يجحف بحقوق سائر الشركاء في المصنف الا اذا اتفق على غير ذلك.

**ثالثا:** اذا اشترك جماعة من الاشخاص في تأليف مصنف بتوجيه من شخص طبيعي او معنوي يتكفل بنشره تحت ادارته وباسمه، بحيث اندمج عمل المشتركين فيه في الهدف العام الذي قصده ذلك الشخص من المصنف او الفكرة التي ابتكرها له بحيث لا يمكن فصل العمل الذي قام به كل مشترك في انجاز المصنف وتمييزه على حد، فيحق للشخص الذي وجه ونظم ابتكار المصنف وحده ممارسة حقوق المؤلف فيه ما لم يوجد اتفاق مخالف لذلك.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و یەکەم:

یەکەم: ئەگەر لە کەسێك پتر، بەشداری لە دانانی کارێکدا بکەن، بەمەرجێ نەکرێ بەشی هەر یەکەیان لەوی دی جیا بکرێتەوە، ئەوا هەموویان وەکیەك دەبنە خاوەنی کارەکە مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانە

کرابێ. لەم بارەدا، ناکرێ هەر یەکەیان بەتەنیا پراکتیزەی مافەکانی دانەر لەمەڕ ئەو کارە بکات، مەگەر بەرێککەوتنی هەمووان بێ و ئەگەر هەر دەستدرێژییەکیش کرایە سەر مافەکانی دانەر، ئەوا هەر هەر یەکەیان مافی داوا بەرزکردنەوەی هەیە،.

دووەم: لێ ئەگەر کرا بەشی هەر دانەرێکیان لە دانانی کارێکی هاوبەشدا لە بەشی ئەوانی دی جیا بکرێتەوە، ئەوا هەر یەکەیان مافی ئەوەی دەبێ، پراکتیزەی مافەکانی دانەر بکات لەو بەشەی کە بەشداری تێدا کردووە، بەمەرجێ زیان بە بەکارهێنانی کارەکە خۆی نەدات یان زیان بە مافەکانی بەشداربووانی تری کارەکە نەگەیەنێ، مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانە کرابێ.

سێیەم: ئەگەر کۆمەڵە کەسێك بەیەکەوە بەشداریان لە دانانی کارێکدا کرد بە رێنوێنی کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی کە دەستەبەری بڵاوکردنەوەی بەناوی خۆی وبە سەرپەرشتی خۆی، بەشێوەیەك کە ئیش و هەوڵی بەشداربووانی کارەکە تێهەڵکێشی ئەو ئامانجە گشتییە بووبێت کە کەسەکە لەو کارەدا مەبەستی بووە، یان بیرۆکەکەی داهێناوە بەمەرجێ نەکرێ کاری هیچ کام لە بەشداربووان بۆ تەواوکردنی کارەکە جیا بکرێتەوە، ئەو کەسەی کە رێنوێنیکارو رێکخەری داهێنانی کارەکە بووە، بەتەنیا مافی پراکتیزەکردنی مافەکانی دانەری لەو کارەدا هەیە، مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانە کرابێت.

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکا لەسەر ئە ماددەیە؟ کەس نیە شکور، یەکسەر دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك دکتۆر.

**بەرێز د. صباح محمد نەجیب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە زۆر موفەسەڵ و زۆر دوورو درێژە، ئەم ماددەیەو ماددەکانی دواتریش هی ئەوەیە بە لایحە لەلایەن وەزیرەوە تەنزیم بکرێت، یەعنی من پێشنیاری ئەوەدەکەم ئەوە هەمووی بە یەك ماددە (للمصنفات المشتركة على الوزير)، یەعنی من بۆچوونێکی وام هەیە ویستم پێشنیار بکەم.

**بەرێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەهەر حاڵ ئەوە ڕەئی جەنابتە بە تەنها، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەرێز عمر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية والعشرون:**

**اولا: يعد شريكا في تأليف المصنفات السينمائية والسمعية المرئية:**

1) مؤلف السيناريو او صاحب الفكرة المكتوبة للبرنامج.
2) من قام بتحوير المصنف الادبي الموجود بشكل يجعله ملائما للتنفيذ.
3) مؤلف الحوار في المصنف السينمائي او السمعي او المرئي.

4) **واضع الموسيقى للمصنف اذا قام بوضعها خصيصا له.**

5) مخرج المصنف اذا باشر رقابة فعلية على تنفيذه.

**ثانيا: اذا كان المصنف السينمائي او السمعي المرئي مستنبطا من مصنف آخر سابق عليه او مستخرجا منه، فيعتبر مؤلف هذا المصنف السابق شريكا في المصنف الجديد.**

**ثالثا: لمؤلف السيناريو في مصنف ادبي ولمن قام بتحويره ولمؤلف الحوار فيه ولمخرجه مجتمعين الحق في عرض المصنف الجديد دون ان يكون لواضع المصنف الادبي الاصلي او واضع الموسيقى الاعتراض على ذلك. على ان لا يخل ذلك بحقوقه المترتبة له على تاليف المصنف او وضعه ولكل من مؤلف الشطر الادبي والشطر الموسيقى في المصنف الحق في نشر الشطر الذي يخصه بطريقة اخرى غير السينما او الاذاعة او التلفزيون ما لم يتفق على غير ذلك.**

**رابعا: اذا امتنع احد المشتركين في تاليف المصنف عن القيام بما يجب عليه القيام به او من اتمام العمل المطلوب منه، فلا يترتب على ذلك منع اي من المشتركين الآخرين في تأليف المصنف من استعمال الجزء الذي انجزه منه، على أن لا يخل ذلك بالحقوق التي تترتب لاي منهم بسبب اشتراكه في تاليف المصنف.**

**خامسا: يعد منتجا للمصنف السينمائي او الاذاعي او التلفزيوني الشخص الذي يتولى تحقيق هذا المصنف او يتولى مسؤولية هذا التحقيق ويضع في متناول المؤلفين له الوسائل المادية والمالية الكفيلة بانتاج المصنف واخراجه. ويعد المنتج طيلة المدة المتفق عليها لاستغلال المصنف نائبا عن المؤلفين له وعن خلفهم في التعاقد مع الغير على عرض المصنف واستغلاله، وذلك من دون الاخلال بحقوق مؤلفي المصنفات الادبية والموسيقية الاخرى المقتبسة، الا اذا تم الاتفاق على غير ذلك.**

**سادسا: على منتج المصنفات السينمائية والسمعية- البصرية أن يقوم بابرام عقود مكتوبة مع كل الاشخاص الذين تستعمل مصنفاتهم في انتاج المصنف السينمائي والسمعي- البصري وتؤول الحقوق المالية له مع تحديد النطاق الزماني والمكاني لاستغلاله ما لم يوجد اتفاق مخالف.**

**بەڕێزد.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەكەم: لە دانانی كاری سینەمایی و بیستراو و دیتراودا، ئەو كەسانە بە هاوبەش دادەنرێن:**

1-**سیناریۆیست یان خاوەنی ئایدیای نووسراوی بەرنامە.**

2-**ئەو كەسەی كارێكی ئەدەبی ئارای بەشێوەیەك هەڵگێرابێتەوە كە بۆ جێبەجێكردن لەبار بێ.**

3-**دانەری دیالۆگ لە كارێكی سینەمایی یان بیستراو و دیتراو دا.**

4-**دانەری میوزیكی كارەكە، ئەگەر بەتایبەتی بۆ ئەو كارەی دانابێ.**

5-**دەرهێنەری كارەكە، ئەگەر چاودێرییەكی كردەنی بەسەر جێبەجێكردندا هەبێ.**

دووەم: ئەگەر کاری سینەمایی یان بیستراوو دیتراو، لە کارێکی تری پێشووتر هەڵێنجرابێ، یان گوێزرابێتەوە، ئەوا دانەری ئەو کارەی پێشوو، دەبێتە هاوبەش لە کارە نوێیەکە.

سێیەم: سیناریستی کارێکی ئەدەبی، ئەو کەسەی کە کارێکی ئەدەبیی هەڵگێرابێتەوە، دانەری دیالۆگ و دەرهێنەر، بە هەڤرا مافی ئەوەیان هەیە کە کارە نوێیەکە نیشان بدرێ، بەبێ ئەوەی دانەری کارە ئەدەبییە ئۆریجناڵەکە، یان دانەری مۆسیقاکەی، مافی پەڵپگرتنیان هەبێ. بەمەرجێ ئەوە نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی ئەوان لە دانانی کارەکەدا و هەر یەك لە دانەری بەشی ئەدەبی و بەشی مۆسیقا، مافی بڵاوکردنەوەی ئەو بەشەی هەیە کە تایبەتە بە خۆی بە میتۆدێکی تر جگە لە سینەما و ئێزگەو رادیۆ و تەلەفزیۆن، ئەگەر لەسەری رێککەوتنێکی پێچەوانە نەکرابێ.

چوارەم: ئەگەر یەکێ لەو کەسانەی بەشداربوون لە دانانی کارێکدا، ئەو ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆیەوە ئەنجام نەدا، یان ئەو کارەی تەواو نەکرد لێی داواکراوە، ئەوە نابێتە سۆنگەی ئەوەی کە بەشداربووەکانی دیکە ئەو بەشەی ئەو کەسە تەواوی کردووە، بەکارنەهێنن، بەمەرجێ نەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئەو مافانەی کە بۆ هەریەکەیان بەهۆی بەشداریکردنیەوە لە دانانی کارەکە، دێتەئاراوە.

پێنجەم: ئەو کەسەی کارێکی سینەمایی یان رادیۆیی یان تەلەفزیۆنی دێنێتەدی، یان بەرپرسیارەتی وەدیهێنانی دەخاتە ئەستۆی خۆیەوەو دەستاوێژی ماددی و دارایی بۆ بەرهەمهێنان و دەرهێنانی ئەو کارە دەخاتە بەردەست دانەرەکانەوە، بە بەرهەمهێنەری کارەکە دادەنرێ. بەرهەمهێنەر لەو ماوەیەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە، بۆ بەکارهێنانی کارەکە، دەبێتە نوێنەری دانەرەکانی ئەو کارە و وەچەکانیان بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کەسی دیکەدا بۆ نیشاندان و وەبەرهێنانی کارەکە، بەمەرجێ ئەوە نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی دانەری کارە ئەدەبی و مۆسیقییە وەرگیراوەکان، مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانە کرابێ.

شەشەم: لەسەر بەرهەمهێنەری کاری سینەمایی و بیستراو- دیتراو پێویستە، گرێبەستی نووسراو لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا مۆر بکات کە کارەکانیان لە بەرهەمهێنانی کاری سینەمایی و بیستراو- دیتراودا بەکاردێنێ و هەموو مافە داراییەکانیش دەبنە هی بەرهەمهێنەر لەگەڵ دیاریکردنی مەودای کات و شوێنی وەبەرهێنان، مەگەر رێککەوتنێکی پێچەوانە کرابێ.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کەس نیەتی، ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە بەو سیغە کوردی و عەرەبیەی کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، تا بەیانی سەعات 10ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین، هەربژین.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د.حسن محمد سوره
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بايز اسماعيل
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (29)**

**چوار شەممە رێكەوتی 2012\12\12**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (29)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/12/12

**کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/12/12 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (29)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/12/12 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

**2-پەسند کردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 29، ڕۆژی دانیشتن 2012/12/12، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 29 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات10 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ ڕێکەوتی 2012/12/12 بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

2-پەسند كردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی 2011

ئێستاش بەرێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامە بەرێزانە ئەخوێنێتەوە كە كە مۆڵەت بوون یان ئەمادە نەبوون با بفەرموێ

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیستنی ژمارە 28 ئاسایی لە ڕۆژی 12/11 مۆڵەت پێدراون یان ئامادە نەبوون

1-قادر حسن قادر-مۆڵەت

2-برهان رشید-مۆڵەت

3-دانا سعید صۆفی-مۆڵەت

4-ڕازاو محمود فرج-مۆڵەت

5-ڕێباز فتاح-مۆڵەت

6-صبیحە احمد-مۆڵەت

7-عبدالقادر اكرام-ئامادە نەبوو

8-كوێستان محمد-مۆڵەت

9-یاووز خورشید-مۆڵەت

10-لیلی امیر-مۆڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی كار خاڵی یەكەم (بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پیشنیاری یاسای پاراستنی خاوەندارێتی هزری و هونەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق) داوا لە لیژنەكانی یاسایی و ڕۆشنبیری ئەكەین بفەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، لیژنەی ڕۆشنبیری گەیشتبووینە ماددەی (23)، فەرموو دەست پێبكەن

**بەرێز عونی كمال بەزاز**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

**المادة الثالثة والعشرون:**

**اولا:** في حالة الاشتراك في تاليف مصنفات الموسيقى الغنائية، يكون لمؤلف الشطر الموسيقي وحده الحق في الترخيص بالاداء العلني لكل المصنف المشترك او بتنفيذه او بنشره او بعمل نسخ منه مع عدم الاخلال بحق مؤلف

الشطر الادبي، ويكون لهذا المؤلف الحق في نشر شطره الادبي وحده، على أن لا يجوز له التصرف فيه ليكون أساسا لمصنف موسيقي آخر، ما لم يتفق على غير ذلك.

**ثانيا:** في حالة الاشتراك في تاليف المصنفات التي تنفذ بحركات مصحوبة بموسيقى او في الاستعراضات المصحوبة بموسيقى وفي جميع المصنفات المشابهة، يكون لمؤلف الشطر غير الموسيقي الحق في الترخيص بالاداء العلني لكل المصنف المشترك بتنفيذه او بعمل نسخ منه ويكون لمؤلف الشطر الموسيقي حق التصرف في الشطر الموسيقي وحده بشرط أن لا يستعمل في مصنف مشابه للمصنف المشترك، ما لم يتفق على غير ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەراستی ئەگەر هەندێك موراعاتمان نەكەن لە پرۆتۆكۆلەكان تۆمار نابێ ئەو دەنگانە، تكا ئەكەين هەندێ موراعاتمان بكەن، فەرموو بە كوردیەكەی بیخوێننەوە

**بەڕێز دڵشاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**ماددەی بيست و سێيەم:**

یەكەم: لە باری بەشداریكردن لە دانانی كاری مۆسیقایی ستراندا، ئەوا دانەری بەشی مۆسیقا بەتەنێ مافی مۆڵەتدان بە ئەدای ئاشكرای هەموو كارە هاوبەشەكە یان جێبەجێكردن یان بڵاوكردنەوەی یان كۆپی هەڵگرتنەوەی هەیە، بەمەرجێ پێشێلی مافی بەشە ئەدەبییەكە نەكرێ، ئەو دانەرەش مافی ئەوەی هەیە بەشە ئەدەبیەكەی خۆی بڵاوبكاتەوە، بەڵام نابێ بەشێوەیەك رەفتار بكات كە ببێتە بنەمای كارێكی مۆسیقایی تر، مەگەر رێككەوتنێكی پێچەوانە كرابێ.

دووەم: لە باری بەشداریكردن لە دانانی كارێكدا كە جولەو مۆسیقای تێدا بێ یان لە نمایشێكی بە مۆسیقاو لە هەموو كارێكی تری هاوشێوەدا، ئەوا دانەری بەشی غەیرە مۆسیقا، مافی ئەوەی هەیە مۆڵەت بە ئەدای ئاشكرای هەموو كارە هاوبەشەكەو جێبەجێكردن، یان كۆپی هەڵگرتنەوە بدات و دانەری بەشی مۆسیقاش مافی لە بەشە مۆسیقییەكەی خۆی بەتەنیا هەیە، بەمەرجێ لە كارێكی هاوشێوەی كارە هاوبەشەكە بەكارنەهێنێ، مەگەر رێككەوتنێكی پێچەوانە هەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو كەس تێبینیان هەیە، كاك (صباح، نەژاد) فەرموو كاك صباح

**بەڕێز صباح بيت الله**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بە ڕەئی من لە جیاتی (لمولف الشطر الموسيقي) ئەوە بكرێتە (ملحن) بۆ ئەدەبیەتەكە بكرێتە (مولف)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە یەكەم پێم باشە بكرێتە (الاشتراك في تاليف مصنفات الموسيقى الغنائية) نەك (الموسیقیە الغنائیە)، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم هەر لە یەكەمدا، (ويكون للمؤلف) نەك (لهذا المؤلف)، یەعنی وا جوانتر ئەبێ، بە نیسبەت دووەم بە حەقیقەت دوو ڕەئی تێدایە، یەكەمیان ئەوەیە ئێمە دوو جۆرە ئیستیعرازاتمان هەیە، یەكیان ئەوەیە كە غیر فەنییە بە مەعنایەك، ئەویش مەسئەلەی فۆلكلۆرە، وەكو مەسەلەی (شاعیری فۆلكلۆری)، ئەوە موڵكی شەعبە، موڵكی كەس نیە، ئەوەی تر ئیمائاتی مەسرەحیە، وەكو (بالێ) مەسەلەن، یەعنی ئیمائاتی مەسرەحی ئیخراجی تێدایە، تەئلیفی تێدایە، یەعنی بە نموونە زۆرجاران هەیە ڕیوایەیەك ئەكرێتە باڵێیەك، وەكو ئەوەی كە (ئاناكارنینا)ی تۆلستۆی كرایتە باڵێیەك، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو دوو شتە لێك جیابكرێتەوە، مەوزوعی فۆلكلۆری شەعبی، ئیستیعرازاتی شەعبی و ئیمائاتی مەسرەحی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕێزان مەبەست لە شەتری موسەنەفاتی مۆسیقی مەبەست لەوە بوو بكرێ بە لەحەن، تەبعەن لە مۆسیقا، لەحن هەیە، تەئلیف هەیە، تەوزیع هەیە، یەعنی ئەم شەترە هەمووی ئەگرێتەوە، لەحن تەنها یەك جانب ئەگرێتەوە، بە نیسبەت خاڵی دووەم كە مامۆستا پێشنیاری لەسەر هەبوو ئەمە دوو بەشە، بە شێكی ئەو تەئلیفی مۆسیقا ئەكرێ كە خەڵكێك موشترەكە تێیدا، ئەو خەڵكەی بۆ نموونە شیعرێك ئەنووسم مۆسیقایەك بۆ ماددەیەكی مۆسیقی، ئەم شیعرە ئەكرێ بە ماددەیەكی مۆسیقی، من حەقی خۆمە دوایی ئەم شیعرە لە مجەلەیەكدا بڵاوبكەمەوە، بەڵام ناتوانم ئەم شیعرە جارێكی تر بدەم بە یەكێكی تر لەحنێكی مۆسیقی لەسەر دانێ هاوشێوەی ئەو، شەتری دووەمی عەكسەكەیەتی، من ئەگەر ئیشێك بكەم وەكو ئۆپێرا، هەتا وەكو سەمای فۆلكلۆر بتوانم ئیبداعی تێدا بكەم، ئێستا ئەزانن گرووپ دروست بووە، گروپی هەڵپەركێی كوردی كە شتی زۆر نوێیان داهێناوە و مۆسیقاشی لەگەڵە، ئەم مۆسیقایە خاوەنی ئەو كەسەی كە دایناوە حەقی هەیە ئەم مۆسیقایە بە بێ ئەوەی لەگەڵ سەمایەكدا بێ، هاوشێوەی ئەمە بێ،

بۆخۆی بە تەسجیل بلاّوی بکاتەوە و بڵێ مۆسیقای منە، وەکو چۆن مۆسیقای تەصویری فیلم کە دائەنرێ بۆ فیلمێك ناکرێ ئەو مۆسیقا تەصویرییە بۆ فیلمێکی تر دابنرێ، بەلاّم دەتوانم مۆسیقاکانم بەجیا بلاّوکەمەوە، ئەوە حەقی خۆمە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

حەقیقەتەن ئەوە وەلاّمی پرسیارەکەی من نەبوو، من لە فەقەرەی یەکەم من باسی ئەوەم نەکردووە مۆسیقا، ئەوە شتێکی وازیحە، وەکو تەوزیحی وازیحی لێهات ئەو مەوزوعە، من وتم (مصنفات الموسيقى الغنائية) ببێتە (مصنفات الموسيقى الغنائية)، یەعنی وازیحە شتەکە، لێرە ئەوە مەوزوعێکی تەقریبەن تارادەیەك لوغەویشە، پاشان وتم ( ویکون للمؤلف) نەك (لهذا المؤلف)، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە قانونیەکان هەمیشە ئەڵێن با قانونەکان کورت بن، ئەوە زیاتر باشترە، بە نیسبەت ئەوەی دووەم مەعلومە من نەمگوتووە، باسی ئەوەمان کردووە کە شتێك ئیبداعی تێدابێ بە موئەلیف حیساب ئەکرێ، بەلاّم ئێمە باسی فۆلکلۆریشمان کردیە، کە فۆلکلۆر فەنێکی شەعبیە، لەبەر ئەوە بە حەقیقەت فەنی شەعبی موڵکی شەعبە، کەواتە موئەلیفەکەی کێیە؟ دیار نیە، فۆلکلۆرە، بەلاّم یەکێك لەجیاتی ئەوە خاوەنداریەتی ئەکات ئەویش ئەبێ وەزارەت بێ، بەلاّم ئەوەی تر کە بالەیە کە بەنموونە هێنامانەوە، ئەوە ئیمائاتی مەسرەحی، ئەوە وەلاّمەکەی پرسیارەکەی من نەبوو بەراستی

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەتان بخوێنەوە لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

صیاغەکە بەو شێوە ئەبێ سەبارەت بەماددەی (23)

**المادة الثالثة والعشرون:**

**اولا:** في حالة الاشتراك في تأليف مصنفات الموسيقى الغنائية، يكون لمؤلف الشطر الموسيقي وحده الحق في الترخيص بالاداء العلني لكل المصنف المشترك او بتنفيذه او بنشره او بعمل نسخ منه مع عدم الاخلال بحق مؤلف الشطر الادبي، ويكون لهذا المؤلف الحق في نشر شطره الادبي وحده، على أن لا يجوز له التصرف فيه ليكون أساسا لمصنف موسيقي آخر، ما لم يتفق على غير ذلك.

**ثانيا:** في حالة الاشتراك في تاليف المصنفات التي تنفذ بحركات مصحوبة بموسيقى او في الاستعراضات المصحوبة بموسيقى وفي جميع المصنفات المشابهة، يكون لمؤلف الشطر غير الموسيقي الحق في الترخيص بالاداء العلني

لكل المصنف المشترك بتنفيذه او بعمل نسخ منه ويكون لمؤلف الشطر الموسيقي حق التصرف في الشطر الموسيقي وحده بشرط أن لا يستعمل في مصنف مشابه للمصنف المشترك، ما لم يتفق على غير ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەڵێين عەرەبيەكە ئەكەين بە ئەساس، كێ لەگەڵ دايە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ دوو كەس لەگەڵ دا نيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەيەكی تر

**بەڕێز عونی كمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

## الفصل السادس
## الاستخدام العادل والحر للمصنفات

**المادة الرابعة والعشرون:**

يجوز استعمال المصنفات المنشورة من دون اذن المؤلف ومن دون دفع اي مقابل مالي وفقا للشروط المنصوص عليها وفي الحالات الآتية:

**اولا:** تقديم المصنف او عرضه او القاءه او تمثيله او ايقاعه اذا حصل في اجتماع عائلي خاص ولا يتأتى عنه اي مردود مالي.

**ثانيا:** استعمال المصنف في مؤسسة تعليمية او ثقافية او اجتماعية على سبيل التوضيح للأغراض التعليمية ولا يتأتى عنه اي مردود مالي مع ذكر المصنف واسم مؤلفه.

**ثالثا:** يجوز للفرق الموسيقية اداء المصنفات الموسيقية ويشترط في ذلك كله أن لا يتأتى عنه اي مردود مالي وأن يتم ذكر المصدر واسم المؤلف اذا كان واردا بها.

**رابعا:** لاي شخص مكفوف الحق في عمل نسخة لمصنفات طبعت في نظام كتابة خاص بهم Braille لمصنفات ادبية او موسيقية منشورة وبالحروف البارزة او التسجيل الصوتي. ونسخ اي مصنف منشور بطريقة التصوير تلبية لاحتياجات فاقدي السمع، على أن لا يتعارض ذلك مع الاستغلال العادي للمصنف ولايسبب ضررا بغير مبرر للمصالح المشروعة للمؤلف.

خامسا:

1) يجوز لاي شخص طبيعي لاستعماله الشخصي الخاص ان ينسخ او يسجل او يصور نسخة واحدة من مصنف محمي على أن لا يتعارض مع الاستغلال العادي للمصنف ولا يسبب ضررا غير مبررا بالمصالح المشروعة لصاحب الحق.

2) لا يعد استعمال النسخة المنسوخة او المصورة ضمن شركة او في اي مكان عمل آخر استعمالا شخصيا وخاصا.

3)

**سادسا:** الاستشهاد بفقرات من مصنف سبق نشره، في مصنف آخر بهدف الايضاح، او الشرح، او المناقشة، او النقد، او التثقيف، او الاختبار وذلك بالقدر الذي يبرره هذا الهدف على أن يذكر المصنف واسم مؤلفه

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**فەسڵی شەشەم**

**بەکارهێنانی دادپەروەرو بەخۆڕایی کارەکان**

**ماددەی بیست و چوارەم:**

**بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەکرێ ئەو کارانەی بڵاوکراونەتەوە بەبێ مۆڵەتی دانەر و بەبێ ئەوەی بەرانبەرێکی دارایی پێ بدرێ لەم حاڵەتانەدا بەکاربهێندرێن:**

**یەکەم: ئەگەر کارەکە لە کۆبوونەوەیەکی بنەماڵەیی تایبەت کە هیچ داهاتێکی دارایی لێ نەکەوێتەوە، نیشان بدرێ یان بوترێتەوە یان نمایش بکرێ و بە ئیقاع لێ بدرێ.**

**دووەم: ئەگەر کارەکە بۆ مەبەستی فێرکردن بێت و هیچ داهاتێکی دارایی لێ وەدەست نەیەت و لە دامەزراوەیەکی فێرکاری یان کولتووری یان کۆمەڵایەتی بەکاربێ، بەمەرجێ ناوی کارو دانەرەکەی بهێندرێ.**

**سێیەم: دەکرێ تیپێکی مۆسیقا، کاری مۆسیقایی ئەدا بکات کە هیچ داهاتێکی دارایی لێ نەکەوێتەوە، بەمەرجێ ناوی سەرچاوەو ناوی دانەرەکەی بهێندرێ.**

**چوارەم: هەر کەسێکی نابینا مافی ئەوەی هەیە دانەیەك لەو کارانەی بە سیستەمی تایبەتیی نووسین (برایل) چاپکراون و بۆ کارە بڵاوکراوەی ئەدەبی و مۆسیقییەکان، بە پیتی زەق یان تۆماری دەنگی بۆی خۆی دروست بکات و کۆپی هەر کارێکی بڵاوکراوە بە لەبەرگرتنەوە بکرێ بۆ ئەو کەسانەش کە هەستی بیستنیان نییە، بەمەرجێ ئەوە ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەکارهێنانی ئاسایی کارەکەو زیانی بێ پاساو بە بەرژەوەندە ڕەوایەکانی دانەر نەگەیەنێ.**

**پێنجەم:**

1. هەر کەسێکی سروشتی بۆ بەکارهێنانی خۆی، دەتوانێ دانەیەك لە کارێکی پارێزراو بۆ خۆی کۆپی بکات یان تۆمار بکات یان وێنەی بگرێتەوە، بەمەرجێ لەگەڵ بەکارهێنانی ئاسایی کارەکە ناکۆك نەبێ و زیان بە بەرژەوەندە رەوایەکانی خاوەن ماف نەگەیەنێ.
2. بەکارهێنانی دانەیەکی کۆپیکراو یان وێنەیەکی لەبەرگیراوە لە چوارچێوەی کۆمپانیایەکدا یان لە هەر شوێنێکی دیکەی کارکردندا، بە بەکارهێنانی شەخسی و تایبەتی دانانرێ.

شەشەم: بەڵگەهێنانەوە بە برِگەکانی کارێکی پێشتر بڵاوکراوە، لە کارێکی تردا بە ئامانجی روونکردنەوە، یان راڤەکردن، یان وتوویژ، یان رەخنەلێگرتن، یان خۆ پەروەردەکردن و بەو رادەیەی کە ئەم ئامانجە پاساوی بۆ دێنێتەوە و بە مەرجی ناوی کارەکەو دانەرەکەی بهێندرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (یەشار نجم الدین، کاروان صالح، ئاهەنگ عارف، صباح بیت الله، سالار محمود، صباح برزنجی، نەژاد عزیز)، فەرموو کاك یەشار

**بەڕێز یەشار نجم الدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ماددەی 24 ی برِگەی یەکەمدا ئەگەر (بنەماڵە) بکرێتە (خێزانی) تەواوتر ئەبێ، تایبەت کە هیچ داهاتێکی دارایی لێنەکەوێتەوە، یان بوترێتەوە یان نمایش بکرێ و بە ئیقاع لێبدرێ، وشەی بە ئیقاع لێبدرێ، لادرێ لێرە پێویست ناکات، ئەگەر وشەی بە ئیقاع لێبدرێ مایەوە پرسیاری ئەوەی لێئەکرێ ئایا ناکرێ ئامێرێکی تری مۆسیقا بەکاربێ؟ ئەگەر تەنها بە ئیقاع بێ کەواتە چی دەبێ بۆ ئامێرەکانی تر؟ بەڵام ئەگەر وشەی بە ئیقاع لێبدرێ، لادرێ، هەر مۆسیقایەك بەکاربێ لە خێزانیدا ئەوە رێگری هیچ شتێك نابێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان

**بەڕێز کاروان صالح**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەسەر ماددەی 24 برِگەی پێنجەم کە لە دوو خاڵ پێکهاتووە پێم باشە نەمێنێ، بەهانەیەك دەبێ بۆ خەڵك بۆ ئەوەی هەرچی بەرهەمی هونەرمەند و داهێنەر و شێوەکار و هەرچی داهێنان هەیە ئەتوانی پاساو بدەیتە دەست خەڵك بۆ ئەوەی کۆپی بکات، بۆ کاری شەخصی خۆی بێ، بۆ هەر شتێك بێ، مەسەلەی کۆمپانیا بۆ رێگا بدرێ بە بێ ئیزنی داهێنەر و هونەرمەند؟ ئەزانین لە وڵاتی ئێمە هونەرمەند و ئەوانەی کە داهێنانیان هەیە لە چ حاڵەتێکدا ئەژین؟ لە هەموو دونیا زامنی حەیات و بەرهەمەکانی هونەرمەندان کراوە، هونەرمەند لە وڵاتی ئێمە لە خراپترین ئاست دا ئەژی، بۆیە ئەو دووخاڵە رێگە ئەدات لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی هونەرمەندا، هەرکەسێك لە راستەخۆی کۆپی بکات، دواجار بازرگانی پێئەکرێ،

ئەو دووخاڵە بە ڕەئی من لابدرێ، هیچ کەسێك نەتوانێ یاری بە بەرهەم و داهێنان و هونەری خەڵکانێکی ترەوە بکات، من پێم وایە ئەو مەسەلەیە شتێکی زۆر ناڕەوایە، تۆ ڕێگە بدەی کۆمپانیا بەرهەمی یان داهێنانی کەسانی تر بەکاربێنێ بە بێ موقابیل، چی تێدایە ئەگەر ئەو کۆمپانیایە مۆڵەت وەرگرێ لە خاوەن بەرهەم، وەکو خەڵکانی تر بڕێك لەو بەرهەمانەی ئەو داهێنەرە بکڕێت لە موقابیلی بڕێك پارە، ئەگەر هەر هاووڵاتیەك هات لە ماڵی خۆی لەسەر کۆمپیوتەر بەرهەمی هونەرمەندانی کۆپی کرد، یان هەوڵی ئەوەی دا ئەو بەرهەمە بە کەیفی خۆی، بێ موقابیل بڵاوبکاتەوە، هونەرمەندانی ئێمە لەو مەئزەقەی کە ئێستا تێیدان نەجاتیان نابێ، لە هەموو دونیا هیچ کەسێك بە قەد هونەرمەندانی کوردستان ماف خوراو نین، هەموو هونەرمەندانی ئێمە لەسەر قەرویڵەیەك بە نائومێدی ژیان لەدەست دەدەن، لەبەر ئەوەی باری ئابووری و هونەر و داهێنانەکانیان بێ نرخ دانراون، بۆیە ئەو دوو خاڵە پێشنیار ئەکەم لە لیژنەی تایبەت کە ئەو دوو خاڵە لابدرێ لەو مادده، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ئیستیفسارەکم هەیە لەسەر فەصلی شەشەم (الاستخدام العادل والحر للمصنفات)

پرسیارەکم هەیە، ئایا هەر دۆکۆمێنتەك یان موزەکەراتەکی پیاوەکی سیاسی، یان وەسیقەکی عاید بە ئەمنی قەومی ئەو وڵاتەی، ئایا دەچێتە بن باری ئەو ماددەیە؟ پرسیاری دووەم بە نیسبەت خامیسەن (يجوز لاي شخص طبيعي)، ئەوە دیسان خوتەکی عەسکەری هەیە، سەحافیەکی زۆر نزیك دەتوانێ نوسخەیەك بە ئەمانەت ئیستینساخ وەرگرێ لە وەسائیقی کە عایدە بە ئەمنی قەومی ئەو وڵاتەی دەچێتە بن باری ئەو قانونەی؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح

**بەڕێز صباح بيت الله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە نیسبەت ماددەی 24 خاڵی یەکەم (تقديم المصنف او عرضه او القاءه او تمثيله او ايقاعه اذا حصل في اجتماع عائلي خاص)، بە ڕەئی من ئەوە تەعاروزەکە لەگەڵ مافی کەسایەتی، چۆن گرتە ڤیدیۆیەکی عائیلی بڵاوئەکاتەوە ئەگەر موافەقەی عائیلی لەسەر نەبێتن؟ بە ڕەئی من ئەوە لادرێ (في اجتماع خاص غير عائلي) بە ڕەئی من وای لێبێ، لە خاڵی پێنجەم برگەی یەك (يجوز لاي شخص طبيعي لاستعماله الشخصي

الخاص) من بەش بەحاڵی خۆم تێناگەم، داوا لە لیژنەی هاوبەش ئەکەم تەوزیحی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بدات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار

**بەڕێز سالار محمود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا من ڕاسپاردەیەکم بۆ لیژنەی بەڕێز هەیە، لە ئەو ماددانەی کە موناقەشە کراون و بە تایبەتیش لەم ماددەش، هەندێ حاڵەت هەیە تەرکیز ئەکاتە سەر پاراستنی دانەر یان مافی تاکە کەس، من ڕام وایە ئەم یاسایە کە تەرکیز ئەکاتە سەر ئەو بەرهەمانە هەندێجار ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مافی گشتیەوە هەیە، بەرهەمەکان پەیوەندی بە میزاجی گشتیەوە هەیە، و زۆرجار بەرهەمەکان راستە بەرهەمی تاکە کەسن، بەڵام گوزارشت لە کۆی کەلتووری کۆمەڵگا ئەکەن، و کەناڵەکانیش ئەیگوازنەوە، ئەمە راستەوخۆ بێ یان نا راستەوخۆ هەندێ جار برینداری ئەگەر لە چوار چێوە یاسایەکەی بچێتە دەرەوە بریندارى مافە گشتیەکە ئەکات، لەم ڕوانگەوە من ڕام وایە بەدەر لەوەی کە تەرکیز ئەکەنە سەر پاراستنی دانەر، مافی گشتیش ڕەنگدانەوەی لە داکۆکی کردن لە مافەکاندا هەبێ، لە هەمانکاتیش لە بەرامبەردا هەر بەرهەمێك ئەگەر لە دەرەوەی کەلەپوور و لە دەرەوەی فۆلکلۆریش بوو داواکاری گشتی یان لایەنی مەعنی کە زۆر تەرکیز کراوەتە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوان بتوانن سکاڵا پێشکەش بکەن کە پەیوەندی هەبێ بە مافە گشتیەکان، خاڵی دووەم ئەوە پەیوەندی بە دارشتنی کوردیەکەوە هەیە، هیوادارم دیقەتی زۆرتری تیا بکرێ، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە بنەماڵەیی هەیە، بە خێزانیش موعالەجە ناکرێ، بە ڕای من کۆمەڵایەتی ڕاسترە، ئەوە دابنرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە من لە دووەمەوە دەست پێدەکەم، بێگومان عیبرەت لە دەرکردنی ئەو قانونە پاراستنی موڵکی فیکریە، یەعنی ئەساسی مەوزوع پاراستنی موڵکی فیکریە، ئەوەی دووەم تێك ناکاتەوە لەگەڵ ئەوەی، مەسەلەن ئەوەی یەکەم موشکیلەیەك نیە، یەعنی مەوزوعەکە تێ ئەگەم ئەوەیە یەعنی ئەگەر شتێك لە ئیجتیماعێکی بچووك کە ئەوە نەشر نابێ، بەو مەعنایەیە، وابزانم بڕادەرانیش هەروایان دارشتووە، بە نیسبەت (استعمال المصنف في مؤسسة تعليمية او ثقافية او اجتماعية على سبيل التوضيح للأغراض

التعليمية) بێگومان هەمووی ئەوانە مولکیەی فیکری ناپارێزن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانە مەربووتن بە وەزارەتی موعەینەوە، مەسەلەن وەزارەتی تەربیە مولکیەی فیکری دانەرێك بەکاردێنێ لە تەدریس، ئەیکاتە مەنهەج، یان شتێکی لەو بابەتە، ئەوە حەقی دانەرە کە حەقی خۆی وەرگرێ، لە ناحیەی سەقافیەوە، وەزارەتی سەقافەمان هەیە، لە زۆر ئەو وەزارەتە پەیوەندیدارنە، بە ڕەئی من ئەوە هەڵبگیرێ، یان ئەوەتا دەستنیشانی ئەوە بکرێ کە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، یان لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەریان بێ کە حەقی دانەر نەخۆن، لەبەر ئەوەی خۆی قانونەکە پاراستنی موڵکیەتە، بە نیسبەت پێنجەم، یەکەم حەقە ئەو حەقە بەکەس نەدرێ، چونکە نەسخ لەیەك شەخصەوە دەست پێ دەکات، دوایی بڵاو ئەبێتەوە، هەر لە یەك شەخص دەست پێ ئەکات، دوایی ئەو حەقە بەکەس نەدرێ، کە ئەڵێ (يجوز لاي شخص طبيعي لاستعماله الشخصي) تەسویر بکات و ئەمانە بکات، بەراستی پێم وایە ئەو فەقەرەیە لادرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەرستیدا ئەم فەصلە بەگشتی نەقزی قانونەکە ئەکات، یەعنی ئەگەر ئێمە وردی بکەینەوە قانونەکە بۆ پاراستنی موڵکیەتی فێکری و هونەری، بەڵام ئەم فەصلە هاتووە مەجموعەیەکی زۆر ئیستیسنائاتی هێناوە بەسەر محتەوای قانونەکەدا، یەعنی خۆتان ئەزانن کە عینوانی فەصلەکە (الاستخدام العادل والحر للمصنفات) جارێ وشەی (العادل) هەر موبەڕیری نیە، چونکە عادل ئەو کەسەیە کە خاوەنداریەتی فیکری هەبێ لەسەر شتێك و تەنیا بە ئیزنی خۆی و بە مەرجەکانی خۆی ئەوکارە بەکاربێنێ، یان ئەو بەرهەمە بەکاربێنێ، بۆیە یەکەم، مەسەلەکە عادیلانە نیە، بەس ئیستیسنائەن، ئەوە مەجموعەیەك ئیستیسنائاتە کە نەقزی قانونەکە ئەکات لە بنەڕەتدا، ئێمە چۆن بزانین ئەمە ئیستیخدامێکی عادیلانەیە؟ نووسراوە (العادل)، هەتا تەرجەمەش کراوە بە (دادپەروەرانە)، خۆی مەبدەئێکی تریشمان هەیە کە کاتێك تۆ مەجموعەیەك حالات ئیستیسنا ئەکەی لە ئەصلی قەواعید نابێ ئەوەندە فراوانی بکەی کە ئیتر نەقزی قانونەکەت بۆ بکات، یەك نموونەی بەسیت، لە پێنجەم کە ئەڵێ (يجوز لاي شخص طبيعي لاستعماله الشخصي) هەر کەسێکی تەبیعی ئەتوانێ بۆ بەکارهێنانی شەخصی خۆی ئەو بەرهەمە بەکاربێنێ، هەر کەسێك کە ئەچێ نوسخەیەك ئەکات یان نوسخەیەك وەرئەگرێ بەکاری ئەهێنێ ئەتوانێ لە مەحکەمە ئیدیعا بکات بڵێ ئەمە بۆ بەکارهێنانی خۆم کردوومە، حوسنی نیەتیش هەمیشە موفتەڕەزە، یەعنی تۆ هیچ خاوەن بەرهەمێك ناتوانێ موحاسەبەی کەسێك بکات کە ئیستینساخی بەرهەمەکەی ئەوی کردووە، چونکە ئەڵێ من بۆ بەکارهێنانی تایبەتی خۆم ئەو نوسخەیەم لێ گرتۆتەوە، بۆ نموونەیەکی زۆر بەسیت، ئێستا مەکتەبەی شامیلە هەیە، هەزاران تێدا کۆکراوەتەوە، نوسخە ئەصڵییەکەی گرانە، بەڵام نوسخەی کۆپی بڵاو دەبێتەوە لەناو خەڵکدا، بەڵام یەکەمین مەرج کە لەسەری دادەنێ، کە دەیخەیتە ناو کۆمپیوتەر

دەبێ سوێند بخۆی کە ئەمە نوسخەی ئەصڵییە، بەڵام نوسخەکەش کۆپییە، کابرا لەوێدا ئیرتیکابی حەرامێك دەکا دەڵێ لەم کارەم نوسخەی ئەصڵیم بەکارهێناوە، لێرەدا کابرا دەڵێ بۆ ئیستیخدامی شەخسییە، بەڵام بەدەستهێنانی ئەم نوسخەیە لەئەساسدا نوسخە ئەصڵییەکە موئەسەسات و چەند کەسێك کاریان تێدا کردووە، پارەی زۆری تێدا سەرف کراوە، حەقی ئەو خەڵکە دەفەوتێ، بۆیە بەڕاستی ئەم ماددەیە و ماددەکانی دواتریش لەڕاستیدا نەقزی قانونەکە دەکا، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوەندە تەوەسوع نەکرێ لەئیستسنادا تەنها بوترێ بۆ ئەغرازی تەعلیمی، یا بۆ ئەغرازی قەزایی، یا بۆ ئەغرازی تەسنیفی و لە نیتاقێکی مەحدوددا، بە مەرجێك هیچ مەردودێکی ماددی لێنەکەوێتەوە، ئەوە وا دەکا کە قانونەکە وەکو خۆی غەرەزەکەی خۆی بپێکێ، هیچ کێشەیەك دروست نەکا، بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی موڵکداریەتی فکری و هونەرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم فەصڵە بەگشتی داندراوە (ئیستیسنائاتە) ئیتر ناوەکەی کراوە بە ( الاستخدام العادل والحر للمصنفات) ئەمە لە ئیتیفاقاتی دەولی وەرگیراوە، ڕەنگە زیاتر ئەمەریکییەکان پێش خەڵکی تر بەکاریان هێنابێ، چوار سەبەب بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، دیارە وەکو هەر حەقێك ئەوە حەقە، بەڵام کۆمەڵێك ئیستیسنائاتی هەیە، چونکە ناکرێت، هیچ حەقێك نییە موتڵەق بێ، بۆیە ئیستیسنائات لەسەر ئەم حەقە هەیە، ڕاستە وەکو خوشك و برایانی پەرلەمانتار وتیان بیلفیعل ئەمە ئیستیسنائاتە، ئەمە تەعاروزێکی هەیە لەگەڵ ماددەی (8)، چونکە لەوێ باسی حقوقەکان دەکا، بەڵام ئەوە ئیستیسنائاتە لەسەر ئەم حقوقانە، بەڵام لەبەر چوار سەبەب ئەو شتە کراوە.

یەکەمیان لەبەر غەرەز، لەهەر شتێك لەمانە غەرەزێك هەیە.

دوو، تەبیعەتی ئەو ماددەیەی کە مەشمولە بە حەقی موئەلیف، دەبێ لەوێدا بزانـدرێ ئایا ئیستیسنایەکە چی دەگرێتەوە، چی ناگرێتەوە؟ بابڵێین ئیستیسنا ئەوەی لەسەرە، ئەمە دوو.

سێیەم: چەندی لێ بەکاردەهێنین مەسەلەن بابڵێین، ئایا دانەیەك ئیستینساخ دەکەی؟ یا بابڵێین کەمێکی هائیل لەشتەکە، هەتا یان لە ئێقتیباس، ئایا کتێبەکە هەموو ئێقتیباس بکەی؟ تەبعەن ئەوە ئێقتیباس نییە، بۆیە ئەمە سێیەمین مەبدەئە، مەبدەئێکی تر ئەوەیە، بەڕاستی تەئسیر نەکاتە سەر بازاڕ، یەعنی زەرەر، دەبووری کاك نەژاد، لە کابرای دانەر نەدا، یەعنی بابڵێین ئەوە من وەکو وشە بەکاری دەهێنم، لەدانەر نەدا، یەعنی زەرەری پێنەگەیەنێ، بازاڕەکەی لێ ئەوە نەکا، ئەو چوار مەبدەئە دەبێ بەنەزەری ئێعتیبار وەربگیرێ لەدانانی ئەو ئیستیسنائەتانە، بۆیە من پێم وایە ئەمە لەزۆربەی قانونەکان بەم شێوەیە هاتووە، تەقریبەن ئەم ئیستیسنائەتانە وەکو هەر قانونێکی دیکە ئەو ئیستیسنائەتانە دەڵێ لەبەر

ئەو ئەسبابانەیە کە باسم کردن، وەکو بابڵێین دوا ڕەئیش هی پەرلەمانتارانە، ئایا چی لێ کەم دەکەنەوە و چی لێ زیاد دەکەن؟ سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینییەکەی خاتوو ئاهەنگ، پرسیاری لەسەر بەڵگەنامەی سەربازی، بەڕاستی بەڵگەنامەی سەربازی ناچێتە بابی موسەنەفاتەوە، یەعنی لەم یاسایەدا جێی نابێتەوە، بەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ وەسائیقی عەسکەریدا ناکرێ، وەسائیقی عەسکەری مامەڵە پێکردنی بەڕاستی دیاری کراوە، دەچێتە چوارچێوەی یاسای پاراستنی بەڵگەنامەکان کە لەپەرلەمان خوێندنەوەی بۆکراوە، بەتەسەوڕی من تاڕادەیەکیش ئامادەیە بۆ ئەوەی بێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە بۆ گفتوگۆ، لەوە چارەسەری بۆ کراوە، هەروەها لە یاسای بەدەست هێنانی زانیاریش بەهەمان شت لەوێشدا باسی ئەو بەڵگەنامانە کراوە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە تەعامول لەگەڵ بەڵگەنامەی عەسکەری ناکات، ناچێتە بابی موسەنەفاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من ئەوە نەبوو، پرسیارەکەی من دەڵێم هەندێك موزەکەرات، هەندێ وەسائیقی تێدایە، مەسەلەن لە ئەمەریکای هەر سیاسییەك دەڵێ پاشی (10)ساڵی دی موزەکراتەکەت حەقی نەشری هەیە، زۆر سیاسی هەیە دەکوژرێ پێش ئەوەی بتوانێ ئەو موزەکەراتەی تەواو بکا، بۆنموونە لە حەربی عێراقی (گلاس پیك)ی سەفیرەی ئەمەریکی ئەوە نموونەیەکی زۆر، زۆر زیندووە لەسەر ئەوەی، دوو لەحەربی سوێس ئەو سیراعەی لەنێوان (حەسەنی هەیکەل و ساداتی) پەیدابوو لەسەر خوتەی سوێس بوو، لەسەر ئیستینساخی یەك خوتە بوو کەگرانیت وەن، کە گرانیتویان پێ دەگوت، کە ئەنوەر سادات قبولی نەکرد بیداتە محمد حسن هەیکەلی بەگیانی تەقییەوە، ئەوانە هەموو ڕاستە ئەوە موزەکەراتە، بەڵام ئەتۆ سەحەفییەك نزیکە لەتۆ، عەسکەری نییە، ئەو موئەلیفە، موزەکەرات زۆر، زۆر دەبێتە حەقی عام، یەعنی ئایا دەچێتە ژێر ئەو بارەی؟ ئەمنیش دەزانم وەسائیقی عەسکەری سڕی لە نێوان وەزارەتی دیفاع تەداول دەکا، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ روونكردنەوە هەر شتێك بڵاو بكرێتەوە، ئەگەر موزەكەرات بێ، وەسائیق بێ، وەكو بڵاو كراوە بڵاو بكرێتەوە دەچێتە خانەی بەرهەم هێنراو، بەم یاسایە مەحمی دەبێ، بەڵام شتێك بڵاو نەكرابێتەوە، وەسائیق نا، موزەكەرات، هەر موزەكەراتێك بڵاو بكرێتەوە لەچوارچێوەی ئەم یاسایە دەپارێزرێ، بەپێی ئەو مودەی كە بۆی داندراوە، لەدوای مودەی (50) ساڵی دوای مردن، دەبێتە حەقی عام، ئەوە هەر بۆ روونكردنەوە، بەڵام وەسائیق پەیوەندی نییە ئەگەر لەچوارچێوەی كتێبێكدا یان مەوسوعەیەكدا بڵاو نەكرێتەوە، كە بڵاوكرایەوە ئەو كاتە ئەم یاسایە دەیپارێزێ، ئەوی تر پەیوەندی بەیاسایەكی ترەوە هەیە، حەزدەكەم روونكردنەوەیەك بدەم، بەنیسبەت تێبینییەكانی د. صباح، من هەر بۆ تەوزیح، تەبعەن ئەم یاسایە كە داندراوە بەپێی ئەو ئیسنائاتانەی كە داندراوە پێیدەڵێن ئیستیسناء بۆچی پێی دەڵێین عادل ئەو حوڕ؟ لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی كاتێك تۆ كە دەڵێی ئیستیسناء حەقی مەوتڵەق كەسەكەی تر دەیبا، بەڵام لێرە حەقی موتڵەق ناڕوا، لێرە دەبێ ناوی موسەنەف یا حەقە مەعنەوییەكە دەمێنێ، كە ناوی موسەنەفە، كە ناونیشانی موسەنەفە، كەناوی موئەلیفەكەیە دەمێنێ، حەقە مالییەكەی دەبەخشرێ بەوی تر، ئەمە بەپێی ئیتیفاقییەی بێرن ماددەی (9) بڕگەی (2)، ماددەی (10) بڕگەی (2)، ماددەی (11) بڕگەی (2) هەمووی داندراوە كە هەموو دەوڵەتان دەبێ ئیلزام بن پێیەوە بۆ ئەم بوارانە، دەبێ ڕێگا بدرێ كە حەقی موئەلیف بەبێ ئیزن، بەمەرجێك ناوی موئەلیف و دانەرەكە بهێندرێ، بەكاربهێندرێ لەوانەی كە باسكرا، بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی كاك كاروان بەڵێ منیش ڕام وایە، بڕگەی (5) پێم وایە لابدرێ، تەسەوردەكەم ئەوە ئیستیغلالی شتی تری لەپشتەوە دەكرێ، رەنگ بێ ئەگەر لەداهاتوو بزانین شتەكان ئاسایی بۆوە، ئەوە ئاسایی ترە، بەس تەسەوڕ دەكەم، منیش هاوڕام لەسەر ئەوەی ئەو بڕگەیە لابدرێ كە هەندێ برادەری دیكەش پێشنیاریان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ویستم ئەوە بڵێم كە لەئەصڵی پڕۆژە پێشكەشكراوەكەدا لەماددەی (14) دەڵێ (بالامكان ودون اجازة من المؤلف ودون تعويضه اجراء عمل استنساخ او تصوير المنجز او تسجيل نسخة منه للاستعمال القضائي والاداري وحسب الحاجة)، فەقەت ئەوەندە هاتووە، یەعنی ئەوەی كە ئیستیسنائە بۆ ئیستینساخ كردن یان لەبەر گرتنەوە، من پێم وایە دەبێ جیاوازیش بكرێ لەنێوانی موئەلەفێك كە وەكو كتێبێك وایە

لەگەڵ بەرهەمێکی هونەری، لەهەندێك وڵاتاندا ئیستینساخ کردنی یان کۆپی کردنی کتێب بۆنموونە تا (20)لاپەڕە ڕێگەی پێدەدرێت، دەبێ ئەوە جیا بکرێتەوە لەگەڵ بەرهەمی هونەری کە هەمووی کۆپی دەکرێ لەبازاڕەکاندا کە زۆر گلەیی لەهونەرمەندان و ئەوانەی کە بەرهەمی هونەرییان هەیە، دەڵێن کە بەرهەمەکانمان کۆپی دەکرێن و هیچ ڕەقابەیەکی لەسەر نییە، ئەگەر ئەو ماددەی ئێستا بەو شێوەی پەسەند بکرێ، پێم وایە زۆر ناکۆك دەبێ لەگەڵ ناوەرۆکی، من تەحەفوزم لەسەر ئەو ماددە هەیە، پێم وایە ئەوەی کە لەئەصڵی پڕۆژەیەدا هاتبوو ئەو ماددەیە کافییە لێرە جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی پێنجەم ڕا هەیە لا بچێ، بەڵام ئێمە پێمان وایە ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەین، خۆی ماددەی (8) هی ماددەی (24) ئەگەر ئێمە باسی بکەین، وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری باسی لەسەر بکەین، ئەڵێ ئەمە بڕگەیەکی ئیستیسنائییە لەئەصڵی ماددەکە، لەئەصڵی قانونەکە، هەندێك حقوقی پێداوە بەشەرتێك ئەو موسەنەفە مەنشور بووبێ، باشە لێرە ئەمەیان وەردەگرین بەنەزەری ئێعتیبار، ئەو موسەنەفەی کە مەنشور بووە بۆ ئەم ئەغرازانەی خوارەوە:

ئەغرازی تەعلیمی، یاخود بۆ ئەو کەسانەی کە چاویان نییە، بتوانن بە حروفی بارز بەکاری بهێنن، بەڵام بڕگەی پێنجەمی کە دەڵێ بۆ هەموو شەخسەکی تەبیعی هەیە بۆ ئیستیعمالی شەخسی خۆی جائیزە ئەو موسەنەفەی ئیستینساخ بکا، بەڵام شەرتی داناوە، مەشروتی کردووە، دەڵێ نابێ زەرەرێك بدا بە مەصڵەحەت و بەمەشروعیەتی ساحێبی حەقی موئەلیف، بڕگەی دووەمی کە باسی کردووە دەڵێ بۆ شەریکە (لا يعد استعمال النسخة المنسوخة او المصورة ضمن شركة او في اي مكان عمل آخر) بۆ ئەو کەسانەش، بۆ ئەو شەریکە و دارو نەشرانەش کە بەکاری دەهێنن، بە (لا يعد) هێناویەتی، یەعنی لەئەصڵدا فەتعەن نابێ بۆ غەرەزی ربح و تیجارەتی دارە نەشرەکە بێ، ئیلا بۆ ئەغرازی شەخسی نەبێ، ئەگەر ئەم ماددەیە بمێنێتەوە ماددەی (24) دەبێ فەقەرە پێنجەکەشی لەگەڵدا بمێنێتەوە، چونکە تەکمیلەی یەکتری دەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە ڕامان وایە، من بۆخۆم ئەوە ڕەئی خۆمە بڕگەی پێنجەم بەو سیغەیە بمێنێتەوە، چونکە شەخسی تەبیعی بە (يجوز) هاتووە بەشەرتی زەرەر نەدان، بەواتا مەفهەومی موخالفی ئەگەر زەرەری دا لەبابە عقوباتەکاندا کە تێیدایە سزای خۆی وەردەگرێ، دووەم بەنیسبەتی ئەو شەریکەی کە باسی لەسەر دەکا، ئەویش ئیستیعمالەکە بۆ شەخسییە، بەحەسر هاتووە، لەبەر ئەوە نابێ لا بدرێ و پێویستە بمێنێتەوە لەشوێنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز كاروان صالح أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە بڕگەی پێنجەم ئەو دوو خاڵە ئەگەر لانەدرێ پاساو دەدەیتە هەر هاووڵاتییەك، هەركەسێكی تەبیعی كە كۆپی بەرهەمەكانی داهێنران و هونەرمەندان و ئەوانە بكا، ئیستیغلال و ئیستیسماری ئەو ڕێگە پێدانە دەكا، دوایی ئەوە كۆمپانیا ئەگەر بۆ روبحی نییە، بۆچی ئەو بەرهەم و داهێنان و ئەو تەسامیمانە بەكاردەهێنێ؟ ئەگەر بۆ ربحی نییە؟ كۆمپانیا بە چ قەسدێك ڕێگەی پێدەدرێ كۆپی بكا یان بەكاری بهێنێ؟ بەڕای من ئەوە مافەكانی داهێنەر و دانەر و هونەرمەندان ناپارێزی، بۆیە داوا دەكەم لە دوا جار ئەگەر نەگەیشتنە هیچ قەناعەتێك لیژنەی هاوبەش پێم وایە بیدەنە دەنگ، بۆ ئەوەی یەكلا بكرێتەوە، چونكە ئەوە لەبەرژەوەندی داهێنەرو دانەران نییە، ئەوە لەبەرژەوەندی هونەرمەندان و ئەو كەسانە نییە، هونەرمەندێكی شێوەكار، هونەرمەندێكی گۆرانی بێژ، هونەرمەندێكە مۆسیقی، هەركەسێ لەماڵی خۆی، كەسێكی تەبیعی لەماڵی خۆی كۆپی  بكا و بەكاری بهێنێ، كەواتە بەرهەمەكەی كەس لەبازاڕ نای كرێ، بۆیە من پێم وایە دەبێ چاو بخشێندرێتەوە بە بڕگەی پێنجەم لەماددەی بیست و چوارەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشە كرا، لیژنەی ڕۆشنبیری، لیژنەی یاسایی ئەگەر ڕەئی جیاواز هەیە هەردوو ڕەئییەكان بخەینە دەنگەوە، ئەگەر نا ئاخیر سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بەبڕگەی پێنجەم خیلاف هەیە، چەند ئەندام پەرلەمانێك داوا دەكەن ئەو بڕگەیە ئیلغا بكرێ، داوا لەسەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم ئەو ئیلغایەی بخاتە دەنگدانەوە، ئایا ئیلغا بكرێ؟ یان بمینێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پێشنیارێك هەیە بڕگەی (5) لەماددەی (24) ئیلغا بكرێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە ئیلغا بكرێتەوە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدایە بمینێتەوە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (4) كەس لەگەڵدایە بمینێتەوە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ ڕەتكرایەوە، فەرموو ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە

**الفصل السادس**

**الاستخدام العادل والحر للمصنفات**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**يجوز استعمال المصنفات المنشورة من دون اذن المؤلف ومن دون دفع اي مقابل مالي وفقا للشروط المنصوص عليها وفي الحالات الآتية:**

**اولا: تقديم المصنف او عرضه او القاءه او تمثيله او ايقاعه اذا حصل في اجتماع عائلي خاص ولا يتأتى عنه اي مردود مالي.**

**ثانيا: استعمال المصنف في مؤسسة تعليمية او ثقافية او اجتماعية على سبيل التوضيح للأغراض التعليمية ولا يتأتى عنه اي مردود مالي مع ذكر المصنف واسم مؤلفه.**

**ثالثا: يجوز للفرق الموسيقية اداء المصنفات الموسيقية ويشترط في ذلك كله أن لا يتأتى عنه اي مردود مالي وأن يتم ذكر المصدر واسم المؤلف اذا كان واردا بها.**

**رابعا: لأي شخص مكفوف الحق في عمل نسخة لمصنفات طبعت في نظام كتابة خاصه بهم Braille لمصنفات ادبية او موسيقية منشورة وبالحروف البارزة او التسجيل الصوتي. ونسخ اي مصنف منشور بطريقة التصوير تلبية لاحتياجات فاقدي السمع، على أن لا يتعارض ذلك مع الاستغلال العادي للمصنف ولايسبب ضررا بغير مبرر للمصالح المشروعة للمؤلف.**

**خامسا: الاستشهاد بفقرات من مصنف سبق نشره، في مصنف آخر بهدف الايضاح، او الشرح، او المناقشة، او النقد، او التثقيف، او الاختبار وذلك بالقدر الذي يبرره هذا الهدف على أن يذكر المصنف واسم مؤلفه.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس. (3) لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة و العشرون:**

**يجوز للصحف وغيرها من وسائل الاعلام:**

**اولا: أن تنشر من دون اذن المؤلف ومن غير دفع تعويض له الخطب والمحاضرات والاحاديث وغيرها من المصنفات المماثلة التي تلقى علنا او توجه الى الجمهور او مقتطفات منها. ويشترط في جميع هذه الحالات أن يذكر المصنف واسم مؤلفه على أن يكون لمؤلف اي من هذه المصنفات نشرها في مطبوع واحد او باية طريقة او صورة اخرى يختارها.**

**ثانيا:** ان تنسخ او تصور او تنقل من دون موافقة المؤلف او الناشر ما ينشر في الصحف والوسائل الاخرى من المقالات او اجزاء قصيرة من مصنف ما وذات طابع اخباري- سياسي او اقتصادي او ديني وغيرها التي تهم الرأي العام على أن يشار الى اسم المؤلف و المصدر الذي نقلت عنه، الا اذا ورد صراحة عدم جواز النقل عنها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەكوردییەكەی.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و پێنجەم:

دەشێ رۆژنامەكان و كەناڵەكانی دیكەی راگەیاندن:

یەكەم: بەبێ مۆڵەتی دانەرو بەبێ قەرەبووكردنەوە، وتار، لەكچەر، قسەو ئاخاوتن و كاری تری هاوشێوە كە بە ئاشكرا ئاراستەی جەماوەر كراون، هەر هەموو یان بەشێكیان لێ بڵاوبكەنەوە. لەهەموو ئەم بارانەشدا، دەبێ كارەكەو ناوی دانەرەكەی بهێندرێ. هەرچی دانەری هەر كام لەو كارانەشە، بۆی هەیە لە چاپكراوێكدا یان بە هەر رێگەو شێوەیەكی خۆی بیەوێت، بڵاوی بكاتەوە.

دووەم: بەبێ رەزامەندیی دانەر یان بڵاوكەرەوە، ئەو وتارانەی كە رواڵەتێكی نوچەیی سیاسی، یان ئابووری یان ئایینی و هی دیكەیان هەیە و بەلای رای گشتییەوە گرنگن بڵاوبكەنەوە بەمەرجێ ئاماژە بۆ ناوی دانەرو ئەو سەرچاوەیەی لێی وەرگیراوە بكرێ، مەگەر بە ئاشكرا گوترابێت كە نابێ هیچی لێ هەڵبگوزارێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، ئەم بەرێزانە ناویان نووسراوە ( ئاشتی خان، كاك يشار، د. احمد، كاك نەژاد، كاك صباح، د. عمر)، فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (25) لێرەدا تێبینی دەكرێ لەهەردوو فەقەرەكەدا بەتەنها باس لە حەقی موئەلیف كراوە، بەوە حەقەكەی پارێزراوە كە ئیشارەت بەناوی بكرێت، لەكاتێكدا كە بابەتێك یان وتارێكی پێشكەش كرد، لەشوێنێكی گشتیدا بۆی هەبێ ئەو سەحافەیە بەبێ ئەوەی كە پارە بدا بە موئەلیفەكە، یا بەبێ ئەوەی ئیزنی لێ وەربگرێ، لەبەر ئەوەی لەشوێنێكی تەبلیك و گشتیدا شتەكەی دابەزاندووە، ئەو مافی ئەوەی هەیە كە لەجەریدەدا دای بەزێنێتەوە، بەڵام لێرە ئیشارەت بەوە كراوە، یەعنی زۆر كەم لەو فەقەرەدا حقوقی موئەلیف پارێزراوە، یەعنی باس لەوە كراوە كە لەبەر ئەوەی رووبەرووی جمهوری

کردۆتەوە بۆی هەیە ئەو سەحافەیە موفتەتەفاتێك لە تێکستی ئەو کەسە وەربگرێت و جارێکی دیکە دایبەزێنێتەوە، من یەك پرسیار دەکەم، یەکێك لەناو کۆڕێکی موئەلیفێك یان نووسەرێك دانیشتووە، دوو سەعات موتەڵەقییە لەسەر بابەتێکی دیاری کراو، دواتر دەڕواتە دەرەوە دوو دێر تەلەفی دەکا لەمەفهومەکەی ئەو موفتەتەڤ دەکات و دەیباتە دەرەوە بەبێ ئەوەی مەفهومە سەرەکییەکە بگەیەنێ، یان مەفهومە ئەصڵییەکە بگەیەنێ، دەچێتە دەرەوانێ، ئەمە ئەلێرەدا ئیجحافە بەحەقی موئەلیف، یەعنی ڕاستە ئەو حەقی ئەوەی هەیە موفتەتەفێك لەکۆڕەکەی وەربگرێ، یا لەشتێکی بڵاو کراوە، بەڵام کە دەڕواتە دەرەوە بەلایەنی کەمەوە ئەگەر ئێمە باس لەلادانیش نەکەین، بڵێین بۆی نییە لا بدات لەمەفهومە ئەصڵییەکەی، چونکە لادان لەوانەیە بچێتە ناو هەندێك ڕێکاری یاسایی ترەوە، بەڵام خۆ حەقێك دەبێ بۆ موئەلیف بگەڕێنینەوە، بەلایەنی کەمەوە بڵێین مەفهومە ئەصڵییەکە بگەیەنێ، یەعنی هەر هیچ نەبێ قەزیەکە بگەیەنێ، دوو دێڕ وەردەگرێ بە موجەرەدی، دوو دێڕەکەی پێش ئەوە تەرك دەکات، دوو دێڕ وەردەگرێ، دەڕواتە دەرەوە لەسەر ئەم دوو دێڕە مەسەلەیەکی گشتی دەنووسێ، بەبڕوای من ئەوە حەقی موئەلیف دەخوات، ئینجا نازانم سیاغەکە چۆنە؟ بەڵام لێرەدا ئیزافەیەك بکرێ بۆ حەقی موئەلیف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یشار.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (25) لەبڕگەی (1)دا بەبێ مۆڵەتی دانەر و بەبێ قەرەبوو وتار و لەکچەر و قسە و ئاخاوتن و کاری تر، ئەو کاری ترە شتی زۆر لەخۆ دەگرێ، کە دەڵێین کاری تر لەوانەیە هەر کارێك بێ بڵێ ئەوە کاری ترە، یەعنی بێ ئەو شتانەی کە لێرەدا هاتووە هەرشتێکی تر بێ، بۆ نموونە ئەگەر شاعیرێك کۆمەڵە شیعرێکی خۆی لەکۆڕێکدا بۆ جەماوەر خوێندەوە دواتر ئەو کۆمەڵە شیعرەی ئەو شاعیرە هەر دەزگایەك بچێ چاپی بکاتەوە ئەوە لە بواری هەر کارێکی تر دایە، شیعرەکە با ناوی شاعیرەکەشی لەسەر بنووسرێ، خۆ لەساڵانی (1994 و 1995)دا شیعرەکانی عبداللە پەشێو هەر بەم شێوەیە بوو، کۆمەڵەیەکی خۆی خوێندەوە، دواتر دیوانەکەیان چاپ کرد و بەبێ ئاگاداری خۆشی فرۆشتیانەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو جۆرە شتانە بگرین، ئەو کاری ترە لا بدرێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. أحمد.

**بەڕێز د. أحمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنیا یەك تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، زۆر جاران ڕۆژنامە و هۆكارەكانی ڕاگەیاندن كە موقتەتەفێك یان وتارێك یان نوقتەیەك بڵاو دەكەنەوە كە لەموئەلیفێك وەری دەگرن، دەیشێوێنن، بۆیە زۆر جار كێشە دروست دەبێ لەنێوانی ئەم دام و دەزگایانە، لەنێوانی خاوەنی ئەو بەرهەمە، لەدادگایەكان زۆر كێشەی وا هەیە، بۆیە من پێم باشە لێرە یەك فەقەرە زیاد بكرێ، (یجوز للصحف وغیرها من وسائل الاعلام أن تنشر من دون اذن المؤلف ومن غیر دفع تعویض لە الخطب والمحاضرات والاحادیث دون تأویلە وتحریفة ودون الاضرار بمحتواها)، ئەمە لەپێناو ئەوەی كەوا ئەو كێشانەی كە دروست دەبێ لەئەنجامی گواستنەوەی ئەو موقتەتەفاتانە كە هەندێ جاران تەعریفی تێدەكەوێ یان دەیشێوێنێ یان وشەیەك یان ڕستەیەك لەوێ لادەبا كە ماناكەی دەگۆڕێ، ناوەرۆكەكەی دەگۆڕێ، ڕەنگە خاوەنەكەی تووشی هەندێ گیرو گرفت بێتەوە، هەتا بۆ فەقەرەی دووەمیش ئەم بڕگەیە دەشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەقەتەن منیش لەگەڵ هەندێك لەو برادەرانە دام، بەتایبەتی تێبینییەكانی ئاشتی خان مەعقول بوون لەو بارەیەوە، بەڵام دیسانەكە وەكو خەبەر تێیدا هەیە كە وەكو خەبەر نەك نسووس، چونكە نسووس فەرقی هەیە، تۆ شتێك نەقل بكەی لەگەڵ خەبەر، لەگەڵ ئەوەدامە بەڕاستی، بەڵام ئەمە یەعنی هیچ ناماقولیەكی تێدانییە لەناحییەی ئەوەی وەكو خەبەر بڵاو بكرێتەوە، بەڵام نەس بڵاو بكرێتەوە، یەعنی نەسەكە زیاد لەحەدی خۆی بە حەقیقەت حەقی موئەلیف دەكەوێتن، یەعنی بەنموونە مەسەلەن لە تەلەفزیۆن یەعنی من نازانم لێرانە مومكینە ئەو شتە موتەبەع نەبێتن، یەكێك بانگ دەكەن موقابەلەیەكی لەگەڵ دەكەن، مەفروزە موفاكەئەیەكی موجزی بدرێتێ، مەسەلەن یەعنی، ئەوەشتی تێدا هەیە ئەو مەوزوعە، ئەگەر شتێك لەجەریدە بڵاو كرایەوە بەنەس لەو حاڵەتەدا كە جەریدەكە پێویستی بوو لۆ غەرەزێكە موعەیەن، لەوەختێكی موعەیەندا، ئەویش هەر پێویستی بەوەیە كە حقوقی پارێزراو بێ، بەڵام لێرەدا لەفەقەرەی یەكەم پێم وایە هەتا (اسم المؤلف)، بەس بێ (علی أن یكون لمؤلف اي من هذە المصنفات نشرها في مطبوع واحد او بایة طریقة)، ئەمن تێناگەم لەوە بەڕاستی، داوا لە لیژنە دەكەم بۆم روون بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە دوایی بۆی روون بكەنەوە تكایە، فەرموو كاك صباح.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (25)، یەکەم، لەڕێزی دووەم کە دەڵێ (المصنفات المماثلة التي تلقى علنا او توجه الى الجمهور او مقتطفات منها) من پێشنیار دەکەم ئەوەش ئیزافە بکرێتن (بشرط الاتكون مخالفة للنظام العام والاداب العامة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم لەڕاستیدا کە باس لە بڵاوکردنەوە دەکا بەبێ مۆڵەت و ئیزنی دانەر، هەروەها بەو مەرجەی کە ناوی سەرچاوەکە و ناوی دانەرەکە بهێنـدرێ، دوای ئـەوەش باسـی ئـەوە دەکـا کـە ئـەو بەرهەمـە نەشـر کرابێ لە مەتبوعێکدا یان بەهەر ڕێگایەکی تر، پرسیارەکە لێرە دایە، ئایا مەبەست لەوەدایە ئەگەر یـەکێك موحازەرەیەك پێشکەش دەکا، وتارێـك دەدا، بەنەشـر کردنـەوەی لەلایـەن دام و دەزگایـەکانی ڕاگەیاندنـەوە ئەو کاتە دەبێ کـە ئەمـە چاپ بکـرێ و بـڵاو بکرێتـەوە؟ ئایـا مەبەسـت لەوەیـە؟ بەڕاسـتی ڕوونکردنـەوەی زیاتری دەوێ، سەرەنجی دووەمیشم ئەوەیە لەڕاستیدا ئەوەی کە پێی دەوترێ بەکارهێنانێکی ئینتیقائییانە، واتە بۆڵ بژێریانە، ئەمە دەردێکی بەڕاستی گرانە لەناو ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئێمـە دا، یـەکێك قسـە دەکا، وتار دەدا، ئەوان دەچن لەناو وتارەکەی دا بەشێکی کەم، یان واتە لەناو هێشووە ترێیەکەدا ئەو بۆڵووە بەکاردەهێنن کە خۆیان دەیانەوێ، ئەمە زۆرجار کار دەکاتە سەر لەڕاستی شـێواندنی نـاوەڕۆك و مەبەسـتی ئەو کە قسەی کردووە، موحازەرەی داوە، وتاری داوە، بۆیە من بەڕاستی تەئیدی ئەو بۆچوونەی هەم ئاشتی خان دەکەم هەم د. احمد دەکەم کە ئیزافەیەك هـەبێ بـەوەی کـە بـەبێ ئـەوەی کـار بکاتـە سـەر شـێواندنی ناوەڕۆك و مەبەستی ئەو کەسەی کە دانەرە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە تایبەتە بە ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، ئەوانە دوو کاری زانیاری بە خەڵك دەگەیەنن، هەواڵ بە خەڵك دەگەیەنن، ئەوە مەبەستەکەیە لێرانە، دوو: بەنیسبەت بڕگەی یەکەم، مەبەست ئەو موسەننەفاتە ئەو کارانەیە کە بەدەم ئاڕاستەی خەڵك دەکرێن، یەعنی ( تلقى شفاهاً) بە عەرەبی پێی دەوترێ، بۆیە (الخطب، المحاضرات، الاحاديث وغيرها من المصنفات المماثلة) نەك مەسەلەن

**باسی کتێب نیه، باسی شتی دیکه نیه، یەعنی بیزەبت تەنیا ئەو موسەننەفاتانە بە شەفەوی ئاڕاستەی جمهور دەکرێن و بە عەلەنیش و لە بۆ خەڵك، لێرانە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆیان هەیە مەبەستی ئیخباری لە بۆ ئەوەی مەعلوماتێك بە جمهور بگەیەنن لە ڕێگەی کەناڵەکان دێن دەتوانن بڵاوی بکەنەوە، بۆ نموونە ئەم دانیشتنەی ئێمە ئێستا ئەوە دەکرێ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بیگوازنەوە، بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرن، بەبێ ئەوەی شتێکیش ئەمە حەقی خەڵکە، یان بەشێکی لێ وەرگرن، بڵێین ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان کرا، واو واو وا الی اخرە، کە ئەوە موتتەبەعە لە هەموو دونیا، ئەمەیان یەك، دەمینێتەوە نووسراوە (على أن يكون للمؤلف أين من هذا نشرها في مطبوع واحد او بأي طريقة) دوای ئەوە مەسەلەن با بڵێین من لە شوێنێك موحازەرەیەکم گوتووە، با لە تەلەفزیۆنیش بڵاوکرابێتەوە، بۆم هەیە بە کوڕڕاسێك بڵاوی بکەمەوە بۆ خۆم، ئەوە ڕێ لە من ناگرێ وەکو دواندەر دوای ئەوە بۆ خۆم بچم لە کوڕڕاسێك یان بە مەتبوعێك بڵاوی بکەمەوە یان بە هەر شکلێکی دیکە خۆم بڵاوی بکەمەوە، یان لە سایتی ئەلیکترۆنی بڵاوی بکەمەوە، یەعنی ئەو حەقە لە من ناسەندرێتەوە وەکو موئەلیف، لەبەرئەوەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوکراوەتەوە، پێم وایە مەفهوم و وازیحە، بەنیسبەت دووەم: ئەوە پەیوەندی لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆیانەوە هەیە، مەسەلەن من نموونەیەك دێنمەوە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان تابیعێکی ئیخباری ڕۆژانە هەیە باسی ئوپەڕاسیۆنەکانی دیجلە دەکا و ئایا شەڕ دەبێ، شەڕ نابێ، چ دەبێ؟ لە دەیان کەناڵی ڕاگەیاندن شت بڵاو دەکەنەوە، ئەرێ بەڕاستی کەناڵێکی دیکەی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە بۆی نیە شتێك موقتەتەفاتێك لە بۆ غەرەزی ئیخباری بڵاوی بکاتەوە؟ بەڵام مەرجی هەیە، پێشتر بڵاوکرابێتەوە ئەوەلەن، ئەوەیە دەبێ ئیشارەت بە مەسدەرەکە بدات، بە ڕۆژەکە بدات، یەعنی بۆ ئەوەی مافی ئەو نەخورێ، بۆیە ئەمە موتتەبەعیشە ئەمە لە تەواوی ئەوان، ئەوە بۆ هەموو شتێك نا، بۆ ئەو شتانەی تابعێکی ئیخباری گەرم و گوڕیان هەیە و هەر وەکو پێی دەڵێن (اخبار الساعة)، ئەمەیە سەبەبەکە ئیتر نازانم پێم وایە دەبێ مەفهوم بێ، سەبارەت بەوەی ئەوانەی کە شت دەشێوێنن، ئێمە دوو قانونی دیکەمان هەیە، چەند قانونی دیکەمان هەیە، موعالەجەی ئەو مەوزوعەی کردیە، بۆیە بەڕاستی موعالەجە نەکراوە، ئەم مەوزوعەمان موعالەجە کردووە لە قانونی ژمارە (35)ی کاری ڕۆژنامەوانی، ئەمە موعالەجە کراوە لە قانونی مەتبوعات، لە کۆمەڵی قەوانینی دیکە دا موعالەجە کراوە، مەسەلەی شێواندن، تۆ بۆت هەیە یەکێ قسەکانی شێواندبووی بێی دەعوای لە سەر قەید کەی، ئەوە تۆی با بڵێین، لە سەر ئەم کەناڵی ڕاگەیاندنە لە قانونەکانی دیکە موعالەجە کراوە، بۆیە ئێمە بە پێویستمان نەزانی بەڕاستی لێرەدا جارێکی دیکە ئیشارەتی پێ بدرێ، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك نەژاد.**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح، مەوزوعی ئەوەی کە باس دەکرێ، وەرگرتنی ئیخبار زۆر تەبیعیە، ئەوە وا نیە، تەبیعی نیە، یەعنی من هەر بۆ بەرچاو ڕوونی لیژنە یەعنی ئێستا لە هەر جەریدەیەك، هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن، تۆ دەبێ ئیشتیراکی یەك لە وەکالاتی ئەنبائت هەبێتن، بە پارە، یەعنی هەنە ئیخباریش بەپارە، وەکالاتی وێنە هەیە، (صور) مەسەلەن (ئەسۆسۆپرەیتس)، (ڕویەتەر) هەیە، (A F P)هەیە، یەعنی زۆر ئەوانە بە پارە هەتا هی عێراقیش هەنە، یەعنی ئەوانیش بە پارە، لەبەر ئەوە حەتتا پەرلەمان دەتوانێ حدودێك دابنێ بۆ ئەوەی کەوا مەسەلەن ئەو ئیخبارانەی کە لێی نەقل دەکرێتن، یەعنی بە موقابیلی هینێکی موعەین بێیتن، ئێمە باسی کۆپی ڕایت دەکەین، ڕجاتان لێ دەکەم وەکو کاك عبدالسلام هەموو جارێ دەڵێ ئێمە باسی کۆپی ڕایت دەکەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئیمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین مەسەلەی ئازادی بڵاوکردنەوە، بەڵام ئەوە ڕێکخستنیەتی، و بەتایبەتی بۆ پاراستنی مافی دانەرەکەی، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی یەکەم: نازانم دەڵێ (علی ان یکون) ئەمە (علی ان یکون) ئایا مەرجە؟ یان نا؟ ئەگەر ببێتە مەرج ئەو کەسەی کە قسە دەکات وتار دەدات دەبێ لە شێوەی چاپەمەنی بڵاوی بکاتەوە، ئینجا بەکار بهێنرێ، بەڕاستی ئەوە تناقوز دروست دەکا لەگەڵ ئەو مەبەستەی کە بڕگەی یەکەمی بۆ هاتووە، من مەبەستم ئەوە بووە، ئایا ئەوە مەرجە یان نا؟ کە بڵاوی کاتەوە لە شێوەی چاپەمەنی، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیزصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکانی کاك ئاسۆ زۆر دوور بوو لە مەبەستەکەی من، بەڕێزی باس لە حەق دەکات لە یاساکانی تردا، ئەگەر ئەو یاسایەش حەق بێت، پێویستە هەموو حەقەکانی تێدا ڕێك بخرێ، بۆ؟ بۆ لادان بچێ بۆ یاسایەکی تر، ئەگەر لێرە حەقی موئەلفی تێدا نەپارێزراوە، من قبوڵمە، با بۆ یاساکانی تر بگەڕێینەوە بۆ ئینحراف لەسەر حەق، بەس لێرە خۆی بەشێکی گەورە لە یاساکە حەقی موئەلفی پاراستووە، ڕێکی دەخا، ئینجا لێرە یەعنی ڕێگریەکە چییە؟ کە تۆ حەقێك ئیزافە بکەی، سەبارەت بەوە من باسم لە ئینحراف نەکردووە، ئەوەندەی هەدەفەکەی من بە باشی گەیاندبێتم، باس لەوە دەکرێ تۆ تێکست دەکەی بە موجەڕەدی، ڕستەیەکی دەگەیەنی، ڕستەیەکی تری ناگەیەنی، هەروەکو ئەوەی (ولا تقربوا الصلاة وانتم سکاری)، یەعنی مەرج نیە ئینحراف بە دەقەکەی من بکات، و بەڕێزیشی سەبارەت بەوەی کە دەڵێ هەندێك

دەق هەیە کە باس دەکرێ، گوتار یەعنی نەنووسراوەتەوە، خۆی کێشەکە لەمە دروست دەبێ، کە تۆ زۆر جار بابەتێك پێشکەش دەکەی بە شێوەیەکی شەفەوی ئەمە زیاتر ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کە ئینحرافی پێ بکرێ، بەڵام ڕستەیەك لە قسەکانت دائەبەزێندرێ، بەشێکی پێشەوەی دانابەزێنرێ، مەفهومی دواوەش دانابەزینرێ، سەحافەکەش دەڵێ من ئینحرافم بە قسەکانی تۆ نەکردووە، بەڵام گوڵ بژێری قسەکانتی کردووە، ئەمە لێرە مەرج نیە ئینحراف بێ، لێرە دەکرێ ئەو هەڵبژاردنە، ئەو حەقە موتڵەقە بۆ سەحافە، بۆ شتێك کە تێکستی نیە بە نووسین، تۆ بە موتەلەقی وتووتە، و خەڵك لێرە تێگەیشتووە لە مەبەستەکەت، بەڵام یەکێك لە دەرەوەی سەحافە دەخوێنێتەوە تێناگات وەکو موتەلەقی تۆ مەبەستت لە چی بووە؟ بۆیە من مەبەستم لەوە بوو، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر بۆ تەوزیح، بۆ ئەوەی تەوزیحەکە وازح بێ نموونە بێنینەوە، بۆ ئەوەی وازح تر بێ، دکتۆر پرسیارێکی کرد، مەسەلەن مەقالەیەك سەعاتێك بڵاودەکرێتەوە لە تەلەفزیۆن، بۆم هەیە دوایی ئەو حەقی نیە دوایی بڕوا بیفرۆشێ، ئەوە حەقی منە بڕوم دوایی بیهێنمەوە لە کتێبێك دا بینووسمەوە، بڵاوی بکەمەوە، ئەوە هی منە، دووەم: هەندێ شت هەیە لە ئاخیرە نووسیەتی لە بڕگەی دووەم ئەتوانم سەراحەت هەیە، شتێك هەیە پێی دەوترێ، من دەڵێم ئەو خوتبە خاص بۆ یەك تەلەفزیۆنە، هیچ تەلەفزیۆنێك بۆی نیە بڵاوی کاتەوە، چونکە لە ئاخیری نووسیەتی (الا إذا ورد صراحة عدم جواز النقل منها)، یەعنی ئەوەش ئەو حەقەش دراوە بۆ ئەو کەسەی کە خوتبە دەدا، موحازەرە دەدا، پێی بڵێ من ئەوەم بۆ ئەو سەحافەیە، دوو: ئەم مادده بۆیە داڕێژراوە بۆ ئەوەی تەناقوز نەبێ لەگەڵ حوریەتی نەشر و تەعبیر، ئەمە یەکێك لە کێشەکانە، یەعنی تۆ نابێ، چونکە ئەسڵی ماددەکە لە ئیتافاقیەی (بێرن) لە ماددەی (10) بڕگەی دوو، بۆ ئەوە هاتووە ئەم حەقی موئەلیفە موتەناقیز نەبێ لەگەڵ حەقی نەشر و تەعبیر، کە حەقی سەحافەیە، حەقی حوریەتی تەعبیرە، یەعنی لەبەر ئەوە موتەناقز نەبێ، بۆیە ئەم مادده داڕێژراوە، لەم ماددەیە تەسەورم وایە سەحافە، چونکە ئەو کاتە وابێ ئێمە ئەو حەسرە بخەینە سەر سەحافە و میدیاکان کەواتە ئێمە تەناقوز دەکەین لەگەڵ مەبدەئێك کە پێ دەڵێن مەبدەئی نەشر و تەعبیرکە لە قانونەکانی دیکە چاکراوە، و مەبدەئەکی ئەساسیە کە مونەزەمەی پێش ئیعتیمادی لە سەر کردووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێشنیار دەکەم (يجوز للصحف وغيرها من وسائل الاعلام الاخرى و دون تشويه للحقائق)، و ئەوەی تر بێتە خوارێ لەگەڵی تەواو، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا سیاغەی پێشنیارکراو بۆ ماددەی (25)،

المادة الخامسة والعشرون:

يجوز للصحف وغيرها من وسائل الاعلام:

اولا: أن تنشر من دون اذن المؤلف ومن غير دفع تعويض له الخطب والمحاضرات والاحاديث وغيرها من المصنفات المماثلة الملقات او التي توجه الى الجمهور او مقتطفات منها. ويشترط في جميع هذه الحالات أن يذكر المصنف واسم مؤلفه على أن يكون لمؤلف اي من هذه المصنفات نشرها في مطبوع واحد او باية طريقة او صورة اخرى يختارها

ثانيا: ان تنسخ او تصور او تنقل من دون موافقة المؤلف او الناشر ما ينشر في الصحف والوسائل الاخرى من المقالات او اجزاء قصيرة من مصنف ما وذات طابع اخباري- سياسي او اقتصادي او اجتماعى او ديني وغيرها التي تهم الرأي العام على أن يشار الى اسم المؤلف و المصدر الذي نقلت عنه، الا اذا ورد صراحة عدم جواز النقل عنها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ تەنیا یەك كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة والعشرون:

يجوز من دون موافقة المؤلف ومن غير دفع اي تعويض له:

اولا: للمكتبات العامة ومراكز التوثيق غير التجارية والمؤسسات العلمية والثقافية والتعليمية التي لا تتوخى الربح، نسخ عدد محدود من برامج الكومبيوتر، شرط أن تكون بحوزتها نسخة أصلية واحدة على الاقل من هذه البرامج، وذلك من اجل وضعها تحت تصرف الطلاب والهيئات التدريسية على سبيل الاعارة المجانية.

**ثانيا: للمكتبات العامة ومراكز التوثيق غير التجارية والمؤسسات العلمية والثقافية والتعليمية التي لا تتوخى الربح المادي، نسخ عدد محدود من اي مصنف يقتصر على حاجة تلك المؤسسات شرط أن يكون بحوزتها نسخة أصلية واحدة وأن لا يؤدي الى الحاق الضرر بحقوق مؤلف المصنف.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك ئاسۆ.**

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و شەشەم:**

**دەشێ بەبێ مۆڵەتی دانەرو بەبێ پێدانی هیچ قەرەبووویەك:**

**یەکەم: کتێبخانە گشتییەکان و بنکە نابازرگانییەکانی ئەرشیفکردن و دامەزراوە زانستی و کولتووری و فێرکارییەکان، کە قازانجیان گەرەك نییە، ژمارەیەکی کەم لە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر کۆپی بکەن و لەبەریان بگرنەوە، بەمەرجێ دانەیەکی ئۆریجناڵی ئەو بەرنامانەیان هەبێت، کە بۆ مەبەستی خواستنەوە بخرێنە بەردەست قوتابیان و خوێندکاران و دەستەی وانە وتنەوە.**

**دووەم: کتێبخانە گشتییەکان و بنکە نا بازرگانییەکانی ئەرشیفکردن و دامەزراوە زانستی و کولتووری و فێرکارییەکان کە قازانجی مادديیان گەرەك نییە، ژمارەیەکی سنووردار لە هەر کارێك کۆپی بکەن و لەبەریان بگرنەوە، کە بەشی پێداویستی ئەو دەزگاو دامەزراوانە بکات بەمەرجێ دانەیەکی ئۆریجناڵی ئەو کارانەیان هەبێت و زیان بە مافەکانی دانەری ئەو کارە نەگەیەنن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو کەس، (سیوەیل خان و کاك نەژاد) فەرموو سیوەیل خان،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو سیوەیل خان.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ئەو ماددەیە هەرچەندە لە ماددەی (25) ناگەڕێمەوە سەری، قسەم نەکرد، بەس ئەو بابەتە پەیوەندی بە یەك بابەتەوە هەیە، هەمووی نووسرایە (یجوز للصحف)، و دوایی ( من دون موافقة المؤلف ومن غيرها دفع اي تعويض له)، ئەوەلەن دەبوایە لە ماددەی (25) تاکو ماددەی (28) یەك ماددە بێتن،**

بەڵام بڕگەكانی جیاواز بێ، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی لیژنە سەیری بكەن هەمووی (یجوز)، و ( من دون موافقة مؤلف ومن دون دفع اي تعويض له)، ئەوە دەبوایە لە ماددەی (25) تاكو ماددەی (28) یەك ماددە بوایە، بەڵام اولا، ثانیا، ثالثا، وەكو (فصل السابع) تێدا نووسراوە، ( مدة الحماية) هەتا سادسا، ئەوە یەك، بەنیسبەت ماددەی (السادسة والعشرون) بۆ خۆی دەكرێ ئەو دوو بڕگەیە بكرێتە یەك بڕگە، ئەگەر تەماشای نووسینەكەی بكەین و بیخوێنینەوە تەنها دوو وشەی تێدا جیاوازە، ئەو وشەیەی كە تێدا جیاوازە (من برامج الكومبيوتر) تەوزیع دەكرێ لە سەر تەلەبەكان، ئینجا (من اي مصنف يقتصر) تەواو، ئەوانی تر هەمووی دووبارەیە، نووسینەكان ، دەكرێ بڵێین ئەوەڵەن نایخوێنمەوە تا كۆتایی ئینجا بڵێین (او من اي مصنف اخر وان لا يؤدي الى الحاق الضرر بحقوق مؤلف المصنف)، چونكە هەموو نووسینەكان خوێندنەوەكەی ئەگەر بەڕێزان تەماشای بكەن دووبارەیە و هیچی جیاوازی تێدا نیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی من لەگەڵ قسەكانی سیوەیل خان دام، بەڵام هەر لێرانە ماددەی (27) بە ڕەئی من بكرێتە (ثالثا) لە ماددەكەی پێش خۆی، یەعنی ئەوە (ثانیا)ـە، ئەویش بكرێتە (ثالثا)، هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێتن، هەر بۆ ئاگاداریت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەتا سیاغەی ماددەی (26) ئامادە دەكەین پێشنیار دەكەین ئێمە هەردوو لیژنە كەوا ماددەی (27) بخوێنینەوە، چونكە پێشنیارەك كرا، كە ئەو ماددەش ببێتە فەقەرەك لە ماددەی (26) ئەگەر دەنگی هێنا، هەتا بتوانین هەردوو ماددە بەجارێك سیاغەی بكەینەوە،

المادة السابعة والعشرون:

يجوز من دون موافقة المؤلف ومن دون دفع اي تعويض له، نسخ او تصوير او تسجيل نسخة من مصنف ما لاستعمالها في اجراءات قضائية او ادارية وذلك ضمن الحدود اللازمة لهذه الاجراءات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی هاوبەش كردیان، كێ تێبینی لە سەر ئەو ماددەی هەیە؟ با ناوی بنووسین، تەنیا یەك كەس، موناقەشەی ئەو ماددەیە دەكەین، سیوەیل خان فەرموو بزانم.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە پێشنیارەکەی من بڵێم تاکە کەسم لەوانەیە لیژنە بەهەندی وەرنەگرێ، ئەگەر ماددەی (28)یش موناقەشەی بکەین، بکرێتە یەك ماددە پێم باشە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش دەزانن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (27) ئەوەی دیکە خوێندرایەوە، بەس دکتۆر بشیر قسەی هەیە، فەرموو د. بشیر

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی هاوبەش دەکەم، بەڵێ ماددەی (27) هەر هەمان مانای ماددەی (26)ی هەیە، دەکرێ بکرێتە خاڵی سێیەم، و لە هەمان کاتدا پشتگیری لە ڕایەکەی سیوەیل خان دەکەم کەوا ماددە (28)یش بە هەمان شێوە بکرێتە چوارەم لەوێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرمووکاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ماددەی (28)جیاوازترە لەو، چونکە ماددەی (28) پەیوەندی بە تەلەف کردنی هەیئەتی ئیزاعەی هەیە، بەوە هەیە کە ئەو ماددانە تەلەف کرێن یان بە موافەقە بمێنێتەوە، یەعنی مەوزوعێکی ترە جیایە لەو مەوزوعە، بەکارهێنانەکەی لە حوکمی حور، یەعنی شتی دیکەشی لە پشتەوەیە، بۆیە ڕام وایە ئەو ماددەیە لەگەڵ ئەوە جێی نابێتەوە، بە ماددەکی سەربەخۆ جێی دەبێتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەردوو ماددەمان دەمج کرد، پاش ئەوەی هەردوو فەقەرەی ماددەی (26)مان دەمج کرد، بووە فەقەرەی یەکەم لە ماددەی (26)، و ماددەی (27) بووە فەقەرەی دووەم لە ماددەی (26)، پێشنیار دەکەین ئەگەر دەنگی هێنا، بخرێتە دەنگدان، بۆ ئەوەی هەردوو بابەتەکە بەیەك جار دەنگی لە سەر بدرێ،

المادة السادسة والعشرون:

يجوز من دون موافقة المؤلف ومن غير دفع اي تعويض له:

اولا: للمكتبات العامة ومراكز التوثيق غير التجارية والمؤسسات العلمية والثقافية والتعليمية التي لا تتوخى الربح، نسخ عدد محدود من برامج الكومبيوتر، من اجل وضعها تحت تصرف الطلاب والهيئات التدريسية أو نسخ أو تصوير عدد محدود من أي مصننف أخريقتصرعلى حاجة تلك المؤسسات شرط أن تكون بحوزتها نسخة أصلية واحدة على الاقل مع ذكر أسم المصنف و المؤلفين.

ثانيا: نسخ او تصوير أو تسجيل نسخة من مصنفٍ ما لأستعمالها في الأجراءات القضائية أو الادارية وذلك ضمن الحدود اللازمة لهذه الاجراءات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نیصابمان تەواو نیە، دەبێ چاوەڕێ بكەین تا پینج كەسی دیكە دێنە ژوورەوە، ئینجا دەنگدانی لە سەر بكەین، ئیجازە بدەن بچینە مادده (28) موناقەشەی بكەین، هەتا ئەوان دێنەوە، فەرموون مادده (28) بخوێننەوە، بۆ ئەوەی موناقەشە بكەین.

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

المادة الثامنة والعشرون:

يجوز لهيئات الاذاعة والتلفزيون الرسمية، أن تعد لبرامجها وبوسائلها الخاصة تسجيلا غير دائم لاي مصنف يرخص لها بأن تذيعه او تعرضه على أن تقوم باتلاف جميع نسخ المصنف خلال مدة لا تتجاوز سنة واحدة من تأريخ اعداد تلك النسخ، الا اذا وافق المؤلف على تمديد هذه المدة، ويستثنى من ذلك نسخ المصنفات ذات الصفة الوثائقية وأن لا يتم الاحتفاظ باكثر من نسخة واحدة من كل منها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددەی بیست و هەشتەم:

دەشێ دەستەكانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی فەرمی، بۆ بەرنامەكانی خۆیان و بە ئەسپایی تایبەتی خۆیان، تۆمارێكی نا هەمیشەیی ئەو كارانە بكەن كە مۆڵەتی پەخشكردن و نیشاندانیان هەیە، بەمەرجێ هەموو دانە كۆپیكراوەكانی كارەكە بفەوتێنرێ لە ساڵێك زیاتر، لە سازكردنی ئەو كۆپیانەوە، تێ نەپەڕی، مەگەر دانەری كارەكە خۆی رەزامەندیی لەسەر درێژكردنەوەی ئەو ماوەیە دابێ. ئەوە كۆپی ئەو كارانە ناگرێتەوە كە سیفەتێكی دۆكیومێنتاریان هەیەو نابێ لە زیاتر لە دانەیەكیان لێ هەڵبگیرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا سێ کەس تێبینیان هەیە، (کاك قادر، کاك نەژاد، کاك کاروان)، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەنها تێبینی من لە سەر ئەوەیە ئەو بۆ بەرنامەکانی خۆیان و بە ئەسپایی تایبەتی ئەوە لە عەرەبی ئەوە باس ناکرێ، نازانم ئەوە بۆ لێرە دا هاتووە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

(یجوز لهیئات الاذاعة والتلفزیون الرسمیة، أن تعد لبرامجها وبوسائلها الخاصة) تا دەڕوا (یرخص لها بأن تذیعه او تعرضه بالتعاقد مع المؤلف)، بە ڕەئی من دەبێ ئەوەی تێدا بێتن، ئەوا (بالتعاقد مع المؤلف على أن تقوم بأتلاف الى اخره)، بەڵام لێرەدا شتێکی تریش هەیە، مەسئەلەی گۆرانی یان تەمسیلیات یان موسەلسەلات یان موقابەلات، یەعنی ئەوانە چۆن جێیان دەکرێتەوە لێرانە بەڕاستی؟ ئەوەش موشکیلەیەکە بە حەقیقەت، یەعنی چۆن جێگایان دەکرێتەوە؟ من ئەو پرسیارە ئاڕاستەی برادەرانی بەڕێزی لیژنە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان،

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە سەر ماددەی (28) بەڕاستی پێم وایە ئەوە پێویستی بە سیاغەکردنەوە هەیە، بە هۆکاری ئەوەی کە بەس ناوی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی فەرمی هاتییە، ئەی ئەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی تر، یەعنی ئایا ئەو یاسایە شمولی ئەوانیش دەکا یان نا؟ حەق وایە ئەو دەستەواژەیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، جگە لەوەش ئەو بەڕێزانە باسی یاساکانی وڵاتانی جیا جیامان بۆ دەکەن، لە هەموو دونیا وا موتتەبەعە ئەگەر بەرهەمی داهێنەرێك لە تەلەفزیۆن بە بەردەوام لێبدرێ بە پێی ئەو یاسایە دەبێ ئەو تەلەفزیۆنە بە پێی گرێبەستێك، بە پێی ڕێکەوتنێك لەگەڵ خاوەنی بەرهەمەکە ڕێکەوتنێك لەگەڵ ئەو تەلەفزیۆن و ئەو دام و دەزگایانە بکات کە بەرهەمەکانی بە فیڕۆ نەدرێ، گۆرانیبێژ هەیە، ڕۆژ هەیە گۆرانیەکەی (200) جار لێ دەدرێ لەو سی، چل کەناڵەی خۆمان، کەچی یەك سەنتیشی بۆ ناچێ، بەڵام ئەو بەرهەمە ئەزیەتی و مەشەقەتی بۆ کردووە، هونەرمەندی وامان هەیە هی شێوەکاری کە دەیان تابلۆی هەیە عەرز دەکرێ، بەبێ

ئەوەی فەرەبووی شتێك وەرگرێ، دەیان فلیم و شانۆ و شانۆگەری وامان هەیە، کە ساڵە های ساڵە لێ دەدرێ و پەخش دەکرێ، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی، من پێم وایە بۆ زامن کردنی مافەکانی داهێنەر و دانەر وئەو هونەرمەندە جیا جیایانە لە بوارە جیا جیاکان، سیاغەی ئەو ماددەیە بکرێتەوە، جگە لەوەش دووبارەی دەکەمەوە کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە نا فەرمیەکانیش خازع بن بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێزد. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەم ماددەیە وەکو دەردەکەوێ لە مادده ژمارە (35)ی قانونی ڕەقەم سێ ساڵی 1971 وەرگیراوە، ئەوەش لە حاڵێك نووسراوە، کە لە عێراق دا هەیئەی ئیزاعە و تەلەفزیۆن هەبووە، بەڵام ئێمە ئێستا لە کوردستان دا من نازانم، ئایا هەیئەی ئیزاعە و تەلەفزیۆنمان هەیە یان نا؟ بۆ دەرچوون لەو کێشەیە بکرێ بە (یجوز للقنوات التلفزیونیة والأذاعیة)، مەسەلەن تەعبیریکێ لەو بابەتە، چونکە ئەگەر وابێ بەم سیغەی ئێستا بێ، ئەم ماددەیە هەر مەوزوعی نیە، بۆ جێبەجێکردنی لە کوردستاندا، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئیمە هەیئەتێکی یەکگرتووی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕەسمی مان نیە، بەڵام لە کوردستان ئێمە کەناڵێکی ڕەسمی فەرمیە هی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها ڕادیۆی نەورۆزمان هەیە، کە هی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە، وەنەبێ هیچمان نەبێ، ڕاستە حکومەت تەلەفزیۆنی ڕەسمی نیە، بەڵام ئێمە قانون بەتەنیا بۆ ئێستا دانانێن، ڕەنگە بەیانی (بالفعل) لە زۆر وڵاتان حکومەت تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ڕەسمی خۆی هەیە، یەعنی دەبێ خۆ بیر لەوەش بکرێتەوە، و موستەقبەلیش، بەڵام شتەکەی تر ئەوەیە، ئەی غەیر ڕەسمی بەو مانایەی ڕەسمی عەل ئەساس ئەو مەبەستی قازانج نیە، ڕەنگە ئەوەی دیکەی غەیر ڕەسمی بۆ قازانج و شتی وای تیجاریش هەوڵ بدەن، ڕەنگە سەبەبەکە لێرە ئەوە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بە بڕوای من ( الرسمیە والغیر الرسمیە)یان (الرسمیە)کەش لا ببەین ئەوە دەکرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموو دەزگایەكی فەرمی كە كاتێ دەكرێتەوە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ هەموو مۆڵەتی ڕەسمی وەردەگرن، یەعنی بۆیە دائیمەن دەبینین كە ئێمە ئامار پێشكەش دەكەین، دەڵێن زیاتر لە (800) قەناتی ئیزاعی و تەلەفزیۆنی و ڕادیۆمان هەیە، لەگەڵ دەزگاكانی تر وەكو چاپكراوەو وەكو ڕۆژنامەو بیستراو و بینراو، مەبەستمان ئەوەیە كە ئامار هەیە لەلایان و هەموو ئیجازەیان وەرگرتووە، بەڵام من قسەكەم لە سەر ئەوەیە لە دونیادا بە شێوازێكی تر چارەسەری ئەم مەسەلەیان كردووە، بۆ ئەوەی ئەو قسانەی كە بەڕێز كاك كاروان كردی بێتە دی، یاخود بە عەقدێك كێشە نیە چەند جار لە ڕۆژەكەدا پەخشی دەكەن گۆرانیەكەیان، بەڵام عەقدی لەگەڵدا دەكەن بە موقابیلی ئەو عەقدە بڕێك پارەی بۆ تەرخان دەكەن، ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی زامنی مافی ئەو هونەرمەندە بكرێ، یاخود هەندێ وڵاتی تریش هەیە، مۆنیتەرینی مەركەزی هەیە لە هەر چ ئیزاعەیەك گۆرانی هەر چی هونەرمەندێك لێ بدرێ، لەو دەقەی لێ دەدرێ تا كۆتایی لەوە بڕێك پارە دادەنرێ لە حیسابێك، لە دوای ئەوە لە سەری ساڵدا هەموو هونەرمەندێك چەكێكی بۆ دەچێتە ماڵەوە پێ ئەوترێ ئەوە حەقی ئەوەی كە گورانیەكانت ئیزاعە كراوە، تۆ ئەمساڵ ئەوەندەت بەر كەوتووە، بۆیە ئێمە مادام ئەو مۆنیتەرینەمان نیە، دەكرێ ئێمە لێرەدا جێگای ئەوە بكەینەوە كە هیچ ئەوە بەڕاستی ئەوە ڕەنجی ئەوانە، ڕەنجی ماندوو بوونیانە گورانیەكان لێ دەدرێ بێ پرسی ئەوان، خۆ ئەگەر پرسیشیان پێ بكەن پێیان بڵێ من بەرامبەر بە موقابیلی ماددی نایكەم، ئەوە هەر خۆشە، چونكە لە حاڵەتی مەعنەوی بە پرسەوە ئەو گۆرانیانە یاخۆد ئەو درامایانە یاخۆد هەر چی شتێك بێ، پەخش بكرێ بۆیە ئەو ماددەیە بەڕاستی دەبێ زۆر بە تەركیزەوە سیاغە بكرێتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە خۆی لە بنەڕەتدا بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی حكومی زیاتر دانراوە، ڕاستە ئێستا ئەگەر كەناڵی حكومی بێ لە بەرامبەر هەر بەرهەمێكی هونەری بێ یان ڕۆشنبیری بێ، كە بۆ كەناڵەكەی دەكرێت پارە دەدات و عەقدی هەیە، هەتا كەناڵە حكومیەكانیش، بەڵام یەكەم: ئەو بابەتە بۆ دروستكردنی یان بەرهەم هێنانی بەرنامەیەكە، بە جیا پیشان نادرێ، دوو: لە دێری دووەم ئەگەر بە دیقەت سەیری كەن دەڵێ (تسجیلا غیر دائم لاي مصنف یرخص لها) ئەو روخسەتە یان ئەو ئیجازەیە لە كوێ وەردەگرێ، ئەو دەزگای ئیعلامیە، لەو كەسەیە كە موسەننەفەكەی بەرهەم هێناوە، لە خاوەنی موسەننەفەكەیە، لە موئەلیفەكەیە، موئەلیفەكە بە چی روخسەتی دەدا، بە دوو جۆرە، یان بە بەلاش دەڵێ بەڵێ بۆت هەیە بڵاوی بكەیتەوە بە دەقێكی نووسراو ئیمزای لە سەر دەكا، یان ئەوەیە بەنەوعێكی تر ڕوخستەكەی تر

ئەوەیە کە بە بڕێك لە بەرامبەر ماددە یان پارە، ئەو حەقەی دەداتێ ئەو دەزگایە ئەو بابەتەی ئەو بەکار بێنێ و لە بەرنامەیەکدا بڵاوی کاتەوە، و دواتریش موددەتەکەش دیاریکراوە بەڕاستی، یەعنی ئێمە موددەتەکەش کە دەڵێ بۆ ساڵێك و دواتر هەموو ئەوەی کە لێی دەرهاتیە ئیتلاف بکات، لەبەر ئەوە بەڕاستی مادام ڕوخسەتی تێدایە، ماف کەس نافەوتێ، چونکە ئێمە ئەم بڕگەیە بۆ هەموو بابەتەکان نیە، و بۆ هەموو تەلەفزیۆنێکیش نیە، ئەگەر ڕەسمیەکە لا ببەین هەموو تەلەفزیۆنەکان دەگرێتەوە، ئەگەر واش بێ، بەڵام هەر ڕوخسەتەکەی تێدایە، ئینجا ئەو ڕوخسەتە کەسی مەعنی، موئەلیفی موسەننەفەکە بە بەلاش دەیداتە ئەو جیهەتە یاخۆد بەپێی عەقدێك دەیداتێ، پارەی لێ وەردەگرێ بۆ موددەتێکی دیاریکراو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وایە ئەو مەسەلە، مەسەلەی مافە و قانونە، قانون دەبێ مەفهوم بێ، ڕاشکاو بێ، وازح بێ، بەڕاستی من ئەو بڕگەیە بە مەتات دەبینم، حەق وا نیە بەو شێوەیە ئەو مەتاتیە بدەینە بەر ئەوە، یەعنی دەبێ ڕاستی یەك لا بکرێتەوە ئەو مەسەلە کاکە ئێمە شەرم نیە، عەیب نیە، لە وڵاتی ئێمە گۆرانی بێژ هەیە پارە دەدات بەس بۆ ئەوەی هونەرەکەی پەخش بکرێ، یەعنی لە هەموو دونیا هونەرمەندان لە ئاستی زۆر باڵا بوونەتە کەسایەتی، جار جار لە هەندێ وڵاتی وەکو ئەمریکا دەبن بە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە، هونەرمەند لە وڵاتی ئێمە ڕەزیل و سەفیل بوو، لە ماڵێ کەوتووە، لەبەر ئەوەی مافەکانی پارێزراو نیە، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕگە یاساییە پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، وەکو ئەوەی سۆزان خان وتی، کاکە لە وڵاتانی دونیا ئەگەر یەك مەقتەعی گۆرانی لێ بدرێ ئۆتۆماتیکیەن لەگەڵ ڕێککەوتن و مۆڵەتەکە و گرێبەستەکە حیسابی بانقی هەیە، پارە دەچێتە سەر حیسابی ئەو بانقە، فلیمێك لێ دەدرێ، دووبارە دەکرێتەوە لە چەند کەناڵ، ئاخر باشە تۆ بەس کەناڵی فەرمی حیسابی بۆ بکەی ئەدی ئەو کەناڵانە نا فەرمین، ئەمڕۆ میدیای ئەهلی سەیتەرەیەکن لە وڵاتی ئێمە دەیان کەناڵی لۆکاڵی و کەناڵی فەزائیمان هەیە، دەیان ڕادیۆ و زیاتر لە (502) گۆڤارمان هەیە، چەندین ڕۆژنامەمان هەیە، ئێمە ئەوانە هەموو ئیستسمار و ئیستغلالی ئەو مافە دەکەن، بۆیە داوا دەکەم لە هەردوو لیژنەی هاوبەش پێداچوونەوەیەکی یاسایی، و ئەو بڕگەیەش یەعنی پێداچوونەوەیەکی شەفاف وا بە ڕاشکاوی کە تۆزێ مەفهوم بێ لەلای خەڵك، بۆ ئەوەی هونەرمەندان بتوانن، داهێنەران بتوانن مافەکانیان بەرجەستە کرێ، بەپێی دەرچوونی ئەو یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ڕاوێژ لە بەینی هەردوو لیژنە ئێمە پێمان باشە ئەو ماددەیە لابرێ بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسە دروست نەبێ كە لە بنەڕەتدا بەڕاستی بۆ ئەوە نیە بەو شێوەی كە بەڕێزان تەفسیری دەكەن بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسە دروست نەبێ، ئێمە پێمان باشە، و پێشنیار دەكەین ئەو ماددەیە لابدرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من پێم وا نیە لابردنی ئەو بڕگە یاساییە خزمەت بە ئەو چین و توێژانە بكا، كە ساڵەهای ساڵە مافیان دەخورێ، بۆ ڕێكخستنەوەی هەموو ئەو بوارانەی كە وەكو باسمان كرد، هەموو ئەو بوارانەی كە بە یاسا ڕێك دەخرێ، من پێم وایە ئەوە زۆر زەرووەرەتە بمێنێ، لەبەر ئەوەی پێشێلكردنی مافی داهێنەر و دانەر و هونەرمەندان لە ڕێگای ئەو كەناڵانەوە زیاتر دەكرێ، برادەرینە، من پێم وا نیە یەعنی با واقیعی بین هونەرمەندێكی بەستە زمان داهێنانێك دەكا، داهێنەرێك شتێك، ئیبداعێك دەكا ناتوانی مافەكەی بەرجەستە بكەی ئەگەر ئەو بڕگەیە لابدەی، ئەو بڕگەیە زۆر گرنگە، چونكە قەنواتی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە هەرێمی ئێمە وا خەریكە تەشەنە دەكا، وا خەریكە گەشە دەكا، وا قەوارەیەكی گەورە و فراوان بە خۆ دەگرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئێوە سوورن لە سەری، با بیخەینە دەنگەوە، ئەگەر سوورن لە سەری، شەرح دەكەی، فەرموو، كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەسلی شەشەم تایبەت بوو بە بەكارهێنانی ئازادانەی بێ بەرامبەر، و بەبێ ئیزن وەرگرتن، بەبێ بەرامبەر، ئەو ماددەیەش لە زمنی ئەو فەسلە بوو، ئێمە ئەو ماددەیەمان دانا بۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ڕەسمی، كە ڕێگەیان پێ دراوە بە بەلاش، (مرخص لها) ئەویش بۆ ماوەی یەك ساڵ كە خۆیان تەسجیلی دەكەن، شتەكان هەموو خۆیان بەرهەمی دێنن، ئەوە بۆ ئەوان بوو، ئێستا كە ئێمە ئەوە لا دەبەین، ئەوە بە قازانجی، چونكە لەبەر یەك سەبەب، چونكە لەبەر ئەوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن تەنیا یەك تەلەفزیۆنمان هەیە، ئەویش ئێرەیە لەگەڵ یەك ڕادیۆ، ئەو مافەمان لەو دووەش سەندەوە، ئەوانی دیكە زۆریان ئەهلین، یان با

**بلێن غەیر ڕەسمین، غەیر حکومین، بۆیە ئەوان بۆ خۆیان ئەوە بە قازانجی دانەرانە، بە قازانجی ئەوانەی خاوەن موسەنەفن کە لای ببەین ئەو دەمە ئەوان ئیستیفادەی لێ دەکەن، چونکە بەپێی ماددەی (8) کەس نیە بۆیان ئیستیغلالی موسەنەفی ئەوان بکا، بەبێ ئیجازەی ئەوان، بەبێ عەقدێك، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا هەردوو لیژنە داوا دەکەن ئەم ماددەیە ڕەتبکرێتەوە، پێشتر ماددەی شەش دەخەینە دەنگەوە، ماددەی شەش بەو سیغەیەی کە پێشتر خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ دوو کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستاش ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە، وتیان ڕەتبکرێتەوە، کە ڕەتبکرێتەوە، کێ لەگەڵ دایە ڕەتبکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە؟ دوو کەس لەگەڵ ئەوە دایە بمێنێتەوە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل السابع**

**مدة الحماية**

**المادة التاسعة والعشرون:**

**اولا: يتمتع المؤلف بحماية حقوقه المالية المنصوص عليها في هذا القانون طيلة مدة حياته مضافا اليها خمسون سنة اخرى بعد وفاته.**

**ثانيا: يتمتع مؤلفوا المصنفات المشتركة بحماية حقوقهم المالية المنصوص عليها في هذا القانون طيلة مدة حياتهم مضافا اليها خمسون سنة اخرى بعد وفاة آخر من بقي حيا من بينهم.**

**ثالثا: يتمتع مؤلفوا المصنفات الجماعية –باستثناء مؤلفي مصنفات الفنون التطبيقية- بحماية حقوقهم المالية طيلة خمسين سنة بعد تأريخ نشر المصنف او اتاحته للجمهور لاول مرة ايهما ابعد ان كان مالك حقوق المؤلف شخصا معنويا. أما اذا كان مالك هذه الحقوق، شخصا طبيعيا فتكون مدة الحماية طبقا للقاعدة المنصوص عليها في الفقرتين الاولى والثانية من هذه المادة.**

**رابعا: تنقضي الحقوق المالية على المصنفات التي تنشر لاول مرة بعد وفاة مؤلفها، بمضي مدة خمسين سنة على تأريخ نشرها او اتاحتها للجمهور لاول مرة ايهما ابعد.**

**خامسا: تحمى الحقوق المالية على المصنفات التي تنشر من دون اسم مؤلفها او باسم مستعار لمدة خمسين سنة تبدأ من تأريخ نشرها او اتاحتها للجمهور لاول مرة فايهما ابعد، فاذا كان مؤلفها شخصا معروفا ومحددا او كشف مؤلفها عن شخصه فتكون مدة الحماية طبقا للقاعدة المنصوص عليها في الفقرة الاولى من هذه المادة.**

**سادسا: يبدأ سريان المدد المشار اليها في الفقرات اعلاه من هذه المادة من اليوم الاول للسنة الميلادية التي تلي حصول الوقائع المشار اليها في هذه الفقرات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**فەسڵی حەفتەم**

**ماوەی پاراستن**

ماددەی بیست و نۆیەم:

یەكەم: دانەر، هەموو تەمەنی خۆی و 50 ساڵیش دوای مردنەكەی، سوود لە پاراستنی مافە داراییەكانی لەم یاسایەدا هاتوون، وەردەگرێ.

دووەم: دانەرانی كارە هاوبەشەكان، هەموو تەمەنی خۆیان و 50 ساڵیش دوای مردنی دوامین دانەریان، سوود لەو مافە داراییانەی لەم قانوونەدا هاتوون، وەردەگرن.

سێیەم: دانەرانی كارە دەستەجەمعییەكان –بێ لە دانەرانی كارەكانی هونەرە پراكتیكییەكان- سوود لە پاراستنی مافە داراییەكانی خۆیان وەردەگرن، بۆ ماوەی 50 ساڵ دوای رۆژی بڵاوكردنەوە، یان خستنەبەردەستی جەماوەر بۆ هەوەڵجار، كامەیان دوورتر بێ ئەو حیسابە، ئەگەر خاوەن مافەكانی دانەر، كەسێكی مەعنەوی بێت. ئەگەر خاوەنی ئەم مافانەش، كەسێكی سروشتی بێت، ئەوا ماوەی پاراستنەكە، بەگوێرەی ئەو رێسایە دەبێ كە لە هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

چوارەم: مافە داراییەكانی لەمەڕ ئەو كارانەی بۆ هەوەڵجار دوای كۆچی دوایی دانەرەكانیانەوە بڵاودەكرێنەوە، پاش 50 ساڵ لە بڵاوكردنەوەیان یان خستنەبەردەستی جەماوەرەوە بۆ هەوەڵجار نامێنێ، كامەیان دوورتر بێ ئەو حیسابە.

پێنجەم: مافە داراییەكانی لەمەڕ ئەو كارانەی كە بەبێ ناوی دانەرانیان، یان بەناوێكی ترەوە بڵاودەكرێنەوە بۆ ماوەی 50 ساڵ دەپارێزرێن دوای بڵاوكردنەوەیان یان خستنە بەردەستی جەماوەرەوە بۆ هەوەڵجار، كامەیان دوورتر بێ ئەو حیسابە. ئەگەر دانەرەكەی، كەسێكی ناسراو و دیار بوو، یان دانەرەكەی خۆی ئاشكرا كرد، ئەوە ماوەی پاراستنەكە بەگوێرەی ئەو رێسایە ئەژمار دەكرێ كە لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

شەشەم: ئەو ماوانەی کە لە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، لە یەکەم ڕۆژی ساڵی زایینی دوای ئەو پێشهاتانەی کە لە بڕگەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، حیساب دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ با ناوەکانتان بنووسم، ( خورشید احمد، جلال علی، صباح بیت الله، کاروان صالح، سیوەیل عثمان)، قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا سەعات دوانزەیە، مانگی دوانزە دووهەزارو دوانزەیە ئەو تاریخە بە دەگمەن تیکرار دەبێتەوە، هەموو کاتێکی پەرلەمان خۆش، هەموو کاتێکی کوردیش خۆش، هەر سەرفراز بن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک خورشید دەتویست قسە بکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 1 و 2 کە ئەم یاسایە بۆ خۆی زۆر درێژە بەڕاستی، یەعنی ئەگەر محاوەلە بکەین تۆزێکی ڕێك بخەین، فەسڵی حەوتەم، مودەی حیمایە، ماددەی 29 لە 1 و 2 **(ثانیا: یتمتع مؤلفوا المصنفات المشترکة** بحمایة حقوقهم المالیة المنصوص علیها فی هذا القانون طیلة مدة حیاتهم مضافا الیها خمسون سنة اخری بعد وفاتهم) ئەوە پێویست ناکات، 1 و 2 هەر یەك مەعنایە، دووبارە کردنەوەی زۆر یاسایەکە خۆی زۆر درێژە، ئەگەر تۆزێك ڕێکی بخەین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەو ماددەیە، لە (خامسا) کە دەڵێ (**خامسا: تحمی الحقوق المالیة علی المصنفات التي تنشر من دون اسم** مؤلفها او باسم مستعار) لە ئەخیر دا دەڵێ (فاذا کان مؤلفها شخصا) ئەگەر بوترێ و ئەوەی یەکەم لاببرێ هەر بنووسرێ و موئەلفەکەی شەخسێ بێ، ئەگەر کەسێ موئەلفەکە ناوی دیار نەبێ و موستەعار بێ، تۆ

حجزی حقوقی چی بۆ دەکەی؟ بۆ خۆی بۆ دوای پەنجا ساڵ، ئەوە نەختێ تەناقوزی تیایە ئەگەر ئەوەش چاك بکرێ، سوپاسیان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من بەس تێبینم لەسەر ئەوە هەیە، لە ماددەی 29 لە دووەم، دانەرانی کارە هاوبەشەکان هەن، بەڵام لە بڕگەی 3 دانەرانی کارە دەستە جەمعیەکان هاتووە، پێموایە دەستەجەمعی فارسیە، حەق وایە ئەوەش بکرێتە کارە بە کۆمەڵەکان، یان دەستە هاوبەشەکان، یەعنی نەوعێك لە ئەوەی تێدایە بەڕاستی، دەستە جەمعی ئێمە ئەوەندە هەژار نین، یەعنی فەرهەنگەکەمان بتوانین ئەوەندە موستەڵەحاتی وڵاتانی تر بەکاربێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 29 (اولا) کە دەڵێ (**اولا:** یتمتع المؤلف بحمایة حقوقه المالیة المنصوص علیها في هذا القانون طیلة مدة حیاته) پێم باشە ( ومن بعد ذلك) بۆ ئیزافە بکرێت، هەروەها لە فەقەرە 4 دا ئاخیری جوملەکە، (مع حمایة حقوق الورثة) ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو ماددەیە لە ئەوەڵەن هەتاکو شەشەم هەمووی تەمەتوع بە حقوقی موئەلیفە، بەڵام ماددەی 30 پێموایە ئەویش بکرێتە 7 باشترە، عەینەن شت تەمەتوع بە حیمایەی موئەلیفی ئەو موسەنفەی دەکات، یا وەك ماددەی 28 ی لێ نەیەت، پێشنیارمان کرد بکرێتە بڕگە، گوتیان ماددەیەکی لە دواوەیە و دوایش ڕەد کرایەوە، بزانین ئەوە کو دەبی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد لە خۆمەوە ناوم نووسی، قسە دەکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشت کردووە خوا خێرت بنووسێ، هەر ئەوەندەم هەیە لەو ماددەیە فنونی تەتبیقی تەعریفی بۆ نەکراوە، ڕاستە ڕەنگە زۆربەمان بزانین، بەڵام پێویستە تەعریفی بۆ بکرێ فنونی تەتبیقی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری؟ کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح موسەنەفاتی موشتەرەکە جیاوازترە لە گەڵ موسەنەفاتی جەماعی، موسەنەفاتی جەماعی هەیئەیەك یان کەسێکی مەعنەوی ڕای دەسپێرێ بۆ دروست کردنی بەرهەمێکی جەماعی، ئەوە حقوقی مودەی حیمایەکەی جیاوازترە لەوەی کەسێك کەموئەلف بێ، لە موسەنەفاتی موشتەرەکە کە موئەلف مەوجودە یەعنی چەند موئەلفێکن پێکەوە هەر یەکە حقوقی خۆی بە پێی ماددەیەك وەردەگرێ، دوو/ بە نیسبەتی فنونی تەتبیقی، تەبعەن فنونی تەتبیقیە هەر وەکو دەزانن کاری دەستە هەتا کاری تەبخیش بە فنونی تەتبیقی حساب دەکرێ، کاری چنین، کاری زەخرەفە و ئیشی دەست، یەعنی هەموو کارێك بە کوردی پەروەردە وابزانم پێی دەڵێن کاری دەستی لە قوتابخانەکاندا وای پێ دەڵێن، لەبەرئەوە فنونی تەتبیقی وایە ئەگەر تەعریف نەکرابێ، بەس لە ماددەی 30 دا ئیشارەی پێدراوە کە موسەنەفاتی فنونی تەتبیقی شمولی ئەمە دەکات، یەعنی هەتا هونەری تەبخیش شمولی فنونی تەتبیقی دەکات، لەبەرئەوەی مودەی حیمایەکەی جیاوازترە موئەلیفی هەبێ، بەڵام لە ماددەی 3 دا وەکو نیتاقی حیمایە ئیشارە بە فنونی تەتبیقی کراوە، ئەگەر بۆ تەعریفیش نەبووبێ پێویست بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان؟ کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی سیاغەی نیهائی بۆ ئەو ماددەیە دابڕێژین، پێم باشە، ماددەی 30 موناقەشەی لەسەر بکرێ، چونکە پێشنیار کرا کە ئەویش دەمج بکرێ لەماددەی 29.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بیخوێننەوە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثلاثون:

يتمتع مؤلفوا مصنفات الفنون التطبيقية بحقوقهم المالية بانقضاء خمس وعشرين سنة بعد تأريخ نشرها او اتاحتها للجمهور لاول مرة ايهما ابعد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانەرانی کارەکانی هونەرە پراکتیکیەکان بۆ ماوەی 25 ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی کارەکان، یان خستنەبەر دەست جەماوەرەوە بۆ ئەوەڵ جار سوود لە مافە داراییەکانی وەردەگرن کامەیان دوورتر بێ ئەوەیان حسابە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموون لە گەڵ ماددەکەی تر تێکەڵی بکەن و سیاغەی بکەنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، بە پێی قسەی لیژنەکە فنونی تەتبیقی ئەگەر بەس کاری دەستی بێ، نازانم بۆ کاری دەستیە، یەعنی چۆن نازانم؟ یەعنی موستەڵەحەکە لایەق نیە، یەعنی ناگونجێ ئەوە، پاشان بە حەقیقەت دەبێ تەحدید بکرێ تەعریفەکەی تەحدید بکرێ، فنونی تەتبیقی فلاَن شت و فلاَن شتە، ئینجا بکرێ، دەنا مادام وایە ئەگەر کاری دەستی چۆن نەشر دەکرێ یەعنی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دەیانەوێ ماددەی 30 بکەنە فەقەرەیەك لە ماددەی 29 کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێکڕای دەنگ بوو بە فەقەرەیەك لە ماددەی پێشتر، سیاغەکەی بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە ماددەی 30 بە دەنگدان دەمج کرا لەگەڵ ماددەی 29 ئێستا دەیخوێنمەوە سیاغەکەی بەو شێوەیە دەبێ:

**الفصل السابع**

**مدة الحماية**

**المادة التاسعة والعشرون:**

**اولا:** يتمتع المؤلف بحماية حقوقه المالية المنصوص عليها في هذا القانون طيلة مدة حياته مضافا اليها خمسون سنة اخرى بعد وفاته.

**ثانيا:** يتمتع مؤلفو المصنفات المشتركة بحماية حقوقهم المالية المنصوص عليها في هذا القانون طيلة مدة حياتهم مضافا اليها خمسون سنة اخرى بعد وفاة آخر من بقي حيا من بينهم.

**ثالثا:** يتمتع مؤلفوا المصنفات الجماعية –باستثناء مؤلفي مصنفات الفنون التطبيقية- بحماية حقوقهم المالية طيلة خمسين سنة بعد تأريخ نشر المصنف او اتاحته للجمهور لاول مرة ايهما ابعد ان كان مالك حقوق المؤلف شخصا معنويا. أما اذا كان مالك هذه الحقوق، شخصا طبيعيا فتكون مدة الحماية طبقا للقاعدة المنصوص عليها في الفقرتين الاولى والثانية من هذه المادة.

**رابعا:** تنقضي الحقوق المالية على المصنفات التي تنشر لاول مرة بعد وفاة مؤلفها، بمضي مدة خمسين سنة على تأريخ نشرها او اتاحتها للجمهور لاول مرة ايهما ابعد.

**خامسا:** تحمى الحقوق المالية على المصنفات التي تنشر من دون اسم مؤلفها او باسم مستعار لمدة خمسين سنة تبدأ من تأريخ نشرها او اتاحتها للجمهور لاول مرة ايهما ابعد، فاذا كان مؤلفها شخصا معروفا ومحددا او كشف مؤلفها عن شخصه فتكون مدة الحماية طبقا للقاعدة المنصوص عليها في الفقرة الاولى من هذه المادة.

**سادسا:** يتمتع مؤلفوا مصنفات الفنون التطبيقية بحقوقهم المالية بانقضاء خمس وعشرين سنة بعد تأريخ نشرها.

سابعا: يبدأ سريان المدد المشار اليها في الفقرات اعلاه من هذه المادة من اليوم الاول للسنة المالية التي تلي حصول الوقائع المشار اليها في هذه الفقرات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون جارێکی دیکەش بۆ خوێندنەوەی، باشە ئەو دوو ماددەیەی کە تێکەڵ کراو بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، دوا سیاغەی کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية والثلاثون:

**اولا:** يعد المصنف منشورا من تأريخ وضعه في متناول الجمهور لاول مرة، ولا ينظر في ذلك الى اعادة نشره، الا اذا ادخل المؤلف عند اعادة نشره، تعديلات اساسية يمكن اعتباره معها مصنفا جديدا.

**ثانيا:** اذا كان المصنف يتكون من عدد من الاجزاء او المجلدات نشرت منفصلة وفي اوقات مختلفة، فيعتبر كل جزء او مجلد مصنفا مستقلا وذلك لاحتساب تأريخ نشره.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز  سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سی و یەکەم:**

یەکەم: کارێك بە بڵاوکراوە دادەنرێ لەو رۆژەوە کە بۆ هەوەڵجار دەخرێتە بەردەست جەماوەرەوە لەم رووەوە دووبارە بڵاوکردنەوەی کارەکە لەبەرچاو ناگیرێ، مەگەر دانەرەکەی لە کاتی دووبارە بڵاوکردنەوەیدا، هەموارێکی بنەڕەتی تێدا کردبێ کە ئەودەمەش بە کارێکی نوێ دادەنرێ.

دووەم: ئەگەر کارێك لە ژمارەیەك بەش، یان بەرگ پێکهاتبێ و لە کاتی جیا-جیادا بڵاوبووبێتەوە، ئەوا هەر بەشێکی یان بەرگێکی بە کارێکی سەربەخۆ دادەنرێ بۆ ئەژمارکردنی رۆژی بڵاوکردنەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا یەك کەس، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز  سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی 31 لەسەر هەردوو فەقەرەکەی دەڵێم مەرج نیە، لۆ مەرج نیە! چونکە موستەحیلە بەرهەمەك ئەگەر یەکەم جار بێتە سیاقی نەشر حساب بکرێ و هاتە دەست بەر جمهور کەوتە بەر دەست خەڵك حساب بکرێ ئەوە مەنشورە و تەواو، زۆرجار هەیە بۆ ئەغرازی تیجاری، زۆر جار هەیە بۆ ئەغرازی بەحس، ئەوە پێشی ئەو بەرهەمە تەبع بکرێ ئەوە نابێتە مەشهور، من دەلیلەکتان بۆ بڵێم موئەرخەکی جولەکە لە ئۆکسفۆرد کتابەکی لەسەر مەلیك حسین تەئلیف کرد (lion of Jordan) عیبارەیەکی پێ گوت (from the desert you rose) یەعنی لە سەحرا گوڵت چاند، لەسەر تاریخی ئوردن، ئەو پیاوە بە فەقەرات ئەو کتابە مەجەلەی شەرقی ئەوسەت بەحسی لەسەر دەکرد و دیراسەی لەسەر دەکرد، بە فەقەراتیش پیشانی ئەو کتابەی دەدا و پێشی ئەو کتابە تەبع بکرێ لە لەندەن، خەڵکێکی زۆر هەبوو موتابەعەی شەخسیەتی دەکرد، هەتا مەرکەزی دیراساتی قودس لە عەمان  نەقدی لەو کتابە گرت و گوتی لە خیلالی دیراسەی شەرقی ئەوسەت گوتی ئەنگۆ لە خلالی ئەو دیراسەیەی مەعرەکەی کەرامەتتان نەهێناوەتە پێش چاوی کە فەڵەستینیەکان لێی مەغدورن، موئەلیفە ئەسڵێەکە هەستا فەسڵەکی بەکاملی لەسەر ئەو مەعرەکەیە دانا، برادەران، لە هەر دوو فەقەرەی، لە فەقەرەی دووەمیش کتابێك هەیە، کە (دیلەیر لامە) کە کتابێکی داناوە (ئارت ئۆف هەپی نێس)، ئەو کتابە لە جامعەی ئەریزۆنە لەسەر بوزیەت موناقەشە کرا، پاشی شەش مانگی گرامەنشور، بۆیە هەر دوو فەقەرە لەو ماددەیە بەبڕوای من شەرت نیە و زور سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی رۆشنبیری؟ کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز  سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر بۆ تەوزیحێك ئەمە تەنها دەست نیشان کردنی تاریخی نەشرە، یەعنی پەیوەندی بە بابەتی ترەوە نیە، تەنها تاریخی نەشر لە کەیەوە دەست پێ دەکات و بۆ بەرهەمێکی تری موسەنەف کات هەیە، بە تاریخی نەشر تەنها بۆی ئەژمار کردنی مودەی حیمایەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاهەنگ خان فەرموو.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز  سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر شتەك نەشر بکرێ و سەدای لەسەر بکرێ، ئەوە ناکرێ بڵێ تاریخی نەشری لەسەر حساب بکرێ بە مەبەستی جمهور، زۆرجار من جارێ کتابەکم تەئلیف نەکردووە و دەیدەمە بەر زاری خەڵکەکەی بۆ ئەوەی بزانم خەڵك ئارای لەسەر چیە، شەرت نیە بەڕێزان بەڕەئی من.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك نەژاد  فەرموو.**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز  سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە دووەم دا هەر بۆ بەرچاو ڕوونی برادەرانی بەڕێزی لیژنە هەندێك شت هەیە موستەلات، ئەویش دەبێ حسابەکی بۆ بکرێ، ئەویش ئاهەنگ خان تەقریبەن ئیشارەتی پێیدا بەس ناوی نەهێنا، موستەلات مەسەلەن لە موجەلەیەکی علمی کۆمەڵێك بحوس بلاودەکرێتەوە، بەڵام بە تەنهاش ئەو بەحسانە وەکو موستەل یەعنی دەرهێنراو بلاودەبنەوە، ئەوانە تەکلیفیان چی دەبێ، دەمەوێ لیژنە جوابم بداتەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان؟ کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز  سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحادية والثلاثون:**

**اولا: يعد المصنف منشورا من تأريخ وضعه في متناول الجمهور لاول مرة، ولا ينظر في ذلك الى اعادة نشره، الا اذا ادخل المؤلف عند اعادة نشره، تعديلات اساسية يمكن اعتباره معها مصنفا جديدا.**

**ثانيا:** اذا كان المصنف يتكون من عدد من الاجزاء او المجلدات نشرت منفصلة وفي اوقات مختلفة، فيعتبر كل جزء او مجلد مصنفا مستقلا وذلك لاحتساب تأريخ نشره.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دايە تکايە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانيە؟ دوو کەس لەگەڵ دانيە، فەرموون بۆ ماددەيەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والثلاثون:

**اولا:** بعد انقضاء مدة الحماية المنصوص عليها في هذا القانون لاي مصنف او عند انقطاع ورثة مؤلفه او عدم وجود اي خلف عام له قبل انقضاء مدة الحماية، يحق لاي شخص أن يطبعه او ينشره اذا كان قد تم طبعه او نشره قبل ذلك.

**ثانيا:** اما اذا لم يكن المصنف المنصوص عليه في الفقرة الاولى من هذه المادة قد طبع او نشر، فلا يجوز استغلال اي حق فيه بما في ذلك طبعه او نشره الا باجازة من الوزارة وتسري هذه الاجازة لمدة خمس عشرة سنة على أن تعتبر ملغية اذا لم يمارسها صاحبها خلال سنة واحدة من الاجازة، او اذا بدأ بها ثم توقف بعد ذلك عن ممارستها لسنة كاملة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بیخوێننەوە، کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سی و دووەم:**

یەکەم: دوای بەسەرچوونی ئەو ماوە پاراستنەی کە بۆ هەر کارێك لەم قانوونەدا هاتووە، دانراوە، یان لەکاتی نەبوونی میراتگر یان نەبوونی هیچ وەچەیەکی گشتی پێش بەسەرچوونی ماوەی پاراستنەکەی، ئەوا هەر کەسێك بۆی هەیە، ئەو کارە چاپ بکاتەوە یان بڵاوی بکاتەوە، ئەگەر پێشتر چاپ و بڵاوکرابێتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەو کارەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا، چاپ یان بڵاونەکرابێتەوە، ئەوا نابێت بەبێ مۆڵەتی وەزارەت، هیچ دانەیەکی لەمەڕ ئەو کارە وەبەربهێندرێ بە چاپ و بڵاوکردنەوەشەوە. ئەم مۆڵەتە بۆ ماوەی 15 ساڵ جێبەجێ دەبێ، بەڵام ئەو مۆڵەتپێدانە بە هەڵوەشاوە دادەنرێ ئەگەر خاوەنەکەی لە

ماوەی ساڵێکی دوای مۆڵەتپێدانەکە، جێبەجێی نەکردبێ، یان دەستی پێکردبێ و پاشان بۆ ماوەی ساڵێک دەستی لێ هەڵگرتبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ سیوەل خان و کاک صباح و کاک نەژاد، سیوەل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئەو ماددەیە کە دوو فەقەرەیە یان ببێتە یەك فەقەرە، چونکە تەکمیلەی یەکترن و تەواوکەری یەکترن ئەو فەقەرەیە، یانیش لە دووەم (اما)ی لاببەین، چونکە ئێمە کە قسان دەکەین قەد وشەی (بەڵام) لەسەرەتای قسە کردن بەکارنایەت، هەندەك قسە دەکەین ئینجا دەڵێین بەڵام ئەو شتە وایە، لە عەرەبیەکەش هەمان شت وایە، ئەوەڵەن کۆتایی هاتووە، دووەم، ئەگەر بڵێین لای بەین، بڵێین (اما اذا لم یکن المصنف قد طبع أو نشره الی نشره) یان وشەی ئەمەای لابەین ئەو کاتی دەکاتە بڕگەیەکی دیاری کراو و تەواو و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەوەڵەن دەڵێت (یحق لای شخص ان یطبع او ینشر اذا کان قد تم طبعها قبل ذلك) بە ڕەئی من دەولەتی دراوسێ بێ وارسە، لە فەقەرەی 2 حەق دراوەتە وەزیر کە خۆی بکات بە ساحبی ئەوانە، بەڵام بۆچی لە فەقەرە 1 ئەو حەقە نەدراوە بە دەوڵەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی 2 بە ڕەئی من کە پێشنیار دەکەم کە وەزیر هیچ علاقەیەکی بە مەوزوع دا نەبێ، چونکە ئەو مەوزوعە دەڵێ ئەگەر نەشر نەکرابی، یەعنی دەست نووس بێ، ئێمە دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری کلاسیکیاتی کوردی کە تەبع کراوە بە دەست نووس، کابرا بە جهودی شەخسی خۆی پەیدای کردووە، باشترین نموونەش دیوانی نالی و مەحوی و مەولەوی و مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس، بەخۆیان پەیدایان کرد و بڵاویان کردەوە، عیلاقەی بە وەزیرەوە نیە، ئەوە بەڕاستی، یەعنی ئەوە ڕێگا خۆشکەر دەبێ کە وەزیر تەدەخولی هەندێ شت بکات کە عیلاقەی بە وەزارەتەوە نیە، لەبەرئەوە کە دەڵێ (وتسری هذه 25 سنة علی ان تعتبر ملغیة الی ان لم ) یەعنی دەبێ ئیجازە لە وەزیر وەربگرن، کابرا بەخۆی دەست

نووسەکەی دۆزیوەتەوە، یەعنی دەست نووس هەر بزرە لە ئەساسەوە، دەست نووسەکەی دۆزیوەتەوە، وەرەسەشی نەماوە، بۆ حەقی نەبێ تەبعی بکات مەسەلەن؟، ئەوە دەچێتە بابی تەحقیقی نصوص، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری؟ کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر دەڵێم و تەبعەن زۆر زۆر وازحە لە فەقەرەی یەکەم ئەگەر موسەنفەکە با بڵێین مودەی حیمایەی وەرەسەی نەما، خەلەفی عام نەبوو، بەڵام پێش ئەوەی حیمایە کۆتایی بێ ئێمە دامان ناوە پەنجا ساڵ دوای من، ئەو دەمە مودەکە ماوە هەر کەسێ بۆی هەیە، بەڵام بڵاوی بکات و چاپی بکاتەوە و بڵاوی بکاتەوە، بەڵام بە مەرجێك ئەگەر پێشتر بڵاوکرابێتەوە، نەشر کرابێ، ئەو جارێکی تر بڵاوی بکاتەوە، ئەوەی دووەم، لەو حاڵەتەی کەسی نیە، هێشتا کەسێکی دیکە بۆی نەبێ چاپی بکاتەوە، ئەوە شتێکی زۆر زۆر تەبیعیە، لە ماددەکانی تر گوتومانە، ئەوە ئیتر دەبێتە موڵکی عام کە بووە موڵکی عام کێ مومارەسەی ئەو حەقەی لەسەر دەکا وەزارەتە، ئەمە زۆر زۆر تەبیعیە، با بڵاویش نەبێتەوە، چونکە ئەوە بۆ مەسڵەحەتی عامە ئەو دەمە وەزارەت بڕیار دەدات کە ڕەنگە ئەمە مەختوتەیەکی گرنگە و ئەمە موسەنەفێکی گرنگە، بۆیە بڵاوی دەکاتەوە، بۆیە بەبڕوای من جێگەی خۆیەتی لە شوێنی خۆی، ئەمەش موسەجیمە لەگەڵ ماددەکانی پێش خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەرانی لیژنە بە هەقیقەت وەڵامی پرسیارەکەی منیان نەدایەوە، فەقەرەی دووەم بە وازحی دەڵێ (فلا یجوز استغلال ای حق بما في ذلك طبعه او نشره الا بأجازة من الوزارة وتسری هذه الاجازة لمدة خمسة عشرة سنة علی ان تعتبر ملغية اذا لم يمارس صاحبها خلال سنة واحدة من الاجازة او اذا بدء ثم توقف بعد ذلك) کەواتە یەعنی نسوس هەیە ئەو نەسانە...، باشە ئەو دەواوین و ئەو نسوسانەی کە دۆزراونەتەوە، لایەزال دەدۆزرێنەوە، تەحقیقیان تێدا دەکرێ، یەعنی تەحقیق مەبەستم تەحقیقی ئەدەبیە، تەحقیقی مەحکەمەی نیە، لێکۆڵینەوەیە و توێژینەوەیان تێدا دەکرێ، ساغ دەکرێنەوە بە کوردیەکەی، ئەوانە بۆ حەقیان نەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکەن، بۆ ئیلا ئیجازەی لە وەزارەت وەربگرن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ تەوزیح بۆ بڕگەی 2، بە نموونە ئەیهێنمەوە، لەبەر ئەوەی با شتەكە واضح بێ، من دەستنوسێك ئەدۆزمەوە، ئەم دەستنووسە كە ئەیدۆزمەوە هێشتا بڵاو نەكراوەتەوە، وەزارەت نایەت ئەوە تەبع بكات، ئەوە منم ئیجازە لە وەزارەت وەرئەگرم كە تەبعی بكەم، بۆ ئیجازە لە وەزارەت وەرئەگرم، من دەستنووسێكم دۆزیوەتەوە، وەزارەت ئەبێ تەحقیق بكات، خاوەنی ئەم دەستنووسە وەرەسەی هەیە یان نا، تۆ بە ئارەزووی خۆت ئەچی تەبعی ئەكەی و بڵاوی ئەكەیتەوەو تیجارەتی پێ ئەكەی، نابێ، ئەبێ جیهەتێك هەبێ، ئەم جیهەتە خۆی تەبع ناكات، ئەم جیهەتە ئیجازە ئەدات بە تۆ تەبعی بكەی، مودەی حیمایەشت بۆ دائەنێ كە تۆ خاوەنی ئەم تەبعە ئەبێ، بۆ مەسائیلی مالی و بۆ بڵاو كردنەوەی بۆ ماوەی 15 ساڵیش، یەعنی ئالیەتەكە بۆ بڕگەی 2 لەمەدایە، چونكە ئەگەر هاتو و جیهەتێك نەبێ تۆ دەستنووسێك بڵاو بكەیتەوە وەرەسەی هەیە، تۆ پێشتر بڵاوت كردەوە چۆن ئەبێ، ئەبێ جیهەتێك پێت بڵێ كاكە ئەمە وەرەسەی هەیە، خاوەنی وەرەسەكە ئەتوانێ بڵاوی بكاتەوە، ئەم بڕگەی 2 تەنها بۆ ئەوەندەیە، بڕگەی 1 بەڕاستیەكەی دوای مودەی حیمایە ئێمە پێمان باش بوو، دوای ئەوە ببێت بە موڵكی عام ئینجا (یحق لای شخص) تەواوی بكات، لە تەعریفا هێناومانە بۆ ئەوەی لێرە بیكەینە بڕگەی 1، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد سوئالێكمان لێرە هەیە لە جەنابت دەكرێ بیكەین؟، جەنابت ئەندامی لیژنەكە بووی ئەم موناقەشانەت بۆ لە لیژنەكە نەكرد؟، باشە با شلێر خان قسە بكات، شلێر خان داوای لێبوردن دەكەم كاك نەژاد قسە دەكات، فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەو موناقەشاتانە كراوە، بەڵام بە موختەسەرتر، بەڵام ئیشكالەكە هەمووی لەگەڵ لیژنەی قانونی تێكەڵ و پێكەڵ بوو بەڕاستی، پاشی لیژنەی قانونی، ئەوە یەك، ئیشكالەكە لەوێ بوو، پاشان نازانم ئەگەر سەرۆكایەتی و برادەرانی لیژنە حەزیان لێ نیە، من لە ئێستاوە ئیعتیزاز دەكەم و هیچ موناقەشە ناكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا كاكە، تۆ قسەكانی خۆت دەكەی ڕەئیەكانی خۆت دەدەی، كەس ڕێگەت لێ ناگرێ، تۆ پرسیار دەكەی ئەوانیش پرسیار دەكەن، تۆ حەقت نیە ناڕەحەت بی، تۆ ئەدیبی هەست ناسكی، شاعیری برای خۆم.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوان هیچیان پێ نەمایە ئێستا، دەیانەوێ ئیتیهامەكەی بخەنە لای من، یەعنی ئەوە هەموو ئەوەیانە، بەڕاستی، من موناقەشەم كردووە، زۆر شتیش ڕاست كراوەتەوە، باشیش دەزانن كە چەند شتی تر ڕاست

کراوەتەوە، کاك دڵشاد بەتایبەتی، شایەدیم بۆ دەدات کە چەند شتمان ڕاست کردەوە، من لەسەرەوەش نووسیتم تێبینیم هەیە، ئەوەتا ئیمزایەکە بخوێننەوە بزانن نووسیومە تێبینیم هەیە، من ئەودەم لەسەر فکر نەبووم، ئێستا ئەوە مولاحەزەیەکم بۆ هات، یەعنی هەقم نیە وەکو ئەندام پەرلەمانێك موناقەشەی بکەم؟، ئەگەر هەقم نیە جەنابت ئەمر بکە منیش دادەنیشم و تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دەستەکانت خۆش بێ هەقی خۆتە قسە بکەی، پرسیار بکەی هەموو شتێك، تۆ ئەدیبی شاعیری هەست ناسکە، دائیمەن دەبێ دڵت ناسك نەبێ ئاوا، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەم نیهایەتی دەورەیە، یەعنی وابزانم خۆتان باشتریش لە یاساکان ئەزانن، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەمڕۆ دوێنێ پێشێلکاریەکی زۆر هەبووە، ئەندام پەرلەمان بۆی هەیە یەکجار موداخەلە بکات، قسەکانی وەرنەگیرا ئیتر پێویست ناکات، هەموو وەختەکە ئەڕوات ئێمە شتی زۆر موهیم ترمان لەبەردەم دایە، ئەمە شەریحەیەکی زۆر موهیم، بەڕاستی داوای ئەمەی کردووە، خەڵکێکی زۆر موهیم لە هونەرمەندان لەوانەی کە موحافەزەی حقوقیان بکرێ، یەعنی چل و ئەوەندە ماددەیە ئێمە بەم نیهایەتی هەفتەیە ڕۆیشتووە هیچمان نەکردووە، لەبەر ئەوە تکا لە بەڕێزتان ئەکەم یەعنی بەم شێوەیە دووجار ئەندام پەرلەمان هەر موداخەلە بکات لەسەر نەفسی مەوزوع نابێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان بەوەش ڕازی نین چی بکەین، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیەتی تێبینی هەبێ، یەعنی با بڵێین واژوویەکیشی کردبێ، بەلام هەندێ تێبینی هەیە زەروریە لەکاتی موناقەشە، لەکاتی خوێندنەوە، لەبەر ئەوە من پشتیوانی کاك نەژاد ئەکەم کە هەقی خۆیەتی، لیژنەکانیش کە لێرە دانیشتوون وەکو ئەوەی ئەو پڕۆژەیە هی ئەوان بێ، جواب دانەوە نیە، قەینا تێبینی و ڕوونکردنەوە هەیە، بەلام وەکو وابێ پڕۆژەکە ئەوان دایان ناوە، هەر کەسێك مولاحەزە بدات ئەوانیش جواب بدەنەوە، ئەمە دژ بە پەیڕەوی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش لە پشتیوانی کاك نەژادین وەکو سەرۆکایەتی، دڵنیابە، لیژنەی یاسایی ئەگەر تێبینیەکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزمان بۆ هەموو مولاحەزاتەکانی جەنابی کاك نەژاد و برادەرانی تر، ئێمە لەم لیژنەیە شتمان زۆر پێماوە هێشتا، هەندێ شتیشمان پێیە، ئەوەشی کە ئیعتیمادمان کردبێتە سەری، زیاتر ئیعتیمادمان لەسەر ڕاپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکانە، ئێمە هاوکاریان ئەبین بۆ ڕاست کردنەوەی زۆر لە سیاغەکان کەپێچەوانە دەرنەچێ لەگەڵ باقی تری یاساکان، لەبەر ئەوە دەستی ئێمەی تیا نیە زۆر، بۆ ئەوەی کاك نەژاد بڵێ لیژنەی یاسایی شێواندنی پرۆژەکەی کردووە، چونکە خۆی لە لیژنەی ڕۆشنبیری بوو ئەوکاتە، خۆی ڕەئی تیا داوە، ئازادیشە لە ڕەئی خۆی، بەلأم شێواندنەکەی نەشێواوە، ئێمە سیاغەکانمان بۆ چاك کردوون، بۆشیان چاك دەکەین، بەنیسبەتی ئەو مولاحەزەیەی کە کاك نەژاد لەسەری قسە ئەکات، ئەم موناقەشە دوورو درێژەی هێنایە پێشێ کە بەئیجازەی وەزارەت، من تەئکید لە کاك نەژاد ئەکەم، بەتەئکید ئەبێ ئیجازەی وەزارەتی تیا بێ، بۆچی؟ ئەمە بۆ ئەم موسەنەفانەیە کە برادەرانی لیژنەی ڕۆشنبیری باسیان لەسەری کرد، ئەگەر هاتو وەرەسەی نەبوو، بە تەئکید قانون ئەڵێ (الدولة وارث لمن لا وارث لە) دەوڵەت ئەچێتە شوێنی وەرەسەو شوێنی خەلەف، تەبیعی دەوڵەت خۆی تمسیل ئەکات بە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، لەبەر ئەوە ئەبێ یەکێك ببێ بە مالیك، موڵکیەتی عامەکەشی باسی لەسەر کراوە کە چاکمان کردووە، لەبەر بوونی وەزارەت و ئیجازەی وەزارەت زۆر زەرووریە لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا سیاغەی هەردوو لیژنە بۆ ماددەکە بەو شێوەیە:

المادة الثانية والثلاثون:

اولاً: بعد انقضاء مدى الحماية المنصوص عليها في هذا القانون لاي مصنف او عند انقطاع ورثة مؤلف او عدم وجود اي خلف عام له قبل انقضاء مدى الحماية يعد مولكاً عاماً ويحق لاي شخص ان يتبعه او ينشره اذا كان قد تم طبعه او نشره قبل ذلك.

ثانياً: اذا لم يكن المصنف منصوص عليها في الفقرة اولاً من هذه المادة قد طبع او نشرة فلا يجوز استغلال اي حق فيه بما في ذلك طبعه او نشره الا بأجازة من الوزارة وتسرى هذه الاجازة لمدة خمسة عشرة سنة، على ان تعتبر ملغية اذا لم يمارسها صاحبها خلال سنة واحدة من الاجازة او اذا بدء بها ثم توقف بعد ذلك عن ممارستها لسنةٍ كاملة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تكايه كێ لەگەڵدايه دەستى بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانيه تكايه دەستى بەرز بكاتەوە؟، تەنيا يەك كەس لەگەڵدانيه، بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.**

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثامن**

**الحقوق مجاورة**

**المادة الثالثة والثلاثون.**

**مع مراعات احكام هذا القانون:**

**اولاً: يستأثر المؤدي بالحقوق الاتية:**

1- **اذاعة ادائه الحي ونقله الى الجمهور وتثبيت ادائه غير مثبت.**

2- **استنساخ ادائه المدمج في تسجيل صوتى بأية طريقة وبأى شكلٍ كان سوا اكان مباشراً ام غير مباشر بصورة مؤقتة او دائمة بما في ذلك التسجيل الرقمي الالكترونى.**

3- **توزيع الاداء المثبت في تسجيل صوتى عن طريق البيع او اي تصرف اخر ناقل للملكية.**

4- **التاجير التجارى لادائه مثبت في تسجيل صوتي.**

5- **منع او اجازة الاستيراد لادائه المثبت في تسجيل صوتي في الخارج سوى اكان هذا التسجيل قد اعيد بموافقة فنان الاداء ام لا.**

6- **اتاحة الاداء المثبت في تسجيل صوتي للجمهور بطريقة سلكية او لاسلكية وبما يمكن الجمهور من الوصول اليه في اية زمانٍ ومكان يختاره اي منهم.**

7- **يكون لفنان الاداء الحق في ان ينسب اليه اداء سمعيه حي او ادائه المثبت في تسجيل صوتي حتى وان كانت الحقوق المالية متعلقة بهذا الحق قد انتقلت الى الغير الا اذا كان الامتناع عن نسبة الاداء اليه تفوضه طريقة الانتفاع بالاداء وله الاعترافي على اي تعدي على هذا الحق ومنع كل تحريفٍ او تشويه او اي تعديل اخر لادائه قد يلحق ضرراً بسمعته.**

**ثانياً: يتمتع منتج مصنف السينمائى او الاذاعى او التلفزيونى او الصوتى بالحقوق الاتية:**

1-**الاستنساخ المباشر او غير المباشر للمصنف بأي طريقةٍ او بأى شكل سوى اكان ذلك بصورة مؤقتة او دائيمة بما في ذلك استنساخ رقمي الاليكترونى.**

2-**توزيع المصنف عن طريق البيع او اي تصرف اخر ناقل للملكية.**

3-**التأجير التجاري للمصنف.**

4- **اتاحة المصنف للجمهور.**

**ثالثاً: تتمتع اى هيئة اذاعة تلفزيونية فيما يتعلق ببرامجها بالحقوق الاتية:**

1-**تثبيت برامجها وتسجيلها واستنساخ هذه التسجيلات و ينطبق ذلك على الاستنساخ المباشر او غير المباشر.**

2- اعادة بث برامجها ونقلها الى الجمهور.

رابعاً: تنطبق الاحكام الخاصة بتنازل المؤلف عن حقوقه المالية وفقاً لاحكام هذا القانون على اصحاب الحقوق المجاورة ومع عدم الاخلال بما نص عليه في هذا القانون مع الحقوق الاستأثارية الفنانية الاداء وهيئات الاذاعة على ان لا يكون لهؤلاء الا حق الحصول على مقابل مالى عادل لمرة واحدة نظير استخدام المباشر او غير المباشر للبرامج المنشورة لاغراض التجارية للاذاعة او التوصيل الى الجمهور مالم يتفق على غير ذلك.

خامساً: تكون مدة الحماية لحقوق فناني الاداء خمسين سنة من يوم الاداء بعد تاريخ او التثبيت الصوتى مشروع للاداء او نشره او اتاحته للجمهور ايهما الاقرب.

2-تكون مدة الحماية لحقوق منتجي التسجيلات الصوتية خمسين سنة من يوم التثبيت بعد تأريخ نشر التسجيل وفي حالة عدم النشر تحتسب المدة من تأريخ او التثبيت للتسجيل.

3-تكون مدة الحماية لحقوق هيئات الاذاعة والتلفزيون عشرين سنة بعد تاريخ البث.

4- يبدء سريان المدد المشار اليها في هذه الفقرة من اليوم الاول للسنة الميلادية التى تلي حصول الوقائع المشار اليها في هذه الفقرة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ئەم ماددیە تێبینی هەیە؟، تەنیا یەك کەس کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من 10مادده قسەم نەکرد، من ئەمەوێ هۆیەکە بڵێم، چونکە بێ ئومێد بووم لەوەی هەتا جوابی تێبینیەکانم بدرێ، بەلاَم لەم ماددەیە بە پێویستم زانی تەداخول بکەم، یەك، فەسڵێك بەناوی (حقوق مجاورە) پێك هاتووە لەیەك ماددە، بۆ ئەبێتە فەسڵ، خۆ ئەو عینوانە بدە ماددەکە، پێشنیار دەکەم ئەگەر بتانەوێ فەسڵی (حقوق مجاورە) هەبێ ماددەی 33 ئەبێتە (حقوقی مؤدی) ئەوکاتە 34 ئەبێتە (منتج) 35 ئەبێتە (هیئة اذاعة) خامساً ئەبێتە (مدة الحماية) کاك ئاسۆ ئەو موناقەشە لەگەڵ من بکە، هەقی خۆمە، خامساً باسی (مدة الحماية) بۆ حقوقی مجاورە ئەکات، کە شتێکی جیاوازە، ئیقتیراحە بە دڵتان نەبێ هەر جوابیش نەدەن، ئەوە یەك، دوو، ئەوەلەن ئەگەر تەماشای بکەی هەندێ شتی تێدایە ئەمانگەڕێنێتەوە ئەو موناقەشەی یەکەم، کە قبوڵ نەکرا، یەکێ ئەدائەکە ئەکات کە ئەو هیچ هەقی نیە، بزانە (يستأثر المؤدي باذاعة أدائه الحي ونقله للجمهور تثبيت ادائه غير المثبت) ئەو بەشێکە لە تیمێك، مومکینە پێم بڵێن یەکێك عەزفێکی مونفەرید دەکات، یان گۆرانی ئەڵێت، بەلاَم بەتەنیا نیە، ئەم موئەدیە عام نیە، ئەوە عام هاتووە، بەلاَم ئەوەش موشکیلە نیە، دووەم، (استنساخ ادائه المدمج في تسجيل صوتى ...) ئەمە گۆرانیەکی وتووە، یانیش ڕۆڵێکی گێڕاوە لە مەسرەحیەك، یانیش بەشدار بووە لە شانۆیەك، یان مۆسیقای لێداوە بۆ گۆرانی بێژێك، دە فەرموو وەرە ئەم ماددەیە لەسەر ئەوە تەتبیق بکە، ئەو بە چ مافێك مەنعی بەقی مەسرەحیە ئەکات کە ئەو ڕۆڵێکی هەبووە تێدا، بەچ مافێك ناهێڵێت گۆرانیەکە بلاَو ببێتەوە یان بلاَو

**نەبێتەوە لەبەر ئەوەی مۆسیقای لەپشت گۆرانی بێژەکە لێداوە، رەجاتان لێ ئەکەم بیری لێ بکەنـەوە، پاشـان (منح واجازة استيراد لادائه المثبت) جارێکی تر بیر لەو موئەدیە بکەن، ئەوەی بەشدار بووە لە هـەر شـتێك، تەنها موئەلیف نیە، ئەم یاسایە نووسراوە بۆ موئەلیفی کتێب، بەڵام هـەوڵ دراوە فـراوان بکرێـت، (التـاجير التجاري لادائه المثبـت في التسـجيل الصـوتی) عـادل ئیمـام لـە مەسـرەحیەی ئـەو، لەهـەمووی مـومکین تـر و عەجیب تر، (خامساً: تكون مدة الحماية لحقوق فناني الاداء خمسين سنة) تۆ لە ئەوەلەن گوتووتە چیەو چ نیە؟، من ڕۆڵی مەلیکم لێرە گێڕاوە لە مەسـرەحیە، پـەنجا سـاڵی تـر کـەس هـەقی نیـە ڕۆڵـی مـەلیك لێـرە بگێڕێتەوە بەپێی ئەو ماددەیە، من ئەدائم کردووە، بیست و پێنـج سـاڵ عـەفو، مەعقولـە تـۆ مـەنع دەکـەی خەڵك مۆسیقا لێ بدات و گۆرانی بڵێت ئەدائەکەی ئەدائی خۆمە، یەعنی 50 ساڵی تر کەس هەقی نیە ئـەو ڕۆڵەی من گێڕاومە لە مەسرەحیە، لێرە هـەقی نیـە ئـەو قەتعـە مۆسـیقایە لێ بـدات، مـن لـێم داوە، ئەگـەر مەبەستێکی ترتان هەیە بۆمان شەرح بکەن، تاوەکو تێبگەین، من تەسەوڕ دەکەم ئەوەلـەن، ئیعـادە نـەزەری لێ دەکەم ئەگەر قبوڵتانە ئەو فەقەرەیە، من بۆ قانون ئـەدەم نـەوەك قسـە بکـەم، ئەوەلـەن ئینتیبـاق ئـەبێ لەسەر (المؤدي المنفرد) فەقەت، بیری لێ بکەن، تۆ دەڵێی (المؤدى بصورة عامة) دووەمیـان تـێم بگەیـەنن مـن تێناگەم، (المؤدي) چۆن هەقی هەیە ئەو شتەی ئەو ئەدائەی ئەو کردوویەتی پەنجا ساڵی تر ناکات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بەس لەسەر ئەدائەکە دوایی کاك ئاسـۆ خـۆی وەڵامـی ئـەوانی تـر ئەداتـەوە، تـۆ وەك مومەسـیل دەقـی ئەدائێك ئەکەی تۆ ناتوانی مەنع بکەی کەسێکی تر نەفسی ئەدائی ئەو دەقـە بکاتـەوە، بـەڵام ئـەم ئەدائـەی من بە سەوت و بە ئەدائی من، تۆ بیهێنی لـە ڕادیـۆ بـەکاری بهێنـی، بیهێنـی لـە مـاددەی فـەنی تـر بـەکاری بهێنی بێ ئیجازەی مـن، هـەقی ئـەو ئەدائـەی خـۆم هەیـە بـە ئەدائەکـەی مـن، نـەوەك هـەقی نەسـەکە کـە یەکێکی تر بڕوات تەمسیلی ئەو ئەدائە بکات، بۆ نموونە، با هەر بڵێین خولە چەخماخە، ئـەو ئەدائـەی بـۆ نموونە موستەفا احمد هەیەتی، ئەو ئەدائە ئەتوانێ ئیحتیفازی پێ بکات، لە مودەی 25 ساڵ کەس بـەکاری نـەهێنێ ئەدائەکـەی، یـەعنی ئەدائەکـە بـە حەرەکاتـە، بـە سـەوتە بـە سـورەیە هەموویـەتی، نـاتوانێ ئـەوە بـەکاربهێنێ لەبـەر دەنگەکـەی، نـە حەرەکەکـە بـەکار بهێنـی بـۆ سـەوت بـۆ ماددەیـەکی تجـاری، یـان بـۆ ماددەیەکی فەنی تر، کە ئەدائەکە سەوت و سورەو دەنگی خۆمی تیایە، بەڵام من ئەتوانم ئێستا نەفسی دەق بێم ئەدائی بکەمەوە بەشێوەیەکی تر، یەعنی ئەوە بەس بۆ تـەوزیحی ئـەوەی ئـەخیر لـە ئەدائەکـە، ئەگـەر مەفهوم بووبێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر قسەکانی کاك دڵشاد شتێکی ئەوا بە بڕوای من ڕوونکردنەوەیەکی زۆر زۆر ڕاست بوو، ئەدائی حەرەکاتە، ئەدائی دەنگە، بەتایبەتی دەنگ زۆر زۆر گرنگە، ناکرێ ئەو دەنگە مەسەلەن بۆ نموونە، ڕەنگە مامۆستا مەلا بەشیر دانیشتووە، ئەو دەنگەی قورئان دەخوێنێ عبدالباسط، ئەمە دەنگێکی تایبەتە بە عبدالباسط ناکرێ یەکێك بە حەرەکاتی ئەو بە دەنگی ئەو، ئەمە تایبەتی ئەوە، یەکێك بێت لەچاوی بکاتەوە، تەنسیبی بکات بۆخۆی، ئەمە لێرە ئیخلال ئەکات بە ئەدائی ئەو، نەوەك نابێ کەسێکی تر بۆخۆی قورئان بخوێنێ، ئەویش تەلاویەکی دیکەی هەبێ، لێرەیە یەعنی ئەدائەکە لێرە بەو مانایە نیە کەتۆ ئەوەی جەنابت گوتت، ڕێگە بگیرێ جارێکی تر ئەوە بکرێ، ئەوی تر بەڕاستی قسەی جەنابتە، ئەمە ئەدائی مونفەردە، ئەوانی تر عقود هەیە تەنزیمیان ئەکات لە بەینیا، بەتایبەتی ئەگەر کۆمەڵێك بوون یەعنی، ئەمە مونتجە بەتایبەتی لەدواتر دێت کەباسی موسەنەفی سەمعی دەکرێ، لەوێ ئەو دەبێتە خاوەنی شتەکان، بە عقود شتەکان تەنزیم دەکرێ، بۆیە هەقە باشتر بە بڕوای من تەرکیز بخرێتە سەر ئەو ماددەیە، بەنیسبەتی ئەم فەقەراتانە ئایا دەکرێ بکرێتە مەوادی موختەلیف؟، بەڵێ، بەبڕوای من دەکرێ بۆ ناکرێ، دەکرێ ئێستا لێرە بیکەین، بالفعل ئەوەی تایبەتە بە موئەدی بە ماددەیەك بێ، ئەوەی تایبەت بێ بە مونتج، دەکرێ جیابێ بۆ هەیئاتی ئیزاعەو تەلەفزیۆن دەکرێ بە ماددەیەك، بەلام هەر هەموویان دەچنە ژێر ئەم فەسڵە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بەباشی دەزانین بیکەینە ماددەیەکی جیاواز، فەقەرەکان ببێتە ماددەی موستەقل، ئێستا دەیخوێنمەوە بەو شکلەی کە هاتووە.

**الفصل الثامن**

**الحقوق مجاورة**

المادة الثالثة والثلاثون.

يستأثر المؤدي المنفرد بالحقوق الاتية:

اولاً: اذاعة ادائه الحي ونقله الى الجمهور وتثبيت ادائه غير المثبت.

ثانياً: استنساخ ادائه مدمج في تسجيل صوتى بأية طريقة وبأى شكلٍ كان سوا اكان مباشراً ام غير مباشر بصورة مؤقتة او دائمة بما في ذلك التسجيل الرقمي الالكترونى.

ثالثاً: توزيع الاداء المثبت في تسجيل صوتى عن طريق البيع او اي تصرف اخر ناقل للملكية.

رابعاً: التاجير التجاري لادائه المثبت في تسجيل صوتي.

خامساً: منع او اجازة الاستيراد لادائه المثبت في تسجيل صوتي في الخارج سوى اكان هذا التسجيل قد اعيد بموافقة فنان الاداء ام لا.

سادساً: اتاحة الاداء المثبت في تسجيل صوتي للجمهور بطريقة سلكية او لاسلكية وبما يمكن الجمهور من الوصول اليه في اية زمانٍ ومكان يختاره اي منهم.

سابعاً: يكون لفنان الاداء الحق في ان ينسب اليه ادائه سمعية حي او ادائه المثبت في تسجيل صوتي حتى وان كانت الحقوق المالية متعلقة بهذا الحق قد انتقلت الى الغير الا اذا كان الامتناع عن نسبة الاداء اليه تفوضه طريقة انتفاع بالاداء وله الاعتراف على اي تعدي على هذا الحق ومنع كل تحريفٍ او تشويه او اي تعديل اخر لادائه قد يلحق ضرراً بسمعته.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە دەست بەرزبكاتەوە، تەنها دوو كەس (كاك نەژاد- كاك عبدالسلام)، فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له یەكەم كە دەڵێت (یلتزم الناشرون) ئەوانە دەبێت بنووسرێت بۆئەوەی كەوا (لغرض التوثیق فقط) لە ئاخیریەكەی، چونكە هەر خۆشی تەناقوز لەگەڵ هی دووەم، هی دووەم پێویست ناكات، چونكە تەناقوزی دروست دەكاتن(لايتربط على عدم ايداع)، ئەو دەڵێت دەبێت ئیداع بكرێت لەهی یەكەم، لە هی دووەمیش دەڵێت هیچ تەبیعاتێكی قانونی نیە ئەگەر ئیداعیش نەكرێت، كەواتە پێویست نیە، لەبەرئەوە لەهی یەكەم ئەگەر بنووسرێت((لغرض التوثيق فقط)، لە چوارەمیش(الا اذا نشر المصنف) پێم وایە زیادە، چونكە لەپێشدا باسی (منفرداً) هاتووە بەڕاستی لێرەدا زیادە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پشتگیری پێشنیارەكەی بەڕێز كاك نەژاد دەكەم بۆ لادانی لەبەر هۆیەكی تر، لە فەصڵی شەشەم باسی نوسخەو لە مەكتەبەو لەجێگا هەمووی داندراوە، لەڕووی عەمەلیەوەش هیچ ئەم یاسایە شت ناگۆڕێت، ئەم ماددەیە، بەڵام ئەگەر موسڕبن برادەران بمێنێت، پێشنیار دەكەم نەقل بكرێ بۆئاخیری فەصڵی شەشەم(الاستخدام العادل) لەوجێگایەی كە دەڵێت لای مەكتەبە بێت و، مەكتەبە بۆی هەیە نازانم چەند نوسخە بكەن، تەسەور دەكەم نزیكترین ئەو بابەتەیە لە كۆڵتانیش دەبێتەوە، فەسڵێكی زیاد، بەڵام پێشنیاری سەرەكیم ئەگەر نەبێت هیچ ناگۆڕێت لە واقیع، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەوە بە زەرور دەزانین مانەوەی ئەو ماددەیە بەوشێوەیە هاتووە، بەڵێ ڕاستە غەرەزی ئەساسی لێرە (لغرض التوثيق)، ڕاستە نەنووسراوە دەكرێت ئەمە ئیزافە بكرێت، بەڵام ئەگەر ئیداعیش نەكرێت ئەوە بەو مانایە نیە، ئەو حقوقی مەعنەوی و ئەو مالیانەی كە موئەلیف هەیەتی، ئەگەر ئیداعی نەكردیە ئەو حەقە ماددی و مالیانەی نامێنێت، یەعنی چونكە ئێمە پێشتر لە ماددەكانی تردا وتوومانە ئەگەر نەیكرد، بەڵام ئەگەر كردیشی ئەو قەرینەیە، یەعنی دەكرێت ئیسپاتی عەكسی ئەو قەرینە بكەین، ئەو برادەرانەی قانونین دەزانن كۆمەڵێك تروقی ئیسپات هەیە، دەزانن قەرینەی قانونی هەیەو وەقایع هەیە و، ئەوانە دەكرێت قسەی لەسەر بكرێت، بۆیە بەبڕوای من جێگای خۆیەتی هەرچەندە بابڵێین ئێمە لەناو لیژنەشدا، لە موناقەشەشدا زۆر لەسەر ئەوە قسەمان كرد، ئەگەر ئیداع نەكرا چونكە نووسیومانە ئیلتزام، ئەگەر یەكێك نەیكرد ئێمە هیچ عقوبەیەكیشمان بۆ دانەناوە، بەڕاستی لە وڵاتی ئێمە من بۆخۆم شەخسیەن پێم وابوو پێویستە عقوبەشی لەگەڵ بێت ئەوەی نەیكرد، چونكە ئێمە وڵاتێكی تازەین چ كتێب، چ هەر شتێك پێویستە بەڕاستی ئیشراف بكرێت، تەسجیل بكرێت، هەڵبگیرێت بۆئەوەی بزانن توراسی ئێمەیە، كە نەكرێت ڕەنگە پەرش و بڵاو بێت، بەڵام ئیتجاهی قانونی لە وڵاتانی تر ئەوەیە لەسەر (عدم الايداع) نەكردن عقوبە نەدرێت، زۆرینەی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ئەوەبوون كە عقوبەی لەگەڵ نەبێت، بەڵام لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیە بوون بەوشێوەیەی كە ئێستا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە نەمان وتووە نەمێنێتەوە، ئێمە دەڵێین بمێنێتەوە، بەڵام دەڵێین فەقەرەی یەکەم وازحە، بەڵام دیارە بۆ غەرەزی ئەرشەفەکردنە (لغرض التوثیق)، بەڵام ئەوەی تر کە دەڵێت (لایترتب علی عدم الایداع المساس بحقوق المؤلف المنصوص علیها) یەعنی لەهی یەکەم دەڵێ ئیداع بکرێت (مولتەزم) دوایی دەڵێت ئەگەر ئیلتزامیشی پێ نەکات، با بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە دووبارە قسە دەکەم لەسەر بابەتەکە، هەر سوپاسی کاك ئاسۆ دەکەم بۆ ئەو شەرحە، بەڕاستی ئێمە یاسای ترمان هەیە کە ئەدائی ئەو میهنەیە دەکات، ئەتروحاتی جامیعی مەرجە دەبێت 20 نوسخە تەبع بکەیت بدرێتە جێگا، مەتبوعات کە شتی تۆ تەبع دەکات، لە قانونی مەتبوعات جێگا تەحدید کراوە چەند نوسخە بۆ مەکاتبی عام، واتە غەرەزەکە تەقریبەن تەحقیق بووە، ئەوەی من جەختی لەسەر دەکەم و، حەزدەکەم کاك عونی وەکو خەبیر لەو شتە ڕەدم بکات ئەگەر غەڵەتم، ئەساسی دانای یاسا چیە؟ یان مەنعە یان سەماحە یان ئیتخازی ئیجرائێکە، من تێناگەم لە وشەی (یلتزم) و، (لایترتب علی عدم والتزام)، یەعنی تۆ فەقەرەیەك دادەنێی دەبێت بیکەی، فەقەرەیەکیش دەڵێت مەیکە و خواحافیزت، حاجەت چیە بۆ ئەو ماددەیە ماددەم ئەحکامت دانەناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی کاك عبدالسلام زۆر لەجێی خۆیەتی ڕاستە، ئەگەر تێبینی فەقەرەی یەکەم و دووەمی ماددەکە بکەین، فیعلەن نەوعە تەناقوزێکی تێدایە لەلایەکی ئیلزامی دەکەی، ئیجباری دەکەی کە ئیداعی بکات ، لە فەقەرەی دووەم دەڵێت ئەگەر ئیداعی نەکرد، هیچ مەسئولیەتێکی قانونی لەسەر نیە، باشە بۆ ئەوها یەعنی فەقەرەی دووەم نەمێنێتەوە، ئیلغا بکرێتەوە تەنها فەقەرەی یەکەم سێیەم و چوارەم بمێنێتەوە لە ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو تەفسیرەی کـاك عـونی کـردی بەوشـێوەیە نیـە، هـەر موسـەنەفێك کـە ئـەوە لـە ماددەکـانی پێشـوودا وتوومانە، لە لەحزەی ئینشائی هـەر موسـەنەفێك حقوقـەکان ئینشـا دەبـن ئـەوەمان وتـووە، حقوقـەکانیش بریتین لە حقوقی مەعنـەوی و مـاددی کـە لـەماددەی حـەوت و مـاددەی هەشـت هـاتوون، وتوومانـە ئەگـەر ئیداع نەکرێت هـیچ لـەو مافانـە کـەم ناکرێتـەوە، یـەعنی ئەگـەر ئیـداع نـەکرێت، نـەك ئیجرائـاتی قـانونی لەگەڵ بکرێت نـازانم چـی و ئـەوە نـا، مەبەسـت لـە حقوقـە مەعنـەوی و ماددیەکانـە کـە لـەماددەی 7 و 8 هاتوون، کابرای موئەلیف ئەگەر ئیداعی نەکرد لەومافانەی کە نابنەوە ئـەوە مـوهیم تـرین شـت ئەلێرەیـە، بۆئەوەی ئەوە نەبێتە شتێك، بەلاّم ڕەنگە سبەینێ یـەکێك ئیـدیعاء بکـات بڵێـت ئـەو موسـەنەفە هـی منـە، ئەگەر یەکێك ئیداعی کردبوو بۆ قازانجی ئەوە، ئەوە دەبێتە قەرینەیەك، بەلاّم دەکرێت ئیسپاتیش بکرێت ئەوە، بەلاّم عقوبـەمان دانـەناوە هـەروەکو ئێسـتا وتم ڕوونیشـم کـردەوە خـۆم شەخسـیەن لەگـەڵ ئـەوە بم، بەلاّم زۆرینەی ئەندامانی لیژنـە لەگەڵ ئەوە بوون کە ئیتجاهی سائید بەنیسـبەت ئـەو قانونـە ئەوەیـە، کـە ئیداع کردن یان تەسجیل کردن یان هەر ئیجرائاتێکی تری شکلی، نەبێتە ڕێگر لە بەرامبەر مومارەسەکردن و موباشەرە کردنی حقوقە ماددی و مالی و  مەعنەویەکانی موئەلیف، ئەوە بـوو مـەوزوع دەنـا مـن بۆخـۆم شەخسیەن وەکو ئەوە لەگەڵ عقوبات بـووم، کـە ئیجرائاتیـان لەگـەڵ بکرێـت، بـەلاّم دیـارە وەك ئـەوەی وتم زۆرینەی ئەندامانی لیژنە بەم شێوەیە سیاغەیان کردووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتـە دوو بۆچـوونی جیـاواز هەیـە، بۆچـوونە جیاوازەکـان بـزانین چـۆن چـۆنیە؟، هەریەکـە بۆچـوونە جیاوازەکان بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن لە کاك نەژاد دەکەم برای بەڕێزم، ئەویش هەمان پێشنیاری کرد کە کـاك عبدالسلام کـردی، من تەنها ئیشارەتم بە ناوی کاك عبدالسلام دا، ئێمە پێمان باشە ئەو برگەیـە نەمێنێتـەوە و، ڕەئـی ئەنـدام پەرلەمانان ئەگەر قبوڵیان کرد ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدان، فەقەرەی دوو ئیلغا بکرێت لە ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە فەقەرەی دوو ئیلغا بکرێـتەوە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە.

**بەڕێز عونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی دوو دەڵێت (لا یترتب علی عدم الایداع، المساس بحقوق المؤلف المنصوص علیها في هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادەزانم ئێمە باش لەو ڕوونکردنـەوەی کـاك ئاسـۆ نەگەیشـتووین، برگـەی دووەم بـاس لـەوە دەکـات ئەگـەر ئیداعی نەکرد ئەو حقوقانەی، کە بووە موئەلیف یـان بـووە دانـەر لـەم یاسـایە بەرجەسـتە دەبێـت، ئەگـەر ئیداعیشی نەکرد خۆی تەحقیق دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخەر وەڵلاهی ئێستا ڕەخنەم لێگیراوە دەڵێن دووجار قسە بکەن، ئەوە دەبێتە سێ جار قسە بکەن، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك جار قسەم کرد، بە قسەی منیان کرد بەس کەیفی خۆتانە، (یلتزم ) ئەمرت داوا کرد کردووتە مەرج ئەم یاسایە، واتە حاڵەتی (عدم الایداع) قبوڵ ناکاتن ئەو یاسایە، چۆن تۆ دەڵێی ئەگەر عدم ئیداعی کرد، واتە ڕێگات دا عدم ئیداع بکات، واتە یەلتزمەکەی تۆی پێشێڵ کرد، تەنها حەل نابێت ئەگەر وتمان دووەم لادەبەین، چونکە کاك ئاسۆ ڕاست دەکات، دووەم شەرحی حاڵەتێك دەکات هەرچەندە لەجێگایەکی بەدبەختی، نووسەری ئەم یاسایە لەجێگایەکی سەقەت هاتووە، ئەگەر دەبێت بڵێت ئیداعی نەکردووە، بەلاّم تۆ دەبێت بیر بکەیتەوە بۆ ئیلزامی دەکەی و، ڕەجاتان لێ دەکەم ئەو ماددەیە بەڕاستی هیچ موبەرری نیە، هیچ حوکمی قانونی تێدانیە، تۆ دەبێت ئیداعی بکەیت و ئەگەر ئیداعت نەکرد، پاشان ئەوی تر شەرحێکە، بەلاّم نازانم ماناکەی چیە و سوودی چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئیداع شتێکی خراپ نیە، من قسەکەم لەسەر ئەوە نەبوو ئەرشەفە نەکرێت، هەتا وتیشم بڵێ (لغرض التوثيق فقط) یەعنی ئەوە نەبێت ئیجبار بکرێت، کە لە فلاّن شوێن دابنرێت و یان لە فلاّن جێگا دابنرێت یان بەوشێوەیە بێت، بەلاّم هی دووەم تەناقوزی هەیە لەگەڵ فەقەرەی یەکەم، وتم هی دووەم لاببرێت، یەعنی ئەو قسەیەی تەوجیهی کاك عونی دەکەم، هی دووەم تەناقوزی هەیە لەگەڵ یەکەم، برای بەڕێزینە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سكرتێری پەرلەمان تێبینیەکی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە فەقەرەی دوو دەڵێت هیچ زەرەرێك بە مافەکانی موئەلیف نادرێت، ئەگەر هاتو ئیداعی نەکرد، بەلاّم هی یەکەم مولزەمە بە ئیداع، دوورنیە برادەران وا تەسەور بکەن، ئەگەر هاتو ئیداعی نەکرد ئەوە عقوبەی تێدانیە، بەڕەئی من عقوبەی تێدایە، چونکە ئەوەلەن ئەمر و قانون نەسی لەسەر داناوە، دوو ماددەیەك لە قانونی عقوباتمان هەیە، ئەوەی موخالەفەی ئەوامری حکومەت بکات، جیهەتی رەسمی بکات تووشی عقوبە دەبێتن، لێرە بە شەرتێك تەبعەن ئیعتیادیە ئەو ئەمرە ئەسڵەن موخالەفی قانون دەبێت، لێرە قانون نەسی لەسەر دانراوە و مولزەمە بە ئیداع، ئەگەر هاتو ئیداعی نەکرد داوای لێ دەکەن ئیداعی بکات، ئەگەر ئیسراری کرد ئیداعی نەکرد، بە ڕەئی من وەزارەت جیهەتی مەعنی حەقی هەیە دەعوا لەسەری تۆمار بکات، کە موخالەفەی ئەوامری حکومی کرد، نەسێکی سەریعی هەیە لە قانون عقوبە، بزانم ڕەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بمێنێت ئیعتیادیە، فەرموو لیژنەی هاوبەش ئاخیر ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر سیاغە بەوشێوەیە

المادة 37

اولا: یلتزم ناشروا وطابعوا و منتجوا المصنفات بالتضامن فیما بینهم بایداع ما لا

یقل عن خمس نسخ من المصنف- حسب الاحوال- لدى ایة جهة تحددها الوزارة.

ثانیا: لا یترتب على عدم الایداع، المساس بحقوق المؤلف المنصوص علیها في هذا القانون.

ثالثا: ان الایداع قرینة على ملكیة المصنف المودع ویمكن اثبات عكس هذه القرینة بجمیع طرق الاثبات.

رابعا: تعفى من الایداع المصنفات المنشورة في الصحف والمجلات والدوریات الا اذا نشر المصنف منفردا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها 2 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تا سەعات (10) پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دووشەممە، بەخواتان دەسپێرین.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د.حسن محمد سوره**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30)**

**دوو شەممە رێكەوتی 17\12\2012**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (30)

## دوو شەممە رێكەوتی 2012/12/17

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2012/12/17 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سوره جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـاره (30)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (30)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2012/12/17 دا بـەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشـنیاری یاسـای پاراسـتنی خاوەنداریـەتی هـزری و هونەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق

2-پەسند كردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی 2011

3-بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەرێز (ضیاء پـەترۆس سلێوە) بـۆ پۆسـتی سـەرۆكی دەسـتەی سـەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستانی عێراق

4-خوێندنـەوەی یەكـەمی پێشـنیاری یاسـای جـێ بـەجێ كردنـی یاسـای ژمـاره (14)ی سـاڵی 2008 ی حكومەتی عێراقی فیدراڵ، یاسای بەرەنگار بوونەوەی قاچاغچی نەوت و بەرهەمەكانی

5-خوێندنەوەی یەكەمی یاسای دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستان

6-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەستەلاَتی دادوەری

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 30، ڕۆژی دانیشتن 2012/12/17، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 30 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 10 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2012/12/17 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پاراستنی خاوەنداریەتی هزری و هونەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق

2-پەسند کردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011

3-بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێز (ضیاء پەترۆس سلێوە) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق

4-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2008 ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، یاسای بەرەنگار بوونەوەی قاچاغچی نەوت و بەرهەمەکانی

5-خوێندنەوەی یەکەمی یاسای دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستان

6-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەستەڵاتی دادوەری

ئێستا لە سەرۆکایەتی پێشنیاری ئەوە ئەکەین خاڵەکانی (3، 4، 5، 6) بکەونە پێشەوە، بۆ ئەوەش پێویستیمان بە دەنگدانی ئێوە هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە خاڵەکانی (3، 4، 5، 6) بخەینە پێشەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین دەست بەرز بکاتەوە؟ ئێستا تەئکید ئەکەینەوە، خاڵەکانی (3، 4، 5، 6 ) بکەونە پێشەوە بۆ موناقەشە کردن، کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (11) کەس لەگەڵ دا نیە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدان من داوای نوقتەی نیزام ئەکەم، لەبەر ئەوەی پێویستمان بەوە بوو بزانین هۆکارەکەی چیە ئەیخەنە پێشەوە؟ لەسەر چ بنەمایەك؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی ئەو خاڵانە بەشێکیان خۆتان داواتان کردووە، وەختی زۆری ناوێ، دەتوانین بە نیو سەعات کۆتایی بە هەموو ئەوانە بێنین بۆ ئەوەی بتوانین دیراسەی بکەن و ئیشی لەسەر بکەن، خاڵەکانی تر وەختی ئەوێ، خاڵەکانی (1، 2) وەختێکی زۆر زۆری ئەوێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە خۆتان داواتان کردووە،

بەشێك موعارەزە داوای کردووە، ئێستا خۆتان دژی ئەوەن پێشی بخەین، ئینسان نازانێ بڵێ چی بەراستی،؟
فەرموو کاك حاجی

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەبەر ئەوەی ئێمە لە خاڵی یەکەم لەم پرۆژە یاسایە، تا ئێستا پرۆژە یاساکە لە نیوەیدا تەواو نەبووە، ئەوەی کە جەنابیشت ئەفەرمووی خۆمان داوامان کردووە، داوامان نەکردووە بەرنامە ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، موعارەزە هیچ دوایەکی لەو شێوەی پێشکەش نەکردووە، پێش دەنگدانەکە نوقتەی نیزامان ئەوەیە کە مادام خاڵی یەکەم چەند ڕۆژە قسەمان لەسەر کردووە ئەمڕۆ تەواو ئەبێ، ئەمڕۆ ئەم خاڵە تەواو بکەین و یاساکە تەواو بکەین، دواتر ئەگەر پێویست بوو بیگۆڕین، ئەگرنا ئێستا ئێمە خۆمان بۆ ئەو خاڵانەی تر ئامادە نەکردووە، داوا ئەکەین کە دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ماددەکانی تر موناقەشەی ناوێ، خاڵی (3، 4، 5، 6) موناقەشەی ناوێ، ئیختیاری خۆتانە، وەختی خۆی خۆتان داواتان کرد، پێشنیارتان کرد بخرێتە بەرنامەی کارەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی دیراسەی بکەن، بکەوێتە بەردەستی پەرلەمانتارن، فەرموو کاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ئەوەی کە جەنابت باسی ئەکەی شتێکی قانونیە، و ئۆپۆزۆسیۆنیش داوای ئەوەی کردووە کە زۆر بابەت هەیە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، و پەلەی تێدا بکرێ، لەوانە گەڕانەوەی پرۆژەی دەستوور، هەمواری یاسای خۆپیشاندان، و یاسای داواکاری گشتی و کۆمەڵێك یاسای تر کە ڕەهەندی نیشتیمانین، ئەوەی کە ئۆپۆزۆسیۆن داوای کردووە، ئەمەی کە لێرەیە بڕگەی (3) و بڕگەکانی تر ئەمڕۆ ئەگەر پێشی بخەی یان پاشی بخەی هەمووی تەواوی ئەو هاوکێشەی کە جەنابت ئەتەوێ بە گەڕانەوەبۆ داواکاریەکانی ئۆپۆزۆسیۆن بە شێوەیەك لە شێوەکان شەرعیەتی پێ بدرێ تەنها دوو سەعات فەرق ئەکات، سێ سەعات فەرق ئەکات، بۆیە بەرنامەی کار با ئاوا بۆ خۆی بڕوات، دوای ئەوە دێینە سەرخاڵەکانی تر و قسەی خۆمان ئەکەین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا من ئەیخەمە بەردەم ویژدانی خۆتان، خاڵی یەکەم، دووەم بە دوو سەعات و سێ سەعات تەواو ئەبێ؟ ئێوە خۆتان ئیلحاح ئەکەن ئەڵێن بیخەنە بەرنامەی کارەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، ئەوە موناقەشەکە تەواو بوو، تەصویتمان لەسەر کرد، ئێستا خاڵی3، 4، 5، 6) دەخەینە پێشەوە، لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموو لە بڕگەی سێ دا دەست پێ بکە کاك عەونی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دوای دەنگ دان لەسەری (بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی بەڕێز (ضیاء پەترۆس سلێوە) بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق)، بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2010، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان بڕیاریان دا کە بەڕێز (ضیاء پترۆس سلێوە) بپاڵێون بۆ پۆستی سەرۆکایەتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا، و ناوی بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بە پێی یاساکە، دوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم ڕێکاری یاسایی ئەنجام بدات بۆ ئەم مەبەستە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێزتان پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە ئەم بابەتە، بەڕێزتان لە 4/19 ئەمساڵ نووسراوێکتان ئاراستەی ئێمە کردووە ئەوە دەقەکەیەتی، دوو دێڕە، (داواکارین لە بەڕێزتان سیڤی پاڵێوراوتان بۆ پۆستی سەرۆکی دیوانی چاودێری و سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان بنێرن بۆ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پاش 10 ڕۆژ لەو بەروارە، یەعنی لە 4/29 وەڵامی بەڕێزتانمان داوەتەوە، و سیڤی پاڵێوراوی خۆمان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ، لە ماوەیەکی تر دوای ئەوە دووبارە باسەکە هاتەوە ئارا کە ئەم پاڵێوراوانە بە شێوەی سیڤی بێ، بە شێوەی مونافەسە بێ، بۆ ئەوەی کەسانێك بە پێی سیڤیەکانیان، بە پێی کەسایەتیان کامیان گونجاو ترن لە حاڵەتی مونافەسە دەنگیان بۆ بدرێ، ئێستا ئێمە پێمان سەیرە کە بە دووجاریش ناو نێردراوە، جارێك کەسانی حیزبی بوون، کە ئامادەیی خۆیان دەربڕێوە ئیستیقالە بدەن لەو حیزبە، لەبەر ئەوەی کەسایەتی حیزبی بوون، ئەیانتوانی خزمەت بەو بوارە بکەن، بە پێی دیدی ئێمە کە خۆتان داواتان کردبوو، لە قۆناغێکی تر ئۆپۆزۆسیۆن کەسانێکی بێ لایەنیان ناردووە کە سابیقەیەکی حیزبیشیان نیە بە وازحی کە کەسی بێ لایەنن، و شەهادە و ئیختیصاصەکەشیان گونجاوە، پرسیار ئەوەیە لەبەڕێزتان کە بۆچی داوای پاڵێوراومان لێ ئەکەن؟ دوایی بە ڕێکەوتنێکیی حیزبی یان بە هەر شێوەیەکی تر کە ئێمە ئاگامان لێ نیە بە بێ هیچ ڕاوێژێك بە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان و لایەنەکانی ناو پەرلەمان، نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانی ناو پەرلەمان، کاندید لێرە ئەبێتە یەك کەس، پرسیارەکەی من ئەوەیە کە قسە لەسەر کەسی کاندید کراو نیە لێرە، بۆ ئەوەی هیچ تەفسیرێکی تری بۆ نەکرێ قسە لەسەر هۆکاری بە حیساب نەکردن و بە هەند وەرنەگرتنی نووسراوی خودی خۆتانە لەگەڵ نووسراوی وەڵامی ئێمە کە بەرەسمی ئێمە ناردوومانە، لەبەر

ئەوە داوا ئەكەین ئەم برگەیە یان دواخرێ، یان ئەو كەسانەی كە كاندید كراون ناوەكانیان بخوێندرێتەوە، سیڤیەكانیان بدرێ بە پەرلەمانتاران، بۆ ئەوەی بە شێوەی موناقەسە ئەو پۆستانە دیاری بكرێن بۆ دەستەی سەرۆكایەتی مافی مرۆڤ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

وێرای داكۆكی كردنم لە قسەكانی مامۆستا عومەر، هەر بەڕێزتان ماوەیەك پێش ئێستا، دوای ئەوەی بەڕێزتان تەئكیدتان لەسەر ئەوە كردووە كە ئەم، بەتایبەتی دەستەی مافی مرۆڤ پێویستە كەسێكی سەربەخۆ بێ، ئێمە هەوڵمان دا كە چەند كەسێك دەست نیشان بكەین، و پێشنیارمان كرد كە ئەم كەسانە خەڵكی بێ لایەن بن، و هیچ ئینتیمایەكی حیزبیان نەبێ، بەلاّم لە خشتەی كار بە ئیمەیل بۆمان هات كە ئەمە كاندیدە بۆ پۆستی مافی مرۆڤ، بەلای كەمەوە ئەبوایە كاندیدەكانی تریش بخرایە نێو خشتەكەوە بۆ ئەوەی بكرێتە موناقەسە و دەنگی بۆ بدرێ، ئێستا بەراستی جێگەی سەرسوڕمانی ئێمەیە كە لە كاتێكدا مشاوەرە بە ئێمە ئەكرێ، ئێمە بەخەڵك ئەڵێین، كاندیدەكانی تریش هەموویان ئێستا بەتەمای ئەمەن بخرێنە دەنگدانەوە، داوای وەلاّم لە بەڕێزتان ئەكەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر احمد.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو كە كاك عومەر و كاك ئارام باسیان كرد، ئەو نامەیەی كە ئاماژەیان پێدا جەنابتان ئاراستەی هەموو فراكسیۆنەكانتان كردووە، ئێمەش لەسەر ئەساسی ئەوە كاندیدمان پێشكەش كردووە و سیڤیەكەشمان ناردووە بۆ سەرۆكایەتی، بەلاّم دواتر نە وەلاّم هەبوو، و موفاجئیش بوو بە ناردنی سیڤی ئەو بەڕێزەی كە كاندید كراوە، ڕەنگە كێشە لەسەر ئەو كەسە نەبێ كە كاندید كراوە، بەلاّم پێویست بوو كە كێبڕكێ هەبێ لە نێوانی چەند كاندیدێك، و پەرلەمانی بەڕێز لەناو هەموو كاندیدەكان كێی پێ باش بوو یەكێك هەڵبژێرێ، خۆی لە ئەصلدا دواخستنی ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە بوو كە چەند كاندیدێك هەبێ، تەنانەت بۆ دیوانی چاودێری دارایش كە خۆتان كاتی خۆی داواتان كردووە بۆ سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایش كەوا كێبڕكێ هەبێ لە نێوانی چەند كاندیدێك، بەلاّم ئێمە دوای ئەو نامەیەش، ئەو سیڤیە كە لەناو سندوقەكەمان دانرابوو، نووسراوێكیشمان ئاراستەی سەرۆكایەتی كرد، بەلاّم هەر وەلاّمی نەبوو، دیارە بڕیارەكە ئەوەیە كە هەر یەك كاندید هەبێ، ئەصل ئەوە بوو كە كێبڕكێ لە نێوان چەند كاندیدێك هەبێ، و پەرلەمانی بەڕێز یەكێكیان هەڵبژێرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەرەڕای پشتیوانی کردنم لە بۆچوونی مامۆستا (عمر) و کاك (ئارام) پێم وایە سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی شەخصی خۆیان ناکەن، نوێنەرایەتی پەرلەمان ئەکەن، بۆیە ئەگەر یاساکەش مافی ئەوەی دا کە سەرۆکایەتی کاندیدی ئەکات، پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان بکات، و بە تایبەتی ئێوە بڕیاری رەسمیتان هەبوو لەو بارەوە، و بەڵێنتان هەبوو کە بە ڕاوێژ بۆ ئەو دەستانەی کە وەکو دیوانی چاوێری و مافی مرۆڤ و نەزاهە، هەرچەند پەیوەندی بە قەزاوە هەیە، ڕاوێژ لەگەڵ پێکهاتەکان بکەن، و کاندیدەکانیش کاندید بکەن، لەسەر چ بنەمایەك ئەو کەسایەتیە دائەنرێ؟ ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەو کەسەی کە دانراوە، من باسی ئەو بەرنامەی کاری ئەکەم سکرتێری عامی مەجلیسی قەومی کلدانیە، ئەمە خۆی کابرایەکی حیزبیە، ڕەنگە ئێستا چووبێ خەریجی هێنابێ، بەلاّم ئەوە خۆی سیڤیەکەی خۆی پێشکەش کردووە، ئەمە یەك، دوو، یاساکە ڕێگەی ئەوە نادات کە کابرایەك، یەکێك ئیختیصاصی ئەوە نەبێ، سیڤی ئەم بەرێزە هیچ ئیختیصاصێکی بە مافی مرۆڤەوە نیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیار ئەکەین دانانی ئەو کەسایەتیانەی بۆ ئەو دەستانەی کە سەربە پەرلەمانن بە تایبەتی دیوانی چاودێری، سەرۆکایەتی پەرلەمان هەم نوێنەرایەتی پەرلەمان بکات، هەم لەسەر بنەمای سیڤی بێ، هەم بەڵێنەکانی خۆشی بەجێ بگەیەنێ کە بەبێ ڕاوێژ کردن ئەو کەسایەتیانە دانەندرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنیا سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسە ئەکەن، هەموو پەرلەمانتارەکان مەجالی ئەوە نیە کە قسە بکەن، ئەم سیڤیەی کە بۆمان هاتووە لە لایەن هەموو پێکهاتەکانی برا مەسحیەکانەوە هاتووە، ئەوە خۆیان لێرە دانیشتوون، تەوقیعیان بەسەرەوە هەیە، مەسەلەی حیزبی بوون و نەبوون ئەگەر تەماشای ماددەکە بکەن ئەڵێ کە دەست بەکار بوو ئەبێ حیزبی نەبێ، ئینجا پالأوتن بەڵێ ناوی 100 کەس وەرئەگرین، بەلاّم ئەگەر سەیری ماددەکە و قانونەکە بکەن ئەڵێ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت دەستنیشانی پاڵێوراو ئەکەن، سەیری قانونەکە بکەن، لەبەر ئەوە لە صەلاحیەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە پاڵێوراوێك دەست نیشان بکات و لێرە دەنگی لەسەر بدرێ، ئەوە برا مەسحیەکان.....فەرموو کاك سالم قسە بکە

**بەڕێز سالم توما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەرێزەی کە کاندیدی ئێمەیە، ئێمە بە نووسراوی رەسمی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، پشت بەستن بە نامەیەکی گردبوونەوەی کلدان و ئاشووریەکان و سریانیەکان بە هەشت نامەی رەسمی بۆ

ئێمەیان نووسیوە، و خۆشی تەعەهودی داوە لە کاتبی عەدل کە هەر وەختێك ئەو پۆستەی پێ سپێردرا واز لـە کـاری حیزبایـەتی بهێنێ، ئـیتر ئێمـە کاندیـدمان کـردووە بـە قەناعەتـەوە وەکـو لایەنـەکانی کلـدانی و ئاشووری و سریانی وەکو کابرایـەکی موسـتەقیل ئەگـەر ئـەو پۆسـتەی پـێ بسـپێردرێ و دەنگـی پـێ بـدرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو هاژە خان

**بەڕێز هاژە سلیمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من بەراستی تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە لەو یاسایەی کە لـە پەرلـەمان دەرچـووە بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە ماددەی پێنجەم بڕگەی سێیەم خاڵی چوارەم ئەڵێ مەرجە ئەوەی بە سەرۆکی دەستە دائەنرێ بەڵێننامەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لەماوەی فەرمانبەرایەتیەکەیدا حیزبایـەتی نـەکات، سیڤیەکە بەدەست ئێمە گەیشتووە، بەلاَم ئەبوایە بەڵێن نامەکە لەگەڵ سیڤیەکە پێشکەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو تیبینیەی تۆ بە ئیعتیبارە وەرئەگرین، دەست بـەکار نـابێ تـا وەرەقـەی دەسـت لـەکار کێشانەوەی خۆی تەقدیم نەکات، موناقەشە تەواو، چونکە هـەموو کەسـێك قسـە ناکـات، سـەرۆکی فراکسیۆنەکان قسـە ئەکەن، فەرموو کاك ئەمیر وەکو سەرۆکی فراکسیۆن

**بەڕێز امیر گوگە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشەکی سوپاسێت هەڤالێت ئەندامـا پەرلەمانێت دکەم، تەبعەن وەکو کاك سالم ئیشارەت کـر ئەڤـە داخـازا هـەر هەشـت کاندیـدکارێ لایـەنێت کلـدانی و ئاشـوور، هـەر وەسـا یـێ مـە ژی دنـاڤ پەرلـەمانێت دا، لیسـتی ئەنجومـەنی گـەلی کلـدانی سـریانی و لیسـتی ڕافیـدەین، هەروەسـا ئیمزامـان کـردووە ، پێشکەشـی بـەڕێزی سەرۆکی پەرلەمان کردووە، نیسبەتا تاعاهودا، ئەوە تاعاهودا لای کاتب عەدلیش حازرە، هیڤـی دارم هـەموو برادەران دەنگ بۆ کاندیدی ئێمە بدەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برام سەرۆکی فراکسیۆنەکەتان قسەی کرد، ئیتر مەجالی ئەوە نیە هەمووتان قسە بکـەن بەراسـتی، ئـەوەش تەعاهودەکەیە کەوازی لە حیزبایەتی هێناوە، ئەگەر لێـرە هەڵبـژێردرێ واز لـە حیزبایـەتی ئـەهێنێ، بۆیـە ئێسـتا ئێمـە کـاك (ضـیاء بـترۆس سـلێوە) کـە مورەشـەحی هـەموو بـرا مەسـیحیەکانە، پـاڵێوراوە لـە لایـەن سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتەوە بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ ئەوەی کە موعاریزە (33) کەسن، بەلاَم ئەوانەی کـە دەنگیـان پێدا چونکە دەنگەکانی موعارەزە زۆر بـوون، تکایـە ئـەوەی لەگـەڵ دایـە جارێکی تـر دەسـت بـەرز بکاتـەوە

ئەیژمێرین، ئەگەر ئەو (33) یەش لە مەجمەعەکە تەرح بکەین هەر ناکاتە ئەکسەریەت، ئەوە قانونە، دانیشن تکایە، دەرتان ئەکەمە دەرەوە، هاوار مەکە، تۆ پەرلەمانتاریت، پۆلیس بانگ بکەن دەری بکاتە دەرەوە، دانیشە، ئەڵێم دانیشە، دانیشە، ئسولی پەرلەمانیش نازانی، ئێستا (33) کەس دەنگی دا بۆ ئەوەی نەبێتە سەرۆکی ئەم دەستەیە، هیچ قابیلی موناقەشە نیە، تکایە ئەوەی لەگەڵ دایە دەست بەرز بکاتەوە، (40) کەس دەنگی داوە ببێت، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا کە ببێتە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار (خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2008 ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، یاسای بەرەنگار بوونەوەی قاچاغچی نەوت و بەرهەمەکانی)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە پینج مادده پێك هاتووە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە لە بەرێزت و بەرێز سکرتێر، پشت بەستن بە چ ماددەیك ئەو دەنگانەتان دووبارە کردەوە؟

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار (خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2008 ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، یاسای بەرەنگار بوونەوەی قاچاغچی نەوت و بەرهەمەکانی)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە پێنج مادده پێك هاتووە، دەقی نووسراوەکە:

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**ب/سلاو رێز**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاڵە کردووە کە بریتیە لە یاسای ژمارە (14) ساڵی 2008، ژمارەکە بە هەڵە نووسراوە، (41)ە، یاسای بەرەنگار بوونەوەی قاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی عێراقی بە مەبەستی بەرکار بوونی لە هەرێمی کوردستاندا، تاکو یاسایەکی تر لە پەرلەمانی

کوردستاندا دەردەچێ و جێگای ئەگرێتەوە، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری داهاتووی پەرلەمان، ئەو ئەندامە بەرێزانە کە واژوویان کردووە (کاردۆ محمد پیرداود، عبداللە محمد امین خدر، نەریمان عبداللە قادر، عبداللە مەلا نوری، پەیمان عزالدین، سەرهەنگ فرج، ڤیان عبدالرحیم، ئاشتی عزیز، کوێستان محمد، عدنان عثمان، پێشەوا توفیق مغدید، سیوەیل عثمان، پەیمان عبدالکریم، شێرزاد حافظ، نەسرین جمال، فەرمان عزالدین، دڵشاد حسین) و یاسا ئەصلیەکە لە (9) مادده پێکهاتووە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم ئاراستەی لیژنەکانی بکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاراستەی لیژنەکانی (وزە و یاسایی) و پەرلەمانتارە بەرێزەکان ئەکرێ، فەرموو کاك ئیسماعیل

**بەرێز اسماعیل محمود**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ ئەوەی ئەو باسەی کە لای برادەران دروست بووە، پێشتر کە سەرۆکایەتی خستیە دەنگ تەصویر کراوە، حەقە ئەوە لێبدرێتەوە و ژمارەیان بزانن چەندە بۆ ئەوە برادەران قسەی تر نەکەن، پێشتر کە خرایە دەنگ هەموو دەستتان بەرز کردەوە، ئێستا ئەوە دیارە چەند کەس دەستی بۆ بەرز کردۆتەوە، با دوو برادەر ئێستا.....

**بەرێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی پێنجەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ کە بۆتە برگەی دوو کە دەنگی لەسەر درا پێشبخرێ، بۆتە (خوێندنەوەی یەکەمی یاسای دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستان)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەن بریتیە لە (19) مادده و هۆی دەرچواندنی

**بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/پرۆژە یاسا**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە پێشنیار ئەکەین کە پرۆژە یاسای دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستان پیشکەش ئەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری، و دانی بڕیاری گونجاو لەسەری، ئەندامانی واژووکەر لەسەر یاساکە (ئارام قادر، بلال سلیمان، کاردۆ محمد، عمر عبدالعزیز، سمیر سلیم، هاوڕاز شێخ احمد، نەسرین جمال، سەرهەنگ فرج، دڵشاد حسین، پەیام احمد، لوقمان حسین، عبداللە محمد، نەریمان عبداللە، ئاشتی عزیز، عبداللە محمد امین) تکایە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ڕووبەڕووی لیژنە پەیوەندیارەکانی بکەنەوە

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنەی ياسايی ئەكرێ، هەروەها ئاراستەی حكومەتيش ئەكرێ، فەرموو بۆ بڕگەيەكی تر

**بەڕێز عونی كمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بڕگەی چوارەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆ بريتيە لە (خوێندنەوەی يەكەمی پێشنياری ياسای هەموار كردنی يەكەمی ياسای دەستەلآتی دادوەری) ئەم پرۆژەيە بۆ سەرۆكايەتی پەرلەمان لە لايەن ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمان پێشەكش كرايە، و ئەو بەرێزانەی كە واژوويان كردووە (كاردۆ محمد پيرداود، عبدالله محمد امين، عدنان عثمان، ئاهەنگ عارف، كوێستان محمد، نەسرين جمال، دكتۆر ڕێباز فتاح، ئاشتی عزيز صالح، عظيمة نجم الدين، فەرمان عزالدين محمود، پێشەوا توفيق، پەيمان عزالدين، عبدالرحمن حسين، ئارام قادر) ئەم پرۆژەيە لە (6) مادده پێكهاتووە، لەگەڵ هۆيەكانی دەرچواندنی، داوا لە سەرۆكی پەرلەمان ئەكەم ئاراستەی ليژنە پەيوەنديدارەكانی بكات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاراستەی ليژنەی ياسايی و حكومەت ئەكرێت، بڕۆ سەر خاڵی يەكەمی ئەصلی كاك عەونی، ليژنەی ڕۆشنبيری فەرموو بۆ سەر سەكۆی ليژنەكان.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەمی بەرنامەی كار (بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنياری ياسای پاراستنی خاوەنداريەتی هزری و هونەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق) كە لە كۆبوونەوەكانی پێشوودا گەيشتينە فەصلی (10)يەم:

## الفصل العاشر
## الاجراءات الاحتياطية والعقوبات

**المادة الخامسة والثلاثون:**

**اولا:** على جميع المحلات المجازة بنسخ او توزيع او بيع المصنفات في الاقليم، الاحتفاظ بالوثائق الكتابية التي تخول لها ذلك من صاحب المصنف او السلطات المعنية الاخرى سواء أكان المصنف من داخل الاقليم ام من خارجه.

**ثانيا:** اذا وجدت اية شبهة تشير الى ارتكاب اية مخالفة لاحكام هذا القانون، لموظفي قسم حماية حق المؤلف في الوزارة، تفتيش اي مكان يتولى طبع المصنفات او نسخها او انتاجها او توزيعها بما في ذلك وسائل النقل، ولهم حجز النسخ او حجز المواد المستعملة في ارتكاب تلك المخالفات وتقديمها مع مرتكبيها الى محكمة التحقيق.

**بەڕێز بكر كريم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

## فەسڵی دەیەم

## کارڕایی ئیحتیاتی و سزاکان

**ماددەی سی و پێنجەم:**

**یەکەم: لەسەر ئەو شوێنە مۆڵەتپێدراوانەیە کە کۆپی کارەکان لە هەرێمدا دەکەن، یان دابەشیان دەکەن یان دەیانفرۆشن، ئەو بەڵگەنامە نووسراوانە لای خۆیان هەڵبگرن کە خاوەنی کارەکە یان دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی دی ڕێگەیان پێداون، جا چ کارەکە لە ناوخۆی هەرێم یان لە دەرەوە بێ.**

**دووەم: ئەگەر گومانێك هەبوو کە ئاماژە بۆ ئەنجامدانی هەر سەرپێچییەك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، ئەوە فەرمانبەرانی بەشی پاراستنی مافی دانەر لە وەزارەت، بۆیان هەیە هەر شوێنێکی کە کارەکانی تێدا چاپ یان کۆپی بکرێ یان بەرهەمبهێنرێ یان دابەش بکرێ بە ئەسبابەکانی ڕاگواستنەوەشەوە بپشکنێت، بۆشیان هەیە ئەو کەرەستانەی لە ئەنجامدانی ئەم سەرپێچیانەدا بەکارهاتوون، گلبدەنەوە و ئەنجامدەرانیشیان بدەنە دادگای لێکۆڵینەوە**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ**

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هیچ تێبینیمان نیە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ دوو کەس، فەرموو کاك نەژاد**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**تێبینیەکی بەسیتە، ئەوەی دووەم بکرێتە (على موظفي قسم حماية حق المؤلف) یەعنی نەك (لموظف)، ئەوە دەبێتە شتێکی وجوبی لەو حاڵەتە، کاك عەونیش ڕەنگە باشتر بزانێ، ئەوە یەك، ئەوی تریش (وتقديمها مع مرتكبيها الى محكمة التحقيق.)، پێویست ناکات (تقديمها) لەگەڵ بێ، (الى محکمه) بەسە، چونکە کە ئەڵێی (لموظفي) یەعنی ئەوان بۆیان هەیە، بەس کە ئەڵێی (على موظفي) دەبێتە شتێکی وجوبی، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالرحمن**

**بەڕێز عبدالرحمن حسين**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

فەقەرەی دوو حەقێکی داوە بە موەزەفین، بەشێکی حەقی موئەلیف تەفتیشی ئەو شوێنە بکات کە شکی لێ ئەکەن موخالەفەیەی یاسایی ڕوویداوە لەسەر ئەو موسەنەفاتە، تەئلیف کردنی یان تەبع کردنی، دواتر حەقی داوەتێ کە حەقی حیجز کردنی ئەو موستەنسەخانەی هەبێ، و یان حیجزی ئەو ماددانەی هەبێ کە بەکار هاتوون لە ئیستینساخەکاندا، بەگوێرەی یاسا و دەستووری عێراقی و بەگوێرەی یاساکانی تر حەقی تەفتیش نادرێتە دەست هەموو موەزەفێك تەنها بە قەراری حاکمی تەحقیق نەبێ یان بە قەرارێکی قانونی، بۆی هەیە ئەو کەسە بچێتە ئەو شوێنە و تەفتیشی بکات، دواتر حەقی حیجز کردن و موصادەرە کردنی ئەوە دوو بابی موخالەفەی یاسان کە لێرە باسی لەسەر کراوە، ئەوانەش هەر بە قەراری یاسایی ئەکرێ، ئەکرێ حیجزەکە یاسایی بێ و دواتر ببێ بە حیجزی تەنفیزی و موصادەرە بێ، ئەوەشیان هەر بە قەرارێکی قەزائی ئەبێ بکرێ، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو بڕگەیە ئەگەر بردەرانی لیژنەی ڕۆشنبیری هاوڕابن لەگەڵم بەو شێوەی خوارەوەی لێ بێ (لموظفي قسم حماية حق المؤلف في الوزارة، تفتيش اي مكان او محل يتولى طبع المصنفات او نسخها او انتاجها او توزيعها بما في ذلك وسائل النقل،بناءا على قرار قضائي صادر من محكمة التحقيق في المنطقة ولهم ايداع النسخ المخالفة لاحكام هذا القانون لدى محكمة التحقيق لحين النتيجة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەتان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**المادة الخامسة والثلاثون:**

**اولا:** على جميع المحلات المجازة بنسخ او توزيع او بيع المصنفات في الاقليم، الاحتفاظ بالوثائق الكتابية التي تخول لها ذلك من صاحب المصنف او السلطات المعنية الاخرى سواء أكان المصنف من داخل الاقليم ام من خارجه.

**ثانيا:** لموظفي قسم حماية حق المؤلف في الوزارة، تفتيش اي مكان او محل يتولى طبع المصنفات او نسخها او انتاجها او توزيعها بما في ذلك وسائل النقل، بناءا على قرار قضائي صادر من محكمة التحقيق في المنطقة ولهم ايداع النسخ المخالفة لاحكام هذا القانون لدى محكمة التحقيق لحين النتيجة)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیەکەتان هەیە یان..عەرەبیەکە ئەکەین بە ئەساس، تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**المادة السادسة والثلاثون:**

**اولا:** للمحكمة بناء على طلب صاحب الحق او اي من ورثته او من يخلفه، سواء أكان قبل رفع الدعوى أم اثناءه ام بعده، اتخاذ ايا من الاجراءات التحفظية الآتية فيما يتعلق باي تعدي حصل على الحقوق المنصوص عليها في هذا القانون:

1) اجراء وصف تفصيلي للمصنف.
2) الامر بوقف التعدي.
3) اثبات الاداء العلني بالنسبة لايقاع او تمثيل او القاء مصنف ما بين الجمهور ومنع استمراره.
4) حجز النسخ غير الشرعية واية مواد او ادوات استعملت في الاستنساخ.
5) مصادرة النسخ غير الشرعية واية مواد او ادوات استعملت في الاستنساخ او المعدة خصيصا لاعادة النشر.
6) حصر العائدات الناجمة عن الاستغلال غير المشروع.

**ثانيا:** في الحالات التي يحتمل أن يؤدي التأخير في اتخاذ الاجراءات اعلاه الى الحاق الضرر بصاحب الحق، يتعذر تعويضه او في الحالات التي تكون فيها خطورة من ضياع ادلة متعلقة باثبات واقعة التعدي، للمحكمة أن تتخذ اى من الاجراءات المنصوص عليها في الفقرة (اولا) من هذه المادة، وفق القوانين النافذة في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

یەك تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی كە پەیوەندی بە حەصر یان بە موصادەرەوە هەیە، (حصر العائدات الناجمة عن الاستغلال یان مصادرة) چونكە بە حەصر هاتووە لە پرۆژەكە ، ئێنجا ئەمەوێ لە لیژنەی قانونی تۆزێك هینی ئەوە بكەن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینیت هەیە ئاهەنگ خان؟ فەرموو

**بەڕێز ئاهەنگ عارف**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

وابزانم بۆ مواد ئەبێ تەجمید بێ، چونكە مواد تەجمید ئەكرێ هەتا، بەس ئیداع دەبێ تەجمیدیش بێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی

**بەڕێز عونی كمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە مەحاكم ئەگەر مەوزوعی پارە هاتە گۆڕێ و بابەتەكە یەكلا نەكراوەتەوە، مەحكەمە قەراری دا ئیداع بكرێ لە سندوقی مەحكەمە هەتا ئەنجامدانی مەحكەمەكە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا صیاغە چۆن ئەبی؟ فەرموو كاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

جگە لەو مولاحەزەی كە كرا، منیش هەر ئەو مولاحەزەم هەیە كە وشەی (سواء أكان قبل رفع الدعوى) هەندێ ئیجرائات هەیە (3، 4، 5، 6)یش مادام وشەی (غیر مشروع) هەیە، پێش مەحكەمە تۆ چۆن ئەزانی (غیر مەشروع)ە؟ بۆیە ئەگەر سەیر بكەین، هیوادارم لیژنەی یاسایش هاوكارم بێ، لەم خاڵانە، خاڵی یەكەم ئاسانە، خۆ هیچ نەتیجەی ئەوەی نیە، خاڵی دووەمیش هەروا، بەلأم لە چوارەم (حجز النسخ غیر الشرعیة) پێش مەحكەمە چۆن ئەبێ تۆ حیجزی بكەی پێش ئەوە تۆ موناقەشەی بكەی؟ هەتا لە ئەسنای مەحكەمەش، بۆیە من تەصەور ئەكەم جودای بكەین، ئەگەرنا (4، 5، 6)یش مادام وشەی غێر مەشروع هاتووە هەرسێكیان ئەبێ پاش موداوەلە ئیسبات ببێ ئینجا تۆ ئەو ئیجرائە وەرگری، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر بەشیر

**بەڕێز د. بەشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە ماددەكەی پێشتر حیجزی وەزارەتمان كرد بە ئیداع، جا بۆیە منیش ڕەئیم ئەوەیە لە خاڵی چوارەم (حجز النسخ غیر الشرعیة) بیكەینە (ایداع النسخ غیر الشرعیە لحین ظهور النتیجة)، خاڵی سێیەم (اثبات الاداء العلني) بەلای من (ایقاف)ە، (ایقاف الاداء العلني)، چونكە ئیسبات ئیقاف ئەكات، و لە خاڵی شەشەمیش (حصر العائدات) بیكەینە (وضع الید على العائدات)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان، حەز ئەكەم یەك مولاحەزەتان بدەمێ لەسەر مەسەلەی دەنگدانەكە، بە پێی ماددەی (75) فەقەرە یەك، هەركاتێك دەنگدانەكە شكی لەسەر بوو سەرۆكی پەرلەمان ئەتوانێ دەنگدانەكە ئیعادە بكاتەوە، چونكە نەمان ژمارد، جاری دووەم كە ژماردمان ئەوەی كە موعاریزە، ئینجا ویستمان ئەوانە بژمێرینەوە كە تەئید ئەكەن، بۆ ئەوەی مەعلوماتتان هەبێ، فەرموو كاك ئاسۆ

**بەڕێز بكر كریم (ئاسۆ)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سەبارەت بەو ماددەیە ئەو ماددەیە تایبەتە بە ئیجرائاتی تەحەفوزی، یەعنی هێشتان ئەصلی دەعوا مەحكەمە بڕیاری لێ نەداوە، كۆمەڵێك ئیجرائاتی تەحەفوزیە، بۆیە ئەوە حەقە لەبەر چاو بگیرێ، دوو، كۆمەڵێك مەرج هەیە كە مەحكەمە ئەو ئەمرە ئەكات، یەكەم لەسەر داواكاری خاوەن حەقە یان وەرەسەكەی یان ئەوەی لە دوای ئەو دێت، دووەمین ئەو ساحیبی حەقە پێی وایە تەعەدییەك كراوە لەسەر

مافەکانی کە لە ماددەی (8، 9) هاتوون لە ناو قانونەکە، بۆیە ئەو داوا ئەکات، ئەوە مەحکەمەیە بڕیار ئەدات ئەو ئیجرائاتانە وەربگیرێ، هێشتان ئەصلی دەعوا مەحکەمە بڕیاری لێ نەداوە، ڕەنگە مەحکەمە لە صالحی ساحێبی حەق بڕیار بدات دواتر ئەڵێ یان بە پێچەوانەوە بێ، بۆیە ئەوانە ئیجرائاتی تەحەفوزینە، باس لەوە ئەکرێ ئیسپاتی ئەدائی عەلەنی؟ بۆ نموونە گۆڕانی بیژێك لە شوێنێك یان تەمسیلیەیەك عەرز ئەکرێ، یان گۆڕانی بێژەکە ئەدائی خۆی ئەکات، لێرە دا ئیسپاتەکەیە ، یەعنی تەسپیت بکرێ کە ئیشێکی کردووە، بۆ ئەوەی بزاندرێ کە ئەوە موخالەفەیەکە، لەو ڕووەوەیە، چونکە نابێ بە بێ موافەقە و ئیزنی موئەلیفی ئەصلی ئەوە بکرێن ئەوەیە مەوزوع، حەصرەکەش لێرە وەکو تەسبیت کردنە دیسان، شتێکی تر نیە، با بڵێین چەند پارەی دەست کەوتووە لەو ئیستیغلالە غێر مەشروعە، نەك حیجزی بکەن و پارەکە ببەن لە شوێنێك دابنێن و ئیداع بکرێ و ئەوانە، جارێکی تر وتم ئەوە دواتر مەحکەمە کە لە دەعوا ئەصلیەکە دا کە دەعوایەکی ئەصلی بەرز ئەکرێتەوە ئەوە مەحکەمە لەوێ (بەت) لەسەر دەعوا ئەصلیەکە ئەکات و بڕیار ئەدات کە پارەکەی ئەوە بکرێ یان نا، بۆیە ئەوە بەراستی پەیوەندیشی زیاتر بە ماددەی حقوقی مەعنەویەوە هەیە، بۆیە ئەوانە ئیجرائاتی تەحەفوزینە هەر وەك وتم هیچی تر نین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

حەزئەکەم کاك (ئاسۆ)ش گوێی لێ بێ، ڕەقەم پێنج ئەڵێ موصادەرە، ئەمە تەحەفوز نیە، (قبل محكمه) من ئشکالیەکەم لەگەڵ (قبل) کە دایە، یەعنی هەر یەکێك بچێ داوای شتێك بکات تۆ یەکسەر موصادەرە ئەکەیت و بە (غير مەشروع)ی ئەزانی؟ ئەوە کەی تەحەفوزە؟ ئەوە قەرارە، حەقی مەحکەمە نیە لەسەر دوای هەر کەسێك موصادەرەی شتێك بکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوای ڕاوێژ لە نێوان هەردوو لیژنە صیاغەی ماددەی پێشنیار کراو بەو شێوەیە ئەبێ:

**المادة السادسة والثلاثون:**

**اولا:** للمحكمة بناء على طلب صاحب الحق او اي من ورثته او من يخلفه، سواء أكان قبل رفع الدعوى أم اثناءه ، اتخاذ ايا من الاجراءات التحفظية الآتية فيما يتعلق باي تعدي حصل على الحقوق المنصوص عليها في هذا القانون:

1-اجراء وصف تفصيلي للمصنف.

2–الامر بوقف التعدي.

3–اثبات الاداء العلني بالنسبة لايقاع او تمثيل او القاء مصنف ما بين الجمهور ومنع استمراره.

4–حجز النسخ غير الشرعية واية مواد او ادوات استعملت في الاستنساخ.

5–مصادرة النسخ غير الشرعية واية مواد او ادوات استعملت في الاستنساخ او المعدة خصيصا لاعادة النشر.

6–حصر العائدات الناجمة عن الاستغلال غير المشروع.

**ثانيا:** في الحالات التي يحتمل أن يؤدي التأخير في اتخاذ الاجراءات اعلاه الى الحاق الضرر بصاحب الحق، يتعذر تعويضه او في الحالات التي تكون فيها خطورة من ضياع ادلة متعلقة باثبات واقعة التعدي، للمحكمة أن تتخذ اى من الاجراءات المنصوص عليها في الفقرة (اولا) من هذه المادة، وفق القوانين النافذة في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عبدالسلام مولاحەزەكەت بڵێ**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ببورە نیزامیە چونكە دەقەكە یاسایی نیە، تكا ئەكەم وەڵامـم بـدەن، چـونكە وەڵامیشـم نـەدرا، (قبـل رفـع الدعوى تصدر المحكمه امرا بمصادره نسخ تعتبر غير شرعيه) قانونیەن نازانم چۆن (يجوز للمحكمة بناء على طلب صاحب الحق او اي من ورثته او من يخلفه، سواء أكان قبل رفع الدعوى) ئـەو تەڵەبـە تەقـديمى كـوێ ئەكرێ؟ هێشتان دەعوای ڕەفع نەكردووە، چۆن تەئيد بكەم ئەگەر تێنەگەم؟ (قبل ان يرفع صاحبنا الدعوى للمحكمه تقرر المحكمه من جانبها ان هذه النسخ غير شـرعية و تقـرر بمصـادرتها)، چـۆن ئـەبێ؟ تكـا ئەكـەم پێش موناقەشە جوابم بدەن، نووسـراوە (للمحكمة بناء على طلب صاحب الحق او اي من ورثته او من يخلفـه، سواء أكان قبل رفع الدعوى ام اثناءه ام بعده مصادرة النسخ غير المشروعه).**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**ماددەكە بەو شێوەيەيە:**

**المادة السادسة والثلاثون:**

**اولا:** للمحكمة بناء على طلب صاحب الحق او اي من ورثته او من يخلفه، سواء أكان قبل رفع الدعوى أم اثناءه ، اتخاذ ايا من الاجراءات التحفظية الآتية فيما يتعلق باي تعدي حصل على الحقوق المنصوص عليها في هذا القانون:

1–اجراء وصف تفصيلي للمصنف.

2–الامر بوقف التعدي.

3–اثبات الاداء العلني بالنسبة لايقاع او تمثيل او القاء مصنف ما بين الجمهور ومنع استمراره.

4–حجز النسخ غير الشرعية واية مواد او ادوات استعملت في الاستنساخ.

5–مصادرة النسخ غير الشرعية واية مواد او ادوات استعملت في الاستنساخ او المعدة خصيصا لاعادة النشر.

6–حصر العائدات الناجمة عن الاستغلال غير المشروع.

**ثانيا:** في الحالات التي يحتمل أن يؤدي التأخير في اتخاذ الاجراءات اعلاه الى الحاق الضرر بصاحب الحق، يتعذر تعويضه او في الحالات التي تكون فيها خطورة من ضياع ادلة متعلقة باثبات واقعة التعدي، للمحكمة أن تتخذ اى من الاجراءات المنصوص عليها في الفقرة (اولا) من هذه المادة، وفق القوانين النافذة في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دايە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرمووو بۆ ماددەيەكی تر**

**بەڕێز شوان عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**المادة السابعة والثلاثون:**

**اولا:** مع عدم الاخلال باية عقوبة أشد ينص عليها في قانون آخر نافذ، يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنتين وبغرامة لا تقل عن خمسمائة الف دينار ولا تتجاوز مليون وخمسمائة الف دينار او باحدى هاتين العقوبتين، كل من ارتكب الافعال ألاتية:

1) بيع او تأجير مصنف محمي بموجب أحكام هذا القانون او طرحه للتداول بأية صورة كانت من دون موافقة تحريرية مسبقة من صاحب الحق على هذا المصنف.

2) تقليد المصنف او بيعه او عرضه للبيع او التداول والايجار مع العلم بتقليده.

3) نشر مصنف محمي باية وسيلة نشر كانت، في غير الحالات المستثنية بموجب المواد من هذا القانون، ومن دون موافقة تحريرية مسبقة من صاحب الحق على هذا المصنف.

4) ازالة او تعطيب او تعييب –بسوء النية– اية حماية تقنية يستخدمها المؤلف.

5) الاعتداء على اي حق معنوي او مالي آخر من حقوق المؤلف.

**ثانيا:** تتعدد العقوبة بتعدد المصنفات او الاداء او البث او التسجيل محل الجريمة.

**ثالثا:** في حالة العود تكون العقوبة، الحبس مدة لا تقل عن سنة ولا تزيد على ثلاث سنوات وبغرامة لا تقل عن مليون دينار و لا تتجاوز ثلاثة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين.

**رابعا:** على المحكمة أن تقضي بمصادرة النسخ محل الجريمة وكذلك مصادرة المعدات والادوات المستخدمة في ارتكابها.

**خامسا:** يجوز للمحكمة عند الحكم بالادانة أن تقضي بغلق المنشأة التي استغلها المحكوم عليه في ارتكاب الجريمة لمدة لا تزيد على ستة اشهر ويكون الغلق وجوبيا في حالة العود في الجرائم الواردة في الفقرة اولا/2 من هذه المادة.

**بەڕێز بكر كريم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی سی و حەفتەم:**

**یەكەم: بەبێ وەلاوەنانی هەر سزایەكی توندتر كە لە یاسایەكی دیكەی كارپێكراودا هاتبێ، هەر یەكێ ئەم كاروكردانەی كردبێ، سزای حەپسكردنی بۆ ماوەیەك كە لە (3) مانگ كەمتر و لە (2)ساڵ زێتر نەبێ حەپس و غەرامەیەك كە لە 500 سەد هەزار دینار كەمترو لە ملیۆن و نیوێك دینار زۆرتر نەبێ، یان یەكێك لەم دوو سزایەی بۆ دەبڕێتەوە:**

1. **كارێكی پارێزراو بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بفرۆشێ یان بە كرێ بدا، یان بیخاتە بازاڕەوە بەهەر شێوەیەك بێت و بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختەی نووسراوی ئەو كەسەی مافی بەسەر كارەكەوە هەیە.**
2. **كارێكی ساختەی كردبێ، یان بیفرۆشێ، یان بۆ فرۆتن و ئەمدەست و ئەودەستپێكردن و بە كرێدان داینابێ و بشزانێ كە ئەو كارە، ساختەیە (مقلد).**
3. **كارێكی پارێزراو بەهەر ئەسبابێكی بڵاوكردنەوە، بڵاوبكاتەوە جگە لەو حاڵەتانەی كە بەگوێرەی ماددەكانی ئەم قانوونە هەڵاوێردراون، بەبێ ڕەزامەندیی پێشوەختەی بەنووسراوی ئەو كەسەی مافی بەسەر كارەكەوە هەیە.**
4. **لابردن یان لەكارخستن یان خەوش تێكردنی –بەنیازی خراپ- هەر پاراستنێكی تەكنیكیی كە دانەر بەكاری هێنابێت.**
5. **دەستدرێژیكردنە سەر هەر مافێكی مەعنەوی یان دارایی دیكە لە مافەكانی دانەر.**

**دووەم: هەر كارە، یان ئەدایە، یان پەخشە، یان تۆمارەی كە تاوانەكەی دەرهەق كراوە، سزای خۆی هەیە.**

**سێیەم: لەباری دووبارەكردنەوەدا، سزاكە دەبێتە حەپسكردن بۆ ماوەیەك كە لە ساڵێك كەمتر نەبێ و لە سێ ساڵ زێتر نەبێ و بە غەرامەیەك كە لە ملیۆنێ دینار كەمتر نەبێ و لە 3 ملیۆنیش تێ نەپەڕێ یان یەكێ لەو دووسزایەی بۆ ببڕێتەوە.**

**چوارەم: لەسەر دادگە پێویستە كە بڕیاری دەستگرتن بەسەر ئەو دانانەی كە تاوانیان لەسەر كراوە بدات، هەروا ئەو ئامێرو ئامرازانەش لە ئەنجامدانیاندا بەكارهاتوون.**

**پێنجەم: دادگە بۆی هەیە لەكاتی حوكمدان بە تاوانباركردندا، بڕیاری داخستنی ئەو دامەزراوەو دەزگایەش بدات كە حوكمدراو بۆ ئەنجامدانی تاوانەكەی بەكاری هێناوە، بۆ ماوەیەك كە لە 6 مانگ زێتر نەبێ. لە حاڵەتی دوبارەكردنەوەشدا، داخستنەكە ناچارییە سەبارەت ئەو تاوانەی كە لە بڕگەی یەكەم/2ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ؟ فەرموو**

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەوانەی هەندێ تێبینی لیژنەی قانونیش هەستی پێ کردبێ هەر لە سیاغەتەوە (تسدید) و (تتجاوز) ئەوانە، خۆشیان ئەزانن چی ئەکەن؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز د. عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تێبینی من لەسەر ماددەی (37) بڕگەی دوو کوردی و عەرەبیەکەی بەرساتی هیچ ڕەبتیان بە یەکەوە نیە، کوردیەکە باسی کاری ساختە ئەکات، لە عەرەبی (تقلید) هاتیە، لاسایی کردنەوە، بەلاّم ساختە تەزویرە، بۆیە پێشنیار ئەکەم لە لیژنەی هاوبەش ئەمە وەکو یەك لێبکەنەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوو پێشنیارم هەیە، یەکەم تایبەتە بە (ایداع) کردن، ئێمە لە ماددەی (34) دەنگمان بۆ ئەوە دا، کە ئیداع کردن ئیلتیزامێکە لەسەر پەخشکار، بەلاّم لێرە هیچ سزایەکی بۆ دانەنرایە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەوەی کە ئیداع نەکا و بەو کارە هەڵنەستێ سزایەکی دارایی، غەرامەی بۆ دانرێ، بەلاّم ئەو سزایە غەرامەیە لە هەمان کاتیش پابەندی بکات بە ئیداع کردن، واتە ئەگەر لە کاتی خۆی ئیداعی نەکرد ئەوە غەرامەی لەسەر فەرز بکرێ پابەندی بکەی بە ئیداع، لەبەر ئەوەی ئیداع عەمەلیەیەکی قانونیە، مەبەست تەنها پاراستنی مافی دانەر نیە، پاراستنی ئەرشیفە بۆ هەرێمی کوردستان، یان بۆ ئەو ولاّتەی کە یاساکەی بۆ دەردەچێ، پێشنیاری دووەمم، کاتێك باس لەو سزایانە ئەکرێ، پێشنیار بۆ هەردوو لیژنە ئەوەیە زیاتر جەخت لەسەر سزای غەرامە بکەن، نەك سزای بەند کردن، لەبەر ئەوە لە هەموو دونیا کار بە کردنی یاسای سزادان ئەوەیە کە غەرامە زیاتر جێی خۆی بگرێتەوە، و سزای بەند کردن کەم بکرێتەوە، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە ماوەی بەند کردن کەمە، سزای جێگرەوە شوێنی بگرێتن، لەبەر ئەوەی ناتوانرێ سوود لە بەرنامەی چاك سازی وەرگیرێ وەکو پێویست، و ئێمەش ئەزانین ڕەوشی زیندانیانمان بە چ شێوەیەکە کە ناتوانن وەکو پێویست بەرنامەی چاکسازی بە شێوەیەکی باش جێ بەجێ بکەن تیایدا، بۆیە پێشنیارم ئەوەیە کە جەختی زیاتر لەسەر سزای غەرامە بکرێ، نەك بەند کردن، هەروەها ماددەی (406) یاسای سزادانی عێراقی لەوێش کە باس لەو جۆرە تاوانانە ئەکات بەس باسی لە غەرامە کردیە،

سەبارەت بە خاڵی دووەم (تقليد المصنف) ئەو سزایەی کە لێرە هاتیـە پێشـنیار ئەکـەم کـە بـەراوردی بکـەن لەگەڵ ئەو سزایەی کە جەریمەی تەقلید بە گشـتی یـان تـەزویر لـە یاسـای سـزادانی عێراقـی هاتیـە، راسـتە سەرەتای ماددەکە بەوە دەست پێ ئەکات (مع عدم الاخلال باية عقوبة أشد) بەڵام ئێمە کە یاسایەکی تایبـەت بەو مافە دائەنێین مەفروزە سزایەکان ڕەچاوی ئەوە بکەن کە ئایا ئەو سزایە تا ئێستا لە قانونی حیمایـەی حەقی موئەلیف هەیە، لە یاسای سزادانی عێراقی هەیـە، ڕێگـر بـووە لەبـەردەم ئـەنجام نـەدانی ئـەو جـۆرە کارانە یان ئەو جۆرە تاوانانە؟ سزایەکە بە شێوەیەك بێ کە بگونجێ لەگەڵ جۆری تاوانەکە، بۆیـە پێشـنیار ئەکەم کە پێداچوونەوە بە بڕگەی دووەم بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار

**بەڕێز سەردار رشید**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا منیش پرسیارێکم هەبوو لە برایانی لیژنەی یاسایی، ئەگەر ئەم سەرپێچیانە کە لێرە هاتووە لە یاسای تردا عقوبەی توند تریان بۆ دانراوە، بۆچـی لێـرە دیسـان دووبـارە بۆتـەوە، ئایـا ئەمـە وەکـو قـانونی تەعاروز ناکات لەگەڵ قانونەکانی پێشوو؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال

**بەڕێز جلال علی عبدالله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پشتگیری زۆربەی قسەکانی دکتۆرە ڕۆژان ئەکـەم، مولاحەزەیەکیشـم هەیـە لـە چـوارەم کـە ئـەڵێ (على المحكمة أن تقضي بمصادرة النسخ محل الجريمة وكذلك مصادرة المعدات والادوات)، زۆرجار هەیە ئیستینساخ لە وڵاتێکی ترەوە دێتە مەحەل، ئەو مەحەلە ئەجهیزەی تێدایە، بە ڕەئی من شەرت نیە ئـەو ئـەجهیزەی لـەو مەحەلەیـە ئیزافەیـەك بکـرێ (ان ثبـت اسـتعمالها)، دوو، بەراسـتی لەسـەر ئیستینسـاخی گۆرانیـەك یـان قسەیەك یان هەڵبەستێك ئەو هەموو دوو ساڵ بۆ سێ ساڵ زیندانی، بە ڕەئـی منـیش بـە پـارە بـێ، چـونکە مەسەلەکە ماددیە، نە سیاسیە و نە جەریمەیـەکی وایـە کـە زۆر کـرنگ بـێ، لەبـەر ئـەوە پشـتگیری دکتـۆرە ڕۆژان ئەکەم کە مەسەلەی زیندانی کردن کەم بکرێتەوە، غەرامە زیاد بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئاراس

**بەڕێز د.ئاراس حسین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری لە بۆچوونەکەی دکتۆرە ڕۆژان و کاك جەلال ئەکەم دەربارەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (37)، لە حەقیقەت دا هەندێ موصەنەف هەیە ئەگەری تیکرار بوونەوەی هەیە، بە تایبەتی موصەنەفاتی مۆسیقی، دەقی مەسرەحی، سیناریۆ، بەڕای من لابردنی عقوبەی حەبس ببێ بە غەرامە، بەلاَم ئەتوانین گۆڕانکاری بکەین لە یەکەم کە بڕی غەرامەکە زیاد بکەین، پشت بەستن بە یەکەم، لە سێیەم بڕی غەرامەکە زیاد بکەین، بەو شێوەیە ئەتوانین موحافەزەی ئەو موصەنەفە بکەین، و نەجاتیشمان بێ لە عقوبەی حەبس، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو، جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ لەسەر عقوباتەکان؟فەرموو

**بەڕێز کاوە محمود شاکر-وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو سزایانە چەند سزای دارایی بن ئەوەندە لەگەڵ سزای تاوانی جیهاندا ئەگونجێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان.

**بەڕێز د.عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان دوا ئەکرێ کە عقوبەکانی حەبس نەمێنێ، پرۆژەکە ئەصلەن عقوبەی حەبسی تێدایە، و لە بیدایەت کە پێشکەش کرا مەبەستیان ئەوە بوو عقوبەکان چەند توند بێ، و چەند قەوانینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان توندترە، لێرە بەکار بێ لەسەر ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی ئەم یاسایە کار ئەکەن، یاساکە بە تایبەتی پەیوەندی بە شەریحەکی زۆری خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بۆیە ئێستا ئەو پێشنیارەی کە کرایە ئایا عقوبەی حەبس ئیلغا بکرێ، نەمێنێ؟ تەنها ببێتە غەرامە، داوا ئەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پێنشیارە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان بکات، ئەگەر قەبووڵیان کرد بتوانین صیاغەی ماددەکە بگۆڕین

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی کە کاك عەونی عەرزی جەنابتانی کرد، داوای بەڕێزان کاك سەردار و جەنابی وەزیر و کێی تر، ئەگەر بێتو لە ماددەی (37) دا عقوبەی حەپس لابەرین، تەنیا تەئکید لەسەر غەرامات بکەینەوە، ئەبێ بیدایەتی فەقەرەکەش لابرێ کە ئەڵێ (: مع عدم الاخلال بایة عقوبة أشد) ئەمە یەك، دوو،

بگەڕێینەوە سەر ماددەی (38) کە باس لە عقوبەی حەپس ئەکات، لە کوێ؟ لە کاتێکدا کە ئەو موصەنفە یان ئەو تەئلیفە یان ئەو شتەی کە ئەحکامی ئەم یاسایە ئەیبات بەڕێوە، ئەگەر بێتو ئەڵێ (تغيير معلومات)ی کردبێ، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، (حەزف کردن، دەست تێوەردان، گۆڕین) ئەمانە لە قانونی عقوباتی عێراقی ئەچێتە بابی تەزویر و ئەمانە، لەوێ عقوبەکانی بە حەپس هاتووە، بە غەرامە ناهاتووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە ڕەچاوی ئەوە بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان

**بەڕێز شوان عبدالكريم كابان**

**بەڕێز سەرۆکیی پەرلەمان**

من بۆ خۆم وەکو ئەندامی لیژنە، ڕاستە لەگەڵ ئەوەین کە عقوباتی جێگرەوە هەبێ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمە کێشەیەکی ئەزەلیە لەو وڵاتەی ئێمە، مافی شەریحەیەکی بەرفراوان خوراوە تا ئێستا، ئی وا هەیە بایی 30، 40 ملیۆن کتێبێکی چاپ کراو یان ئیستینساخ کراو ئەفرۆشێتەوە، یان سیدیەکی گۆرانی، یان پارچەیەك مۆسیقا کۆپی ئەکات ئەیفرشێتەوە، دەیان ملیۆن دیناری دەست ئەکەوێت، تۆ دێیت 2 ملیۆن عقوبەی ئەدەی، پاش ئەوەی کە پارەکە دەفع ئەکات لە مەحکەمە، مانگێکی تر عەینی مەسەلە دووبارە ئەکاتەوە، کێشەی نیە، یەعنی ئەوە قازانجی لەوە زۆرترە کە عقوبەکەی، بەڵام مەسەلەی حەپس بە تەئکید ئەوانەی کە داڕێژەری یاسان بەراستی ئەزانن کە حەپس تەئسیری لەسەر کەسەکە زۆرترە، بۆیە لە هەموو عقوبەیەکدا سەیر ئەکەی لایەنێکی مالی و حەپسیشی تێدایە، دەنا لە بنەڕەتدا هەموو ئەو عقوبانەیان ئەکرد بە مالی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیارێکی ئەوە کە لە ناوەندی هەردوو ڕایەکە بێ و گونجاوبێ لەگەڵ هەردوو ڕایەکە ئەوەیە، زۆربەی زۆری ئەو حاڵەتانەی سەرپێچی ئەو یاسایە ئەکەن مەبەست تێیدا بەدیهێنانی قازانجی ماددەیە، ڕاستە هەندێجار کەسێك بەرهەمێك بڵاوئەکاتەوە ناوبانگی پێ دەرئەکات، قازانجی مەعنەویشی لەگەڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستەکە بە شێوەیەکی گشتی و سەرەکی بەدیهێنانی قازانجی ماددیە، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر سزای ماددی بکرێ، مانای ئەوە نیە سزای بەند کردن هەر لابدرێ، بەڵام ماوەکەی کەم بکرێتەوە، ئەگەر دواتر یاسای سزادانی عێراقی هەموار کرا، سزای جێگرەوە شوێنی گرت لەوێ ئەوە ئەتوانین ئەو

ماددەیە سزای جێگرەوە شوێنی بگرێ، بەرامبەری کە بەند کردنەکە کەم کراوە ماوەی غەرامەکە زیاد بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز عونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا لە ئەصلی پرۆژەکەش بەم شێوەیە هاتبوو، لە سیمینارێکدا کە کۆمەڵێك خەڵکی مەعنی بەشداریان تێدا کردبوو داوایان کرد کە سزاکان سووکن، پێویستە سزاکان توند بن، بۆ ئەوەی خەڵکێك جورئەتی ئەوە نەکات دەست درێژی بکاتە سەر مافە مەعنەوی و داراییەکانی دانەران، بۆیە ئێمە ئەوەمان رەچاو کردن، هەروەها لەو پرۆژە یاسایەی کە دیسان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریشەوە بە شێوەیەکی نارەسمی پێمان درابوو دیسان لەوێدا باس لە سزای حەپس کرابوو بەو شێوەی کە هاتووە، ئێمە وەکو خۆیمان هێشتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو لە ولاتی ئێمە مافەکانی دانەران پێشێل ئەکرێن، ئێمە ئەبینین وەزعی هونەرمەندان، نووسەران، یان هەر یەکێکی لەو بوارە کار بکات چۆن مافەکانیان پێشێل ئەکرێ؟ ئەوە بوو سەبەب لە پشتی ئەوەی کە ئەم عقوباتانە بەم شکلە تەشدید بکەین، ئێستاش ئەگەر سزای حەپس کردن کەمێك کەم بکرێتەوە ئێمە هیچ گرفتێکمان نیە، بەمەرجێك ئەوە وانەکات کە لە ئەسەری ئەم قانونە کەم بکاتەوە، چونکە دیسان لە قانونی ساڵی 1971 ی عێراقی هەبوو، لە کوردستانیش تا ئێستا کاری پێ ئەکرێ، یەکێك لەو هۆکارانەی کە پاڵی پێوەناین یاسایەکی تایبەتمان هەبێ ئەوە بوو کە سزاکان زۆر زۆر سووك بوون، لەبەر ئەوە بوو ئێمە بەو شکلە دامانڕێژتەوە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم سزای حەپس کردن هەڵنەگیرێ هەروەکو دکتۆرە ڕۆژان وتی، بەلاّم دەکرێ سووك بکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

راستە لە حاڵەتی حەپسەکەی کە کەمبکرێتەوە، من پێشنیار ئەکەم ئەو عقوبە مالیە سێجارە، و چوارجارە، پێنج جارە بکرێتەوە، هیچ نەبێ وەکو ئەو حاڵەتەی کە کاك شوان باسی کرد کە چینێك و توێژێك هەیە کەوا بەراستی تەعدا لە مافەکانیان ئەکرێ، فکرەیان ئەبرێ، بەبێ پرسی ئەوان کۆپی ئەکرێن، بلاّو ئەکرێتەوە، ئەوە یەکێکە لەو مافانەی کە پێشێل ئەکرێ، من کە سەیر ئەکەم لە شوێنێکدا (500000) هەزار، لە شوێنیکدا ملیۆن و نیویێك، لە شوێنێکی تردا ملیۆنێك، لە سێ ملیۆن تەجاوز نەکات، ئەمانە بەراستی عقوبەی مالی ترسێنەر نین، لە ولاّتان هەیە بە سەد هەزار دۆلار، بە دوو سەد هەزار دۆلار، مەحکەمە حوکمی بۆ ئەدات، ئەگەر ئێمە بمانەوێ مەسەلەی حەپسەکە لابدەین با بەچەندین جارە و

چەندین قاتی لێبکەینەوە غەرامەکە، بۆ ئەوەی ئەو زەرەرەی کە ئەکەوێت لەو کەسەی کە ئەو کارەی کردووە بەراستی زەرەرمەندی تەواوی بێ، بەلاًم من لەگەڵ ئەوەم لە حاڵەتی دووبارە بوونەوە ئەوکات حوکمەکەشی لەگەڵ دابێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال

**بەڕێز جلال علی عبدالله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوای ڕوونکردنەوەی بەڕێزان من پشتگیریم لە پێشنیارەکەی دکتۆرە ڕۆژان کرد، پێم باشە سزا داراییەکان زیاد بکرێ، و سزایەکانی تر کەم بکرێتەوە، و ئەگەر بکرێ لە حاڵەتی تیکرار دا سزای بەند کردنیش هەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی هاوکارانم هەبوو، چونکە ئەگەر بەراورد بکەین لێرە نووسرایە سێ مانگ هەتا دووساڵ، ئەوە حەپسەکە، بەلاًم غەرامەکە پێنج سەد تا ملیۆن و نیوێك، ئەگەر بەراودر بکەین غەرامەکە زۆر کەمترە لە حەپسەکە، هاوسەنگیەك ڕابگرین، یان ئەوتا غەرامەکەش زیاد بکەین، چونکە ئەزانین زۆرڤ بازاڕ ڕۆژ بە ڕۆژ دەگۆڕێ و پارە هەر قیمەتی نامێنێ، بەلاًم حەپسەکە زۆر زۆرترە لەگەڵ غەرامەکە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من لەگەڵ سزای حەپس نیم، لەگەڵ سزای داراییم، بەلاًم غەرامەکە زیاد بکرێ، ئەگەر دووبارە ئەوکەس کە سزا ئەدرێ بە غەرامە ئەگەر جارێك بێ یان دووجار بێ مەبلەغەکە زۆربێ مەعنای ئەوە نیە دیسان دووبارەی ئەکاتەوە، سزا ئەگەر غەرامە بێ چارەسەر کردنی کێشەیە، زۆربەی ولاًتان لەسەر سزای غەرامە

چارەسەر کراون، کێشەکانیان حەل بووە، ئێمە بۆ توند و تیژ بین بەرامبەر مرۆڤەك ئەگەر هەڵەیەکی کردیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ ڕوون کردنەوەیەك بدەم سەبارەت بە سزاکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، تەبعەن بە پێی قانونی عقوباتی عێراقی کە ئیشی پێ ئەکرێت لە هەرێمی کوردستان، عقوبەی موخالەفە تەنها لە 24 سەعات تا 3 مانگە، حەپس دەبێتە بابی جونحە، جەنحە حەپسی شەدید و بەسیتە، ئەویش حوکمەکەی لە 3 مانگ تا پێنج مانگە، ئەگەر تێبینی پرۆژەکەی بکەین ئەبینین بابەتەکە بە شێوەیەکی زۆر باش موعالەجە کرایە کە ئەڵێین (او باحدى هاتين العقوبتين) واتە ئەگەر غەرامە عقوبەی حەپسیشی لەگەڵ بوو، ئەگەر کەم یان زۆر، ئەوە دەستەڵات درایتە مەحکەمەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە بە گوێرەی ئەو صەلاحیاتانەی کە حاکم خۆی هەیتی تەقیمی وەزعی ئەکات، غەرامەی ئەدات یان حەپسی ئەکات بە گوێرەی زروفی قەزیە، واتە بڵێین حەپس و غەرامە، تەنها ئیحتیکارمان نەکردیە بە حەپس کردن، مەجالی ئەوە هەیە ئەگەر مەحکەمە وا قەناعەتی هات کە جەریمەکە وا پێویست ئەکات حوکمەکەی تەنها غەرامە بێ، بۆی هەیە حوکمی تەنها بە غەرامە بدات و حەپسی نەکات، دوو، ئێستا پێشنیارەکان وا دیارە کە ئەڵێین عقوبەکە کەم بکرێتەوە یان ماوەی عقوبەکان کەم بێتەوە، غەرامەکان بە گوێرەی ئەو زیاتر بکرێت، دەتوانین صیاغەکی نوێ بکەین و بیخەینە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە قسەکانی سۆزان خان بابەتی قەرەبوو کردنەوە، قەرەبوو کردنەوە بابەتێکی جیاوازە، غەرامە عقوبەیە، بەلاّم قەرەبوو کردنەوە تەعویزە، ئەحکامی تەعویزیش بە پێی قانونی بەرکار مەعلومە لە چ حاڵەتێك وەرئەگیرێ، چەند وەرئەگیرێ، مەحکەمە چۆن حوکمی ئەکات؟ بە گوێرەی قەزیەکە ئەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوا صیاغەتان بخوێننەوە لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

صیاغەی پێشنیار کراو بەم شێوەیە

**المادة السابعة والثلاثون:**

**اولا** يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنة وبغرامة لا تقل عن خمسمائة الف دينار ولا تزيد على مليون وخمسمائة الف دينار او باحدى هاتين العقوبتين، كل من ارتكب الافعال ألاتية:

1-بيع او تأجير مصنف محمي بموجب أحكام هذا القانون او طرحه للتداول بأية صورة كانت من دون موافقة تحريرية مسبقة من صاحب الحق على هذا المصنف.

2-تقليد المصنف او بيعه او عرضه للبيع او التداول والايجار مع العلم بتقليده.

3-نشر مصنف محمي باية وسيلة نشر كانت، في غير الاحوال المستثنية بموجب احكام هذا القانون، ومن دون موافقة تحريرية مسبقة من صاحب الحق على هذا المصنف.

4-ازالة او تعطيب او تعييب -بسوء النية- اية حماية تقنية يستخدمها المؤلف.

5-الاعتداء على اي حق معنوي او مالي آخر من حقوق المؤلف.

**ثانيا:** تتعدد العقوبة بتعدد المصنفات او الاداء او البث او التسجيل محل الجريمة.

**ثالثا:** في حالة العود تكون العقوبة، الحبس مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنتين وبغرامة لا تقل عن مليونين دينار و لا تزيد على خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين.

**رابعا:** على المحكمة أن تقضي بمصادرة النسخ محل الجريمة وكذلك مصادرة المعدات والادوات المستخدمة في ارتكابها.

**خامسا:** يجوز للمحكمة عند الحكم بالادانة أن تقضي بغلق المنشأة التي استغلها المحكوم عليه في ارتكاب الجريمة لمدة لا تزيد على ستة اشهر ويكون الغلق وجوبيا في حالة العود في الجرائم الواردة في الفقرة اولا/2 من هذه المادة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

له برِگەی چوارەم ئەڵێ (يجوز للمحكمه)، يان (يجوز) يان (لل) بمێنێ، چونكه هەردووك جەوازيه، دواتريش پێشنيارى ئيداعمان كرد، ئيداع له ماددەی (34) دەنگمان بۆ دايه كه ئيلتيزامه، يان به ماددەيەكی سەربەخۆ يان به برِگەك لەو ماددانەی كه باس له سزا ئەكات شوێنێكی بۆ ببينينەوە، چونكه ئيداع به ئيلتيزام دەنگمان بۆ داوە، كه سزای بۆ دانەنێی و ئەو ئيلتيزامەی جێ بەجێ نەكرد ئەوە قانونی نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی

**بەڕێز عونی كمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ڕێگا چارەكەی دكتۆرە ڕۆژان دوايی ئەتوانين له ماددەيەكی ئەخيری ئيزافەی بكەين بۆ قانونەكە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**پێشنیارەكەی دكتۆرە ڕۆژان وەرگیرا، بەڵام بۆ ماددەیەكی تری دواوە، ئێستا ئەو ماددەیە بەو صیغەی كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز شوان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**المادة الثامنة والثلاثون:**

**يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنة وبغرامة لا تقل عن مائة الف دينار ولا تزيد على خمسمائة الف دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من:**

**اولا:** **حذف او غير اية معلومات واردة في اي شكل ألكتروني للمصنف، من دون موافقة صاحب الحق فيه، لضمان ادارة الحقوق. وتعد من المعلومات الخاصة بضمان ادارة الحقوق، تلك المعلومات التي تعرف بما يأتي:**

1) **المصنف او التسجيل الصوتي الادائي.**
2) **المؤلف او المؤدي او منتج التسجيل الصوتي.**
3) **صاحب الحق في المصنف او الاداء او التسجيل الصوتي.**
4) **الشروط الواجب توافرها للاستفادة والانتفاع من المصنف او الاداء او التسجيل الصوتي.**
5) **اية ارقام او تشفير يرمز الى بيان تلك المعلومات.**

**ثانيا:** **وزع او استورد لاغراض التوزيع او اذاع او نقل الى الجمهور، من دون موافقة صاحب الحق، نسخا من مصنفات او اداءات مثبتة او تسجيلات صوتية سواء كان لديه العلم بذلك او لديه الاسباب الكافية للعلم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی**

**بەڕێز بكر كریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**ماددەی سی و هەشتەم:**

**هەر كەسێ یەكێ لەم كردارانە بكات، سزای حەپسكردنی بۆ ماوەیەك كە لە 3 مانگ كەمتر نەبێ و لە ساڵێكیش زێتر نەبێ و بە غەرامەیەك كە لە 100 هەزار كەمترو لە 500 هەزار دیناریش زۆرتر نەبێ، یان یەكێ لەم دوو سزایەی بۆ دەبڕدرێتەوە:**

**یەكەم: هەر زانیارییەك كە لە شێوەی ئیلكترۆنیی كارەكەدا هاتبێ، بەبێ ڕەزامەندیی خاوەن ماف بسڕێتەوە یان بگۆڕێ، كە وەك گەرەنتیی بەڕێوەبردنی مافەكان دانراون. ئەو زانیاریيانەی كە دەستەبەرن بۆ بەڕێوەبردنی مافەكان، ئەوانەمان پێ دەناسێنن:**

1. **كارەكە، یان تۆماری دەنگیی ئەدا "جێبەجێكردن".**
2. **دانەر، یان جێبەجێكار، یان بەرهەمهێنەری تۆماری دەنگی.**

3. خاوەن مافی کارەکە، یان ئەدا، یان تۆماری دەنگیی.
4. ئەو مەرجانەی کە دەبێ بێنە دی بۆ کەڵکوەرگرتن لە کارەکە یان لە ئەداو یان لە تۆماری دەنگی.
5. هەر نمرە، یان کۆدێك کە هێما بێت بۆ نیشاندانی ئەو زانیارییانە.

دووەم: دابەشکردنی هەر کۆپی، یان ئەدائێکی جێگیرکراو، یان تۆمارێکی دەنگی، یان بۆ دابەشکردن لە دەرەوە هاوردە کرابێ، یان پەخشی کردبنەوە بە خەڵکی گەیاندبێ، بەبێ مۆڵەت و رەزامەندیی خاوەن ماف، جا عیلمی پێ هەبێت یان هۆکاری تەواوی بۆ ئەو پێ زانینە لەبەردەستدا هەبن.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (3) کەس تێبینی هەیە، فەرموو بێریڤان خان

**بەرێز بێریڤان سەرهەنگ**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەو ماددەیە دووبارە باسی حەپس کردن هاتیە، لەگەڵ ئەوە نیم، لەگەڵ سزای غەرامەمـە، داوا ئەکـەم ئـەو حەپسە نەك (3) مانگ، هەر یەك ڕۆژیش نەبێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خەلیل

**بەرێز خلیل عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ئەبینم لە نێوان سزا و غەرامە مالیەکە تەوازنێك نیە، ئەگەر 100 هـەزار موقـابیلی دوو مـانگ بـێ، و 200 هەزار موقابیلی چەند مانگیکی تر دابنێین، پێم وایە مەفروزە غەرامە ماددیەکە زیـاتر بکـرێ وەکـو سۆزان خان پێشتریش ئاماژەی پێدا، پێم وایە ئەمـە عقوبەیـەکی زۆر رادع نـابێ، 100 هـەزار بـە نیسـبەت ئێستا چیە؟ بە تایبەتیش کە بەشێك لـەو خەڵکانـەی کـە ئـەمڕۆ داوای ئـەوە ئەکـەن کـە کارەکانیـان کـۆپی ئەکرێ یان دەفرۆشرێتەوە زیاتر دەستکەوتەکە ماددیە، بە نیسبەت دەقە کوردیەکەش لـە ئـەخیردا هـاتووە یەکێك لەم دوو سزایەی بۆ ئەبڕدرێتەوە، من پێم باشە ئەمە بگۆڕدرێ، بکرێتە یەکێك لەم دوو سزایەی کە بەسەریدا ئەسەپێنرێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان

**بەرێز سمیرە عبداللە**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش پێم وایە سجنەکە زۆرە، ئێستا لە هەموو وڵاتان بگەڕێی سجنی وا نیـە، بۆتـە عقوبـاتی بەدیلـە، بـۆ نموونە من لەچەند ورکشۆپ بەشدار بوویمە کە ئێستا لـەو وڵاتانـە هـەموو عقوبـاتی بەدیلـەیان بـۆ دانایـە، هەر لە ماڵی خۆیانن، بەڵام ئیشیان پێ دەکەن، مەسەلەن بۆ ماوەی ساڵێك ئەو قوتابخانەی دەدەنێ، یان ئەو

گەڕەكەی دەدەنێ پاكی بكەنـەوە، یـان لـە مەشـاریعەكان بەشـداری دەكـەن، بـەڵام لـەلای خۆمـان هـەر زیـاتر تەركیز لە سەر سجنەكان دەكـەین، سـجنمان زیـاترە، ئەگـەر بكـرێ سـجنەكان كـەم بكەێنـەوە بـا غەرامەكـە زیاتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی حەبس كردن و غەرامەكردن لێرە كە دانراوە، لەم بابە، بابێكی عیقابی خۆیەتی، بەڵام ئێمە دەبێ ڕەچاوی شتێك بكەین، ئەو كەسەی كە هەستێ عەزف بكا، یان تەغیری مەعالیمی موسەنەفێ یان موئەلەفێ یان شتێك بكا، ئەو موسەنەفە، ئەو تەئلیفە، ئەو كتێبە، ئەو سیدیە، حەسیلەی جوهدی ئینسانێكە كە ڕەبتی دەكەم بە دەیانساڵ و بە بیست ساڵیش خەریكی بوو بێ، هەتا توانی بێتی ئینتاجێكی وەها بێنێتە دی، كابرایەك بێت عەزفی كەلیمەیەكی یان تەغیری بكا بە دڵی خۆی، ئەمە پێویستی بە وەیە كەوا بچێتە ژێر بابی عقوبەكانەوە، چونكە ئێمە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ یاسا عامەكان هەموو گۆڕانكاریەك لەو موسەنەفاتانە دەچێتە بابی تەزویرەوە، كە چووە بابی تەزویر ئەوە لە عقوباتی عێراقی دا لە (289)، (298) لە پێنج ساڵ عقوبەی كەمتر نیە، ئەمە بۆیە لێرە موشەریع ئەمە دادەنێ، ئەمە پارێزگاری جوهدی ئەو موئەلیفە دەكات كە دەیان ساڵ خەریكی تەئلیف كردنە، جوهدی خۆی، ڕەنجی لە سەر كێشاوە شەو و ڕۆژی خستە سەر یەك تا ئەو موسەنەفە، ئەو تەئلیفە، ئەو كتێبە، ئەوشتەی كە هەیەتی بیهێنێتە دی، بەڵام ئەمە ئەكرێ بە پێچەوانەوە من پێم وایە عقوبەكە كەمە بە سەیركردنی عقوبە ئەصڵیەكە كە لە قانونی عقوباتی عێراقی دا هەیە، ئەمە پێویستە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە پارێزگاری حەقی موئەلیف لێرە دەكرێ، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، پێویستە ئەمە ئیزافەی ئەمەی بۆ بكرێ، (مع عدم الأخلال بأي عقوبة أشد ینص علیها قانون أخر نافذ في الإقلیم)، ئینجا بێتە خوارەوە ئەم نەصەی كە هەیەتی وەكو خۆی بمێنێتەوە نەصێكی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان، فەرموو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگەی یەکەم بۆ ئەوە دانراوە، باس لە ناوەڕوکی موسەنەفەکە ناکا، کە موسەنەفێك بە شکلی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، کاك عبدالسلام لە من شارەزاترە، هەندێك مەعلومات دادەنرێت بۆ ئەوەی کەس دەسکاری موسەنەفەکە نەکات، شتی بچووك، مەسەلەن کۆدی بۆ دادەنرێ یان ڕموزە تۆ نەتوانی بە کەیفی خۆت تەحمیلی بکەی، بەڵام تۆ بتوانی دەستکاری بکەی، بتوانی شتەکە هەڵگری ئەمە مەوزوع ئەوەیە ئەو مەعلوماتانەی پەیوەندیان هەیە، زەمانن بۆ ئیدارەی حقوقی موئەلیف، نەك ناوەڕۆکی موسەنیفەکە یەعنی بۆیە کاك عبدالسلام باشتر لە من دەزانێ پەیوەندی بەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا فەنانی کاریکاتێر دەچێتە ئەو سنفە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش جەوابی بدەنەوە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەمە لە ناو موسەنەفاتەکان هەیە، لە ماددەی (3)دا باسی لێوە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان بخوێننەوە،

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها مولاحەزەم لە سەر قسەکانی خوشکە سەمیرە، ئێمە عقوبەی سجنمان بەکار نەهێنایە، لێرە عقوبەی سجن نیە، تەنها عقوبەکەی حەبسە، دوو: قسەکانی بیریڤان خان دەڵێ من لەگەڵ ئەوە دا نیمە هیچ عقوبەی حەبس نەبێ ، بەڵام ئێمە حەسرمان نەکردووە، بە حەبس، ئێمە لە بیدایەتی قسەکانمان گۆتمان یان حەبس یان غەڕامە، مەحکەمە دەسەڵاتی ئەوەیە، دوا سیاغەی پێشنیار بەم شێوەیە:

المادة الثامنة والثلاثون:

مع عدم الأخلال بأية عقوبة أشد تنص عليها في أي قانون أخر نافذ في الإقليم يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد على سنة وبغرامة لا تقل عن مائة الف دينار ولا تزيد على خمسمائة الف دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من:

**اولا: حذف او غير اية معلومات واردة في اي شكل ألكتروني للمصنف، من دون موافقة صاحب الحق فيه، لضمان ادارة الحقوق. وتعد من المعلومات الخاصة بضمان ادارة الحقوق، تلك المعلومات التي تعرف بما يأتي:**

6) **المصنف او التسجيل الصوتي الادائي.**

7) **المؤلف او المؤدي او منتج التسجيل الصوتي.**

8) **صاحب الحق في المصنف او الاداء او التسجيل الصوتي.**

9) **الشروط الواجب توافرها للاستفادة والانتفاع من المصنف او الاداء او التسجيل الصوتي.**

10) **اية ارقام او تشفير يرمز الى بيان تلك المعلومات.**

**ثانيا: وزع او استورد لاغراض التوزيع او اذاع او نقل الى الجمهور، من دون موافقة صاحب الحق، نسخا من مصنفات او اداءات مثبتة او تسجيلات صوتية سواء كان لديه العلم بذلك او لديه الاسباب الكافية للعلم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو ماددەی کە خوێندرایەوە بە دوا سیاغەی، تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ دوو کەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة والثلاثون:**

**اولا: للمحكمة بناء على طلب المؤلف او خلفه ان تحكم باتلاف نسخ المصنف او الصور الماخوذة عنه والتي نشرت بصورة غير مشروعة وللمحكمة بدلا من اتلافها أن تحكم بتغيير معالم النسخ والصور والمواد او جعلها غير صالحة للاستعمال.**

**ثانيا: لا يجوز الحكم باتلاف نسخ اي مصنف او الصور الماخوذة عنه او تغيير معالمها اذا كان النزاع يتعلق بترجمة مصنف الى اللغة الكوردية، اذ يجب اقتصار الحكم في هذه الحالة على حجز المصنف الاصلي او نسخه او الصورة الماخوذة منه حسب مقتضى الحال.**

**ثالثا: للمحكمة أن تحكم بمصادرة نسخ المصنف او الصور الماخوذة عنه والمواد التي استعملت في اخراجها وبيعها وذلك في حدود ما يفي منها بتعويض المؤلف عن الضرر الذي اصابه وذلك بدلا من اتلاف تلك النسخ والصور او تغيير معالمها او اتلاف تلك المواد.**

**رابعا: لا يجوز ان تكون المباني أو ما يظهر فيها او عليها من نحت ورسوم و زخارف واشكال هندسية محل حجز. كما لا يجوز الحكم باتلافها او تغيير معالمها او مصادرتها بقصد المحافظة على حقوق المؤلف المعماري الذي استعملت تصاميمه للبناء ورسومه فيه بصورة غير مشروعة، على ان لا يخل ذلك بحقوقه في تعويض عادل تقدره المحكمة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و نۆیەم:

یەكەم:دادگە لەسەر داخوازی دانەر یان وەچەكەیەوە، بۆی هەیە حوكم بدات بە لەناوبردنی دانەكانی كارەكە، یان ئەو وێنانەی لەبەری گیراونەتەوە و بەشێوەیەكی نارەوا بلاوكراونەتەوە. هەروەها دادگە بۆی هەیە لەبری لەناوبردنیان، بڕیاربدات رووكارو ئەدگاری كۆپی و ئەو كەرەستانە بگۆڕێ یان بەشێوەیەك كە بە كەڵكی بەكارهێنان نێن.

دووەم: نابێ دادگە حوكمی لەناوبردنی دانەی هەر كارێك یان ئەو وێنانەی لەبەری گیراونەتەوە بدات یان ئەدگارو رواڵەتیان بگۆڕێ، ئەگەر كێشەكە پێوەندیی بە وەرگێرانی كارێكەوە هەبێ بۆ سەر زمانی كوردی، لەو بارەدا حوكمەكە تەنیا گلدانەوەی كارە ئۆرجینالەكە یان كۆپێكراوەكان یان ئەو وێنانە دەبێت كە لەبەری گیراونەتەوە.

سێیەم: دادگە بۆی هەیە حوكمی دەستگرتن بەسەر دانەو كۆپییەكانی كار، یان ئەو وێنانەی لەبەر كارەكە گیراونەتەوە و ئەو كەرەستانەی لە بەرهەمێنانیاندا بەكارهاتوون بدات و بیانفرۆشێتەوە بەو ئەندازەیەی كە بەشی قەرەبووی دانەرەكەی بكات لەو زیانەی كە پێی كەوتووە، لەبری لەناوبردنی ئەو دانەو وێنانە یان گۆڕینی ئەدگارەكانیان یان لەناوبردنی كەرەستەكان.

چوارەم: خانوو و بینا و ئەو نەخش و نیگارو و رەسم و زەخرەفە و شێوە ئەندازەییانەی بەسەریەوە دیارە، گلنادرێنەوە. هەروا نابێ حوكمی لەناوبردن یان گۆڕینی ئەدگارو رواڵەتیان بدرێ یان دەستیان بەسەردا بگیرێ بەمەبەستی پاراستنی مافەكانی دانەری بیناساز كە نەخشەكەی و رەسمەكانی بەشێوەیەكی نارەوا بەكارهاتوون، بەمەرجێ نەبێتە مایەی پێشێلكردنی مافەكانی دانەر لە قەرەبووكردنەوەیەكی دادپەروەرانە كە دادگە خەملاندنی بۆ بكات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو كەس فەرمووە د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەم لە ڕووی ڕیزبەندی بڕگەكانە لە ڕووی شكلیەوە، دوو بڕگە باس لەوە دەكات كە مەحكەمە بۆی هەیە ئەو كارانە بكات، دوو بڕگەش باس لە (لا یجوز) دەكات، پێشنیار دەكەم ماددەكە بكرێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەكەم تایبەت بێ بەو دەسەلاتەی كە دەدرێتە مەحكەمە، بڕگەی دووەمیش بەو دەسەلاتانەی كە بۆی نیە بەو شێوەیەی حوكم بدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من تێبینیم لە سەر خاڵی چوارەمە، چونكە تێناگەم، ئەم خاڵە پێمان دەڵێت بۆ پاراستنی مافی موهەندیسی مەعماری و ڕەسام ئەگەر هاتو من وێنەیەكم گرت بە شێوەیەكی سەقەت بینایەك لە پشت من دەرچووە، وێنەیەك ئیتلاف دەبێ، بەڵام تۆخوا ئەو بینایە نەروخێنن، و ڕەسمەكانیش تێك نەدەن، چونكە بۆ پاراستنی مافی موهەندیس و فەنان، سەیرە من وێنەیەكم بەرامبەر بینایە گرتووە، واتا لەو حاڵەتە ئەگەر ئەو ماددە نەبا ئەگەر ئیتلافی تەصویر بوو، ئیتلافی بینایەش دەبێ، من تێناگەم ئەو ماددەیە چی دەڵێت؟ بۆ لێرەیە ئەسڵەن، كە من وێنەیەكی مشەوەهەم گرتووە، كە ئەو سزایانە دەگرێتەوە، و بنایەك لە پشت من دەرچووە، ئیتلافی بنایە نابێت و شت تەسەور دەكەم زیادە هیچ مەعنای نیە هەبێت، یان بۆم شەرح كەن چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمو لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت چوارەم، من وەكو موهەندسێك تەسمیمی بینایەك دەكەم بە هەموو ئەو تەسمیمە واجیهەكەی هەمووی ئەوە منم دامناوە، من جهودم تێدا سەرف كردووە، بەڵام یەكێك بە شكلێكی غەیر شەرعی دێتن ئەوە بەكار دێنێ لە بینایەكەی خۆی، یەعنی با بڵێین بینایەكەی بە پێی ئەو تەسمیمەی من كردووەمە، تەسمیم و ئەو موخەتەتەی منی موهەندس كردوومە، دێ بڵاوی دەكاتەوە، دیارە ناكرێ حجزی بخەینە سەرێ، ئەوە چونكە ئەوەڵەن لەبەر كۆمەڵێ ئەسباب، ناكرێ حجزی بكرێتە سەرئەو بینایەی كە تەنفیزكراوە، لەبەر دوو، سێ سەبەب، یەكەمیان ئەوەندەی من لێی بزانم مەبانی كە تەنفیز دەكرێ با بەپێی موخەتەتێكیش تەنفیز كرابێ بە پێی تەسمیمێك نەسخی تەسمیمی مەعماریەكە نیە، نابێ وەكو نەسخێكی عادی هەر موسەنەفێكی دیكە لێك بدرێتەوە، دووەم: مەبانی كە تەنفیز دەبێ بەڕاستی سەروەیەكی قەومیە یەعنی سەروەیەكی سەقافیە، یەعنی ئەو هەموو زەغاریف و شتی جوان و ئەوانەی تێدایە، پارەیەكی زۆری لێ سەرف كراوە ناكرێ حیجز بكرێ، دەبێ بەڕاستی كە تۆ شتێك دەكەی لەگەڵ ئەو زەرەرەی بە بیناساز كەوتووە لەگەڵ حیجزكردن، یان ئیتلاف كردنی لێك نایەتەوە، چونكە ناكرێ ئیتلاف بكرێ، چونكە ئیتلاف كردنی بەڕاستی زەرەرێكی زۆر بە مەبانیكە دەكەوێ بە ئەوەی تر دەكەوێ بۆیە دەبێ تەناسوبێك هەبێ لە بەینی ئەوانە سەبەبەكە لەبەر ئەوە لێرە دانراوە من پێشم وایە جێگای خۆیەتی ئەمە ئیستسنائێكە لە قاعیدەكە، بۆیە من پیم وایە جێگای خۆیەتی و هیچ ئیشكالیەتێكی تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەتوانم تەفسیرەکی ئەگەر ئیجازە هەبێ ئیزافەتەن بۆ ئەوەی کاك ئاسۆ بدەم بە نموونە لە تورکیا بینایەکی زۆر جوان بە تەسمیمێکی میعماری زۆر جوان، وەکو مۆڵێك، وەکو مەرکەزێکی تیجاری ناوی (کانیۆن لە لەڤەند) مەنتیقەی لەڤەند، ئەوە سەرحەکی میعماری زۆر جوانە ئەو بینایە، بەڵام کە دێیە دەرێ لەو بینایەی مەبنایەك هەیە لە لای وەزارەتی عەسکەری حەربیەی تورکیە، کە دێیە دەرێ ڕەسمی ئەو بینایەی وەردەگری بە هەر فەنێکی میعماری بێ، بۆ هەر فەنانێکی بێ، بۆ هەر مەعرەزێکی بێ لەو بینایەی کرا بێ، یان حەفلەکی موسیقی بێ دیعایەی بۆ بکرێ، لە پێش دەرگای پۆلیسی مۆڵەکەی، پۆلیسی کانیۆن لێ ناگەرێ ڕەسمەکەی وەرگری، دەڵێ لە پشتت بینایەی وەزارەتی حەربیە دێتە دەرێ، بۆیە ئەگەر ڕەسمەکان وەردەگری زۆر جار ئەمنی قەومی یان جیهەتی عەسکەری ئەوەت لێ مەنع دەکات کە تۆ ئەو ڕەسمەی وەرگری، ئەو بەرهەمە هونەریە ڕەسمەکەی وەرگری لەبەر ئەسبابی ئەمنی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بە ڕەئی من تا ڕاددەیەك نەبێ باشترە، لەبەر ئەوەی زۆر شتی وا کراوە مەسەلەن لە سین، لەو زوانە گوندێکیان وەکو گوندێك دروستکرا لە سەر ئەساسی یەك لە وڵاتانی ئەوروپی، یەعنی نەصیان هێنا دایان نا لەوێندەرێ، یەعنی لەو حاڵەتەدا زۆر تەبیعیە، بۆیە زۆر جار حاڵەتی وا بووە، بۆیە ئەوە بە ڕەئی من زیادە، و ئێمەش هێشتاکە نەگەیشتینە ئەو حاڵەتەی میعمارمان ئەوەندە بەقوەت بێ، ئەوەندە هین بێ خەڵك بچێ ئەسڵەن هەر کاك ئاسۆ بەخۆشی دەزانێ، یەعنی خەڵك خەریتەی لەیەکتری وەردەگرێ، زۆر ئیعتیادی خانی لە سەر دروست دەکا، دەڵێ ئەگەر خەریتەت هەبێ توخوا ئەگەر خەریتەکەتم بدەیێ خانی لە سەر دروست دەکەم، بەڕاستی یەعنی ئەو فەقەرەیە بە ڕەئی من زیادە، ئەوە پێویست ناکات، کاك ئاسۆ چێ دەڵێ خێر، نا من ئیختیساسم هەندەسەیە، ئیختیساسم ئاسارە، ئاسار جوزئێکی زۆری هەندەسەیە، بۆ ئاگاداریت، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئەگەر ئێمە ئەو دوو ڕیزەی پێشەوە باس نەکەین، چونکە بەڕاستی هیچ موهەندیسێکی میعماری کە خەریتە دەدا بە سەندیکای ئەندازیاران، یان یەکێتی ئەندازیاران، لەوێ هینی دەکا، یەعنی واجیبەکە ئەو خۆی مەسئولە، هەر بە قانونی عقوباتی عێراقی دەتوانێ هەر موهەندیسێکی میعماری ئیشەکەی تر بکات، شکاتی لێ دەکا لەبەرئەوەی هیچ موهەندیسێك جورئەت ناکات هین بکەن، یەعنی من باسی خەریتەی پلان ناکەم، من باسی عیمارەکەی دەکەم واجیبەکەی، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە هەر مەحافەزەی حقوقەکەی بۆ دانێن، بەڵام مەوزوعی ڕووخانی ئەوە هەر خۆی مەحکەمە قەراری لێ دەدا، چونکە نایڕووخێنن، لەبەر ئەوەی ئەو تەعویزە عادلە هەر ئەدرێتەوە ئەو موهەندیسە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی یەك دا کە باس لە مەحکەمە دەکا یاخود لە سەر تەلەبی موئەلیف یاخود وەرەسەکەی ئیتلافی ئەو نوسخانە بکرێ کە بەشێوەیەکی غەیرە مەشروع ئیستینساخ کراوە یان دەرکراوە، دواتر دەڵێ بۆ مەحکەمە هەیە لە جیاتی ئەوەی ئیتلافیان کا مەعالیمەکانی بگۆڕێ وایان لێ بکا کە غەیر سالح بێ بۆ ئیستیعمال، ئەو موسەنەفاتانە، ئەو موستەنسەخانە کە وەرگیراوە مادام بە تەریقەیەکی غەیرە مەشروعە بە واتا جەریمەیەکی تەشکیل کرد، کە جەریمەی تەشکیل کرد، ئەمانە دەبنە موبرەزاتی جورمی، کە بوونە موبرەزاتی جورمی مەحکەمە بۆی نیە دەستکاری بکا تەغیری مەعالیمی بکا، یان چاکی بکا، دەبێ یەکسەر ئیتلافی بکات، کەواتە فەقەرەی یەك تا وەکو (والتي نشرت بصورة غير مشروعة)، کافیە دەبێ (وللمحكمة) ئیلغا بکرێ و لا ببرێ ئەوەی، بڕگەی سێیەم کە باس لە مەحکەمە دەکات، حوکم (للمحكمة أن تحكم بمصادرة نسخ المصنف او الصور الماخوذة عنه والمواد التي استعملت في اخراجها وبيعها وذلك في حدود ما يفي منها بتعويض المؤلف عن الضرر الذي اصابه) ئەم فەقەرەیەش تاکو ئێرە کافیە، چونکە (وذلك بدلا من اتلاف تلك النسخ والصور او تغيير معالمها او اتلاف تلك المواد) پێویست ناکات، چونکە مەحکەمە مادام حەقی درایە ئەو نوسخانە بفرۆشێتەوە کە ئیستینساخ کراوە بە حدودی تەعویزی موئەلیف یەعنی بیداتەوە وذلك بدلا من اتلاف تلك النسخ والصور او تغيير معالمها او اتلاف تلك المواد.بە ساحێبی وەکو شکلی تەعویز ئیتر پێویست ناکات (وذلك بدلا من اتلاف تلك النسخ والصور او تغيير معالمها او اتلاف تلك المواد)، چونکە بڕیاری دا بە فرۆشتنەوەی، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمەش (وذلك بدلا من اتلاف تلك النسخ والصور او تغيير معالمها او اتلاف تلك المواد)، لاببرێ و نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش بڕگەی چوارەم: پشتگیری دەكەم هەر نەمێنێ، لا بچێ، چونكە ئێمە ئێستا وەزعی خۆمان دەزانین لە ناو كوردستان، من خانوو دروست دەكەم، دەچمە پێش سێ، چوار خانوو لە دەوروبەری خۆم سەیر دەكەم چۆن چۆنی جوانە، چۆن چۆنی شتێكی تێدایە بۆ خۆم دەینم لە سەر خانووی خۆم دایدەمەزرێنم، یان خەریتەیەك وەكو كاك نەژاد باسی كرد خەریتە لە یەكتر وەردەگرین خانوو بۆ خۆمان درووست دەكەین، ئەوە ئێستا لە ئێمە قەدەغە بكرێ، چۆن چۆنی دەكرێ، ئەوە دەبێ هەر نەمێنێ ئەو بڕگەیە، بەڕاستی ئەو زۆر خراپە بۆ ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن ئەگەر بێ موافەقە بێ حەقت نیە، بەڵكو من پێم خۆش نیە، من خانووەك بۆ خۆم دروست دەكەم پێم خۆش نیە تۆ وەكو خانووەكەی من دروست بكەی، یان موهەندیسەكەت پێی خۆش نیە، ئەوە حەقی خۆیەتی ئەوە، بەبێ موافەقە، یان بەبێ ڕەزامەندی كەس حەقی نیە لە كەس وەرگرێ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناڵێم بەبێ روخسەتی ئەو یەعنی من برادەرێكم هەیە دەستی من دەگرێ دەڵێ وەرە سەیری خانووەكەم بكە بۆ خۆت وەكو ئەمە بكە جوانە و وایە و وایە، بەڵام ئێستا ئەگەر ئەوە بووە یاسا، قەبوڵ ناكات دەڵێ چۆن ئەوەی كردووە؟ ئەوە خەریتەی من بوو، تۆ لەوێ بردووتە، لە كوێ هێنایتە؟ بەیانی ئیشكال دروست دەبێ لە سەری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا تەوەجوهات كە هەیە بۆ ئەوەی تەسامیمی میعماری بەتایبەتی ئەو بینا گەورە بەرزانەی كە باسی لێوە دەكەین، شەریكات دەیكات، ئەو شەریكەیە شەخسیەتێكی مەعنەوی هەیە،لە كاتی نەسخ كردنی ئەو تەسمیمەی كە كردیتی حەقی خۆیەتی داوای تەعویزی ماددی و مەعنەوی بكات لە نەسخ كردنی پڕۆژەكەی، یەعنی نە ئتلاف دەكرێ بیناكە نە هیچ شتێك، حەقی خۆیەتی ئێمە ئەو حەقە پێویستە لێرە تەسبیتی كەین، چونكە ئەوە ڕەنجە، تەسمیمە، ئیبداعی كەسێكە كە خستووتیە ناو ئەو بینایەوە، یەكێكی تر لە ناو كتێبدایە ئەو لە ناو بینادایە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی شتەکە زۆر وازح تر بێ، ئێمە گوتمان هەر موسەنەفێك بە شکلێکی غەیر شەرعی یەکێك بڵاوی بکاتەوە، دەکرێ مەحکەمە بڕیار بدا، گرنگیەکە لێرەیە، یان حیجزی بخاتە سەری، یان ئیتلافی بکات، یان موسادەرەی بکات، ئەم سێ شتانە بۆ مەبانی یەکێك بە شکلێکی غەیر شەرعی تەسمیمێکی تەنفیزکردیە بۆتە بینایە، تۆ ناتوانی حیجز بخەیتە سەر بینایەکە، ناتوانی ئیتلافی بکەی مەعالیمەکان لای ببەی، ناتوانی موسادەرەی بکەی، قەسدەکە لێرە ئەوەیە بەحوجەتی ئەوەی کە تۆ دەتەوێت مافەکانی موهەندیسەکە بپارێزی بێی حیجز بخەیە سەری، بێی موسادەرەی بکەی، بێی ئیتلافی بکەی، گوتمان ئەوە ناکرێ، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە تەعویز نەکرێتەوە نووسراوە یەعنی گرنگ ئەوەیە جیاکردنەوەی موسەنەفاتی میعماری لە موسنەفاتەکانی تردا کە ناکرێ حیجزی بخرێتە سەری، ناکرێ موسادەرەی بکەی، ناکرێ ئیتلاف بکرێ، ئەوەیە یەعنی بەپێچەوانەی شتەکانی دیکە، ئەوە بوو مەوزوعەکە، شتێکی تر نیە، بۆ ئەوەی تێکەڵاویەك دروست نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، کاك نەژاد زۆر موناقەشە کرا برام، فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیارم هەبوو لە لیژنە، ئایا ئەو مەوزوعە موسەغەڕات دەگرێتەوە؟ یەعنی مەسەلەن موسەغەری قەلاَتێ دەکەن، دەفرۆشنەوە، یان موسەغەری منارەی، یەعنی یەك لە مەعالمێکی ئەسەری یان هەر شتێکە، ئایا ئەوەی دەگرێتەوە یان نا؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو مولاحەزەتانە بەم شێوەی خوارەوەی لێ دێت:

المادة التاسعة والثلاثون:

اولا: للمحكمة بناء على طلب المؤلف او خلفه ان تحكم باتلاف نسخ المصنف او الصور الماخوذة عنه والتي نشرت بصورة غير مشروعة.

ثانيا: لا يجوز الحكم باتلاف نسخ اي مصنف او الصور الماخوذة عنه او تغيير معالمها اذا كان النزاع يتعلق بترجمة مصنف الى اللغة الكوردية، اذ يجب اقتصار الحكم في هذه الحالة على حجز المصنف الاصلي او نسخه او الصورة الماخوذة منه حسب مقتضى الحال.

**ثالثا: للمحكمة أن تحكم بمصادرة نسخ المصنف او الصور الماخوذة عنه والمواد التي استعملت في اخراجها وبيعها وذلك في حدود ما يفي منها بتعويض المؤلف عن الضرر الذي اصابه**

**رابعا: لا يجوز ان تكون المباني وما يظهر فيها او عليها من نحت ورسوم و زخارف واشكال هندسية محل حجز. كما لا يجوز الحكم باتلافها او تغيير معالمها او مصادرتها بقصد المحافظة على حقوق المؤلف المعماري الذي استعملت تصاميمه للبناء ورسومه فيه بصورة غير مشروعة، على ان لا يخل ذلك بحقوقه في التعويض.**

**سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ سێ كەس لەگەڵ دا نيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.**

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الاربعون:**

**يجوز للمحكمة الحكم، متى كان ذلك ممكنا، باعادة الحال في اي مصنف تعرضت حقوق المؤلف فيه للتعدي، الى ما كانت عليه بما في ذلك اجراء اي تعديل او حذف اجزاء منه لتحقيق تلك الغاية.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك ئاسۆ.**

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی چلەم:**

**دادگە بۆی هەيە، هەر وەختێك بە شياوی بزانێ، ئەو كارەی كە مافەكانی دانەری تێدا دەستدرێژی كراوەتە سەر، وەكو خۆی لێ بكاتەوە، بە هەموار و دەسكاری و سڕينەوەی هەر بەشێكی كارەكەشەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عەونی.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنيارمان بە نووسراو بۆ هاتووە، دەڵێن ئەو ماددە ئيلغا بكرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕاستیدا ئەم ماددەیە بۆ دانراوە، ئەو ماددەیە، من نموونەیەك دەهێنمەوە دەکرێ دواتر لای ببەن یان نا؟ بە دەست پەرلەمانتارانە، لە نێوان موئەلیف و ناشر ئیلتیزامات هەیە، کە ناشر بەو شێوەیەی کە ئیتیفاق کراوە لە عەقد کتێبەکەی با بڵێین بۆ بڵاوبکاتەوە، لە کاتی خۆیدا ئەوەی نەکرد، یان حەزفی هەندێ شتی کردبوو یان دەستکاری کردبوو، لێرەدا ئەگەر مومکین بوو شتەکە وەکو خۆی لێ بکرێت، یەعنی موسەنەفەکە وەکو چۆن هاتووە ئاوا بڵێ مەحکەمە بۆی هەیە بڕیار بدا بە ناشر بڵێ دەبێ وەکو خۆی بڵاوی بکەیەوە، بەبێ حەزف، بەبێ شت، بەبێ دەستکاریکردن وەکو چۆن لە ناو موسەنەفەکەدا هاتووە، مەبەست ئەوەیە دەکرێ مومکینە، بەڵێ موکینە بۆمومکین نیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێك هەیە دەیانەوێ ئەو ماددەیە لەغوو بکرێ، تێبینیت هەیە سۆزان خان، ڕەئیەك هەیە ئەو ماددەیە لەغوو بکرێ، کێ لەگەڵ دایە ئەو ماددەیە لەغوو بکرێ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ سێ کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ فەرموو کێ دەیەوێ قسەی لە سەر بکا، ناوەکانتان بنووسم ( سۆزان شهاب، تارا اسعدی، جلال علی، د. احمد وەرتی)ئەم بەڕێزانە ناویان نوسراوە. سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

جارێکی دیکە دێنەوە سەر ئەوەی کە عەقد (شركة المتعاقدين)، کاتێك کە نووسەرێك عەقدێك دەکا لەگەڵ داری نەشرێك بۆ ئەوەی بەرهەمێکی بۆ چاپکەن، بەهیچ جۆرێك ئەو داری نەشرە مافی دەستکاریکردنی ئەو نوسراوەی ئەو نووسەرەی نیە، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەمە زۆر نەرم و نیانە ئەم ماددەیە، چونکە کە عەقد کرا لە نێوان من و دەزگایەکی نەشر، ئەوان بۆیان نیە، بڵێین ئەم لادەبەین و ئەمە دەهێنینەوە، ئەمە تەنها مافی منە، (يجوز)ەکە لە پێشەوە لاببرێ، (للمحكمة الحكم، باعادة) ئەو (متى كان ذلك ممكنا) دەبێ لاببرێ، چونکە ئێستا من شەرحی دەکەم بۆچی(متى كان ذلك ممكنا)، هەتا ئاخیر مەرحەلەی کە پێش ئەوەی نەشر بکرێ، دەبێ لەگەڵ ئەو موئەلیفەدا بەردەوام داری نەشرەکە لە سەر ئەساسی عەقدەکە ئاگەداری بکاتەوە بەبێ ئاگادارکردنەوەی، ئەو چۆن دەکرێ بێ کۆمەڵێك گۆڕانکاری و حەزفی تێدا بکرێ، ئەی یەعنی چی؟ (متى كان ذلك ممكنا) بەڵێ، داری نەشرەکە دەبێ ئەو زەرەرە بژمێرێ، حەقی ئەوەی دەستکاری ئەو موسەنەفەی کردووە و بە ئارەزوی خۆی گۆڕانکاری تێدا کردووە و عەرزی کردووە بۆ جمهور بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ موئەلیف کە من ئەو شتانەم تێدا کردووە، بۆ (متى كان ذلك ممكنا) بەڵێ، کۆی دەکەنەوە لە بازار، و جارێکی دیکە بەو شێوەیە تەبع بکرێتەوە کە موئەلیف خۆی پێشکەشی کردووە، هیچ کەسێك حەقی ئەوەی نیە، ئیبداعی ئەوەی تر دەستکاری بکا، بۆ

**ئەو حەقە بدەین بە دووری نەشر، یەعنی من دەمەوێ تێبگەم داری نەشر وەکو نموونەیەك من دەیهێنمەوە، داری نەشر، بۆ ئەم حەقەی ئێمە بدەینێ ئێستا بەم ماددەیە ئێمە حەقیان دەدەینێ،(متی کان ذلك ممکنا)مەحکەمە، والله زەرەری لێکەوتووە و گوناحە و تەبعی کردووە، یالله دەی گوێی مەدەرێ لە تەبعەی داهاتوودا چاك دەکرێ، ئەوە نابێ بکرێ بەڕاستی، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ بەم یاسایە ماڧی دانەر بەتەواوتی بپارێزین، نابێ حەق بدەین بە هیچ داری نەشرێك یان لایەنێك حەزڧ لێوە بکات و بیگۆڕی بەبێ ئاگاداری ئەو، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو تارا خان.**

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**منیش لێرەدا تەماشای دەکەم کە ئەسڵەن (یجوز) ماددەکە خۆی تەعەدیە، واتا تەعەدا کراوە، لە هەر شتێ کە ئەو موئەلیفە کردوویەتی، ئیتر لە نووسین بێ، لە هەر موسەنەفێك بێت یەعنی ئێمە بەڕاستی ئەم پێشاندانەی وەکو هاوکاریشم فەرمووی، پێشاندانی نەوعە نەرمییەك تەشجیع کردنە بۆ تەعەدی کردن، یەعنی واتا من ئەگەر دزینێکم کرد، بەداخەوە من ئەوە خۆم بە سەرم هاتووە، جارێك لە ئەتروحەکەم یەکێك دانیشتووە شتی من باس دەکا، من ئەو حقووقە نەم دەزانی چۆن لێی وەرگرمەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە خۆم باسم کرد، وتم بەڕێز فلان لە ئەتروحەی من لە فلان سەفحە ئەو شتەی وەرگرتووە، بەبێ ئاماژەکردن لەو شتەی کە لە منی بردووە، لە ئەتروحەکەی من بۆ نموونە، ئەم تەعدا کردنە لە هەر نەوعێك بێ، لە هەر جۆرێك بێ، بۆ مەحکەمە حاڵەتێکە قەیناکە بۆ میانڕەوییەك لە نێوانیان دانیشێ، چۆن تەعویزی بکا، چۆن وای لێ بکا ئەو تەعدیە حەل بکا، نەك پێی بڵێ والله وەرە چاکی بکەرەوە من تەعەدیەکەم بیر دەچێ، بەعەکسەوە من پێم باشە ماددەی (40) لەگەڵ ماددەی (41) چونکە (41) تەعویزە بۆ تەعەدیەکە بکرێتە یەك بە دوو بڕگە؟ حاڵەتی تەعەدی چییە؟ جۆری تەعەدیەکە، تەعویزەکەشی بە چ شێوەیەکە؟ لە ماددەی (41) تەواو کرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك جلال.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**والله من وا تێ دەگەم بۆیە داوای لابردنی ئیلغای کرا، چونکە ماددەکە دەڵێ (یجوزللمحکمە) دوو: (متی کان ذلك ممکنا) ئیحتیماله قەد نەیە، من ڕەئیم وایە بکرێتە ( للمحکمة الحکم في الضرف المناسب او في الظرف الموئاتي) ئەوە ماددەکە جددی تر دەکات، ئەگینا بەم شێوە جددیەتی تێدا نیە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (40) وەکو سۆزان خانیش باسی کرد، بەڕاستی لێرە خۆی مافی خاوەن مافەکە لەبەر چاو دەبێ بگیرێ، کەوا بوو لێرە بە ڕای من حوکم دانی مەحکەمە پێویستە ( بناء علی طلب صاحب الحق) بێ، یەعنی هەر وەختێك خاوەن مافەکە داوای کرد مەحکەمە، ئەگەر نا تۆ بەو شێوە مەتاتیە (یجوز للمحكمة الحكم، متى كان ذلك ممكنا) یەعنی ئەمە زۆر بە مەفتوحی هێشتوویەتیەوە، بۆیە من پێم باشە (یجوز)ەکەش هەر نەمێنێ، (للمحكمة الحكم بناء على طلب صاحب الحق)، (متى كان ذلك ممكنا) نەمێنێ (للمحكمة الحكم بناء على طلب صاحب الحق إعادة الحال إلى أخره)، چونکە لێرەدا باس لە حەزف و تەعدیلیش دەکا، ئەو بەرهەمە مەحکەمە مافی ئەوەی هەیە حەزف و تەعدیلی تێدا بکا، چۆن بەبێ خاوەن مافەکە مەحکەمە دەتوانێ ئەوە بکا، لەبەر ئەوە عەقدێك هەیە لە بەینی هەردوولا بۆ نموونە خاوەن مافێك کە کتێبێك نەشر دەکا عەقدێك هەیە لە دار نەشرەکە لە دەزگای بڵاوکردنەوە، بەپێی ئەو عەقدە مەحکەمە بڕیار دەدا، بەڵام (بناء على طلب صاحب الحق)، و لەگەڵ ئەوەشدا قەرەبووکردنەوەیەکی عادیلانەشی بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کە دەست درێژی دەکرێتە سەر مافی دانەر باس لە مەسئوولیەتی مەدەنیە، یەکێك لە شتەکان (إعاده الحال الى ما كان قبل) پێش دەستکاری هەبێ، پێش تەعدیەکە بێ، ئەمە شتێکی قانونیە ئایا دەکرێ شتێك بگەڕێندرێتەوە، هەموو موسەنەفەکانی ناکرێ (إعادة الحال إلى ما كان اليه سابقاً)، (ان كان ذلك ممكناً)، ڕەنگە هەندێکیان بکرێ، هەندێکیان نەکرێ، لەبەر ئەوەیە (ان كان ذلك ممكناً)، ئینجا لە کوێ دادەنرێ،(ان كان ذلك ممكناً)، ڕەنگە ئەمە لە تەسمیمی شتێکی هەندەسی دا نەکرێ، چۆن، چ دەکرێ؟ بیناکەی لێ تێك دەدەی، بڵێی نابێ (إعادة الحال إلى ما كان اليه سابقاً)، تەسمیمەکەی جارێ ئاوای کردووە، دەستکاری کردووە، بەڵام بۆ کتێبێك دەکرێ، بەڵێ پێی دووبارە بکەنەوە، کە حەزفی کردووە، وەکو خۆی چۆن هەیە، بکرێ، بۆیە لەبەر ئەوە بوو، (ان كان ذلك ممكناً)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە پێویستە سیغەكەی بگۆڕێ بە سیغەیەكی یاسایی زیاتر، چونكە مەحكەمە نابێ (یجوزللمحكمة) مەحكەمە خۆی خاوەنی قەرارە، مەحكەمە قەرار دەردەكا سەلبەن، ئیجابەن، یان حوكم دەردەكا یان دەری ناكا؟ مەحكەمە ویلایەی هەیە، بەلاّم بەنیسبەت گەڕانەوەی حالّەكە بۆ پێشتر ئەگەر بەگوێرەی قاعیدە قانونیەكە بكەین (إعادة الحال إلى ما كان علیه قبل العقد سابقا) دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم سیاغەیەی دابەزێنین، چونكە لێرە لە ئەسلی ماددەكە باس لە (تعرضت حقوق المؤلف للتعدی) ئەگەر حقوقی موئەلیف تەعەدای لێ كرابێ ئێمە لە ماددەكانی پێشووتر عقوبەمان بۆ داناوە، وتمان ئەگەر بە تەریقەی غەیرە مەشروع ئەمانەیان بردبێ، ئەوە عقوبەی خۆی وەردەگرێ، بەلاّم لێرە ئیعادەی حالّ داوا دەكا، ئیعادەی حال لێرە پێویستە، چونكە (إعادة الحال إلى ما كان علیه قبل العقد سابقا) بەم شێوەیەی لێ دێ، (للمحكمة الحكم بإعادة الحال في اية مصنف تعرضت للتعدیل او حذف أجزاء منه لتحقیق تلك الغایة)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو د. احمد.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**لێرەدا لە ماددەكە نەنووسراوە (إذا ما كان ممكناً)، وتویەتی (متى كان ممكناً)، (متى) زۆر جیاوازە لەگەلّ (إذا)، تۆ نابێ لێرەوە لە جیاتی مەحكەمە بڕیار بدەی بلّێی ئەگەر مومكین بوو، مەحكەمە تەبعەن تەماشای دەعواكە دەكا، بەلاّم بەڕاستی ئەگەر لەسەر داوای خاوەن مافەكە نەبێ، پێم وایە ڕەنگە ئەو بڕیاردانەی مەحكەمە، ڕەنگە ئیجحافیش بێ بە حەقی خاوەن حەقەكە،**

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من تەئیدی كاك عمر دەكەم لەوەی، تا ڕادەیەكیش تەئیدی كاك ئاسۆ دەكەم، چونكە با ئەو جارە تەئیدی بكەم قەیدی ناكا، لەو مەوزوعەی، چونكە حالّەتی وا ڕووی داوە لەو زووانە لەو چەند مانگەی پێشترێ كتێبێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپكرابوو، تەبعەن من لە سایتەكان و لە ڕۆژنامەكان خوێندمەوە، ئەوەی كە كاك ئاسۆ دەلّێ تەغیری مەعالیمی كرابوو، شیعر بوو كرا بووە ڕیوایە لە بەرگەكەی، ناوی دانەرەكەی جوان نیە بیهێنین، بلاّوی كردبۆوە، ئەوانەی كە موتابەعەی سایت و ڕۆژنامەكان دەكەن دەزانن هی كێیە، تەبعەن هەموو غەلەتی مەتبەعی و ئەوانەیە، وابزانم دەعوای قەید كرد، كە دەبێ ئەوە ئیتلاف بكرێ،**

جارێکی تر تەبع بکرێتەوە وەکو خۆی دەیەوێتن، یەعنی حاڵەتی وا ڕووی دایە، هەر بۆ ئاگاداری جەنابتان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەو تەناقوزانە لەگەڵ ماددەکانی تر ڕوو نەدات، و بتوانرێ سیغەکەی قانونی بێ، چونکە(متى كان ذلك ممكناً)، ئەوانە مەتاتین، بەنیسبەت قانون، ئێمە وامان پێ باشە بکرێ (للمحكمة الحكم بإعادة الحال في اية مصنف تعرض للتعديل او حذف أجزاء منه لتحقيق تلك الغاية)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ دوو کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية والاربعون:

اولا: لكل من وقع التعدي على اي من الحقوق المقررة له على مصنفه بموجب احكام هذا القانون، الحق في الحصول على تعويض عادل عن ذلك، على أن يراعى في تقديره مكانة المؤلف او صاحب المصنف الثقافية وقيمة المصنف الادبية او العلمية او الفنية ومدى استفادة المتعدي من استغلال المصنف، ويعد التعويض المحكوم به للمؤلف في هذه الحالة دينا ممتازا على صافي ثمن بيع الاشياء التي استخدمت في التعدي على حقه وعلى المبالغ المحجوزة في الدعوى.

ثانيا: للمحكمة بناء على طلب المحكوم له، أن تقرر نشر الحكم الذي تصدره بموجب هذا القانون في صحيفة يومية او اسبوعية واحدة او اكثر على نفقة المحكوم عليه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

بەکوردیەکەی.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چل و یەکەم:

یەکەم: هەر کەسێ بەگوێرەی ئەم یاسایە، دەستدرێژیی کرابێتە سەر یەکێ لە مافە بریارلێدراوەکانی سەر کارەکەی، ئەوا مافی وەدستهێنانی قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانەی دەکەوێ، بەمەرجێ شوێن و پلەو پایەی کلتووریی دانەر، یان خاوەن ماف و نرخ و بەهای کارە ئەدەبی، یان زانستی، یان هونەرییەکەی و

ڕادەی کەڵکوەرگرتنی کابرای دەستدرێژکار لە وەبەرهێنانی کارەکە لەبەرچاو بگیرێن. لەم بارەشدا ئەو قەرەبووکردنەوەیەی دانەر کە حوکمی پێ دەرچووە، وەکو قەرزێکی جیاوك (ممتاز) لە پوختەی نرخی فرۆتنی ئەو شتانەی لە دەستدرێژیی بۆ سەر مافی دانەر بەکارهێنراون و لەو گوژمە پارانەی لە داواکارییەکەدا گلدراونەتەوە، هەڵدەگیرێتەوە.

دووەم: دادگە لەسەر داخوازی ئەو کەسەی حوکمی بۆ دراوە، بۆی هەیە بریاری بڵاوکردنەوەی ئەو حوکمە بدات کە بەپێی ئەم قانوونە دادگا دەریکردووە لە رۆژنامەیەك یان حەفتەنامەیەك یان زێتر لەسەر خەرجیی بریار بەسەردا دراوەو،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ سێ کەس (کاك قادر، کاك جلال، د. ڕۆژان) فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە گەیشتینە ماددەی قەرەبووکردنەوەکە بەتەمابووین لە ماددەکاندا باس لە سزا بکەین، سزا بۆ ئەو حاڵەتە دابنرێ کە ئەگەر ئیداع نەکرا، لەبەر ئەوە ئێمە لە مادده (34) دەنگمان بۆ دا کەوا ئیلتیزامە، سەبارەت بە مادده (41) تێبینیم لە سەر بڕگەی یەکەم هەیە، ئەوەی باس لە (یراعی في تقدیر مکان المؤلف) ئەوە پێویست ناکات لە دەقی یاسا هەبێ، کە باس لەوە دەکەی مەحکەمە قەرەبووکردنەوەکە، کە بڕی قەرەبووکردنەوەکە دادەنێ ئەو مەعیارانە و ئەو پێوەرانە هەمووی لە بەرچاو دەگرین، هەتا وشەی (تعویض، عادل، مناسب) پێویست ناکات، تەعویزی مەحکەمە (الاصل) عادلە، و ڕەچاوی ئەو بارودۆخەی کردیە، کە بڕە پارەی قەرەبووکردنەوەکەی دیاری کردیە، بۆیە لە پاش تەعویز کۆتایی بە ڕستەکە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وەڵلاهی بەتەسەوری من یاسا دەبێ وشەکانی زۆردەقیق بێ، زۆر وازیح بێ، چونکە بەم یاسایە هەر یاسایەك لە مەجالی خۆیدا حوکم دەدا خەڵکی پێ موحاسەبە دەکرێ، بۆیە لێرە دەڵێ هونەریەکەی ڕادەی کەڵك وەرگرتنی کابرای دەست درێژ کار، ئەی ئەگەر خۆشی دەست درێژکار بوو، بۆیە دەبێ لێرە کەلیمەیەکی وا بنووسرێ کە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بگەڕێتەوە ئەمەش لە جیاتی کابرا کەس دادەنرێ، کەسی دەست درێژکار، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وەڵڵا من پرسیارەکەم لەگەڵ لیژنەی یاسایی دایە، ئەگەر گوێ مان لێ بگرن، من لە مەحکەمە و حوکم دا دەپرسم، چ مەحکەمەو قەراری مەحکەمە لە جەریدە بڵاو دەبێتەوە، یەعنی بەڕاستی هەندێ ئەسراڕ هەیە، هەندێ شت هەیە مەحکەمە ئیحتیفازی پێوە دەکا هەتا بە سەقەتی نەڕوا، ئەمە یەك، دوو: ئەگەر ئەوەش بکرێ دابنرێ خۆمان دەزانین کە قەراری مەحکەمە دەردەچێ تەمیز هەیە، دەبێ بڵێی دوای نەفازی مودەی قانونی، یان شتێکی بۆ دابنێی ئەمە خەتەرە، تەشهیری تێدەکەوێ، شتی خراپی تێدەکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرە دووی ئەم ماددەیەوە کە دەڵێ بۆ مەحکەمە هەیە بینا لە سەر داواکاری حوکم پێدراو قەراری حوکمەکە ئیعلان بکا لە جەریدە، لە سەر حیسابی ئەوەی کە حوکمی بە سەردا دراوە، ئەمە خۆی لە خۆی دا موخالەفەی یاسایە، چونکە قەراراتی مەحکوم ئەوەی کە حوکمیش دەدرێ بڵێین (محکوم علیە)، ئەویش حقوقی تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێ قەراری حوکمەکەی تەشهیری پێوە بکرێت، ئەمە یەك، دوو: نەفەقاتی نەشر ئەمە کە حوکمی بەسەردا درا چۆن ئەمە بانگ دەکرێ؟ بە چ ئالیەتێك بانگ دەکرێ لەو داری نەشرە لەو جەریدەیە پارەی نەشرەکەی لێ بسێننەوە، ئەمە تەنیا لە حاڵەتێك دایە مەحکەمە لە قەراری غیابی، یان لە هاریبە خۆی لە سەر نەفەقەی مەحکەمە، لە سەر نەفەقەی خۆیان ئیعلانی ئەو قەرارە غیابیە دەکەن، داوا دەکەن فلان کەس حوکمێکی غیابی بە سەردا دەرچووە بگەڕێتەوە بۆ مەحکەمە، لەبەر ئەوە ئەم فەقەرەیە لێرە زیادە، پێویستە هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەکە لە پرۆژەکە چۆن هاتووە، هەر بەو شێوەیە دەمینێتەوە، ئێستا دووبارە دەیخوێنمەوە،

المادة الحادية والاربعون:

اولا: لكل من وقع التعدي على اي من الحقوق المقررة له على مصنفه بموجب احكام هذا القانون، الحق في الحصول على تعويض عادل عن ذلك، على أن يراعى في تقديره مكانة المؤلف او صاحب المصنف الثقافية

وقيمة المصنف الادبية او العلمية او الفنية ومدى استفادة المتعدي من استغلال المصنف، ويعد التعويض المحكوم به للمؤلف في هذه الحالة دينا ممتازا على صافي ثمن بيع الاشياء التي استخدمت في التعدي على حقه وعلى المبالغ المحجوزة في الدعوى.

ثانيا: للمحكمة بناء على طلب المحكوم له، أن تقرر نشر الحكم الذي تصدره بموجب هذا القانون في صحيفة يومية او اسبوعية واحدة او اكثر على نفقة المحكوم عليه.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو سیغەیەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ هەشت كەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لە سەر پێشنیاری بەڕێز د. ڕۆژان ئەم ماددەیە ئیزافە دەكرێ، دوایی تەسەلسولەكەی چا دەكرێ، بە عەرەبی دەیخوێنمەوە (إذا رفض المشمول بالإيداع وفق أحكام هذا القانون تنفيذ إلتزامه فعلى المحكمة الحكم عليه بغرامة لا تزيد على خمسمائه الف دينار)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەس لە كۆتایی ئەگەر ئەوەی زیاد بكەن (والغرامة لا تعفي الناشر من الإيداع) لەبەر ئەوەی مەبەست (الغرامة لا تعفي الناشر من الإيداع) واتا خۆی دەرباز نەكا لە ئیداع كردنەكە و غەرامەكە بدا، غەرامەكە بدا و پابەندی كەین بە ئیداع، لەبەر ئەوەی ئیداع سوودی هەیە، ئەو جیهەتەی كەوا ئیداعی لە لا دەكرێ، مەبەست لێی چییە؟ ئاستی پێشكەوتن، زانستی، هونەری، ئەدەبی لەو وڵاتە بزانین چەندە، بۆیە لە بۆم نووسینە بۆم ناردینە تەنها ئەو وشەیە زیاد بكەن، (الغرامة لا تعفي الملتزم من الإيداع)، غەرامەكە دەدا و مولزەمە بە ئیداع، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا سیاغەكەی بخوێننەوە، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێشنیاركراو بەو شێوەیە:

اولأ: إذا رفض المشمول بالإيداع وفق أحكام هذا القانون تنفيذ التزامه فعلى المحكمة الحكم عليه بغرامة لا تزيد على خمسمائة الف دينار.

ثانيا: لا يعفى دافع الغرامة من الإيداع.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە مودەی حيمايە كە دامان نابوو بۆ موسەنەفات، لە ڕاستيدا ئێمە پێمان باشە ماددەيەك ئيزافە بكرێ، يەعنی ئيستدڕاكێكی ئێمەيە بەڕاستی، چونكە لەوێ بە موتڵەق هاتبوو، ڕاستە بۆ موسەنەفاتی فنونی تەتبيقيە (25) ساڵ بۆ شتی ديكە، بەڵام پێمان وايە بۆ موسەنەفاتی فۆتۆغرافی (وما يماثلها) بەڕاستی پێويستە موددەی حيمايە زۆر زۆر كەم بێ، ئەوە لە قوانينی ديكەی وڵاتانی دونيادا ئەو مەوزوعە موڕاعات كراوە، بۆيە پێشنيار دەكەين ئێمە لە ليژنە بەم شكلە ماددەيەك ئيزافە بكرێ، دواتريش لە تەسەلسولی ماددەكان جێگەی بكرێتەوە، بەم شكڵە بێ (تكون مدة الحماية للمصنفات الفوتوغرافية وما يماثلها (15) سنة من تأريخ نشرها او إتاحتها للجمهور)، دوا سياغە بەم شكلەيە (تكون مدة الحماية للمصنفات الفوتوغرافية وما يماثلها (15) سنة من تأريخ نشرها او إتاحتها للجمهور)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر. ئەحكامی خيتامی.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الحادي عشر**

**احكام ختامية**

المادة الثانية والاربعون:

على الوزير استحداث قسم خاص بحماية حق المؤلف.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبينی هەيە لە سەر ئەو ماددەيە؟ دوو كەس، فەرموو كاك خورشيد.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێینە ماددەی (42) و (43) دەڵێت (للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون) پێویست ناکات هی یەکەم هەبێ، لە تەعلیمات وەزیر دەسەڵاتی هەیە ئیستحداسی قسم بکات، پێویست ناکات، ئەمە دووبارەیە، هەر ماددەی (43) تەواوەو کافیە، پێویستی بە هی یەکەم ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە، چونکە لە قانونی وەزارەتەکان بۆ وەزیر هەیە ئیستحداسی ئەقسام وجوزئ و مودیریات و شتی وا بکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئیلغا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ کەس پێشنیاری کردووە، ئەم ماددەیە لەغو بکرێ، کێ لەگەڵ دایە نەمێنێ دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دایە بمێنێ؟ دوو کەس لەگەڵ دایە بمێنێ، لەغو کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والاربعون:

للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە وا باشترە بێ، (على الوزير اصدار التعليمات اللازمة ما يراه مناسباً لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون) (على الوزير) نەك (للوزير)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(ما يراه مناسباً) ئەدی قانونەکە جێبەجێ نەکا، وەزیر دەبێ قانونەکە جێبەجێ بکات، بەخۆتان (ما يراه مناسباً) چۆن دەبێ ئەوە؟ فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر سیاغەکە بۆ ماددەکە بەو شێوەیە (على الوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والاربعون:

ايقاف العمل بقانون حماية حق المؤلف العراقي رقم 3 لسنة 1971 وتعديلاته في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك نەژاد فەرموو،

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو مادەیەش دوو شتی جیاوازن بە حەقیقەت، بەڵام ئەوە بەڕەئی من بکرێتە، نازانم قانونیەکان باشتر دەزانن (بصدور هذا القانون يوقف العمل بقانون حماية حق المؤلف العراقي رقم 3 لسنة 1971 وتعديلاته في الاقليم) کاك عمر گوێت لێ بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویستە بمێنێ بە ئیقاف، چونکە ئەوە یاسای عێراقیە ئێمە ناتوانین ئیلغای بکەین، بەڵام ئیقافی عەمەلی پێ دەکەین، کاری پێ ناکرێ دوای تەنفیزکردنی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والاربعون:

ايقاف العمل بقانون حماية حق المؤلف العراقي رقم 3 لسنة 1971 وتعديلاته في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والاربعون:

لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا فەرموو بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة والاربعون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا فەرموو بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة والاربعون:

ينفذ هذا القانون بعد ثلاثة اشهر من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كاك عبدلاسلام فەرموو،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم حیكمەت لەو سێ مانگە چی یە؟ یەعنی بۆ سێ مانگە؟ ئەگەر مەبەست لەوە تەحزیرات و شتی وا بێت، جیاوازە لە بەینی (ینفذ) یان (یعمل بأحكام هذا القانون)، دەبێ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەگەر دەرچوو دەست پێ بكەن بە هەنگاوەكان ئەگەر هەندێ شت هەبێ من تێناگەم بۆ ئەو سێ مانگە ئەگەر بەسەبەبێك بێ، ئەو سەبەبە دەتوانن لە ڕۆژی دەرچوونی یاسا دەست پێ بكەن تاكو كامل ببێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بەو شكلەی كە سێ مانگ دانراوە بۆ ئەوەی مەبەست ئەوەیە عقوباتی تێدایە، عقوباتیش خەڵك ئیتلاعی لە سەر بكا، پاش ئەوەی كە بڵاو دەبێتەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایع كوردستان) ڕەسمی خەڵك مەعلوماتی لێ دەبێ، ئاگای لێ دەبێ كە قانونێكی تایبەت لە هەرێمی كوردستان دەرچوو بۆ ئەو مەوزوعەی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی كاك عەونی تەواوە، بەڵام پێویستە سێ مانگ بكرێ بە (90) ڕۆژ، چونكە مانگەكان لە ڕۆژدا فەرق دەكا، بڵێین (90)ڕۆژ وەك خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا سیاغە بخوێننەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة والاربعون:

دوایی تەسەلسولەكان دەگۆڕێ،

ینفذ هذا القانون بعد (90) یوماً من تأریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەندكرا فەرموو بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

بغية تشجيع الحركة الفكرية والفنية والادبية في اقليم كوردستان ـ العراق وفسح المجال امام المؤلفين في الابداع والابتكار من خلال وجود قانون ينظم أعمالهم ويحمي حقوقهم من أي تعد أو تجاوز عليها من قبل الغير، بحيث يتناسب ذلك مع التطورات الحاصلة في هذا المجال ومع روح العصر، وتقديرا لابداعات كتاب فناني كوردستان ودورهم الأيجابي في التنمية الشاملة للاقليم، ولغرض تطوير العلاقات الثقافية مع شعوب العالم سيما المجاورة منها من خلال حماية حقوق المؤلفين الاجانب، لكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لە سەر ئەسباب موجیبە؟ دوو کەس کاك نەژاد و کاك عبدالسلام، فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەبێ ئێمە چونکە قانونێکی نافز هەبووە، قانونیەکان باشتر دەزانن، دەبێ ئێمە لە ئەسبابی موجیبە ئیشارەت بەو قانونە بدەین، یەعنی ئەوە یەك، دوو: ئێمە باسمان کرد لە ماددەی دووەم بوو، وا بزانم (الاهداف) وتمان(لاهداف) ئێستا تەقریبەن لەگەڵ ئەسباب موجیبە هیچ فەرقەکی جەوهەری نیە، بەڕاستی یەعنی ئەوەش ئەگەر عیلاجەکتان لێ کردبایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا تێبینیم گەڕانەوە بۆ مولاحەزەیەکی مەسەلەیەك لە ماددەکانی ئێستا لێرە دەڵێت بۆ ئەوەی پەیوەندی کولتوری باش بکەین لەگەڵ دەوروبەرو دونیا لە ڕێگای حیمایەی موسەنەفەکانیان، من گفتوگۆیەکم کرد ئەو کاتە کە ماف درابوو لێرە پاش ساڵێك بەبێ ئیزن وەرگرتن لەدانەر ئێمە دەست پێ بکەین شتەکانیان وەرگێڕین بۆ زمانی کوردی ئەوە تەناقوزە لە یاسا تۆ ڕێگات داوە بێی بگەڕێی ئەوان لێرە شتەکانیان وەربگێڕێتە سەر کوردی، کەچی لێرە دەڵێی بۆ ئەوەی پەیوەندیە کولتوریەکان پتەو بکەین لە ڕێگای پاراستنی بەرهەمەکانیان، من ئەو مولاحەزەیەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان، دوا سیاغەتان،

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیەکمان نیە لە سەر ئەسباب موجیبەکە کە بەو شێوەیە خوێندراوە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەیەی کە پێشتر خوێندراوە ئەسبابی موجیبە لەگەڵ سەرجەم قانونەکە، کاک عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم ناونیشانی یاساکە یەکلایی نەکراوە، پێش ئەوەی دەنگدان لە سەری بکرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وەختی خۆشی لە دوو، سێ موناقەشەی مەجموعەی قەوانین وتمان ئەسڵەن هەندێ قەوانین شەرت نیە هەر ناویشیان هەبێ، موهیم ناوەڕۆکی قانونەکانە، لیژنەی یاسایی ئێوە ڕەئیتان چییە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەردی قسەکانمان لە موناقەشات لە سەر ماددەکانی قانون عینوانەکە بەو شکلەی تەسبیت بوو، (قانون حق المؤلف والحقوق المجاور في إقليم كوردستان ـ العراق)،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسباب موجیبەو قانونەکە بە تێکڕا کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، دەست خۆشیتان لێ دەکەین، پیرۆزبایی لە هەموو ئەو برادەرانە و خوشکە موبدیعانە دەکەین، کە داهێنانیان هەیە لە کوردستان چ لە بواری ئەدەبی، سیاسی، هەندەسی، هونەری ئومێد دەکەین ئەم قانونە جێبەجێ بکرێ هیچ کەسێ مافی نەخوری و هەر کەسێك پێشێلی مافەکان بکات بەپێی دادگا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ، زۆر سوپاس تا بەیانی سەعات (11) بە خواتان دەسپێرین هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31)**

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2012\12\18

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/12/18

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/12/18 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (31)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (31)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/12/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1- پەسەند کردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 31، ڕۆژی دانیشتن 2012/12/18، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگەی یەکی ماددە 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە

31 ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کات 11 پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێشەممە لە ڕێکەوتی 2012/12/18، بەم شێوەیە بێت

پەسەند کردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011،

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین، فەرموو بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، جەنابی وەزیری دارایی ئەگەر تێبینیەك یان ڕوون کردنەوەیەك لەسەر راپۆرتەکەی حیساباتی خیتامی ساڵی 2011، دەتوانی مولاحەزەتەکانی خۆت یان تێبینیەکانی خۆت بڵێی، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەتمان لە ساڵی 2011 دا هەستاوە بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو توانا داراییانەی کە لەبەر دەستی دا بوو، لە هەموو بوارە خزمەتگوزاریەکان کە لە ڕێگای وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە جێبەجێ کراوە، بە گوێرەی توانای وەزارەتەکان لە سنووری ئەو بڕە پارەیەی کە خراوەتە بەردەستیان، لە ڕێگای وەزارەتمانەوە چەند ڕوون کردنەوەیەك لەسەر حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011 دەخەینە بەردەست بەڕێزتان، هەبوونی پارەی سووڕا و لە 2011/1/1 بریتی بوو لە (211550) ملیار دینار بە سالب دەرخستەی ژمارە 1، کۆی بودجەی پەسەند کراوی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە ساڵی 2011، بریتی بوو لە 13 تریلیۆن و 950 ملیار و 670 ملیۆن، لە بەرواری 2011/1/1 تا 2011/12/31 بڕی 1128900 تریلیۆن دینار تەمویل کراوین لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەند، دەرخستەی ژمارە 2، 3- بڕی 205 ملیار دینار بریتیە لە داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2010، لە کۆی بودجەی پەسەند کراومان داشکێنراوە، لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە وەزارەتی دارایی بەغدا، بەڵام لەو بڕە پارەیە تەنها 8 ملیار دینار وەرگیراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011 بریتی بوو لە 1131877، واتە تریلیۆنێك و 131 ملیار و 877 ملیۆن دینار دەرخستەی ژمارە 2، خەرجی بودجەی ئاسایی بریتیە لە 10677649 تریلیۆن ساڵی 2011 دەرخستەی ژمارە 5، جگە لە پێشینەی پاکتاو نەکراوەکان، پێشینەی پاکتاو نەکراوەکان لەسەر بودجەی ئاسایی بریتیە لە 496606 ملیار دینار دەرخستەی ژمارە 4، خەرجی بودجەی وەبەرهێنانەکان بریتیە لە 2325365 تریلیۆن دەرخستەی ژمارە 6، جگە لە پێشینەی پاکتاو نەکراوەکان، بڕی 2تریلیۆن و 571312 دینار تەمویلی پرۆژەکان کراوە، لە تەرخان کراوی 4700 تریلیۆن دینار دەکاتە لە 55٪، ڕێژەی جێبەجێ کراوی دەرخستەی ژمارە 10، پێشینەی پاکتاو نەکراوەکان لەسەر بودجەی وەبەرهێنان پرۆژەکان بریتیە لە 81546 ملیار دینار بە سالب دەرکەوتووە دەرخستەی ژمارە 4، بارمتەی بودجەی ئاسایش بریتیە لە 84474 ملیار دینار دەرخستەی ژمارە 4، بارمتەی بودجەی وەبەرهێنان پرۆژەکان بریتیە لە 65244 ملیار دینار دەرخستەی ژمارە 4، پێدانی پێشینەی نیشتەجێ و خانووبەرەو کشتوکاڵ و پیشەسازی (قروض مدینة) بە بڕی 172153 ملیار دینار

دەرخستەی ژمارە 7، هەبوونی پارەی سووڕاو لە 2011/12/31 بریتیە لە 2031086 دینار بە سالب دەرکەوتووە، ڕوونکردنەوەی خەرجی بەخشین دەرخستەی ژمارە 9، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە 9535 لە 2012/8/26، حیساباتی خیتامی سالی 2011 ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزیش بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ژمارە (ك) 1861، لە بەرواری 2012/9/2 ئەم راپۆرتەی ئاراستەی هەموو لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کردووە، داوای لێ کردووین کە راپۆرتی لەسەر ئامادە بکەین، لیژنەی داراییش کۆنووسی ژمارە 294 لەسەر ئامادە کردووە، کە بە نووسراوی ژمارە 397 لە بەرواری 2012/10/7 ئاراستەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، ئەمەش دەقەکەیەتی :

(پەرلەمانی کوردستان-عیراق، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، کۆنووسی ژمارە 294، ڕێکەوتی 2012/10/2،

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك) 1861، لە 2012/9/2، هاوپێچ لەگەڵ دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە ژمارە 9535، لە 2012/8/26، سەبارەت بە حیساباتی کۆتایی سالی 2011، حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئاراستەی گشت لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کراوە، بە مەبەستی لێ وردبوونەوە و گفتوگۆکردنی بەپێی تایبەتمەندیەتی لیژنەکانی پەرلەمان، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان 294ەمین کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا، لە بەرواری 2012/10/2 بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە و بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان گەیشتنە ئەو خاڵانەی خوارەوە، کە ژمارە و هێڵە گشتیەکانی راپۆرتی حیساباتی کۆتایی سالی 2011ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، یەکەم: راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم، دەربارەی راپۆرتی حیساباتی کۆتایی سالی 2011 ی حکومەتی هەرێم، ئاماژە بەوە دەکات کەوا وەزارەتی ناوبراو، لە سالی 2011 هەستاوە بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی حکومەتی هەرێم، بەپێی ئەو توانا داراییەی کە لەبەردەستیەتی لە هەموو بوارە خزمەتگوزاریەکان، لە ڕێگای وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بە گوێرەی توانای وەزارەتەکان، لە سنووری ئەو بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە،

دووەم: راپۆرتی ناوبراو ئەو زانیارانەی خستووەتە ڕوو:

1- کۆی بودجەی پەسەند کراوی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بۆ سالی 2011 بریتیە لە 13 تریلیۆن و 950 ملیار و 670 ملیۆن دینار،

2- لە بەرواری یەکی 2011 بۆ 2011/12/31 بڕی 11 تریلیۆن و 289 ملیار و 100 ملیۆن دینار تەمویلی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم کراوە، لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەندەوە،
3- لە هەمان کاتدا پارەی سووڕاو لە یەکی 2011 بریتیە لە 221 ملیار و 554 ملیۆن دینار بە (negative) واتە بە کورتهێنان،
4- بڕی 305 ملیار دینار کە بریتیە لە داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بۆ ساڵی 2010 لە کۆی بودجەی پەسەند کراوی ساڵی 2011، داشکێنراوە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، واتە وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەند بەو بڕە پارەیە تەنها بڕی 8 ملیار دینار وەرگیراوەتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، 5- داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011 بریتیە لە 1 تریلیۆن و 131 ملیار و 877 ملیۆن دینار، کە پێکهاتەکەی بەم شێوەیە خوارەوەیە:
أ- باجەکان 559 ملیار و 25 ملیۆن دینار.
ب- پشکەکانی کۆمەڵایەتی (فەرمانبەرو خانەنشین) بریتیە لە 80 ملیار و 516 ملیۆن دینار،
ج- داهاتەکانی تر بریتیە لە 487 ملیار و 48 ملیۆن دینار.
د- فرۆشتنی مەوجودات بریتیە لە 5 ملیار و 488 ملیۆن دینار.
هـ- بەخشین کۆی گشتی بریتیە لە 1 تریلیۆن و 131 ملیار و 877 ملیۆن دینار. سێیەم:
1- خەرجی فیعلی بودجەی ئاسایی بۆ ساڵی 2011 بریتیە لە 10 تریلیۆن و 677 ملیار و 649 ملیۆن دینارەو پێکهاتەکەی بەم شێوەیە:
أ- قەرەبووی فەرمانبەران بریتیە لە 6 تریلیۆن و 983 ملیار و 275 ملیۆن دینار.
ب- شمەك و خزمەتگوزاری و چاك کردنەوە بریتیە لە 2 تریلیۆن و 94 ملیار و 147 ملیۆن دینار تا پار بۆ بریتیە لە 36 ملیارو 991 ملیۆن دینار، بەخشین بریتیە لە 536 ملیار و 962 ملیۆن دینار.
ج- سوودەکانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە 376 ملیار و 390 ملیۆن دینار.
هـ- تێچووەکانی تر بریتیە لە 454 ملیار و 37 ملیۆن دینار.
خ- مەوجوداتی نادارایی بریتیە لە 195 ملیار و 847 ملیۆن دینار، کۆی گشتی بریتیە لە 10 تریلیۆن و 677 ملیار و 649 ملیۆن دینار.
2- پێکهاتەی زیادەڕۆیی بە (negative) کەم ڕەویی بە (positive)، لە بودجەی ئاسایی بەم شێوەیەی خوارەوەیە، بە بەراورد لەگەڵ بودجەی پەسەند کراو لە پەرلەمان،
أ- قەرەبووی فەرمانبەران بریتیە لە 1 تریلیۆن و 24 ملیار و 126 ملیۆن دینار بە (negative) ، شمەك و خزمەتگوزاری و چاك کردنەوە بریتیە لە 582 ملیار و 946 ملیۆن دینار بە (negative).
ب- باربۆ بریتیە لە 108 ملیار و 9 ملیۆن دینار بە positive، بەخشین بریتیە لە 99 ملیار 96 ملیۆن دینار بە positive، سوودەکانی کۆمەڵایەتی بریتیە لە 31 ملیار و 280 ملیۆن دینار بە (negative).
ح- خەرجیەکانی تر بریتیە لە 51 ملیار و 935 ملیۆن دینار بە positive .

خ- مەوجوداتی نادارایی بریتیە لە 47 ملیار و 667 ملیۆن دینار بە (negative)، کۆی گشتی بریتیە لە 1 تریلیۆن و 426 ملیار و 979 ملیۆن دینار بە (negative).

3- خەرجی فیعلی لەسەر پرۆژەکانی ساڵانی 2011 بەپێی حیساباتی کۆتایی، بریتیە لە 2 تریلیۆن و 325 ملیار و 365 ملیۆن دینار، لە بودجەی پەسەند کراوی پەرلەمانی کوردستان، کە بریتیە لە 4 تریلیۆن و 700 ملیار دینار بە ڕێژەی جێبەجێ کردنی لە 49٪.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

4- تەمویلی حکومەتی ناوەند بە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011، بریتیە لە 11 تریلیۆن و 289 ملیار و 100 ملیۆن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- تەمویلی وەزارەتی دارایی عیراق 11 تریلیۆن و 177 ملیار و 480 ملیۆن.

2- وەزارەتی پەروەردە تەخسیس ئیزافی 49 ملیار 86 ملیۆن.

3- وەزارەتی ناوخۆ تەخصیص ئیزافی 360 ملیار 380 ملیۆن.

4- داشکاندنی داهاتی ناوخۆی ساڵی 2010 لە ساڵی 2011 297 ملیار 846 ملیۆن، کۆی گشتی 11 تریلیۆن و 289 ملیار 200 ملیۆن.

5- جووڵەی کاش لە دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 2011/1/1، بۆ 2011/12/31 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- کۆی کاشی هاتوو بریتیە لە:

أ- ڕەسیدی کاش لە 2011/1/1، 2011 ملیار 554 ملیۆن بە سالب

ب- تەمویلی بودجە لە بەغداوە تا 2011/12/31، 11 تریلیۆن و 289 ملیار و 900 ملیۆن.

ت- داهاتی ناوخۆی هەرێم تریلیۆنێك و 131 ملیار 877 ملیۆن.

پ- بارمتەی بودجەی ئاسایی 84 ملیار 474 ملیۆن.

ج- بارمتەی بودجەی پرۆژەکان 65 ملیار و 244 ملیۆن، کۆی کاشی هاتوو 12 تریلیۆن و 359 ملیار 141 ملیۆن.

2- کۆی کاشی خەرج کراو بریتیە لە :

أ- خەرجیەکانی بودجەی ئاسایی 10 تریلیۆن و 677 ملیار و 649 ملیۆن.

ب- خەرجی بودجەی پرۆژەکان 2 تریلیۆن و 325 ملیار و 365 ملیۆن.

ت- پێشینە پاکتاو نەکراوەکان لەسەر بودجەی ئاسایی 496 ملیار و 606 ملیۆن.

پ- پێشینەی پاکتاو نەکراوەکان لەسەر بودجەی پرۆژەکان 81 ملیار و 546 ملیۆن بە سالب.

ج- پێشینەی نیشتەجێ و خانوو بەرەو کشتوکاڵ و پیشەسازی (قروض مدینة) 972 ملیار و 153 ملیۆن.
کۆی کاشی خەرج کراو 14 تریلیۆن و 390 ملیار و 227 ملیۆن.
2- کۆی کاشی خەرج کراو بەم شێوە پارەی سووڕاو بۆ 2012/1/1 بریتیە لە :
أ- کۆی کاشی هاتووی 2011 ، 12 تریلیۆن و 359 ملیار و 141 ملیۆن.
ب- کۆی کاشی خەرج کراو بۆ 2011، 14 تریلیۆن و 390 ملیار و 227 ملیۆن پارەی سووڕاو بۆ 2012/1/1، 2 تریلیۆن و 31 ملیار و 86 ملیۆن و بە سالیب.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو:کاك دلێر

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: پێکهاتە پێشینەکانی خانووبەرەو نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ و پیشەسازی بۆ ساڵی 2011 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- خانووبەرە 819 ملیار و 50 ملیۆن دینار.

ب- نیشتەجێبوون 99 ملیار دینار، کشتوکاڵ 44 ملیار و 104 ملیۆن دینار، پیشەسازی 10 ملیار دینار، کۆی گشتی 972 ملیار و 154 ملیۆن، تێبینیەکانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بۆ نوێنەری حکومەت

1- ڕوونکردنەوەی هۆی جیاوازی نێوان کۆی بودجەی پەسەندکراوی حکومەتی هەرێم، لەلایەن حکومەتی ناوەند بۆ ساڵی 2011کە بریتیە لە 13 تریلیۆن و 950 ملیار و 670 ملیۆن دینار، بڕی تەمویل بۆ هەمان ساڵ کە بریتیە لە 11 تریلیۆن و 289 ملیار و 900 ملیۆن دینار، ئایا چۆن ئەم جیاوازیە چارەسەر کراوە، چ کاریگەریەکی دارایی دەبێت؟

2- ڕوونکردنەوە دەربارەی بڕی 305 ملیار دینار، کە بریتیە لە داهاتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2010، کە لە کۆی بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2011 داشکێندراوە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، کە لەو بڕە پارەیە تەنها 8 ملیار دینار گەڕاوەتەو بۆ حکومەتی هەرێم، ئایا چی کراوە لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ گەڕاندنەوەی ماوەکەی کە بە مافی حکومەتی هەرێم ئەژمار دەکرێت؟ وەکو ئیلتزامێك حکومەتی ناوەند پابەند نەبووە پێی.

3- ڕوونکردنەوە دەربارەی زیادە ڕۆیی و کەم ڕۆیی، لە پێکهاتەی حیسابەکانی بودجەی ئاسایی بۆ ساڵی 2011، بەشێوەیەك کە بەپێی راپۆرتی حیساباتی کۆتایی دەرئەنجامەکەی negative بە بڕی 1 تریلیۆن و 426 ملیار و 979 ملیۆن دینار، کە بریتیە لە زیادەڕۆیی لە حیسابەکانی، قەرەبووی فەرمانبەران، شمەك و خزمەتگوزاری، چاك کردنەوە، سوودەکانی کۆمەڵایەتی، مەوجوداتی نادارایی، لە هەمان کاتدا لیژنەکەمان ئاماژە بەوە دەدات کەوا دیاردەی کەم ڕۆیی بەدی دەکرێت، لە حیسابەکانی بەخشین بۆ دەزگا

جیاجیاکانی دەوڵەت، وەکو خەرجیەکانی تر، کە بە دیاردەیەکی positive ئەژمار دەرکرێت، لە پرۆسەی خەرج کردنی بڕی تەرخان کراو بۆ بودجە، بەلاّم بڕی ئەم کەم ڕۆییە لە حیساباتدا زۆر کەمترە لە بڕی زیادەڕۆیی لە حیسابەکانی، کە ئاماژەمان پێداوە.

4- یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە 6 ساڵی 2011، لە بەشی یەکەم داهاتەکان ئاماژە بەوە دەکات کە بەشە بودجەی هەرێم، بەپێی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی کۆماری عیراق بۆ ساڵی 2011، بریتیە لە 11 تریلیۆن و 180 ملیار دینار، بەلاّم بەپێی راپۆرتی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011، بڕی تەمویل کراوی بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەند بریتیە لە 13 تریلیۆن و 289 ملیار و 200 ملیۆن دینار، لە خشتەی جووڵەدا، جووڵەی کاشدا، بۆیە پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات لەلایەن نوێنەری حکومەت.

5- بەپێی بەشی دووەم تێچووەکان و کورت هێنان لە یاسایی بودجەی هەرێم ساڵی 2011، ماددەی دووەم: یەکەم: خاڵی 1 تێچووی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە بڕی 3 تریلیۆن و 852 ملیار دینار دەست نیشان کراوە، بەلاّم لە راپۆرتی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011، ئەم بڕە بە 4 تریلیۆن و 700 ملیار دینار نیشان دراوە، ڕوونکردنەوەی نوێنەری حکومەت دەربارەی ئەم جیاوازیە لەم ژمارەدا.

6- لە هەمان کاتدا بەپێی راپۆرتی حیساباتی کۆتایی ریژەی خەرج کردنی فیعلی لە بودجەی وەبەرهێنان بریتیە لە 49٪، رای لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کەمترە لە نیوە، دوای روون کردنەوە لە نوێنەری حکومەت، داوای  روون کردنەوە لە نوێنەری حکومەت دەکەین، دەربارەی ئەم دیاردەیە لە خەرج کردنی فیعلی بودجەی وەبەرهێنان، راپۆرتی حیساباتی کۆتایی ئاماژە بەوە دەکات، کە خەرجی بودجەی نائاسایی پرۆژەکان بریتیە لە 2 تریلیۆن  325 ملیار و 365 ملیۆن دینار بۆ ساڵی 2011، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە بڕی تەمویلی پرۆژەکان بۆ ساڵی 2011، بریتیە لە 2 تریلیۆن و 571 ملیار و 312 ملیۆن دینار، لیژنەی دارایی داوای روونکردنەوە لە نوێنەری حکومەت دەکات، ئایا جیاوازی چیە لە نێوان خەرج کردن و تەمویل؟ ئایا بڕی زیادەی تەمویل کراو چۆن ئاراستە کراوە؟  یاخود چۆن لە حیساباتی کۆتایی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

8- لە خشتەی تەمویلی حکومەتی ناوەند بۆ وەزارەتی دارایی هەرێم بۆ ساڵی 2011، ئاماژە بە تەخصیصی ئیزافی دراوە بۆ هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ناوخۆ، پرسیاری لیژنەی دارایی ئەوەیە ئایا بڕی تەخصیصی ئیزافی بەدەرەوە، لە چوارچێوەی تەرخان کراوی بودجەی حکومەتی هەرێم لەلایەن

حکومەتی ناوەند، هۆی چیە لەو خشتەیەدا بە 2 حیسابی جیاواز ئاماژەی پێدراوە، ئایا چۆن ئاراستە کراوە؟.

9- لە خشتەی کۆی کاشی هاتوو لە حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011، ئاماژە بە بڕی هەردوو بارمتەی بودجەی ئاسایی، نائاسایی کراوە، لیژنەکەمان داوای روون کردنەوە لە نوێنەری حکومەت دەکات، ئایا بڕی ئەو دوو بارمتەی لە چوارچێوەی بودجەی تەرخان کراوی هەرێی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندە یان نا؟ هۆی چیە بە کاشی هاتوو ئەژمار دەکرێت و، چۆن دەست نیشان دەکرێت، چۆن ئاراستە دەکرێت؟ ئایا دەکرێت بە خشتەیەك لە حیساباتی کۆتایی چۆنیەتی ئاراستە کردن و ڕوون بکرێتەوە؟

10- دەربارەی خشتەی هۆی کاشی خەرج کراو لە حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011، ئاماژە بە بڕی پێشینەی پاکتاو نەکراو کراوە بۆ بودجەی ئاسایی بە positive، بودجەی نائاسایی بە negative، پرسیاری لیژنەی دارایی لە نوێنەری حکومەت، پرسیاری یەکەم: پێشینەی پاکتاو نەکراو، بودجەی ئاسایی بە positive دراوە بە کێ و ، بۆچ مەبەستێك، ئایا پرۆسەی پاکتاو نەکراو چۆنە لە پاشەرۆژدا دەکرێت بە خشتەیەك پێکهاتوو ئاراستەکەی بێت بۆ پەرلەمان؟ پرسیاری دووەم پێشینەی پاکتاو نەکراوی بودجەی نائاسایی بە negative مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە خەرج نەکراو بۆ ئەو لایەنە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە خەرج نەکراوە بۆ ئەو لایانەی کە پێویستی پێیەتی، لەکاتێکدا راپۆرتی حیساباتی کۆتایی هی ساڵی 2011 ئاماژە بەوە دەکات، کە بڕی تەمویل کراوی بودجەی ئاسایی زیاترە لە بڕی خەرج کراوی بودجەی نائاسایی وەکو لەم راپۆرتە لە پێشوودا ئاماژەی پێ دراوە، داوای روون کردنەوەمان کرد بوو، ئایا پێشینەیەك بە negative دێت و، ئەگەر بڕی بە positive بێت، پاکتاو کردنی چۆنە لەڕووی موحاسبیەوە؟ تکایە بۆ روون کردنەوەی بۆ پەرلەمان.

11- بڕی خەرج کراو لە هەردوو پێشینەی کشتوکاڵ و پیشەسازی، رێژەیەکی زۆر کەمە بەرامبەر هەردوو پێشینەی خانووبەرەو نیشتەجێبوون، لیژنە ئەم پرسیارانە ئاراستەی بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات، پرسیاری یەکەم: ئایا دوای ئەزموونێکی بەردەوام پێویست بەوە ناکات، کە گۆڕانکاری لە ڕێنماییەکانی پێدانی پێشینەی کشتوکاڵ و پیشەسازی بکرێت، بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ خاوەن پرۆژەکان بەرەو بووژاندنەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئایا هۆی نزمی ئەو رێژەیە لە پێدانی ئەم دوو پێشینە چیە؟ پرسیاری دووەم: ئایا پێشینەی نیشتەجێبوونی ئیسکان چۆن ئاراستە کراوە؟ چ لایەنێك، چ کەسێك لێی سوودمەند بووە؟

12- لە راپۆرتی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011 ئاماژە بەوە دەکات، کە هەبوونی پارەی سووراو لە 2012/12/31 بریتیە لە 2 تریلیۆن و 31 ملیار و 886 ملیۆن دینار بە negative، کە لە ڕێگای (سحب على المكشوف) چارەسەر دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێم.

**بەڕێز د. عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینی لیژنە بۆ نوێنەری حکومەتی هەرێم، لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پەنابردن بۆ ڕێگای (سحب علی المکشوف) لە دۆخی دارایی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕێگایەکی نادروست دەزانێت، بەهۆی ئەو دەرئەنجامە negative، کە ئەگەری ئەوە هەیە لێی بکەوێتەوە لە کاتی دروست بوونی هەر کێشەیەك لە بواری تەمویل لەنێوان حکومەتی ناوەندو هەرێم، بۆیە لە هەمان کاتدا لیژنەکەمان داوا لە هەردوو پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەکات، کە فشاری خەرجی زیاد دروست نەکەن لەسەر وەزارەتی دارایی هەرێم، لە دەرەوەی توانای وەزارەت، لە هەمان کاتدا لیژنە بەهۆی گرینگی ترسناکی ئەو بابەتە پێشنیار دەکات بۆ بەڕێز وەزارەتی دارایی، کە لەکاتی ناچاری یان بۆ پەنابردن بۆ ئەم ڕێگایە، پەنابەرن بۆ کەم کردنەوەی بڕی خەرج کردنی بودجەی ئاسایی و نائاسایی بۆ چارەسەری ئەو دۆخە، نەك پەنابەرن بەر (سحب علی المکشوف).**

**13- جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان داهاتی خەملێنراوی ناوخۆی حکومەتی هەرێم، بۆ ساڵی 2011 بە بڕی 4 ملیار و 507 ملیۆن دینار و، داهاتی فیعلی بە دەست هاتوو بریتیە لە 1 تریلیۆن و 131 ملیار و 877 ملیۆن دینار، بە مەبەستی ڕەچاو کردنی ئەو خاڵە لە داهاتوودا، کە پێویستە خەملاندن تا ڕادەیەك بەرز بێت لە واقعەوە، لە هەمان کاتدا پێویست بوو بڕی زیادە ڕۆیی و کەم ڕۆیی دەست نیشان بکرابا بەپێی سەرۆکایەتی و وەزارەتەکان و دەستەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، کە پێویستە لە داهاتوودا پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، تێبینی تا ئامادە کردنی ئەم کۆنووسە هیچ جۆرە زانیاریەك و تێبینیەك لە لایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمانەوە، نەگەیشتووە بە لیژنەی دارایی تا بە هەند وەربگیرێت لە لایەن لیژنەوە، بەم جۆرە کۆنووس داخرا. سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو دکتۆر ئاراس.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای ئیزنی بەڕێزتان دەمەوێت چەند خاڵێك ئاماژەی پێ بدەم، کە لە ڕاپۆرتەکە وەکو پێویست ڕوون نەکراوەتەوە، پێش ئەوە سەرنجی پەرلەمانتارانی بەڕێز ڕادەکێشم بۆ لاپەڕە 7، خاڵی 3 لە ڕاستیدا پارەی سووڕاو کە نووسراوە بۆ 2011/1/1 مەبەستمان 2012/1/1 وەکو بەڕێز کاك خورشید خوێندیەوە، ئەوە وەك هەڵەیەکی چاپ، دەربارەی تێبینی لیژنەی دارایی لاپەڕە 12 بۆ نوێنەری حکومەتی هەرێم و بۆ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، هەروەها حکومەتیش پەنابردن بۆ (سحب علی المکشوف)، لەڕاستیدا وارده لەو وڵاتانەی کە بانکی مەرکەزی لای خۆیانە، نەك وەکو زروفی هەرێمی کوردستان، چونکە خەزێنەی ئێمە ئەگەر هەڵەشم یان ئەگەر وانیە، بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامم بداتەوە، چونکە خەزێنەی ئێمە توانای دەرکردنی ئزوناتی خەزێنەی نیە، بانکەکان، ئەگەر ئەو توانایەشی هەبێت هیچ بانکێکمان نیە پارە بۆ بگۆڕێتەوە، ئەگەر بڕوات بۆ بانکی مەرکەزی عیراقیش بۆی ناگۆڕێتەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر بە**

هەمان شێوە خەزێنەی ئێمە توانای دەرکردنی 2 جۆر سەنەدی هەیە، کە دەکرێت ولآتانی کە بانکی مەرکەزیان هەیە، دەرکردنی سەنەدی قەرزی داخلی، دەرکردنی سەنەدی قەرزی خارجی ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشمان هەیە کە زۆرجار پەنا دەبەین بۆ (سحب على المكشوف) کێشەمان نیە، چونکە سیاسەتێکمان هەیە کە پێی دەڵێن سیاسەتی تەمویل (عجز عن طريق الاصدار النقدى)، ئەم شتەش لای ئێمە پەیرەوی ناکرێت، ئەوە تەنها ئەو سیاسەتە بانکی مەرکەزی عیراقی دەتوانێت پەیرەوی بکات و، ئەوەی لەوەی تێبینی کراوە لەم ماوەیەدا، لەم چەند ساڵەدا کە تەسبیتی فیدرالیەت کراوە، لە عیراقدا و هەرێمی کوردستان وەکو بەشێکی فیدراڵ لە عیراق، تا ئێستا بانکی مەرکەزی تەنها برە پارەی بۆ بریوەتەوە، دەبێت لە سنووری ئەو برە پارەیە کار بکات، ئەم ڕێگایانەی کە ئاماژەم پێدا ئەوە بەداخەوە لە توانای حکومەتی هەرێم دا نیە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین وەکو لیژنەی دارایی بە (سحب على المكشوف)، بە کارێکی ترسناکی دەزانین، بەتایبەتی ئەگەر هاتو گرفتی تەمویل دروست بوو لەنێوان ئێمە و حکومەتی ناوەند، بۆیە داوا دەکەین لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان وەکو بڵێین بابەتێکی ستراتیجی و گرینگ بووە، هەروەها داوا لە حکومەوتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە فشار نەخاتە سەر وەزارەتی دارایی، پەنا بەرێتە بەر (سحب على المكشوف)، لەبەر ترسناکی ڕێگاکە لە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، لیژنەی دارایی پەرلەمان کۆمەڵێك پرسیار و داواکاری و ڕوونکردنەوەی لە ئێوە ویست، فەرموون ئێوەش وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی تێبینیەکانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، چەند ڕوونکردنەوەیەك بۆ وەڵامی برگەی یەکەم،

1- بڕی 13 تریلیۆن و 950 دینار بودجەی حکومەتی هەرێم، کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند کراوە، نەك لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە،

2- جیاوازی بودجەی ساڵی 2011 بەپێی یاسای بودجەی حکومەتی هەرێم، ژمارە شەشی ساڵی 2011، 13 تریلیۆن و 950 ملیار ئەمە بودجەی پەسەند کراوە، لەلایەنی پەرلەمانی بەڕێزەوە، 112386 تریلیۆن بەشە بودجەی هەرێم لە کۆی بودجەی عیراقی فیدرال زائیدەن داهاتەکە، 1564 تریلیۆن ئەرزی پەسەند کراو لەلایەن پەرلەمانەوە.

3- چارەسەرکردنی ئەو جیاوازیە داندرا بوو، کە لە بەشە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ساڵی 2007 بۆ 2011 پڕ بکرێتەوە، بەڵام تا کۆتایی ساڵی 2011 هیچ برە پارەیەك وەرنەگیراوە واتە عەجزی موخەتەت

دەبێتە عەجزی فعلی، بەم هۆیانـەوە حیسابی وەزارەتمـان کـورتی هێنـاوە (سحب علـى المکشوف)، بـە بـڕی 21380086 ملیـۆن دینـار، دەربـارەی بـڕی 305 ملیـار دینـار، کـە بریتیـە لـە داهـاتی نـاوخۆی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی 2010، کـە حکومـەتی ناوەنـد لـە کـۆی بودجـەی حکومـەتی هـەرێم دایشـکاندووە و، دەبوایە لە ساڵی 2011 بگەڕاباوە بۆ حکومەتی هەرێم، بەڵام حکومەتی ناوەنـد چـەند داهـاتێکی زۆر کـەم نەبێت، هەموو داهاتەکانی تـری هـەرێمی دانـاوە بـە داهـاتی سیادی، بۆیـە تـەنها بـڕی 8 ملیـار دینـاری بـۆ هەرێم گەڕاوەتەوە، کە دەکاتە لە 2,6٪ لەبەر ڕۆشـنایی ئـەو ڕێنماییانـەی خـوارەوە، جگـە لـەو بـڕە 400 ملیـار دینـار داهـاتی خـەملێنراوی سـاڵی 2011، کـە ئـەو بـڕەش لـە بودجەکـە بـە داهـات دانـدراوە، بـەڵام نەگەڕاوەتەوە بۆمان، بەگوێرەی ماددەی 24 دووەم لـە یاسایی بودجـەی عیراقـی فیـدڕاڵ، بـۆ سـاڵی 2012 دەسـەڵات دراوە بـە وەزیـری دارایـی حکومـەتی فیـدڕاڵ بـە گەڕاندنـەوەی داهاتـە فیعلیـەکان، بـە دەسـت هاتووەکان، دەروازە سنووریەکان بە داهاتە سیادیەکانیشەوە لە ساڵی 2011 بۆ سـەر بودجـەی پارێزگاکـانی سەر سنوور لە ساڵی 2011دا، داهاتی هەرێم لەو دەروازانە 326 ملیار دینـار بـووە، تـەنها 16 ملیـاری لـێ گەڕانراوەتەوە، ئەمـەش پێچەوانەی مـاددەی 22 بـرگەی شەشـەمی یاسـای سـاڵی 2012 بودجـەی عیراقـی فیدراڵـە، کـە دەڵێـت (علـى وزیـر المالیـە الاتحادی بالتنسیق مـع وزیـر التخطـیط الاتحـادي اعـادة الایـرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودیة، البریة، البحریة، الجویة بما فیها الایرادات السیادیة، خلال سـنة 2011 الى موازنـة المحافظات الحدودیة کل حسب الایرادات متحققة فعلاً في المنافذ الحدودیة الموجـودة في تلـك المحافظـة، على ان یراعى اعطاء الاولویة بتأهیل واعادة اعمار المنافذ الحدودیة تابعـة لکل محافظـة)، کەواتـە وەزارەتـی دارایی حکومەتی فیدراڵی بۆی نیە ڕێ نوێنی و گشتاندنی ئـەوتۆ دەربکـات، کـە پێچـەوانەی ئـەحکامی ئـەم ماددەیەی سەرەوە بێت، ئەمە وێڕای حکومەتی هەرێم جەختی لەسەر پابەند بوونی وەزارەتی ناوبـراو بـەم قانونەوە کردووەتەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی عیراقـی فیـدراڵی ڕێنمـایی تـازەی دەرکـردووە بـە نووسـراویان ژمارە 10989، لە 2012/2/27 کـە ئـەو داهـاتی گومرگـەکان دیـاری کـردووە، کـە دەبێـت بگەڕێتـەوە بـۆ پارێزگاکـان بـە پێچـەوانەی یاسـای بودجـە، کـە بریتیـە لـەم خاڵانـەوە تـا ئێسـتا بەردەوامـە، ئێمـە بـە عەرەبیەکەی هەمانە، بەڵام بە کوردیەکەی دەیخوێنمەوە ئەوەی کە دەڵێت تەنها ئەوانـە مـەشمولن، ڕسـومی هێنانەوەی تەرمی هاووڵاتی بە ڕەگەز عیراقی، کـە جنسیەی تـری وەرگرتـووە لـە مـاوەی سـاڵی 2011، لـە ڕێگای وەزارەتی دەرەوە، دوو ڕسـومی گەشـتیاران بـە فڕۆکـەی مـەدەنی، لـە ڕێگـای دامـەزراوەکانی فڕۆکـەی گشـتی مـەدەنی لەگـەڵ دیـاریکردنی نـاوی پارێزگـاو فرۆکەخانـە، لـە سـاڵی 2011، کرێـی خزمـەتگوزاری نیشتنەوەو حەوانەوەی فڕۆکـە، ڕسـومی ئـەو ئۆتۆمبێلانـەی لـە عـیراق دەچـنە دەرەوە، لـە ڕێگـای دەسـتەی گشتی گومرگ لە ساڵی 2011، 5 ڕەسمی دووبارە ئاوەدانکردنەوە لـە ڕێگـای ناوچـە سـنووری و بـە هـەموو دەروازەکانی ساڵی 2011 لەگەڵ دیاریکردنی نـاوی پارێزگـای سـەر بـە دەروازەکـە، لـە بودجـەی حکومـەتی فیـدڕاڵی ئـەوەیان چەسـپاند، بۆیـە حکومـەتی هـەرێم مـافی داواکردنـەوەی ئـەو جیاوازیـەی نیـە، 3 هـۆی زیادەڕۆییـەکان لـە بڕگـەکانی قـەرەبووکردنی فەرمانبـەران و خـەرجی شمـەك و خزمـەتگوزاری و سـوودە

کۆمەڵایەتیەکان و، مەوجوداتی نادیار دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم، بەهۆی گەڕانەوەی جیاوازی مووچەی ساڵانی ڕابردووی فەرمانبەرانی سلێمانی و گەرمیان، زیاد بوونی دەرماڵەی بابەتەکانی پەروەردە و ناوخۆ، زیاتر دامەزراندن لە کاتی خۆشی هەر باسمان کردووە، وەختی میزانیە زیاتر دامەرزاندنی لە میلاك پەسەند کراوە، زیاد بوونی خەرجی سووتەمەنی و کرێی کارەبا، داشکاندنی ڕێژەی لە 10٪ بودجەی ئاسایی حکومەتی هەرێم، لەلایەن پەرلەمانەوە ئەم خەرجیەش خەرجی موقەنەنە، کە بووەتە هۆی زیاد بوونی خەرجیەکان، 4 هۆی جیاوازی لەنێوان بڕێ بودجەی پەسەند کراوی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە لەگەڵ بڕی دەرکەوتوو لە حیسابی کۆتایی ساڵی 2011، دەگەڕێتەوە بۆ زیاد کردن و داشکاندنی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بۆیان کردووین، وەك لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە، 11179467 تریلیۆن بڕی پەسەند کراو لەلایەن حکومەتی ناوەند، 517 ملیار لێمان بڕیوە هی پسوولەی خۆراك، ملیارێك و 517 ملیۆنن، 1459 ملیۆنیان لێمانیان بڕیوە، دایتیانەوە بە هەموو عێراق بۆ ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت، 7 ملیار دینار یان لێمان بڕیوە هی تەشغیلی، چواریشیان بڕیوە هی ئیستسماری، لەبەرئەوەی لە کاتی خۆی دیارە بە زیادە تەمویل کراوە، ئەوە هەمووی کردە 11177480، ئەوەی کە داویانە بە ئێمە ئەوەی 11177480، ئیزافیەکان 4986 پارەی زیاد کردن لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە و وەزارەتی پەروەردە، تەبیعی بەشی نیوەشی نەکرد، 360 و 380 دینار زیاد کردن لەلایەن حکومەتی ناوەند بۆ وەزارەتی ناوخۆ، 297 ملیار و 846 ملیار داشکاندنی داهاتی ساڵی 2010، بۆیە دەمێنێتەوە 11289 و 100 ئەوەی کە جیاوازیەکە ئەلێرەوەیە، 5 ئاماژە بە یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵی 2011 ژمارە 6، بەشی دووەم، ماددەی سێیەم، بڕی 550 ملیار دینار دەخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان ڕەسیدەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوەی لێ دێت، 850 تریلیۆن تەرخان کراوە بۆ پرۆژەکە، 298ی ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکە، 550 ملیار دینار زیادەی تەرخان کراو بەشی وەبەرهێنان لە داشکاندنەکەی 10٪ کە، کە لە تەشغیلی داشکێنرا بۆ وەبەرهێنان دەخرێتە سەری، بۆیە دەکاتە 7،6،4 بودجەی وەبەرهێنان بە ڕێژەی 49٪ کەمتر خەرج کراوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی پرۆژەکان و عیلاقەی بە ئیش و کاری پرۆژەکانەوە هەیە، کە خۆیان دواکەوتوون ، بەلام هیچ پرۆژەیەك لەسەر تەمویل لە وەزارەتی دارایی بە هیچ شێوەیەك نەوەستاوە، هیچ پرۆژەیەك کە داوای پارەی کردووە سلفەی هاتبێتە وەزارەتی دارایی نەوەستاوە، جیاوازی بڕی تەمویل کراو بۆ بودجەی وەبەرهێنان لەگەڵ بڕی خەرج کراو بۆ پرۆژەکان سووڕاوەتەوە وەك ڕەسید لەسەرەتای ساڵی نوێ، خەرجی پرۆژەکانی لەسەر کراوە، لە خشتەی تەمویلی حکومەتی ناوەند بۆ وەزارەتمان لە ساڵی 2011، ئەو بڕانەی کە زیاد کران بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆو پەروەردە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم و بۆیان زیاد کردووین، ئەویش بەهۆی زیادبوونی مووچەو دەرماڵەی ئەو دوو وەزارەتە و، ڕاستەخۆ لەسەر مووچەی فەرمانبەرانیان بۆیان خەرج کراوە لەلایەن وەزارەتمانەوە، بە بارمتە بڕە پارەیەك وەردەگیرێت لە فەرمانبەران و هاووڵاتیان، لە بەڵێندەرەکان کە پرۆژەکان جێبەجێ دەکەن، لەگەڵ

داهاتدا کۆدەکرێتەوە بەشێوەیەکی کاتی، چونکە لەکاتی گەڕاندنەوەی دەچێتە جانبی دائیم، ئەمەش تەنها بۆ دیاریکردنی جوولەی نەختینەی حکومەت دەکرێت، ئەمەش بەپێی سیستەمی ژمێریاری حکومی ڕێکخراوە، بۆ زانینتان بارمتە تەرخانکراوی پێویست نیە، 10 پێشینە چەندەها جۆری هەیە وەك پێشینەی هاوسەریەتی و، پێشینەی جۆراو جۆر و، پێشینەی بەردەوام، کە هەندێکیان بۆ کاروباری فەرمانگەکان لەو ساڵەدا پاکتاو دەکرێت، بەلام پێشینەی هاوسەریەتی بە چەند ساڵێك پاکتاو دەکرێت، 2 دەرکەوتنی رەسیدی پێشینە لە بودجەی وەبەرهێنان بە سالب دەگەڕێتەوە بۆ تەدویر نەکردنی رەسیدی ساڵی پێشووی پێشینەکان، کاتێك لەو ساڵەدا پێشینەیەك پاکتاو دەکرێت دەچێتە جانبی دائیم، جانبی مەدینەکەی لە ساڵی رابردوو دایە، خۆی لە ساڵی داهاتوودا تەسوییەی پێ دەکرێت، ئەو مەوزوعە عیلاجەکەی لەوێ دەردەکەوێت، ئەوە لە 2011 دەرکەوتووە لە 2012 تەسوییەی پێ دەکرێت و عیلاج دەکرێت، مەبەستی ئاسانکاریەك بووە، هاندانی هاوولاتیان بۆ وەرگرتنی قەرزی کشتوکاڵ و پیشەسازی کار کراوە بۆ زیاد کردنی بڕی قەرزەکان و درێژکردنەوەو وەرگرتنەوەی قەرزەکان، پێشینەی نیشتەجێبوون بەپێی ڕێنماییە داراییەکان، هاوولاتیانێك کە سوودمەند نەبوون لە حکومەت لە کاتی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی دروست کردنی خانوو، شوقە، وەزارەتی دارایی بەشێك لە نرخی ئەو خانووانەی یان شوقە دەدات بە وەبەرهێنەکان لەجیاتی هاوولاتیەکە، بە لێبڕینی مانگانە یان ساڵانە وەری دەگرێت، من دەمەوێت ئەوەش زیاتر ڕوون بکەمەوە بەنیسبەتی ئەو (سحب على المكشوف)، بەڕاستی ئێمە هەتاکو ئێستاکە ئەو پارانەی کە ساڵانە تەرخان دەکرێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو بڕی عەجزەکە مەعلوم دەبێت، پەرلەمان موسادەقەی لەسەر دەکات، هەموو ساڵێك ئێمە بە تەماین ئەو ساڵ وەری بگرینەوە، ساڵێکی تر وەری بگرینەوە، ئەوە بوو چەندەها مەحاولات کراوە بۆ ئەو مەوزوعە و وەرنەگیراوە تاکو ئێستاکە، ئاخیر مەحاولاتیش ئەوە بوو کە وەفدی حکومەتی هەرێم ڕۆیشتە بەغدا، ئەو مەوزوعە ڕەنگە زۆر زیاد لە 3، 4 کۆبوونەوەی لەسەر کراوە، لایزالیش هەر بەردەوامین، ئەوە یەکەم سەبەبی رەئیسیە و، سەبەبێکی تریش هەیە مەسەلەی ئەو عەجزە تەبیعی کە وەرنەگیرێتەوە، عەجز دەبێتە فعلی، ئەوە موخەتەتە دەبێتە فیعلی، کە بووە فیعلی یەعنی تۆ تەجاوز دەکەی، کە تەجاوزت کرد، بەلام یەك شتیش هەیە ناتوانی تەجاوزی لەسەر بکەی، جارێ بەتایبەتی مەسەلەی تەعویزی فەرمانبەران موقەنەنە تۆ ناتوانی بوەستی، بەلام یەك شت هەیە ئەم هەموو قەرزەی کە تا ئێستاکە ئێمە داومانە، پارەی وەزارەتی داراییە ئێستا لەسەر خەڵك، قەرزەکەی مەبلەغەکە زۆر زۆر زیاترە لەوەی کە (سحب على المكشوف)، مەسەلەن بۆ میسال دەیهێنمەوە لە حدودی نزیکەی 3 تریلیۆن و 800 بەرەو ژوور ئێمە قەرزمان هەیە لەلای هاوولاتیان، قەرزی زراعی، قەرزی سناعی، قەرزی عەقاری، ئەم قەرزانە بە خشتەش لەلامان هەیە، کە لە موازنەش کە دێت ئێمە دەتوانین زیاتر ڕوونی بکەینەوە چەندیشی لێ گەڕاوەتەوە، ئەم پارانە هەمووی قەرزە لەسەر خەڵك، ئەمە مەفروز بووە لە هەموو ولاتێك و لە هەموو شوێنێکدا هەتا لە عیراقیشدا بانك بە پارەی فائیز دەیدات بە هاوولاتیان، بەلام لێرە کە فائیز مەنع کرا پەرلەمانی بەڕێز قەراری دا کە ئەو فائیزە

وەرنــەگیرێت، ئێمــە بۆئــەوەی کــە بانکــەکانیش پــارەی خۆیــان بــەبێ ریــع نــادەن و، ئــەو پارەیەشــیان نیــە، وەزارەتی مالیە تەحەمولی کردووە، ئێستا وەزارەتـی مالیـە ئـەو رەسـیدە پارەیـەی هەیـە لـەلای هاوولاّتیـان، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سەرەتادا جەنابی وەزیر راپۆرتی خۆی خوێندەوە، دواتر لیژنەی دارایی راپۆرتی لیژنەکەی خۆی خوێندەوە، دواتر وەزیر تەوزیحاتی خۆیدا، ئێستا پەرلەمانتارە بەڕێزەکان کێ دەیەوێت قسەی بکات؟ هەتا ناوی بنووسین، تێبینیت هەیە؟ فەرموو کاک خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزدەکەم جەنابت ئەمر بکەی بۆ دابەش کردنی راپۆرتی وەزارەتی دارایی، کە وەلاّمی لیژنەی دارایی و ئابووریە بەسەر ئەندامان، بۆئەوەی لەبەر دەستیان بێت لەکاتی پێویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوەکان دەنووسن، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ناسك خان- مامۆستا فەرمان- کاك عدنان- نەسرین خان- کاك سمیر- د.صباح- کاك جلال- شلێرخان- کاك نەریمان- سیوەیل خان- کاك لقمان- ئاهەنگ خان- کاك سالار- کاك خلیل- کاك حەمە سعید- بەفرین خان- گوڵزار خان- د. احمد- کاك ئارام- کاك کاروان- د. عمر نورەدینی- د. بشیر- عظیمة خان- پەیمان خان- کاك پێشەوا- پەیمان عبدالکریم- کاك کاردۆ- ئاشتی خان- کاك دڵشاد- کاك عبدالله- کاك جمال- د. رێباز- سەرگوڵ خان)، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دیارە ئێمە ساڵانێکە ئیقرار بودجە دەکەین، لە کاتی دەنگدان لەسەر بودجە، زۆربەی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی وەزیری دارایی دەکەین یاخود لیژنەی دارایی دەکەین، پێمان دەڵێن ئەوانە وەلاّمی ئەو پرسیارانە هەمووی لە کاتی حیساباتی خیتامی دەردەکەوێت، بەڵام بەڕاستی هەموو ساڵێك حیساباتی خیتامی شێوازەکەی ئاوایە، لەبەرئەوەی راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایشمان نیە، کە ئەوە ئەسڵەن ئیشی ئەوانە راپۆرتێکی ورد لەسەر حیساباتی خیتامی لەبەر دەستی پەرلەمان دابێت، بۆئەوەی ئێمە بزانین ئەو رەقەمانە تا چەند وایە، تا چەند ڕاستە، چۆنە و چۆن سەرف کراوە؟ بۆئەوەی بتوانین چۆن دەنگ دەدەین، لەبەرئەوە ئەوە 3 ساڵە تووشی ئەم حاڵەتە دەبین، کە بەڕاستی شێوازێ مونەزەم و رێك و ورد لەبەر دەستمان دانیە ئەوە یەك، دوو لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ لیژنەی دارایی، بۆ ماندوو بوونیان راپۆرتەکەیان لە کۆنووس دەچێت، یەعنی هاتوون کۆمەڵێك پرسیاریان ئاراستەی وەزیر کردووە، کە ئەم پرسیارانە مەفروز بوو پێشتر لە لیژنە وەلاّم بدرایەتەوە، وەلاّمەکانی لەناو راپۆرتدا با لەبەردەستی ئێمە، کە بەڕاستی ئێستا ئێمە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەخوێنینەوە هەندێك لە پرسیارەکانی ئێمەی تێدایە،

بەڵام وەڵامەکەی ئێستا دەیبیستین، کە ئەویش لەبەرئەوەی وەڵامەکە ئیرتجالیەو، لەبەرئەوە لەبەر دەستماندا نیە و پێشتر نەگەیشتووەتە بەردەستمان، نازانین چۆن موقارنەی بکەین لەگەڵ پرسیارەکەی ئەوانە، کە بەڕاستی ئەوە حەق وایە ئێمە هەر ئەوە بەس بێت بۆ ئەوە، بۆئەوەی کە دەنگ نەدرێت بەو حیساباتی خیتامیە، چونکە مەعقول نیە یەکەم ئەوە هیچ دوایی چاودێری رەقابیمان نیە، ئیفلیج بووە بۆ خۆی، هیچ راپۆرتێکمان نیە لەسەری، لەولاش ئەوەش راپۆرتی لیژنەی دارایی موختەسی پەرلەمانە، بەداخەوە هەتا ئێستا پرسیارە ڕێزی کردووە، خۆی وەڵامی دەست نەکەوتووە کە مەفروز بوو وەزیری بانگهێشتی لیژنە کردبا، هەموو ئەو وەڵامانەی لەناو پرسیارەکاندایە وەڵام بداباوە، مولاحەزەیەکی تریش کە من زۆر بە زەقی دەیبینم، ئەویش ئەوەیە بودجەی وەبەرهێنان ئێمە لە 2011 قەرار بوو لە 29٪ تا30٪ بۆ وەبەرهێنان بێت، ئێستا خۆیان بە ئیقراری خۆیان دەڵێن لە 49٪ چووەتە بواری جێبەجێ کردن، کەواتە دیسان جارێکی تر بودجەی 2012 لە 15٪ ڕۆیشتووە بۆ وەبەرهێنان، ئەوی تری هەمووی ڕۆیشتووە بۆ تەشغیلی، لە شتێکی زۆر ئەساسی کە قەرەبووی فەرمانبەرانە، من نازانم بۆچی قەرەبووی فەرمانبەران کورتی هێناوە؟ مع العلم هەمووساڵێك ئێستا مەسەلەن ئەمساڵ ئێستا مۆزەفەکان تەعین دەبن، لە مانگی 12 ، ساڵانە حسەی ئەو 25 هەزار مۆزەفە، حسەی ئەو 17 هەزار مۆزەفە لە 1/1 بۆیان حیساب دەکرێت، ئەو 10 مانگە بە زیادە دەیدات، کەچی هێشتا لە قەرەبوودا زیادەڕۆیی هەیە، یەعنی زۆرتریان سەرف کردووە، بۆ ئەوەش سوئالێکە لەلای من، بۆچی ئەو 10 مانگەی وابزانم 25 هەزار بۆ 2012، ئەی ئەو 10 مانگەی بە زیاد ڕۆیشتووە؟ مانگی 12 خەڵك تەعین دەبێت، خاڵێکی تر لەوە دەچێت حەقمان نەبێت لێی تێ ناگەین، لە داهاتدا دەڵێت داهات 305 ملیارە، بەڵام لە فۆرمەکاندا 742 نووسراوە، بۆ لێرە 305 دەنووسرێت، بۆ لەوە 742 دەنووسرێت؟ مەسەلەن دەڵێت 305 ملیار دینار داهاتی ناوخۆیە لە کۆیی بودجەی پەسەند کراوە، هەر لەم فۆرمانە لە داهاتە ناوخۆییەکەی 2010، 742 یەعنی ئەگەر ئەو وەڵامەم دەست بکەوێت، بۆ لەوێ 742 و بۆ لێرە 305؟ ئەگەر لە (742)ـەکە 305 نێردراوە بۆ مەرکەز، بۆ دواتر 8 ملیارمان بۆ دەنێرێت ئینجا ئەصڵەن ئایا بۆچی لە 305 ئێمە 8 ملیارمان بەردەکەوێت؟ خۆی لە 17٪، 51 ملیار دەکات هەرچەندە ئەوندەش نەنێردراوە، بەس یەعنی ئەو رەقەمانە هەمووی جێگای ئەوەیە کە پرسیاری لەسەر دەکرێت، یەك رەقەمی تێدانیە نە لە داهاتدا، نە لە خەرجیەکاندا، نە لە وەبەرهێناندا، هی ئەوە بێت وازح بێت وەکو پەرلەمانتارێك بە موتمەئینی دەنگی پێ بدەم، چونکە نە راپۆرتی دیوانی چاودێری هەیە، نە راپۆرتی لیژنەی دارایی کۆنووسە نەك راپۆرت، لەبەئەوە من پێم وایە ئەو حیساباتە دەبێت چۆن هاتووەو ئاوا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پیشەکی بەڕاستی دەمەوێت باس لە گرفتەکانی ژمێری کۆتایی بکەم، ئەوەی ناسك خان باسی کرد، بەڕاستی ئەوە ئیش و کاری پەرلەمانتار نیە ئەو حیساب و کتابە بە وردەکاریەوە، دەبووایە لەلایەن چاودێری داراییەوە راپۆرتێکی تر، کە چەند ئێستا لەو هۆڵە بووایە هەموو ئەو وردەکاریانەی کە پێویست بوو، ئێمە بزانین ئینجا موناقەشەی یەکە یەکەی ئەوبڕگانەمان بکردبا و، لایەنی بەرپرس و ناداراییەکانمان دەست نیشان بکردبا، بەڵام بەو شێوەیەی کە هەیە بەڕاستی یەك لە ئێمە باسی ئەو وردەکاریانە وەکو پێویست نازانین، بۆیە من لە هێڵە گشتیەکانەوە دەست پێ دەکەم، بەڕاستی گرینگترین ئەو گرفتانەی ژمێری کۆتایی تووشی دەبێت دیارە ئەوەیە، دیارە هەر ئەمساڵ ژمێری کۆتایی موقەرەر بوو لەکاتی یاسایی خۆی بگاتە پەرلەمان، دیارە نەگەیشتووە پێش مانگی 4 بوو ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ژمێری کۆتایی بە وردەکاریەوە ڕەوانە نەکراوە بەڕاستی، تەنها کۆی خەرجیە گشتیەکان ڕەوانە کراوە، بۆئەوەی یەکە یەکە وەزارەتەکان و، لایەنی بەرپرس و ئەو لادانە داراییانەی کە لە وەزارەت دەکرێت، ئەوە لای ئێمە گرینگە زیاتر لەو مەسەلە گشتیانەی کە بەڕاستی لە راپۆرتەکەدا هاتووە، جا ئەگەر بێمە سەر یەکە یەکە ئەو برگانە بەڕاستی بێینە سەر داهات، سەرەتا بودجە لە 2 بەشی سەرەکی پێك دێت لای هەمووان ئاشکرایە، داهات و خەرجیەکان، بەڵام هەوڵ بدرێت لە کاتی داهاتدا یان ئەو ئالیاتانە بگرێتە بەر، بۆئەوەی زۆرترین داهات کۆبکاتەوە بەمەبەستی 2 شت، یەکەمیان گەشەپێدانی ئابووری کە دیارە ئەو لای خۆمان نیە، لەگەڵ بوونی ئەو بودجەیە، خاڵی دووەمیشی دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان، دیارە ئەوەشیان ئەگەر هەبێت شێوەیەکی زۆر لاواز و سەرەتاییە تا ئێستا لای خۆمان، بەڵام ئەوەی ئێستا لە بودجەی هەرێمی کوردستان بەڕاستی بەدی دەکرێت، ئەگەر بودجەی هەموو دونیا بخەینەوە، ئەو وڵاتانەی کە لە دونیادا هەیە بودجەی هەرێمی کوردستان بە هیچ بودجەیەك لە دونیادا ناچێت، لەبەر ئەم 2 هۆیەی خوارەوە، یەکەم: داهاتە ناوخۆییەکان بەڕاستی زۆر ناشەفاف و نادیارن، خاڵی دووەمیان بەشی هەرە زۆری ئەو داهاتەی کە ناشەفاف و نادیاریشە ناچێتە خەزێنەی گشتیەوە، کە لەگەڵ ئەوەش ئەوانە هەردووکیان رێك بۆ خەزێنەی گشتی بێت، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ساڵی 2008 و 2009 و 2011 و، بە داهاتی خەملێنراوی (2012)ەشەوە تەنها بێی بەراوردی ئەو ژمارانە بکەین، دەبینین بەڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو داهاتە خەملێنراوە نەچوویتە ناو خەزێنەوە، بۆ نموونە ئەگەر باس لە وردەکاریەکەی بکەین کە ئەوی باسم کرد، بەپێی ژمارەی کۆتایی 2010 داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەوەی ناسك خان باسی کرد 742 ملیار داندراوە، بەڵام هەر لە هەمان ساڵدا لە ژمێریاری 2011 هەر باسی هەمان شت دەکات کردیە 305 ملیار، یەعنی بە 2 فۆرم و بە 2 ژمارەی جیاواز ئەوە هاتیە، مەبەستیش هەر 1 ساڵە، کەواتە هەتا لە دانی داتاکان بە جیهانی بەرپرسەوە دیارە ئەوەش خۆی لەخۆیدا، جا لەوش لە 2010 تەئکیدی کردووە ئەو بەشەی کە داشکاوە لە مەرکەز تەنها 8 ملیار دۆلارمان بۆ گەڕاوەتەوە، ئەوەی کاك دکتۆر ئاراسیش باسی کرد وەکو سەرۆکی لیژنەی دارایی دەڵێت ئەو 8 ملیارە گەڕاوەتەوە و، لایەنی دارایی بەرپرس کردیە، کە بۆئەوەی هەوڵ بدرێتن ئەو بەشەی تر بگەڕێتەوە، ئەوا

ئیقراری ناوخۆی وەزارەتی دارایی و، کە ئێمە داهاتی ناوخۆمان ئەوندە بووە بەرامبەر بەوەش 8 ملیارمان بۆ ماوتەوە، ئەگەر بێی دیسان بەپێی ئەو خەرجیانەی کە لە خەرجیەکانی 2009 دا، خەرجی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا 465 ملیار و 445 ملیۆن بووە، بەڵام لە بودجەی 2010 هەر هەمان شت بوویتە 375 ملیار و 129 ملیۆن دینار، کەواتە بڕی 90 ملیۆن دۆلار، ئەو 90 ملیار پارەیە لە پەرلەمان شاردرایتەوە، کەواتە دیسان داتایەکە وەکو پێویست پێشکەش بە پەرلەمان نەکراوە، ئەگەر دیسان بێینە سەر داهاتەکان، ئێمە زۆر شتمان هەیە بەناو داهات، بەڵام داهاتیشی نیە، لە هەموو دونیا فڕۆکەخانە داهاتە، بەڵام لای ئێمە بەڕاستی فڕۆکەخانەکان خەرجیان زیاترە لە داهاتەکانی خۆیان، ئەوانەش دەبێت بەڕاستی ڕێگایەکی دروستی ژمێریاری بەرپرسانی کە لێرەنە بەتایبەتی دارایی جێگای ئەوەمان بۆ بکەنەوە، خاڵی ترمان هەیە کورتهێنان بەڕاستی دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، دیارە ئەو بودجەیەی کە لەلایەنی حکومەتەوە پەسەند دەکرێتن، ساڵانە بودجەکە زیاد دەبێت، بەڵام لەگەڵ زیادی بودجەکە خەرجیەکان زیاد دەبن، لێرە هەم دەبێتە هۆکارێك بۆ هەڵئاوسان و، هەم دەبێتە کورتهێنان بۆ پارەدانی تەرازووەکە، ئەمن پرسیاردەکەم بەڕاستی نازانم وەزارەتی دارایی و، ئەوانەی کە موهتەمن بە دارایی هەرێمی کوردستان کەی ئەو بارە چارەسەر دەکەن؟ لەبەرئەوە رۆژ لەدوای رۆژ کورتهێنانەکە زیاد دەکات، ئایا چ سەرچاوەیەکی دارایی هەیە؟ ئێستا ئەو ساڵ لە بودجەی 2013 بە دڵنیاییەوە خۆی لە 3 تریلیۆن دەدات، ئایا ئێمە سەرچاوەی دارایمان هەیە وردە وردە زیاتر بتوانین ئەو کورتهێنانە کەم بکەینەوە؟ بەڕاستی ئەوەی کە باسم کرد، کە داهاتەکانی ناوخۆ ناشەفافن بێمە سەر مەسەلەی نەوت، بەڕاستی ئەوەی لە نەوت تاکو ئێستا بەپێی یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمان دەرچووە، بەڕاستی داهاتی نەوت دیار نیە، داهاتی گرێبەستەکان دیار نیە، داهاتی نشینەکان دیار نیە، قازانجی زێدە، دیار نیە، هەروەها ئەو پاڵاوگانەی کە لە ئیشن، دیار نیە، هەر بەپێی ئەو راپۆرتەی کە مەرکەزی ناوەند بلاوی کردیتەوە لەسەر ئێمە، کە داوای پترۆ دۆلارمان کردیە رۆژانە 39 هەزار بەرمیل نەوت بەڕاستی داهتەکەی دیارنیە، بێ سەرو شوێنەو چارەنووسی نادیارە، بەر استی بەڕێزان لێرە جێگای ئەوانەمان بۆ بکەنەوە، جگە لەوەی ئەو 59 هەزار بەرمیلەی کە دەدرێت بە پاڵاوگەکان، ئێستا نەوتی وەزیری پاڵاوگەکان لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت، داهاتی ئەویش دیارنیە، بەڕاستی ئەوانەمان لەلایەنی بەرپرس دەوێتن و جێگامان بۆ بکەنەوە، هەتاوەکو داهاتەکەنمان زۆر بەڕاست و دروست نەزانین، ناتوانین ژمێری کۆتایی بەڕاست و دروست دەربێنین، ئەوەش بەڕاستی لە ئەستۆی ئەوەیە لە خاڵی یەکەم، کە چاودێری دارایی، بەڕاستی دیوانی چاودێری و دارایی نەهەمان و نەکاراشە، ئەوش یەکێکە لە گرفتەکان کە ژمێری کۆتایی بەم هەموو کورتیە دێتە بەردەستی پەرلەمانتاران.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ئەوەی 90 ملیارەكە باش گوێمان لێ نەبوو، ئەگەر بۆمان دووبارە بكاتەوە، بۆئەوەی تەسجیلی بكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەوەی 90 ملیارەكە بڵێ گوێیان لێ نەبووە.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی خەرجی كۆتایی 2009 داهاتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان 465 ملیار و 445 ملیۆن دینارە، بەڵام ئەو ژمێریە لە بودجەی 2010 كە خراوەتە بەردەست بۆ داهاتی ناوخۆ، بوویتە 375 ملیار و 129 ملیار دینار، ئەگەر ئەو دوو ژمارانە لە یەك دەربكەین 90 ملیار دەمێنێتەوە، ئەوەش دیارە شاردرایتەوە لە پەرلەمان ئەو پارە كاتی خۆی وەكو ویستڕایە نەهاتووتە بەردەستی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی تێبینیتان هەبوو؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی حەز دەكەم ڕوون كردنەوەیەك بدەم لەسەر كاری لیژنەی دارایی، لیژنەی دارایی كارەكەی ئەوەیە بەدواچوون بكات لەسەر هێڵە گشتیەكانی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، ئەمما ئەگەر ئێوە تەوەقوعی ئەوە لە ئێمە بكەن، ئێمە شوێنی دیوانی چاودێری دارایی بگرین، وەڵلاهی ئەوە پێمان ناكرێت و، ئەو ئالیەتەو ئەوەمان نیە، ئێمە هێڵە گشتیەكان بەدواچوونی لەسەر دەكەین، دیراسەتی لەسەر دەكەین و، تێبینیەكانی خۆمان تۆمار دەكەین، پرسیارەكانیشمان مەبەستمان لەوەیە ڕاپۆرتی ئێمە پرسیاری تێدایە، پرسیار مەبەستمان ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان گوێیان لە پرسیار و لە وەڵام ببێت، بۆئەوەی زیاتر ئێمە حاڵی ببین لە شێوەی موناقەشە كردن، پاشان ئێمە ڕاپۆرت یان كۆنووس هەر ئەوەیە یەعنی ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووریە، هیچ ڕەئی ترمان بۆ نەهاتووە لە هیچ لیژنەیەك، ئێمە لە لیژنەی دارایی و ئابووری توانیمان ئەوە ئامادە بكەین، ئەم خاڵانە بەرچاو بخەین و ئەو پرسیارانە تۆمار بكەین و ، ئەوەی پێمان كرا ئەدامان كردووە لەوە زیاتر یەعنی حەق نیە گلەیی لە ئێمە بكەن، كە ئەوە بەو شكلەیەو بەو تەفسیلە نیە، پاشان ئێوە موناقەشەی ئێمە ناكەن، ئێوە موناقەشەی وەزارەتی دارایی دەكەن، وەزارەتی دارایی بەرپرسە و لیژنەی دارایی بەرپرس نیە، هەموو شتێك كە وترا بێت یان نەوترابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر راپۆرتێك لە هەر لیژنەیەکەوە کە دەردەچێت، پێویستی بە کۆدەنگی هەیە و پێویستە مەحزەری پێ بکرێت، لە چ تەئریخێك نووسراوەو لە چ تەئریخێك بڕیار دراوە، لەبەرئەوە خۆی هەر راپۆرتە بەس کۆنووسەکە تەسبیتی راپۆرتەکەی کردووە، لەبەرئەوە ئەو راپۆرتە ئێمە نووسیمانە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر بەڕاستی وەکو لیژنەی دارایی ناتوانین لەجیاتی حکومەت وەڵام بدەینەوە، لەوانەیە وەڵامیشمان پێ بێت، بەس پێمان باشە ئەو وەڵامانە لەلایەن حکومەتەوە وەڵام بدرێتەوە، بۆیە ئێمە ئاراستەی ئەو پرسیارانەمان کردیە بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە لە هیچ لیژنەیەکی بەڕێزەوە، هیچ شتێك نەهات بۆمان تاکو دەرجی بکەین، دەربارەی تەفاسیلیش، کە تەفاسیل نەگەیشتووە بۆ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆئەوەی بەرچاو ڕوونی ئەگەر ڕێم پێ بدەی، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە ژمارەی نووسراوی 1861 لە 2012/2 نووسیویەتی بۆ گشت لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، بابەت حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011، بابەتەکە گەیشتووە بۆ هەموو لیژنەکان زیتر لە 40 لاپەڕەیەك وایە، ئەگەر نەگەیشت بێت وابزانم ئەو نووسراوە کافیە، بۆئەوەی گەیشت بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەبعەن سەرەتا زۆر دەست خۆشی لە هاوکارەکانم لە لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ راپۆرتەکە و تێبینیە وردو جوانەکانیان، حەتمەن ئەو قسەیەی کە کاك خورشید و کاك ئاراس کردیان، بەڕاستی دەبێت بە نەزەر ئیعتبار وەری بگرین، بۆئەوەی هەموو لیژنەکان راپۆرتیان لەسە حیساباتی خیتامی نەداوە، کە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت هەم لەسەر بودجەو هەم لەسەر حیساباتی خیتامی، لە پەیڕەو باسی هەردووکی پێکەوە دەکات، لیژنەکان دەبوایە راپۆرتی هەبا لەسەر ئەوەو بۆ لیژنەی داراییان بناردبا، بەڵام نازانم من تەنها داوا دەکەم دوای وەڵامەکانی حکومەت کە نووسراوە، لیژنەی دارایی وەڵامی چی دەبێت بۆ ئێرە، کۆبوونەوەیەکی تر دەکرێت، لیژنەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت، وەڵامی موقنعە بە وەڵامەکانی حکومەت یان نا؟ من پێم وایە ئەوە وەزیفەیەکە کە لیژنەکە بیکات، ئاوا تێ دەگەم لە حیساباتی خیتامی و، ئەوەندەش لام گرینگە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، حیسابی خیتامی ئەوەندە لای من مەبەستە کە چەند توانیویەتی لە ماوەی ئەمساڵەدا وردەکاریەکانی بودجە، کە لەم پەرلەمانە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و، پەسەند دەکرێت و، مشتومڕی لەسەر دەکرێت، چەند توانیویەتی ئەو بەرچاو ڕوونیە بگاتە پەرلەمان لەسەر جێبەجێ کردنی بەند بە بەندی ئەو یاسایە، یەعنی یاسایەکی مولزەمە بۆ حکومەت و، ئەگەر لە شوێنێکدا نەیتوانیوە جێبەجێی بکات بە هەر هۆکارێکەوە بووبێ، هۆکارێکی مەعقولە یان نامەعقولە، ئەوە دەکرێت دواتر قسەی لەسەر بکرێت، تەوزیح بدات بڵێ من لەو بوارە نەم توانیوە، لەم بوارە کورتم هێناوە،

لەو بوارە ئیشکالیەتم هەبووە، تەوزیح بدات بۆ پەرلەمان بۆئەوەی بـزانین چۆن چارەسـەری بکـەین، بۆیـە کۆمەڵێ خاڵ هەیە پێم وایـە ناڕۆشـنە، لـە حیسـاباتی خیتـامی، چـونکە مـن لێـرە داوا لـە وەزارەتـی دارایـی دەکەم، بۆئەوەی پەیوەندیەکی تەندروست بـە مانـا زانسـتیەکەی لـەنێوان پەرلـەمان و حکومەتـدا هـەبێت، لەڕاسـتیدا حکومـەت ئیکتیفـا بـەم کلێشـە مـردووە نـەکرێت، کـە لـە عیراقـەوە بۆمـان دێـت، خانـەکانی پـڕ دەکرێتەوە با ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلە لەسەر بەندەکانی بودجەکەو ماددەکـانی ئەوانـەی کـە عیلاقـەی بـە مالیەوە هەیە، ئەوە وەڵاممان بداتەوە یەعنی با بڵێین ڕاپـۆرتێکی تێروتەسـەل تـر بـۆ پەرلـەمان بنووسـێ، لەپاڵ ئەو کلێشەیەی بە عام کە هەموو ساڵێك بۆ پەرلەمان دێت، موتەبەعە با بڵێین لەم سیستەمی دانـانی بودجەو حیساباتی خیتامیە، ئەمە پڕکردنەوەی خانەکانە، بۆیە من لێرەدا یـەعنی پرسـیارەکانم ئاراسـتەی جەنابی وەزیر دەکەم، کە وەڵامی هەندێ مەسـەلە هەیـە بداتـەوە، کـە لـە یاسـای بودجـە هـاتووە، ئێمـە لـە ماددەی $3$ کۆمەڵێك داشکان کراوە لە کۆی بودجەی وەگەڕخستن داشکانی کراوە، لێرە بـە گـوێرەی حیسـابی خیتامی دەبینین نەك داشکان نەکراوە، بەڵکو داشکان لە وەبەرهێنان کراوە لە خزمەتی وەگەڕخسـتن دایـە، یەعنی با بڵێین لە تەشغیلی دا، بەڵام با ئێمە نەزەریەن ئەو داشکانەی کە لـە $10$٪ بڕیارمـان لەسـەری داوە لەو پەرلـەمانی کوردسـتان سـەیری بکـەین، وردی بکەینـەوە، بۆیـە وردکراوەتـەوە بـڕی $150$ بـۆ بـەردەوام بوونی هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە لە هەرێم، بڕی $300$ هەزار بۆئەوەی بخرێتە سـەر وەبـەرهێنان، کە ئەسڵەن بینیمـان کـورت کراوەتـەوە، لـە شـوێنێك باسـی $49$ دەکرێـت لـە $51$٪ ئیشـکالیەتێکە، ئەوەنـدە جێبەجێ کراوە لە بودجەی وەبەرهێنان و، بڕی $100$ ملیار بۆ پشتگیری پرۆژە خزمەتگوزاریـەکانی قـەزاو ناحیـە سـنووریەکان، بـۆ زیـان لێکـەوتووەکان، بـڕی $70$ ملیـار بـۆ پشـتگیری خزمـەتگوزارەکانی ناوچـە دابڕێنراوەکان، ئەمە مەجموعەیەك برە پەلەمانی کوردستان پەسەندی کـردووە، گفتوگـۆی لەسـەر کـردووە و، قەتعی کردووە لە وەگەڕخستنەکە، دەمەوێت جەنابی وەزیر بۆمان باس بکات ئەوانە چـەندی جێبـەجێ کراوە؟ ئەو بڕی $150$ ملیارە کە بۆ هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە چەندی لێ سەرف کراوە، چەندی لـێ سەرف نـەکراوە و، بـۆ؟ ئـەم وردەکاریانـە پـێم وایـە گرینگـە بـۆ پەرلـەمان، بۆئـەوەی ئێمـە لـە دانـانی سـاڵی داهاتوو بەر چاومان ڕوون بێت، لەوەی کە چ ڕێژەیەك دابنێین، ڕێژەکە زیاد بکەین، کورتی بکەینەوە؟ پێم وایە ئەوە خـاڵی گرینگـە، جـەنابی وەزیـر یـان حکومـەت وەڵامـان بداتـەوە، دیـارە مـن هـەر قسـەم لەسـەر یاسەکەیە، یاساکە لە ماددەی $26$ کە ئێمە کردوومانە بە عادەتێك هەموو ساڵێك بڕیاری لەسەر دەدەین، لە $10$٪ لە مووچەی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکانی، سـەرۆکی پەرلـەمان و جێگرەکـەی و سـکرتێر و ئەنـدامی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و..هتـد ئـەوە دەبڕێـت، ئـەم $10$٪ بـەگوێرەی ماددەی $27$ بڕیـاری لەسـەر دراوە بۆ سوودی سندووقی شەهیدان تەرخان بکرێت، من لە جەنابی وەزیر پرسیارێك دەکـەم لـە $2011$ و $2012$ ئەم پارەیە، ئەم ڕێژەیە چەندە و، ئایـا لـە سـندووقی شـەهیدان دانـدراوە، چـەندە لـەو سـندووقە ؟ ئەگەر دانـەنراوە هۆکاری دانـەنانی چیە؟ چونکە ئـەوە بڕیـاری پەرلەمانـە، ئەمـە جارێ یەکێکە بـابڵێین ئیشکالیەتە موزمنەکان، کە مەوزوعی هاوتا کردنی مووچەو دەرماڵەی هێزەکـانی پێشـمەرگەو زێرەڤـانی و

بەرگری و ..هتد لەگەڵ عیراقدا، دیارە هەندێکی کراوە و ئاگادارین، دیارە ئەوەی کە نەکراوە مەسەلەی پێشمەرگەیە و، بەشێکی تر لە هێزەکانی ناوخۆ ئەوە بۆچی؟ بڕیاری لەسەر دراوە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەلاَم سالاَنە ئەوە دووبارە دەبێتەوە، لە پرۆژەی یاسا دووبارەی دەکەینەوە، یەعنی حیکمەتەکە چیە لەوەی دووبارەی بکەینەوە؟ جێبەجێ ناکرێت با بزانین بۆ جێبەجێ ناکرێت، جەنابی وەزیر پێمان بڵێت بۆچی جێبەجێ ناکرێت؟ مەسەلەن خانەنشینی تەنانەت مووچەو دەرماڵەی کارمەندان، ئێ ئەمەش موشکیلەیەکی موزمنە بەردەوام هەموو ساڵێك بڕیاری لەسەر دەدات، حکومەتیش جێبەجێی ناکات، هۆی جێبەجێ نە کردنەکە چیە؟ پارە نیە، پسوولە نیە، کەمتەرخەمیە، چیە ئیشکالیەتەکە لە ڕاستیدا باس بکرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، حیسابی خیتامی دەبێت بەرچاو ڕوون بێت، بۆیە حیسابی خیتامی دەکەوێتە پێش بودجە، پەسەند کردنی بودجە بۆئەوەی ئێمە بزانین بۆ بودجەی داهاتوو چی بکەین، تێبینییەك دەمەوێت بیگرم لە کۆتایی قسەکانم، دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە ئەنجام نەدانی گواستنەوە لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ سەر بودجەی وەگەڕخستن، ئێمە هەموومان دەزانین ئێستا تەجاوزێکی زۆر کراوە، دیارە مەفروز وا بوو جەنابی وەزیری پلاندانانیش لێرە بێت، بۆئەوەی بزانین هۆکاری سەرف نەکردنی ئەو بودجە، تەقریبەن نیوەی بودجەی ئیستسماری بۆچی سەرف نەکراوە، هۆکارەکانی چین؟ کە ئێمە دەزانین ئەو پارەیەی کە لە بەغداوە دێت هیچ چاوەڕێی پەسەند کردنی بودجە ناکات، کە بڵێین بودجە لە مانگی شەشەوە لە پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێت و، شەش مانگی ڕۆیشتووە، ئێمە دەزانین ئەو شەش مانگەی پێش پەسەند کردنی بودجەوە پارەیەك لە بەغداوە دێت، یەعنی پسوولە نەقدیەکە لەبەر دەست دایە، بۆچی جێبەجێ ناکرێت؟ ئەوە وەزارەت وەلاَمی چیە بۆئەوەی بڕیاری پەرلەمانەو نابێت گواستنەوە بکرێت، گواستنەوەیان کردووە، نیوەی سەرف کراوە، ئەو نیوەی کە سەرف نەکراوە، لێرانە دەڵێت لە حاڵەتی خەرج نەکردنی ماددەی 33، پشتیوانیەك تەرخان کراوە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەمە دەبێت بخرێتە ناو حیسابێك بەناوی حیسابی جێبەجێ کردنی پرۆژە بەردەوامەکان، ئەم حیسابە کراوەتەوە هەیە پارەکە چەندە؟ چونکە حیسابی خیتامی لێرە پێمان ناڵێت، ئەوە دیارە خراوەتە ناوتەشغیلیەوەو سەرف کراوە، بۆ یە مەفروزە جەنابی وەزیر وەلاَمی وردەکاریەکانی یاساکە و، پێشێل کردنی ئەو گرینگانەی یاساکە بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش لەسەر جێبەجێ نەکردن و پێشێل نەکردنی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی ئەو یاسایەی بودجەی ساڵی 2012، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بەداخەوە ئێمە یاساکان دەردەکەین، بەلاَم هەم پەرلەمانیش، هەم حکومەتیش پێشێلی یاساکان دەکرێت، لە بودجەی ساڵی 2011

پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەند بووە لەسەر بڕی 13 تریلیۆن و ئەو کەسرەی کە هەبووە لەسەر بودجەکە، بەلاَم بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لەوە زیاتری خەرج کردووە، کە خۆی دەدات لە 14 تریلیۆن زیاتر، کە نزیکەی 44 ملیار زیاتری خەرج کردووە، ئەمە پابەند نەبوونە بە یاسای بودجەوە، خاڵێکی تر کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، دیارە من پشتیوانی خاڵەکانی مامۆستا فەرمان و ناسك خان دەکەم، کە ئاماژەیان پێدا من تیکراری ناکەمەوە، بەلاَم هەر ماددەیەکی تر لە ماددەکانی یاسای بودجەی ساڵی 2011، دابین کردنی بودجەی حزب و ڕێکخراوەکان بوو، بەداخەوە ئەوە لە هیچ شوێنێکی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێ نەداوە، ئەو پارەیە لەچی خەرج کراوە و، بڕیاریش بوو کە تەسفیەی ئەو بودجەیە بکرێت، بهێنرێتەوە باس بکرێت، هەرچەندە ئێمە لەکاتی خۆی داوامان کرد، کە بە یاسا بکرێت، دیارە ئێستا وەلاَمەکەی بەڕێز وەزیر دەڵێت ئەوە تەوافقی نیشتمانی دەبێت لەسەر بێت، بەلاَم ئێمە ئەوەیان ناڵێین، ئەوەیان دەڵێین ئایا ئەم بودجەیە لە کوێ دابین کرا، لە کوێ تەسفیە کراوە، بۆچی لەناو ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ نەدراوە؟ ماددەیەکی تر کە پێشێل دەکرێت هەموو کاتێك مەسەلەی دەستەکان و سەرۆکی دەستەکان و، یاخود مەسەلەی ڕاپۆرتی وەزارەتەکان لە بەڕێز وەزیری مالیە دەپرسم، ئایا حیسابی خیتامی وەزارەتەکان ڕاپۆرتەکانیان ناردووە بۆ وەزارەت؟ چونکە ئەوە یەکێك لە ماددەکان باسی ئەوە دەکات، ئەگەر بێت دوا بکەون لە ناردنی ئەو ڕاپۆرتانە، لە حیسابی خیتامی پێویست بە لێکۆڵینەوە دەکرێت، پێویست بەدواداچوون دەکرێت، ئایا ئەو لێکۆڵینەوانە کراوە، بەدواداچوونی بۆ کراوە؟ ماددەیەکی تر کە ئاماژەی پێ بدەم، کە پێشێل کراوە، من پرسیار لە سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری مالیەش دەکەم، لە ماددەی 35 کە باسی وەزارەتی پلاندانان دەکات، 4 مانگ جارێك لەسەر پرۆژەکان ڕاپۆرتێك بنێرێت ئایا ئەو ڕاپۆرتە تا ئێستا گەیشتووە بە پرۆژەکان؟ پرسیارێکی تر کە باسی بکەین مەسەلەی سندووقی خانەنشینیە، کە ئەوە لە ساڵانی پێشوو تر بڕیار بوو سندووقی خانەنشینی دابندرێت، مانگانە لە فەرمانبەرانی سنووری سلێمانیە 12٪ بڕا، لە سنووری پارێزگای هەولێر و دوکان 3٪ بڕاوە، ئایا ئەو پارەیەی کە پێش سندووقەکە کۆکراوەتەوە بڕاوە یان ئەو پارەیە لە کوێیە؟ بۆچی ئاماژەی پێنەداوە؟ بڕەکەشی چەندە؟ دیارە لەم ڕاپۆرتەدا کەموکوڕی زۆری هەیە و، ئاماژە بە کۆمەڵێك شتی تر نەدراوە، بۆیە تەسەور دەکەم برادەرەکانم ئاماژەی پێ بدەن، بەلاَم من یەك پرسیاری ترم هەیە لەسەر مەسەلەی خشتەی ژمارە 2، داواکارم ئێستا برادەران کۆی بکەنەوە، ئەو کۆ کردنەوەی کە لێرە هەیە، تەمویلی وەزارەتی دارایی عیراق بۆ ساڵی 2011، تەخسیسی وەزارەتی پەروەردەو و ناوخۆ داشکاندنەکەی ساڵی 2010، لە ساڵی 2011 کۆی بکەنەوە بزانە ئەو بڕە دەکات، یان فەرقێکی هەیە بە 595 ملیار دینار فەرقی هەیە، جا ئەمە وەزارەتی دارایی ئا لێرە بەو خەتە گەورەیەی نووسراوە ئەو فەرقەی هەبێت، دەبێت لە حیساباتەکانی تر چۆن بێت و، من داوای ئەوە دەکەم ئێستا ئەو کۆکردنەوەی بکەن، ئایا من هەڵەم و ڕاستیەکەی چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانم لەسەر حیساباتی خیتامی وێڕای هاوڕا بوونم لەگەڵ برایانی لیژنەی دارایی، بەس کۆمەڵێك تێبینیم هەیە، یەکەم دیارە فەلسەفەی حیساباتی خیتامی دەرخستنی ئیلتزامی حکومەتە، بەو یاسایەی کە دەرکرا سەلاحیەتی پێدرا لەسەر سەرفی ئەمساڵ، یان با بڵێین ئەمساڵەی 2011 دەرخستنی ڕادەی ئیلتزامی حکومەتە بە پرۆژە یاسای بودجە، کە کار بە یاسا لە 2011، چەندێك ئیلتزامی کردووە حکومەت لە پلانە ئابووریەکەی خۆی، چەندێك ئیلتزامی کردووە بەو خەرجیانەی کە دیاری کردووە؟ ئەوەی لەو فۆڕمە دەیبینیت کە لە دەرخستەکانی دەیبینیت نائیلتزاaمی و بێ ئیلتزامی حکومەت بە خودی پلانە ئابووریەکەی خۆی و، بە خودی ئەو خەرجیانەی کە دیاری کردووە و، سەلاحیەتی سەرفمان پێدا لە پەرلەمانی کوردستان، بێ ئیلتزامی پێوە دیارە هەر لە عەجزەکەوە زیاد لەوەی کە خۆی پلانی داڕشتووە، هەموو ئەوانە زیادن لەهەمان کاتدا، لە کوردستاندا کارەساتێکی لەو جۆرە نەقەوماوە ببێتە مایەی ئەوەی ڕادەی خەرج کردن لە سنووری خۆی دەربچێت، خاڵێکی تر ئەم فۆڕمی حیساباتی خیتامیە فۆڕمێك نیە بۆ ڕوونکردنەوەو ئاشکرا کردنی خەرجی، هەندێك فۆڕم دەتوانم بڵێم بۆ حەشاراداان، ئێستا مەسەلەن تواناسازی پارەی بۆ تەرخانکرا بۆ پرۆژە یاسای بودجەی 2011، لەم حیساباتی خیتامیە ڕوونی نەکردووەتەوە، دیار نیە ئەو پارەی تواناسازیە چۆن خەرج کراوە، حیساباتی چۆنە؟ لە بودجەی 2011 ئێمە بۆ وەبەرهێنان پارەمان تەرخان کردووە 4 تریلیۆن و 700 ملیار دینارە، لەلای خۆی ئیعتیراف دەکات لە 49٪ سەرف بووە، بەڵام لەو حیساباتە خیتامیە ڕوونی نەکردووەتەوە، ئەو لە 51٪یە کامە پرۆژەیە دروست نەبووە؟ چونکە لە 51٪ کە وەفدێك جێبەجێ ناکرێت پارەکەی تەحویل دەکەیتە شوێنێ ترەوە، کام مەکتەبە، کام خەستەخانەیە، کام پرۆژەیە؟ کە بونیات نەنرا لە 51٪ بۆی، بۆیە ئێمە ئەمساڵ و لە ساڵی داهاتوو قسەی تری لەسەر بکەین، جا حکومەتێك نەتوانێت لە 51٪ی بودجەی خۆی سەرف بکات لە وەبەرهێناندا، لەسەر ئەساسی چی تۆ دێیت ساڵێکی تر داوای ئەوە دەکەی یان لەوە زیاتریش داوا دەکەی، لەبەرئەوە ئەم فۆڕمە لەڕاستیدا ڕوونکردنەوەی پێوە دیار نیە، شەفافیەتی پێوە دیار نیە، ڕوونی ناکاتەوە بۆمان هەتا یەکێك لە هۆکارەکانی لیژنەکان نەیان توانی راپۆرت بنووسن لەسەر ئەم حساباتە خیتامیە، بە نموونە من لە لیژنەی ناوخۆش ئەندامم، لە لیژنەی ناوخۆ ئەو پارە تەخسیس کراوانەی بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخان کراوە لێرە، کە بە ژمارە ترلیۆنێك و 441 ملیار و کەسرێکە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لەناو ئەو حیساباتە خیتامیە ئەو وردەکاریەی تێدانیە، بزانم وەزارەتی ناوخۆ ئەم پارانەی لەسەر چی سەرف کرد؟ یەعنی ناتوانێت هیچ لیژنەیەکی دیاریکراو لەناو لیژنەکاندا، ئەگەر زۆر خەبیر نەبیت لەم مەوزوعە، ناتوانێت دەری بخات لەناو حیساباتی خیتامیە، وەزارەتی پەیوەندیدار کە ساڵێکە وەکو لیژنەی ناوخۆ سەرپەرشتی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەنجومەنەکان و، لەگەڵ ئاسایشدا دەکەین، لێرە بۆت دەرناکەوێت بزانین ئەو پارەی بۆ تەرخان کردوون چۆنیان سەرف کردووە؟ بۆیە دەڵێم ئەم فۆڕمە، ئەم کلێشەیە،

کلێشەیەکە شەفافیەت نادات بەدەستەوە و، بۆ ئێمە لە برِی ئەوەی ڕوونکردنەومان بداتێ، وەلاَمەمان بداتێ بە پێچەوانەوە تەسائولی ترمان بۆ دروست دەکات، بەردەوام حکومەت لە کاتی ئیقراری بودجە ئەو پرسیارنەی کە دەکرێن بۆ حیساباتی خیتامی، لە حیساباتی خیتامی نەك پرسیارەکەی وەلاَم نەدایتەوە، بەڵکو پرسیاری تریشی بەدوای خۆی هێنا، هەتا لیژنەی دارایش بۆ خۆی ئەگەر سەیری کۆنووسەکەی دەکەی، خۆی هەر تەسائولاتی بۆ دروست بووە، لیژنەی دارایی تەسائول دەکات ئەمە بۆ وا؟ ئەویش جوابی لا نیە، بەنیسبەت ئەو حیساباتە خیتامیە لەڕاستیدا دکتۆر ئاراس ئاماژەیەکی دا، ڕاستە ئیشی لیژنەی دارایی نیە دەوری دیوانی چاودێری ببینێت لە تەدقیق و تەسدیقی ئەوە، نەدەبوو ئێمە وەکو لیژنەی دارایی ئەوە نە تەدقیق بکەین، نە تەسدیق بکەین و، نە راپۆرتەی لەسە بنووسین هەتا چاودێر نەیەت خۆی تەدقیق و تەسدیقی نەکات، دیوانی چاودێری وەزیفەی چیە لەڕاستیدا، وەزیفەی تەسدیق کردنی ئەم تەقاریرانەیە، ئەم راپۆرتانەیە کە لەسەر چۆنیەتی سەرفی بودجەو، چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ داهاتی ئەو میللەتە کراوە، لە بودجە ئێمە لە ساڵی 2011، 13 تریلیۆن و 950 ملیار و 670 ملیۆن دینار موسادەقەمان کرد لە هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستان، ئێستا سەرفی فیعلی 14 تریلیۆن و 390 ملیار و 227 ملیارو حکومەت چوار سەدو چل ملیار زیادە ڕەوی کردووە لە خەرجیا، لە عجزە موخەتەتەکەی، ترلیۆنێك و پێنج سەد و شەست و چوار ملیار دینارە، کۆی ئەمانە چوار سەدو چل تەجاوزە، لەگەڵ عجزە موخەتەتەکەی خۆیا ئەکاتە دوو ترلیۆن و شتێك، بەلاَم لە بودجەی 2012 کە لەم پەرلەمانە ئیقرار کرا، ئەمە تەحویل نەبووە وەکو قەرز، لە مودەوەری 2012 لە 2011 مودەوەر بووبێ بە دەوریدا، ئەم ڕەقەمە نیە، ئێمە بودجەمان لەبەر دەستدایە لێرەش ئیقرارمان کردووە، لەم پەرلەمانە ئەم ڕەقەمە بوونی نیە، خەملاَندنی هەڵە، یەعنی خەملاَندن بە ڕێژە ڕاستە، هەموو بودجەی عالەم، تەخمینیە، بەس تەخمینی نابێ ڕێژەی دوورو نزیکیەکەی بەرامبەر بێ، یان سێ بەرامبەر بێ، ئێمە لە خەملاَندندا هاتینە چوار سەد ملیار دینار لە بودجەی 2011 خەملاَندمان لەم پەرلەمانە، ئێستا حکومەت لە حیساباتی خیتامی بەمن ئەڵێ چی، ترلیۆنێك و سەدو سی و یەك ملیار و هەشت سەدو حەفتاو حەفت ملیۆن دینار داهاتی ناوخۆ بووە، واتە سێ بەرامبەرە، خەملاَندنەکە، هەر خودی ئەم خەملاَندنە پرسیار ئەخاتە سەر ئەم حیساباتە خیتامیە، چونکە تەدقیق نەکراوە لە ڕاستی، تەسدیقیش نەکراوە لە لایەن موئەسەساتی موختەس لە ڕەقابەی مالی لەسەر ئێمە، هەر خودی ئەم خەملاَندنە دیسان بۆ ئێمە پرسیاری تر دروست ئەکاتەوە، پرسیاریش ئەخاتە سەر حیساباتی خیتامیەوە، داهاتی کارەبا لەگەڵ پترۆ دۆلار لەگەڵ خاڵە سنووریەکان کە لە 2011، 151 ملیار دینار کارەبا خەملێنرا، پترۆدۆلار 350 ملیار دینار خەملێنرا، خاڵە سنووریەکان 305 ملیار دینار خەملێنرا، هیچ کام لەمانە لە حیساباتی خیتامی ئاماژەی پێ نەکراوە، ئاماژە بەمانە نەکراوە، ئینجا 200 ملیارمان تەخمین کرد بۆ ڕێکخراو و ئەحزاب، لەناو ئەو حیساباتی خیتامی یە ئاماژەی پێ نەکراوە، لەسەر چ ئەساسێك سەرف بووە، پێوەرەکانی چین و بەکێ دراوە؟، ئەویش یەکێکە لەخاڵە شاراوەکان، ڕاستەوخۆ سەرف کردنەوەی داهات،

خۆی پەرلەمان سەلاحیەتی سەرف کردنی پارە دەدات بە حکومەت، لە ڕێگەی قانونی بودجەوە ئەیدات، کۆمەڵێك داهات کە زیادی کردووە، حکومەت ڕاستەوخۆ ئەو سەلاحیەتەی بەخۆی داوەتەوە، سەرفی کردۆتەوە بۆ موئەسەسە موعەنیەکان، یەعنی بۆ شارەوانیەکان، نزیکەی نیو ترلیۆنی سەرف کردۆتەوە، یەعنی بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شارەوانیەکانەوە، نزیکەی 500 ملیار دینار سەرف کراوەتەوە لە بودجە، یەعنی ئەم سەلاحیەتە دراوەتەوە، حکومەت خۆی ڕاستەوخۆ سەرفی کردۆتەوە، فڕۆکەخانەو بانکەکان لە هەموو دونیا موئەسەساتی ئیستیسمارین، یەعنی موئەسەساتی ئیستیهلاکی نین، بانك خۆی موئەسەسەیەکی ئیستیسماریە، کەچی لە بانك بۆ ئێمە، لە بری ئەوە 39 ملیار و دوو سەدو شەست و پێنج ملیۆن دینارمان بۆ تەرخان کردووە، داهاتیانە، بەڵام نەوەت و یەك ملیارو نۆسەد و حەفتاو پێنج ملیۆن دیناری سەرف کردووە، خۆشی بۆخۆشی سەرفی کردۆتەوە لە عەینی کات، فڕۆکەخانەکانیش هەروەها بەهەمان شێوە، ئێمە هاتووین لەبری هەموو ئەوانە جارێکی تر سەرفی ئیزافیمان داوەتەوە بەخۆیان، لە 2012 ئێمە بۆ فڕۆکەخانەکان تەرخانمان کردۆتەوە، شەست و شەش ملیارو دوو سەدو سی و پێنج ملیۆنمان بۆ تەرخان کردوو، واتە 42مان کردووە بە 66، لەسەر ئەساسی چی ئەم بیست و دوو ملیار دینارە یەعنی لە بەرکاربردنا تۆزێك ئیزافە ئەکرێ، یەعنی ئەوەندە ئیزافە ئەکرێ، ئەوەندە مینەح و سیانە زۆر ئەبێ، هەموو ئەوانە جێگەی پرسیارن کە دەبوو لەناو ئەم حیساباتە ختامیانە ئەوانە ڕوون بوایە، لەبارەی نەوتەوە، تەبیعی قسە لەسەر نەوت زۆرە، من جارێکی تر ئەیڵێمەوە بەداخەوە، هەموو ئەو پرسیارانەی لەسەر نەوت لە بودجە کردمان، هەمان پرسیار لێرە دووبارە ئەبێتەوە، هەمان پرسیار، یەعنی ئەگەر سەیری بکەی تەخمیناتی نەوت، نەوت فرۆشی لەناو ئەم بودجە سفرە، هیچی ئاماژەی پێ نەکراوە، بۆچی؟، یەعنی خۆ نەوت بەسەر باڵی جنۆکە ناڕوات، ئەمە قانونی عیراقی هەیە، عیراق ئاگادارە، عیراق تەخمیناتی خۆی ئەکات، عیراق ئەرقام بڵاو ئەکاتەوە، هەموو ئەوانە نەوت جارێکی تر کە سەیری ئەکەیتەوە سفرە، یەك ڕەقەمی تر لەناو ئەو حیساباتی ختامیە، نووسراوە ئیجاری ئەسواق و محەلات، واتە ئەو محەل و بازاڕانەی حکومەت داویەتی بەکرێ، داهاتەکەی چەندە؟، چوار سەدو هەشتا ملیۆن دینارە، بەهەموو ئەوانەی کە حکومەتی هەرێم هەیەتی، ئەگەر بەس حانوتی فوتابخانەکان تەخمین بکەی هەزار فوتابخانە دابنێی بە ئیعدادی و بە ئیبتیدائی و بە ڕەوزەکانەوە، یەکی یەك ملیۆن دینار دابنێی بۆ تەخمینی ساڵانەیان ملیارێ دینار دەکات، نەوەت چوار سەدو هەشتا ملیۆن، بێجگە لە بازاڕو حیساباتی تری مالی، کە ئەم حیساباتە ختامیە لەبری ئەوەی تەوزیحم بداتێ، ئیشکالی تر دروست ئەکات بۆ هاووڵاتیان، مووچەی خانەنشینی سندوقی خانەنشینی پرسیارێکی ترە لەناو حیساباتی ختامی، ئێمە کاتی خۆی پرسیارمان کرد، ئەم سندوقە ئەچێ بۆ کوێ؟، حکومەت وەڵامی داینەوە لەحیساباتی ختامی دەرئەکەوێ، لەحیساباتی ختامی لەبودجەی گشتی کە ئێمە تەرخانمان کردووە، حکومەت، بۆتەقاعودی مەدەنی، چوارسەدو هەشتاو حەوت ملیاو چوارسەدو سێ ملیۆن دیناری سەرف کردووە، بەپێی ئەوەی لەناو حیساباتی ختامی هاتووە، بۆ تەقاعودی عەسکەری شەش سەدو یەك ملیارو نۆسەدو پەنجاو دوو ملیۆن

دینـاری سـەرف کـردووە، بـەپێی ئـەوەی لـە حیسـاباتی خیتـامی هـاتووە، بێجگە لەموکافەئـە، موکافەئـەی تەقاعودی مەدەنی، نۆملیارو سێ سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دیناری سەرف کردووە، موکافەئـەی تـەقاعودی سـەبازی چـوار ملیـارو هەشـت سـەدو چـل و حـەوت ملیـۆن دینـاری سـەرف کـردووە، باشـە ئیسـتیقتاعاتی تەقاعودی کە ئەبڕدرێت لە مەواتن کە شـەش سـەدو پـەنجا هـەزار موەزەفمـان هەیـە، ئەچـێ بـۆ کـوێ؟، لـە زمنـی داهـات حیسـابی بـۆ نـەکراوە، لـە بودجـەی گشـتیدا تـەقاعودین پارەیـان بـۆ سـەرف ئـەکرێ، بـەڵام داهاتەکـەی لێـرە بـوونی نیـە، بەنیسـبەتی زیـاد کردنـی مووچـە، تـەعویزاتی مـوەزەفین بەخانەنشـینیەوە، تەبیعی ئێمە لە 2011 لـە بودجـەی 2011 ئیقرارمـان کـرد پێـنج ترلیـۆن و نۆسـەدو پـەنجاو نـۆ ملیـارو سەدو چل و یەك ملیۆن دینار وەکو تەعویزاتی موەزەفین بۆ مووچەی فەرمانبەران، تەبیعی خانەنشینیشی تیایە، چونکە لەحیساباتە خیتامیەکەش خانەنشینی تیایە، بەڵام ئەوەی کـە خـەرج کـراوە هـەر لـە 2011 شەش ترلیۆن و نۆسەدو هەشتاو دوو ملیار ونۆسەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دینارە، واتە زیـاتر لـە ترلیۆنێـك لە تەعویزاتی موەزەفین زیاد کراوە، لە عەینی کات ئێمە فەرمانبەران لەتەخسیساتی مـالی بـۆ کرابـوو، ئـەو فەرمانبەرە تازانەی کە ئیزافە بوو بوو، ئەو خەملاّندنە پێنج ترلیۆن و نۆسـەدو پـەنجاو نـۆ ملیارەکـە کـە خەملێنرابوو، حیسابی تەرفیع و عەلاوەوە، زەوجیەو هەموو ئەوانە کرابوو، ئەو موەزەفانەی کە هەن، ئـەو حیسابەی ئیستیحداسی میلاکی تازە کرابوو، ئەم ترلیۆن زیادە کەکراوە بە شەش ترلیۆن و نۆسەدو هەشتاو دوو ملیارە، دیارە لەکوێوە هات!، ئەمە ڕێژەی خانەنشین زیاد کردنە، ئەوە یەکێکە لـە هەڵـەکان کـە ئـەکرێ لەسـەر بودجـەی بـەردەوام سـاڵ بەسـاڵ زیـاد ئـەکرێ، ئیسـتیخدامی قانونـە بەشـێوەی هەڵـە، قـانونی خانەنشـینی، خـەڵکێك خانەنشـین ئـەکرێ کـە شـایەنی نیـە، لەسـەر بـەس تـەعویزاتی مـوەزەفین زیـاد لەترلیۆنێك ئیزافەکراوە، من یەك پرسیاری تر ئەکەم، بۆ جل و بەرگ من حەزم ئەکرد کاك اسماعیل لێرە بوایە، کاك اسماعیل مەسئولی لیژنەی ناوخۆ، چونکە پێکەوە چوین بۆ دەڤـەری چەمچەماڵ لەگـەڵ مـودیر ناحیەو قائیمقام و دەزگاکانی شورتەو ئەوانـە کۆبوونـەوەمان کـردووە، جل و بـەرگ یـانزە ملیـارو حـەوت سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دینار دانراوە بۆ جل و بـەرگ، کەچی ئەچـیتە شـوێنەکان هـاوار ئەکـەن ئـەڵێن جل و بەرگمان بۆ ناکڕن، ئەوانەی لیژنەی نـاوخۆ پێکـەوە بـووین هـەموومان، لـە شـوێنەکان ئـەڵێین ئێمـە وەکو شورتە تەقریرمان بۆ ئەنووسن جل بکڕن، جلی هاوینە بکڕن، جلی زستانە بکڕن، بەڵام پارەکەمان بۆ سەرف ناکەن، ئەی باشە ئەگەر ئەوان لەوێ هاواریانە بەدەست سەرف نەکردنی پارەوە، خۆ ئەوانە مەیدانی وتوویانە نەوەك بڵێم ئەوە قسەی من نیە تەخمینم کردبـێ، لیژنـەی نـاوخۆ بەیەکـەوە چـوین لـە دەڤـەری ڕاپـەڕین، لەگـەڵ هـەموو دام و دەزگاکـانی سـەربە وەزارەتـی نـاوخۆ دانیشـتین، لەدەڤـەری چەمچـەماڵ دانیشتووین، ئەوان هاواریانە بەدەست ئـەوەی کـە جلیـان بـۆ نـاکڕێ، بـەڵام لێـرەش تـەخمیناتی بـۆ کـراوەو حیسابی بۆ کراوە، زانیاری هەڵە بەراوردێك لەنێوان تەقریری شەش مانگی و لەگەڵ ئەوەی کە لە بودجەی ساڵی 2012، بەعزێکیشی لەگەڵ ئـەم حیسـاباتە خیتامیـەی کـە ئێسـتا لەبـەردەممان دایـە، بـۆ کرێـی ئـاو حکومەت ئەڵێ چی؟، بۆ ساڵی 2012 کە شەش مانگی یەکەمی بۆ دیاری کـردووین، شـەش مـانگی یەکـەمی

خەرجی بۆ دیاری کردووە، نووسیویەتی بڕی شەش سەدو حەفتاو یەك ملیۆن دیناری خەرج کردووە، بەڵام لەحیساباتی خیتامی 2011 ئەم فۆرمەی کە بۆ ئێمە هاتووە، بڕی پێنج سەدو سی و سێ ملیۆن، واتە حکومەت لە شەش مانگی یەکەم لە بودجەی 2012 بە ئێمەی وتووە شەش سەدو ئەوەندەم سەرف کردووە، بەس لە حیساباتی خیتامی ئەڵێت پێنج سەدو سی و سێ ملیۆنم خەرج کردووە، واتە حەفتاو یەك ملیۆن دینار فەرقی هەیە، ئەم زانیاریە هەڵەیە مەعقولە لە شەش مانگ زیاتر لە ساڵێك سەرف بکەیت، بۆ جل و بەرگی فەرمانبەران، لە شەش مانگی یەکەم لەبودجەی 2012 دەڵێ ملیارێك و سەدو حەفتاو هەشت ملیۆنم خەرج کردووە، بەس لەم حیساباتە خیتامیە دەڵێت پەنجاو چوار ملیۆنە، باشە ئەمە چی، ئەم خەلەلە لە زانیاریا خۆ ئەمە داتایە، ڕەقەمە، خۆ ئەمە هی من نیە ئەوە، بۆ سووتەمەنی لە شەش مانگی یەکەمی 2011 دەڵێت حەفتاو یەك ملیارو دوو سەدو نەوەت و پێنج ملیۆن دینارم خەرج کردووە، لە ڕاپۆرتەکەی شەش مانگیدا دەڵێت سێ سەدو شەست و نۆ ملیارو پێنج سەدو چل ملیۆن دینارم خەرج کردووە، ئەم ڕەقەمانە حەفتاو یەك لەکوێ سێ سەدو شەست و یەك لەکوێ، هەر بۆ شەش مانگ، ئەمە لە دوایی حیساباتی تری بۆ ئیزافە بووە، یان سەرفی تری بۆ ئیزافە بووە، یان سولفات حیسابی ترم بۆ کردوو، هیچ کامێکیان ڕەبتی بەمە نیە، بۆ پەڕاوگە لە 2012 شەش مانگی یەکەمی 2011 معەرز کردووە، چوار ملیارو شەش سەدو سیانزە ملیۆن دینارە، لەڕاپۆرتی هەمان شەش مانگ، دەڵێت شەش ملیارو نۆسەدو سی و یەك ملیارە، یەعنی دوو ملیاری فەرقە، ئەم هەموو زانیاریە هەڵانە لەکوێوە هاتووە؟، هەروەها لە مەجالی خۆرك و لەو بابەتانە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

د.صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕایی دەست خۆشی لە لیژنەی بەڕێزی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو کۆنووسەی کە پێشکەشیان کردووین، تەبعەن ئەڵێم کۆنووس، چونکە خۆیان نووسیویانە کۆنووس، نەیان نووسیوە ڕاپۆرت، قاعیدەیەکیشمان هەیە(الوصف في الحاضر لە)یەعنی خۆی دەڵێت کە ئەمە کۆنووسە، بەس حیسابی ڕاپۆرتی بۆ بکەین، ڕاپۆرتەکەیان فیعلەن ماندوو بوونی پێوە دیارە، دەست خۆشیان لێ دەکەم، هیوادارم سەرکەوتوو بن، بەڵام ئەم حیساباتی خیتامیەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە، بەڕاستی هەندێ کەم و کورتی بنەڕەتی و ڕیشەیی تێدایە، یەکێکیان ئەوەیە لەکاتی یاسایی خۆیدا نەهاتووە، کە ئەمە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، ئەمە بەڕاستی ڕەخنەیەکە ئاراستەی لایەنە مەعنیەکانی دارایی لە هەرێمی کوردستان دەبن، بەشێکیشی ئەگەڕێتەوە بۆ کارا نەبوون و چالاك نەبوونی دیوانی چاودێری دارایی، کە بەڕاستی

ئەمە موناسەبەیەکە کە ئێمە تەئکید و داکۆکی لەسەر بکەینەوە، کە تەشکیل بکرێ، تەفعیل بکرێ فیعلەن، ژمێـری کۆتـایی یـان حیسـاباتی خیتـامی، لـە ڕاسـتی دوو دەور دەبینـێ، یەکـەمیان تـا چـەند حکومـەت پابەندبووە بە یاسای بودجەی ئەو ساڵەوە، دووهەمینیشیان ئەوەیە تا چەند دەتوانین لە ڕوانگەی ژمێـری کۆتاییەوە بناغە دابنێین بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو، بەلاّم کاتێك ئەم دوو کارە جێبـەجێ دەبـێ، کاتێـك کـە ئەم دوو عەمەلیەیە بەرگی هیـوا لەبـەر دەکـات، کـە فیعلـەن ئێمـە ژمێرەیـەکی کۆتـایی وردو وردکراوەمـان هەبێ، زانیاریەکانی بە تەواوەتی تێدابێ، زانیاریەکان موتەتابق بن، یەعنی لەنێوان ئەو ئەڵقـە جیاوازانـەی کە لە ئارادا هەن، ئەوەی کە من ڕەچاوم کـرد لـە ژمێـرەی کۆتـایی، سـاڵی 2011 دا، یەکـەم وەکـو پێویسـت وردەکـاری تیـا نیـە، ورد نەکراوەتـەوە، جوزئیـات نـازانین، سـێکتەر و بەشـە جیاوازەکـانی لـە وەزارەتـە جیاوازەکان ڕوون نین، تەنانەت لیژنەکانیش نەیانتوانی کە فیعلەن بزانن، وەزارەتی پەیوەندیدار چۆن ئەو بودجەی خۆی سەرف کردووە، بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، لەسەر ژمێرەی کۆتایی دەکرا لەباتی پرسـیار کردن، هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتنی لەخۆی بگرتایە، لەو زمانە گێڕانەوەیـە نـەجاتمان ببـێ، بـەپێی ئـەو ڕاپۆرتەش بێ بەڕاستی زۆر لە پرسیارەکان هێشتا قائیمن، یەعنی پرسیار ئاراستەی حکومەت دەبێ، کـەمن نامەوێ تیکراری بکەمەوە، هەرچەند جەنابی وەزیر وەلاّمی هەندێکیانی دایـەوە، بـەلاّم هێشـتا زۆریـان بـێ وەلاّمن، لە ڕوانگەی ئەم خالاّنەوە کە من ناچمە ناو ئەرقامەوە، چونکە ئـەوە کـاری موختەسـینە بەڕاسـتی، لەبەر نەبوونی شەفافیەتی پێویست، لەبەر نەبوونی وردەکاری پێویست، لەبەر نـەبوونی تـەتابوق لەبـەینی داتاکاندا، من داواکارم ئەم ژمێـرەی کۆتاییـە بـەم شـێوەی ئێسـتا پەسـەند نـەکرێت، کـە بگەڕێندرێتـەوە بـۆ حکومەت بۆ چارەسەری کەم و کورتیەکانی، پێش هەمووشی داواکارم کە دیوانی چاودێری دارایـی بەڕاسـتی تەفعیل و تەشکیل بکرێ، بـۆ ئـەوەی ئـەم ئەمانەتـە گەورەیـە کـە مەسـەلەی موڵك و سامان و دارایـی ئـەم میللەتەیە بەشێوەیەکی پێویست ئەدابکرێ و بگەیەندرێتە شوێنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی ئەکەم، وەکو هەموومان ئەزانین فیعلەن چاودێری دارایی لێرە وجـودی زۆر زەرورو بوو، جەنابی وەزیر خۆشی زۆر تەئکید ئەکاتـە سـەر ئـەوە، مـن نـازانم ئێمـە ئـەو هـەموو مانگەیـە هەردووکی هەمانە، لەهەردوو پارێزگاکە ئێستا لە ئیشن، هەر بەبیانووی ئـەوەی کـە سـەرۆکەکە دانـەنراوە، بەڕەئی ئێمە ئەو وردەکاریانە بابکرێت، ئـیتر چـۆن بـەرز دەکرێتـەوە بـۆ پەرلـەمان، ئـەوە ئـەبێ بـەڕێزتان خۆتان چارەسـەری بکـەن، چـونکە ئێمـە هـەتاوەکو وا بـڕوات، مەجموعەیـەیێ موەزەفمـان هەیـە دانشـتوون ئیشیان نیە، ئیختیساسیشن لەو شـتە، ئـەرکێکی زۆر لەهـەموو لایـەك، پەرلـەمانتاریش موختـەس نیـە لـەو

شته بەڕاستی، یەعنی بەوە دەرئەکەوێت، کە پەرلەمانتار دابنیشێ بڵێ، کە شەش مانگەکە ئەزانی تەخمینیە بەراورد بکات لەگەڵ کۆتاییەکە، ئەمە بەداخەوە نابێ بەم شێوەیە بێ، بەنیسبەت من یەك شت ئەڵێم لەسەر داهات، کە لیژنەکەمان بۆ دانوستان چۆتە بەغدا، یەکێك لە ئەندامەکانی شتێکی زۆر سەیری باس کرد، وتی ڕاوێژکارێکی بەڕێز مایکی دەمی ڕووی کردۆتە هەموویان وتوویەتی ئێوە گومرگەکانتان هەمووی بۆخۆتانە، هیچ داهاتێکتان شەفاف نیە، پێش ئەوەی کوردەکان وەفدەکە جواب بدەنەوە، وەزیری مالیە خۆی، وەزیری مالیە خۆی پێی وتووە وتوویەتی ئەو مەعلوماتە غەڵەتە، من وەزیری مالیەم نەوەك تۆ، ئەو داهاتەی کە لە گومرگی کوردستانەوە دێت، هیچ نیە بەنیسبەت بەسرەو، موحافەزەی واست و ئەوانە، لە 70٪ی داهاتی گومرگی هەموو عیراقە، ئەمە خۆی شایەتێکە کە ئێمە بەو شێوەیە با تۆزێك بەراورد بکەین لەگەڵ عیراق، بزانین لەوێ چ باسەو ئێمە چۆنین، بەنیسبەت وەلامێك بۆ وەزیری دارایی بەڕێز لەسەر بودجەی ئیستیسماری، بەڕێزیان ئاماژە بەوە ئەکەن کە ئێمە هیچ سولفەیەکمان دوا نەخستووە، بەڵێ ڕاستە، بەلام من ئەڵێم ئێمە کە لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە، لەگەڵ وەزیری شارەوانی دانیشتین، موعاناتێکی زۆریان هەیە، لەسەر ئەو ڕێنماییانەی کەلەوەزارەتی دارایی دەرئەچێت بۆ جێبەجێ کردنی یاسای بودجەی سالانە، من تکام وایە کە بەو شێوە تەقلیدیە جارێکی تر ئەو ڕێنماییانە دەرنەکرێ، وەزیری پلان دانان ئەبێ موشارەکە بکرێ، چونکە ئێمە لە هەموو ساڵێکی یاساکە، ئەڵێین هەردوو وەزیری دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزیری پلان دانان ئەبێ ڕێنمایی پێویست دەربکەن، بەلام هیچ جێی دەستی پلان دانان نابینین، چونکە زۆر شت هەیە لەو ماددانەی کە لە ڕێنماییەکان دەرئەچێت، سەیر ئەکەی بەپێی گرێبەستەکان کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، ئەو تەعلیماتەی لە وەزارەتی مالیە دەرئەچێت، ئەبێ بە ڕێ گرێك کەئەوان نەتوانن لەماوەی خۆیان ئیشەکان لە تەندەر و لەوانە جێبەجێ بکەن، بەنیسبەت یەکێك لەموعاناتەکانیان، بەڕاستی کەمن نامەوێ زۆر درێژەی پێ بدەم، لە پێوانەی کۆتاییدایە، تکا ئەکەم لە بەڕێز وەزیری دارایی و جێگرەکەی، ئەوان ئەڵێن بەپێی گشتاندنی وەزارەتی دارایی، ئەبێ پێوانەی کۆتایی تەبعەن بچێتەوە وەزارەتی دارایی و گشت کۆپی ڕەسەن و فۆتۆکۆپی لەگەڵدابێ، هیچ سنوورێکی بۆ دیاری نەکردووە، واتە بۆ پێوانەی کۆتایی گشت ژمارەی پرۆژەکان دەبێ بچێتەوە وەزارەتی دارایی، بەپێی ئەم مەرجانەی دیاری کراوە، ئەمە پراکتیکی نیە، دەبێتە هۆی دواکەوتن، بۆیە زۆرجار ڕێژەی ئەنجامدانی تەکنیکی کە لە 100٪ە، هەموو جەداول دێتە لای ئێمە، چەند مانگی پێ دەچێت، نووسراوە ڕێژەی ئەنجامدانی تەکنیکی لە 100٪ە، بەلام سەیر ئەکەی لەدارایی پارەکەیان نەداوەتێ، ماوەیەکی زۆر ئەمێنێتەوە، ڕێژەی ئەنجامدانی دارایی ناگۆڕێت، بۆیە پێویستە چارەسەرێ بۆ ئەو گرفتە بدۆزرێتەوە، پێوانەی کۆتایی، خەرج کردنی سنووردار بکرێ، بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە سنووری پارێزگا، لە وەزارەتەکان تا سنوورێکی بالاَ تر، دوای ئەو سنوورانە بچێتە وەزارەتی دارایی، تا ئەو قورساییە لەسەر وەزارەتی دارایی نەمێنێت، پێشنیاریشیان ئەوەیە بۆ ئەو سنوورە بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان، تا سنووری 500 ملیۆن بێ، هیچ نەبێ پرۆژە بچووکەکان زوو پاڵی پێوەبندرێت، ئەو ڕێژەیەی کە ئێمە ئەڵێین

49٪یـە، بـاوەڕ بکـەن زۆری پـرۆژەکـان تـەواو بـووە، بـەڵام پێوانـەی کۆتـایی دارایـی موافەقـەتی لەسـەر نەکردووە، هەم دیسان ئەکەوێتە ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تێبینـی یەکـەمم بەڕاسـتی ئـەو گلـەیی و گازنـدەیـە لـە بەرپرسـانی وەزاتـی دارایـی کـە هەشـت کەسـی تایبەتمەنـد ڕاپۆرتەکـەیان واژوو کـردووە، مەسـەلەی سـیانزە ترلیۆنەکـە لـە ڕاپۆرتەکـە نووسـراوە کـە لـە بەغداوە موافەقەت کراوە، بەڵام لە ئەسلاً هی پەرلەمانی کوردستانە کە ئەوە بەڕاستی نـەدەبوو بەسـەریانا تێپەڕ بێت، هەشت کەسی تایبەتمەنـد واژووی کـردووە، دووەمـم بـۆ مەسـەلەی بەڕاسـتی دوای خـۆ هـیلاك کردن، خوێندنەوەی ئەو جەداویلانـەی کـە هەیـە، بەڕاسـتی زۆربـەی پرسـیارەکانم لا روون بوویـەوە، جگـە لـەوەی کـە دەسـت خۆشـی لـە لیژنـەی دارایی ئەکـەم کـە مـن لـە هـەموو بـرادەران بەتایبـەتی د.ئـاراس کـە وردەکاری زۆریان کـرد، زۆر شـتم لا ڕوون بوویـەوە، دوای ئـەوەی کـە هـەموویم خوێنـدەوە، تێبینـی ئەکـەم لەسەر مەسەلەی پێشینەکانی خانووبەرەو نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ و پیشەسـازی، دیـارە ئـەم مەسـەلەی پێشینانە گرنگـە لەمەسـەلەی بـرەودان بـە گەشـەی ئـابووری و بـەهێز کردنـی ئاسایشـی نەتـەوەیی، ئەگـەر ڕێژەکان باس بکەین مەسەلەی خانوبـەرەی نیشـتەجێبوون، 95٪ پارەکـەی بـردووە، کشـتوکاڵ 5٪ بـردووە، مەسەلەی پیشەسازی 1٪ی بردووە، کە مەسەلەی کشتوکاڵ و پیشەسازی مەسەلەیەکی زۆر گرنگن لـە پتـەو کردنی ئاسایشی نەتەوەیی و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو، بـۆ هەڕەشـەکان، بـۆ ئـەو هەڕەشـانەی کە لـەم مـاوە کەمـە بینیمـان لێمـان کـراوە، لـە داهـاتوودا جێبـەجێ ئـەکرێت، تکام وایـە بـۆ سـاڵی داهـاتوو ئێستاش وەزارەتی دارایی بەڕاسـتی ئاسـانکاری زۆرتـر بکـات، بـۆ پێـدانی پێشـینەی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی، چونکە ئەوە ئەساسێکن بۆ مەسەلەی دروست کردنەوەی بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی، کـە زۆر گرنگـە، بـۆ گەشە پێدانی ئابووری و بۆ پتەو کردنی ئاسایشی نەتەوەیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم ئاماژە بدەم بەوەی کە ڕاپۆرتی لیژنەکان لە لایەن بەڕێزانی لیژنـەی داراییـەوە ئامـاژە بـەوە درا کە هیچ لیژنەیەك ڕاپۆرتی ئامادە نەکردووە، ئێمە وەکو لیژنەی نـاوخۆ ڕاپۆرتەکـەمان ئامـادە کـردووە، لـە لامانە، ئەندامانیش واژوویان کردووەو گەیشتووەو ناردوومانە، لەبەر ئەوە ئاماژەی پـێ نـەدراوە، کۆمـەڵێك خـاڵی تێدایــە مــن بــەگرنگی دەزانم، بۆیــە ڕاپۆرتەکــەم ئەگەرچــی زۆر دوورو درێــژ نیــە، بــەڵام مــن

خولاسـیەکانی ئەخوێنمــەوە بــۆ بــەڕێزتان، ئەمــە جێگــەی پرسیاریشــە بۆمــان، داوا دەکــەم وەزارەتــی پەیوەندیدار وەڵامیان هەبێ بۆ ئەو پرسیارانەی کە  لە ڕاپۆرتەکەمان هاتووە، هاوکارم بـەڕێز کـاك سـەمیر باسـی شـێوەی ئامـادەکردنی کۆنووسـی حیسـاباتی خیتـامی کـرد، بەڕاسـتی مـن بۆخـۆم نزیکـەی سـێ جـار خوێندوومەتـەوە، نـەمتوانیوە تێی بگەم کەچی ڕووئـەدات، بەڕاسـتی ئێمـە ئەمـەمان پێشـتر بیسـتووە لـە شارەزایەکی بواری ئابووری لـە وەزارەتـی دارایـی، کەووتویـەتی ئێمـە 20 سـاڵە لـە بودجـە تێنەگەیشـتوین، چۆن ئەهێڵین ئێوە لە بودجە تێبگەن، بەڕاستی فیعلەن جێبەجێ کراوە لێرە، بۆیە مـن دێمـە سـەر ئـەوەی کەباس لە لیژنەی خۆمان بکەم کە تایبەتـە بـە وەزارەتـی نـاوخۆ و دەزگـای ئاسایشـی گشـتی و پەرەپێـدانی پارێزگاکـان، کـە تـەرخان کـراوە، خـەرجی تـەرخان کـراوی ئـەو وەزارەت و دەزگـاو فەرمانگانـەی کـە دیـاری بکرێ، هەتاوەکو ئێستا لیژنەکەمان بڕیاری خۆی بدات لەسەری، کە دروستی خەرجیەکان و داهاتەکانمان بۆ دەربکەوێت، باسمان لەفۆرمەکە کرد ئاماژەمان بەوە کـرد کـە ڕوون نیـە، ئەمـەش هەڵەیـە لـە ئامـادەکردنی حیساباتی خیتامی، چونکە شاردنەوەی خەرجی و داهاتی پێوە دیارە، نەوەك ڕوونکردنەوەو شـەفافیەت بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، کـە ئەمـە ڕاپـۆرتی ڕەسمیـە دەیخوێنمـەوە، سـەرنجمان بـە گشـتی لەسـەر حیسـاباتی خیتامی ساڵی 2011 ئەم چەند خاڵەی خوارەوەیە:

1- بــەپێی ڕاپــۆرتی حیســاباتی خیتــامی ســاڵی 2011 دەرخســتەی ژمــارە 8 پــارەی ســووڕاو بــۆ 2012/1/1 دوو ترلیۆن و سی و یەك ملیارو هەشتاو شەش ملیۆن دینـارە، خـەرجی خیتـامی لـە بودجەی وەبەرهێنان بۆ ساڵی 2011 بریتیە لە دوو ترلیـۆن و سـێ سـەدو بیسـت وپێـنج ملیـار و سێ سەدو شەست و پێنج ملیۆن، کە دەکاتە ڕێژەی 49٪ی بودجەی تەرخان کراو کە چوار ترلیۆن و حەوت سەد ملیـۆن دینـارە، واتـە لـە بودجـەی تـەرخان کـراو و وەبـەرهێنان، دوو ترلیـۆن و سـێ سەدو حەفتاو سێ ملیۆن و سێ سەدملیارو حەوت سەدو سی و پێنج ملیۆن سـەرف نـەکراوە، واتـە دیار نیە چی لێ کراوە؟.

ئێمە داوای ڕوونکردنەوە ئەکەین، لیژنەی ناوخۆ لە وەزارەتی پەیوەندیدار، چونکە پاکتاوی پارەی سووڕاوە بۆ ساڵی 2012 پێ نەکراوە، بە نێگەتیفی سووڕاوەتەوە، بۆچی؟.

2- جیاوازی زۆر لـەنێوان خەمڵانـدنی داهـاتی نـاوخۆ لـە 2011 کـە چـوار سـەد ملیـارو پێـنج سـەدو حەوت ملیۆن دینارە، لەگەڵ داهاتی بەدەست هاتوو، کە یـەك ترلیـۆن و سـەدو سـی و یـەك ملیـارو هەشت سەدو حەفتاو حەفت ترلیۆن دینارە، کە جۆرێك لە بێ ئاگایی لێ دەخوێندرێتـەوە، دەبێتـە هۆی گومان  دروست کردن لەسەر حیساباتی کۆتایی، لەکاتێك کە حیساباتی کۆتایی مەبەسـت لێـی دەبێ ڕوون کردنەوەو شەفافیەت و بەرچاو ڕووکردنەوەی پەرلەمان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ، نەوەك گومان لەسەر دروست کردنی، بڕگەی 3 بەپێی دەرخستەی ژمارە 2 تەخسیس ئیزافـی بۆ هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پەروەردە، مەبەستم ناوخۆ کەیە زیاتر من، وەکو مـەعنی، ئامـاژەی

پێ داوە لە دەرەوەی تەرخان کراوی بودجەی ساڵی 2011 دیار نیە ئەم تەنویرە بۆ ئەو وەزارەتە بەجیا بۆچی؟، لەکاتێك کە لەبودجەی 2011 تەرخانکراوی خۆیانیان هەیە.

ئەوە وەکو ڕاپۆرتەکە، وەکو ئەوەی کە ناڕوونی لەداهاتەکانی کوردستان بەئاشکرا دیارە، سنووریەکان و گومرگیەکان، باس لەوە کرا کە گومرگ تەسلیم بەحکومەتی عیراقی دەکرێتەوە، ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ بە ڕەسمی ڕۆیشتینە زۆربەی مەرزەکان، لیژنەی مافی بەکاربەریش سەردانمان کرد، لەوێ ئەفسەرەکانی ئەوێمان بینی، من بینیم ڕەفیقی خۆم بوو، حەوت ساڵ بەسەریدا تێپەڕی بوو ڕوتبەکەی هەر وەك خۆی بوو، گوتم تۆ سزا درای وا ڕوتبەت بەرز نابێتەوە؟، وتی نەخێر، ئێمە وەکو گومرگ حکومەتی عیراقی ڕوتبەکانمان بۆ بەرز ناکاتەوە، هیچ تەمویلێکیشمان ناکات، بەس تەنها موچەکانمان دەداتێ، لەگەڵ موخەسەساتەکان، گوتمان هۆکاری چیە؟، وتی ئێمە کەدەچیتە بەغدا داوا دەکەین، دەڵێن ئێوە ئێمە تەمویلتان دەکەین لەکاتێك ئێوە هیچ بەئێمە نادەن، ئێمە بۆیە هیچ هەقێکی تری قانونیتان نادەینێ، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی دەیبات، بۆیە من لێرەداوا دەکەم وەزارەتی دارایی ڕوونی بکاتەوە ئەم ڕاستیە، ئەمە قسەی کارمەندەکانی گومرگ خۆیەتی، دەڵێت ئێمە تەسلیم بەوەزارەتی دەکەین، ئەگەر ئەمە وایە لەگەڵ پارەی حیساباتەکە قسە دەکەین، پارەش ئەگەر دینارێکیش بێ ئەبێ بە وسولات بێ، بۆیە من داوا دەکەم لە وەزارەتی دارایی کە ئەو وسولاتە بخاتە بەردەست کە تەسلیم و ئیستیلام بووە لەبەینی حکومەت و ئێمە، بۆ ئەوەی ڕاستیەکە ڕوون ببێتەوە، ئایا لەلای ئێمەیە یان لە لای ئەوانە؟، ئەمە بۆتە کێشەیەك بۆ ئەفسەرەکان، پلەکانیشیان بۆ بەرز ناکەنەوە، پێداویستیان بۆ دابین ناکەن، زۆربەشیان لەخانووی کرێدان بەو هۆکارەوە کە بینایەیان بۆ دروست ناکەن، دێمە سەر داهات کەتایبەتە بە وەزارەتی ناوخۆ، ئۆتۆمبێل بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستان، 2009، 2010، 2011 ئەم داهاتە سەیری بکەین، گومرگی وەحدە سنووریەکانی لێ وەردەگیرێت، هەروەها پێدانی تۆماری ئۆتۆمبێل لەگەڵ غەراماتی مروری، ئێمە ئەو بودجەی کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دێتە پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەتی ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە، لە هەموو ڕوویەکەوە موراعاتمان کردووە، یەك دینارمان لێ کەم نەکردۆتەوە لەبەر ئەم وەزعەی کە وەزارەتی ناوخۆ زۆر پێویستە و مەهامێکی گرنگی هەیە، بەلاَم بەداخەوە ئەم بودجەی کە ئێمە تەرخانی دەکەین، لەگەڵ ئەوەش بودجەیەکی زۆر قەبە، کە دەکەوێتە دەستی ئەم وەزارەتە، ناگاتە بەڕێوەبەرایەتیەکانی قەزاو ناحیەکان، ئێمە لەسەردانەکانمان بەڕاستی سەردانمان کرد بۆ مەنتیقەکانی پشدەر، بۆ مەنتیقەکانی چەمچەماڵ، بۆمەنتیقەکانی تریش کەسەردانمان کرد، یەعنی هەموو هات و هاواریانە، بینایان کۆنە، پێداویستیان نیە، جل و بەرگ کە کاك سەمیر ئاماژەی پێ کرد، بەڵێ ڕاستە جل و بەرگ، دەڵێن دوو ساڵە جل و بەرگمان بۆ نەکڕاوە، بەلاَم ماوەیەك پێش ئێستا من تەلەفۆنێکم بۆ هات کە ئێستا جل و بەرگیان بۆ کڕیون، بەلاَم دوو ساڵە جل و بەرگ هەموو ساڵێك ئەبێ دوو دەستەیان بۆ بکڕێ، هاوینەو زستانە، لەکاتێك ئەمە نەکڕاوەو لە بودجەش دانراوە، لەکاتێك ئەو هەموو بودجەیەی کە هەیە تەرخان کراوە لە 50٪ی بۆخۆیان بەکاری بهێنن، بۆ ڕێگاو بانەکان بەکاری بهێنن، من بۆنموونە، بەس تەنها لە 2009،

110 هەزار ئۆتۆمبێل هاتۆتە هەرێمی کوردستان، لە 2010 لەو ژمارە زیاتر هاتووە 149 هەزار هاتووە، یەعنی ئەگەر بێتو پارەی ئەمە حیساب بکەین، بەڕاستی پارەیەکی زۆرە، تەقریبەن نزیکی ئەو بودجەیە کە بۆ وەزارەتمان دانراوە دەستکەوتیان دەبێ، ئەمە لە بودجەی خیتامی لە حیساباتی خیتامی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە، ئەم سەرفیاتەو ئەم پارەیەی کە داهاتە دەست کەوتووە، لەبەر هەندێ حیسابات ئێمەش قبوڵمان کرد کەنەچێتە ناو بودجەوە، بەڵام ناکرێ لەوەزارەتی دارایی و ئابووری ئاماژەی پێ نەکرێت و لیژنە مەعنیەکانیشی لێ ئاگادار نەکرێتەوە، سێ ساڵە ئێمە داوا دەکەین، لەوەزارەتی ناوخۆ پێمان دەڵێن دەتاندەینێ، بەڵام تاوەکو ئێستانەیان ناردووە بۆ ئێمە، کە ئەو داهاتە چەندە؟، گومرگەکان، غەراماتی مروری، لەگەڵ ڕەقەم دان بە ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان، کە مەبلەغێکی زۆرە هەموومان لە لایە، بۆ ئەوەی درێژە نەدەین بە مەوزوعەکان، نایخوێنمەوە هەموو ئەو ڕەقەمانە، بەڵام تەنها بڕۆینەوە بۆ ساڵی 2007 کە ئەبێ 290 ملیار دینار دەستکەوتیان هەبووبێ، لە ژمێرەی کۆتایی ڕاست کراوە، لە ساڵی 2009 داهات و باجی داهاتی هاتوچۆ و مرور و ترانزێت سفر دینارە، ئاخر لەکوێی دونیا هەیە 110 هەزار ئۆتۆمبێل هاتبێ داهاتی سفر دینار بێ...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک نەریمان تۆ باسی 2009 دەکەی ئێمە باسی حیساباتی خیتامی 2011 دەکەین.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ساڵی 2011 بۆ ئەوەی باس لە بودجەکەی ئێستامان دەکەین، 2011 یە کە حیساباتی خیتامیە، سەد و چل و نۆ هەزار و شەش سەدو شەست و نۆ ئۆتۆمبێل هاتۆتە هەرێمی کوردستان، کە مەبلەغی پارەکەی سێ سەدو حەفتاو هەشت ملیار دینارە، بێجگە لە ترانزێت کە بڕکەی پێنج ملیار و چوار سەدو چل و دوو ملیۆن دینارە، ئەمە بەڕاستی ئەمانە مەبلەغێکی گەورەن، ئەگەر بێتو ئێمە ئەم مەبلەغە لە 50٪ قبوڵمان کردووە وەزارەتی تایبەتمەند بەکاری بهێنن، ناکرێ نە وەزارەت بە ئێمەی بدات وەکو لیژنەی مەعنی، ناکرێ وەزارەتی دارایی بە ئێمەی بدات کە ئەو پارەیە چەندە و چۆنە؟، چۆن سەرف کراوە؟، ئەشبینین تەنها ئەو پارەیە بۆ وەزارەت تەرخان ئەکرێت، لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکانە، ئەچینە بنکە هەقیقیەکان کە کاری هەقیقی دەکەن، لە مەرکەزەکان بەتایبەتی قەزاو ناحیەکان، بەڕاستی هات و هاواریانە، ئێمە لە دوا سەردانمان کە هەموو لیژنەکە ڕۆیشتین بۆ مەنتیقەی پشدەر و بیتوێن، بینیمان کە چ وەزعێکیان هەیە، ناڵێی ئەم وڵاتەیە، بەتایبەتی بەشەکانی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ من باسی ئەکەم، بۆیە بەڕاستی من داوا دەکەم وەزارەتی دارایی بە نووسراوێکی ڕەسمی ئاگاداری لیژنەکەمان بکاتەوە، لەو سێ ساڵەدا ئەو پارەیە چەند بووە؟، چی کراوە؟، چۆن سەرف کراوە؟،

بۆیە ئەمە بەڕاستی بۆ بەرچاو ڕوونکردنەوە بۆ حیساباتی خیتامی پێویستە بۆ ئێمە، بۆیە من ئەوانەم هەیەو داواکارم لە وەزارەتی دارایی وەڵامی پێویستمان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم تۆراو بۆرا هات وشەیەکە حەز دەکەم بۆم تەوزیح بکات، عەفو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆراو بۆرا وڵاتێکی وێرانە لە ئەفغانستان، شارێکی هەرێمی وێرانە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت حیساباتی خیتامی ساڵی 2011، ئەگەر ئێمە هەرچەندە باس لەحیساباتی خیتامی بکەین، بیهێنین و بیبەین، هیچ قیمەتێکی نیە، لەبەر ئەوەی حیساباتی خیتامی وەك پێویست نایەتە پەرلەمان، ڕوونکردنەوەی تێدانیە، لەداهاتوو لە خەملاندن لەهەموو شتێك، ئێستا باسی دەکەم، جگە لەوەی کەدەبوایە بۆ خۆی حیساباتی خیتامی زۆر زۆر زەرور نەبوو لەچاو ئەوەی دەبوایە ئێمەش داوای بکەین، بەڵام ئیشی ئێمە نیە، ئیشی دیوانی چاودێری داراییە، دەبوایە هەموو مانگ داوای میزانیەی موراجەعەی وەزارەتەکان بکرێت، ئەوکاتە حیساباتی خیتامی ڕوونتر دەبێ، جاری وا هەیە لە خەمڵاندنی بودجە داهات زۆر زۆر کەمتر دەنووسرێ لە داهاتی فیعلی، ئەوە کەمتر نووسرا، دوایی داهاتی فیعلی دیار دەبێ، هەق وا نیە ئێمە ئەوەندە عجزەمان هەبێ، کە باسی لێوە دەکات، ساڵی پار لە بودجەی 2012 موناقەشەمان کرد، تەبعەن لە 2011 بڕی یەك ترلیۆن و شەش سەدو نەوەت و حەوت ملیار و چل و حەوت ملیۆن زیاد بوو لە قەرەبووی فەرمانبەران، بابڵێین بودجەی بەکاربردن هی فەرمانبەران، کەچی زۆر سەیرە لێرە لە حیساباتی خیتامی هاتووە، جگە لەو زیادەی کە هەبوو لێرە بڕی یەك ترلیۆن وچوار سەدو بیست و شەش ملیارو نۆسەدو حەفتاو نۆ ملیۆن نووسراوە، کە ئەوە بە سالب هاتووە، پێشتر ئەوەندەمان زیادە هەیە، زیادەمان هەیە، کەچی بە سالبیش هاتووە، یەعنی شتەکە زۆر زۆر سەیرە، یەعنی ئەو حیساباتی خیتامی بەچ شێوەیەك کراوە، باس لە قەرەبووی فەرمانبەرانمان کرد، ساڵی پار یەك ترلیۆن و پێنج سەد و نەوەت و نۆ ملیار دانرابوو بۆ بیست و پێنج هەزار، ئەو کەسانەی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن دامەزرێن، بەڵام بەهەمووی 150 ملیار سەرف نەکراوە، ئەدی ئەوەش زیادە نیە؟، چوار ترلیۆن و حەوت سەد ملیار دینارمان هەبووە هی بودجەی وەبەرهێنان، بە هەمووی لە 49٪ی سەرف کراوە، واتە دوو ترلیۆن و چوار سەدو حەفتاو چوار ملیار و شەش سەدو سی و پێنج ملیۆن بودجەی وەبەرهێنان ماوەتەوە، کەدەبوایە

بخرێته حیسابێك، سندوقێك بكرێتەوە، بەڕێز وەزیری دارایی پار باسی کرد کە وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەند باسیان لە سندوقەکە کردووە، بابڵێین پێشێل کردنی یاسایەو نابێ، ئەدی ئەو حیسابە چی لێهات، کەچی ئەو ساڵ تەوەقوعی ئەوەی دەکەین لەوانیە سێ ترلیۆن و نیومان ئێمە عجز هەبێ، کەبەتەسەوڕی من یەك فلسیشمان عجز نیە، بەلاّم لە بودجەی هەر دەڵێ عجزمان هەیە، لەحیساباتی کۆتایی هەر دەڵێ عجزمان هەیە، ئەگەر عجزمان هەیە ئەوەندە داهاتانەی کە باسیان کرد هی خاڵە سنووریەکان و بازاڕو حانوت و ئەوانە دووبارەی ناکەمەوە، ئەو پارانە چۆن سەرف کراوە؟، ڕاستە جاری وا هەیە ئەو خەملاندنەی حکومەتی عیراق لێی دەبڕێ لە بودجەکەی، بەلاّم ئەو فعلیەکەی کە دێت لێی دەگرێ چی لێهاتووە؟، باس لەوەی دەکرێ ئەوانە بۆ قەرەبووی پەروەردەو ناوخۆ و قەرەبووی فەرمانبەرانی بابڵێین 7 ساڵەکەی سلێمانی کرا، بۆ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە نەوەت هەزار حکومەتی عیراق پارەکەی ناردبوو، بەلاّم پارەی 60 هەزار هی وەزارەتی دارایی دابین کردووە، ئەگەر حیسابی بکەین پارەی 60 هەزار هەر دەگاتە 150 ملیار، ناگاتە ئەو ترلیۆنانە، ئەگەر هی وەزارەتی ناوخۆ حیساب بکەی ئەسلەن وەزارەتی ناوخۆ بەهیچ شێوەیە هەق نیە یەك دیناری بدرێتێ، هەتا لە بودجەش بیدرێتێ، وەزارەتی ناوخۆ زۆرترین داهات لە وەزارەتی ناوخۆیە، کە لە 50٪ی وەزارەتی ناوخۆ بۆخۆی سەرفی دەکات، لایەنی ئەمنیە، ئاسایشی نەتەوەییە، نازانم بۆ هەرێم سەرفی دەکات، دەبێ ئێمە پاسەوانمان زۆر بێ، پۆلیسمان زۆر بێ، وەزارەتی ناوخۆ داهاتەکەی یەکجار زۆرە، لە 50٪ی بۆ خۆی دەیبات، جگە لەوەی لەکاتی بودجەو پەسەند کردنی، بودجەی تەواوی دەدرێتێ، موراعاتیش دەکرێت و هیچیشی لێ نابڕێت لە بودجەکەی، کەچی دەبوایە وەزارەتی ناوخۆ لەو 50٪ی بۆخۆی پارەی ئەو پۆلیسانەی بدابایە کە مووچەکانیان زیادی کردووە و هاوتا کرا لەگەڵ عیراق، قەرەبووی فەرمانبەرانی سلێمانیش کە باسی لێوە کرد، ئەویش بە هەمان شێوە ناگاتە ئەوەندە ترلیۆنەی، ئەگەر بێین باس لە بودجەی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان بکەین کە 200 ملیارە، نموونەکی دەینمەوە، بەس بە نموونە، لەوانەیە ڕاست نەبێ، ئێستا من دەڵێم ئەو دوو سەد ملیارە لەوانەیە بۆ هەردوو حیزب یەکیەتی و پارتی بێ، یەکیەتی و پارتی لێم قبوڵ ناکات، کو ئەتو من ئیتیهام دەکەی کە من 200 ملیارم وەرگرتووە، هەقی خۆشیەتی، بەلاّم من دەڵێم بەڕێز وەزارەتی دارایی بێنە بۆم ڕوون بکەوە ئەگەر قەرزیشە و ئەگەر زیادی وەرگرتووە، یان کەمی وەرگرتووە، بەهەموو حیزبەکانەوە بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە وەرە ڕوونی بکەوە ئەوە 200 ملیارەت لەکوێ سەرف کردووە؟، چۆن دایتە ئەو حیزبانە، ئەگەر زیادیشیان وەرگرتبێ کێشە نیە، ئەوە وەکو سولفەیە، بەلاّم هەق وایە لە حیساباتی خیتامی دیاربێ، نە من ئیتیهامی کەس بکەم، نە ئەوانیش بابڵێین مەعلوماتی بە غەڵەتمان بدەنێ، خەڵك زۆر لێمان دەپرسێ دەڵێن تکاتان لێ دەکەین بودجەی زۆر زوو پەسەند بکەن، لەبەر ئەوەی ئیش ڕادەوەستێ و پرۆژە ڕادەوەستێ، وەلاّمی ئێمەش بۆ خەڵکەکە ئەوەیە دەڵێین تاوانی پەرلەمان نیە، پەرلەمان زۆر زۆر یەك مانگ بودجەی لە لا دەمێنێ، پەسەند دەکرێت، بەلاّم لە وەزارەتی دارایی دەگاتە مانگی حەوت و هەشت بە ڕێنماییەکانیان خەڵکەکەی تاخیر دەکەن، کە ڕێنمایی تاخیر دێت، بودجەی

وەبەرهێنان هەر دوا دەکەوێت، لەبەر ئەوە پارەی وەبەرهێنان زۆر درەنگ دێت و دوایی سەرف ناکرێ، ئەو کاتەش بۆ بودجەی بەکاربردن سەرف دەکەی کە لە یاسای ساڵی 2011 هاتووە بخرێتە ناو سندوقەك و باسیشی لێوە ناکرێ، دوایی جاری وا هەیە وەك کاك سەمیر سەلیم باسی کرد، بابڵێین زانیاری لە خەرج کردنی پارە، شەش مانگی یەکەم پارەیان سەرف کردووە، زۆر زۆر زیاترە لە ساڵەکی تەواو، من داوا لە بەڕێزان وەزارەتی دارایی دەکەم، تکاتان لێ دەکەین کە ئەو یاسایەی دەردەچێت بە زووترین کات ڕێنمایی دەربکەن، ڕێنماییەکانیش وەمەکەن خەڵکەکە زۆر سوودمەند نەبێ لێی، ئێستا لە پێشینەی بابڵێین سولفەی کشتوکاڵ و قەرزی سناعی و ئەوانە، ئەوەندە ڕێنماییەکانیان قورسە، هاوولاّتیان ناتوانن سولفەی وەربگرن، جگە لەوە ئێستا داوایان دەکەین بابێین لە بودجەی 2012 بەڵێ ئەوە عایدی بە 2011 وە هەیە، بەس هەر پەیوەندی پێیەوە هەیە، زیندانیانی سیاسی چەندین جار پەیوەندیان پێوە کردینە 20 ملیۆنەکەمان نادەنێ کە هەموو ئیش وکارمان تەواو بووە، یەعنی هەندەك ئاسانکاریان بۆ بکرێ، کەم ئەندامان نزیکەی مانگێکە مان دەگرن لەبەر ڕێنماییەکان دوا کەوتووە، یاسایەکە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێ، قسەی ئەخیرم ئەوەیە دەبوایە بڵێین دیوانی چاودێری دارایی مانگانە داوای میزانیەکەی بکەن، ئاخیر قسەم لەسەر قسەی بابڵێین پێشنیارەکەی نەسرین خان، کە گوتی باش تەماشای دەرخستەی ژمارە 2 بکەن، لە ڕاپۆرتەکەی بابڵێین حیساباتی خیتامی، کە کۆی دەکەیەوە ئەوەندە دەرناچێ یانزە ترلیۆن و دوو سەدو هەشتاو نۆ ملیار، پێنج سەدو حەفتاو پێنج ملیار و شەش سەدو نەوەت و دوو ملیۆن دیناری فەرقە، ئێمە بابڵێین یەکێك لە بانکەکان پارە کەم بێت، چەند کەسێك دەگرن و چەند فەرمانبەرێك دەگرن، دەڵێن پارە دیار نیە، ئەی ئێستا ئەوە پارەیەی کە دیار نیە بە غەڵەتی حیساب کراوە ئەی کێ موحاسەبە دەکرێت لەسەر ئەو فەرقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو هاورێیانیشم باسیان کرد، بەڕاستی ئەم ڕاپۆرتی حیساباتی خیتامیە، وردەکاری تیا نیە، کە ئەبوایە وردەکاری تیا بوایە هی هەموو سێکتەرە جیاوازەکان، کۆی بودجەی پەسەند کراوی حکومەتی هەرێم لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بۆ ساڵی 2011 بریتیە لە سیانزە ترلیۆن و سێ سەدو پەنجا ملیار و شەش سەدو حەفتا ملیۆن دینار، کێشەیەکی سەرەکی لە بودجەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، هەرچەندە بودجەکە زیاد بێ ناتوانێت سوود لە زیاد بووی بودجەکە وەربگیرێت، لە خزمەتی گشتیدا بەکاربهێندرێت،

کێشە ئەوەیە کە حکومەت ئەم زیاد بوونە ئەخاتە خزمەتی بودجەی بەکاربردنـەوە، ئـەمڕۆ هـەمووماند و هەموو هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا هەست ئەکەین کە هەلاوسان دروست بووە، بـەلام کەچـی تـاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم رێ و شوێنێکی ئاوای نەگرتۆتەبەر بۆ چارەسەر کردنی هەلاوسان، کە چـەندین رێ و شوێن و رێکارو نەزەریاتی عەلەنی هەیە بۆ چارەسـەر کردنـی هەلاوسـان، لـە ڕاپۆرتەکـەدا لـە بەخشـیندا هاتووە من حەز دەکەم لەو جەدوەلەی کە هاتووە باسی ئەوەی کە هاوڕێیانیشم باسـیان کـرد، باسـی داهـاتی فرۆکەخانەکان بکەم، داهاتی فرۆکەخانەکان لە هەموو هەرێمی کوردستان دە ملیارو سـەدو نـەوەت و چـوار ملیـۆن دینـارە، خەرجیەکانیشـیان چـل و دوو ملیـارو شەسـت و سـێ ملیـۆن دینـارە، ئەمـەش بەڕاسـتی لـە هەرێمی کوردستان پێچەوانەی هەموو فرۆکەخانەکانی دونیاوەیە، کە داهاتیـان لـە خەرجیـەکانیان زیـاترە، بەلام لە هەرێمی کوردستان خەرجی فرۆکەخانەکان لە داهات زیاترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی برادەران زۆر باسی حیسابی خیتامیان کرد، لەو ئەرقامەی کـە لـە ئـەنجامی قسـەکردنی جـەنابیان دەرچـوو، ئەگـەر مولاحـەزەی بودجـە بکـەی، حیسـاباتی خیتـامی چـۆن لـە ولاتـی دوەلی نامیـەو دوەلی پێشکەوتوو تەتبیق دەبێ، پێنج، شەش فاکتەر هەیە بۆ ئەوەی تـۆ بتـوانی بودجـەی تـەقیم بکـەی و هـەلی سـەنگێنی و داینێـی، هـەر بودجەیـەك کەتـەقریری لەسـەر دەدرێ، بـەخۆی دەلـێ ئەزمـەم ئـەوەبووە، لـەو مانگەی ئەو کرایسزەم هـەبووە، کرایسـزی پـێ دەلێن، فەقەرەیـەکی سێهەم لـە بودجـە لەهـەموو دونیـا لـە بودجەکانی فیدرالی، بودجـەی هینـد، ولاتـی پاکسـتان، هەنـدێك دوەلی شـەرقی ئەوسـەتی موتەتـەور، وەکـو دوەلی مەلەکیەت، یەکەمجار شەفافیەتی لێ مولاحەزە دەکرێت، شەفافیەت بـە قسـە نیـە، شـەفافیەت بـەوەی نیە من بلێم ڕەقەمەك غەلەت بوو، ڕەقەمەك تۆ بۆ ئەوەنـدەت حیساب کـردووە، بلێـی مـن غەلـەت بـووم، سـالی ئەوەنـدە ئەوەندەیـە داوای لێبـوردن دەکـەم، شـەفافیەت سـێ بەنـدی زۆر ڕەئیسـی هەیـە، یەکـەمیان حکومەت دەبێ ئالیەتی شەفافیەت دابنێ، بە فیعلی میکانیزمێکی فیعلی موئەسەساتی دابنێ بۆ شەفافیەت، بۆ ئەوەی ئەو ڕەقەمانە دیار بن، دوو، سەپۆرتی هەبێ، دەعـم بکـرێ، ئـەجهیزەکانی دەعـم بکـرێ، ئالیـەتی دەعم بکرێ، تەشجیع بکرێ، لایەنی موسـتەقلی تێـدابێ، داتـاو بێسـی هـەقیقی هـەبێ، بزانـێ مـواتن چـەند پارەی هەیە، چەندی لەسەر سەرف دەکرێ؟، بیتاقەی تەموینی چەندە، چەند لتر نـەوتی بەبـەر دەکـەوێ؟، ئەوە هەموو داتاو بێسە کە ئێمە ئەوەمان نیە، سـێ، شـەفافیەت دەبـێ پرۆفـایلی هـەبێ، بـۆ ئـەوەی بودجـە پرۆفایلی هەبێ، ئێمە ئەوەشمان نیە، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم، ئەگەر بێی ئەزمەی ئەو ئەرقامانـەی کە برادەران باسـیان کـرد، خاسـەتەن کـاك سـەمیر، مـن دەسـت خۆشـی لێ دەکـەم، لـە لاپـەڕەی 7 بەنـدی 6، مەجموعـە ئەرقامـەك دانـراوە لاپـەڕە 11 فەقـەرە 11 لیژنـەی دارایـی بـە دەسـت خۆشـیەوە سـوئال لـە

حکومەت دەکات، ئەو ئەرقامانە دانانی نەوەت و نۆ ملیار و چل و چوار ملیار و دە ملیار و هەشت سەدو نۆزدە ملیار، سەبەبی ئەوەی کە بۆ ئەو ئەرقامانە تەفاوتیان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەقەرەیەی کە دەڵێم بودجە ماستەرپلانی نیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەهەموو دونیا، هەتاوەکو ماڵی خۆت کە دەچیە ژوورەوە دەبێ ماستەر پلانت هەبێ، ئەگەر بەرهەم هێنان، ئەگەر وەزارەتی پلان دانان وەکو شلێر خان باسی کرد، ماستەر پلانەکیان بۆ ئەو پارەیە هەبێ، دینارەك بێ بە عەدالەت بەشی هەموویان دەکات، سەد هەزار ملیاریش بێ بەش دەکات، ئەمە لە بەرهەم هێنان دەڵێین بەرهەم هێنان، بەرهەم هێنان نیە موقاوەلاتە، بۆچی موقاوەلاتە؟، ئەگەر موقاوەلات نەبێ، نەوەت و نۆ ملیار، هەشت سەدو نۆزدە ملیار، لەگەڵ دە ملیاری سناعە فەرق پێ بکەی دەزانی، ئەگەر من 100 پرۆژەی نیشتەجێم دانا، لەو 100 پرۆژەیە ئیحتیاجیان بە دوو ملیۆن دەرگایە، ئەگەر من فیتاعی سناعیم نەبێ، لە نیشتەجێبوون، موستەحیلە لە ماستەر پلان نەبێ موستەحیلە لە بودجە جێگەی ببێتەوە، ئەوە فەقەرەیەکی تر هیچ خەریتەکی نیە ئەو بودجەیە، ئەو حیساباتی خیتامیە، ئەو ئەرقامانەی لێ دەردێ، نوقتەکی دیکە، گواستنەوە، بەڕێزان گواستنەوە کەپێی دەڵێن موناقەلە، موناقەلە مابەینی میزانیەی خوتەو میزانیەی ئیعتیادی، میزانیەی تیجاری فەرقی هەیە لەگەڵ میزانیەی نەوت، موناقەلە بە مەزاج ناکرێ برادەران، موناقەلە بە پێویست ناکرێ، ئێمە خۆمان لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە پێشێلیەکمان کردووە کە دائیمەن بە وەزارەتی دارایی دەڵێین بودجەی تەشغیلی زیاد بکە، بۆ دەڵێین بودجەی تەشغیلی زیاد بکە؟، چونکە کە تەماشا دەکەین دەبینین ئەو ماستەر پلانە لە بودجە هیچ تەوافوقەکی نیە، ڕاستە بەملیار ڕێگە کرایە، بەلاٌم عەینی وەقت دێیەکی وەکو سکتان تەماشای دەکەی 33تەڵەبەی نازاداری سەفی شەش یەکەکیان ناجیح نەبووە، لە مودیر ناحیەی دەپرسی بۆ ناجیح نەبووە، دەڵێ چونکە ڕێگاو بانی گوندەکان ئەوەنیە تەڵەبەکان بتوانن بۆ ئیعدادیە بچنە مەکتەبەکی تر، ئەو نەقسە کە لە بودجە دیار دەبێ ئەوە نەبوونی ماستەر پلانە، بۆیە موناقەلە بە مەزاج ناکرێ، موناقەلە بە پرۆفایل دەکرێ، ئەزمەی ئەو بودجەیە دیار نیە، ئەزمەکە بە عام دیارە، ئەزمە ناڵێت من مانگی سێ چونکە فەرمانبەرم دامەزراند، بۆیە ئیجبار بووم موناقەلەکەم بدەمە مانگی 7، ئەو موناقەلەی بودجەی تەشغیلی بکەم، بەڕێزان ئەو سێ فەقەرە نەزەریاتە ئێمە لە بودجەی خۆمان مولاحەزەی نەکەین، هیچ شتێکمان لێ دیار نابێ و هەموو ئەندامانیشمان ماندوو دەبن، لیژنەکەش ماندوو دەبێ، وەزارەتی داراییش لەو باوەڕەدام هیچ جوابێکی پێ نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی ئەوە من بەبیری خۆم و هاوکارە بەڕێزەکانم ئەهێنمەوە، بەڕێز وەزیری دارایی و هاوکارەکانی کە ئەم گفتوگۆیەی ئەیکەین هەمان ئەو گفتوگۆیەیە کە پار ساڵ بانگهێشتی وەزیری دارایی کرا، زۆربەی ئەم

تەفاسیلانە جارێکی تر ئاماژەی پێ کرایەوە، کەپێمان وایە لە پرۆتۆکۆلی ژمارە 74 دا هەیە لە لاپەڕە 315 کۆتاییەکانی، زۆربەی ئەو تێبینیانە کە ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز جارێکی تر تیکراری ئەکەنەوە، نەوەك پار پێراریش جارێکی تر لەم هۆڵەدا زۆربەی کاتی پەرلەمانتاران وتەسەوورم وایە ڕەئی عامیشمان پێیەوە مەشغول کردووە، بەڵام گرفتەکان جارێکی تر هەر وەکو خۆیانن، کەمترین جار چارەسەریان بۆ ئەدۆزرێتەوە، من پرسیاری جدیم لە بەڕێز وەزیری دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمانە چۆن وابکەین موعالەجە بکرێن، تکرار نەبنەوە، بۆیە من سەرباری تیکرار کردنەوەی هەندێ خاڵ ئەمەوێ تەرکیز بکەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر جدی، ئەگەر ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بە سێ پایەی سەرەکیەوە هەبێ، دوانیان ئێستا لێرە حزوری هەیە، یەکێکیان حکومەتی هەرێمەو لە ڕێگەی وەزارەتی داراییەوە، خاڵی دووەمیان ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانە کە تەمسیلی ڕاپۆرتی پەرلەمانی کوردستان دەکات، پایەی سێیەم کە گرنگترینیانە ئەو حەلەقە ون بوویەیە کە لەنێوان پەرلەمان و حکومەتە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری داراییە کە نیە، وەڵامە سەرەکیەکەو وەڵامە ئاسانەکە ئەوەیە، تاکەی ئێمە موناقەشەی ئەم موعادەلە ئاڵۆزە بکەین، کە دۆخەکە ئاڵۆزە ئەگینا ئاڵۆز نیە، بە غیابی حەلەقە ونبووەکەی پەرلەمان و حکومەت، کەچی چاودێری داراییە، پرسیار لەبەڕێز وەزیری دارایی ئەکەم، نەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی تاچەند گرفتی لەبەردەمیان دروست کردووە، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو هاوکێشانەی کە نەگەیشتۆتە پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێمە لەکاتێك کە گفتوگۆی حیساباتی کۆتایی دەکەین، بەشێکی زۆر لە گرفت وئاڵۆزیەکان ئەخەینە ئەستۆی حکومەتی ئیتیحادی بیانوی سەرەکیمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە داهاتی ئێمە لە بەغداوەیە 17٪ی بودجەی گشتیە، ئێمە لەحاڵی حازردا کە قسە ئەکەین، کەمپینێك هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراق بۆ کەم کردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە 17٪ وە بۆ 10٪، ئایا ئیحتیاتاتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و پەرلەمانی کوردستان چیە بۆ ئەوە؟، کە بەدیدی ئێمە، ئێمە ئەبێ جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی داهات لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمە ئەتوانێ بەشێك بێت لە چارەسەری ئەو قەیرانانەی لە ڕابردودا و ئێستا پینەمان کردووە، بە دیدی من بە شێوازی نالۆژیکی، بەڵام لە ئێستا بەدواوە ئەمە ناچێتە سەر، چونکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە پلانێکی تۆکمە هەیە بۆ بڕینی بەشێکی گرنگ لەو سەرچاوانە، بەوە ئەکرێت کە ئێمە بۆ نموونە بەو پلانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی دارایی هەیەتی، داهاتی پار ساڵی تەخمین کردبێ بە چوارسەد ملیار هەقیقیەکە دەرکەوێ بە ترلیۆنێك و سەدو سی و یەك ملیار، لەکاتێك لەنێوان داهاتی هەقیقی وداهاتی خەملێنراو کارەساتێکی گەورەیە لە 50٪ فەرق هەبێ، بابەتێکی تر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلینانە، جارێکی تر لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی بەڕێز ناوی پێشمەرگە هاتۆتەوە، هیوادارین ئەمە دواهەمین جار بێ ناوی پێشمەرگە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کەلێنانە بهێندرێت، ئێمە تێئەگەین مەسەلەی پێشمەرگە یەکێکە لە کێشەکان، کە لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمدا، لە سێ ساڵی موناقەشە کردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، ئێمە داوامان

کـردووه ئـەو گرفتـە بەهـەر ئالیـەتێك بـێ وەكـو چـۆن بـۆ بابـەتی تـر كێشـەكان چارەسـەر كـراون، نـاوی پێشمەرگە نەهێندرێتەوە ناو ئەو موعادەلە حیسابیە، بەهەزاران پێشمەرگەمان هەیە هێشتانەكە لە چوار سەد هەزار زیاتر وەرناگرن، ئێستاكە خۆتان وەزعی پێشمەرگە و بەتایبەتی ئەوانەی كە چوار سـەد هـەزار وەرئەگرن، دەزانن لەناوچەكانی كێشە لەسەر و لەجێگایەكانی تر ژیانیان چۆن ئەگوزەرێ، من داوایـەكم لـە وەزارەتی دارایی بەڕێز هەیە كە بـە تەنیسـق لەگـەڵ وەزارەتـی پـلان دانـان ڕاپـۆرتێكی تەفسیلیمان بـدەنێ لەسەر ئەو تەرخانكراوانەی لە بودجەی پار ساڵ دا، بۆ سێكتەرەكان دەست نیشان كـران، بـۆ ئـەوەی بـزانین چەندی جێبەجێ بووە، چۆن جێبەجێ بووە؟ بەرچاو ڕوونی زیاترمان هەبێ، لەكۆتایدا من سوپاسی لیژنی دارایی ئەكەم، كە لەڕێگەی ڕاپۆرتەكەیانـەوە توانیویانـە كۆمـەڵێك پرسـیاری جـدی بـورووژێنن، هیـوادارین وەڵامەكانمان لە ڕێگەی وەزیری دارایی و هاوكارەكانیانەوە دەست بكەوێ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن هـەمان بـیرو بۆچـوونی بەشـێك لـە هاوڕێكـانم هەیـە، كـە لێـرە قسـەیان لەسـەر شـێوازی ئامـادەكرنی حیساباتی خیتامی كرد، كەمن پێموایە بەڕاسـتی دەبـوو بـە سـوود وەرگـرتن لـە هـەموو ئـەو گفتوگۆیانـەی لـەناو پەرلـەمان لـە چـەند سـاڵی ڕابـردوو لەسـەر بودجـە كـراوە، دەبـوو حیسـاباتی خیتـامیش بەڕاسـتی وردەكاری زیاتری تیا بوایە، هـەروەكو بەشـێك لـە هاوكارەكـانم وتیـان بەشـێكی زۆر لەداهاتـەكان دیـار نیـە، بەتایبەتی مەسەلەی پارەی نەوت كە هەموو ساڵێك كێشەی لەسەر دروست دەبـێ، تەنانـەت كێشـەی لەگـەڵ بەغـداش بـۆ دروسـت كـردووین، داهاتـەكانی تـر كـە بەڕاسـتی ئـەبوو بـۆ بەرچـاوی خـەڵك و بـۆ بەرچـاوی ئەنـدامانی پەرلـەمان ڕوونـتر بوایـە، بەشـێوازێكی باشـتر ئـەم ڕاپۆرتـە ئامـادە كرابوایـە، خـاڵێكی تـر هـەر سەبارەت بە مەسەلەی كورت هێنان، یەعنی چەند ساڵە ئەم كورت هێنانـە هـەر بـەردەوام ئـەبێ بەراسـتی، بیانووەكەش وەكو هاوكارم باسی كرد كاك سالار، پارەی پێشمەرگەیە یەعنی ئێمە بەتایبـەتی لـە قۆنـاغێكی ئەمڕۆ مەسەلەی دەعمی پێشمەرگە لەو وەزعە هەستیارە بووە بـەكارێكی زەرورەت، لەوانەیـە ئـەم كێشـەیە تاوەكو پێكهاتەی دەسەڵاتی حكومەتی ناوەندی بەو شێوەیە بێ چەند ساڵێكی تریش بخایـەنێ، ئەگـەرەكانی چارەسەر كردن لەوانەیە زۆر كەم بـن، بۆیـە مـن پێموایـە بەڕاسـتی حكومـەتی كوردسـتان ئیحتیاتـاتی لـەو بارەیـەوە وەربگرێـت، یـەعنی مەسـەلەی كـورت هێنـان، بـۆ ئـەوەی هـەموو سـاڵێك ئـەم كێشـەیە دووبـارە نەبێتـەوە، ئـەم كـورت هێنانـە زیـاد نـەكات، مـن پێشـنیار دەكـەم، بـا حكومـەت پڕۆژەیـەك بنێرێتـە ئـەم پەرلەمانـە، لـەم بوارانـەی كـە دەتـوانرێ خـەرجی كـەم بكرێتـەوە، بەشـێوازێك لـە شـێوازەكان، بـە پـڕۆژە یاسایەك یان بڕیارێك بێتە ئەم پەرلەمانە، ئێمە هەموو لایەك پەسەندی بكەین، بۆ ئـەوەی هـەموو لایـەك پێی مولتەزم بین، خەرجی تر زیاد نەكرێ، بۆ ئەوەی ڕێژەی كورت هێنـان زیـاتر نـەبێ لـە بودجـە، یـاخود

ڕێگەی لێ بگیرێت و لەو حەدە بوەستێندرێت، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك ئێمە ڕووبەڕووی ئەو جۆرە موناقەشانە نەبینەوە، ئەو موناقەشانە بەردەوامی نەبێ، خاڵێکی تر هەروەکو هاوکارم لە لیژنەی دارایی ئاماژەیان پێی کرد، مەسەلەی قەرز کردنە بەڕاستی، مەسەلەی قەرز کردن یەکێك لە ڕێگەکانی ئەوەیە کە پەنایان بۆ مەسەلەی (سحب على المكشوف) بردووە، جا لەو هۆکارانەی کە بەڕێز د.ئاراس و هاوکارانم ئاماژەیان پێی کرد، بە لابردن بۆ (سحب على المكشوف)، یەکێکە لەو ڕێگە خراپانە کە مەسەلەن دەوڵەت یاخود هەرێمەکە توشی حاڵەتێکی ناجۆر بکات، ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نیە، دەسەڵاتی ئیسداری سەنەدات و حەوالاتی بانقی مەرکەزیمان نیە، ئێمە تەمویلەکەمان لە بەغداوەیە، دەسەڵاتی دەرکردنی عوملەی تازەشمان نیە بەشێوازێك، بۆیە من پێموایە ئەمە حاڵەتێکی زۆر ناجۆرە کە پەنا ببرێتە بەر ئەوە بۆ داپۆشینی ئەو کورت هێنانە کە دەکرێ، بۆ تەسفیە کردنی ئەو کورت هێنانە، بەداخەوە لە زۆر وڵات لەحاڵەتی شەڕ و کارەساتی سروشتی زۆر گەورە، لە حاڵەتی قەیرانی گەورەکان حکومەت پەنا بۆ ئەوە دەبات، یەعنی ئەمەش جێگەو ڕێگەی خۆی هەیە، یەکێك لەحاڵەتەکان پێموانیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەندەی من ئاگادار بم قانونێك نیە بەوەی کە دەسەڵات بدات بەحکومەت، پەنا بۆ ئەو جۆرە قەرزانە یان بۆ (سحب على المكشوف) بەرێ، تەنانەت ئەگەر بەپێی قانونی عیراقیش ئێمە کار بکەین، لە یاسای ژمارە 150 ساڵی 1976 ڕێگەی بە وەزیری دارایی داوە تەخویلی کردووە کە پەنا بۆ قەرز بەرێ، بەڵام بەشەرتێك، بەشێوەیەك کە ئەو قەرزە لە سەدا پانزەی میزانیەی ساڵانە زیاتر نەبێ، هەروەها بۆ مودەی سێ مانگ بێ، ئەو قەرزە تەغتیە بکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێك دەبینن تەسەوڕم وایە کە لێرە لەوەش زیاتر بێ ئەم هینەش بەردەوام بێ و قەرزەکەش پڕ نەکرێتەوە، لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیا پەنا دەبەن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی قانونێکی ئیجرائی یان موافەقەتێك وەربگرێت، یان دەسەڵات بدات بە حکومەت بەپێی پێویست قەرز بکات، ئەوە سەرنج و تێبینیەکانی من بوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە حیسابی خیتامی گرینگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە من پێموایە وێنەیەکی واقع و فیعلی بودجەیە، کە دەبوایە بەراستی حیسابی خیتامی ئەو وێنە واقعی و فیعلیەی پێشان بدابایە، کە ڕێژەی جێبەجێ کردنی بودجەکەی دیاری بکردابوایە، دیاری کردنی لادانەکان، یان پابەند بوونەکان یان بەفیڕۆدان و زیادە ڕۆیی دیاری بکردایە، جێبەجێ کردنی یاسای بودجەی وێنە بکردایە ئەو بودجەی کە پەسەند کرا، لە سیاسەتی بودجەی حکومەتی هەرێم ئەو بوعدە علمی و زانستیەی کە پێویستە لە سیاسەتی ئابووری و سیاسەتی بودجە، کەم و کوڕیەکان هەن چارەسەی بکردایە، بەڵام نەوەك ئەمانەی چارەسەر نەکرد،

بەداخـەوە خـۆی دەیـەها پرسـیار، دەیـەها هەڵـە، چ لـە ڕووی ڕەقـەمی چ لـە ڕووی زانسـتی لـەناو حیسـابی خیتامی هاتووە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حیسابی خیتامی ئـەوە چـوار ساڵە لـە پەرلـەمانین ئـەوە یەکـەم جـارە حیسـابی ئاواو گفتوکۆ و موناقەشە بکرێ، سەرەڕای ئەوەی کە ئەبوایە دوا نەکەوتایە، دوا نەکـەوتووە، لـەکاتی خـۆی هاتووە، ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەگەڵ بوایە کە ئـەوە دەزگایـەکی پرۆفیشـینـەل و پسـپۆرە، زیـاتر وردەکاریەکانی دەکرد، ئەم حیسابە خیتامیـە بەشـێوەیەکی تەقلیـدی نێـردراوە، کـە دەبوایـە وردەکاریـەکی زۆری تیا بوایە، باسی بودجەی سەرۆکایەتیەکان، سـەرۆکایەتی هـەرێم، حکومـەت، پەرلـەمان، سـەرۆکایەتی قەزا، هەروەها باسی وەزارەتەکان و دەزگاکان ئەو فەرمانگانـە، ئـەو سـەرۆکایەتی و دەسـتانەی کـە پەیوەنـد نین بە وەزارەتەکانەوە ئەوانەشی بە وردی بکردایە، بەڵام بەشێوەیەکی عمومی کـە لـە فۆرمێکی تەقلیـدی کە بەداخەوە ئەگەر سەیری بکەین سێ حیسابی خیتامی بۆ ئێمە هاتووە لەسـەر سـاڵی 2011، حیسـابێکی خیتامی پێش بودجەی ساڵی 2012 هات، حیسابێکی خیتامی لەکاتی بودجەکە هات، ئەم حیسابی ساڵەش، سەیری بکەین موقارەنەی ئەو سێ حیسابی خیتامیە بکەی.

من بەشێوەیەکی گشتی ئەیڵێم، دوایی بە ئەرقامیش جیاوازیەکی زۆر هەیە، لەسەر سـەرفی ئـاو و ئـاوەڕۆ، باسی ئەوە ئەکات کە شەش مانگی یەکەم زۆر زیاترە لە هەموو ساڵەکە، زۆر نموونە هەیە سەرف لـە شـەش مانگی یەکەم زۆر زیاترە لە هەموو سـاڵەکە، کـە ئەمـە زۆر نـاعیلمی و زۆر نامەنتیقیـە، هـەروەها ئێمـە لـە یاسای بودجە ئەوەی کە موسادەقە کرا، سیانزە ترلیۆن و نۆسەدو پـەنجاملیارو شـەش سـەدو حـەفتا ملیـۆن دینار موسادەقە کراوە، بەڵام بـەپێی ئـەم حیسـابە خیتامییـە هـاتوە، چـواردە ترلیـۆن و سـێ سـەدو نـەوەت ملیارو و دوو سەدو بیست و حەوت خـەرج کـراوە، واتـە چـوار سـەدو چـل ملیـار زیـادە ڕۆیـی کـراوە، ئەمـە لەگەڵ ئەوەش بۆ ئەوەی هەر لێرە ئەو مولاحەزەیە بڵێم، کـە بودجـەی وەبـەرهێنان نیـوەی خـەرج کـراوە، مانای وایە نیوەی بودجەی وەبەرهێنانەکەشی موناقەلە کردووە، بۆ بودجەی تەشغیلی.

ئەمە ماددەیـەکی نـاو یاسـای بودجـەی سـاڵی 2011 یـە کـە بـە نـەس دەڵێ، نـابێ موناقەلـە لـە بودجـەی وەبەرهێنانەوە بکرێ بۆ بودجەی تەشغیلی، کـە ئـەلێرە موناقەلەکـەی کـردووە بەداخـەوە، خـاڵێکی تـر کـە زیادە ڕۆیی، کورت هێنان، کە تەخمین کراوە، بە ترلیۆنێك و پێنج سەدو شەست و چوار ملیار، بەڵام کورت هێنانە فعلیەکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە نازانستی هەیە لە خەملاندنەکان، کـە دوو ترلیـۆن و سـی و یـەك ملیارو هەشتاو شەش ملیۆن دینارە، دیسان ناواقعی و نازانستی هەیە لە خەملاندنەکان.

بۆ نموونە، داهاتی ناوخۆ خەملاندوویەتی بە چوار سەد ملیار، بەڵام فیعلیەکەی یەك ترلیۆن و سەدو سی و یەك ملیارو هەشت سەدو حەفتاو حەفت ملیۆن دینارە، داهاتی کارەبـای خەملاندنـەوە لـە یاسـای بودجـە بە سەدو پەنجاو یەك، داهاتی پترۆ دۆلار بە سێ سەدو پـەنجا ملیـار، ئـەم دوو داهاتـە لـە حیسـابی خیتـامی هیچی ئاماژەی پێ نەکراوە، لەکوێیە؟، هەروەها بارمتەی بودجەکانی ئاسایی و بارمتەی بودجەی پرۆژەکان، لە بودجە ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام لە حیسابی خیتامی ئاماژە بە هەردوکیان کراوە، کە بودجەی ئـاسایی

هەشتاو چوار ملیارو چوار سەدو حەفتاو شەش ملیۆنە، بارمتەی پرۆژەکان شەست و پێنج ملیار و دوو سەدو چل و چوار ملیۆنە، کورت هێنان ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و بە سیاسەتی ئابووری بۆ هەرێم دابڕێژین.

ئەبێ ئێمە بەرنامەیەکمان هەبێ، پلانێکی ستراتیژیمان هەبێ، پلانێکی بەلای کەم پێنج ساڵە هەبێ، بۆ کەم کردنەوەی کورت هێنان، بەلاَم بەداخەوە کورت هێنان ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردووە، لە ساڵی 2010 کورت هێنان هەشت سەدو سی و پێنج ملیار بووە، کەچی لەساڵی 2011 بووە بە ترلیۆنێك و پێنج سەدو شەست و چوار ملیار، مانای وایە تەقریبەن دوو قات زیادی کردووە، لە 2012 بووە بە دوو ترلیۆن و چل و چوار ملیۆن دینار، ئەمەش زیاد کردنە، ئەمەش هەڵەیەکی ستراتیژی گرنگە کە دەبێ حکومەتی هەرێم بەرپرسە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە.

خاڵێکی تر لە داهاتی ناوخۆ بەهیچ شێوەیەك باسی مودەوەری قەرزەکانی نەکردووە، ئەو سولفەیەی کەدەیدات وەکو عەقار، وەکو نیشتەجێ بوون، وەکو کشتوکاڵ، وەکو بازرگانی، وەکو قەرزی بچووك، وەکو پیشەسازی، کە ئەمە ساڵانە ڕێژەیەك دەگەڕێتەوە ئایا ئەو ڕێژەیە چەندە؟، ئەو بڕە چەندە؟، کە دەبێ بچێتە سەندوقی تایبەتی خۆی دواتر سەرف بکرێ، ساڵانە چەندە؟، چۆنیش سەرف کراوە؟، دوو سەد ملیار دینار دانرا بەناوی ڕێکخراوە زانستی و ڕۆشنبیریەکان، 200 ملیار، ئەم دوو سەد ملیارە جۆری سەرف کردنەکەی، سولفەکانی، چۆن دراوە؟، بەکام ڕێکخراوە دراوە؟، هەر ڕێکخراوەی چەندی پێ دراوە؟، دیاری نەکراوە، بڕی پارەی ئەحزاب و مونەزەمات، دیاری نەکراوە چۆن دابەش کراوە، چەندە، بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەکراوە، لەسەر چ ئەساسێکی زانستی، لەسەر چ پێوەرێك سەرف کراوە، داهات، داهات کە گرنگترین بڕگەی ناو بودجەیەو ناو حیسابی خیتامیە.

بەداخەوە زۆر ناشەفافە، سەرچاوەکانی نادیارە، ئێمە ساڵانە لە بودجەش و لە حیسابی خیتامی زۆربەی زۆری بەڕێزان پەرلەمانتارەکان باسی داهات دەکەین، باسی کەم و کورپەکانی بودجە دەکەین، باسی دواکەوتنی بودجە دەکەین، باسی دواکەوتنی حیسابی خیتامی دەکەین، بەس من پێموایە تاوەکو ئێستا هەر قسەو بەهەوا، تاوەکو ئێستا چارەسەرێکمان نەدیوە، چارەسەرێك بە فیعلی ئەم پرسیارانە بۆ ئەم مەسەلانە، ئەوە داهات ناشەفافە، بەلاَم پلانیش نیە بۆ گەشەدان بە داهات و زیاد کردنی داهاتمان، چۆن دابەش ئەکرێت و چۆن خەرج ئەکرێت، ئەویش نا شەفافە، فەرقێکی زۆر هەیە.

بۆ نموونە، داهاتی ساڵی 2010 حەوت سەدو چل و دوو ملیار تەخمین کراوە، کەچی لە حیسابی خیتامی سێ سەدو پێنج ئاماژەی بۆ کراوە، بە فەرقی چوار سەدو سی و حەوت ملیار، داهاتی فڕۆکەخانەکان زۆر کەمترە لە خەرجیەکانیان، لەدونیا فڕۆکەخانە وەبەرهێنە، ئیستیسمارییە، قازانجی ئەبێ لێ بکەی، کەچی بەداخەوە لای ئێمە..، کەچەند بڕگەو تەوەرەیەکە.

داهاتی نەوت باسی ئەو بەخششانەی کە ناوی ئەنێین شیرینی، کە لە کۆمپانیاکان و لە کرێی کەڵەکە بووی کۆمپانیاکان وەردەگیرێت، داهاتەکەی دیار نیە، ئەوەیەك، داهاتی نەوتی خاو، کەپترۆ دۆلار ئێمە

خەملاّندوومانە بە سەدو هەشتاو حەوت هەزار بەرمیل ڕۆژانە دیار نیە، کەنەوەت و پێنج هەزار بەرمیلی بۆ دەرەوە دەڕوات، پەنجاو سێ هەزار بەرمیلی بۆ پالاْوگەکانی ناوخۆ دەڕوات، سی ونۆ هەزار بەرمیلی دیار نیە چی لێ دێت، ئەمە خۆی دیار نیە چی لێ دێت، داهاتەکەی دیار نیە، وە پترۆدۆلارەکەی لەهیچ شوێنێك ئاماژەی پێ نەکراوە، ئەگەر نرخی یەك بەرمیل نەوت بە 100 دۆلار دابنێی دیارە مەبلەغێکی زۆر ئەکات، بەرێزان خالێکی تر لە داهاتی نەوت بەپێی ماددەی (1) بڕگەی (4) یاسای 22 ی ساڵی 2007 ی نەوت و غاز، هەروەها بەپێی ماددەی 15، دەبێ فرۆشتنی نەوت و غاز و پاداشتەکان و موڵکانەکانی دەبێ بخرێتە سندوقی حیسابێکەوە، کەچی دیار نیە، هەروەها لە ماددەی 37 بڕگەی (5) ڕێژەی موڵکایەتی.

بڕگەی (6) کە باسی دەعمی شەریکات دەکات، ئەگەر ئەو شەریکاتانە دەعمێکیان هەبێ بۆ ژینگە، دەبێ موڵکانەش بدەن، ئەوە هیچی دیار نیە، ماددەی 40 یاسای نەوت و غازدا، باس لە سەر شەریکەکان ئەکات، باسی ئەم شەریکاتی نەوتانە ئەکات باجیان چەندە؟، هەروەها لەو یاسایە ئاماژە بەوە کراوە لە 20٪ تا 25٪ی پشکی شەریکەی کوردستان لەوەبەرهێنانی نەوت، ئایا ئەو پشکی نەوتە لە 20٪ و تا 25٪ ە بڕەکەی چەندە؟، پارەکەی چەندە؟، سێ پالاْوگەمان هەیە لە بازیان، لە زاخۆ لە خەبات، توانای پالاْوتنی 65 هەزار بەرمیلی نەوتیان هەیە، داهاتەکەی دیار نیە، ئەو داهاتە لەکوێ دێت؟، چۆنە؟، چۆن فرۆشراوە؟، چەندە؟، ئەوە داهاتی نەوت تەبعەن ئەو بڕگانەیەو زیاتریش.

داهاتی خاڵە سنووریەکان، دیارە قەبارەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان، وەکو پسپۆڕانی بازرگانی باسی دەکەن، لە سنووری 30 ملیار دۆلار دایە، ئەم ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تجاریە، کە لە 5٪ ی بە پێی زانستی ئابووری لە 5٪ی ئەم ئاڵو گۆڕیە بازرگانیە بۆ هەرێم دەبێ بە تەخمین دیار نیە، ئایا داهاتەکانی حاجی ئۆمەران، باشماغ، ابراهیم خلیل، پەروێز خان، خاڵە سنووریەکانی تر لەکوێیە؟، چەندە؟، دیار نیە، داهاتی ئۆتۆمبێل، داهاتی ئۆتۆمبێل دوو نەوعی هەیە، باجی گومرگیەکەی.

دووەم، تابلۆی کە پارەی لێ ئەسەنن بۆ ڕەقەمەکە، تەخمین کراوە ساڵانە 150 هەزار ئۆتۆمبێل دێتە کوردستانەوە، لە داهاتی گومرگ هەزار دۆلاری لێ وەرئەگیرێت، هەزار دۆلاری ئەوە گومرگە، ملیۆنێکیش تەقریبەن زیاتری لێ وەرئەگیرێت بۆ تابلۆ، ئەمە هیچی دیار نیە.

خاڵێکی تر کرێی بازاڕ و دوکان و مەعرەز و حانوت و بیناکان، وەکو کاك سەمیر ئاماژەی پێی کرد، بۆ ساڵی 2011 رەقەمێك تەخمین کراوە، تەقسیمی 12 م کردووە، مانگی 30 ملیۆن دینار ئەکات، یەك بازرگانی بچووك 30 ملیۆن دینار کرێی دوو بینای ببێ 30 ملیۆن دینار ئەکات، یەك عیمارە بدەی بەکرێ 30 ملیۆن دینار ئەکات، کەچی ئەم هەموو مەکتەب و حانووت و دوکان و بازاڕ و ئەم هەمووە حکومەتی هەرێم هەیەتی، مانگی 30 ملیۆن دینارە، داهاتی بڕینی پارەی خانەنشین و سندوقی خانەنشین لەکوێیە؟، ئەوە چەندە؟، بڕەکەی چەندە؟، مودەوەرە بۆخۆی دەبێ سەرف بکرێتەوە.

خاڵێکی تر و بڕگەیەکی تر زانیاری هەڵەو نا دروست، بەداخەوە لە بودجەی ساڵی 2011 نووسراوە، پێنج ترلیۆن و نۆسەدو پەنجاو دوو ملیارو سەدو چل و نۆ ملیۆن سەرف ئەکرێت بۆ فەرمانبەران، کەچی شەش

ترلیۆن و نۆسەدو هەشتاو سێ ملیارو دوو سەدو حەفتاو پێنج خەرج کراوە، واتە زیادە ڕۆیی بە ترلیۆنێك زیاتر سەرف کراوە، ئەگەر سەیری بکەی، یەعنی ئەو ترلیۆنانە بۆ موەزەفین سەرف کراوە، جگە لە فەرمانبەری بانقە تجاریەکان، فرۆکە خانەکان، مودیریەتی نەوت و غاز، مودیریاتی بەلەدیات و شارەوانی عەنکاوە.

ئەگەر سەیر بکەی، بۆ مووچەی موەزەف و تەقاعود زیادی کردووە، لە چوار ترلیۆنەوە بۆ شەش ترلیۆن، بەینی ساڵی 2010 و 2011، واتە بە نزیکەی لە 50٪ زیادی کردووە، چوار ترلیۆن لە 50٪ی دوو ئەکات، مانای دوو ترلیۆن زیادی کردووە، بەڵام کە زیادە ڕۆیش کراوە لە ساڵی 2011 سی و چوار هەزارو پێنج سەدو چل و حەوت موەزەف دامەزراوە، مانای وایە لە 5٪ی موەزەف زیادی کردووە، خۆی شەش سەدو پەنجا هەزارمان هەیە، لە 5٪ی موەزەف زیادی کردووە، کەچی لە 50٪ مووچە زیادی کردووە، ئەمە پرسیارێکە چۆن، کە خۆمان 25 هەزاریشمان موسادەقە کردووە، بەڵام 36 هەزار دامەزراوە، ئەمە زیادە ڕۆییەکی ترە.

تەبعەن لە بابەکانی شمەك و خزمەتگوزاری و سیانە، لە بابی باربوو و بەخشین و لەبابی سوودە کۆمەڵایەتیەکان و خەرجیەکانی تر، فەرقێکی زۆر هەیە، بەداخەوە، ژمارەیەکی زۆر هەڵە هەیە، هەر بۆ نموونە، باسی شمەك ئەکەم، شمەك و ئەوانی تر باس ناکام، چونکە با کات زۆر نەگرم، لە ساڵی 2011 یەك ترلیۆن و پێنج سەدو یانزە ملیار و دوو سەدو نۆ ملیۆن دانراوە، کەچی ئەوەی کە سەرف کراوە، دوو ترلیۆن و نەوەت و چوار ملیار و سەدو چل و حەوت ملیۆنە، مانای وایە، فەرق پێنج سەدو هەشتا و دوو میارو نۆسەدو چل و شەش ملیار دینار سەرف کراوە، ئەمە هەر لە شمەك و خزمەت گوزاری و سیانە، لە باربوو فەرق هەیە، لە ئیعانات فەرق هەیە، لە سوودە کۆمەڵایەتیەکان فەرق زۆرە.

لە بودجەی وەبەرهێنان بەداخەوە، حکومەتی هەرێم ئەبێ پلانی ببێ، بۆ ئەوەی بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکات، لە وڵاتە پێش کەوتووەکان کە ئیقتیسادیان بەقوەتەوە پێش ئەکەوێ، وەبەرهێنان زیاد ئەکات، تەشغیلی کەم ئەکات، ئێمە 31 بە 69 بووە، ئێستا ئەم هاتووە دوو غەڵەتی گەورە، نیوەی سەرف کردووە، مانای وایە لە 16 ٪ی بودجەی گشتی بۆ وەبەرهێنان سەرف بووە، کە ئەم ڕەقەمە زۆر کەمە، بەداخەوە مانای بەرەو دواوە چوونە، خاڵێکی تر وەکو ئاماژەم پێ کرد، موناقەلە کردنی کردووە، لە بودجەی وەبەرهێنان دوو ترلیۆنەکەی کەماوەتەوە چووە لە بودجەی تەشغیلی سەرفی کردووە، لە بودجەی تەشغیلی ئەوەشی سەرف کردووەو بە بڕی چوار سەد ملیار زیاتریش عجزی سەرف کردووە، بوە بە چواردە ترلیۆن، ئەمەو چەندەها تەبعەن ئەگەر وردەکاری بکەی، راپۆرتێکی تەفسیلی لەسەر ئەوە هەیە، وردەکاری رەقەمی هەڵەی زۆر تیایە، بەداخەوە نازانستیە، من بۆیە پێموایە، یەکەم، هەق وایە ئەو حیسابە ختامیە من پێشنیار ئەکەم بنێردرێت بۆ دیوانی چاودێری دارایی، دیوانی چاودێری دارایی تەدقیقی بکات، راپۆرتی خۆی بنووسێ بۆ پەرلەمان، ئەم پەرلەمانە دەنگ نەدەین بە شتێك کەم و کوڕی و ناعیلمی و نازانستی و کەناشەفاف و ناڕوونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من یەك پرسیار دەكەم، ئایا دەكرێ هەموومان باس لە هەمان لەغو و هەمان شتی گومرگ و فڕۆكەخانەو داخلیەو سندوقی خانەنشین، بەهەمان شێوەو بەهەندێك شێوەی تر بكەین، كە دوو كەس، سێ كەس باسی دەكات، هەق نیە خوشك و برایانی تر باسی بكەن، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە حیسابی كۆتایی، دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەكەم كە ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادەكردووە، بەڕاستی كۆمەڵێك خاڵیان ئاماژە پێ كردووە، جێگەی ئەوەیە لەسەری بوەستین و حكومەت كاری لەسەر بكات، ئەوەی پەیوەندی هەیە بەداهاتەكانی ناوخۆ و ڕوونكردنەوەی دەربارەی زیادە ڕۆیی كەم ڕۆیی حیسابەكانی بودجەی ئاسایی، بۆ ساڵی 2011، تێچووەكان، كورت هێنان لەیاسای بودجەو حیساباتی كۆتایدا، جیاوازی ژمارەكان و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سولفەكان، كشتوكاڵ و پیشەسازی و هەروەها سولفەی خانووبەرەو مەسەلەی پارەی سووڕاو، هەموو ئەوانە جێگەی دەستخۆشیە كە لیژنەی دارایی لەسەریان وەستاوەو پێویستی بە ڕوونكردنەوەی نوێنەری حكومەتەوەیە، ڕونكردنەوەمان لەو بارەیەوە دەست بكەوێ، هەرچەندە جەنابی وەزیر لێرە هەندێ ڕوونكردنەوەی دا لەسەر ئەو سەرنج و پێشنیارانە، بەڵام هێشتا پێویستی بە زیادە ڕوونكردنەوە هەیە، بەتایبەتی داهاتەكان و پێشینەكان و كورت هێنان، من پرسیارێك دەكەم، ئایا ڕۆژ بەڕۆژ داهاتمان زیاد دەبێ، پلان هەیە بۆ ئەو مەسەلەیەی تا لە داهاتوودا كورت هێنانەكانی پێ پڕ بكەینەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و وەفدی هاوڕێی، دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری دەكەم بۆ ئامادەكردنی ئەو ڕاپۆرتە، زۆر سەرنج و تێبینی باشیان خستۆتەڕوو، لە ڕاستیدا دوو خەلەل هەیە ساڵانە لە كاتی هەم هاتنی بودجە، هەم لەكاتی هاتنی حیسابی خیتامی بۆ پەرلەمان، حیسابی خیتامی لەكاتی خۆی ناگات دوا دەكەوێ، دووەم، پێویستە ساڵانە دوو جار بگاتە پەرلەمان، واتە شەش مانگی یەكەم و شەش مانگی دووەم، كە حیسابی خیتامی تەنها بەیەكجار هاتووە بۆ هەموو ساڵەكە، ئەمە یەك، دووەم ، دیوانی چاودێری دارایی لە ڕاستیدا گرفتێكە ساڵانە ئێمە هەم لە حیسابی خیتامی، هەم لە بودجەی گشتی ساڵانە ئەگاتە پەرلەمان، نەبوونی یان لەبەردەستدانەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی، لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە لە ڕاستیدا گرفتێك بۆ ئەندامانی پەرلەمان دروست ئەكات، گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێ، پرسیاری زۆر دروست ئەكات، بۆیە لە ڕاستیدا پێویست بوو،

بۆیە هەموو موازەنەیەکیش کەدائەنێین رەقەمەکانی لە ئەوەل تەغتیتیە، کە حیساباتی خیتامی و کۆتایی پێ ئەبێ بە میزانیە فیعلیە، لەبەر ئەوە هەموو ڕەقەمێك کۆتاییەکەی موخەتەتەو فیعلیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و لەو خوشك و برا بەڕێزانە بکەم کە ئەرکێکی زۆریان کێشاوە، کەمێك لە ماندووبونی ئێمەشیان کەم کردۆتەوە، پشتیوانی لە تێبینیەکان و لە ڕوونکردنەوەکانیان دەکەین، جگە لەوەش چەند سەرنجێکمان هەیە، ئەگەر بەڕێزتان دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی باسی بکەین، یەکێك لەو سەرنجانەی من لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دارایی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییش ئیشارەتی پێ دراوە، یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی ژمێریار لەکاتی کارکردنیدا لە بودجە خەملاندنە، وا دەردەکەوێ لەو بەراوردانە لاوازیەك لەو خەملاندنە دەردەکەوێ، لەکاتێکدا پێویست بوو خەرجیەکان بەپێی وەزارەتەکان ڕەوانە بکرێ، بۆ ئەوەی وەزارەتی بەرپرس لە لادانە داراییەکان ئاگادار بکرێتەوە، پێموابێ ئەوە کەلێنێکە دەبوایە پڕبکرابایەوە.

دووەمیان گرفتێکی تر هەیە، پێموایە کە بودجەی ساڵانە خۆی بە کورت هێنانێکی زۆرەوە پەسەند دەکات، ساڵ بەساڵیش لە بری ئەوەی بیر لەکەم کردنەوەی ئەم کورت هێنانە بکاتەوە، قەبارەی کورت هێنان زیاتر دەبێ، ئەمساڵ دەردەکەوێ لە حیساباتی خیتامی بەهۆی خەرج نەکردنی بودجەی وەبەرهێنان کە تاوەکو کۆتایی ساڵ باقیەکەی خراوەتە سەر بودجەی بەکاربردن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، کە 49٪ی خەرج کراوە، ئەوەی تر داوا دەکەین لە وەزارەتی بەڕێز جۆری گواستنەوەی ئەو بڕە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی بەکاربردن، چۆن بووە؟، بۆمان ڕوون بکاتەوە.

لە لایەکی تر من دەچمەوە سەر ئەوەی کەباری سەرنجم لەسەر هەندێ لایەنی کە ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عیراقی فیدراڵ، نوێنەرایەتی ئەو هەرێمە لە دانانی بودجەو لە تاوتوێ کردنی بودجە، لەو ئیستیقتاعانەی کە لە بڕی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئەوەش لە ڕاپۆرتی وەزارەت و لە لیژنەی دارایی بەڕێزیشەوە ئیشارەتی پێ دەدرێ کە هەندێ کێشە هەیە، بەداخەوە بۆ ئێمە، هەندێ سەرئێشە هەیە بۆ ئەو هەرێمەی ئێمە دروست دەکرێ.

من پێموایە دەبێ بگەڕێینەوە سەر هەندێ لایەن کە بۆچی تاوەکو ئێستا لایەنی کوردی، یان وەزارەتی دارایی و یان حکومەت لە بەدواداچوونەکانی خۆیدا نەگەیشتۆتە نەتیجەیەك لە عیراق، ئەگەرچی بەشێکیان مابەینی دەستوورین، بەڵام بەشەکەی تریشی پێموایە ئێمە لە شەراکەتێکی ڕاستەوخۆدا دەژین لە عیراقدا، پێویستیش بەوە دەکات کەچی تر لەو مەسەلانە بێ دەنگ نەبین، ئەگەربێینە سەر پێناسەکان

و ئەو پرسانەی کە بۆ فیدڕالیەت دەکرێ، سەپاندنی چەند نموونەیەك لە وڵاتانی دیموکراسی، بەسەر عیراقێکی نادیار و عیراقێکی جیاواز، کوردستانێك کە بەشێکە لە هۆکاری ئەو هەڵە کوشندەیەی کە سەرجەم سیاسەتی ئابووری و دارایی هەرێم بە ناوەندەوە، نەتوانراوە تەنانەت لە بەشی دەسەڵاتە هاوبەشەکانیشدا جێگەی بۆ بکرێتەوە، کە هەرێم ڕۆڵێکی هەبێ لە دابەش کردن و پیادەکردنی ئەو سیاسەتانە، لەگەڵ پێك نەهێنانی ئەنجومەنی دیاری نەکردنی دەسەڵاتەکانی لە دەستووردا، ڕێژەی کەمی کرد لە پەرلەمانی عیراق، هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان لە ئاست دانان و چاودێری کردنی نوێنەرانی کورد لە دەسەڵاتی جێبەجێکار لە بەغدا، مەسەلەکە بە ئاراستەیەکی خەتەرناك دەبات، زۆرینەی دەسەڵاتەکانی هەرێم لە چوارچێوەی دەسەڵاتە لامەرکەزیەکان دەخولێتەوە.

من پێموایە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی کە ئێمە لێرەو لەوێ جار جار لە بودجەکە و لە کورت هێنانەکە لە هەندێ لایەن ناروونی لەو بودجەیەدا هەیە، من پێموایە ئۆباڵەکەی دەگەڕێتەوە سەر نوێنەرانی کورد لە بەغدا، لە لایەکی تر هەرێم بێ ئاگایە لەدانانی بودجەی گشتی عیراق کە لەوێدا هەم ڕێژەی بودجەی هەرێمی دیاری دەکرد کە لە 17٪ و هەمیش لە 17٪ نزیکەی 5٪ ی بۆ خەرجی سیادی و حاکیمە تەرخان دەکرد، ئەم ئیعتیرافە ساڵانەیە لە لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی وەك کلێشەیەك دووبارە دەبێتەوە، نازاندرێت ئەم کلێشەیە وەزارەت گلەیی لە واقعەوە دەکات، لەوەش خراپتر ئەوەیە دیار نیە وەزارەت بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە چی کردووە؟، چ هەوڵێکی داوە؟.

حەز دەکەین لە لایەن وەزارەتەوە ئەو هەوڵانەی کە داویانە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان لەگەڵ عیراقی فیدرال بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەوەی کە لەوەزارەتی دارایی عیراقەوە بۆ هەرێم دیاری کراوە، ئەوە بودجە نیە لە سولفە دەچێ، چونکە حکومەتی عیراقی بێ گەڕانەوە بۆ هەرێم هەم ڕێژەی داهات و هەمیش خەرجی هەرێم بۆ ساڵێکی دارایی دەست دەکات، کە ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەو دەسەڵاتە مەرکەزیە مەترسیدارەی لەدەستی بەغدا کۆبۆتەوە، هەرێمیشی خستۆتە بەر ڕەحمەتی ئەو واقعە، چەند ماددەیەك و بڕگەیەکی دەستووری عیراقی هەن، کەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە هەرێمەوە، تائێستا نەوەك هەر جێبەجێ نەکراون، بەڵکو پێدەچێ فەرامۆشیش کرابێ، لێرەدا دیسان بەرپرسیارێتی نوێنەرانی کورد لە بەغدا نیشان دەدات، دەمەوێت ئاماژە بە ماددەیەکی گرنگی دەستوور بکەم، کە دەستورێکی گەورەی لە سەپاندنی عەدالەت دەدات لە دابەش کردنی بودجەدا دەبێ ئەگەر بێتو جێبەجێ بکرێت، ماددەی 106 ی دەستوور باس لە پێکهێنانی دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێری کردن و تەرخان کردنی داهاتی فیدراڵی دەکات، کە لە پسپۆرانی فیدرالی هەرێمەکان پێك دێت، ئەرکی سەرەکی ئەم دەستەیە لە سێ خاڵدا کۆ کراوەتەوە، یەکەم/ دڵنیا بوون لەدابەش کردنی عادیلانەی قەرز و یارمەتییە نێودەوڵەتیەکان بە گوێرەی پشکی هەرێمەکان.

دووەم/ دڵنیا بوون لە دابەش کردنی توانای دارایی هەرێمە فیدراڵیەکان.

سێیەم/ گرەنتی ڕوونی و عەدالەت لە تەرخانکردنی کراوە داراییەکان بۆ حکومـەتی هـەرێم و پارێزگاکـان، لێرەدا پرسیار لەوەیە، بۆچی تاوەکو ئێستا لایەنی کوردی فکری لەم دەستە گرنگە نەکردۆتەوە؟، بۆ هەوڵی دامەزراندنی نەداوە، بۆ وا فەرامۆش کراوە؟، حیکمـەتی ئەمـە چیە؟، وەزارەت چ ڕوونکردنەوەیـەکی هەیـە دەربارەی ئەو مەسەلەیە؟، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی خوشکە پەرلەمانتارەکان پاش نیوەڕۆ دەورەیان هەیە، دانیشتنی ئـەمڕۆمان تـەئجیل دەکـەین بۆ بەیانی، تێبینیت هەیە فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرسیارانەی کراوە، پرسیاری تریش ماوە، ئێمە ئەمانەوێ پرسیارەکان کۆ بکەنەوە و ئەینووسین، بەڵام وەڵامی هەمووی ئەدەینەوە، وەڵامی هەمووشی تەبیعی هەیە، بـەڵام ئـەو ڕەقەمانـەی کـە ئێستا بـاس ئەکرێ کە ئەوە وانیەو وانیە، من پێموایە سەهوو هەیە لە بۆچوونەکانیەکان، لە بەعزێك شوێن لـە بـەینی دوو قەوس دایە، مانای ئەوەیە بە ناقس دەرکەوتووە، مانای ئەوەیە لە شوێنی خـۆی نـاقس کـۆ کراوەتـەوە، بـەعزێك شـوێن ئیرادەکـە ئـیرادی 2010 ئێستا بـە 2011ئـەوەی ئـەکات، ئەمانـە هـەمووی مولاحـەزاتن، مولاحەزاتەکانی تریش وەڵامان هەیە بۆ هـەمووی، ئینشائەڵڵا تـەواو ئـەبێت، مـەجالمان بـدەن دوای ئـەوە بەڕۆژێك دوای ڕۆژەکە وەڵامەکان هەمووی ئەهێنینەوە پەرلەمانی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیانی یەکەم کەس کە قسە دەکات، وەڵامـی هـەموو ئەوانـە بـدەوە کـە قسـەیان کـردووە، سـەعات (10) ی پـێش نیـوەڕۆ دادەنیشـین، لەسـەرەتا ئـەوەی کـە پرسـیاریان کـردووە، وەڵامیـان بـدەوە ئـەوەی تـریش خـوا کەریمە، تا بەیانی سەعات (10) ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (32)**

**چوار شەممە رێكەوتی 19\12\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (32)

## چوار شەممە رێكەوتی 2012/12/19

**کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2012/12/19 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سوره جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (32)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (32)ی خـولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2012/12/19 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر پەسەند کردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان. پەرلـەمانی کوردسـتان. خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی چـوارەم، خـولی گرێـدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 32 ڕۆژی دانیشتن 2012/12/19.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) ی مادده(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشـتنی ژمـارە (32) ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، لـەکات 10ی پـێش نیـوەڕۆ ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2012/12/19 بەم شێوەیە بێ:**

**-بەردەوام بوون لەسەر پەسەند کردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011.**

**بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، داوادەکەین لیژنـەی دارایـی بفـەرموون بـۆ سەکۆی لیژنەکان، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکان، د.عمر نورەدینی فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ڕاستیدا بەشێکی زۆر لەو بیرو بۆچوونانەی کەمن هەمبوو ئامـاژەی پـێ درا، بۆیـە مـن تـەنها لـە شـێوەی دوو پرسـیار دا بۆچـوونەکانی خـۆم دەخەمـە ڕوو، سـەبارەت بـەداهات هـەروەکو لـە یاسـای بودجـەی سـاڵی 2011 دا پەسەند کراوە لە پەرلەمانی کوردستان، داهاتی ناوخۆ بە بڕگە جیا جیاکانیەوە، تەسبیت کراوەو جێگیر کراوە، ئەگەر کۆی بکەیەوە زیاتر لە ترلیۆنێك و دوو سەدو شەش ملیارە، بە بڕگە جیا جیاکانیەوە، لێرە زۆر پرسیار دەکرێ کە مەسەلەن داهات دیار نیە، من پرسیاری سەرەکیم ئەوەیە ئەگـەر ئێمـە داهـاتی ناوخۆمان بـە گـوێرەی یاسـا پەسـەند کـرد، ئایـا لـە حیسـابی خیتامیـدا، زیـاتر لـەو داهاتـەی کـە لـە یاسای**

بودجەدا پەسەند كراوە، دەكرێ باسی داهات بكرێ، ئایا ئەو داهاتەی كە لە یاسای 2011 یاسای بودجەدا تەسبیت كراوە، لە حیسابی خیتامیدا قسەی لەسەر كراوە، بڕگە جیا جیاكان یان یاسا جیاوازەكانی داهاتی هەرێمی كوردستانی تێدا نیە، لەمەسەلەی ئەوەی پێی دەگوترێ مەسەلەن داهاتی كارەباو ئەوەی كە مەسەلەی ژمارەی سەیارەو ئیتر باقی سەرچاوەكانی تری داهات؟، من ئەو پرسیارەم هەیە، حەز دەكەم بەڕاستی بەڕێزان لەوەزارەتی دارایی وەڵامی ئەوەمان بدەنەوە، هەروەها لیژنەی پەیوەندیداریش وەڵامی ئەو بەشی پرسیارەمان بدەنەوە، ئایا ئەو بڕەی لە داهاتی ناوخۆ لە یاسادا جێگیر كراوەلە حیسابی خیتامیدا دەكرێ لە دەرەوەی ئەوان مەسەلەن داهات زیاتر باس بكەن، بڵێن بڕی داهات زیاترە یان كەمترە؟، پرسیارەكەی تریشم سەبارەت بە ڕاو پێشنیار و بۆچوونی لیژنەكانی پەرلەمانە، لەسەر حیسابی خیتامی، لە پەیڕەوی ناوخۆشدا ئاماژەیەك هەیە، بەڵام تاوەكو ئێستا من پێموایە ئەوە لە لای لیژنەكان بە باشی ڕوون نەبۆتەوە، وەكو چۆن لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەو ڕاپۆرتی حكومەت لەسەر بودجە پێویستە لیژنە پەیوەندیدارەكان یان هەموو لیژنەكانی پەرلەمان، لە ماوەیەكی موعەیەندا ڕاپۆرتی خۆیان ئاراستەی لیژنەی دارایی بكەن، تا بۆچوونی ئەوانیش بچێتە ناو ڕاپۆرت لەسەر حیسابی خیتامیەوە، ئایا پێویستە بە هەمان شێوە لیژنەكانی پەرلەمان ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر حیسابی خیتامی ئامادە بكەن، لەماوەیەكی سنووورداردا بیدەن بە لیژنەی دارایی، تا بۆچوونی ئەوانیش لەناو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لەسەر حیسابی خیتامی ڕەنگ بداتەوە؟، ئەم پرسیارەم هەیە بەڕاستی، بەتایبەتی لە لیژنەی دارایی و ئابووری ئەگەر وەڵامی ئەوەشمان بدەنەوە، من پێموایە لە ڕابردوودا بەم شێوەیە تێگەیشتن یان ڕوون كردنەوەكە لەلای لیژنەكان نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حیساباتی خیتامی كەئێستا موناقەشەی دەكەین ئێمە، قسەی لەسەر دەكەین، كاتەكەی زۆر تاخیرە، دوای ئەوە لە پێش قسە كردن و موناقەشەكردن لەسەر بودجەی 2012 بوایە، مع العلم ئێمە ئەمەیان 2012 تەسدیق كردووەو ڕۆیشتووشە، ماوەكەشی تەواو بووە، بۆیە من داوا دەكەم لێرەوە هیچ كاتێك موناقەشەی بودجە نەكرێت لە پێش ئەوەی كە حیساباتی خیتامی ساڵی پێشتر موناقەشە نەكرابێ، خاڵێكی تر ئەوەیە كە بۆ موناقەشە كردن و دەنگدان لەسەر حیساباتی خیتامی، پێویست دەكات كە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی هەبوایە، ڕاستە ئێستا دیوانی چاودێری دارایی فەعال نیە، بەڵام من لێرە پرسیار لەوەزارەتی دارایی دەكەم، ئایا ئەم حیساباتی خیتامیە بە هیچ فلتەرێكی دیكە تێپەڕیوە، لە وەزارەتەوە پێش بێتە پەرلەمان، یان هەر لە خۆیانەوە هاتووە بۆ ئێرە، ئەگەر دیوانی چاودێری نەبوو، باشە ناكرێ فلتەرێكی دیكە وەكو بەدیل جارێ دابندرێ، لە پەرلەمان بێ لە دەرەوەی پەرلەمان بێ، تا دیوانی چاودێری دارایی ئەكتیف

دەبێ، باس لەوە كرا، وەكو لە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایش هاتووە، لیژنەكانی تر ڕاپۆرتیان نەبووە، هیچ ڕاو بۆچوون و تێبینیان لەسەر ئەو حیساباتی خیتامیە نەبووە، بەپێی ماددەی 81 لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا، وا دەكات كە لیژنەكان تێبینیان هەبێ لەسەر حیساباتی خیتامیش، باشە یەك لیژنە نەیبوو، دوو: نەیبوو، مەعقولە لە كۆی 19 لیژنە تەنها لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی هەبێ، بۆیە من داوا دەكەم كەوا سەرۆكایەتی پەرلەمان لەمەو دوا چۆن سەقفێكی زەمەنی دادەنێ بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتی لیژنەكان، بۆ بودجە بەهەمان شێوە سەقفێكی زەمەنی دابندرێت، داوا لە لیژنەكان بكرێ كە ڕاو بۆچوونی خۆیان بدەن، گلەیی كرا كە ئەم ڕاپۆرتە یان حیساباتی خیتامیە وردەكاری تێدا نیە، باب و فەسلەكان نازانین چۆن ئەمانە فەسل كراوە، دەكرا لیژنەكان لە ڕێگەی بەدواداچوونی خۆیانەوە، با ئێمەش هەندێ گلەیی لە خۆمان بكەین، یەعنی هەموو گلەییەكان لەسەر ڕاپۆرتەوە دارایی نیە، لیژنەكانی پەرلەمان دەبوایە تاوەكو ئێستا لەگەڵ وەزارەتەكانی خۆیان، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی خۆیان ئەم وردەكاریەو بەدواداچوونیان بكردبایە، ئێستا لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا بەدیار بكەوتبوایە، خاڵێكی تر ئەوەیە لەگەڵ هەبوونی كورت هێنان، كە ئێمە هەموو ساڵێك ئەو موشكیلەیەمان هەیە، ئایا خەمی ئیحتیاتی خوراوە؟، یەعنی وەزارەتی دارایی ئێوە لەگەڵ ئەوەی كەوا ئەوەمان هەیە، ئایا بڕە پارەیەكمان هەیە بۆ ئیحتیات بۆ كاتی تەنگانە، بەكاری بهێنین، چونكە ئێمە جارێك پرسیارمان كرد لە وەزارەتی دارایی، ئەگەر هاتو بەغدا مانگێك یان دوو مانگ یان ساڵێك پارەكەی نە نارد، چ دەكەین؟، گوتیان بۆیەك مانگیش ناتوانین كارەكانمان بەڕێوەببەین، ئایا ئەوە مەعقولە و دەكرێ، گوترا فرۆكەخانەكان یان وەكو ڕاپۆرتەكەش دیارە فرۆكەخانەكان لە خەرجیەكانیان لە داهاتەكانیان زیاترە، ئایا تاكەی ئەمە وادەبێ، ئایا ئەمە عەمەلیەكی حیسابی ڕاست و دروستە، تاكەی ئێوە دێڵن ئاوا بێ، ئایا ئەوە نەتیجەكەی چ دەبێ؟، خاڵی كۆتایشم ئەوەیە دەڵێن لە تەعویزاتی مەوەزەفین ئەمە موقەنەنە، موقەنەنەو ناكرێ موناقەلەی لێ بكرێ، باشە كە موناقەلەی لێ ناكرێ، تەعویزاتی موەزەفین رەوابتەكان سابتەو بۆ هەمووی دانراوە، بۆ هەندێ چین و توێژ دەبینین كە دوو مانگ، سێ مانگ مووچە وەرناگرن، بۆ نموونە، لە زێرەڤانی، بەشی یەكەی پاسەوانی، دوێنێ مووچەی مانگی دەیان وەرگرتووە، هەموو مانگێكیش نیە، ئیلا دوو مانگ سێ مانگ تێدەپەڕێ ئینجا مەعاشەكەیان وەردەگرن، ئەمە ئەگەر مەسەلەی تەعویزاتی مەوەزەفین موقەنەن بێ و سابت بێ، ئەم تاخیر كردنە مەسەلەكەی چیە؟، سەبەبەكەی چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کردووە لەسەر حیسابی خیتامی، بە نووسراوی لیژنە ژمارە 260، لە 2012/11/7، دابەش کرا لەسەر ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیش ئاگای لێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆ ماددەی 81 دەڵێت (لکل لجنة ابداء ملاحظات حول القسم المتعلق باختصاصها ضمن الموازنة العامة والحساب الختامی الی لجنة الشؤون المالیة عبر رئاسة المجلس) یەعنی بابەتەکە وجوبی نیە، یەعنی موخەیەرن ئەوانە، تێبینیان هەبێ ئەتوانن بنووسن، تێبینیان نەبێ بۆیان هەیە ڕاپۆرت نەنووسن، یەعنی ئیلزام نیە، لکل لجنە، نە علی کل لجنە، لکل لجنە، لەبەر ئەوە لیجان ئازادن لەسەر نووسینی ڕاپۆرت یان نەنووسینی ڕاپۆرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ڕاپۆرتی ئێمە کەئاماژەمان پێیدا، نەمانوتووە لیژنەکان کۆنووسیان ئامادە نەکردووە، وتوومانە تا ئامادەکردنی ئەم کۆنووسە، کە مانگێك و 10 ڕۆژی بەسەردا ڕۆیشتووە، گەیشتۆتە دەست ئێوە، هیچ زانیاریەك و تێبینیەکمان لە لایەن لیژنەکانەوە بەدەست نەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی پەرلەمان بە نووسراوی ڕەسمی حیساباتی خیتامی ئاراستەی هەموو لیژنەکان کردووە، وەکو باسیان کرد لیژنەکان خۆیان دەتوانن وەڵام بدەنەوە، دەتوانن وەڵام نەدەنەوە، دووەم، هەر تێبینیەك کاك د.بشیر ئەگەر حیساباتی خیتامی موناقەشە بکرێ ئینجا میزانیەی ساڵی داهاتوو موناقەشە دەکرێ، بۆ نموونە، دەبێ هی 2013، حیساباتی خیتامی 2012 بێ، حیساباتی خیتامی 2012 تاوەکو مانگی 3 ناتوانێ بێت، چونکە هیچ حکومەتێك ناتوانێ دوو مانگ، سێ مانگ، لە دوای تەواو بوونی ساڵ حیساباتی خیتامی بنێرێ، کەواتە ئەبێ موناقەشەی بودجەش بکەوێتە مانگی پێنج و شەش، لەبەر ئەوە من پێموانیە شتێکی عەمەلی بێ، لەبەر ئەوە ئەوان بەخۆیان دانیشتوون، عظیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەوەی کەسەرنج و تێبینی منە لەسەر حیسابی خیتامی کە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، جێی گومانە کە ئێمە تاوەکو ئێستا سێ ساڵە خولانەوە بەدەوری خۆمان لەناو پەرلەمان، تەنیا موناقەشەیەکی چەند بارە ئەکەینەوە، لەسەر مەوزوعی بودجەو لەسەر حیسابی خیتامی، نەبوونی چاودێری دارایی، ئەو دەزگا رەقابیە بە هێزە کە ئەتوانێ باشترین بەلگە بێ وە باشترین فلتەر بێ بۆ ئەوەی کە پشت بە ڕاپۆرتی لیژنەی وەزارەت و لیژنەی یاسایی پەرلەمان ببەسترێ، نەبوونی ئەو دەزگایە خەلەلێکی گەورەیە لەنا شەفاف بوونی ئەم حیسابە خیتامیەی کە هاتۆتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە من لێرە ئەڵێم ئەکرا لە بڕی دەزگای چاودێری دارایی کە حکومەت خۆی تیا کەمتەرخەمە، نایەوێ بەشێوەیەکی ئاشکراو بە شەفافانە، بودجە یان حیسابی خیتامی ئەم حکومەتە، خەرجیەکانی ئەم حکومەتە چۆن لەسەر داهاتەکانی قسەمان ئەدا، لەسەر خەرجیەکان و لەسەر کەم تەرخەمیەکان و لەسەر ئەو هەموو هەڵەو کەم وکورتیەی کەلەسەر ئەو بودجەیەی کە هاتۆتە بەردەستی ئێمە، ئەو خەرجیانەی کە هاتۆتە بەردەستی ئێمە، هەموو جێگەی گومانە، بۆیە پێویست بوو لەناو لیژنەکانی پەرلەمان هەر 19 لیژنەکە وەزارەتە مەعنیەکان و لیژنەکانی پەرلەمان، تەئکیدیان لەوەبکردایەتەوە، کە مەعلوماتیان دەست کەوتایە، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل لەسەر خەرجی وەزارەتەکان لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەلاّم بەداخەوە هیچ لیژنەیەکی پەرلەمانی ڕاپۆرتی خۆی نیە، بۆیە من لێرەوە داوا ئەکەم کە ئەم حیسابی خیتامیە جارێکی تر موناقەشە بکرێتەوە، بگەڕێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی شەفافانە، بەشێوەیەك کە جێگەی متمانەبێ، جێگەی پەسەند کردن بێ، نەهاتۆتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ ئەو هەموو خەلەل و کەم و کوڕیانەی کەلە داهات لە خەرجیا، لە خەملاّندن، لەو تەجاوزاتانەی کە کراوە، حکومەت کردوویەتی لەگەڵ ئەوەی کە جێبەجێ نەکردنی یاساکانی ساڵانی ڕابردوو، پێویستی بەوەیە کە جارێکی تر پیاچوونەوە بەم حیسابە بکرێ، بۆیە لێرە من ئەڵێم یەکێك لە خاڵە هەرە سەرەکیەکان کە حکومەت نەیتوانیوە پابەند بێ پێیەوە، تایبەتی یاساکانە کە لەم پەرلەمانە دەرچووە، لە ساڵانی ڕابردوو، خەرجیەکانی بەکاربردن مـن وەکو نموونە ئەهێنمەوە، مووچەی فەرمانبەران، یەکێك لە بەشە سەرەکیەکانی بودجەی بەکاربردن کە ساڵانە زۆرترین پارەی تیادا خەرج دەکرێ، چەند گرفتێك هەن لە بودجەی تەرخان کراو بوو، مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان، ساڵی 2011 بڕی تەرخان کراو بۆ مووچەی فەرمانبەران، پێنج ترلیۆن و نۆسەدو پەنجاو نۆ ملیارو دوو سەدو چل ونۆ ملیۆن دینار بووە، پێویستە تەرخانکردنی ئەم پارەیە لە لایەن حکومەتەوە لەسەر کۆمەڵێك پێوەر بووبێ، بەلاّم ئەو پارانەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ساڵەدا بۆ مووچەی فەرمانبەران خەرجی کردووە، شەش ترلیۆن و نۆسەدو هەشتاو سێ ملیارو دوو سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دینار بووە، واتە بڕی یەك ترلیۆن و 24 ملیار و سەدو بیست و شەش ملیۆن دینار زیادە ڕۆیی کردووە، یەعنی ئەم زیاد ڕەویانەی حکومەت لە دوای پەسەند کردنی بودجە، داوا لە وەزیری دارایی دەکەین وەلاّمان بداتەوە، جگە لەو پارەیەی کە شەش ترلیۆن و نۆسەدو هەشتاو دوو ملیار دینارە لە بودجەی بەکاربردن بۆ مووچەی فەرمانبەران خەرج کراوە،

بڕی پەنجاو دوومليارو چوار سەدو شەست و يەك مليۆن دينار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی بانكە بازرگانی و كۆمپانيای دڵنيايی، پانزە مليارو حەوت سەدو پەنجاو يەك مليۆن ديناری ديكە، بۆ مووچەی فەرمانبەران هەر دوو فڕۆكەخانەی هەولێر و سلێمانی بيست و دوو مليارو نۆسەدو بيست و يەك مليۆن دينار بۆ مووچەی فەرمانبەرانی شەش بەڕێوەبەرايەتی نەوت و غاز دوو سەدو چل و هەشت مليار دينار، سەدو چل و شەش بۆ بودجەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرايەتی گشتی شارەوانيەكان و بەڕێوەبەرايەتی ئاو ئاوەڕۆ، بەڕێوەبەرايەتی گەشت و گوزار، لە گەرميان و سلێمانی حەوت سەدو پەنجا مليۆن دينار بۆ مووچەی فەرمانبەران و فەرمانبەرانی شارەوانی عەنكاوە، كۆی ئەم پارانەش كە داهاتی ئەم دامەزراوانەن، ئەوەشی ماوەتەوە لە بەشی بودجەی بەخشينی بەكاربردن براوە، داوا لە وەزارەتی دارايی دەكەين ڕوونكردنەوەمان بداتێ لەسەر ئەم زيادە ڕەويانەی كە ياسای بودجەی 2009و 2010 و 2011 وەكو خۆی جێبەجێ نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەفرين خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرين حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی من زياتر لەسەر ياساكەيە ئەو خاڵانەی كە بە ڕوونی جێبەجێ نەكراون، پێش قسە كردن لەسەر ياساكە ئێمە بەپێی ياسای بودجەی ساڵی 2012 قەرارمان دا پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر بودجە جگە لە سەرۆكی دەستەكان، ديوانی چاودێری داراييش سەرۆكی دەست نيشان بكرێ، ئەگەر ئێمە ڕاپۆرتی ديوانی چاودێری داراييمان هەبوايە، بۆ ورد بينی كردنی ئەم حيساباتی ختاميە باوەڕم وايە موناقەشەكان ئەوەندەی هەڵنەئەگرت، ئەمەش يەكێكە لە كەم و كورتيەكان، ئومێدم وايە كە دەست و برد بكرێ لەدانانی سەرۆكی ديوانەكە، لەكاتێك بەپێی ياسا پێويستە لە مانگی چوار ئەم حيساباتە ختاميە بگاتە ديوانی چاودێری دارايی و ورد بينی لێ بكات، ئينجا دوايش زياتر بە ڕاپۆرتی ديوانی چاودێری داراييەوە حيساباتی ختامی بێتە پەرلەمان، هەر بەپێی ياساكە نازانم من دوێنێ لێرە مەوجود نەبووم، ئەگەر شتەكەش دووبارەبێ داوای لێبووردن دەكەم، تەرخان كردنی بڕی 10 مليار دينار بۆ ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە لە سورياو ئێران و يان نيازيان هەيە بگەڕێنەوە، وەكو قەرەبوويەك پێيان ئەدرێ، من نازانم وردەكاريەكانی بڕی ئەم 10 مليار ديناره لە كوێيە، ڕوونكردنەوەمان لە وەزير ئەوێ، پێشتريش وەكو ليژنە لەگەڵيان دانيشتووين نەگەيشتووينەتە ئەنجامێكی ئەوتۆ، ئومێدم وايە وەڵامێكی ڕاست و دروست بداتەوە، وردەكاری ئەو 10 مليارە لەكوێيەو؟، بۆ چەند خێزان سەرف كراوە؟، چەن خێزانێكيش سوودمەند بوون، هەر بەپێی ياساكە تەرخان كردنی بڕی 25 مليار دينار بۆ پشتيوانی كردنی قەرزی سندوقی بچووك بۆ گەنجان و دۆزينەوەی هەلی كار بۆ گەنجان، ئەمە چۆنە؟، چەنێك سوودمەند بووە لێی؟، وردەكاری ئەمەش لەكوێدايە؟، هەر بەپێی ياساكە ئەبوو مانگی جارێك وەزارەتی پلان دانان ڕاپۆرتی خۆی لەسەر چەندێتی

تـەواو بـوونی پڕۆژەکـان پێشکەش بـە پەرلـەمان بکـات، کـە هـەتاوەکو ئێسـتا مـن وەکـو خـۆم ئەنـدامێکی پەرلــەمان ئــەم ڕاپۆرتــەم بەرچــاونەکەوتووە، ئەمــەش پێشــێل کردنــی دەقــی یاســایەکە لــە پەرلــەمانی کوردسـتانەوە دەرچـووە، خـاڵێکی تـر، خـەرجی پڕۆژەکـانی وەبەرهێنانـە، کـە ڕێژەیـەکی زۆر زۆر کـەمی لێ جێبەجێ کراوە، لەکاتێك ئێمە هـەموو سـاڵێك هـاواری ئەوەمانـە پڕۆژەکـان ئـەبن بـە پـڕۆژەی بـەردەوام و کەڵەکە ئەبن و جێبەجێ نابن، هەتاوەکو ئێستا کەمتر لـە نیوەشـی جێبـەجێ کـراوە، مـن ئەپرسـم لـە یاسـا ئەوەمان چەسپاند کە ئەگەر هاتو کەوتینە کۆتایی سـاڵی دارایـیەوە، حیسـابات جێبـەجێ نـەکات لـە پـڕۆژە بەردەوامـەکان، ئەوکاتـە ئـەو پارەیـەی کەماوەتـەوە پشـتیوانەی کـە خـەرج نـەکراوە لەحیسـابێکی تایبـەتی هەڵئەگیرێ، ئایا ئەم حیساباتە هەیە لە وەزارەتی دارایی، ئەم پارە هەڵگیراوە یان کراوەتە قوربانی بودجـەی تەشغیلی ئەمیش، لەکاتێك ئێمە ساڵی پار 25هـەزار پلـەی وەزیفـی ڕاگەیەنـدرا، نـازانم یـەعنی پـارەی ئـەو تەرخان کراوە بۆ 25 هەزار پلەی وەزیفی بۆ کوێ ڕۆیشـتووەو بۆچـی سـەرف کـراوە؟، پرسـیار زۆرە نـازانم ئەترسم دووبارە بنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی مەفروزە قسە کردن لەسەر حیساباتی خیتامی ئەو ڕۆژە بـێ، یـان ئـەو شـێوازەبێ کـە زۆر سـەری بەڕێز وەزیری دارایی تیا نایەشێنین، چونکە هـەمووجارێك لەموناقەشـە کردنـی بودجـە، بـەڕێزیان ئـەڵێن ئەوەی کە لـەلای ئێـوە شـاراوەیە لـە حیسـاباتی خیتـامی دەرئەکـەوێت، بـەڵام ئێسـتا مـن پـێم وابـێ بـەپێی تەسەلسـولەکەی دوێنـێ ئەگـەر ڕۆیشـتبێ 24م ئەنـدامی پەرلـەمانم کـە قسـە ئەکـەم، هـیچ کـام پـێش مـن هەڵئەسـتا وە باسـی خەلـەلێك لـە خەلەلـەکان یـان چـەند خەلـەلێك لـە خەلەلـەکان، چـەند ناڕوونیـەك لەناڕوونیەکانی ناو حیساباتی خیتامی نەکات، دڵنیاشم کـە زۆریـش لـەدوای منـەوە کـە قسـەکردنیان ئـەبێ باس دیسان لەو خەلەلانەوە ئەکەن، هەروەك چۆن ڕاپۆرتی بەڕێزان لە لیژنەی داراییش دیسانەوە، کۆمەڵێك خەلـەلی زۆر گـرنگ و جەوهـەری دیـاری کـردووە لـە حیسـاباتی خیتـامی، نـا ڕۆشـنی و چـەندین پرسـیاری ئاراستە کردووە، لێرە پـێش ئـەوەی قسـە لەسـەر حیساباتە خیتامیەکە بکـرێ، پرسـیاری ئەساسـی ئەوەیـە یەعنی ئەگەر ئێمە هەموو ئەو حیساباتانەی کە ئەکرێ، هەموو ئەو بودجەیەی کە سەرف ئـەکرێ، لـەکاتی بودجە ناڕۆشن بێ، لەبەر ئەوەی لە حیسابی خیتامی دەرئەکەوێ، لە حیسابی خیتامیش ناڕۆشـن بـێ ئـەی لەکوێ دەرئەکەوێ؟، یەعنی هەقە ئەم پرسیارە پرسیارێك بێ بە ڕوونی وەزارەت جوابمان بداتەوە، یـەعنی ئێمە بۆ کوێ بڕۆین بۆ ئەوەی ڕوونی سـەرفیاتەکانمان بـۆ دەربکـەوێ، بـۆ ئـەوەی بـزانین فیعلـەن ئێمـە بـۆ بودجەی ساڵی 2013 کە پەسەندی ئەکەین، لەسـەر چ ئەسـاس و چ بنەمایـەك پەسـەندی ئەکـەین، دوێنـێ بەڕێز ئاهەنگ خان ئیشارەتی هـەتاوەکو بـەوە کـرد کـە بنـەماکانی شـەفافیەتیش لـەناو بـابڵێین حیسـاباتی

خیتامی نیە، کەواتە ئەکرێ بڵێی تۆ ناتوانی لەسەر ئەساسی ئەم حیساباتی خیتامیەوە، نەدڵنیا بیت لەوەی کە بودجەی ئەمساڵ کە ڕۆیشتووە، بە باشی سەرف بوو، جێگەی خۆی گرتووە، نەبودجەی 2011 و نە بودجەی ئەمساڵیش وائەبێ، نە ئەتوانین بەرچاویشمان ڕوون بێ، بۆ بودجەی 2013 کە ئەمەش بودجە بۆخۆی جیا لەوەی کە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان، ئەمانەتێکی گەورەو تاریخیە لە ئەستۆی هەموومان، کە من پێموایە پێمان نەکرێت ئەو ئەمانەتە هەڵبگرین یان ئەبێ ئیقرار بکەین ئەو ئەرکە لەکۆڵ پەرلەمان بێتەوە، حکومەت چۆنی پێخۆشە ئاوا سەرفی بکات، یان ئەوەی کە لە نوقتەی حاسم لەم حیساباتی خیتامیەوە بێ، هەتاوەکو حیساباتی خیتامی ڕوون نەبێ، هەتاوەکو نەزانین بودجەی 2011 چۆن سەرف بووە، دڵنیا نەبین لێی ئێمە قبوڵی نەکەین، نە بودجەی داهاتوو موناقەشە بکرێ، نە ئەم حیساباتەش بەم جۆرە بڕوات، ئەمە داواکاریەکەمە، کۆمەڵێك خەلەلی تر کەلەم بودجەیەدا هەیە، ئێمە مەفروزە چۆن ئەمانەوێ بزانین حکومەت چۆن بەشە بودجەکەی بۆ ساڵی 2011 سەرف کردووە، چی لێ کردووە، بۆ کورت هێنانی تیا بووە؟، بۆ زیادە ڕۆیی کردووە؟، ئەمە ئەبێ بزانین سەرۆکایەتی هەرێمیش چۆن پارەکەی لەم ساڵە سەرف کردووە؟، ئەبێ بزانین سەرۆکایەتی پەرلەمانیش چۆن بەشە بودجەکەی لەو ساڵە سەرف کردووە؟، ئەنجومەنی دادوەریش چۆن سەرفی کردووە؟، چونکە خۆ ناکرێ ئێمە بڵێین ئەنجومەنی دادوەری و ئەو دوو سەرۆکایەتیەی تر بۆ ساڵی 2011 بە ئارەزووی خۆیان زیادە ڕۆیی بکەن، موناقەلە بکەن، تەخشان و پەخشانی بکەن ئەگەر کرابێ، ئێمە لێرە لێی نەپرسینەوە، بەلاَم ببینە چاوێکی زۆر تیژ بۆ ئەو سەرفیاتەی کە حکومەت کردوویەتی، ئەگەر بۆ ئەو دوو سەرۆکایەتیەو ئەنجومەنی دادوەری ڕەوابێ، ئەوە بۆ ئەوانیش جۆرێك لە ڕەوایەتی ئەوێ، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە قسەی لەسەر بکرێ، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم نە لە بودجە، نە لەو حیساباتی خیتامیە نەیشاردۆتەوە، کە پێشێلی یاسای بودجەی کردووە، موناقەلەی کردووە، کە پێچەوانەی یاسای بودجەیە، زیادە ڕۆیی کردووە کە پێچەوانەی یاسای بودجەیە، نەشی شاردۆتەوە، یەعنی ئەهمیەتی مەوزوعەکە لەمە دایە، کە حکومەت نەهاتووە ئەمە بشارێتەوە، ئێمە داوا بکەین ڕاپۆرتی چاودێری داراییمان هەبێ، کە قەت نیەتی، قەتیش نایبێ لە ئایندەیەکی نزیك، بۆ ئەوەی پێمان بڵێ حکومەت زیادە ڕۆیی کردووە یان نەیکردووە، بۆ ئەوەی پێمان بڵێ حکومەت پێشێلی یاسای کردووە یان نەیکردووە، نەخێر، حکومەت خۆی هاتووە بە ئازایەتیەوە پێت ئەڵێ، ئەڵێ ئەمە حیساباتی خیتامیەکەمە، لیژنەی داراییش کە بەتەنیا ئەوە ئیشیانە، بیرمان نەچێتەوە ئەوان ئەندامی پەرلەمانن وەکو ئێمە، ئەوان ناکرێ لەوێ حوکمی حاسم بدەن لەسەر ئەوەی حکومەت، بەلاَم خستوویەتیە بەرچاوی هەموومان، کە حکومەت بەڵێ، زیادەڕۆیی کردووە، حکومەت بەڵێ موناقەلەی کردووە، بەڵێ کۆمەڵێك پارەی تەخسیس کراو، وەکو دوێنێ هاوکارانم باسیان کرد، دڵنیام ئەمڕۆش بەشێکی تری باسی ئەکەن، کۆمەڵێك پارەی تەخسیس کراو لە یاسای بودجە هەر ئەسەری نیە، کەس نازانێ چی لێ هاتووە، زۆر بەدڵخۆشیەوە بە خەڵکمان وت چل و نۆ ملیار وەکو دوفعەی یەکەم تەخسیس کراوە بۆ ئەوەی کە خانوو بکرێ بۆ نیشتەجێبوون و هاووڵاَتیانی کەم دەرامەت، بەلاَم ئەسەری

نیە، كەس نازانێ پارەكە ماوەتەوە یان نەماوەتەوە، پڕۆژەكە جێبەجێ كراوە یـان نـەكراوە، بـەڕێز وەزیـری دارایی دوێنێ وتی تەنیا ڕەسیدێكی حكومەت كە هەبێ ئەو قەرزەیە كـە لـە لای هاوولآتیـان هەمانـە، بـەلآم باسی لەوە نـەكرد كـە كۆمـەڵێك قـەرزی تـر لـە لای حیزبـەكان هەیـە، چـەند سـاڵە 200 ملیـار تەخسـیس ئەكرێ، بەم حیساباتی خیتامیشەوە، وەزارەتی دارایی نەیوتووە چەند قەرزی لە لای حیزبە، حیـزب چـەند قەرزاری حكومەتە؟ كـە ئـەوە پـارەی خەڵكە، بـەلآم حیسـابی ئـەوە ئەكـەین كـە هـاوولآتی چـەند قـەرزاری حكومەتــە، كەواتــە حكومــەت زۆر ئازایانــە هــاتووە لــە بەرامبــەرمان وەســتاوە، ئــەڵێ ئــەوە حیســاباتی خیتامیەكە، من زیادە ڕۆیم تیا كردووە، من پێشێلی یاسای بودجەم كردووە، كۆمەڵێك پارە هەیە دیار نیەو پێشتان ناڵێم چی لێهاتووە، تۆپەكەی خستۆتەوە ساحەی پەرلـەمان كـە نوێنـەی خـەڵكین، كـە ئەمانـەتێكی تاریخی لەسەر شانماندایە، ئەوەیە كە ئێمە دەورمان بەوە كۆتایی دێت، كـە بـە خـەڵك بڵـێین فیعلـەن ئێمـە ئـازاین ئـەوەتا خەلەلـەكان دیـاری ئەكـەین، بـەلآم چاویشـتان دەرچـێ نـاتوانین بۆتـان چارەسـەر بكـەین، چارەسەریشی ناكەین هەروا ئەمێنێتەوە، ئەگەر ئەمەبێ، بەڕاستی من پێشنیاز ئەكەم بۆ ئەوەی لەوە زیاتر باری شانمان بەو ئەمانەتە قورس نەبێ، نەچینە خانەیەكی خوانەخواستە خـراپتر بـۆ ئـەوەی كـە خیانـەت لەو ئەمانەتە بكەین، ئێمە ئەگەر پێمان نەكرێ ئەم حیساباتە ڕاگرین، بیگێڕینەوە، بە ڕوونترو بە وازح تر بۆمان بێ، موحاسەبەی حكومەت بكەین، لەسەر ئـەو پێشـێلكاریانەی كردوویـەتی، بەڕاسـتی ئیعلانـی ئـەوە بكەین، یان ئەمە وەكو وتم ئەركی پەرلەمان لە كۆڵی خۆمانی بكەینـەوە، ئێمـە عیلاقـەی حیسـاباتمان نیـە، یان بەكەرامەتەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەرلەمانە بكەین، یان هەڵبـژاردنی پـێش وەخـت، بـۆ ئـەوەی پەرلەمانێك بێ بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم ئەمانەتە وەكو خۆی بەڕێوەببات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز شوان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەو مافە نایەم بەخۆم و ئەو حەدەشم نیە بە خەڵكی ولآتەكەی خۆم بڵێم چاوتان دەرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان ئەندامی پەرلەمانین، بە كەرامەتەوە هاتووینە ئەم پەرلەمانەوە، پەرلەمان بـە پیرۆزتـرین شوێن دادەنێین، ئەگەر خۆی كەسێك كەرامەت لەخۆیدا نەبێ ئاوا بە پەرلەمان ناڵێ، تكایـە ئـەم قسـەیە لـە پرۆتۆكۆل ڕەش بكەنەوە، چیتر مەجال بەم سووكایەتیانە نەدرێ لەناو پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دوو تێبینی لەسەر قسەكانی پەیمان خان و چەند هاوكارێكی تریش، كە لە ڕاستی هەڵەی مەنهەجین لە كاروباری مالی و ئیداری، من بۆیە باسی لێوە ئەكەم بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، یەكەمیان دەربارەی موناقەلەیە، پەیمان خان و هاوكارەكانی تریشم باش بەوە ئەزانن، موناقەلە لە حەدی یاسایی خۆی ڕێی پێ دراوە، نەوەك ڕێی لێ گیرابێ، ئێمە ئەگەر تەماشای یاساكان بكەین، یاسایی موازەنەی ساڵانی ڕابردوو، هەموو یاساكان ڕێگەیان داوە بە حكومەت كە لە سنووری دیاری كراوی خۆی موناقەلە بكات، ئەمە بابی یەكەم، خاڵی دوو، سەبارەت بە قەرزە، بۆ پەیمان خان و هاوكارەكانیشم، لە ڕاستی حیسابی خیتامی تەعبیرە لە كۆی خەرجی و داهات، واتە باس لە قەرز ناكات، قەرز خەرج نەكراوە، بۆیە لێرە لەناو حیسابی خیتامی ئاماژە بە قەرز ناكرێ، تەنها ئاماژە بە كۆی داهات، كۆی خەرجی ئەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە؟، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موناقەلە لە وەبەرهێنان بەهیچ شێوەیەك یاسا ڕێگەی پێ نەداوە بچێ بۆ بودجەی بەكاربەر، یەعنی ئەوەی كە قسەی لەسەر ئەوەیە كە موناقەلە كراوەلە وەبەرهێنان، بۆ بەكاربەر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەبیعی ئێستا وەڵامی پرسیارەكان هەروەكو ئیتیفاق كرا، پاشان ئەیدەمەوە، بەڵام من یەك شت ئەڵێم، ئەگەر موناقەلەمان كردبێ لەوەبەرهێنانەوە بۆ بودجەی تەشغیلی، خۆ ئەبوایە ڕەقەمی بودجەی تەشغیلی ئێستا زیادی بكردبایە، ئەمە یەك، یەك ئەمری موناقەلە دەربكەن كە موناقەلەمان هەبێ، موناقەلە بە ئەمر ئەكرێ، بە ئیمزا ئەكرێت، چوار ئیمزای تریشی لەسەرە، بزانین هەیە یان نیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دیارە ئەندامی پەرلەمان ئازادە لە دەربڕینی بیرو ڕاکانی، بۆیە هەق نیە ڕێگە بەوە بدرێ کە وەڵامی ئەندام پەرلەمان بدرێتەوە، من پێم باش بوو وەزیری پلان دانانیش لێرە بوایە....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا لیژنەی دارایی هەقیان هەیە تەوزیحات بدەن، لیژنەی دارایین ئەوان، پەرلەمانتار نین، وەزیریش هەقی هەیە تەوزیحات بدات، تەوزیحاتن، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لیژنەی داراییش بۆی نیە وەلام بداتەوە، تەنها دەتوانێ لەسەر..، وەڵام و تەوزیحات دوو شتی جیاوازن، من پێم باش بوو جەنابی وەزیری پلان دانانیش لێرە بوایە، چونکە بەشێکی پرسیارەکانی من ڕووبەڕووی ئەوە، نازانم کێ وەڵامی بداتەوە، من لەسەر خەرجی وەبەرهێنانی پڕۆژەکان قسە دەکەم، دیارە لە ساڵی 2011 بەوەی کە پەیوەندی بە پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەبوو، لە پەرلەمانی کوردستان شەش سەدو نەوەت و دوو پڕۆژە بە بڕی دوو سەدو نەوەت و یەك ملیار دینار پەسەند کراوە بۆ هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، بەم شێوەیەی خوارەوە کە باسی دەکەم، پارێزگای هەولێر کە دوو سەدو چل پڕۆژە بە بڕی سەدو پێنج ملیار دینار، پەرلەمان پەسەندی کردووە، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی حکومەتدا هاتووە، کە بڕی سەدو سی و شەش ملیارو شەش سەدو پەنجاو چوار ملیۆن دینار سەرف کراوە، بەم پێیەش بێ، بڕی سی ویەك ملیارو شەش سەدو پەنجاو چوار ملیۆن دیناری زیاتر سەرف کردووە، بۆیە من پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئایا دەکرێ ئێوە و پەرلەمانی کوردستان پەسەندی سەدو پێنج ملیار دیناری کردووە، بەلام ئەوان سی ویەك ملیارو شەش سەدو پەنجاو چوار ملیۆن دیناریان زیاتر سەرف کردووە، ئەم پارەیەی کە ئێوە بۆتان سەرف کردوون، لە چ بابێك دا بووە، بەپێی چ دەسەلاتێك بووە، بەنیسبەت پارێزگای سلێمانی دوو سەدو هەشتاو پێنج پڕۆژە بە بڕی سەدو شانزە ملیار دینار پەرلەمان پەسەندی کردووە، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی حکومەت کەهاتووە، بڕی شەست و نۆ ملیارو هەشت سەدو نەوەت و حەوت ملیۆن دینار سەرف کراوە، بەم پێیەش بێ بڕی چل و شەش ملیارو سەدو سێ ملیار دیناری ماوەتەوە، سەرف نەکراوە، ئەمەش بەڕاستی پرسیارە کە ئایا هۆکاری سەرف نەکردنی ئەم پارەیە چیە؟، ئەنجومەنی پارێزگاکان یان پارێزگای سلێمانی خۆی کەمتەرخەم بووە، یان وەزارەتی پلان دانان ئەگەر لێرە بوایە وەلامی ئەم پرسیارەی بدابایەوە، ئەم پارەیەی کەماوەتەوە چی لێهاتووە؟، لەکوێیە، پارێزگای دهۆك سەدو شەست و حەوت پڕۆژە بە بڕی حەفتا ملیار دینار پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی حکومەت هاتووە شەست و شەش ملیار و سەدو حەفتاو حەفت ملیۆن دینار سەرف کراوە، بەم پێیەش بێ بڕی سێ ملیار و سەدو بیست و سێ ملیۆن دیناری ماوەتەوەو سەرف نەکراوە، من تەسەور دەکەم جیاوازیەکی زۆر هەیە، لە بەینی پارێزگای هەولێر و دهۆك لەگەڵ سلێمانی، بۆ ئەوەی کە کەمترین پارە ئەوان سەرفیان کردووە، بەلام مودەکە هەر مودەی ساڵێکە،

بەڵام زۆرترین پارە هەولێر و دهۆك سەرفیان كردووە، ئەمە پرسیارێكە حەز دەكەم جەنابی وەزیری دارایی وەڵامم بداتەوە، سەبارەت بە خەرجی پڕۆژەكان كە مەبەستم خەرجی وەبەرهێنانە، من وەزارەت بە وەزارەت بۆتان باس دەكەم، ئەو پارەیەی كە ماوەتەوەو كۆی ئەو پڕۆژانە دیارە پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی 2011 سێ جۆر پڕۆژە هاتە پەرلەمانی كوردستان، پڕۆژە بەردەوامەكان كە ژمارەیان دوو هەزار و سێ سەدو دوو پڕۆژە بووە، بە بڕی دوو ترلیۆن و پێنج سەدو سێ ملیار و سێ سەدو نەوەت و حەوت ملیۆن دینار، پڕۆژەی پێشنیار كراو هاتۆتە پەرلەمانی كوردستان، پەسەند كراوە، پێنج سەدو چل و سێ پڕۆژە بووە، بە بڕی نۆسەدو هەشتاو هەشت ملیارو نۆ سەدو نەوەت حەوت ملیۆن دینار، دوا كەوتووەكانیش 61 پڕۆژە بووە بە بڕی شەست و هەشت ملیار و سەدو هەشت ملیۆن دینار، كۆی پڕۆژەكان دوو هەزار و نۆسەد و شەش پڕۆژە بووە، ئەو بڕەیەی كە پەرلەمان پەسەندی كردووە، سێ ترلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو نۆ ملیار و شەش سەد و دوازدە ملیۆن دینار بووە، ئەو وەزارەتانەی كە پارەكانیان ماوەتەوەو خەرج نەكراوە، وەك ئەوەی كە لەژمێرەی كۆتایدا هاتووە، من باسیان دەكەم، وەزارەتی كارەبا دوو سەد و شەست ونۆ پڕۆژەی هەبووە، بە پێشنیار و دواكەوتوو و بەردەوامەكان، ئەو پارەیەی كە ماوەتەوەو خەرجی نەكردووە، حەوت سەدو شەست ملیار و دوو سەدو شەست و پێنج ملیۆن دینارە، وەزارەتی شارەوانی حەوت سەدو سی و سێ پڕۆژەی هەبووە، دوو سەدو شەست و چوار ملیۆن دیناری سەرف نەكراوە، كشتوكاڵ دوو سەدو شازدە پڕۆژەی هەبووە، سەدو هەشت ملیارو حەوت سەدو وبیست و هەشت ملیۆن دینار ماوەتەوە، ئەنجومەنی وەزیران كە دەزگای مینە، تەكنەلۆژیای زانیاریە، ئەنجومەنی دادوەریە، شارەوانی عەنكاوەیە، ئاسایشیش بووە لەسەری، لە ساڵی 2011 پەنجاو چوار پڕۆژەی هەبووە، ئەو پارەیەی كەماوەتەوە پەنجاو چوار ملیارو نۆسەدو حەڤدە ملیۆن دینار بووە، وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە چوار سەدو سی و هەشت پڕۆژەی هەبووە، مەبلەغی هەشتاو یەك ملیار و حەوت سەدو سی و یەك ملیۆن دیناری ماوەتەوە، دارایی سەدو سێ پڕۆژەی هەبووە كە بەس وەزارەتی داراییە، نەوەت ملیار و شەش سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دیناری ماوەتەوە، وەبەرهێنان پەنجاو شەش پڕۆژە، چل ملیار و چوار سەدو دە ملیۆن دینار ماوەتەوە، تەندروستی حەفتاو نۆ پڕۆژە پەنجاو سێ ملیار و سەدو دوانزە ملیۆن دینار، وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی 26 پڕۆژە، سی و چوار ملیار و شەش سەد و چل و سێ، وەزارەتی پەروەردە، چوار سەد و پەنجاو سێ پڕۆژە، بیست و دوو ملیار و شەش سەدو بیست ودوو، وەزارەتی گواستنەوە 34 پڕۆژە، بیست و یەك ملیار و نۆسەدو سی و چوار، پیشە سازی 12 پڕۆژە، بڕی بیست ملیار و پێنج سەدو شەست و هەشت ملیۆن دینار، وەزارەتی پلان دانان 12 پڕۆژەی هەبووە، كە لە ژمێرەی كۆتایی هاتووە، خەرجی سفرە، كە مەبلەغەكەشی هەژدە ملیار و شەست و چوار ملیۆن دینارە سەرف نەكراوە، ئەوە پرسیارێكە ڕەنگە پەیوەندی بە وەزارەتی پلان دانانەوەهەبێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری 102 پڕۆژە، چواردە ملیار و دوو سەدو بیست ملیۆن دینار، سامانە سروشتیەكان 28 پڕۆژە نۆ ملیار و هەشت سەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار، وەزارەتی داد 13 پڕۆژە حەوت ملیار وحەوت سەدو نەوەت و شەش ملیۆن دینار، پێشمەرگە شەش پڕۆژە شەش ملیار و حەوت

سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینار، ئەوقاف 35 پڕۆژە پێنج ملیار و سێ سەدو حەفتا، شەهیدان 25 پڕۆژە شەش ملیار و دوو سەدو هەشتاو دوو ملیۆن دینار، ناوخۆ 114 پڕۆژە یانزە ملیار و هەشت سەدو نەوەت و حەوت، خوێندنی بالا 98 پڕۆژەی هەیە، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی هاتووە، شەست و حەوت ملیارو سەدو چل و حەوت ملیۆن دیناری زیادە سەرف کردووە، لەو پارەیەی کە بۆی تەخسیس کراوە، ئەوەش پرسیارێکە بۆ وەزارەتی دارایی، ئەو برە زیادە لە چ بابێك بۆتان سەرف کردووە چۆنیش بووە، هەتاوەکو هەموو ئەو پڕۆژانەی کە پێشتر باسم کرد، لە سێ ترلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو نۆ ملیار دینار و شەش سەدو دوازدە ملیۆن دینار، بڕی دوو ترلیۆن و چل و نۆ ملیار و پێنج سەدو سی و سێ ملیار دینار، خەرجی وەزارەتەکان بووە کە باسم کرد جگە لە پەرەپێدانی پارێزگاکان، بەو پێیەش بێ یەك ترلیۆن و پێنج سەدو دە ملیار و حەفتاو نۆ ملیۆن دینار ماوەتەوە، کە دڵنیام جەنابی وەزیر پێشتریش ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێزت کراوە، بەپێی یاسای بودجەی 2011، ئەو دەسەلاتە بە ئێوە نەدراوە کە موناقەلەی پارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بکەن بۆ بەکاربردن، بۆیە زەحمەت نەبێ بۆچی پێشێلی یاساتان کردووە؟، ئەو پارەیە لە چی خەرج کراوە؟، ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان چوار شوێنم وەرگرتووە، لە شەش مانگی یەکەم و لە ژمێرەی کۆتاییدا، لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لە شەش مانگی یەکەم، دوو ملیار و نۆسەدو بیست و پێنج ملیۆن دیناری سەرف کراوە، بەلام لە ژمێرەی کۆتاییدا هاتووە یەك ملیار و نۆسەدو چل و یەك ملیار دینار نازانم ئەوە کامەیان ڕاستە، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دوانزە ملیار و دوو سەدو هەشتا ملیۆن دینار لە شەش مانگی یەکەم خەرجی هەبووە، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی سێ ملیار و بیست ودوو، وەزارەتی داد لە شەش مانگی یەکەم نۆسەدو نەوەت و نۆ ملیۆن دینار خەرجی هەبووە، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی هەشت سەد و نەوەت ملیۆن دینار، وەزارەتی پلان دانان یانزە ملیۆن دیناری خەرجی هەبووە لە شەش مانگی یەکەم، بەلام لە ژمێرەی کۆتاییدا سفرە، یەعنی نازانم ئەو ژمارانە بۆ بەو شێوەیە، لە بابی ئیعانات من باس دەکەم، دیارە بەو پێیەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، لە ژمێرەی کۆتایی سی و شەش ملیار و نۆسەدو نەوەت ملیۆن دینار و پێنج سەد و پەنجاو دوو هەزار دینار سەرف کراوە، لە بابی ئیعانات، بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی داراییش بێ کە ئێوە ئاماژەتان پێی داوە، واتە کۆی پەسەند کراوی ئیعانات سەدو چل و پێنج ملیار دینار بووە لە سالی 2011، حەز دەکەم دوایی سەیری ڕاپۆرتەکەشتان بکەن بە زائید ئاماژەتان پێی کردووە، سەدو هەشت ملیار دیناربە پۆزەتیف بووە، من لە بابی ئیعانات باس دەکەم، لە شەش مانگی یەکەمدا ئیعانات سەدو شەش ملیار و هەشت سەدو نەوەت و شەش ملیۆن و پەنجاو نۆ هەزار سەرفی هەبووە، خەرجی هەبووە، لە شەش مانگی یەکەم، بەلام لە ژمێرەی کۆتایی ئەو پارەیە زۆر زۆر کەمی کردووە، بۆتە سی و شەش ملیار و نۆسەدو نەوەت ملیۆن و پێنج سەدو پەنجاو دوو هەزار دینار، کە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو سی و شەشە تەنها بۆ وەزارەتی زراعە بووە، بەو پێیەش ئەو ئیستیمارەی کە لەبەردەستی من دایە ئەگەر لە ئیستیمارەکە سەیری بکەین، لە باباتی ئیعانات هاتووە کە وەزارەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو پەنجا و شەش ملیار و سێ سەدو پەنجاو سێ ملیۆن دیناری بۆ

**دانراوە، دەستەی گشتی ناوچە جێ ناكۆكەكان حەفتا ملیار دینارى بۆ دانراوە، ئەوە پەرلەمان پەسەندى كردووە، بەڵام لەو حەفتا ملیار دینارە یەك دینار خەرجی نەبووە بۆ دەستەی گشتی ناوچە جێ ناكۆكەكان، من پرسیار دەكەم بەڕێز وەزیرى دارایی ئەم مەبلەغە كە پەسەند كراوە، هیچ خەرجی نەبووە، ئەو پارەیە لەكوێیەو بۆ خەرج نەكراوە؟ دوا شت كە من دەمەوێ باسی بكەم لە بابی بەخشین سەبارەت بە ڕێكخراوەكانی تر، كێن؟، ئەویش جیاوازی هەیە لە ڕەقەمەكەی كەناردووتانە، بۆ نموونە لە شەش مانگی یەكەم بیست و هەشت ملیارو شەش سەدو حەفتاو حەفت ملیۆن و سێ سەدو چل و پێنج هەزار دینار خەرجی هەبووە، بەڵام لە ژمێرەی كۆتایی ئەو بڕەیە كەمی كردووە، یەعنی مەعقولە شەش مانگی یەكەم لەهەموو ساڵەكە زیاتر سەرف بكات، لە ژمێرەی كۆتایی بیست و پێنج ملیار و بیست و سێ ملیۆن و شەش سەدو پەنجاو هەشت هەزار دینار سەرف كراوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**پەیمان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕاستی پشتگیری هاوكارانم دەكەم، هەر یەك لەكاك د.عمر نورەدینی و كاك د.بشیر، دەبوایە ئێمە وەكو لیژنەكانی پەرلەمان ڕاپۆرتی تایبەتی خۆمان هەبوایە، ڕاستە هەروەكو لیژنەی دارایی فەرموویان، بەشێوەیەكی ئیلزامی ئەو شتە بڵێین لەسەر ئێمە پێویست نەبووە، بەڵام هەر بە گوێرەی ئەوەیە حیسابی خیتامی لەسەر میزانی موراجەعە دادەنرێت، لە سەرفیاتی هەر وەزارەتێك دادەنرێت، نیهایەتی هەر مانگێك، جا دەبوایە ئێمە بەڕاستی ڕاپۆرتی خۆمان هەبوایە، تا بابڵێین پرسەكە یانیش مەسەلەكە ڕوونتر و و ئاشكرا تر دەبوو، ئەو كاتەش ئەو هەموو پرسیارە نەدەكرا لەسەر ئەوەی چی لێهات وئەو پارەیە لە چی سەرف كراوە؟، لە وەزارەتی دارایی، تێبینیەكانی من لەسەر سوودە كۆمەڵایەتیەكانە، سوودە كۆمەڵایەتیەكان یەكێكە لە بەشەكانی بودجەی بەكاربردن و بەشێكی خەرجیەكانی ئەم بەشەیە كە تێبینی زۆریان لەسەرە، بە نیسبەت تەرخان كراو بۆ سوودە كۆمەڵایەتیەكان لە ساڵی 2011 بڕەكەی سێ سەدو چل و پێنج ملیار و سەدو دە ملیۆن دینار بووە، بەڵام حكومەتی هەرێمی كوردستان لەم ساڵەدا سێ سەدو حەفتاو شەش ملیارو سێ سەدو نەوەت ملیۆن دینارى خەرج كردووە، واتە بە بڕی سی و یەك ملیارو دوو سەدو هەشتا ملیۆن دینار زیادە ڕۆیی تێدا كردووە، لە ڕابردوودا وا گوتراوەكە زۆرینەی خەرجیەكانی ئەم بەشە بۆ وەزارەتی كاروبای كۆمەڵایەتی و وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفال كراوانە، بەڵام چەندین دامەزراوەی دیكەی حكومەت بە هەزاران ملیۆن دینار وەك سوود كۆمەڵایەتی خراوەتە بەردەستیان، دیاریش نیە ئەو كەسانە كێن كە سوودمەندن لەو سوودە كۆمەڵایەتیانە، لەبڕی پارەی تەرخان كراو بۆ سوودی كۆمەڵایەتی، بڕی سەدو پەنجاو نۆ ملیار و چوار سەد و بیست و سێ ملیۆن دینارى بۆ تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی بووە، كە لە 42٪ی پارەی تەرخان كراو دەكات، بڕی دوو سەدو شازدە**

ملیارو نۆسەدو سی و شەش ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ تەبەروعات و وەزارەتەکان هەڵسوکەوتیان پێی کردووەو سەرفیان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو بنەمایە ڕوون ببێتەوە کە ئەو پارەیە لەسەرچ بنەمایەك دابەش کراوە، هەروەها سی ملیۆن و هەشت سەدو حەفتاو شەش هەزار دینار بۆ هاوکاری کردنی ئەو ئاوارانە خەرج کراوە کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە، دەبێ ئەو سی ملیۆن دینارە بە چەند خێزان درابێ؟، نازانم ئەوەش ڕوون نیە لە لام، هەروەها لە خەرجی دیکە، ساڵی 2011 بڕی چوار سەدو پەنجا و چوارملیارو سی و حەوت ملیۆن دیناری بۆ خەرجیەکانی ئەم بەشە تەرخان کراوە، لە بڕە پارەی تەرخان کراو چوار سەدو پەنجاو سێ ملیار و پێنج سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینار بۆ خەرجی دیکەی جۆراو جۆر تەرخان کراوە، بڕی سی ملیارو دوو سەدو نەوەت و چوار ملیۆن دینار خەرج کراوە بۆ پاداشتی ئەو کەسانەی کە فەرمانبەرنین، ئەو پاداشتە بۆ کێیە؟، لەسەر کام بنەما خەرج کراوە؟، ئەوە پرسیارە بۆ وەزارەتی دارایی، لەگەڵ ئەوەی حکومەت نزیکەی چوار سەدو پەنجا ڕاوێژکارو شارەزاو فەرمانبەری هەیە، ڕاوێژیش بە بەشێکی زۆریان ناکات، تەنها مووچە خۆرن، بەڵام هاتووە جارێکی تر بۆ کرێی ڕاوێژکار و شارەزایان لەخەرجیەکانی شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوەدا، دوو ملیار و سەدو بیست و یەك ملیۆن دیناری تری تەرخان کردووە بۆ پاداشتی شارەزایان و هاوکاریان لە خەرجی دیکەدا، دیسانەوە هەیتمان حەڤدە ملیارو حەوت سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دیناری تەرخان کردووە، بەپێی زانیاریەکان ئەو پارەیەش دیسان بۆ شارەزایان تەرخان کراوە، جا نازانم شارەزایانی دەزگای ئەمنی و سەربازیەکانە؟ چیە؟، حەزدەکەم وەزارەتی دارایی ڕوونکردنەوەمان بداتێ، هەروەها بۆ چالاکی وەرزشی لە ساڵی 2011 دا دوو ملیارو پێنج سەد و بیست و دوو ملیۆن دیناری خەرج کردووە، ئەمە جیاوازە لەو بڕە پارەیەی لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی بۆ لیژنەی ئۆلۆمپی وەك بەخشین تەرخان کراوە، بۆ بەخشین بە کۆمەڵێك خێرخوازی و ئاینیەکان بڕی دوو ملیارو پێنج سەدو چل و دوو ملیۆن دینار خەرج کراوە، نازانم ئەو پارەیەش لەسەر چ بنەمایەکەو چۆنیش سەرف کراوە؟، حکومەتی هەرێم دەڵێت بۆ بەدەنگەوە چوونی ڕووداوە لەناکاوەکان لە ساڵی 2011 بڕی بیست و نۆ ملیارو دوو سەدو حەفتاو شەش ملیۆن دینار خەرج کراوە، ئایا ئەو ڕووداوانە کامەن و لەسەر کام بنەماو چۆنیش دابەش کراوە، هەروەها بۆ قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان دوو ملیۆن ودوو سەدو پەنجا هەزار دینار خەرج کراوە، دەبێ ئەو قوربانیانە چەند کەس بن، نازانین کامە قوربانینە؟، کە ئەو دوو ملیۆنە بەشی کردوون، هەروەها بۆ قەرەبوو کردنەوەی جۆراو جۆر بڕی هەشت ملیارو چوار سەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار خەرج کراوە؟، بێگومان ئەمەش دیار نیە کە چۆن خەرج کراوە؟ تێبینیەکی تریشم بەڕاستی بە شێوەیەکی گشتی ئێمە دەبوایە بزانین ساڵانە بڕە پارەیەکی زۆر تەرخان دەکەین بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان، لەو زانیاریانەدا هیچ ئیشارەتی پێ نەکراوە، ئەوە بەس نیە کە ئەو قوتابخانانە کە ساڵ دەگاتە مانگی 12 ئینجا تەندەرینی بۆ دەکرێت، یان هەندێجار ساڵی نوێ تەندەرینی بۆ دەکرێت، هی 2011 دەکەوێتە 2012، 2012 دەکەوێتە 2013 بەو شێوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دیار نیە لێرانە چەند قوتابخانە تەواو بووە؟، چۆن تەواو بووە؟، چەند پارە سەرف کراوە؟،

بەڕاستی ئەوە هەمووی ماڵی میللەتە، ئەو هەمموو ملیار دۆلارانەی ئێمە تەرخانی دەکەین، پێویستە بزانین کە چۆن سەرف کراوە؟، ئەگەر وەزارەت بزانین دیسان پابەند بێ بە پێدانی زانیاری، سوپاسی دەکەین، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەروەکو دوێنێ داوامان کرد جەنابی وەزیر با بەشێك لەو سوئالانە کە کراون وەلام بداتەوە ئەگەر ئامادەیە، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەدەینەوە کە دوێنێکە پەرلەمانتارانی بەڕێز کردیان، یەکەم وەڵامی بەڕێز ناسکە خان کە ئەڵێت زیاد بوونی قەرەبووی فەرمانبەران و تەجاوزکردنی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارمەندانەی دامەزراون دەست بەکارنەبوون، وەلام، جگە لەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەماندا باسمان کرد دوێنێکە، پێدانی دەرماڵە بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایان و وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلأیەتی و ئەوقاف، پێدانی دەرماڵە بۆ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش، ڕاست کردنەوەی مووچەی لیوا تازە تەشکیل کراوەکان، پێدانی دەرماڵە بۆ چەند چینێکی کارمەندان، بەڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی بڕیاری پەرلەمان کە ئەبێ هاوتا بێ لەگەڵ موخەسەساتەکانی مەرکەز، گەڕانەوەی جیاوازی مووچەی کارمەندانی سلێمانی و گەمیان، ئەمە دوێنێکە بەشێکیمان باس کرد بە عام، ئەمڕۆش ئەمانەمان ئیزافە کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون ببێتەوە، ئەمانە هەمووی لە دوای پەسەند کردنی مووچە کراوە، زۆریشی لە لیژنەکانی پەرلەمان موناقەشەی لەسەر کراوە، بە ئاگاداری خۆیان کراون ئەمانە، لەسەر داهاتی حکومەتی هەرێم سێ سەدو پێنج ملیار، دیارە چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز پرسیاریان لەسەر نا شەفافی و جیاوازی داهاتی حکومەتی هەرێم کردووە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەم ڕوونکردنەوانە ئەخەینە بەرچاو، داهاتی بودجەی حکومەتی هەرێم، بریتیە لە دوانزە ترلیۆن سێ سەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینار، کە پەسەند کراوە، بەشی داهاتی حکومەتی هەرێم لە بودجەی عیراقی فیدراڵ، یانزە ترلیۆن سەدو هەشتا ملیار دینارە، جیاوازی بڕگەی یەك و دوو، هەشت سەدو بیست ملیار و سێ سەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینارە، داهاتی فیعلی حکومەتی هەرێم یەك ترلیۆن و سەدو سی و یەك ملیار دینارە، داهاتی ناوخۆیی ساڵی 2011 ڕاستە چوارسەد ملیار دینارە، بەلأم لە بودجەی تەخمینی لەبەر ئەوەی حەوت سەدو پێنج ملیار داهاتی گومرگەکان بۆ ساڵی 2010 و 2011 داخلی بودجە کراوە، چونکە بەپێی یاسای بودجەی عیراقی فیدراڵ دەبێ داهات بۆ پارێزگاکان بێ، داخل کرا، پاشان لە ساڵی 2011 لێمانیان وەرگرتەوە، هەشت ملیار دیناریان بۆ گەڕاندینەوە، لەبەر ئەوە جیاوازی هەیە، تەبیعی ئێمە کەلەوێ پەسەند کرا، داهاتەکانی حکومەتی هەرێم پەسەند کرا بەو داهاتانەی کە هی گومرگ و سنوورەکانی حدود، بابڵێین حدود هی ساڵی 2010 و 2011 کە نووسراوەو پەسەند کراوە، لەگەڵ پترۆ دۆلار و پارەی کارەبا، لەگەڵ

داهاتەکەی حکومەت، ئێمە مەسەلەی پارەی گومرگەکانمان وەرگرتووە بە ئیراد، هاتووە بۆ خۆمـان داخلمـان کردووە بەپێی یاسایەکە، بەڵام دوایی لێمانیان وەرگرتـەوە، بـە مەقاسـە ئـەیبرن، لـەوێ بـە مەقاسـە بڕیـان، بۆیە ئێستاکە ئەوەی $2010$ مان کردە ماڵ لەسەر خۆمان، ئەگەر بێی جەنابتان هـەر کەسـێك پەرلـەمانتار تەماشـای ئیراداتـی موسـەدەق بکـات، کەلـە بودجەکـەدا هـاتووە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئێسـتا هەیـە، ئەگـەر پترۆدۆلاری لێ دەربکەی، ئەبینی لەگەڵ پارەی کارەبا بۆ خۆیانە ئەبینی ئیرادەکان تەقریبـەن نزیکـی یـەکن زۆر، وەڵامی بەڕێز کاك فەرمان، حیساباتی خیتامی بەپێی یاسا پاش کۆتـایی سـاڵ لـە $12/31$ ئـەو سـاڵەدا دوای سێ مانگ لە ساڵی داهاتوو، ئەبێ حیساباتی خیتامی دەست بە ئامادەکردن بکـرێ، تـەبیعی حیسـاباتی خیتامی ئەبێ جارێ لە وەزارەتەکان ئیشی تیا ئەکرێت، نیهایەتی مانگی ئازارە دوای ئازار دێت بۆ وەزارەتی دارایی تەوحید دەکرێت، موناقەلاتەکانی پێویست پیدادەچێتەوە، ئـەو وەختـە ئامـادە دەکرێـت، ئینجا کـە ئامـادە ئـەکرێت بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەڕوات، لەسـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران کۆبوونـەوەی لەسـەر دەکرێـت، بەهـەمان شـێوە چۆن لێرە کۆبوونـەوە ئـەکرێت، پرسـیار و وەڵامـی لەسـەر دەکرێـت، پاشـان دێتـە پەرلـەمان، ئێمـە پێمـان وایـە لـەو وەختـەی کـە هـاتووە، وەختێکـی گونجـاو بـووە، فڕۆکەخانەکان کە باسی خەرجیـەکان دەکـەن، زۆر بـاس لـەوە ئـەکرێت، بەڕاسـتی ئـەم فڕۆکەخانانـە ئێمـە واقیعەکەمان دەرخستووە لە حیساباتی خیتامی چۆنە، ئێمە ئەبێ بەو واقیعە قسەبکەین، بەڵام خۆ هەندێ شت ئیرادیان هەیە، ئەو ئیرادانە لە فڕۆکەخانەکانی خۆمان بەدەست نەهاتوون، مەسەلەن ڕەنگە ئەگـەر بـە حیسابی ئێمە کەتەماشای سجلاتمان کردووە، بـەس مـەتاری سلێمانی لەحـدودی نـۆ ملیـار دیناریـان هەیـە، بـەڵام حکومـەتی عیراقـی نەیگەڕاندیتـەوە کوردسـتان، بـە قـەرز تۆمـار کـراوە لەسـەر ئـەوان، بـەڵام پارەکـە نەبۆتەوە ئیرادی فیعلی و نەهاتۆتەوە بۆ ئێمە، بەڵام ئەوە لە عەینی وەخت، خۆ ئـەم فڕۆکەخانانـە ئەگـەر پارەیان بۆ تەخسیس نەکەین، ئیش ناتوانن بکەن، چونکە ئایا بەبێ پارە ئیش ئەکرێت، پڕۆژەی تیا ئەنجام ئەدرێت، ئیشی تیا ئەکرێت، ئەوە واقعی داهاتەکەیانە، ئەویش واقعی سەرفیاتەکەیانە، وەڵامـی بـەڕێز کـاك عدنان، بەڕاستی وردەکاریەکانی بودجە بەپێی فەسل و مـاددە، لەخشـتە هاوپێچـەکانی حیساباتی کۆتاییـدا هاتووە و جێبەجێ کراوە، لە ڕاپۆرتی دارایی ڕوونکردنەوە بۆ هەموو وردەکاریەکان کراوە، سێ، لە $10\%$ لـە بودجەی ئاسایی داشکاوە کە بڕی پێنـج سەدو پەنجا ملیارە، خراوەتە سەر بودجەی وەبەرهێنان و کراوە بـە چوار ترلیۆن و حەوت سەد ملیار دینار، ئەم بڕە کەچۆتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، ڕێژەی خـەرجی گشتی بودجەی وەبەرهێنانی کردووە بە لە$55\%$، خەرجی زائیدەن پێشینە، ئەوە سەبەب بووە کـە بۆتـە لـە $55\%$، دوای ئەوە ئەگەر ئێوە جەنابتان بێن تەماشای جەداویلەکان بکـەن، ئـەو جەداویلانـەو ئـەو بودجـەی ئێمـە بەپێی تەوجیهاتی سندوقی نەقـدی دوەلی بـەپێی تـەوجیهاتی...، ئـەوە جیهانیـە ئـەوە کـراوە لـە عیراقـیش بەهەمان شێوە هاتووە، ئەگەر تەماشای جەداویلە مورفەقەکانی ئەم حیساباتە بکەی ئەبینی شی کراوەتەوە بۆ چەندەها فەسل و ماددەو ئەوانە، ڕەنگە $250$ حیسابی لـە خـۆی گرتبـێ، هەریـەکێکیان داهاتـەکانیش و مەسروفەکانیش دەرج کراوە، جگە لەوەش هەموو تەفاسیلی تری کەبتەوێ لـە وەزارەتـەکان مـەوجودە، زۆر

كه باسی فلتەر و ئەوە ئەكەن بە فلتەر ئەڕوات، لەهەموو وەزارەتێك ئەبێ جەنابتان ئەوەبزانن، تەدقیق قبل سەرف هەیە، لە وەزارەتی دارایی قەبلە سەرف و بەعدە سەرفیش هەیە، لەوێش تەدقیق دەكرێ، لێرەش تەدقیق ئەكرێت، خۆ هیچ سەرفێك لە هیچ وەزارەتێك، هیچ سەرفێك ناڕوات ئەگەر تەدقیقی داخلی لەسەر نەبێ، هیچ ئیرادێك وەرناگیرێت ئەگەر تەدقیقی داخلی لەسەر نەبێت، ئەوە یەكێكە زۆر جار باس لەو فیلتەرانە ئەكرێت، لەحیساباتی كۆتایی دیارەكە تەخسیسی بودجەی ئاسایی زیادی نەكردووە، پاش پەسەند كردنی، واتە لە حیساباتی كۆتاییدا دیارە كە تەخسیسی بودجەی ئاسایی زیادی نەكردووە پاش پەسەند كردنی، واتە موناقەلە نەكراوە لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی ئاسایی، بەڵام پارەی ماوە خەج كراوە، چونكە بودجە بە بڕی یەك ترلیۆن و پێنج سەدو شەست و چوار ملیار دینار بە عجز پەسەند كراوە، ئێمە لە ڕووی حیسابیەوە ئەتوانین دوایش ئەیدەینە لیژنەی دارایی بەڕێز، وەلەو ئەوان خۆیان لە ئێمە شارەزاترن بەڕاستی هەشە و عەینەن شتیان كردووە، ئێمە مەعلومە كە عجزەكە چەندە، مەعلومە كە تەجاوزەكان چۆنە، هەمووشمان لە ڕووی حیسابیەوە جێبەجێ كردووە، ئەوەتا لە لامانە، ئەمە مانای ئەوەنیە ئێمە هاتووین تەجاوزمان كردووە بەعەمدی، لەسەر قانون یان تەجاوزمان كردووە بە عەمدی لەسەر سەرفی مەبالغ، یاخود موناقەلاتمان بە عەمدی كردووە، نەخێر، ئەمانە واقع حالە بە پێی ئەسڵەن ئێمە لە چەندەها لیژنە لەم پەرلەمانە بانگ كراوین، ئەڵێ ئەبێ ئەوە لەو تاریخەوە سەرف بكەی، ئەبێ ئەوە سەرف بكەی، ئەبێ ئەوەیان بۆ بكەی، ئێمە هەمووی ئیستیشهادمان هەیە لەسەر ئەم مەوزوعانە، مەسەلەن پارەی تەربیە یەكێكیانە، پارەی پۆلیس و ئاسایش و ئەوانە یەكێكیانە، پارەی كارمەندانی تەندروستی یەكێكە لەوانە بەشێكیان، ئەمانە هەمووی قانونە لە بەغدا هەبووە، ئێمەش لەدوای پەسەند كردنی بودجە ئەمانەمان كردووە، وەلامی بەڕێز د.صباح بەڕاستی تێبینی باشی هەبوو جەنابی، بەڵام دیارە بەشێكی زۆری پەیوەندی بە سەرۆكایەتی دیوانی چاودێری داراییەوە هەیە، بۆیە من مەسەلەی دیوانی چاودێری دارایش كە تەفعیل بكرێ، ئەوە عیلاقەی بە پەرلەمانی بەڕێزەوە هەیە، بەڵام یەكێك لە خوشكە پەرلەمانتارەكان باسیان لەوە كرد كە گوایە حكومەت دیوانی چاودێری تەفعیل نەكردووە، ئەبێتە سەبەب كەوا ئێمە ئەو حیساباتانە بە نەوعێك لەنەوعەكان دەستكاری بكەین، بەڕاستی دیوانی چاودێری دارایی نەدانانی و نە تەفعیل كردنی لەدەسەڵاتی حكومەت نیە، ئێمە ئەزانین مەفروزە تەدقیق بكرێ، ئەم حیساباتانە، وەلامی بەڕێز شلێر خان، هیچ پێشینەیەك وردبینی ناكەین لە وەزارەتی دارایی، تەنها پێشینەی كۆتایی، زەرعەی نیهائی نەبێ، ئەگەر مەبلەغ لە یەك ملیار دینار زیاتر بێ، ئەوە لە وەزارەتی دارایی وردبینی دەكرێت، تەنها لە ڕووی ژمێریاریەوە زیاتر لە پێنج ڕۆژ دواناكەوێ، ئێمە تەعلیماتی ئەخیرمان دەركردووە، چەند مانگە كاری لەسەر دەكرێت، جاران پێنج سەد ملیار دینار بوو، ئەبوایە لەپێنج سەد زیاتر بێ، بێتە وەزارەتی دارایی، ئێستا پێنج سەتەكەمان كردۆتە یەك ملیار دینار، هیچ سولفەیەك نایەتە وەزارەتی دارایی، تەنها سولفەی نیهائی نەبێ، ئێمە كە سولفەی نیهائی دێتە وەزارەتی دارایی بۆ تەدقیق كردن، حیساباتی ئێمە لەوێ زیاتر تەدقیقی كردووە، دوای ئەوە لە وەزارەتەكان پێشیان

داوە، لە وەزارەتی دارایی کەتەدقیق کراوە، چەندەها مەبالیغمان بڕیوەو گەڕاندوومانەتەوە، کە حیسەی حکومەت بووە، بۆیە ئەو جیهازەی کە لەوەزارەتی دارایی هەیە بۆ تەدقیق کردنی حیسابات و زەرعەی نیهائی، پێویست ئەکات ئەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر جەنابیشی بیەوێت ئێمە ئامادەین، موزەکەراتی بۆ بنێرین کە تا ئێستاکە چەندەها پارەمان گلداوەتەوە، کەلە وەزارەتەکانی خۆشیان موسەدەق بووە، پارەکانیش کە گلمان داوەتەوە قانونی بووە، پاش تەواو بوونی پەسەندکردنی بودجە ڕێنمایی جێبەجێ کردنی بوجەی ئاسایی و وەبەرهێنان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران لەکات و ساتی خۆیدا دەرئەچێت، ئەسڵەن کە موسادقە ئەکرێت لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە کەبۆمان دێت، ئێمە یەکسەر ڕێنماییەکان حازر دەکەین لەوەختی خۆی، بێجگە لەوەی کە لێرە باسمان کردووە کە چۆن بەهەماهەنگی ئەکرێت، بێجگە لەوەی کەدەینێرین بۆ ئەنجومەنی شوورا، چونکە پێشووتر ئاگادار ئەکراینەوە کە هەندێ ڕێنمایی هەیە ناگونجێت لەگەڵ قانونەکان، ئێستا ئەینێرین لە ئەنجومەنی شووراش لەوێشەوە پەسەند ئەکرێت، ئینجا کە دێتەوە ئێمە بلاوی دەکەینەوە، وەلامی بەڕێز کاک جلال، لە یاسای بودجەدا بڕی قەرز دیاری نەکراوە، دابەش نەکراوە لەنێوان عەقاری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و خەرج کردنی قەرز بەپێی داواکاری هاوولاتیان بێ، دیارە ئەگەر تەماشای بودجەکە بکەین، نیسبەتەکان تەحدید نەکراوە، بە کراوەیی هاتووە لەو ساڵە، وەلامی بەڕێز نەسرین خان، بڕی لە 7٪ مووچەی فەرمانبەرانی هەمیشەی وەك ئەمانەت وداهات لێیان دەبڕین و جیاوازیەکەی مووچەی خانەنشینانی لێ خەرج دەکەین، دیارە ئەوەی ئێمە کە ئەڵێین فیعلەن ئەمە وەکو ئەمانات و داهات هاتووە، پارە دەبڕدرێت لە هەموو فەرمانبەرێك لە 7٪، حکومەت لە 12٪ ی بۆ ئیزافە ئەکات و دەچێتە حسابێکی تایبەتەوە، لەوێ لەهەمان وەختدا خەرجی ئەوانەی کە تەقاعود دەبن لەوێ سەرف دەکرێت، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتانیش ئێستاکە لەسەر ئاخیر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ دانانی سندوقەکە و دانانی یاسایەك بۆی، ئێستا لیژنەیەك تەشکیل کرا بۆی لەوەزارەتی دارایی لەپسپۆران بۆ ئەوەی ئێقتراحی یاسایەکە بکەن بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانیش بینێرێت بۆ وەزارەتی دارایی بۆ پەسەند کردن، بۆ ئەوەی بەپێی قانونێك، قانونەکەی خۆی کە مەفروزە هەبێت، ئەوە جێ بەجێ بکرێت، وەلامی بەڕێز کاک سەلیم، ئێمە پابەند بووین بە یاسا و داواکاریەکانی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانەوە، ئەوە ڕای بەڕێزتانە کە دەڵێن حەشاردان نەك روونکردنەوە، بەلام روونکردنەوەیەکی تەواو کراوە و خەرجییەکان دابەشکراوە بەس حەوت فەصڵ، زیاتر بەسەر (250)مادده، هەروەها بۆ داهاتیش بە (5) عدد و زیاتر لە (250) مادده، کە ئەمە سیستەمێکی جیهانییە و بانکی نێو دەوڵەتی پەیڕەوی دەکا، دەربارەی تواناسازی لیژنەی تایبەتی خۆی هەیە لەئەنجومەنی وەزیران و لەوەزارەتی پەیوەندیدار بڕی (63) ملیار دینار لەساڵی (2011) سەرف کراوە، داهاتی پترۆ دۆلار هەرچەندە پەسەند کراوە لەبودجەدا، بەلام وەك داهات وەرمان نەگرتووە، بەلام داهاتی گومرگەکان لەناو خشتەی داهاتەکان دیاری کراوە، پارەی حزبەکان لەحسابات بابی مینەح وەك سلەفی ئەحزاب سەرف کراوە تاکو پەسەندکردنی یاسایەکە (ایجار مطاعم وحوانیت) ڕاستە، (480)

ملیۆن دیناره، بەڵام حانوتی قوتابخانەکان هیچ ساڵێك داخیلی داهاتی گشتی ناکرێت، دەستەڵات دراوه بە وەزارە تی پەروەردە بەپێی رێنمایەکان ئەو داهاتە بدرێتەوە بەهەمان قوتابخانە و بۆ سیانە و خزمەتگوزاری، نەك وەکو ئەوەی کە جەنابی نموونەی دەهێنایەوە، یەعنی ئەوەندە قوتابخانە حساب بکەی هەر بەملیۆنێك ئەوەندە دەکا، راپۆرتی شەش مانگ روونکردنەوەی باری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هیچ پێوەرێك نییە موقارەنەی بکات لەگەڵ حساباتی کۆتایی، حساباتی کۆتایی کە حسابات دەکرێت، ئەنواع موناقەلات لەسەری کراوە، لەسەر بودجەی پەسەند کراو موناقەلاتی لەسەر کراوە بەپێی ئەو دەستەڵاتەی کە دراوە، دوای ئەوە بەچەندەها سلەف هەبووە، مەوقوف بووە ئەو سلەفانە تەوسییەکراوە، بووە بەحسابی کۆتایی، پارەکەی کە ماوە بووە بەئیراد، یاخود کە پارەی پێویستی تری هەبێ مەسروف کراوە، ئەمانە هەمووی فەرق دەکات لەو حساباتانەی کە بۆ بەرچاو روونکردنەوە پێشتر ناردراوە بۆمان، ئێمە چەند جار ئەوەمان تەئکید کردۆتەوە، یەعنی ئەو حساباتەی کە هاتووە هی شەش مانگەکان ڕەنگ هەیە هەر لەدوای دوو رۆژ بێت، جەنابتان بێن بڵێن ئەی بۆ تۆ ئەوەت دا؟ بڵێم بابە ئەو موناقەلەیەی لەسەر کرا، لەبەر ئەوەی ئەو سلفەیەی لەسەر تەوسییە درا، ئەو ڕەقەمانە هەمووی دەگۆڕدرێ، بۆ وەڵامی بەڕێز د. احمد کە باس دەکا، تەخسیسی ئیزافی بۆ وەزارەتی پەروەردە و ناوخۆ تەنها بۆ ساڵی (2011)، بەشێکیان لە ئیستیقتاعەکە ناردبوو، یەعنی ئەوەی کە بۆ پۆلیس هاتووە، بۆ موخەسەساتی پۆلیس و ئاسایش و ئەوانە، ئێمە لەحدودی ئەوەندەی ترمان خستۆتە سەری، ئینجاکە بەشی کردووە، کە لە 2011/1/1 پارەکە بدەین، بە ئەسەری رەجعی هی وەزارەتی ناوەخۆ هاتبوو، ئەوەی پەروەردەش ئەوەی کە ناردبوویان پارەی (90) هەزار کەس بوو، میلاکی پەروەردە ئەو ساڵە (160) هەزار کەس دایە، ئێمە پارەی (70) هەزار کەسیشمان لای خۆمان ئیزافە کرد و ناردمان، دامان پێیان، وەڵامی بەڕێز سیوەیل خان، داهاتی وەزارەتی ناوەخۆ داخیل کراوە لە خشتەی حساباتی ختامی (2011)دا، رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەماوەی یاسایی خۆیدا دەردەچێت، پاش پەسەندکردنی بودجە، مینحەی زیندانە سیاسییەکان لە حساباتی ساڵی (2012)دا دەردەکەوێ، وەڵامی بەڕێز ئاهەنگ خان بەڕاستی دەربارەی شەفافیەت ڕاستە قسەکانی بەڕێزت، پشتگیری دەکەین، بەتایبەتی بەندی پرۆفایل، وەڵامی بەڕێز کاك سالار کە باسی کەمکردنەوەی ڕێژەی لە (17٪) بۆ (13٪) بکرێت کە (122) ئەندام پەرلەمان لەبەغدادا ئیمزایان کردووە، وەزعمان چۆن دەبێ؟ دەبێ چی بکەین؟ وەڵلاهی ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر بێت و ئەو پارەیە کەم بکرێتەوە یان ئەو پارەیە نەمێنێت، ئێمە دەبێ تەفعیلی داهاتی ناوەخۆی خۆمان بکەین و، تەرشیدی نەفەقات بکەین لە کەم کردنەوەی خەرجییەکاندا، وەڵامی بەڕێز کاك نەریمان، پۆلیسەکانی گەمارك و سنوور تەنها مووچەیان لەبەغداوە بۆ دێت، لەناو نەفەقاتی سیادیدا، بەڵام خەرجییەکانی تریان وەك پێویست بۆیان ناکرێ، بۆیە حکومەتی هەرێم بۆیان دابین دەکات، کارمەندانی وەزارەتی ناوەخۆی بەغدا بەکارمەندانی گەمارك و سنوورەکانی هەرێم دەڵێن داهاتی هەرێمی کوردستان تەسلیم بە بەغدا ناکرێت، ڕاستە ئەم قسەیە لەفەرمانبەرانمان بیستووە، بەڵام بۆ ئەوەی شك و

گومـان نـەمێنێ وەزیـری دارایـی بەغـدا بەڕاشـکاوی وەڵامـی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی عێراقـی داوەتەوە دەڵێت، بە ئامادەبوونی خۆم تەبیعی، خۆم لەوێ بووم، کاك ڕشیدیش لەوێ بوو، لەبەردەم ئێمـەدا یەعنی هەبوو ڕاوێژکارێکی ئەنجومەنی وەزیران هاتە ژوورەوە، دانیشت لەکۆبوونەوەکە بەئێمـەی وت، وتـی ئەوە بۆ گومرگ نانێرن، بەبێ ئەوەی من وەڵام بدەمەوە، بەبێ ئەوەی کەس جواب بداتەوە وەزیری مالییـە وتـی هـەموو سـاڵێك پـارەی گـومرگ هـاتووە، ئێمـە مەقاسـەمان پێکـردووە، بڕیومانـە، وتـی ئەصـڵەن ئـەو نسیبەتەی لەگەماریکی کوردسـتانەوە بۆمـان دێ، زۆر زیـاترە لـەو نیسـبەتەی کـە لەهـەموو گەماریکـەکانی عێراقەوە لێمان وەردەگیرێ، ئەمە ئەو قسەیە بـە وجـودی مـن و جـەنابی کـاك ڕشـید و هـەروەها جـەنابی وەزیری تەختیت و ئەولانە و کۆمەڵێکی تریش لە ئەنجومەنی وەزیران ئەم قسەیە کـراوە، خۆشـیان شـایەد حاڵ بوون، هەمان پرسیار لەلای جەنابی سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی عێـراق کـەکرا، ئـەوجار لـەجیاتی ئەوەی کە وەزیری دارایی جواب بداتەوە، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق جوابی دایـەوە وتـی (جەنابی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران، بـەڵێ هـەموو سـاڵێك پارەیـان داوە، پـارەی گـەماریك، ئـەو پارەیـە زیاتریشە لەو نیسبەتەی لەگەماریکـەکانی تـرەوە بۆمـان دێـت، ئەمـە حەقیقەتەکەیـەتی، ئەگـەر جـەنابتان هەر بەگومانن پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز دەتوانێت یەك نامـەی بنووسـێ، کتـابێکی ڕەسمـی بـۆ وەزارەتـی دارایی عێراق بڵێ ئایا کوردستان پارەی داوە؟ یان نەیداوە؟ لە ئەعلامیشدا بـڵاوی دەکەینـەوە ئـەو قسـەیە، من بەڕاستی بەڕاشکاوی وەڵامی ڕاوێژکاری سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـی عێـراقم داوەتـەوە و دەڵێم (داهاتەکانی گومرگی کوردسـتان تەسـلیم بەناوەنـد دەکرێـت) وەك بـەڕێز خـاتوو شـلێر ئامـاژەی پێـدا، دوو داهاتی گومرگی ئێمە لە (60٪) تا (70٪)ی داهاتی ئۆتۆمبێلە، ڕێـژەی زۆری ئـەو ئۆتۆمبێلانـە کـە داخیـل دەبن دوو تەقسیم سێی ئەو ئوتۆمبێلانە بەخشراون لەڕەسمی گەماریك، چونکە هـی حکومـەتی هـەرێم و ناوەند و ڕێکخراوەکانی ناوەخۆ و دەرەوە و باڵوێزخانەکان و قونسوڵیەتەکانی هـەرێم و ناوەنـدن، بەڕاسـتی باسی مەسەلەی داهاتی سەیارات زۆر دەکرێت، من خۆم لەگەڵ تیمێکی وەزارەتی مالییەدا، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، خوشك و برایان، پەرلەمانتارانی بەڕێز چوومە مەنفەزی ئیبراهیم خەلیل، هەموو مـەنافیزەکان گەڕام تەبیعی بەس مەنفەزی ئیبراهیم خەلیل بەنموونە دەهێنمەوە، ئەعلامی هـەموو لایـەك لـەوێ بـوون دەتوانن بپرسن، هەموویانم بانگ کرد، بۆ چ ژوورێك ڕۆیشتم، بۆ چ بەشـێك ڕۆیشـتم هـەموو ئەعلامـەکانم لەگەڵ خۆمدا هێنا، وتم تەسۆیری خۆتـان بکـەن، ببیـنن، ئیستیمارەکانیشمان هێنـا تەماشـامان کـرد، ئـەو سەیارانەی کە داخیل بووە لەو ڕۆژەدا چەند بوون، چەندیان ئێعفا هەبووە، لەبەر ئەو هۆیانـەی کـە ئێسـتا باسمان کردووە، چەندێکیش پارەی بۆ حساب کراوە، دیارە ئەوە هەمووی ئیسـتیماراتی خاسـی خـۆی هەیـە، کە دەڵێین عەفوو دەکرێن، یەکێك نییە بەکەیفی خۆی عەفووی بکاتن لە پارەی زەریبەی گومرگی کە دێتە ژوورەوە، نەخێر دەبێ کتابی ڕەسمی و موافەقەتی ڕەسمی و ئسوولی هەبێت، سێ، بەنیسبەتی جل و بەرگ، بڕی (11,500) یانزدە ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار خەرجکراوە، بەڵێ ئێمە هەموو ساڵێك پـارەی جـل و بەرگ دادەنێین، ئەوە بۆ وەزارەتی پێشـمەرگەیە، وەزارەتـی ناوەخۆیـە، ئێمـە پارەکـە تەخسـیس دەکـەین،

بەڵام ئەگەر لەشوێنێك بۆیان نەكرا بێت، ئـەوە گلـەیی لـەو وەزارەتـە، لـەو مودیریەتـە لـەخۆیان دەكرێت، ئێمە تەخسیسمان كـردووە ئـەو پارانـەی كـە لێـرە هـاتووە بـەفیعلی سـەرف كـراوە بـۆ جل و بـەرگ، هـەتا بەڕاستی ئـەوە لیژنـە بـەڕێزەكانی پەرلـەمان بابپرسـێتەوە بڵـێ بابـە وەزارەتـی مالییـە پارەكـەی بەسـەرف پێشان داوە، ئەی ئێوە دەڵێن ئێمە هیچمان وەرنەگرتووە، ئەی ئەوە چۆن سەرف كراوە؟ خۆ ئەمە هـەمووی قابیلە، ئەو قسانەی ئێمە قابیلە بۆ ئەوەی تەعقیب و تەدقیقی لەسەر بكـرێ، وەڵامـی بـەڕێز كـاك خـەلیل، بەڕاستی كاك خەلیل جەنابت حەزدەكەم بزانیت لەگەڵ هـەموو ئـەو برادەرانـە، ئەگـەر بێـت و بودجـە بـە نەقوستان یاخود بە بە عەجز پەسەند بكرێت، ئەگـەر مەساریفەكان هـەر بكرێـت، تـۆ پـارەت نـەبێت ئـەو كاتە چی دەكەی؟ ئەو وەختە تەبیعی پەنا دەبەیتە سەر (سحب المكشوف)، ئێمـە كـە (سـحب المكشوف)مـان لەنەقدییەدا هەیە، حەزدەكەم جەنابتان ئاگاداری هەنـدێك شـت بـن، ئێسـتاكە ئێمـە چ قـەرزێكمان داوە لـە (2003)وە تاوەكو ئێستاكە، ئەم قەرزانـە هیچـی لـەناو میزانییـەدا نییـە، ئەمـە قـەرزن، ئەمـە نەقدییەیـە لەحساب وەزارەتی دارایی دەردەچێ، خۆی مەفروزە ئەمانە لەحسـابی بانقـدا دەربچـێ، بـەنقیش حسـابات و فائیدەی خۆی هەیە، لێرە پەرلەمانی بەڕێز كە قەراری داوە نابێ بەهیچ شێوەیەك فائیدە هەبێت، تـەئمین هەبێت، چونكە حەرامە، ئێمە لـەو حاڵەتـەدا پـەنا دەبەینـە بـەر وەزارەتـی دارایـی، كـە پـەنا دەبەینـە بـەر وەزارەتی دارایی لەكوێ دەیهێنین ئەو پارەیە؟ موخەسەسـی میزانییـە، لـەناو میزانییـەدا شـتی وا نییـە تـۆ قەرز بدەی عـەقاری، قـەرز بـدەی بـە......، تیكـراری دەكەمـەوە ئەمـە لەبـەر ئـەوەی ئەصـڵەن ئەمـە لـەناو میزانیاتی وەزارەتی مالییەدا نابێ دەركەوێ، دەبێ لەناو میزانیەتی بانقەكانـدا دەربكـەوێ، ئـەوانیش دەبـێ ڕەئس مالیان هەبێ، ئەو وەختە حكومـەت دەتـوانێ دەعمـی ڕەئـس مالییەكـەیان بكـات هـەروەكو لـەعێراق، ئێستا لـەعێراق ئـەوان قـەرز دەدەن بەعـەقاری، بـانق دەیـدا بەعـەقاری، ئێسـتا فائیـدەش وەرنـاگرن، بـەڵام فائیدەكە وەزارەتی دارایـی دەیـدا بـە بـانق، بەشـێكی تـەبیعی، لەبـەر ئەمـە ئەوانـە هـۆن، ئێمـە ئێسـتا ئـەو پارانەمان بەقەرز لەسەر فەرمانبەران و هاووڵاتیان و جوتیارەكان و ئەوانەی ئیش و كاری سـناعەت دەكـەن و سلفەیان وەرگرتووە، پارەمان لەسەریان هەیە، هەروەكو ئاماژەم بەرەقەمەكەی دا دوێنێكە، ئـەو پارانـەش لێیان دەگەڕێتەوە، گەڕاندنەوەكانیشی مەعلومە كە چۆنە و چەندە و ساڵانە چیمان بۆ هاتۆتەوە، هـەمووی بە ئیحسائیات هەیە، دەرجمان كردووە، خۆمـان حـازر كـردووە بـۆ موناقەشـەی میزانییـەی (2013) لـەوێ هەموو ڕەقەمەكانی ئەوانەش بـاس دەكـەین، بـەڕێز كـاك حەمـە سـەعید ڕێـژەی جـێ بـەجێكردنی بودجـە دیاریكراوە لە ڕاپۆرتی حسابی خیتامی، لە (5٪)ی فەرمانبەران زیاد بووە، كەچی لە (50٪) زیادی كردووە، ئەم پرسیارە بەڕاستی نازانین جەنابی كاك حەمە سعید بە چ پێوەرێك ئاراسـتە كـراوە، چـونكە تـەعویزات عـالمین لەسـاڵی (2011)دا ڕێـژەی (17٪ بـۆ 18٪) تـەجاوزی سـەرفكراوە، روونكردنـەوە وەڵام دراوەتـەوە پێشـتر، وەڵامـی بـەڕێز كـاك كامـەران و بـەڕێز كـاك ئـارامیش دیـارە ئـەوە لێـرەدا تێكـەڵاوبوونێك هـەبوو مووچـەی فەرمانبـەران و خانەنیشـینان یەكسـانن، وەزارەتـی دارایـی بـەردەوام تـەوجیهات و ڕێنمـایی بەیەكسانی دەردەكا، ئێمە تـا ئێسـتاكە لـەدوای ئـەوەی كـە وەزارەتـی دارایـی یـەكی گرتۆتـەوە بـە فیعلـی لـە

(5/21) ئەمساڵدا، ئێمە تەوجیهاتی یەکسانی دەردەکەین، ڕێنمایی یەکسانیمان دەرکردووە، لیژنەکانمان لەپێناو ئەوەدا ئیش دەکەن، تەقریبەن دەتوانم بڵێین لە (85٪ بۆ 90٪)ی کراوە، بەڵام تۆ بتەوێ لەشوێنێکدا نەکرابێ، فەرمانبەرێ مەغدور نەبێ، بەتەئکید ئەوانەش هەیە، ئەوانەش دێن ئێستا موراجەعەت دەکەن، کە موراجەعەت دەکەن تەماشای و ئیعادەی نەزەریان بۆ دەکرێتەوە و ئیشەکانیان جێ بەجێ دەکرێت، باجیش تەنها لەو فەرمانبەرانە وەردەگیرێت کە مووچەیان لە یەك ملیۆن دینار زیاترە، کە دەڵێن باس لەوە کرا وترا یەکێك لەخوشکە پەرلەمانتارەکان فەرمووی وتی ئێستا ئەوەندە خەڵك زیاد تەعین بووە دەبێت باج زیاد بکا، بەڵام جەنابی دەبێت ئاگای لەوەبێت باج تەنها لەوانە وەردەگیرێت کە مووچەیان لەیەك ملیۆن دینار زیاترە، قەرزی کشتوکاڵی باس لەوە کراوە دەڵێن دەبێت بەس تاپۆی هەبێ قەرزی کشتوکاڵی، قەرزی کشتوکاڵی تاپۆشی هەبێ و گرێبەستیشی هەبێ دەبێ، چوار (ئیتفائی دیون) بریتییە لەو قەرزانەی حکومەت کە لای هاووڵاتییەکان و کۆمپانییەکان یان فەرمانگەکانی حکومەت کە دەکوژرێتەوە بەڕەزامەندی بەپێی دەسەڵاتەکان لەبەر ئەوەی نەتوانراوە وەربگیرێتەوە لە ڕێگای (تحصیل الدیون الحکومیە) یان لێ خۆش بوون شمولی کردوون، هیچ بڕە مینحەیەك لەلایەن وەزارەتی داراییەوە وەرنەگیراوە، تاوەکو بکرێت بە داهاتی کۆتایی وەك لەماددەی شەشی یاسای بودجەدا هاتووە، هەموو ساڵێك ئەوە دێت، وەکو ماددەیەك دێت، مەفروزە بێت هەموو ساڵێك بەڵکو ئەمە خوایە شتێك بێت، مینحەیەك بێت کە وەری بگرین، بەڵام نەهاتووە، وەڵامی بەڕێز کاك کاروان، کێشەکانی دارایی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند پەیوەندی بەکێشە سیاسییەکانەوە هەیە، چەند کێشەی سیاسی هەبێت کێشەی داراییش دەبێت، دوو، نوێنەرانی حکومەتی هەرێم هیچ ئاگاداری وردەکاری و دانانی بودجەی عێراقی فیدڕاڵ نین، پێشتریش و چەندەها جاریش باسمان کردووە، ئەم جارەش کە وەفدی حکومی چووین بۆ بەغدا یەك لەباسەکانمان ئەوە بوو کە ئێمە ئاگامان لێی نییە، دەبێ بەشدار ببین، یەعنی ئەوانەمان هەرهەمووی لەزمنی باسەکانی ئەو وەفدە حکومییە بووە کە کردوومانە لەگەڵیاندا، بەتەفاسیل هەموو ئەوەکانمان لەلایە، دیارە تێبینییەك هەیە، چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز باسی ئەوەیان کرد کە دەرخستەی ژمارە دووی حساباتی کۆتایی ساڵی (2011) کۆی گشتی ناکاتە ئەوەندە، (11,289) یانزدە و دووسەد و هەشتا و نۆ، بەڵام بڕگەی چوارەم کە داشکاندنی داهاتی ناوەخۆیە، وەك خۆی وایە دەبێت لەبڕەکانی تر دەربکرێت، هەرخۆی نووسراوە داشکاندن ئەوە کۆناکرێتەوە لەگەڵی دا، جارێکی تر تەوزیح دەدەم ئەوەی لەبەینی دوو قەوس دایە دەرکردنە، ئەوەی بە سالیب هاتووە دەرکردنە، ئەوەی بەرامبەری نووسراوە داشکاندن ئەوە داشکاندنە، جارێکی دیکە من سوپاستان دەکەم، ئەگەر ئێمە شتێکمان لەبیرکردبێت من پێم چاکە، پێم خۆشە ئاگادارمان بکەنەوە، ئامادەین، ئەگەر لەبیرمان کردبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە دوا وەڵامی ئێمەیە بۆ پرسیارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

حەزدەکەم جەنابتان بزانن (37) کەس ناوی خۆی نووسی بوو بۆ قسەکردن، (26) کەس قسەی کردووە، بەڵام ئیستا ژمارەی (8)کەس لەقاعەکە نەبوون، بۆ ئەوەی گوێیان لەوەڵامەکانی خۆیان بێ، یەعنی ئینسان کە پرسیار دەکا دەبێ دانیشێ کە گوێی لە وەڵامەکەی خۆی بێ، بە هەرحاڵ، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ئێعتیزاز بە ئەندامیەتی خۆم دەکەم لەپەرلەمانی کوردستان، شانازیش بەخۆم دەکەم کە ئەندامم لەو پەرلەمانە، باسی کەرامەت کرا، کەرامەتی ئەندامی پەرلەمان، من هەست دەکەم پەرلەمان زۆر بەکەرامەتە و ئەندامی پەرلەمانیش هەمووی بەکەرامەتن، بەڵام ئەگەر ئەندام پەرلەمانێك هەست بکات کەرامەتی لەناو ئەو پەرلەمانە پارێزراو نییە، دەتوانێت ئیستیقالە بدات، بچێت لەماڵی خۆی دابنیشی بەبێ ئەوەی ئیمتیازیاتیش وەربگرێ، بۆ ئەوەی کەراماتەکەی برینداد نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز ئیسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشەکانمان، وەزیر وەڵامەکانی ئەوە بوو، ئەوەی کە پرسیاری وەڵام نەدرایەوە، بەنووسین بۆی بنووسێ بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە بکات وەڵام بداتەوە، بۆدەورەی داهاتوو، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینیم سەرەتا لەسەر قسەکەی بەڕێز وەزیری داراییە، یەعنی وەکو نموونەك بۆ هەموو وەڵامەکانی دوایی دێمە سەر ئەوە کە بۆ ئەو تێبینیم هەیە، ئەوەی کە پەیوەندی بە گواستنەوەی بودجەی وەبەرهێنانە بۆ بە کاربردن، دەڵێ ئێمە نەمان گواستۆتەوە، تەبعەن بەپێی یاسا دەبێ بخرێتە سندوقێك و کە (49٪) توانیتیان پڕۆژەکان جێ بەجێ بکەن، ئەگەر وابێ لەوەڵامی بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێ ئەوەمان لە عیجزدا قەرەبوو کردۆتەوە، (2) ترلیۆنی داوەتەوە قەرز، کە خۆی لە (2011) (1,500) یەك ترلیۆن و پێنج سەد ملیار عیجزمان هەبووە، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە وەڵامەکان ئێمە قەناعەت پێ ناهێنێ، کە ئێمە قەناعەت پێ ناهێنێ یەکێك بڵێین لە ڕێگاکانی چاودێری کردنی حکومەت ژمێرەی کۆتاییە، ئێمە ساڵانە بۆ ساڵێکی دارایی لە دارایی گشتی ئەمە بەگۆترە دانەندراوە، ئێمە لەپەرلەمان موناقەشەی ئەو بودجەمان کردووە، ئەو کاتی وتوومانە ئەو خەملاندنە ڕاست نییە، بەڕێز وەزیری دارایی وتوویتی لە حسابی ختامی فەعلییەکەی دەردەکەوێ، وتمان کورتهێنانەکە وانییە، وتی لەحسابی ختامی، وتمان داهاتەکان، وتمان سەرچاوەی داهاتەکان، هەموو ئەو حەقیقەتانەی کە هاوڕێکانم بە وردی باسیان کرد، من ناچمەوە سەری، ئێستا دەبێ لەحسابی ختامی ئێمە وەڵامەکەی بزانین، ئێمە کێشەیەکمان هەیە وەکو

کێشەی دامەزراوەیی کە پێویستە چەند دەزگایەك هەبێ وەکو هاوکارانم باسیان کرد کە ڕۆڵیان هەیە، ئەوەی دیوانی چاودێری، دەستەی نەزاهە، لەوەی کە بتوانن وردەکاری بخەنە سەر حسابی خیتامی، مەبەستی ئێمە بۆ ئەوە بۆ چییە؟ ئێمە بۆ موناقەشە دەکەین؟ یەعنی ئەمە پرسیارە، ئەگەر وابێ ئێمە هەموو ساڵێك بێین لێرە موناقەشە بکەین، وەزیری بەڕێز وەڵاممان بداتەوە، هیچ گۆڕانکارییەك نەکەین، هیچ بڕیارێك دەرنەکەین لێرە، بڵێین ئێمە بۆ (2013) پەرلەمان بڕیاری دا ئەم خاڵانە دووبارە ناکاتەوە، ئەمە دەبێتە ڕێگریەك لەوەی کە ئێمە بەڵێ توانیومانە شەفافییەت بخەینە بودجە، ڕێگری بکەین لە زیادەڕۆیی، لەکەم ڕۆیی لەپڕ دەڵێتن دەڵێین بەڕێز وەزیری دارایی ئەو پارەیە فەرمانبەران چی لێهات؟ بەڕێز ناسك خان، دەڵێتن ئەوە ئەوە دەرماڵەی وەزارەتی پەروەردە زیادی کرد و ......، کاکە لێرە بودجە بڕیاری لێدراوە، تۆ جگە لەوە لەحکومەتی عێراق تەماشام کرد پارەی بۆ تەرخانکراوە، مەبەستم لەوەیە کە ئێمە بگەینە نەتیجەیەك، ئێمە هەدەفمان چییە لە موناقەشەکردن؟ هەدەفمان ئەوە وا بکەین کەموکورتییەکان، کەلێنەکان کە لەبودجەدا نەمینێت، پەرلەمان چییە ئەو هەنگاوەی، ئەو بەرنامەی لەمەودوا کە دەڵێ ئەو حسابە خیتامییە کەلێنی تێدایە، ڕێگا نادەین ئەم شتە لەبودجەی (2013) دووبارە ببێتەوە، ئێمە قسە بکەین و وەزیری بەڕێز وەڵاممان بداتەوە، قەناعەتمان بەقسەکە نییە و جارێکی دیکە لە (2013) بێتەوە پێش بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ نەتیجەیەکی تێدا نابینین، بۆیە داوا لەپەرلەمانتارانی بەڕێز دەکەم، کە بەجدییەوە ئێمە لەکۆتاییدا هەندێك خاڵ هەیە نەك وەکو لیژنە، لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندووبوونیان بیکاتە پرسیار، یەعنی پرسیار فەرق دەکا لەوەی کە تۆ نەتیجە دەگری دەڵێ ئەوە خەلەلەکانە، بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان ڕوونتر بێ، لەبەر ئەوە من بەگشتی پێم وایە چەند مەبدەئێك هەیە کە لە حسابی خیتامی بۆ کاری چاودێری کردن بەردەوامییەتە لەکارکردنی وەزارەتی دارایی بەشێوەیەکی بەردەوامی ئێمە ئەوە نابینین، هەم لەناردنی حسابی خیتامی، هەم لە دواخستنی، ئێمە هیچ هەست ناکەین حیتە و حەزەرێك هەبێتن لە بودجە سەرفکردندا، یەعنی ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی هەیە، هیچ نەخشە و پلانێك نابینین لەبەدی هێنانی ئەوەی کە داندراوە لە بودجە ساڵانە ئێمە لێرە بودجە پەسەند دەکەین، کاتێ دێتە سەر حسابی خیتامی یان کۆتایی ساڵی تر بەڕێز وەزیر جواب دەداتەوە دەڵێ ئەم کێشانە هاتن لەکاتێکدا ئیحتیات هەیە، لەکاتێکدا ئەمە بەنەخشە کراوە، ئەمە بەپلان کراوە، من لەوەی کە حکومەت پابەندی یاسایەکان نابێ بەپێی ئەم ژمێرییەی کۆتایی (2011) دەبینین پێشەلکردنی گەورە لەیاسای بودجەدا کراوە لەماددەی (32، 33، 35) ئەوەی کە برادەران باسیان کرد لەو ماددانە کە پێشەلکارییەکە چییە؟ ئێمە قەرارمان دابوو حسابی جێ بەجێکردنی پرۆژە بەردەوامەکان، کوا ئەم حسابە؟ لەکوێیە؟ ئەمە ساڵی پێشوو پێشنیاری کرد، بەزۆرینەی پەرلەمانتاران پەسەند کرا، قەرار بوو وەزارەتی پلان دانان هەر چوارمانگ جارێك ڕاپۆرتمان بۆ بنێرێ، کوا؟ ئەو ڕاپۆرتانە، ئەمە قسە ناکەمەوە، یەعنی نامەوێ دووبارەی سەرەنج و ڕەخنەکانی هاوڕێیانم بکەمەوە، بەڵام بەگشتی کە دەگەینە ئەنجامێك ئەم حسابی خیتامییە ناروونی ژمێرەی کۆتایی و پێشێلکردنی یاسای

بودجه و زیاده ڕۆیی نا پێویست و نەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری و هەموو ئەو هۆكارانە وادەكات ئێمە ژمێرەی كۆتایی (2011) بە ناڕاست و دروست بزانین و پێشەلكاری ئاشكرای تێدا كراوە، بۆیە ڕەتی دەكەینەوە، بەس بەلای من گرینگە كاتێ ڕەتی دەكەینەوە چی بكەین؟ ئەو ئالەتەی كە بەڕێزان بۆ شەفافییەت باسیان كرد، بۆ دووبارە نەبوونەوە، بەلای منەوە گرنگە كە لیژنەیەك پێك بێ، وەكو بەڕێز وەزیری دارایش وتی گوتی ئەگەر گومانێكتان هەیە دەتوانن نامە ئاراستەی عێراق بكەن، ئەو لیژنەیە هەندێك بڕیار گەلاڵە بكا، كە ڕێگر بێ لەوەی كە مانگێكی دیكە موناقەشەی بودجەی (2013) دەكەین، نەیەلێن ئەم كەلێنانە چ لەكورتهێنانەكە، چ لە خەملاندن، چ لە زیادە ڕۆیی، چ لە نەبوونی داهات، لەهەموو ئەوانە دووبارە بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز اسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا بەتێبینییەك دەست پێدەكەم، بۆ بەڕێز لیژنەی دارایی و بەڕێز وەزیری دارایی، كە لەڕاپۆرتەكەیاندا ئاماژە بە حكومەتی ناوەند دەكەن، لەرووی سیستەمی سیاسی و قانونییەوە پێویستە بوترێت حكومەتی ئیتیحادی، نەك حكومەتی ناوەند، چونكە ئەو حكومەتی ناوەندە وەكو مەفهومی سیاسی و قانونیش دەگەڕێتەوە بۆ پێش (2003)، بەتەواوەتی بەبڕوای من دەبێ ڕاپۆرتەكە بگۆڕدرێ، چونكە لەهەموو دەستەواژەكاندا حكومەتی ناوەند بەكارهاتووە، سەبارەت بە حیسابی خیتامی لەڕاستیدا من كۆمەڵێك پرسیار ئەگەر بەڕێز وەزیری دارایی دوێنێ لەهەندێك وەڵامیان بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆش لە ژمارەیەك لەوەڵامەكانیدا ئاماژە بەهەندێك ڕوونكردنەوە دەدات، كە بەبڕوای من ئەی وەڵامدانەوە بۆ پرسیارەكانی ئێمە سەبارەت بە سیاسەتی گشتی ئەم حیسابی خیتامییە كە داندراوە، یەعنی ئەم پارەیەی كە لەناو حیسابی خیتامی و لەناو میزانیەشدا هەیە، مالیكی شەرعی ئەم پارەیە خەڵكە، بۆیە ئەگەر ئەندام پەرلەمان بەردەوام پرسیارەكانیشی دووبارە بێتەوە، بۆیە بەبڕوای من كەم و كوڕییەكان دووبارەیە، ناچارین بچینەوە سەری، ناتوانین بێ دەنگی لێ بكەین، یەكێك لەپرسیارەكانی من ئەوەیە كە زۆرێك لەئەندامانی تر بەشێوازی جیاواز قسەیان لەسەر هەندێك ڕەهەندی ئەم مەسەلەیە كرد، لەوانە ناكرێت دەرخستەیەكی حسابێكی هەبێت لەموازەنەدا، بەڵام لێرە من لەحسابی خیتامیدا نەزانم چۆن سەرف كراوە، باشترین بەڵگەش ئەو پارەیە، ئەو (200) ملیارەیە كە بۆ ئەحزاب و ڕێكخراوەكانە، مادام تەرخانكراو بێ كەهەیە لەمیزانەدا ئێمە وەكو ئەندامانی پەرلەمان ماڧ خۆمانە كە ببینین بەكارهێنانی ئەو پارەیە بەئیستیفای تەبریر هێنانەوە بۆ بەكارهێنانەكەی چۆنە؟ ئەگەر بەگۆترەیە، ئەگەر بە مینحەیە، ئەگەر بەتەخسیسێكە، بە ئەمرێكی فەوقی، پێویستە ئەندام پەرلەمان ئاگای لێ بێ، لەسەر چ بنەمایەكە، بڵێ فلان شوێن ئەوەندە پارەیە وەردەگرێ، بەبێ ئەوەی هیچ تەبریرێكی سیاسیش

بێنێتەوە، تەبریرە سیاسییەکە بۆ منی ئەندام پەلەمان جێ بهێڵێ کە بەدوا داچوون بکەم، بڵێم بۆ ئەمە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەمەدا، بەڵام وەکو دەرخستەی ژمارە لەدەرەوەی هەموو مەفهومە سیاسییەکان دەبێ وەزیری مالییە و وەزیری پلان دانانیش یەعنی لەو خشتە و دابەشکردنەدا ڕاپۆرتی ڕۆشنیان هەبێ لەبەردەم ئەندام پەرلەمان، خاڵێکی تر کە لەپێشنیاری موازەنەدا، لە تەسدیق کردن لەسەر میزانیەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە پارەیەك بوونی نییە، بەڵام لەحیسابی ختیامیدا دەبێ ئەندام پەرلەمان بگەڕێ بەشوێن ئەوەی کە چۆن سەرف کراوە، بەلگەش بۆ ئەمە ئەو قەرزەیە کە داندراوە بۆ بانکەکان کە لەمیزانییەدا نییە، بەڵام لێرە منی ئەندام پەرلەمان ئیجبار دەکرێم کە سەیر بکەم ئەم پارەیە سەرفکراوە، کە دەرخستەی نییە لەناو میزانییەدا، چۆن تۆ ئەندام پەرلەمان مەحکوم دەکەی کە لەسەر دەرخستەیەك کە پارەی بۆ دانەندراوە لێرەدا لەسەر تەسوییەی حساباتەکەی قسە بکا؟ ئەم پارەیە کەمیش نییە، ئەوەی کە بۆ قەرزەکان داندراوە نزیکەی (972,154) نۆسەد و حەفتاو دوو ملیار و سەد و پەنجاو چوار ملیۆنە، کە ئەمە لەمیزانییەدا نییە، ئەم پارە زۆرە لەکوێدایە؟ ئەم تەخسیساتانەی بۆ داندراوە، من چەند تێبینییەکم هەیە، بەبەلگەوە کە ئیستیفادە لە موناقەشەی ئەندام پەرلەمانەوە ناکرێ، یەعنی حیکمەت لەو موناقەشەی پەرلەمان کە ئێمە دەیکەین ئەوەیە تێبینییەکانی ئەندام پەرلەمان بە سەرەنج وەربگیرێت، بچێتە ناو بەشێك لەسیاسەتی ئەو ڕاپۆرتەی کە بەڕێزان وەزارەتی مالییە و وەزارەتی پلان دانان ئامادەی دەکەن، بەڵام ئێمە ساڵانە کۆمەڵێك شت دەڵێین باشترین بەلگەش کە ئیستیفادە لەموناقەشەی ئەندامانی پەرلەمان ناکرێ، ئەوەیە ئێمە سێ ساڵە قسە لەسەر ئەوە دەکەین کورتهێنان زۆر بەرەو قەبە بوون دەڕوا، بەڕێزی وەزیری دارایی دەڵێت پەیوەندی بەوپارانەوە هەیە کە حکومەتی ئیتیحادی بۆ ئێمەی سەرف ناکاتەوە، ئەی ئەو بەشانەی کە پەیوەندی بەزیادە ڕۆیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یەعنی هەندێك باب سێ ساڵە ئەندام پەرلەمان دەڵێت نابێ زیادە ڕۆیی و ئیسراف بکرێت لەم بابانەدا، ئەم بابانە بۆ ئیسرافی تێدا دەکرێ؟ بۆ کۆنتڕۆڵ ناکرێ؟ ئەگەر کۆنتڕۆڵیش ناکرێ بۆ لە ڕاپۆرتەکەتاندا نانووسن ئەمانە ڕێگرەکانمانە لەبەر دەم زیادە ڕۆیی لەم بابانەدا، بەبەلگە لە (2010)دا ئێمە کورتهێنانمان (835) هەشت سەد و سی و پێنج ملیار بووە، لە (2011) بووە بە (1,564) یەك ترلیۆن وپێنج سەد و شەست و چوار ملیۆن دینار، لە (2012)دا (2,31) دوو ترلیۆن و سی و یەك ملیارە، کەواتە دەبێت ئێمە ڕەسدی ئەوە بکەین کە ئەم کورتهێنانە بەرەو کوێ دەڕوا، یەکێکی تر لەو بەلگانەی کە ئێمە ساڵانە قسەی لەسەر دەکەین، چەند بابێك ئەندام پەرلەمان کە مەفروزە نیەتی موشەریعە، موناقەشەکردنی موشەریعە بە ئێعتیبار وەربگیرێ، چونکە ئەمەش یاسایە کە ئێمە قسەمان لەسەر کردووە لەکاتی موازەنەدا، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە هەندێك باب زیادە ڕۆییە، ئەمە کورتهێنان لەسەر میزانییەی هەرێمی کوردستان بەرەو قەبە بوون دەبا، بەڵام دەبینی ساڵانە ئەم بابانە هیچ کۆنتڕۆڵ ناکرێت، کەواتە ئیستیفادە لەموناقەشەکردنی ئەندامانی پەرلەمان وەرناگیرێ، ئێمە لەمەسروفاتی ئاخیری سێ ساڵە دەڵێین با کەم بکرێتەوە، لە (2010)دا (506,671) پێنج سەد و شەش ملیار و شەسەد و

حەفتاو یەك ملیۆن بووە، مەوجوداتی غەیرە مالی (173,499) سەد و حەفتا و سێ ملیار و چوار سەد و نەوەد و نۆ ملیۆن بووە، بووە بە (195,847) سەد و نەوەد و پێنج ملیار و هەشت سەد و چل و حەوت ملیۆن، ئەمە یەکێکە لەو بابانەی کەوا تێدا زیادەڕۆیی بەردەوام بووە، یەعنی هەندێك مەساریفی تر هەیە کە ئێمە قسەمان لەسەری کردووە و وتوومانە پێویستە لەسیاسەتی خۆیدا وەزارەتی مالییە گۆڕانکاری تێدا بکا، بۆ نموونە سەبارەت بە سەرفییات چەند ئەندام پەرلەمانێك لەکاتی موناقەشەکردنی میزانییەدا قسەی لەسەر ئەوە کردووە کە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلێ بە هەندێك ئالییەت کرینی باشترە وەك لە چاککردنەوەی، بەڕێز وەزیری مالییە وەلامی داوینەتەوە کە لەم قۆناغەدا ئەمە بەباشتر دەزانن، بەلام کە کاتێك تۆ ببینی ئەمە لەنەتیجەدا خزمەت بە میزانییە نەگەیەنێ لەکەیدا سیاسەتی خۆی دەگۆڕێت؟ وەزارەتی مالییە کە هەست بکات ڕێگری بکات لەبەردەم ئەمانەدا یان پێشنیارێکی هەبێت کە کۆمەڵێك ڕێ و شوێنی تر بگرێتە دەست بۆ ئەوەی کە ئەم هەموو زیادەڕۆییە لەسەر میزانییە نەبێت، لە (2010)دا بەتەنها بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلێ ) (14,741) چواردە ملیار و حەوت سەد و چل و یەك ملیۆن بووە، لە (2011)دا بووە بە (36,532) سی و شەش ملیار و پێنج سەد و سی و دوو ملیۆن، یەعنی نزیکەی لە (100٪) ئەم زیادەڕۆییە زیادی کردووە، ئەگەر ئیستیفادە لەو موناقەشانە نەکرێ چ وەکو بابەکان، چ وەکو سیاسەتی داڕشتنەوەی میزانییە و مالییە لەهەرێمی کوردستاندا کەواتە ئیستیفادەی نییە ئەو موناقەشەی کە ئێمە سالانە دەیکەین، هەندێکی تر بەڕاستی لەتێبینی سالانە بەپێی قانونی ئیدارەی مالییە و دەینی عام ژمارە (95) ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە لە (15)ی نیساندا وەزارەتی مالییە ڕاپۆرتی خۆی بدا بەچاودێری دارایی، بەڕەقابەی مالییە، دواتر ئەو لەمانگی حوزەیراندا ڕاپۆرتەکانی خۆی پێشکەش بە پەرلەمان بکاتەوە، لەکاتێکدا ئێمە چاودێری داراییمان نییە، یەعنی خۆی خودی ئەو ڕاپۆرتی حیسابی خیتامییە کە دێتە پەرلەمان بێ تێبینی چاودێری دارایی، خۆی بەرێگایەکی یاسایی نییە بۆ موناقەشەکردن، چونکە ئێمە نازانین بەڕاستی تێبینییەکانی چاودێری دارایی لەسەر حیسابی خیتامی نییە، بۆیە ئەمە لادانە لەخودی ئیدارەی یاسایی مالییەدا کەتێیدا ئاماژەی پێکراوە، ئێمە هیچ کامێك لەڕاپۆرتمان نییە، بەردەوام ئێمە ڕەخنە لەحکومەتی ئیتیحادی دەگرین، بەلام بەس لە (2010)دا نزیکەی (5741) پێنج هەزار و حەوت سەد و چل و یەك ڕاپۆرتی پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، کەواتە گرینگە ئەم ڕاپۆرتانەی بەڕاستی بگاتە دەست پەرلەمانی کوردستان، بەبێ تێبینییەکانی چاودێری دارایی بەبڕوای من ئەم حیسابی خیتامییە هەم لادانە لەقانونی ئیداری مالییە، هەروەها ئێمە بەبێ تێبینییەکانی ئەوان ناتوانین نە ڕەسدی هەڵەکان بکەین بەشێوەیەکی گونجاو، نە دەتوانین وەزارەتی مالییەش بە دۆکۆمێنت مەحکوم بکەین کە ئەم زیادەڕۆییانەی لەو مەجالانەدا کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز اسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا قسە لەسەر حیسابی خیتامی (2011) دەکەین، بێگومان وابزانم بەداخەوە حیسابی خیتامی (2010) هاتبووە پەرلەمان و ساڵی پێشوو گفتوگۆی لەسەر نەکرا، هیوادارم ئەم گفتوگۆکردنە ببێتە هۆی ئەوەی حکومەت هەندێ پابەندی یاسایی بکرێت، بێگومان موازەنە و حیسابی خیتامی گرینگترین بەڵگەنامەی ساڵانەی حکومەتە، یەعنی لەیەکێ لەبەڵگەنامە هەرەگرینگەکانە، بۆیە قسەکردن لەسەری زۆر گرینگە، من سوپاسی هاوکاران لەلیژنەی دارایی دەکەم، کە لەڕاپۆرتەکەیان ئاماژەیان بەکۆمەڵێك شتی گرینگ داوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ئەندام پەرلەمان ناتوانێ، مودەقیق نییە و موحاسیب نییە، بتوانێ ڕەقەم بەڕەقەم بێ لەسەر حیسابی خیتامی وردەکاری بکا، بەڵام لەناچاریدا، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی چاودێری دارایی لەگەڵ نییە، بۆیە لەناچاریدا ئەندام پەرلەمان زۆرجار پەنا دەباتە بەر ئەوەی کە پەنابەرێتە بەر ڕەقەم کەوا حەقیشە پەنای بۆ بەرین، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریمان دایە، بەداخەوە دیوانی چاودێری دارایی ئەکتیفیش بێ، ئەو دیوانی چاودێری داراییە ئێمە ئێعتیمادی لەسەر بکەین ببێتە ئالەتێکی ڕەقابی بەسەر ئەموالی عامەی دەوڵەتەوە، من گومانم هەیە کە بتوانێ، چونکە بەپێی حیسابی خیتامی (2010) دیوانی چاودێری بە دوودێڕ نووسیویەتی ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، لەڕاستیدا ئەوە لەکۆڵ کردنەوەیە، بۆیە دەبێ ئێمە موقارەنە بکەین، مادام حسابی خیتامی خەرجی فیعلییە، یەعنی بەجێهێنانی هەدەفی یاسای بودجەی (2011)یە، دەبێ موقارەنە بکەی حکومەتی هەرێم کە مەبەستم وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمە، دەبێ پێمان بڵێ لەڕاپۆرتدا ئەو ئەساسانەی کە پێویستن بۆ وەزیفەی خەرج کردن بەدی هێناوە لەحیسابی خیتامییە یان نا؟ یەکێك لەمەبدەئەکانی وەزیفەی خەرج کردن دابەشکردنی پشکی داهاتە، بەعەدالەت، تەحقیق کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە تەحقیقی پەرەپێدان و ئیستقراری ئیقتیسادییە، وەزارەتی دارایی توانیویەتی لە خەرجی فیعلی (2011) ئەمانە بەدەست بهێنێ؟ دوو ئەو ئالەتانەی بۆ چاودێری کردن ئێمە پێویستمانە جگە لەوەی کە وتمان دەبێ چاودێری دارایی هەبێ، دەبێ وەزارەتی مالییە یەعنی ئەو چاودێرییانە کە زۆر گرینگن، چاودێری ڕاستی حیسابات، ڕاستی و دروستی حیسابات لەئەسنای گفتوگۆیەکان بۆمان دەردەکەوێ یاسەیری حیساباتی خیتامی دەکەین بۆمان دەردەکەوێ ڕاستی حسابات گومانی تێدایە، گومانی تێدایە بەتایبەت لەداهات کە بەشێکی گرینگی خەرجییە، دوو چاودێری تەندروستی یەعنی موقارەنەکردنی بەیاسا، هاوکارانم باسیان کرد، کە پێشێلکردنێکی زۆری یاسای بودجە کراوە، من شتێکت بەبیر دێنمەوە یەعنی باپرسیارێك بکەین، ئێمە ناڵێین، ئەو دەڵێ لە (51٪)ی بودجەی پەرەپێدان لەکۆتاییدا عەجزی پێ پڕکراوەتەوە، یەعنی ئێستا لە(51٪)ی بودجەی پەرەپێدان عەجزیشی پێ پڕکرابێتەوە، یەعنی عەجزی عام، لەیەك وەعدەی مالی دابێت لەڕاستیدا ئەو پارە هەردیار نییە، چونکە عەجزەکە بەپێی حیسابی

خیتامی (2) دوو ترلیۆن سوڕاوەتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، بەپێی حیسابی خیتامی نزیکەی نیو ترلیۆن ئەو زیادەڕۆیی کردووە، باشە من پرسیارێك دەکەم، ئەو پارەی کە ماوەتەوە نزیکەی (2,374) دوو ترلیۆن وسێ سەد و حەفتاو چوار ملیار، خەرجی پڕۆژەکان لەکوێ ماوەتەوە؟ چ عیجزێکی پێ پڕکراوەتەوە؟ کەواتە تەسەوڕ دەکەم سەرفێکی تر هەبێ لەدەرەوەی سەرفی دارایی ئەم پارەی بۆ ڕۆیشتبێ، ئەمە تەنها گومانە حەزدەکەم تەوزیحێك بکا بۆمان، چونکە لەڕاستیدا بەپێی عیجزی زیادەڕۆیی بودجەی تەشغیلی لەگەڵ هی پەرەپێدان (3801) سێ ترلیۆن و هەشت سەد و یەك زیادەڕۆیی کراوە، عیجز کراوە، دوو ترلیۆن سووڕاوەتەوە بۆ ساڵی (2012) بەپێی حیسابی خیتامی پێم وایە ئەوان لەسەر ئەساسی موتەبەعی ئەساسی نەقدی دەڕۆن، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئەگەر لەسەر ئەساسی نەقدی بڕۆن نەك ئەساسی ئیستیحقاق لەنیسەبی ئەساسی موتەبەعی حیسابی، ئەوە دەبێ خەرجی فیعلی و داهاتی فیعلی بەڕاپۆرت هەبێ، یەعنی لەڕاستیدا ئێمە دەبینین لەبەر ئەوەی بەغدا مانگانە ڕاپۆرتێکی ناردووە، لەگەڵ حیسابی خیتامیدا هاتووە، مانگ بە مانگ چەند پارەی ناردۆتە سەر حیساب روونە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ کەشفی بلۆك یەعنی بانك، ئەو بانکانەی حکومەتی هەرێم داهاتەکانی ناوخۆ دێتە سەری، کەشفێکی موفەسەلمان بداتێ، لەکوێوە، چەند پارە هاتۆتە سەری، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین لەڕاستی و دروستی ئەو پارانەی هاتوونەتە ناو بانکەکانەوە، بەڕاستی ئەم کەشفی حیسابییە ئەگەر بێت و بانکەکانی هەرێمی کوردستان نەتوانن کەشفی حیسابەکە بکەن، کەواتە بانکەکانمان زۆر دواکەوتوون، ناتوانن ئەم ئەدایە بکەن، بۆیە پێم وایە ئەم کەشفی حسابییە زۆر پێویستە ئێمە بۆ هەموو داهاتەکان هەمان بێ، ڕەقەم بەڕەقەم ژمارە بە ژمارە، لەکوێوە هاتووە؟ لە چ دەروازەیەك هاتووە؟ بەمە ڕاستییەکانمان بۆ دەردەکەوێ، بەپێی یاسای بودجەی (2011) نووسراوە ئێمە لەمالی ئێحتیاتی لەماددەی (16)دا برگەی (5)، ئێمە لەپارەی ئێحتیاتی پارە ئەدەین، بەڕێز وەزیری دارایی ئێوە پارەی ئێحتیاتیتان هەیە؟ ئەگەر هەتانە لەکوێیە؟ ئەگەر هەتانە لەچ بانکێکە؟ ڕاپۆرتمان بدەنێ، ماددەی (16) برگەی (5) نووسراوە (تەرخانکردنی (10) دە ملیار دینار بۆ هاوکاری کردنی ئەوانەی لەکاتی خۆیدا پەنایان بۆ ئێران و تورکیا بردووە، گەڕانەوەیان بەنیازی ئەوە، لەکۆتاییەکەی نووسیویەتی ئەو پارەیەش لەیەدەکی وەزارەتی دارایی دابین دەکرێ، یەعنی ئێحتیات، وەزارەتی دارایی یەدەگی هەیە؟ بەپێی ئەم یاسایە دەبێ پارەی یەدەگتان هەبێ، کە هەتبێ دەبێ ڕاپۆرتمان بدەیێ لە یەدەگدا چەند پارەی تێدایە؟ چەندی لێ خەرج کراوە؟ بەپێی ماددەی (21) سەرۆك فەرمانگەی خەرج کردن لەپێشکەش کردنی حیسابی کۆتایی (2012)دا فەرمانگەکەی دوا بکەوێ پاش کار پێکردنی ئەم یاسایە، بەگوێرەی یاسا ڕەوانەی لێکۆڵینەوە دەکرێ، ئێوە حاڵەتی وا روویان داوە وەزارەتەکان یان کارمەندێك لەمە دواکەوتبێت و ڕەوانەی لێکۆڵینەوەتان کردبێ تا ئێستا؟ ئێوە بڵێین پەرلەمان لەیاسای بودجەی (2011)دا کۆمەڵێك پشتیوانی داناوە بۆ کەرتەکان، بەشێك لەو پشتیوانانە لە برگەی چواردا مادەی شازدە پشتیوانی کردنە لەپڕۆژە گەشت و گوزارییەکان، ئێوە پێمان بڵێن لەبواری گەشت و گوزاری ئێوە چ پشتیوانییەکتان کردووە؟ لەکاتێکدا ئێمە لەگفتوگۆکردنی بودجەی (2012) لەپڕۆژەکاندا وترا

پرۆژەی گەشت و گوزاری هیچ بودجەیەکی بۆ دانەندرا، لەبەر ئەوە پێیان وت ئـەوە ئیشـی ئیستیسـمارییە، ئێـوە لـەبواری پشـتیوانی کـردن لـەپرۆژە گەشـت و گوزارییەکانـدا چـیتان کـردووە لـە (2011)؟ بێگومـان لەبابی فەرمانبەران و خانەنشینان زیادەڕۆیی زۆر کراوە، ئەو بیانووانەی کە بـۆ ئـەوەی سـلفە زیـاد کـراوە، مووچـە زیـاد کـراوە، بـەڵام بـەپێی ڕاپۆرتەکـە ئـەوان دامەزرانـدنیان لەحـەدی خـۆی کـردووە، یـەعنی دامەزراندن لەوەی کە پەرلەمان قەراری لەسـەر داوە بـۆ دامەزرانـدن، بێگومـان ئـەویش پێچـەوانەی یاسـای بودجـەی (2011)یـە کـە تـۆ دامەزرانـدن لەحـەدی خـۆی موافەقـە دەکـەی، کـە لـەوەی بودجـە تەسـدیقی کردووە، کە بەپێی ڕاپۆرتەکە ئێوە دامەزراندنتان لەحەدی خۆی کردووە، بێگومـان ئـەو دامەزراندنـە بۆیـە بودجەکە ئەوەندە قورس زیادی کردووە، دامەزراندنی پلەی باڵا بەرەو سەرن، کە بەپێی یاسای بودجە نابێ لەبەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەر ئێوە دامەزراندن بکەن، بەپێی یاسایەکە، ئێوە کردووتانە، ڕاوێژکار نـازانم لەرووی یاساییەوە وابزانم لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەرترە، چەندتان کـردووە لەوساڵەدا؟ چـەند زیادتان کردووە؟ بەبڕوای من ئەوە بارقورسی لەسەر بودجەی فەرمانبەران و خانەنشینان کردووە، یـەکێك لەشـتە گەورەکـە کـە شمـەك و خزمـەتگوزاری و چـاككردنەوەیە کـە سـاڵانە دوو قـات دەبـێ، لەڕاسـتیدا لەبودجەی پەسەند کردن نزیکەی یـەك ترلیـۆنی بـۆ دانـدراوە، لەحیسابی خیتـامی فیعلـەن دەبـێ بـە دوو ترلیۆن، ئەم زیادکردنە ناسروشتییە چییە (100٪) زیاد دەکا؟ یەعنی حەز دەکـەم بۆمـان روون بکەنـەوە، زۆر سوپاستان دەکـەم، بـەس لەکۆتاییـدا مـن دەڵـێم پـێم وایـە لـەرووی موتابەعـەوە ئێمـە وەك پەرلـەمانی کوردستان ئەگەر حیسابی خیتامی تەسدیق نەکرێ، موناقەشەکردن لەسەر گفتوگۆی بودجە ڕێکاری یاسایی وەرناگرێ، بۆیە پێم باشە ئەم حیسابی خیتامییە بەبڕوای من ئێمـە ڕەتـی بکەینـەوە، هـەوڵ بـدەین ڕەتـی بکەینەوە و بینێرینەوە بۆ دیوانی چاودێری دارایی، تـەدقیقی تێـدا بکـرێ، پاشـان بێتـەوە بـۆ پەرلـەمان و پەسەند بکرێ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید محمد / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە زۆر بـاس لـەوە دەکرێتـەوە بەتایبـەتی ئێسـتا کـاك دڵشادیش باسـی کـرد، ئـەو پارەیـە ئەوەنـدەی بـۆ وەبەرهێنان ڕۆیشتووە، ئەی ئـەو دوای چـی لێهاتووە؟ ئێمـە بەتەفسیل ئـەم حیساباتەمان داوەتـە لیژنـەی داراییش، مەعلومە من ئێستاکە باسی دەکەم، بەڵام ڕەنـگ هەیـە ئـەوە پێویسـتی بـە جـەمع و تـەرح و ئـەوە بێت، ئێمە ئەوەی کە داندراوە (4,700) چوار ترلیۆن و حەوت سەد ملیار بۆ خوتەی موسـەدەق دانـدراوە، خوتە، دوو پێنـج سەد و حەفتا تەمویل کراو، ماوەتـەوە (دوو سـەد و سـی)، (یـەك و چـوار سـەد و بیسـت و شەش)یش عەجزی موازەنەی ئێحتیادی فیعلی تەجاوزە، ئەمێنێتەوە حەوسەت و چواری، فەقـەرەی دووەم نۆسەد و حەفتاو دوو قەرزی عەقاری و سناعی و زراعی و ئەوەمان داوە، دوو سەد و یازدە مودەوەری سـاڵی

(2010)یه، یەك و پێنج سەد و شەست و چوار عەجزی بودجەی موسەدەقە، دەكاتە دوو و حەوت سەد و چل و حەوت، ئەگەر بێت و فەقەرەی یەك لەفەقەرەی دوو دەربكەین، موساوییە بەڕەسیدی مەكشوفەكە، ............

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم لەرێگەی جەنابتەوە بۆ بەڕێز وەزارەتی دارایی ئەو روونكردنەوەی ئێستا بەشێوەیەكی ڕەسمی بۆمان بنێرن، بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاوروونی هەبێتن بۆ ئەندام پەرلەمانەكان، سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك عبدالله:

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەدیدی من ژمێرەی كۆتایی یەكێكە لەگرینگترین خاڵی ژیانی حكومڕانی هەر حكومەتێك، گرینگترین دیكۆمێنتی دارایی و ئیداری و ئابووری هەر وڵاتێكە، لەبەر ئەوە ئەگەر بمانەوێ شكست و سەركەوتنەكانی هەر حكومەتێك بزانین یاخود وێنەی ڕاستەقینەی هەرحكومەتێك بزانین ئێمە دەبێ شرۆڤەی ژمێرەی كۆتایی بكەین، لەبەرامبەریشدا یەكێ لەگرینگترین ئەركەكانی پەرلەمان بریتییە لە چاودێری بەسەر كارەكانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لێرەدا ئێمە دەبێ تەحدیدی بكەین، چاودێری یەعنی چی؟ ئەنجامی چی بووە؟ ئێمە هەر قسە بكەین و ڕەخنەكانمان بخەینە روو، كەم و كورتی دیاری بكەین بەبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێكی هەبێ، من پێم وایە ئەوە پێی ناوترێ چاودێر، هیچ پێویستیش ناكا كاتی پەرلەمانی پێ بكوژین، بۆیە دەبێ ئێمە لەشوێنێك بوەستین، ئیجرائات بكرێ، ئەو ئیجرائاتە مەرج نییە تۆ متمانە لەوەزیر بستێنیتەوە یاخود ئێعدامی بكەی، لەنێوان خاڵی سفر و سەددا ژمارەی تر هەیە، دەكرێ پەرلەمان بیر لەوە بكاتەوە بەشێوازی تر بە میكانیزمی تر مامەڵە لەگەڵ هەم بودجە، هەم ژمێرییەی كۆتاییدا بكا، بەتایبەتی ژمێرەی كۆتایی كە ڕەقەمەكانی ڕەقەمی فەعلین، لە ژێر رۆشنایی ئەوەدا من بە دوو خاڵ سەرەنجەكانی خۆم دەخەمە روو، یەكەم، ژمێرەی كۆتایی یەكێ لەگرینگترین پێداویستییەكانی موستەلزەماتی موناقەشاتی بریتییە لە ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێری دارایی، كە لەقانونی ئیدارەی دارایی و دەینی عامدا ئاماژەی پێكراوە، ئەمە قانونەكە لەبەر دەستمە، لەبەغدا دە جۆر ڕاپۆرت هاوپێچ دەكرێ بە ژمێرەی كۆتایی، ئینجا موناقەشە دەكرێ، بەڵام لەهەرێمی كوردستاندا ڕاپۆرتێكی بەبێ هیچ هاوپێچێك،

بەبێ هیچ ڕاپۆرتێك دەنێردرێت بۆ پەرلەمان ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم ژمێرەی کۆتاییە هیچ موستەلزەماتێکی لەگەڵ نییە، هەر گفتوگۆیەکی لەسەر بکرێ، هەر ڕەقەمێك بوترێ ناقانونییە، هیچ ئەنجامیکی دروستی نابێ، بۆیە من داوا دەکەم ئەم ژمێرەی کۆتاییە ڕەت بکرێتەوە تا ئەو کاتەی هاوپێچ بە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دەکرێ، موستەلزەماتە پێویستەکانی ئەو کاتە بهێندرێتە پەرلەمان و پەسەند بکرێ، ئەگەر ئەم داواکارییەم ڕەتکرایەوە بە هەرپاساوێك بێ، بەم شێوەیە ڕەئی خۆم دەخەمە روو:

یەکەم/ مەبدەئییەن من ڕاپۆرتەکە ڕەت دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی کە ژمارەکانی ناو ئەو ڕاپۆرتە کە پێشکەش کراوە بەپەرلەمان هیچ ژمارەیەکی بە دروست نازانم، تەنیا ژمارە و بەرواری کتابەکە نەبێ،

دووەم/ یاسای بودجەی ساڵی (2011) لەلایەن وەزارەتی داراییەوە چەند بڕگەیەکی پێشێلکراوە، ئەو پێشێلکاریانەش لەلایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە لەناو پەرلەماندا لە دانیشتنەکانی پێشوودا بە ئاشکرا دانی پێدانراوە، دان پێدانانەکانیش لە پڕۆتۆکۆڵ پارێزراوە، دەکرێ لەکاتی پێویستدا بگەڕێینەوە سەری، بۆیە پێویستە ئەم پێشێلکاریانە ئیجرائەتییان لەسەر بکرێ، قانون بابەتێکی مەعیارییە، مەعیار دادەنێ چی ڕێی پێدراوە، چی ڕێی پێنەدراوە، ئەگەر هەرکەسێك، هەر لایەنێك تەجاوزی ئەم مەعیارەی کرد، دەبێ ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێ، لەبەر ئەوەی ئوسول قانونی، قاعیدەی قانونی دوو بەشە، یەکیان واقعییە، یەکیان قانونییە، دووەمیان حکومی ئەو واقعەیە، ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشێلی قانونی کردووە، ئەمە واقعەکەیەتی، حکومی ئەو واقعەیە چییە؟ دەبێ پەرلەمان تەحدیدی بکا، دەبێ پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بەئیلتیزاماتی خۆی هەڵبستێ، ئیجرائات بکا، بۆ ئەو واقعە قانونییە کە بریتییە لە پێشێلکردنی یاسای ساڵی (2011)، داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کەلیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك بهێندرێ، ئەم لیژنەی لێکۆڵینەوەیە پشت بەست بە خەڵکانی فەنی و شارەزا لەبوارەکەدا، بە هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی چاودێری دارایی بخرێتە بەردەستی، ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە بکا، ڕاپۆرتێك پێشکەش بکا بەسەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەگەر پێویستی کرد لەڕاپۆرتەکەی لیژنەکەدا ئەوە بەرووني سابت بوو، جێگیر بوو کە پێشێلکاری یاسا هەیە، زیادەڕۆیی هەیە، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم دۆسییەکە ئاراستەی داواکاری گشتی بکا، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی قانونی چی پێویستە لەبارەی ژمێرەی کۆتایی و لەبارەی وەزارەتی داراییەوە بکرێ، لەبەر ئەوەی ناکرێ ئێمە تەنیا قسە بکەین، دەبێ لەشوێنێك بوەستین و ئیجرائات بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدوێنێ ئێوارەوە ئەگەر بێت و خولاسەی ئەو قسانەی بکەم کە لەم قاعەیە هاتیتە کردن دەتوانم بە چەند خاڵێك ئیختیسار بکەم، من وەك ئەندام پەرلەمان، لەوانەیە ماوەیەکی زۆر لە حکومەت ئیشم کردییە

بەپێی ئەو زانیارییە موتەوازعانەی خۆم هەمە، دەتوانم چەند روونکردنەوەیەك لێرەدا بۆ ئەندامە بەڕێزەکان دیار بکەم، لە دوێنێ ئێوارە چەند بابەتێك تێکەڵاو بوو، بابەتی بودجە لەگەڵ حیساباتی خیتامی، بابەتی عەجز، بابەتی وەفر، بۆ ئەوەندە رووبدا؟ بۆ ئەوەندە روونەدا؟ من لەسەرەتاوە دەست پێ دەکەم ئەگەر بێن و بودجە پێشنیارێك یان تەعریفێکی بدەینێ دەتوانین بڵێین ئیراداتی دەوڵەت بۆ ماوەی ساڵێك، نەفەقاتی دەوڵەت بۆ ماوەی ساڵێك، ئەمە یەك، خاڵی دووەم ئەمانە تەخمینینە، مادام تەخمینینە لەواقع حەتمەن جیاوازی روودەداتن، ئەمە شتێکی زۆر تەبیعییە، زۆر شت دەڵێن، زۆر کەس باسی ئەوەی کرد، ئایا بۆچی عەجز هەیە؟ بەڕێزان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر بێین و دارایی گشتی، دارایی کەرتی تایبەت یەکێك لەجیاوازییە سەرەکییەکان لەنێوان ئەم داراییە و ئەو داراییە، ئەوەیە لەشێوازی ئامادەکردنی بودجە، ئەوە ئێختیساسییە ئەو شتانە لەمن چاکتر دەزانن، لە دارایی گشتی کە تەمسیلی حکومەت دەکاتن، کە دەوڵەتە، دەوڵەت بەپێی ئیلتیزاماتی خۆی، مەسئولیاتی خۆی، ئێقتیسادی، ئیجتیماعی، ئەخلاقی، هەتا ئاخیری.....، ئەوەلەن نەفەقات دادەنێت، دوایی ئیرادات دادەنێتن، بەڵام لەکەرتی تایبەتدا بەپێچەوانەوە ئیرادات دادەنێت، لەسەر زەوئی ئەوان ئیراداتە، نەفەقات دادەنێت، بۆیە یەعنی زیکرکردنی یان هاتنی عەجز لەناو بودجەی گشتی شتێکی زۆر تەبیعییە، ئەگەر بێین و سەیری زۆربەی بابڵێین بودجەکان لەعالەم بکەن دەبینن عەجز لەوێ هەیە و عەجز شتێکی زۆر ئێعتیادییە، ئەمە عەجزێکی موخەتەتە، ئەمن نامەوێ بڕۆمە ناو تەفاسیل و ئەرقام، ئەمن دەمەوێ بەس شتێك روون بکەمەوە، ئەگەر بێن و حیساباتی خیتامی تەعریفێکی عیلمی بدەن، چییە؟ حیساباتی خیتامی کۆی گشتی ئەو کردارە داراییانەیە کە لەلای ناوەندەکانی ژمێریاری میری لەساڵی دارایی ڕابردوو، ئەنجامی ئەم کردارانە چی بوو؟ عەجزە یان فائیزە؟ دیاری کردنی مەرکەزی مالی بۆ دەوڵەت یان بۆ ئەو حکومەتە، حیساباتی خیتامی چ پێویستە؟ حیساباتی خیتامی ناردنی ئەو حیساباتانە بەپێی هەیکەلێکە، سکتراکچەر، پێویستی چی دەکاتن، یەك داهاتی فیعلی چەند بوو؟ خەرجی فیعلی چەند بوو؟ ئەنجامی جێ بەجێکردنی بودجە چی بوو؟ وەفر و عەجز چەند بوو؟ هەڵوێستی دارایی چی بوو؟ ئەمن بەحیادی دەڵێم نەك دیفاع کردن لەهەر کەسێك من ئەوەم نییە کە دیفاع بکەم، جەماعەتی دارایی لێرە ئامادەن با ئەوانە زیاتر روونکردنەوە بدەن، دیفاع بکەن، ئەگەر من بێم سەیری ئەو ڕاپۆرتە بکەم، بەپێی ئەو تەعریفە و پێداویستیانەی پێویست بێ وەك سکتراکچەر لەگەڵ حیساباتی خیتامی بێت، ئەمن بێم لەڕووی هەیکەلییەوە دەستخۆشی لەوەزارەتی دارایی دەکەم، چونکە بەڕاستی ئیشەکەیان بەپریفێکتیان هێنایە، بێی لەبیدایەت باسی ئەوەی کردووە، هێلە سەرەکییان باسی کردییە، لاپەڕەی یەکەم و دووەم، ئەگەر باس بکەن بڵێن لە (الخطوط العریضە) ئەوە باسی کردییە، ئەگەر بێین باسی ئەوە بکەین جەداولی ئیراداتی تێدایە، ئەگەر بێین جەداولی نەفەقاتیش تێدایە، مەسادری تەمویلیشی دیار کردییە، چەند لەبەغدا هاتییە؟ ئەگەر بێن سەیر بکەن مەرکەزی مالیش دوایی دەرچووە، هی دەوڵەت، چ ئیلتیزامات هەنە، چ ئەرسیدە مەدینەو یا دائینەش دیاری کردییە، ئەمە لەڕووی هەیکەلییەوە ئیشێکی هەتا ڕادەیەك دەتوانم بڵێم

ئیشێکی زۆر باشە، وەزارەتی دارایی ڕەچاوی ئسوس و مەبادئی نووسینی تەقریر و حیساباتی خیتامیان کردووە، دەستخۆشیان لێ دەکەم، کێشەکەمان لێرە چییە؟ ئێمە شتێکمان هەیە، ڕەقابەمان هەیە و تەدقیقمان هەیە، برایان ڕەقابە و تەدقیق شتێکن لێك جیانە، ئیشی پەرلەمان ڕەقابەیە، ڕاستە، بەڵام تەدقیق ئەوانە جیهەتی تایبەتمەند هەنە، هەموو کەسێك ناتوانێ تەدقیق بکاتن، ئەوە مەسایلی مەحاسەبینە، تەسوییاتن، قیود مەحاسەبینە، چۆن کرایە، چەند کرایە، بۆچی کرایە؟ زروف چ بوون کرایە؟ ئیلا ئاخیری، ئێمە لێرەدا لەدوێنێ ئێوارەوە، بەدەوری مودەقیق هەڵدەستین ، بەدەوری ڕەقیب هەڵدەستین، لەبەر ئەوە دەبینن زۆربەی قسەکان دووبارە و سێ بارە دەبێتن، بەڕای خۆم ئەگەر وا بڕۆن ئێمە، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم ڕاپۆرتە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت لەمە زیاتر پێیان ناکرێت، چونکە نە خەریتەیەکی بینایە بە موهەندیسێك بدەی خیلالی سێ، چوار سەعاتێك یان سێ، چوار ڕۆژێك ئیعادە نەزەر لەدیوارێك دەکا یان لە شوێنێك دەکات یان لە غورفەیەك بۆ غورفەیەك تەحویل بکاتن، ئەمە دەر ئەنجامی تەسەروفاتی مالی عەلا موستەوا وەزارەت، عەلا موستەوا وەحەدات، عەلا موستەوا وەحەدات حیسابییە، جەماعەتی دارایی باشتر دەزانن، ئەوانە دەرئەنجامی ئەوە، وەزارەتی دارایی نایەتن هەموو شتێك تەفسیل بداتن، کاتێك دەڵێتن (الوفود) یانیش کارەبا ناڵێتن (وفود) لە فلاَن دائیرە ئەوەندەیە، (وفود علی مستوی الوزارات) هەموو باس دەکاتن، یەك ڕەقەم دادەبەزێنێت، بۆیە ئەمن وەك پەرلەمانتارێك لەگەڵ ئەوە نیم ئەم حیساباتە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ حکومەت، ئەگەر ئێمە ڕاست دەڵێین با ئەو جیهەتەی کە ئێستا هەموو برادەران باسیان کرد، کە جیهەتی چاودێری داراییە ئەمە تەفعیل بکرێت، ئەگەر هاتو تەفعیل کرا بڕوامان هەبێت و من یەکێك لەوانە ئێحتیمالە زۆر پرسیارم هەبێ، ئەگەر بێت و ئەو جیهەتە تەقریر بنێرێتن ئەمن زۆر پرسیارەکان سەحب دەکەم، لەوانەیە بۆچوونی برادەران، موناقەشاتی برادەران مەینحەیەکی تر وەردەگرن، ئەگەر ئێمە بێین و باسی حیساباتی خیتامی بکەین، ئێمە بێین کوردستان بەشێکە لە عێراق تا ئێستا، حیساباتی خیتامی ئێمە پەیوەندی بە حیساباتی بەغداوە هەیە، تا ئێستا ئەوە چەند ساڵە حیساباتی خیتامی هی بەغدا نەڕۆیشتیتە پەرلەمان، لەوانەیە لەم ڕۆژانە تەقریری دیوانی ڕەقابەی مالییە لەبەغدا دەرچووبێت و هەندێك حیساباتی چەند ساڵێك ناردبن، بۆیە ئێمە بەپێی بەغدا حیساباتی خیتامی بێتە پەرلەمانیش ئەوەندە فەعال نابێتن، زۆر شت جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، وەك باسی کرد گۆتی بۆم بێنن، بەڵگەیەك بێنن، موستەمسەکێك بێنن، ئەگەر موناقەلەی کرابا یانیش هاتبێتە کردن، ئەمە لێرەدا بزانن قاعیدەی دارایی یان قاعیدەی مالی حکومەت یەك قاعیدەیە، ئەوەندە ئیراد دێت، ئەوەندە خەرجی دەڵێن، مانای ئەوە نییە ئەگەر خەرج نەکرابێت لەوێ بەجێ دێڵن، نا، حکومەت مولزەمە بۆ شوێنێکی تر بباتن، بۆ ئەو مەسئولیاتە، ئەوەی پێی سپێردراوە جێ بەجێ بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت حیساباتی خیتامییەوە من پێش ئەوەی ڕەخنە لەوە بگرم، ڕەخنەیەکم هەیە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەم حیساباتە کاتێك هاتۆتە پەرلەمان لیژنەی دارایی بە ئەرکی خۆی هەڵستاوە، لەماوەی دیاری کراو ڕاپۆرتی خۆی نووسیوە لە 10/2، بەڵام لەو کاتەوە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان تاخیر کراوە، ئێستا دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، کە ئەمە خۆی بۆخۆی خاڵێکە پێویستی بەقسە لەسەر کردنە، بەپێی ماددەی (89)ی پەیڕەویش دەبێ حیساباتی خیتامی پەرلەمانیش بچێ بۆ لیژنەی دارایی، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو موئەسەسەیەك کە چاودێری حیسایاتی حکومەت دەکەین، پێویستە حیساباتی پەرلەمانیش روون بێ، هەم بۆ لیژنەی دارایی، هەم بۆ پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو بڕگەیەی پەیڕەو جێ بەجێ نەکراوە، خاڵێك لەسەر حیساباتی خیتامی ئێمە زۆر لەپەرلەمانتاران باسیان لەکەم و کورییەکان کرد، هەمووومان دەزانین کەم و کوری هەیە، پەرلەمانی کوردستان دەبێ تەنها قسە لەسەر کەم و کورییەکان نەکا، بەڵکو من تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاك عبداللە دەکەم کە دەڵێ بەس قسە نەبێ، بەڵکو ئێمە ئیجرائات وەربگرین، هەموو ساڵێك لەموناقەشەی بودجەدا، لەموناقەشەی حیساباتی خیتامی کۆمەڵێك کەم و کوری، کۆمەڵێك خروقاتی یاسا کە ئێستا لە حساباتی خیتامیدا یاسای بودجەی (2011) خروقاتی لەبەرامبەر کراوە، بۆیە دەبێ پەرلەمانی کوردستان تەنها کەم و کوری دەرنەخا، بەڵکو لایەنی کەم ئەوەی کە پێشنار دەکەین یەکەمیان دەنگ نەدرێ بەو حیسابە خیتامییە و پەسەند نەکرێ، دووەمیان کە ئێمە ئیجرائاتێك بکەین لەدوای تەواوبوونی ئەم گفتوگۆیانە، بەپێی حیساباتی خیتامی یان بەپێی بودجەی (2011) بڕێك تەرخان کرا بۆ حزبەکان، کە (200) ملیارە، کە ئەم بڕە لەبودجەی بەکاربردنا تەرخانکراوی نەبوو، ئێستا لەحیساباتی خیتامیدا هیچ ئاماژەیەك نەدراوە بەو پارەیە، کە ئایا چۆن سەرف کراوە؟ بڕەکە چەند بووە؟ حزبەکان چۆن ئیستیحقاقی وەرگرتووە، هەمووومان دەزانین یاسای حزبەکان دەر نەچووە، ئێستا ئەوەی کە کاری پێدەکرێ لەلایەن حکومەتەوە هیچ پێوەرێکی بۆ نییە، پێشتر لەکاتی بودجەدا لە (2012) ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزیری دارایی کرا، بەڵام بەڕێزی وتی ئێمە دەتوانین ئەوە لەحیساباتی خیتامیدا روون بکەینەوە، ئەو کاتە روون دەبێتەوە، لەدوایی کۆتایی ساڵەکە کە من ئەو بڕەم چۆن تەوزیع کردووە، حزیەکان ئیستیحقاقی خۆیان چۆن وەرگرتووە، بە چ شێوازێك وەرگیراوە؟ بەڵام لەحیساباتی خیتامیدا ئەوەش روون نەکراوەتەوە، باس لە زیادەڕۆیی کراوە لەسەر میلاکات، ئەمەش ئێعترافێکە کە وەڵامەکانی وەزیری دارایی خۆی تێیدایتی کە دەڵێ زیادەڕۆیی کراوە، بەڵام ئێمە دەزانین هەر زیادەڕۆییەك لەسەر میلاکات بکرێ دەبێ وەزارەتی دارایی خۆی تەخسیسی مالی دابنێ بۆ ئەوە، ئەو زۆرجار باس لەوە دەکا کە بەڕێز وەزیر دەڵێ من ئامیر بە سەرفم، قائیم بەسەرف نیم، بەڵام تۆ کاتێك بابەتێك دێتە بەردەستت زۆرجار باس لەوە دەکا لیژنەکان زۆری لێ دەکەن کە دەبێ ئەم سەرفیاتە بکا، بەڵام کە تۆ بابەت دێتە بەر دەستی وەزیری دارایی دەزانێ ئیرادات یان بڵێین تەرخانکراوەکانیان چەندە بۆ لەسەر ئەو بابەتانە

ڕەزامەندی دەدا؟ کە زۆرجار ئێمە دەبینین خانەنشینی، چەندەها کادیر هەیە کە خانەنشینی تایبەتن و پلەی تایبەتن کە ئەمە پارەیەکی زۆر لەبودجەی گشتی دەبا، بۆ ئەو وەکو وەزیری دارایی ڕەزامەند دەبێ لەسەر ئەو بابەتانە؟ کە ئەمە هەم زیادەڕۆییە لەسەر میلاکات، هەم زیادەڕۆییە لەسەر ئەو داهاتە، لەوەڵامەکەی وەزیری دارایی لەو ڕاپۆرتەی لەبەر دەستی ئێمەدایە، کە باس لەوە دەکا زیادەڕۆیی لەبڕگەی تەعویزی مۆزەفین، سیلەع و خەدەمات دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی دەرماڵەی وەزارەتی ناوەخۆ و دارایی، بەڵام لەبڕگەیەکی تردا دەڵێ ئەو زیادانە لەخشتەی تەمویل و حکومەتی ناوەند بۆ وەزارەتمان لە (2011) ئەو بڕە زیاد کرا بۆ ئەو دوو وەزارەتە لەسەرووی بودجەی حکومەتی هەرێم، کە ئەم نەسە لەوەڵامەکەی خۆیدایە، کە دەڵێ ئەو زیادەیە لەسەرووی بودجەی حکومەتی هەرێمەوە بۆیان زیاد کردووین، پێشتر ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژەی (160) هەزار لەوەزارەتی پەروەردە ئەوان (90) هەزاریان بۆ ناردوون ئەو زیادەیە، بەڵام لەوەڵامەکە دەڵێ لەسەرووی بودجە بۆیان ناردووین، کەواتە ئەم تەبریرە بەتاڵ دەبێتەوە کە دەڵێ زیادبوونی دەرماڵەی ئەو دوو وەزارەتەیە هۆکاری زیادبوونی زیادەڕۆیی لەبودجەی تەعویزی مۆزەفین و سیلەع و خەدەماتدا، بۆیە ئەم خاڵانە هەمووی کاتێك ئاڕاستەی وەزیر دەکرێ، ئەو بەدێڕێك وەڵام دەداتەوە هیچ ڕوونکردنەوە یان تەفسیلێکی وا نادا قەناعەت بە ئێمە بێنێ، بۆیە لەزۆربەی وڵاتاندا، بەتایبەتی وڵاتە دکتاتۆرییەکاندا سەیر دەکەی کە وەزارەتی دیفاع یان وەزارەتی ناوەخۆ بودجەکەی ڕوون نییە بۆ خەڵك، کە ئەمە بودجەکەی چۆنە؟ ئیراداتەکەی چییە و چۆن سەرف کراوە؟ بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستاندا نەك وەزارەتی ناوەخۆ بەڵکو زۆربەی وەزارەتەکان ڕوون نییە سەرفیاتییەکانیان چۆنە؟ ئەگەر هەشبێ ژمارەی هەڵەیە، کاك جمال باسی لەوە کرد لەحساباتدا جیاوازی دەبێت، بەڵام ئێمە دەڵێین جیاوازی مەعقوڵ، بەڵام جیاوازییەکان بەشێوازێکە بۆیە ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت، بۆیە زۆرجار دووبارە دەبێتەوە لەقسەی پەرلەمانتاراندا کە جیاوازییەکان زۆر نامافقولە، جیاوازییەکان گومان دروست دەکا، ئەمە ناشەفافی تێدایە ئەم حیساباتە، بۆیە پێویستە وەزیری دارایی هەموو کەم و کورپییەکان بەباشی ڕوون بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا هیچ حیسابێکی ڕەمزی ناشەفافی بەو شێوەیە نەنێردرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، من چەند تێبینییەکم هەبوو لەسەر حیساباتی خیتامی لەوانە لەسەر دەرخستەی ژمارە (2) تێبینییەکم هەبوو، بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامەکەی دایەوە، وەڵامەکەم وەرگرتەوە، تێبینی دووەمم لەلاپەڕەی چوارەمی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لە (ج)دا، تەمویلی بەغدا لەساڵی (2011) بۆ تەنها دوو وەزارەت کە پەروەردە و ناوەخۆیە، کە بەتەخسیسی ئیزافی هاتووە، من پێم وایە ساڵانە لەبەغداوە بەتەخسیسی ئیزافی تەمویلی وەزارەتی تەندروستیش دەکرێ، نازانم بۆ لەوێ دەرنەکەوتووە؟ ئایا نەکراوە؟ دەربارەی

پرسیاری سێیەمم، پرسیارێکم هەیە دەربارەی ئیرادات، لەلاپەڕە سێدا لە ئیرادات هاتووە کە ئێمە زیاتر یەعنی کە باس لەئیرادات دەکەین، باس لە ئیراداتی نەوت دەکەین، لەڕاستیدا ئێمە یەعنی ڕۆژانە دەبیستین لەوەزیری سامانە سروشتییەکان کە ئێمە نەوت تەسدیر دەکەین، یەعنی نەوتی خاو تەصدیر دەکەین، بۆیە لێرە لە لیستەکەدا تەصدیری نەوت نەهاتووە، هیچ ژمارەیەکی لێ نەنووسراوە لە ئیستیمارەکە، بەهەمان شێوە (ایرادات تصدیر النفط الخام)کە ئەوەشمان هەیە هیچ نەهاتووە، تەنها بە دووجۆر هاتووە، ئەویش نووسراوە حصیلة بیع السلع والخدمات بضمنها مبیعات النفط، مبیعات بواسطه مؤسسات سوقیه بضمنها مبیعات النفط)، یەعنی بەو دوو شێوەیە هاتووە، ئەوەی تەصدیری نەفت و (ایرادات تصدیر نفط الخام) نەهاتووە، ئەگەر بتوانێ ئەو پرسیارە بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامم بداتەوە، تێبینییەکی ترم لەسەر دەرخستەی ژمارە شەشە لە خەرجی وەبەرهێنان، بۆ (2011) لەزنجیرەی (28)دا هاتووە، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم (سفر) نیشاندراوە، لەکاتێکدا ئێمە لە بودجەی (2011)دا لەماددەی سێیەم، خاڵی چوارەم بڕی (70) ملیار دینار بۆ پشتگیری کردن لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان دیاری کراوە، یەعنی بۆ ئەو ناوچانە تەخسیس دیاری کراوە لەبودجەدا، بەڵام لەحساباتی خیتامی نە هاتووە، بە (سفر) هاتووە، خاڵێکی ترم خەرجی بودجەی وەبەرهێنان کە (2,325,365) دوو ترلیۆن و سێ سەد و بیست و پێنج ملیار و سێ سەد و شەست و پێنج ملیۆن دینارە لەدەرخستەی ژمارە شەشدا لەکاتێکدا لەیاسای بودجەی (2011) بڕی (3,852) سێ ترلیۆن و هەشت سەد و پەنجا و دوو ملیار دینار هاتووە، بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەو جیاوازییە چییە؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو تێبینییانە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێشەکی دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی دەکەم، بۆ ئەو خاڵە لاوازانەی کە لەناو حیسابی خیتامیدا هاتوونە، هەمووی دەست نیشان کردوونە، داوا لەجەنابی وەزیر دەکەم وەکو زۆربەی هاوڕێیەکانم باسیان کرد کە ئەم خەلەلانە، ئەم کەم و کوڕیانە بۆ ساڵی داهاتوو نەمێنن و بیخەنە سەر سکەیەکی یەعنی وەکو ڕێك و پێك بڵێین بەموئەسەساتی و بە ستراتیجی و بەپلان دانان دروست بکرێن، چونکە وەکو من دەیبینم لێرە پرسیارێك بۆمن دروست دەبێ بۆ جەنابی وەزیر، دەمەوێ ئەو پرسیارە بۆ من دیار ببێ، یەعنی زۆر لای من روون نییە، لێرە لە دەرخستەی ژمارە (3) هاتووە کە لە داهاتی ناوەخۆ دەڵێ (بیع الموجودات) بەیعی مەوجودات هەموو ساڵێك بەڕای من شتێکی زۆر خراپە، یەعنی هەموو ساڵێك بەیعی مەوجودات لەناو وەزارەتەکان، لەناو دائیرەکانی حکومەت هەبێ، مەسەلەن بۆ نموونە دەڵێ ساڵی (2010) (3,75) سێ ملیار و حەفتا و پێنج ملیۆن دینار بەیعی موجودات بوو، ئەمساڵ کردییە (5,488) پێنج

ملیار و چوارسەد و هەشتا و هەشت ملیۆن دینار، ئەگەر هەموو ساڵێك وابێ یەعنی بەڕەئی من زۆر، زۆر خراپە، دەبێتە تەناقوز بۆ حکومەت، من پێم باشە چوار ساڵ جارێك بێت، چونکە بەساڵێك خراپ نابێ ئەو قەنەفە و ئەو کورسییە، چی لێ دێت؟ یان هەشت ساڵ جارێك بێت، چونکە ئەوە هەر هەیە لەناو هەموو دونیا، هەر هەیە، دەبێ بگۆڕێ، بەڵام یەعنی ساڵێك بۆ ساڵێك دەبێتە زیادەیەکی زۆر خراپ و تەراکوم لەسەر حکومەت، بەفیڕۆ دەچێت پارەیەکەی، هەموو ساڵێك کورسییەك بگۆڕێ یەعنی هەموو ساڵێك قەنەفەیەك بگۆڕێ یان نموونە سەیارە هەموو ساڵێك دەبێت سەیارەیەك بگۆڕێ، من پێم وایە چوار ساڵ سەیارە بەش دەکا، پێنج ساڵ سەیارە بەش دەکا، هیچی لێ نایەت، یەعنی ئەو مەوجوداتانە و ئەو شیرائە بەڕای من زۆر، زۆر خراپە، من پێم باشە ئەمە ببێتە چوار ساڵ جارێك، نەك هەموو ساڵ جارێك، ئەمە زۆر خراپە و نەمێنێت، چونکە ئەمە دەبێتە زەرەر بۆ حکومەت، دەبێتە زیانێکی گەورە بۆ حکومەت، لەبودجەی ساڵانەی حکومەت، یەعنی ئەم ساڵ، زۆر زۆر خراپە، من داوا لەجەنابی وەزیر دەکەم ئەم ساڵانە بکاتە چوار ساڵ، یانیش هەرنەمێنێ ببێتە هەشت ساڵ، یەعنی هەر چوار ساڵ، هەشت ساڵ جارێك بێت، ساڵ بۆ ساڵێ زیاد بکرێ زۆر خراپە، دەمەوێت ڕۆشناییەکی بدات بۆ من لە جوابی پرسیارەکەم، کە ئەو مەوجوداتانە بۆچی هەنە؟ و زەرەرێکی زۆری هەیە بۆ بودجە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. أرسلان بایز أسماعیل / سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکان تەواو بوون، دیارە وەزیر و شاندەکەی کە لەگەڵی هاتوون پێویستییان بە وەختە بۆ ئەوەی وەڵامەکانی ئەمڕۆش ئامادە بکەن، ئەو خوشك و برایانەی ئەگەر لە وەجبەی ڕابردوو پرسیاریان هەبووبێ، وەڵامیان نەدرابێ، دەتوانن بە نووسراو بۆیان بنێرن، بۆ ئەوەی لەدانیشتنی داهاتوو وەڵام بدەنەوە، تا سەعات (11) ڕۆژی دووشەمە بەخواتان دەسپێرین، هەرشاد بن.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33)**

**دوو شەممە رێکەوتی 24\12\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (33)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2012/12/24

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2012/12/24 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (33)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (33)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە ڕێكـەوتی 2012/12/24 دا بـەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر پەسەند كردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی 2011.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پێدەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (33) رۆژی دانیشتن 2012/12/24.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری ژمـارە دانیشـتنی (33) ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات 11 پـێش نیـوەڕۆ رۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2012/12/24 بەم شێوەیە بێ.

1-بەردەوام بوون لەسەر پەسەند كردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی 2011.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدە یاوەرەكەی دەكەین، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، دیـارە لە دانیشتنەكانی پێشوو تر پەرلەمانتارە بەڕێزەكان پرسیار و تێبینیەكانی خۆیان خستە بـەردەم لیژنـەی دارایی و جەنابی وەزیر، ئێستاش وەكو قۆنـاغی دووەم داوا دەكـەین جـەنابی وەزیـر وەڵامـی پرسـیارەكان و روون كردنەوەكان بدات كە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان ئاراستەیان كرد، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان یەك، یەك بدەمەوە، ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان کرد بوو، پێم خۆشە ئەم روونکردنەوانە زیاتر بدەم بۆ ئەوەی زیاتر مەوزوعەکان روون ببێتەوە، بە نیسبەتی ئەو فەسڵانەی کەوا تەجاوزی تیا کراوە، یەکەم بەنیسبەتی تەعویزی موەزەفینەوە، وەزارەتی پەروەردە لەخوارەوە ئەم روونکردنەوە دەدەین، دانی دەرماڵە 150 هەزار دینار بۆ هەموو فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە، مامۆستاو فەرمانبەران لە 2011/9/19 تاوەکو 2011/12/31 پارەی تەرخانکراو لە حکومەتی ناوەندی بۆ حکومەتی هەرێم بۆ ئەم مەبەستە 49 ملیار دینار بوو، موعەدەل 14 ملیار دینار مانگانە بەشی نەوەت هەزار کەس، کەچی میلاکی باوەڕپێکراو لە وەزارەتی ناوبراو 160 هەزار کەسە، جیاوازی 70 هەزار کەس، 70 هەزار کەس ئەگەر زەربی 150 هەزار دیناری بکەین، زەربی سێ مانگ و نیو بکەین، دەکاتە 37 ملیار دینار بۆ ماوەی دیاریکراو، دەبێ حکومەتی هەرێم خەرجی بکات، بە ئیستیسنا تەجاوز لە تەرخان کراو، وەزارەتی ناوخۆ، پارەی تەرخان کراو لە حکومەتی ناوەندی بۆ حکومەتی هەرێم بۆ تەعدیل مووچە و دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ، تەنها 360 ملیار دینار بۆ ساڵی 2011 جێبەجێ کردنی تەعدیلی مووچە و دەرماڵە لە 2011/1/1 تاوەکو 2011/12/31 پێویستی بە هەمان گوژمە هەیە ئیزافە بکرێ بۆ جێبەجێ کردنی، پێویستی بە 360 ملیار دینار تەجاوز هەیە بە ئیستیسنا سەرف بکرێ، یاسای خانەنشینی پۆلیس و ئاسایش ژمارە (18) کە پەسەند کراوە تاوەکو ئێستا، جێبەجێ نەکراوە، مووچەی خانەنشینی و هێزەکانی ئاسایش و کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ پێشتر لە ساڵی 2008 مووچەی خانەنشینی تەرخان دەکرا، لەسەر گوژمەی مووچە و دەرماڵە، بە رێژەی لە 80٪ خەرج دەکرا، تاوەکو یاسای تایبەت لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ دەربچێ، یاسای پەسەند کراو ژمارە (18)لە ساڵی 2011 لەحکومەتی عیراقی فیدرال کەتایبەتە بە هێزەکانی ئاسایش و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ، تەنها گوژمەی مووچەی بنەڕەتی و خانەنشین دابین بکرێت بەپێی یاسای ژمارە 15 لە ساڵی 2011 ی پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا، تاوەکو ئێستا ئەوانەی لە ساڵی 2008 مووچەیان بە رێژەی لە 80٪ دابین کراوە، بەپێی یاسای نوێ ژمارە 18 هەموار نەکراوە، بەردەوام خەرج دەکرێت، لە لایەن پەرلەمانی کوردستان داوای جێبەجێ کردنی ئەو خاڵە نەکراوە، چونکە مووچەکەیان کەم دەبێتەوە، ج/ زیاد کردنی دەرماڵەی خواردن بۆ پۆلیس و ئاسایش لە 90 هەزار دینار، بۆ 210 هەزار دینار، لە یاسای بودجە ماددەی سێیەم بڕگەی 2 وەزارەتی پێشمەرگە مووچەی کەم ئەندامانی پێشمەرگەی سەنگەر بەپێی یاسای ژمارە (34)ساڵی 2007 مووچەی کەم ئەندامی سەنگەر خەرج کرا بەپێی ماددەکانی ئەم یاسایە، مووچەو دەرماڵە خەرج دەکرێت، لەگەڵ رێژەی پەککەوتووی لە مووچەی

خانەنشین زیاد دەکرێت، کە ڕێژەی پەککەوتەی لە 50٪ تا لە 100٪ دیاری کراوە، بۆ نموونە، ئەگەر 200 هەزار دینار بێ، ئەگەر 700 هەزار دینار بێ ئەگەر ڕێژەی عجز لە 100٪ بێ ئەکاتە 700 هەزار دینار، عەفو زائیدەن 700 هەزار دیناری تر یوساوی بە یەك و چوار سەد ملیۆن، 700 هەزار دینار ڕێژەی عجز لە 80٪ یوساویە بە پێنج سەد و شەست هەزار دینار، زائیدەن 700 هەزار دینار، یوساویە بە یەك و دوو سەد و شەست ملیۆن دینار، یاسای خانەنشینی پێشمەرگەی ئاسایش 38 لە ساڵی 2007 بەپێی ئەم یاسایە مووچەیان هەموار کرا بە مینحەی سیستەمی مووچەی نوێ، وەزارەتی پێشمەرگە کە پێشتر لەسەر سیستەمی کۆن مووچەی خانەنشینیان بۆ خەرج دەکرا، هەموار کردنی مووچەو دەرماڵەی وەزارەتی پێشمەرگە، تاوەکو ئێستا 12 لیوا پێك هێنراوە، مووچەو دەرماڵەکانیان گۆڕانکاری تێدا کراوە، جگە لە مانەی سەرەوە چەند دەرماڵەی تازە لە بەغدا دەردەچێت، بۆ چەند چینێك دەبێ حکومەتی هەرێم پابەند بێ بە خەرج کردنی ئەمەش دەبێتە زیادە ڕەوی لە پارەی تەرخانکراو، کۆی گوژمەی زیادەڕەوی کە خەرج کراوە یەك: سێ سەد و پەنجا ملیار بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، 360 ملیار بۆ وەزارەتی ناوخۆ، 35 ملیار بۆ وەزارەتی پەروەردە، 10 ملیار بۆ دەرماڵەکان کە لە بەغداوە دەرچووە، 50 ملیار بۆ وەزارەتەکانی تر لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی کە داگیراوە، 175 ملیار بۆ گەڕاندنەوەی جیاوازی مووچەی کارمەندانی سلێمانی و گەرمیان بەپێی یاسای بودجە ماددەی سێیەم بڕگەی 2، هەمووی دەکاتە 980 ملیار دینار کۆی گشتی، فەسلی سوودە کۆمەڵایەتیەکان کە بە تەجاوز سەرف کراوە لەسەر تەرخانکراو، زیاد کردنی تەرخانکراوی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە 75 هەزار دینار بۆ 150 هەزار دینار، زیاد کردنی بەخشینی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ منداڵی شەهید و ئەنفالکراوەکان لە دوو نیو ملیۆن دینار بۆ پێنج ملیۆن دینار جێبەجێ کردنی لە 2010/1/1، هەردوو بڕگەی سەرەوە بۆ ئەنجامی تەجاوز لە فەسلی ناوبراو، ئەگەر بێتو سێ سەدو چل و پێنج ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، سێ سەدو حەفتاو شەش ملیار دینار خەرج کراوە، سی و یەك ملیاری تەجاوزە، فەسلی شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە کە تەجاوزی سەرفی تیا کراوە، لەسەر تەرخان کراوەوە بۆ میسال، یەك وقود حەوت سەد و شەست و شەش ملیار سەرف کراوە، تەرخان کراوی چوار سەدو بیست و حەوت ملیارە، دوو: کارەبا سێ سەد و چل و حەوت ملیار تەرخان کراوە، چوار سەدو شەست و چوار سەرف کراوە، ئەمەیان فەرقەکەی سەدو حەڤدە ملیارە، ئەوی تریشیان کە خوێندمانەوە فەرقەکەی سێ سەدو سی و نۆ ملیار بوو، ئەگەر هەردووکیان کۆ بکەنەوە، ئەکاتە چوار سەدو پەنجاو شەش ملیار، بێجگە لەوە لە فەسل و ماددەکانی تر هەر تەئسیسی قوتابخانەکان ئەگەر بێتو بە نەزەری ئیعتبار وەری بگرین، ئەم قوتابخانەی کە تازە بینا کرابوو، ئەوەش پارەیەکی زۆری دەویست، ئەوجا دێمە سەر باسی وەڵامدانەوەی بەڕێزان، وەڵامی بەڕێز کاك نەریمان، دیارە وتی وەڵامم نەدراوەتەوە، یەك داهاتی گومرگەکان ساڵی 2011 خشتەی داهاتی پێکراو لەساڵی 2012 داشکاندنی تێ دەکرێت لە بەشە تەمویلی هەرێم لەبەغدا، ئەوە هەموو ساڵێك لە هەرێمەوە یەکسەر بە مەقاسە ئەیبڕن، پارەی خەرج کراو بۆ جل و بەرگی هێزەکانی ناوخۆ لە ساڵی 2011 بریتیە لە یانزە ملیارو پێنج ملیۆن دینار، ئەوە جارێکی تریش

هەر جوابمان دایەوە، داوای نووسراوی ڕەسمی دەکەن دەربارەی داهاتی ئۆتۆمبێل، ئەو داهاتە بە پسوولەی پارە وەرگرتن، وەسل قەبز وەرگیراوە، داخل بە تەرازووی پێداچوونەوەی میزانیەی موراجەعە کراوە، لە حیساباتی خیتامی لەناو داهاتەکاندایە، هەر کەسێکیش بیەوێ دەتوانێ داوا بکات لە گومرگەکان دەیدەنێ، دەتوانێت یەکسەر داوا بکەن، داهاتی غەراماتی مروری، لە ساڵی $2011$ دا بڕی سەدو سی و هەشت ملیار و حەوت سەدو نەوەت و دوو ملیۆن دینار داهاتیان بووە، ئیداع کراوە لە هەمان ساڵدا بڕی سەدو شەش ملیارو سەدو نەوەت و هەشت ملیۆن دیناریان سەحب کردووە، بڕی سی ودوو ملیارو پێنج سەدو نەوەت و چوار ملیۆن دیناریان وەك رەسید لە بانك ماوەتەوە، وەڵامی بەڕێز د.احمد، ئەمە ئێستا تەبیعی جارێکی تر وەڵامی دەدەینەوە، زیاد کردن بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە و ناوخۆ تەنها بۆ یەك جار بوو، هەروەکو وەڵامماندایەوە، هۆی ئەوەی کە تەنها بۆ ئەو دوو وەزارەتە زیاد کردن کراوە، ئەوەیە ئەگەر دەرماڵیەکی حکومەتی عیراقی فیدراڵ براوەتەوە، تەبیعی موسادەقەی موازەنەی عیراقی ڕەزامەندی لەسەر بدات، دەبێ هۆی تەخسیساتمان بۆ دابین بکات، بەڵام ئەو دەرماڵە حکومەتی هەرێم بڕیاری لەسەر بدات دەبێ لەسەر بودجەی خۆمان تەرخان کراوی بۆ دابین بکەین، پێشینەی خانووبەرە قەرزە، ناوەستێ بەهیچ هۆیەك، چونکە پێشینەی خانووبەرە بە چەند ساڵێك پاکتاو دەکرێ، دەربارەی تەرخان کردنی $10$ ملیار دینار بۆ گەڕاوەکانی ئێران و سوریا، ئەو بڕە وەك قۆناغی یەکەم پێنج ملیار دینار لە ڕێگای لیژنەی تایبەت خەرج کراوە، پێنج ملیار دیناری تر بە سولفە خەرج کراوە بۆیان، هێشتا پاکتاویان نەکردووە، وەڵامی بەڕێز د.عمر نورەدینی، ئەو داهاتەی لە بودجەدا جێگیر دەکرێت لەکاتی گفتو گۆکردنی بودجەدا بڕەکەی تەخمین کراوە، زۆر ئاساییە لە ساڵەکەدا ئەو داهاتە بە فیعلی زیاتر بەدەست بێ، یان کەمتر، وەڵامی بەڕێز د.بشیر، هۆی دواکەوتنی حیساباتی خیتامی تەبیعی پێشتر وەڵاممان داوەتەوە، ناتواندرێت موناقەشەی بودجە دوابخرێت بۆ دوای موناقەشەی حیساباتی کۆتایی، چونکە مانگی سێ حیساباتی کۆتایی دادەخرێت، دواجار کاری لەسەر دەکرێت، دەنێردرێت بۆ پەرلەمان ئەگەر چاوەڕوانی حیساباتی خیتامی بکرێ، پەسەند کردنی بودجەش زۆر دوا ئەکەوێ، دەبارەی ئیحتیاتی وەزارەتمان لەو ساڵەدا بڕی حەفتا ملیار دینار لەسەر بودجەی ساڵی $2011$ لە فەسڵی خەرجیەکانی تر تەرخان کراوە بۆ کاتی تەنگانە و لەناکاوەکان، خەرجی فرۆکەخانەکان لە داهات زیاترە، بەڵێ فیعلەن ئەمە ڕاستە، دواکەوتنی مووچە، لەبەر ئەوەنیە کە وەزارەتی دارایی مووچەی ڕاگرتبێ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەکردنی خشتەی مووچە، لە لایەن ژمێریاری ئەو فەمانگەیەوە، عەفوو دوا کەوتنی مووچە لەبەر ئەوەنیە کە وەزارەتی دارایی مووچەی ڕاگرتبێ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئامادە نەکردنی خشتەی مووچە لە لایەن ژمێریاری ئەو فەرمانگەیەوە، لەکاتی خۆیدا نابرێت بۆ گەنجینەکان بۆ وردبینی کردن و خەرج کردن، بەڕێزان، ئێمە جیهەتێکی تەمویلین، یەعنی لە وەزارەتێکدا کە مەعاش نادرێت، خەتای وەزارەتی دارایی نیە، یان خەتای حکومەت نیە، باس لەوەکرا کەوا یەکێك لە وەزارەتەکان وابزانم ناوخۆ مەعاشی سەرف نەکردووە، مووچەی سەرف نەکردووە بۆ بەشێکیان ، کە ئێمە پرسیارمان کرد دەڵێت مەشاکیلی فەنیان هەبووە قائیمەکان نەکراوە، یەعنی ئەمە دەسەڵاتی

ئێمەنیە لە لای ئەوانە، بەڵام ئەگەر ئێمە پارەمان نەدابێ ئەوە هەقە لەگەڵ ئێمە قسە بکرێ، وەڵامی بەڕێز عظیمە خان تەجاوز لەخەرج کردنی تەعویزاتی موەزەفین، وەڵام دراوەتەوە، جگە لەو مووچەو دەرماڵەی لەسەر تەعویزاتی موەزەفین خەرج دەکرێت، بەپێی سیستەمی ژمێریاری حکومی هەندێك دام و دەزگای حکومەت مووچەو دەرماڵەیان لە فەسڵی مینەح بۆ خەرج دەکرێت، وەکو فرۆکەخانە، شارەوانیەکان، فەرمانگەکانی نەوت، وەڵامی بەڕێز بەفرین خان، تەخسیس کردنی 10 ملیار دینار بۆ ئەو خێزانانەی ئەگەڕێنەوە لە ئێران و سوریاوە، لە پرسیارەکانی د.احمد وەڵام درایەوە، ساڵانە دامەزراندنی تازە هۆیەکە بۆ زیاد کردنی هەلی کار بۆ گەنجان، وەڵامی بەڕێز پەیمان خان، نا شەفافیەت لە بودجەدا وەڵام دراوەتەوە، بودجەی سەرۆکایەتیەکان، پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی دادوەری، وەك وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێم، خەرجیەکانی بە خشتە دێت بۆ وەزارەتەکەمان، خراوەتە سەر کۆی گشتی خەرجیەکان، حکومەتی هەرێم یاسای پێشێل نەکردووە، ئەو عجزەی هەمانە پەرلەمان پەسەندی کردووە، چوار: ئەو پارانە دراوە بە حیزبەکان بە قست تۆمار نەکراوە، بەڵکو بە پێشینە خەرج کراوە، تاوەکو یاسای حیزبەکان دەردەچێت، وەڵامی بەڕێز کوێستان خان، موناقەلە لە وەبەرهێنان نەکراوە، بۆ تەشغیلی تا ئەمری پێ دەرچووبێ، وەڵامی بەڕێز کاك پێشەوا، پەرە پێدانی هەرێمەکان و پارێزگاکان، بودجەیان بۆ تەرخان کراوە لە حیسابێکی تایبەت دانراوە، بە بەردەوامی تەمویل دەکرێن تا رەسیدیان بمێنێت، هەندێك لە پارێزگاکان پڕۆژەکانیان چالاکانە جێبەجێ دەکەن، هەندێك سستی لە پڕۆژەکانیاندا هەیە، لە بودجەی وەبەرهێنان زۆربەی وەزارەتەکان کەمتریان خەرج کردووە، لە بڕی تەرخان کراو، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتەکە خۆی، ئەو پڕۆژانە لەم ساڵەدا تەواو نەبووە، ئەکرێت بە پڕۆژە بەردەوامەکانی ساڵی داهاتوو، ناتواندرێت بەراورد بکرێ لە نێوان ڕاپۆرتی شەش مانگ و حیساباتی کۆتایی، تەرخان کردنی بڕی 70ملیار بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان، خراوەتە سەر بودجەی ئاسایی وەزارەتەکانی شارەوانی و ڕۆشنبیری و ئەوقاف و ئاوەدانکردنەوە و کارەبا و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و کشتوکاڵ و تەندروستی، ئەو وەزارەتانە لە ڕێگای خۆیانەوە پروژە بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان جێبەجێ دەکەن، پێنج: ریکخراوەکانی تر بریتین لە یەکێتیەکان و یانەکان کە رێگە پێدراون لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بە مینحە پارەیان بۆ خەرج دەکرێ بۆ چالاکیەکان، شەش: (مكافأة للغير) خەرج دەکرێ بۆ کەسانێك کە فەرمانبەر نین، یاخود فەرمانبەری فەرمانگەیەکی ترن، هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارێکی باش بۆ دەزگاکانی حکومەت لەسەرووی کارەکانی خۆیانەوە، ئەمەش بۆی هەیە لە هەموو وەزارەتەکان خەرج بکرێ، خەرج کردنی بڕی دوو ملیار و پێنج سەد و بیست و سێ ملیۆن دینار بۆ چالاکی وەرزش، ئەم خەرجیە بۆ چالاکی وەرزشی، نەشاتی ریازی لە فوتابخانەکاندا سەرف کراوە، هیچ پەیوەندی نیە بە لیژنەی ئۆڵمپیەوە، لەسەر فەسلی سوودە کۆمەڵایەتیەکان لە ماددەی تەبروعاتی ئیعانات، یارمەتی بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی و، کەم ئەندامان و، بیمەی بێکاری و، ماددەی بڕ و یارمەتی موختارەکان خەرج دەکرێت، وەڵامی بەڕێز کاك کاردۆ، گواستنەوە لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی ئاسایی نەکراوە، پێشتر وەڵام

دراوەتـەوە، جیـاوازی نێـوان عـەجزی پەسـەندکراوی یـەك ترلیـۆن و پێـنج سـەد و شەسـت و چـوار دینـار، عەجزی فیعلی دوو ترلیۆن و سی و یەك ملیار دینـار دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی خـەرج کردنـی پێشینەکان و قەرزەکان لەسەر تەخصیصاتی پەسـەندکراومانەوە خـەرج کـراوە، وەڵامـی بـەڕێز ئاشـتی خـان، قـەرزەکان و پێشینەکان لەبەر ئەوەی خەرجی فیعلی لە خەرجیەکان دەردەکەوێت و چۆتە ناو حیسابی سیلەفەوە، زۆر ئاسابیە خـەرجی سـیانەی سـاڵانە زیـاد بکـات، چـونکە بـەردەوامی ژمـارەی ئۆتۆمبیـل و ئامێرەکـان و بینـا حکومیـەکان و ڕێگاوبانـەکان زیـاد دەکـات، سـاڵ بـە دوای سـاڵ پێویسـتیان بـە سـیانە زیـاترە، دواکـەوتنی حیساباتی کۆتـایی وەڵام دراوەتـەوە، وەڵامـی بـەڕێز کـاك دڵشـاد، حکومـەت و وەزارەتـی دارایـی پابەنـدن بـە هـەموو یاسـا و ڕێنمایەکانـەوە، وەزارەتـی دارایـی ئـەو زیـادە ڕەویـەی کردوویـەتی لەسـەر ڕۆشـنایی پەسەندکردنی بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە کردوویەتی و ئەوەش پێشێلکاری نیە، وەزارەتمـان بـڕی حـەفتا ملیار دیناری لەسەر بودجـەی سـاڵی (2011) لـە فەسـلی خەرجیـەکانی تـر تـەرخان کـردووە وەکـو پێشـتر وەڵامان داوەتەوە، لە بواری گەشت و گوزار پشـتیوانی کـراوە لـە ڕێگـای بەڕێوەبەراتیـەکانی گەشـت و گـوزار هەر پرۆژەیەکیان هەبێت و، پێویستی بە قەرەبووکردنەوە هەبێت وەزارەتمان بۆیانی دابین کردووە، وەڵامی بـەڕێز کـاك عبداللـە، یاسـای بودجـە پێشـیل نـەکراوە، وەك لـە پێشـەوە باسـمان کـرد، حکومـەتی هـەرێم، وەزارەتی دارایی حیساباتی خۆی دەنێرێت بۆ پەرلەمان و دوا بڕیار بۆ بەڕێزیانـە، وەڵامـی بـەڕێز سـەرگوڵ خان، حیساباتی پەرلەمان وەکو باسمان کرد خراوەتە سەر کۆی خەرجیـەکانی حکومـەت و تەوحیـد کـراوە، وەك بـاس کـرا خـەرج کردنـی بودجـەی حیزبـەکان، وەك پێشـینە خـەرج کـراوە، یاسـای حیزبـەکان هـەتا حیزبـەکان پەسـەند دەکرێـت، حیسـاباتی خیتـامی لەسـەر ئاسـتی حکومـەت ڕێـك دەخرێـت و دەربـارەی وردەکاریەکانی وەزارەتـەکان لـە شـوێنی خۆیـان دەتوانرێـت وەربگیرێـت، وەڵامـی بـەڕێز هـاژە خـان، زیـادەی تەخصیصات بۆ وەزارەتی تەندروستی، تەنها داهاتی خۆیان دەخرێتە سەر تـەرخانکراویان بـە پێـی مـاددەی (5)، بڕگەی دووەم، یەك: داهاتی نەوت هەرچەند بێت دەگەڕێتـەوە بـۆ عێراقـی فیـدراڵ، بۆیـە لـە بڕگـەی تەصدیری نەوتی خام هیچ بڕە پارەیەك دەرناکەوێت، دوو: (ایـرادات آخـری بضـمنها مبیعـات الـنفط)، ئـەم بڕگەیە ناوەکەی وا هاتووە لە جەداولدا، هەر خۆی عینوانەکەی وایە، لە خشتەی داهاتـدا ئـەگـەر فرۆشـتنی نـەوتیش نـەبێت چـەند داهـاتێکی تـر هەیـە دەچێتە ئـەم خانـەوە، سـێ: حـەفتا ملیـار دینـار بـۆ ناوچـە دابڕاوەکان وەڵام دراوەتەوە، وەڵامی بەڕێز بەیان خان، قەرزی گەنجان ڕانەگیراوە، بۆ دڵنیابوونیش دەتـوانن پرسیار لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن، وەڵامـی تایبـەت بـە پشکی داشکاندنی لـە (10٪) ی پلـە تایبەتەکان، کۆی پارەی داشکێندراو یەك ملیار و هەشتا و پێنج ملیۆن دینار بووە لـەو سـاڵەدا، کـۆی پـارەی خەرج کراو دوو سەد و بیست ملیۆن دینار بۆ هاوکاری شەهیدان و، بناری قەندیل و، سـیدەکان و، هاوکـاری بۆ چارەسەری نەخۆشی کەس و کاری شەهیدان، تەبیعی ئەمە لـە وەزارەتـی شـەهیدانە، ئـەوان بـە ئیشـەکە هەڵدەستن و، بڕی هەشت سەد و شەست و پێنج ملیۆن دینار ماوەتەوە و سووڕاوەتەوە بـۆ سـاڵی (2012)، لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ریگە بەم پێنج کەسە دەدەین، تەواو، فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە پرسیارەکان هەر هەمووی وەڵاّم نەدراوەتەوە، چونکە من خۆم پێنج پرسیارم کردبوو، بەڕێز وەزیری دارایی دوو پرسیاری باس کرد، پرسیارێکیان هەر روون نەبوو تەنها ئاماژەیەکی پێدا، منیش دەزانم ئەو پارەی بۆ حیزبەکان سەرف دەکرێ بەپێی سلفەیە، بەلاّم من باسم لەوە کرد دەبێ وردەکاری ئەم سلفەیە هەبێ لە حیسابی خیتامیدا، پێشتر لە کاتی بودجە پرسیارمان لە وەزیر کرد، وتی لە حیسابی خیتامیدا روون دەکرێتەوە، بەلاّم بە داخەوە ئێستاش بۆی روون نەکردینەوە، پرسیارێکی ترم سەبارەت بەوە کردبوو ئەو زیادەیەی کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پەروەردە، سەرف کرابوو هەر لە راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی باسی لەوە کرد کە لەسەرووی بودجەوە بۆمان نێردراوە، لە شوێنێکی تردا دەڵێ ئەو زیادەرەویانە کاریگەریەکەی ئەوە بووە، ئەم دوو پرسیارە وەلاّمی نەدایەوە جەنابی بەڕێز وەزیر، پرسیارەکانی تریش ئێستا مەجال نەماوە من باسی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی حیزبەکانەوە من چەندین جار ئەم مەوزوعەم باس کردووە، ئەمە بە سلفە سەرف دەکرێ، سلفە حیسابێکی وەسیتە هێشتاکە نەبۆتە مەسرەفی نیهائی، ئەوە حەزدەکەم لە رووی فەنیەوە ئەوە بزانرێت، دووەم بە نیسبەت ئەوەی کە سێ سەد و شەست هەزار دینار لەگەڵ ئەو پارەی وەزارەتی ناوخۆ و پەروەردە، ئەوەی کە بۆمان هاتووە، ئەوەی کە باسم کرد ئێمە ئەوەندەشمان خستۆتە سەری، چونکە ئەوەی کە هاتووە لە پەروەردە بەشی نەکردووە، ئێستا من روونم کردەوە و، لە وەزارەتی ناوخۆش روونم کردەوە بەشی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منيش به هەمان شێوە نزیکەی (15) پرسیارم کرد، یەك پرسیاری وەڵام دایەوە، ئەویش وتی نازانم کاك حەمە سعید مەبەستی چیە لە (5٪)؟ لە (50٪)؟ هەر ئەوەندی وت، کە هەر نازانم بوو، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر نزیکەی (10) پەرلەمانتاری بەڕێز داوامان کردووە کە دەنگ نەدرێ بەم حیسابی خیتامیە و، بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بۆ دیوانی چاودێری دارایی، بۆ ئەوەی تەقریرێکی ورد بنووسرێ، داواکارم بەڕێزتان رەچاوی ئەوە بکەن، خاڵێکی تر ئەم وەرەقەیەی کە بڵاوی کردووە بەسەر پەرلەمانتاراندا بەڵگەیە لەسەر ئەوە، بە داخەوە، بە پێچەوانەوە ئەو بۆ بەڵگە هێناویەتیەوە، حوجەیە لەسەریان نەك حوجەیە بۆیان، بۆ؟ چوار ترلیۆن و حەوت سەد ملیار دینار بودجەی وەبەرهێنانە، خۆی دەڵێت دوو ترلیۆن و نیوم سەرف کردووە، دوو ترلیۆنی ماوەتەوە، تەقریبەن دوو ترلیون و سەد و سی ملیار، ئینجا یەکەم دەڵێ عیجزێکمان هەیە کە بە ترلیۆنەك و چوار سەد ملیار دینار، ئەم عیجزە خۆی دەڵێ زیادەیە، تەجاوزە، بۆ تەجاوزیان کرد؟ ئەوە یەك، دوو ئەو عیجزەیان پێ پڕکردۆتەوە، سەرچاوەی عیجزەکە لە بودجەی ئاساییە؟ لە بودجەی تەشغیلیە؟ کەواتە لە بودجەی وەبەرهێنانی بردووە بۆ بودجەی تەشغیلی، راستە بە کتاب نووسراو بەڵگە نیە موناقەلەی کردبێ، بەلأم ئەوەتە بە فیعلی موناقەلەی کردووە، کەواتە ئەم وەرەقەیە بەڵگەیە لەسەریان کە فیعلەن زیادە رەویان کردووە و، موناقەلەیان کردووە لە بودجەی وەبەرهێنانەوە بۆ بودجەی ئاسایی و تەشغیلی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئێستا خۆی (15) پرسیارەکەی، من بەراستی گوێم لە (15) پرسیار نەبۆوە جارێکی تر، بەراستی یەعنی ئەو (15) پرسیارە، ئەوە ئێمە شتی موکرەڕ وەڵام نادەینەوە، بەڵام جەنابی کە باس دەکات حەز دەکەم تەوزیحێکی تر بدەم بە عام لەسەر مەسەلەی بودجەی ساڵی (2011)، رەنگە ئەگەر ئەمانە بە رەقەم دەیدەم، نۆ ترلیۆن و دوو سەد و پەنجا ئەمە بودجەی ئاسایی تەشغیلیە، چوار و حەوت سەد بودجەی وەبەرهێنانی ئیستسماریە، سیانزە و نۆ سەد و پەنجا کۆی بودجەی خەرجی نەفەقاتە، دوانزە و سێ سەد و هەشتا و شەش کۆی بودجەی داهات و ئیراداتە، فەرقەکە یەك و پێنج سەد و شەست و چوارە، جارێ ئەم یەك و پێنج سەد و شەست و چوارە لە کوێ بێنم؟ کە بووبێ بە فیعلی، ئەمە پەرلەمان پەسەندی کردووە دەڵێت لە پارەی پێشمەرگە دێتەوە، لەپارەی پێشمەرگە نەهاتەوە لە کوێ دابینی بکەم، ئەوانی تریش کە من ئێستا باسم کردووە، کە پێشتر باسم کرد، ئایا لێرە قەرار نەدرا لە لیژنەکانی ناوخۆ، با برادەرانی لیژنەی ناوخۆ بڵێن بە ئێمەیان نەگوت دەبێ پارەی پەروەردە بەم شێوەیە سەرف بکەن و، دەبێ پارەی ناوخۆش بەم شێوەیە سەرف بکەن، دەکرێت ئێمە بە نیوەیان بدەین پارەکە بە نیوەکەی تریان نەدەین، دەکرێت کەمتر بدەین و لێمانیان قەبول نەکرد؟ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بانگیان

نەكردووین وتیان نابێ ئیلا دەبێ بەم شێوەیە بێ، ئەوە دوای میزانیە نەهاتن، باشە دەكرێت كارەبا بێ پارەی بۆ سەرف نەكەم و، پارە بۆ گازوایل سەرف نەكەم و كارەبا نەبێت، قانون بڕیار دەدات، من بەراستی كە قانون بڕیار دەدات پەرلەمانیش بە منی وتووە سەرفی بكە، باشە ئەگەر هەر خۆتان رۆژانە تەلەفۆن بۆ من دەكەن، جەنابتان دەڵێن ئەوە بۆ سەرف نەكراوە؟ ئەوانەش لە زمنی ئەو شتانەیە، ئەگەر ئەمانە بە موخالەفە حیساب دەكرێت واللاهی ئەوە خۆتان دەزانن، خۆتان بە ئێمەتان وتووە، ئەوجا تێبینی تر گوژمەی نۆ سەد و هەشتا و نۆ ملیار لە (10٪)تان داشكاندووە (بما فیها)، ئەو (10٪) ی كە داشكێندراوە لە تەعویزی موەزەفینش داشكێندراوە، سەیری یاساكە بكەن، بڕی سەد و پەنجا ملیار دینار بۆ بەردەوام بوونی هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانەكان، بڕی دوو سەد ملیار دینار بخرێتە سەر بودجەی وەبەرهێنان، تەبیعی ئەمانە هەمووی قەرارەكان خۆتان جەنبتان داوتانە، بەلآم من ئەوەی مەبەستمە ئەو پارەیەی كە داشكێندراوە، دەشكێندراوە لە تەعویزی موەزفینیش، دوای ئەوە ئێستاكە جەنابتان بڕیارێكتان دەركردووە لە یەكێك لە ماددەكانی پەرلەمان، دەڵێن دەبێت هەموو موخەصەصات و مووچە و خانەنشینی وەكو بەغدای لێ بێت، ئەی لە دوای میزانیە چەندها تەعدیلات و موخەصەصات سەرف بوون، ناكرێت، دەكرێت من سەرفی نەكەم، ئەو وەختەش عەینی بەهەمان شێوە دەڵێن ئەی باشە كە سەرفی دەكەم تەجاوز ناكەم، وە دەبێت ئەوەی كوردستانیش كەم نەكەینەوە لە هەمان كاتدا، یەعنی ئێستا من ئەگەر لێرە دوو سەد هەزار دینار موخەصەصاتم هەبێت لە بەغداش چوار سەدی تریشم بۆ بێت، دەبێ ئەو چوار سەدەش و ئەم دوو سەدەش لەسەر یەك دای بنێم و نابێ ئەمەش كەم بكرێتەوە، دوای ئەوە بەراستی یەعنی حەز دەكەم بەڕێزتان بزانن مەسەلەی قەرزی عەقار و صیناعی و زیراعی، هەر وەكو پێشووتر باسم كرد تەئسیرێكی زۆر گەورەی كردووە لەسەر نەقسی نەقدیەی ئێمە لە حدودی چوار ترلیۆن دینار، لەو حدودیە ناگاتە چوار ترلیۆن، لەو حدودیە ئێمە قەرزمان داوە، ئەوانەی كە گەڕاوەتەوە ئێستاكە ناگاتە نیو ترلیۆن دینار، ئەوە ئێمە حازرمان كردووە لە موناقەشەی موازەنەدا بە تەفسیل بۆ جەنابتان باسی دەكەین ئەوانە، ساڵ بە ساڵ باسی دەكەین، ساڵ بە ساڵ چەند گەڕاوەتەوە، ساڵ بە ساڵ ئێمە بۆ پارەی كارەبا چەند سەرف دەكەین؟ وە لێرەوەش من دەمەوێ ئەوەش باس بكەم و ئێمە لە حدودی پێنج سەد ملیار دینار بۆ ناوچە دابڕینراوەكان پارەی وقود دەدەین، لەگەڵ كارەبا كڕیندا، ئەمانەش هەمووی حیسابە لەسەر ئێمە، ئیتر ئەوە داهاتەكانیش دەچێتە بەغدا، بەراستی ئەمانە وەلآمەكانمانە ئێمە قەتعیەن لە خۆمانەوە ئیشمان نەكردووە و، سەربەخۆ ئیشمان نەكردووە، ئێمەش وەزیفەمان بینیوە و دەزانین موخالەفات چۆن دەكرێ و، موخالەفاتیش چۆن ناكرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ دەرخستنی ئەم راستیەی کە وەلاَمەکانی بەڕێز وەزیری دارایی بۆ ئێمە قەناعەت پێ هێنەر نیە، یەکێك لەوانە باسی هاوتاکردنی مووچە دەکات، هاوتاکردنی مووچە ئەمە ئی ساڵی (2011)یە، ئێمە پار لە یاسای بودجە جارێکی تر تەئکیدمان کردەوە وتمان دەبێ هاوتای مووچەی کوردستان لەگەڵ بەغدا بکرێ، وتیان بەڵێ لیژنەیەکمان پێك هێناوە، کەواتە ئەم پارەیە بۆ هاوتای مووچە سەرف نەکراوە، ئەمە یەکیان، دوو کاتێ ئێمە لێرە هەر بڕیارێك دەدەین لە پەرلەمان، دەڵێین دەبێ ئەو بڕیارەی ئێوە کە پەیوەندی بە زیادکرنەوە هەبێ دەبێ پشتیوانی دارایی هەبێت بۆ پەرلەمان نیە هیچ پارەیەك زیاد بکات، لە کاتێکدا ئێمە بڕیارمان دابوو پار و، پێرار کە حیسابێك بکرێتەوە، ئەم حیسابە تایبەت بێ بە بودجەی وەبەرهێنان، تۆ بە ناراستەوخۆ خستۆتە سەر کورت هێنان، خۆت کورت هێنانت هەیە، کورت هێنانەکەش لە چیە؟ زیادە رەوی کردنە لە شمەکدا ، لە وقود، لە کارەبایە، باسی پارێزگای کەرکووك دەکەی بۆ کارەبا، ئەوان وتیان ئێمە بە پارە کارەبا وەردەگرین، لەبەر ئەوە یەعنی مەبەستم بۆ دەرخستنی ئەم حەقیقەتانە پێویستە ئێمە بەدوا داچوون بکەین، بە تایبەتی یەعنی یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئێمە نەبوونی دیوانی چاودێریە کە راپۆرتی هاوپێچی حیسابی خیتامی بکات لەسەر وردبینی و پەسەندکردنی، بۆیە ئەم دەلیلانەم بۆ ئەوەیە کە ئەمە ناکرێ حکومەت وەکو وابێ هیچ نەخشەیەکی نەبێ، تۆ بە ترلیۆن زیادە رەوی بکەی خۆشت کورت هێنانت داناوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لیژنەیەکی تەحقیقی پێك بێت بۆ بە دوا داچوون و دەرخستنی ئەو راستیانە، حیسابی خیتامی بۆ ئەوەی لە ساڵی (2013) دووبارە نەبێتەوە و بەر پرسیاریەتی یاسایی ئەو لادانانەی، یان بە فیڕۆدانەی، یان بە هەدەردانانەی لە حیسابی بودجە دەکرێ دیاری بکرێت، بە گشتی دەنا ئێمە ئەم حیسابی خیتامیە رەت دەکەینە، چونکە پێمانوایە نەراستە و، نەدروستە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم بە نیسبەتی ئەو پارانەی کە سەرف دەکرێ، دەبێ ئەوەتان لەبیر نەچێت ساڵانە بە ئەقسات سەرف دەکرێت و، بە ئەقسات ساڵی (2012)ەش مەبلەغی تر دێتەوە کە ئایا دەبینێ سەرف کراوە بۆ ئەوێ و ئەمە لە نەتیجەی یەکسانی مووچە رەنگ هەیە وەلەو باسی سلێمانی و ئەوەمان کردووە ئێستا لە هەولێرشدا یەکسانی مووچە ئێمە سەرف دەکەین و، دەتوانم بڵێم زۆربەی زۆری ئەو یەکسانیانە کراوە و، دەتوانن جەنابتان تەحقیق لەسەر ئەو مەوزوعە بکەن، بە نیسبەتی پارەی کارەبا بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان و، بە تایبەتی کەرکووك کە من باسی دەکەم ئەوە ئێستا تەبیعی ئەمە لەسەر تەلەفزیونەکان و ئیعلامدا دەردکەوێ کە ئەم قسانەی منە، ئەگەر وانیە با وەلاَمم بدەنەوە؟ ناوچە دابڕێنراوەکان با وەلاَمان بدەنەوە؟ بڵێن وەزیری دارایی راستی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرمووە.

**بەڕێز ئاشتی عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسيارانەی كە ئاراستەی بەڕێز وەزيری داراييم كردبوو، من لەگەڵ ئەوەی كە سياغەی هەندێك لە پرسيارەكانم جەنابت ئەوەندەی كە خوێندۆتەوە لەگەڵ سياغەی پرسيارەكەی من كە ناردوومە بۆ بەڕێزت گۆڕاوە و، يەك، دوو پرسياريشم وەڵام نەدراوەتەوە و، ئەو وەڵامەشی كە بە شێوەی گشتی داوتەتەوە من وەكو ئەندام پەرلەمان موقنيع نيم پێی، سەبارەت بەوەی كە من پرسيارم كردووە لەسەر ئەو دوو سەد مليارەی كە بۆ ئەحزاب و رێكخراوەكان تەرخان دەكرێت؟ بەڕێزت دەڵێی بە شێوەيەكی گشتی، من وەڵامە گشتيەكانی بەڕێزتم نووسيوە، بۆ هيچ كەسێك موقنيع نيە، نەك بۆ من، بەڕێزت دەڵێی لەبەر ئەوەی ئەمە بە سيلفە دراوە، من پرسيارەكەم بە موحدەدی لە بەڕێزت لەوە كردووە ئەگەر دوو سەد مليارەكە بە سيلفە دەدرێ ئەو بەشەی كە بە ژمێرياريە لە رووی وەزارەتەكەی جەنابتەوە تەرح بكرێ لەبەردەم پەرلەماندا، بوترێ رەقەمی سەرف كردنەكە ئەوەندەيە، پرسە سياسيەكە جێ بێڵە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، من وەكو ئەندامی پەرلەمان بە دوا داچوون دەكەم بۆ پرسە سياسيەكە كە فلان حزب بۆ زياتر وەردەگرێ لەسەر چ پێوەرێك لە چاو فلان حزبی تردا، فلان حزب بۆ فەرامۆش كراوە، فلان حزب بۆ بەشی شێری هەيە، ئەمە بۆ ئێمەی جێ بێڵە، بەڵام بەڕێزت مەسئوليەتێكی نشتيمانيت لەبەردەم دايە، پارەكە كەم نيە دوو سەد مليار دينار، پێويستە جەنابت ئەمە دوو ساڵ زياتر تێپەڕ دەكات ئەم پارەيە دەڕوا بەبێ ئەوەی هيچ تەبريرێك بێنيتەوە بۆ سەرف كردنی، بۆيە ئەو وەڵامە بەلای منەوە وەڵامێكی موقنيع نيە، جەنابت سەبارەت بە پرسيارەكەی من كە دەڵێم گۆڕاوە بە بەڵگەوانێ، من پرسيارم لە بەڕێزت كردووە وتوومە بۆ لە (2011) بڕی چواردە مليار دينار بۆ چاككردنەوەی ئامێر و ئۆتۆمبێل تەرخان كراوە؟ بەڵام دواتر بڕی سی و شەش مليار دينار لە كۆتايی ساڵدا ئاماژەی پێدەكرێ، بەڕێزت لە وەڵامەكەدا دەڵێی چی بكەين سيارەكانمان بەرەو خراپی دەڕوات، پێويستی بە سيانەی زۆرترە، ئەمە فەلسەفەی پرسيارەكەی من نيە لە جەنابت، من دەپرسم يەعنی بەڕێزت لە وەڵامەكانتدا لەگەڵ حورمەتی زۆرم بۆ بەڕێزت دەزانم ماندوويت و ستافی موئەسەسەكەشت، وەزارەتی دارايی وەكو وەزارەتێكی بێ دەسەڵاتی دەزگايەكی بچكۆڵانەی حيسابی دەخەيتە بەردەم پەرلەمان، بەراستی ئەمە مەسئوليەتێكی گەورە دەخەيتە سەر وەزارەت، ئەم وەزارەتە بەشداری دەكات لە هێڵكاری سياسی، بە دەرەجە يەك كێ بەرپرسە لە هێڵكاری سياسەت ئەو پشكەی كە بەر حكومەت دەكەوێ وەزارەتەكەی بەڕێزتە، بۆ وەكو

دەزگایـەکی ژمێریـاری بەسـیت بکەوێتـە بەرچـاوی ئێمـە، مـن دەمـەوێ مەسـئولیەتەکە زیـاتر بـێ لـە بەرامبەرخۆبێ ئەرکەکەی جەنابیشتان زیاتر بێ، چوارده ملیار دینار دانراوە بۆ چاککردنەوە، دواتر کراوە بە سی و شەش ملیار دینار، پرسیارەکەی من ئـەوەی ئایا ئەمـە زیادە رەوی نیـە لـەبڕی ئـەوەی ئۆتۆمبێـل بکڕدرێت کە چەند ساڵێکە ئێمـە داوا دەکـەین، باشـتر نیـە؟ جـەنابت دەڵێـی چاککردنەوە ئـەوە دەخـوازێ، سەبارەت بەو پرسیارەی کە کردوومـە، سـەبارەت بـە سلفەکان، بـەڕێزت دەڵێـی سلفەکان بـە چـەند سـاڵێك تەسفیە دەکرێت، من زۆر بە پوختـە کـراوی پرسـیارم لـە بـەڕێزت کـردووە ئەوانـەی کـە بـە چـەند سـاڵێك پوختە دەکرێ، بەڵام ماڤ ئەندام پەرلەمانە لـە سـاڵێکدا پێـی بڵـێ نیسـبەتی لـە ($8$٪) سـیلفەکان گەڕایـەوە بودجەی گشتی، ئەوەندەی گەڕایەوە لە ($2$٪) گەڕایەوە، خەڵك مولتزم نیە، خەڵك پارە ناداتەوە، با ئێمەش لەگەڵ تۆدا بیربکەینەوە رێکاری یاسایی بزانین ئەم سیلفانە بۆ ناگەڕێتەوە، ئەگەر دەشگەڕێتەوە ئـەوێ بـێ زەحمەت پێمان بڵێ لە کوێە ئەمانە ئیداع کراوە، هەڵدەگیرێت؟ نیسبەی گەڕانەوەکەشی چەندە؟ بە رەقـەم پێمان بڵێ، وەکو مەسئولیەتی وەزارەتەکەی بەڕێزتان، سـەبارەت بـە سـیلفەیەك کـە سـاڵانە ئێمـە پارەیـەك تەرخان دەکەین بۆ مەسەلەی تەقاعودی، ئێمە هەموو ساڵێك دەڵێین ئەم رێژەیە لە پارەی گشتی، من چۆن لێـی ناپرسـمـەوە؟ کـە لـە پـارەی گشـتی پارەیـەکی گـەورەی بـۆ تـەرخان دەکـرێ بـۆ مەسـەلەی تـەقاعودی، تەقاعودی ساڵانە هەموو مانگێك، هەموو موەزەفێك لە ($7$٪) ی مووچەکەی نـابڕدرێ، ئـەی خێـرە هـەموو ساڵێکیش ئەم پـارە زۆرە تـەرخان بکـرێ لـە بودجـەی گشـتی بـە درەخسـتەیەکی زەق دایـدەنێین بـۆ پـارەی تەقاعودی، بەڵام لە بەرامبەردا هەموو مانگێك موەزەف لـە ($7$٪) ی مووچەکەی دەبڕدرێـت، بـێ زەحمـەت ئەم بانقە کوێە کە ئەو لە ($7$٪) ی تێدا هەڵگیراوە؟ یان هەر بە تەنها بە وەسلەکان هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من تەئکید دەکەمەوە سیلفە، حیسابێکی وەسیتە بە نیسبەتی حزبەکانـەوە و، لـە فەنیـەکی حیسـابی بپرسی مەعلومە و ، مەوزوعی پارەی حزب و دەست نیشان کردنی و ئەوانە بە قەوائیم و، بـە لیسـت و بـە ئەوامر لە ئەنجومەنی وەزیرانـەوە دەردەچێت، ئەمـە یـەك، وە کـە هاتـەوە سـەر تەسـفیە کردنـی دەدرێتـە دارایی و ئێمە دەکەوینە تەسفیەکردنی، لـە یاسـاکاندا بگەڕێنـەوە یاسـاکان دەڵـێ ئەمانـە بـە سلفە دەدرێـت هەتاوەکو قـانونی ئـەحزاب دەردەکـەوێت، بۆیـە مـن ئـەو باسـەم کـرد، بـە نیسـبەتی چـوارده ملیـار بـۆ سـی وهەشت ملیار کە زیادی کـردووە بەراسـتی ئەمـە دەتوانرێـت لـە وەزارەتـەکان کردوویانـە، وەزارەتـی دارایـی نـەیکردووە ئێمـە بۆمـان هـاتووە کۆمـان کردۆتـەوە، جـارێکی تـریش تەئکیـد دەکـەم ئـەو سـەیارانەی لـە ($2011$)دا هەیە، لە ($2010$)دا هەبووە، ئەو مەجموعە رێگەو بانـەی کـە پێویستی بـە سیانە هـەبووە لـە ($2010$)دا رەنگـە پێویسـتیان بـە سـیانە نـەبووە وە هاکـەزا، رێگـەکان زۆر بوونـە، بیناکـان زۆر بوونـە،

سەیارەکان زۆر بوونـە، ئەمانـە هەمووی پێویستیان بـە سیانەیە، بۆیـە ئـەو فەرقـە وای لـێ هاتووە و، لـە وەزارەتەکانیشەوە هاتووە، لەلایەکی تریشەوە رەنگ هەیە موناقەلەشی تێدا کرابێ لـە بابێکەوە بـۆ بـابێکی تـر، بـە نیسبەتی تەقاعودیـەوە، مـن باسـی تـەقاعودیم کـرد جـارێ یەکـەم ئـەو پارەیـەی کـە دەبـڕدرێ لـە فەرمانبەران و ئەوەی کە ئیزافە مەفروزە بکرێت، جارێ ئێمە کە مەسئولیەتەکە زیاتر باسـی ئەوانـەی کـە دەبڕدرێ لە فەرمانبەران ئێمە هەمانە بە ئیحسائیات مەوجودە و دەتوانین وەلامیش بدەینەوە، ئەو پارانـە من پێتان رادەگەیەنم خوشك و برایان، پارە مەوجودە و لە حیسابی تایبەتی خـۆی و لـە پێشـتر مـن روونم کـردەوە، بۆیـە پێویسـتی نـەکرد جارێکی تـر مـن ئـەوە وەلام بدەمـەوە، پێشـتر باسـم کردبـوو لـە وەجبـەی یەکەمی وەلامی پرسیارەکانمدا، ئێستاش ئەو پارەیە دەبڕدرێ و پارەی تەقاعودیشی لـێ سـەرف دەکرێت و، ئەمە پارەیەکە لەسەر قەوائیمی مووچە دەبڕدرێت، یەعنی هی ئەوە نیە کە تـۆ بتـوانی ئـەم پارەیـەی لێـی بـدزی و، لێـی بخـۆی و، سـوئی تەسـەڕوفی تێـدا بکـەی و بـۆ شـتێکی تـر سـەرفی بکـەیت، لەسـەر قائیمـەی مووچەکەت بڕدراوە و بە سکوك تەحویل دەبێ بۆ دەوائیری موختەص، رجاتان لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تـەنها لـەوە دەسـت پـێ دەکـەم لـە یاسـای بودجـەی (2011) بڕیـار بـوو (25) هـەزار پلـەی وەزیفـی دابمەزرێت، بێ گومان کاتێك بودجە دادەنێی تۆ حیسابی ئەمەت کردووە، خۆشمان دەزانین پلە وەزیفیەکان کە دادەمەزرێن دەکەوێتە کۆتایی ساڵەوە، یەعنی هیچ کاتێك پلەی وەزیفی لە ئەوەلی سـاڵەوە دانەمـەزراوە، یەعنی کەوتۆتە مانگی دوانزە، چۆتە ساڵی داهاتوو، تۆ لە کاتێکدا تەخمین دەکەی بۆ تەعویزاتی مـوەزەفین (25) هەزار پلەی وەزیفیش تەخمینت بۆ کردووە، لەگەڵ هەموو ئەو دەرماڵانەی کە تەخمینت بۆ کردووە، یان ئەوەتە تۆ بە پلان ئەمەت نەکردووە، تـەخمینت بـۆ نـەکردووە، یـان چـۆن دەبـێ تـۆ لـە تەخمینـدا بـۆ بودجەی بەکار بردن ئەوەندە زیادت دانەنابێ کە لە دوای حیسابی ختیامیدا کەم بکات، بۆیە لە دونیا بووە داهات زیاد دەکات، کاتێـك لـە تـەخمین داهـات دادەنێـی، کـەمتر دادەنێـی، بـەلام لـە کـاتی حیسـابی فیعلیـدا حیسابی ختیامی زیاتر دەکات، بەلام دائیمەن بەکار بـردن زیـادە تـر دادەنـرێ بـۆ ئـەوەی لـە کـاتی فیعلیـدا کەمتر بکات، بەلام لێرە لە حکومەتی هەرێم بە پێچەوانەیە، بەڕێزت بە پێـی ئـەو تەفسیلانەی کـە کـردت لەسەر ئەو زیادە رەویانەی لەسەر تەعویزی موەزەفین کراوە، نۆ سەد و حەفتا ملیارە بۆ منت جیا کردەوە، بەلام تۆ ترلیۆنێك و بیست و چوار ملیارت سەرف کردووە، ئەم نۆ سەد و حەفتا ملیارە کە هێشتا جێگـەی قەناعەت نیە بەو شکلانەی کە تـۆ کردووتـە، چونکە بـڕوام وایـە پـارەی ئـەو (25) هـەزار پلـە وەزیفیـەی (2011) کە دانراوە، پارەکەی لە (2011) سەرف نەکراوە دەبوایە بەشی ئەوانەشی بکردایە، دووەم تـۆ لـە شمەك و خزمەت گوزاری چوار سەد و پەنجاو شەش ملیارت بۆ من جێگە کردەوە، بەلام خۆت پێنـج سـەد و

هەشتا و دوو ملیار و نۆ سەد و چل و شەش ملیار زیادە رەویت کردووە، سێیەم بە نیسبەت بودجەی پەرە پێدان، بەڕێزت بە هیچ ئەمرو بە هیچ کتابێك ئەمەت نەکردووە تەحویلی کەیتە سەر حیسابی بەکار بردن، بەلام کە ئەمەت نەکردووە ئەگەر بە ئەمر بتکردایە موخالەفەی قانون بوو، بەلام بە ئەمر نەتکردووە بە فیعل جێبەجێت کردووە، موخالەفەکە گەورەترە، چونکە بە فیعل کردووتە سەر بودجەی بەکار بردن بەبێ ئەوەی ئەمری بۆ دەرکەی، کەواتە ئەمر دەرکردنەکە ئەگەر موخالەفەی قانون بێ، فیعلەکە موخالەفەکەی گەورەترە و عەیبەیەکی گەورەترە، چونکە تۆ دوو ترلیۆن و سەد و سی ملیارت بۆ عەجزی موازەنە سەرف کردووە کە لە بودجەی بەکار بردن رۆیشتووە، تۆ قەرزی عەقاری کە قەرزە، هاوولاتی دەیگەڕێنێتەوە بۆ تۆ، لە بودجەی پەرە پێدان سەرفی دەکەی، تۆ عەجزی ناقسی دوو سەد و پانزە ملیاری سالی (2010) لە بودجەی پەرە پێدان سەرفت کردووە، تۆ بە فیعل نەقلی ئەم پارەت کردووە بۆ زیادە رەوی بودجەی بەکار بردن، بۆیە فیعلەکەت کردووە ئەگەر ئەمریشت پێ دەرنەکردبێ، بۆیە پێموایە هەموو ئەو ژمارانەی کە دراون لەبەر دەستی ئێمە بابەتی ئەوەن کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، بۆیە داواکارم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێ، بۆ لێکۆڵینەوە لە حیسابی خیتامی (2011) لە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ناکرێ هەر کەسەو دەست بەرزکاتەوە، کاك نەریمان تۆ قسەی خۆتت کرد، دوێنێ پرسیارەکانت نارد، پرسیارەکانیشم داوەتە ئەوان، ئێ وەلامەکانی ئەوان ئەوەیە، ناکرێت ئەو هەموو تەعقیباتە بەراستی، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلام بۆ جەنابی بەڕێز کاك دڵشاد، دیارە یەکەم لە (10٪) ی کەم کردنەوەی تەشغیلی، لە (10٪) ی تەعویزات شەش سەد ملیار دەگرێتەوە ئەوە کەم کراوەتەوە بەس لەم بەشە لە فەسلی تەعویزات، ئێمە کە میزانیە یەکەم جار هاتووە لە وەزارەتەکانەوە هەشت و سێ سەد و هەشتاو شەش و شەش سەد و سی و چوار بووە، داوامان لێ کرا کە دایبگرین و کردمان بە شەش و سەد و هەشتا و سێ و نەوەت و دوو، ئیلحاح کرا کە ئەوە زۆرە، ئەوەبوو جەنابتان چەندەها کۆبوونەوە کرا کە ئەوە زۆرە، لە ئەخیردا ئەوەبوو کەوا لە (10٪)ی داشکێندرا، ئەمانە ئەسبابن کەوا ئێمە وەکو وەزارەتەکان کە خۆیان ناردبوویان، ئێوە لە موازەنەدا حیسابمان لەگەڵدا دەکەن، جەنابتان دەڵێن ئێوە بە قسەی وەزارەتەکان ناکەن دێن دایدەگرن ئەو موازەنانە، ئەوەش یەکێکە لە ئەسبابی داگرتنەکان، ئاوهای لێدێ کە ئەو نەقسانەی تێدا دروست دەبێت، من جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەوە، ئێوە عەجزتان تەسدیق کردووە لەم پەرلەمانەوە، وافەرەزەن من ئەم پارەیەی عەجزەم تەسدید نەکرد بەو پارەیە، پارەکە لە کوێ بێنم، ئەی ئەگەر ئەوەم دانا عەجزەکە دەبێتە چەندێك؟ یەعنی ئەمانە هەمووی حیسابی فەنیە، جەنابتان حەز دەکەم بێن لە نزیکەوە بچنە ناو

**حیساباتەوە ئەو وەختە بۆتان دەردەکەویَ لە رووی فەنیەوە ئەوە چەند تەئسیر دەکات، بۆیە من پیَموایە ئەوەی کە کراوە جاریَکی تر تەئکید دەکەم کە نە موخالەفەیە و، نە ئیَمە لە خۆمانەوە ئەو ئیشانەمان کردووە، بەلاَم هەمووی بە ئیتیفاقی پەرلەمان و حکومەت و داواکاری پەرلەمان بووە و، بەندیَکی یاسایی هەیە دەبیَ یەکسانی موخەصەصات و مووچە وەکو ئەوییَ لیَ بکەین، وە کە ئیَمە ئەو رەقەمانەی کە دامانناوە ئەوە بەس ئەو ئەرقامانەیە کە داومە، ئیَستا کاك دلَشاد دەلَیَ فەرق هەیە لە پارە، دوایی دەلَیَ چی لیَ کرد؟ من ئەوە بەس شتە رەئیسیەکانە باسم کردووە خۆ هیشتاکە فەسلی تر هەیە، مەسەلەن وەکو ئەوەی کە پارەی تەئسیسی مەدارس و ئەوانەی کە لە فەسلەکانی تریشدا هەیە باسم نەکردووە، ئەمە بەس بۆ ئەوەی کە زیاتر جەنابتان بزانن ئیَمە ئەو ئیشەمان لە خۆمانەوە نەکردووە، ئەوە واقیع حالە، سوپاس.**

**بەریَز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو عظیمە خان.**

**بەریَز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەریَز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە من پرسیارەکەم زیاتر تایبەتە بە ئەو سەد و پەنجا ملیار دینارەی کە بۆ دروست کردنی قوتابخانە دانرابوو، لەگەلَ ئەوەی ئەو برِە پارەیە نەچۆتە بواری جیَبەجیَ کردنەوە، جەنابی وەزیری دارایی ئیَستا وا گویَم لیَ بوو کە ئەوە لە تەعویزی مەوزەفین و ئەوانەدا نەماوە، بەلاَم لە کاتیَکیشدا لە بەشی شمەك و خزمەت گوزاریدا، جەنابی وەزیر دەلَیَ ئیَمە پارەی کەل و پەلی قوتابخانەکان لە وەزارەتی دارایی برِیَ پارەی زیاتری بۆ سەرف کراوە، لە کاتیَکدا ئەنجومەنی وەزیران پەنجا ملیۆن دۆلار لە ئاخیر کۆبوونەوەی ئیَمە لەگەلَ وەزیری پەروەردەدا ئەنجومەنی وەزیران برِیاری داوە کە پەنجا ملیۆن دینار بۆ کەل و پەل، بۆ قوتابخانە تازەکان دابین بکات، لیَرە ئیَمە سەرمان سورماوە ئەم سەد و پەنجا ملیار دینارە نەکراوە بە قوتابخانە، لە کاتیَکدا لە زۆربەی حکومەتەکانی دونیادا لە کاتی ئەوەی کە حیسابی ختامی دیَتە پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان بۆی هەیە بە ریَژەی ئەو پارەیەی ئەو بودجەیەی کە لەبەر دەست ئەو وەزیرەدا بووە کە جیَبەجیَی نەکردووە، برِی کەمترین پارەی سەرف کردووە و خزمەت گوزاری نەکردووە، دەبیَ متمانەی لیَ وەرگیریَتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە، دەست لەکار بکیَشیَتەوە، بەلاَم لەم پەرلەمانەی ئیَمەدا وەزارەتی وا هەیە کە دروست کردنی قوتابخانەکان یەکیَکە لە هەرە پیَویستیەکانی خەلَك لە هەریَمی کوردستان، کە گرفتی قوتابخانەمان بۆ ماوەی (15) سالَی تر هەیە، لە کاتیَکدا جیَبەجیَ نەکراوە، بۆیە ئیَمە ئەو برِە پارەیەی کە سەد و سی وپیَنج ملیۆن دۆلارە بۆ وەزارەتی خویَندنی بالا دانراوە لەسەرووی بودجەی (2011)ەوە، دوای ئەوە پەنجا ملیۆن دینار لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی پەروەردە دانراوە، من لە وەزیری دارایی دەپرسم ئاگاداری ئەو برِە پارانەیە هاتۆتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی بۆ سەرف کردنی؟ خالَیَکی تر دە ملیار دینار بۆ گەرِانەوەی گەراوەکانی ئیَران و سوریا، ئەو دە ملیار دینارە جەنابی وەزیر باسی لەوەکرد کە پیَنج ملیار دیناری بە سیلفە دراوە، لە پەرلەماندا هیچ برِیاریَکی**

وا نەبووە لە یاساکەدا کە بڕی پارە لەو دە ملیار دینارە بە سیلفە بدرێ بە خەڵك، نازانم ئەو پێنج ملیار دینارەی کە بە سیلفە دراوە روون کردنەوەمان دەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا نوقتە نیزامیەکە لەوەدایە، پرسیاری منیش لەوەدایە سەیرە ئێمەی ئەندامی پەرلەمان نەزانین ئەوەی موناقەشەی دەکەین حیسابی خیتامی ساڵی (2011)یە، ساڵی (2012) ئێستا بەردەوامە، سەبارەت بە قوتابخانەکان وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پلان دانان تەفاسیلی دروست کردنی قوتابخانەکانی بۆ ئێمە ناردووە، لەلای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآیە، لەبەر دەستی ئەندامانی لیژنەش دابووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان ئەوانەی کە قسەیان کرد ئی وەجبەی دووەمن، جەنابت دوێنێ پرسیارەکانی خۆت نارد، قسەکانت کرد، بەس ئەو پێنج، شەش کەسە وەجبەی دووەم بوون، بۆیە رێگەم پێ دان، رێگەی بە کەسی تر نادەم، ئاخیر کەس دوایی پەیمان خان قسە دەکات، برای خۆم مەجال نیە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پەنجا ملیۆن دۆلارەی کە وا جەنابی عظیمە خان باسی دەکات، ئەوە نیە ئەمە لەسەرووی ئەوە وەیە، ئەو پارانەی کە بەڕێزی باسی دەکات داخلی ئەم میزانیەی ئێمە نەبووە بۆ خوێندنی بالآ و وەزارەتی پەروەردە، کە باسی سیلفە دەکەین و پەرلەمان قەراری نەداوە سیلفە بدات، ئەو سیلفەیە بە لیژنەکانی وەزارەت دراوە، پارەکە بە سیلفە دەدرێ بە لیژنەیەك، سیلفەکە دەڕوا سەرفی دەکات کە دێتەوە پاکتاوی دەکات، تەسفیەی پێ دەکرێت و قەیدی پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من دەمەوێ لەسەر هەندێك لە وەڵآمەکانی بەڕێز وەزیری دارایی کە بۆ منی دایەوە، یەکێك لەوانە مەسەلەی بابلێین بودجەی پەرلەمانە، بەڕێزیان وتی لە وەڵآمەکە حیساباتی خیتامی پەرلەمانیش چۆتە ناو ئەو بابلێین حیساباتەوە، لە کاتێکدا ئەمە بۆ خۆی خەلەلێکە، یەعنی بە هەردوو حاڵەتەکە خەلەلە، چونکە ئێمە ماددەی (89) ی پەیڕەوی ناوخۆمان هەیە کە دەبێ حیساب لە نیهایەتی هەموو

ساڵێكدا، بەشی ژمێریاری یان حیساباتی پەرلەمان راپۆرتی خۆی بە حیساباتی پەرلەمان حازر بكات، ئەوە ئەو حیساباتە بڕواتە لیژنەی دارایی و، لیژنەی دارایی وەكو مەوازەنەی عام راپۆرتی پێ حازر بكات و بیهێنێتەوە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە لە كاتێكدا كە ئێمە لە فراكسیونەكانی ئۆپۆزسیۆن داوامان كردووە بە رەسمی كە ئێمە داوای حیساباتی خیتامی و سەرفیاتی پەرلەمان دەكەین، هیچ جارێك جەنابت سەرۆكی پەرلەمانی و، سەرۆكایەتی پەرلەمان حزوری هەیە، هیچ ساڵێك لەم سێ ساڵەی پێشوودا بەو ئالیەتەی كە لە ماددەی (89) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هەیە حیساباتی كۆتایی و بودجەی پەرلەمان نەهاتۆتە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی ئەمە یەكێك لەوانە كە ئەگەر قسەكەی جەنابی وەزیر وابێت كە چۆتە ناو ئەو حیساباتەوە بە پێی ئەم ماددەیە خەلەلێك دروست دەكات، كە جەنابتان وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان لێی بەرپرسن لەو خەلەلە كە بۆ بەو شێوەیەی كە لەماددەكەی پەیڕەوی ناخۆدا ئیشارەتی پێدراوە، حازر نەكراوە، ئەگەر چووبێتە ناو ئەوێش دیسانەكە ئەوە موخالەفەی ئەمەیە، یەعنی لە هەردوو حاڵەتەكەدا ئەو وەڵامە، وەڵامێكی دروست نیە، چونكە دەبێ بۆ خۆی حیساباتێكی جیاوازی هەبێ، قسەیەكی تر ئەوەی كە من باسم لە زیادەڕەوی كردبوو لە قسەكانمدا، یەعنی كۆمەڵێ حەقیقەت هەیە كە بۆ خۆیان ئیشارەتیان پێداوە و، راپۆرتی لیژنەی دارایش ئیشارەتی پێداوە، یەكێك لەوانە موناقەلەیە، راستە یاساكە رێگەی بە جەنابیان داوە كە موناقەلە لە بودجەی تەشغیلیدا بكەن، لە بابێكەوە بۆ بابێك، بەڵام بە وازحی رێگەی لێ گرتوون و، قەدەغەی كردووە، كە لە بودجەی بەكار بردن موناقەلە بكرێ بۆ بودجەی تەشغیلی، كەواتە ئێمە لێرە لەبەردەمی كۆمەڵێك ئەگەر بە تەنها ئەو سێ حاڵەتەی كە من بۆ خۆم باسم لەسەر كردووە بە نەزەری ئیعتیبار وەریگرین، یەكەمیان كە میزانیە حیساباتی خیتامی پەرلەمانی تێدا نیە، سەرۆكایەتی هەرێمی تێدا نیە، ئەنجومەنی دادوەری تێدا نیە، ئەمە خەلەلێكە زیادەڕەوی خۆیانە، ئیعترافیان پێ كردووە، كە بۆ خۆی زیادەڕەوی كێشەیە، مەفروزە پەرلەمان لێی بپرسێتەوە لەسەر چ ئەساسێك زیادەڕەوی كردووە؟ نەك ئەوەی كە ئێمە بە تەنها موبارەكەی ئەو زیادەڕەویە بكەین، حاڵەتێكی تر موناقەلەیە كە لە بودجەی وەبەرهێنانەوە موناقەلەی كردووە بۆ بودجەی تەشغیلی، بە تەنها ئەم سێ حاڵەتە بێ پێویستی بەوە هەیە كە پەرلەمان بەبێ ئەوەی قسە لەسەر پەسەندكردن، یان پەسەند نەكردن بكات، جارێ لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێك بێنێ بۆ ئەوەی ئەو سێ خەلەلە پڕبكاتەوە، ئەو كاتە قسە لەسەر پەسەندكردن، یان پەسەند نەكردن بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر وەڵامت هەیە بۆ پەیمان خان؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەڵامم داوەتەوە ئەوانەی كە ئەو باسی كرد، مەسەلەی پەرلەمانیش ئەوە عیلاقەی بە بەڕێزتانەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ئەگەر تێبینیەكتان هەبێ؟

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له راستیدا ئەو تێبینی و پرسیارانه كه ئاراسته كران، به زۆری ئاراستەی بەڕێز نوێنـەری حكومـەت كـرا و، نوێنەری حكومەتیش وەلآمی زۆربەی ئەو پرسیار و تێبینیانەی دایەوە، به نیسبەت لیژنـەی داراییـەوە بـه كورتی چەند كۆمێنتەكمان هەیە، له خۆمەوە دەست پێ دەكەم، یەك، دوو بۆچوون هەبوو لـەناو هۆڵەكـەدا له دانیشتنەكانی پێشوودا كه لەمـەو دوا لیژنـەی دارایـی ئامـادەكردنی راپـۆرتی حیسـاباتی خیتـامی نـەكات ئەگەر ئەوە دەگونجێ لەگـەڵ پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان ئێمـەش لاریمـان نیـە، گوایـە تـا ئـەو كاتـەی كـە لەلایەن رەقابەی مالیەوە تـەدقیق دەكرێـت، بـەس بـە پێـی ئـەوەی هەنـدێك مـەوادمان هەیـە لـە پـەیڕەوی ناوخۆ كه ئیلزامی لیژنەی دارایی دەكات هەستێ به ئامـادەكردنی ئـەو راپـۆرتـە، ئـەوەش دەتـوانرێ بخرێتـە دەنگدانەوە، یان گۆڕینی له پەیڕەو و پرۆگرام، دەربارەی ئەو لیژنەیەی كه هەڵدەستێ به گۆڕینی، دەربارەی موشكیلەیەك دوو شت باس كرا به تایبەتی ئیراد، جیاوازی هەیە له بەینی ئیرادی خـەملینراو و ئـیرادی بـە دەست هاتوو، له راستیدا گرنگ ئەوەیە به دەست هاتووەكه زیاترە لەوەی كەوا خەملێنراوە، خۆی گرفتەكە لەوە دەست پێ دەكات ئەگەر خەملێنراو كەمتر بێ لەوەی كـە بـە دەسـت هـاتووە، ئێسـتا بـە پێچەوانەوەیە لەبـەر ئـەوە بـە رای ئێمـە گرفـت دروسـت ناكـات، هـەر لێـرەدا ئەگـەر بكرێـت ئـەو ئـیرادەش لەراسـتیدا تۆماركردنی و تۆمار نەكردنی، وەكو بەڕێز جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا دەگەڕێتەوە بۆ حكومـەتی عێـراق، دوایی له بودجەی گشتی دادەشكێندرێت، ئەوەش حقیقەتێكه دەبێ هەمووومان ئەوە بـزانین، یـەعنی ئەگـەر به ترلیۆنێك ئاماژەی پێدرابێ ئەو ترلیۆنه له بودجەی گشتی لێمان دادەشكێت بـە حەقیقـەت، بـەس وەكـو وتمان گرنگ ئەوەیە ئەو ئیرادەی كه به دەست هاتووە زیاترە لەوەی كـە خـەملێنراوە، لەبـەر ئـەوە دەتـوانم بڵێم ئەو كێشەیە یاخود ئەو بابەتە جەنابی وەزیریش وەلآمـی دایـەوە، یـەك خـاڵی تـریش هەیـە دەمـەوێ ئاماژەی پێ بدەم دەربارەی حیساباتی خیتامی واته چۆنیەتی سەرف كردنی بودجەیە، ئەو ئەرقامانەی كـە وەكو جاری پێشووش ئامـاژەم پێـدا، ئـەرقامی تـەختیتین، ئـەرقامن دانـراوە لەسـەر كاغـەز لـە دەرەنجامی جێبـەجێ كـردن كـە دەچینە حیسـاباتی خیتامیـەوە وەكـو خـۆی دەرناچێت، لـە هـەموو ولآتێكـیش وایـە، ئەرقامی فیعلی موتەحەقیق وەكو ئەرقامی موخەتەت نیە، بەس گرنگ ئەوەیە ئەرقامی فیعلی موتەحقیق نزیك بێ لەوەی كەوا خەملێنراوە، دەربـارەی تـەجاوز كـەوا هـەبوو بەرامبـەر تەجاوەزەكـەش كـەم ڕەویـش هەیە به حقیقەت له هەندێ حیساباتدا، لـە هەنـدێ حیسـاباتدا تـەجاوز هەیـە، لـە هەنـدێكیان كـەم ڕەوی

هەیە، جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا تەجاوزەکە بۆچی رووی داوە بە تایبەتی لە حیساباتی تەعویزاتی موەزەفین لەگەڵ حیساباتی سیلەع و خەدەمات و سیانەیە بەراستی، بەلآم حیساباتی ترمان هەیە وەکو ئیعانات لە راستیدا وەکو مینەح ئەوە کەم ڕەوی هەیە، بە نیسبەت مەنافیعی ئیجتیماعیشەوە کە زیادەڕەوی هەیە، لە دەر ئەنجامی زیاد بوونی یارمەتیەکانی تۆڕی کۆمەلآیەتیە بە حقیقەت، بەلآم لە هەموو حاڵەتێکدا تەجاوز کەم ڕەوی دەبێ، یان زیادەڕەوی دەبێ، گرنگ ئەوەیە کە زیادەڕەوییەکە و کەم ڕەوییەکە دیاری کراوە و، دەست نیشان کراوە، هەندێ تەوزیح هەبوو جەنابی وەزیر ئێستا ئاماژەی پێدا دەربارەی چۆنیەتی تەسفیەی حیساباتی (12/31)، چۆنیەتی تەحویلی ئەو پارەیەی کە دەمێنێتەوە بۆ بودجەی وەگەڕخستن، یەك حەقیقەت هەیە لە راستیدا ئەوە هەر دەکرێ مەسەلەیەکی حیسابی دەبێ لە (12/31) تەسفیە بکرێ، بەلآم ئایا تەمویلی پرۆژەکانی ئیستسماری وەستاوە؟ ئەگەر وەستاوە ئێمە دەتوانین لێ پرسینەوە لەگەڵ حکومەتدا بکەین، یەعنی لە هەموو وڵاتێك وایە لە (12/31) تەسفیەی حیسابات دەکرێ و عەجزی پێ پڕدەکرێتەوە، بەلآم ئایا تەمویل وەستاوە؟ ئەگەر تەمویل وەستاوە ئەو کاتە بابەتێکی ترە، بە نیسبەت منەوە تەنها ئەوە کۆمێنتەکانم بوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندارە بە حیسابی خیتامی پەرلەمان، تەبعەن وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە، پێویست دەکات بە روونی هاتووە بەوەی کە بە جیا بێتە لە لیژنەی مالی، لیژنەی مالی راپۆرتەکی بۆ ئامادە دەکات و دەینێرێ بۆ پەرلەمان، بەلآم ئەوەی کە تایبەتە بەم حیساباتە خیتامیە ئایا ئەمە حیساباتی خیتامی هەموو هەرێمی کوردستانە، هی موئەسەسەکانە؟ یان تەنها هی حکومەتە؟ لە وەلآمدا دەڵێین بەڵێ، ئەمە حیساباتی خیتامی هەموو موئەسەسەکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان و، هەموو حکومەت، ئەوەش کە هاتووە لەسەر دوو ئەساس هاتووە ئەم حیسابی خیتامیە، لەسەر ئەساسی حیسابی نەوع و، پۆلێن بەندی وەزیفی، ئەگەر تەماشا بکەین ئەوەی کە پەیوەندارە بە نەوعەوە، مووچەی فەرمانبەران، شمەك و خزمەت گوزاری، باربوو بەخشین، سوودە کۆمەلآیەتیەکان، خەرجیەکانی تر مەوجوداتی نا دارایی، پۆلێن بەندیە ئیداریەکە هەمانە لە دەرخستەی دەیەم باس دەکات دەڵێ خەرجیەکان کە هەرێمی کوردستان هەی بووە بۆ ئیستسماری چەند بووە، ژمارەکانی هەمووی نووسیوە، لەبەر ئەوە ئەمە حیساباتی کۆتایی هەموو هەرێمی کوردستانە، نەك تەنها هی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دووتان فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، داوا لە لیژنەی دارایی دەکەین تەنها سەرۆك و جیگرەکەی بمێننەوە، ئەوانی تر بفەرموون بۆ جێگاکانی خۆتان، کاك عبدالله دوێنێ تۆ قسەت نەکردووە، لەبەر ئەوە حەقی قسەت نیە ئێستا، لەبەر ئەوە مەجالت نادەم بەراستی، فەرموو لیژنەی یاسایی فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەکانی کە پێشنیارکراو بۆ پەسەندکردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی (2011)، بەم شێوەیە دایرِێشتووە:

یەکەم: پەسەندکردنی حیسابی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی (2011).

دووەم: ئیقرار کردنی پێشنیارەکانی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستانی عێراق.

سێیەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و، لایەن پەیوەندیدارەکان چی پێویستە لەسەر ناوەڕۆکی بڕگەی دووەمی سەرەوە ئەنجام بدەن.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی وەرگرتنیەوە لە (2012) جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائع كوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیار دەکەم ئەم سیاغەیەی کە خوێندرایەوە ئەگەر برادەران تێبینیان نیە لەسەری، بڕگە بە بڕگە بیخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قرار تصديق الحساب الختامي لسنة (2011):

أولاً: تصديق الحساب الختامي لحكومة إقليم كوردستان_العراق للسنة المالية (2011).

ثانياً: إقرار تقرير لجنة الشؤون المالية و الإقتصاد لبرلمان كوردستان_العراق.

ثالثاً:على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة إتخاذ ما يلزم بشأن ما جاءت في الفقرة الثانية أعلاه.

رابعاً: ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ إقراره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن لەسەر ئەم سیاغەیە تەقریبەن بەشی زۆری لیژنەی قانونی ئیمزایان کردووە، ئەوە ناوەکانمان لەلایە، بەشی زۆریان ئیمزایان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو سیاغەی کە خوێندرایەوە، بزانین کێ

تێبینی لەسەر هەیە؟ مەجال دەدەین هەندێك قسە بكەن، هێشتا نەخراوەتە دەنگدان كاك عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی تەقریرمان ناردووە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، نەمان وتووە بە كەم و كورتیەوە پەسەند بكرێ، وتوومانە پەسەند بكرێ ژمێریەكی تەواو، ئێستا ئەم فەقەرەیە جەنابت وەكو خوێندتەوە كە دەڵێی ئیمزا كراوە لەلایەن زۆربەی ئەندامانی لیژنەی یاساییەوە، بەڵام حیسابی خیتامی بە رێك و پێكی، نەك بە كەم و كورتی بەو شێوەیەی هەیە كە لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من نازانم، بەڵام وا نووسراوە، دەڵێت (تصديق الحساب الختامي لحكومة إقليم كوردستان_العراق للسنة المالية 2011)، یەكێك لەوانە كە جەنابتە ئیمزات كردووە، كێ دەیەوێ لەسەری قسە بكات؟ تا مەجالی پێ بدەین قسە بكات، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر قسەكانی كاك عبدالله، لە راپۆرتی خۆمان ئاماژەمان پێداوە، لیژنەی دارایی راپۆرتێكی جوانی پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كردووە و، موناقەشەكی زۆری لەسەر كرا و، ئەو كەم و كورتیە و تێبینیانەی كە لەسەرە ئێمە داوامان كردووە ئیقراری ئەو موقتەرەحاتانە بكرێتەوە، لە سێیەم فەقەرە داوامان كردووە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكانە جێبەجێكردنی ئەم پێشنیارانەی كە لە راپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە، واتە ئەم شتانەی كە باس كرا هەموو پەسەندكراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ناوەكان دەنووسین، بەڵام ئەوە نیە جارێكی تر سەر لە نوێ هەمووی موناقەشات بكرێتەوە بەراستی، چونكە رەئیەكانی خۆتان داوە، فەقەرەی یەكەم (تصديق الحساب الختامي) ئێوە ئەگەر موقتەرحتان هەیە دەتوانن بە دەقەیە، نیو دەقە، چونكە ناكرێ جارێكی تر دە دەقە، چارەگێك، بیست دەقە، قسە بكەنەوە بەراستی، لە سەر فەقەرەی یەكەم ناوەكان دەنووسین، من حەز دەكەم بزانن ئەوە نیە هەر یەكەو سێ، چوار دەقەی تر قسە بكاتەوە، چونكە یەك پرسیارە پەسەند بكرێ یان نەكرێ، لەسەر ئەوە بە دێڕێك یان دوو دێڕ رەئیەكانی خۆتان بدەن، ئەگەر دیسان موناقەشەی بكەنەوە، كەواتە هیچمان نەكردووە، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراون (مامۆستا عمر، سۆزان خان، كاك عبداللە، كوێستان خان، ئاشتی خان، كاك بلال، كاك حەمە سعید، سیوەیل خان، كاك سەرهەنگ، پەیمان خان، كاك عبداللەی مەلا نوری، عظیمە خان، د. رێباز، كاك عدنان، كاك سالار، كاك لقمان، كاك عبدالرحمن، ئاهەنگ خان، كاك عمر هەورامی، ناسك خان)،

هەر یەکەو یەك دەقەتان دەدەینێ، چونکە موناقەشەی تەواو کراوە، ئەوە یەك فەقەرەیە، بەڵێ، یان نەخێر، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من نیو دەقەشەم بەسە، من ئەوە عەرز دەکەم کە لەبەر دەیان سەعات گفتوگۆی ناو پەرلەمان و تێبینی پەرلەمانتاران لەسەر بودجە دەرئەنجامێکی هەبێ و، لەبەر نا روونی وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری دارایی و ستافەکەی لەسەر ئەو تێبینی و داوا و پێشنیار و رەخنانەی کە پەرلەمانتاران بۆیان، لەبەر ئەوەی کە وەڵامەکان موقنیع نەبوون، من پێشنیار دەکەم جارێك سەرەتا تێبینیەکیش عەرزی کاك عونی دەکەم کە یەك دانە پیتی نەگۆڕیوە، نەك رستە، یان کلمە، کە دەڵێ ئەم دارِشتنەوەیەمان هەیە، دەقا و دەق هەر ئەو راپۆرتەیە کە پێشتر هاتووە پێش موناقەشەی دەیان سەعاتی پەرلەمانتاران، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە سیاغەی ماددەی یەکەم بەم شێوەیە بکرێ (پەسەند نەکردنی حیسابی کۆتایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گێڕانەوەی)، هەروەها پێشنیاریش دەکەم، چونکە زیاد لە سێ، چوار پەرلەمانتار ئەو پێشنیارەیان کرد، ئەو لیژنە تەحقیقیە پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی بە وردی حیساباتی خیتامی بێتەوە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من داواکارم حیساباتی کۆتایی ساڵی (2011) پەسەند بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەمە سیاسەتی حکومەتی خستۆتە بەر چاو، ئەو بودجەی کە ئێمە بە خەملێنراوی بۆمان ئیقرار کردووە، لە واقیعدا چۆن بووە، چۆن سەرفی کردووە، بێ شاردنەوە زۆر بە شەفافانە هاتووە پێمان دەڵێ، دەڵێ من لەوێدا زەختت لێ کردووم، فلاَن شتت پێ زیاد کردووم لە دەرەوەی بودجە، ئەو پارەی کە بۆم هاتووە لە عێراقەوە بەشی نۆهەد هەزار مامۆستای ناردووە، من سەد و پەنجا هەزار مامۆستام هەیە، نەیدەم بە بەعزێکیان و بیدەم بە بەعزێکیان فەرق و جیاوازی دروست بکەم، زۆر بە شەفافانە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستانەوە پێمان دەڵێ من ئەوە وەزعەکەمە بەم شێوەیە لەناو پەرلەماندا، لەناو لیژنەکانی پەرلەماندا بانگ هێشتمان کردوون بە زۆر لە سەرووی بودجەوە بەتایبەتی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە، لیژنەی ناوخۆ، پارەی زیادەمان پێ سەرف کردوون و ئەم پارەیەی کە بۆی هاتووە بەشی ئەو ژمارەی نەکردووە کە ئێمە هەمانە، لە ماڵیشەوە کاتێك کە باوك و دایك مەسرەفی ماڵەکە دەکات کە دەبینێت کورت هێنانێك هەیە یان ئەوەتا دەچێت قەرزێك دەکات، یان ئەوەتا ئەگەر پارەیەکی نوستووی هەبێ ئەو پارە نوستووە

دەخاتە سەر سەرفیاتە زیادەکەی، بۆیە هەر لەبەر ئەوەی زۆر بە شەفافانە هاتووە، هەر لەبەر ئەوەی زیاد لە هەزارەها رەقەمی تێدایە بودجەی ژمێرەی کۆتایی، من لەگەڵ ئەوەدام کە پەسەند بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی هەڵەی جەوهەری تێدایە و، بە هەدەردانی مالی تێدایە لە ژمێرەی کۆتایی بە ئاشکرا خراوەتە روو و، بەڕێز وەزیری دارایی زۆر بە ئاشکرا دانی پێداناوە، دەڵێ لەبەر ئەوەی ئیلتزاماتی مالیم لەسەر بووە ناچار بووم ئیشەکە بکەم و، هیچ کەسێك حەقی نیە، نە ئەندامی پەرلەمان، نە بەڕێز وەزیر سەرفی مالی بکات ئیلا ئەگەر پشت نەبەستێ بە دەقێکی قانونی، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم یەکەم ژمێرەی کۆتایی پەسەند نەکرێ، دوو لیژنەیەکی تەحقیقی دیاری بکرێ لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێشنیار بکرێ بەپێی ماددەی (47) ی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەوەی ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە بکات لە ژمێرەی کۆتایی پاڵ پشت بە راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێرزاد تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەوەی دەنگ لەسەر حیسابی خیتامی بدەین، بۆیە ئەوەی کە بەڕێز سۆزان خان باسی دەکات حەق وایە ئەوە لە فراکسیونەکەی خۆیاندا باسی کات، نەك لێرە، چونکە پێموایە ئەوە ئیعازە،،،،،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ حەقت نیە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو گفتوگۆیەی لە چەند رۆژی رابردوودا کرا ئەوەندەی هەموومان کە موتابەعەمان کرد، هەستمان کرد کە بەڕێز وەزیری دارایی وەك پێویست وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانی نەدایەوە و، لەناو ئەم حیسابی خیتامیەدا نا روونی هەیە، بە هەدەردانی زۆر هەیە، هەروەها پێشێلکردنی یاسای بودجەی ساڵی (2011) هەیە، بۆیە من پشتگیری رەئی مامۆستا عمر و هاوڕێم کاك عبداللە دەکەم کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێ، بۆ ئەوەی کە بەدوا داچوون بکرێ بۆ هەموو ئەو کێشەو کەم و کورتیانەی کە لە ژمێرەی

کۆتاییدا هەیە، ئەو کاتە پەسەند بکرێ و بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە بە رای من پێویستە دروست کردنی لیژنەیەکی تەحقیقی بخرێتە دەنگدانەوە، پێش ئەوەی پەسەندکردنەکە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من وەکو ئەندام پەرلەمان وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانم وەرنەگرتووە، لە کۆی گشتی پرسیارەکانم تۆمارم کردووە وەڵامی تێدا نیە، نە بە رەقەم بڵێت ئێوە رەقەمەکانتان هەڵەیە بە شێوەیەکی دۆکیۆمێنت نیە ئەوەندەی شەرحێکی زۆر فراوانە کە دەقیق نیە، هەروەها من لە کاتی قسەکردنەکانیشمدا و زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمانی تریش ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەمە لادانە، لە کاتێکدا هاوپێچ نەبێ بە راپۆرتی چاودێری دارایی، لادانە لە یاسای ئیدارەی مالیە، هەروەها لادان دروست بووە لە یاسای بودجە، بۆیە من داواکارم کە لیژنەیەکی تەحقیقی دروست ببێت و، راپۆرتی داراییش ئاماژەی بەوە کردبوو کە گرنگە راپۆرتی چاودێری دارایی لەگەڵ حیساباتی خیتامی ببێ لە کاتی پەسەندکردنیدا، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم دەبێ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست ببێت، بۆیە ئێمە ساڵی پاریش داوامان کردووە، یەکلا ببێتەوە کە ئەم بودجەیە ناکرێ لەناو پەرلەماندا کە باس لە نا شەفافی دەکرێ بە ئیقرارکردن و، بە شێوەی رەسمی ئیقرار بکەین لەسەر نا شەفافیەت بە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله ((بیلال)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ئەم حیساب خیتامیە رەت بکرێتەوە، وەکو هاوکارانم باسیان کرد لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ دروست بکرێ بۆ دەرکەوتنی راستیەکان، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

ئەم حیساب خیتامیە بە رێکاری یاسایی خۆیدا تێنەپەڕیوە و راپۆرتی دیوانی چاودێری لەگەڵ دانییە، زیادەڕەوی تێدا کراوە لە سەرفەکاندا، پێچەوانەی یاسای بودجە کاری کردووە و هەڵسوکەوتی کردووە، داهاتەکانی روون نین، نا روونی لەسەر وەڵامی پرسیارەکانی جەنابی وەزیر، زانیاری نا دروستی داوە، زانیاری هەڵەی داوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم رەت بکرێتەوە و، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێ بۆ دەرکەوتنی راستیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وێڕای پشتگیریم بۆ رای هەموو برادەرەکان، بەراستی پێم خۆشە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە مەسئولەیەت و ئەرکی خۆی هەستێ، لەبەر ئەوەی ئەم حیسابی خیتامیە گرنگە و، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی قانونی تێدایە و زۆربەی هەرە زۆری وەلامی پرسیارەکانی بەڕێز وەزیر کە بۆی نووسرابوو بە هەڵەیان دابردبوو، بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری موقنیع نەبوو، هەروەها من بە رێکارێکی نایاسایی تێنەپەڕی بوو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و بەپێی یاسا ئەم حیسابی خیتامیە نەهاتووە و، نا شەفافە و، چەندین زیادەڕەوی تێدایە، بەراستی نایاسایی تێدایە، بۆیە پێشتریش پێشنیارمان کردووە هەم لیژنەیەکی تەحقیقی بەپێی ماددەی (47) پێك بهێنرێت و، هەم بگەڕێتەوە بۆ دیوانی چاودێری دارایی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و ئسووڵی و نیزامی بەو فیلتەرانەدا تێپەڕێ، بۆیە پێویست دەکات بگەڕێتەوە و، ئەمەش ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بیگەڕێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من هاوکارانم کردیان، پشتگیری لە قسەکانیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرمووو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله دیارە برادەرەکان، ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان چەندین سەعات لەسەر ئەم ژمێرەی کۆتاییە قسەیان کردووە، بەڕێزانیش لە وەزارەتی دارایی وەلامیان داوەتەوە، دیارە رەئی موخالف هەیە، ئێمە پێمانوایە کە نا شەفافیەت هەیە و، لادانی یاسایی و دارایی هەیە، وەزارەت دەڵێ واقعێك ئەوەی پێ کردووم، باشترین حەل ئەوەیە کە لیژنەیەکی تەحقیقی دروست بکرێ بۆ ئەوەی ئەم مەوزوعە یەکلایی بکاتەوە، ئەوەش دەمەوێ بە بیری هەمووومان بێنمەوە بەراستی مەسەلەی بودجە و مەسەلەی دارایی، مەسەلەیەکی گشتیە، پرسێکی نشتیمانیە، پەیوەندی بە هەمووومانەوە هەیە، بۆیە دەمەوێ ئەگەر قەرار بێ لەسەر هەندێك مەوزوع ئێمە گفتوگۆ بکەین و لێك نزیك ببینەوە و تەوافق هەبێ ئەمە یەکێکە لەو مەوزوعانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەراستیدا من بۆ یەکەمی ئەم راپۆرتە لە بەشێکی قسەکانی هاوڕێم سۆزان خاندا پشتگیری لێ دەکەم، لەوەی کە بەراستی حیساباتی خیتامی کە حکومەت ناردوویەتیە پەرلەمان زۆر شەفافە، ئەوەندە شەفافە کە هیچ مەجالی گومانێکی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بڵێین زیادە ڕەوی کراوە، یان نەکراوە، بڵێین موناقەلە کراوە، یان نەکراوە، بڵێین پابەند نەبووە بە یاساوە یان نا، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە بیشی شوبهێنین، چونکە حیساب بکەین حیسابی میللەت بکەین فیعلەن حکومەت باوکی میللەتە، ئەگەر پەرلەمان هەوڵیشی دابێ پێی کردبێ ئەم حیساباتی خیتامیە دەیسەلمێنێ کە حکومەت باوکێکی دووربین و حەکیمانە نیە، کەواتە بۆ ئەوەی ئێمە بە حەکیمانە و وابکەین کە بەرژەوەندی خەڵك بپارێزرێ لە دابشکردنی بودجەدا پێویستە ئەم خاڵە بگۆڕێ بەوەی کە پەسەند نەکردنی حیساباتی کۆتایی، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبداللەی مەلا نوری.**

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لەگەڵ ئەوەم پەسەند نەکرێ، لەراستیدا لە حیسابی خیتامیدا ئەوەی کە گفتوگۆ دەکرێ ئەم چەند رۆژە دوور و نزیك حیسابی خیتامی پەرلەمانی تێدا نیە، یەعنی بە یەك جوملە، بە یەك دێڕ، دینارێکی حیسابی خیتامی پەرلەمانی تێدا نیە، نازانم برادەران تا چەند پەیڕەوی ناوخۆیان خوێندۆتەوە، پێشموایە نەیان خوێندۆتەوە، هەر کەسێك پێی وابێ بەپێی، کاك شوان دواتر دەتوانی قسە بکەی ئاساییە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئیشەکانی هەڵ دەسوورێنێت، پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ حیساباتی خیتامی و بودجە پەسەند دەکات، لە پەیڕەوی ناوخۆدا بەپێی ماددەی (89) هاتووە ئەوە برادەرانی لیژنەی یاسایی و لیژنەی داراییە، دەبێ حیسابی خیتامی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بێتە پەرلەمان، گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ بە راپۆرت ئەوە ماددەی (89)یە، با سەرۆکایەتی پەرلەمان حەکەم بێ لە نێوان هەمووماندا، یەعنی پێم سەیرە حیسابی خیتامی پەرلەمان نەهاتووە، گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، هەندێك پەرلەمانتار دەیانەوێ بە زۆر ئەو دوو سەد و چواردە ملیار دینارەی کە لە سێ ساڵی رابردوودا پەسەندکراوە بۆ پەرلەمان دەیانەوێ هینی کەن، یەعنی بیشارنەوە، بڕوا لە راستیدا، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فرموو امینە خان**

**بەڕێز امنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دڤێتن ئەڤ ئاخافتنا بەڕێز عبدالله مەلا نوری بێهتە دەرێ، یەعنی کیش ئەندام پەرلەمان بە زۆری دێ بسەپینیت ئەو دوو سەد و چاردە ملیار دینارە یێ شارەوە بێ، بودجەیەکە کو یێ هەی، بەس پرسیارەکی**

دیكەم راتبێ پەرلەمانتار كیش بودجەی دێتە دان، ما نە هەر ئەوە بۆ پەرلەمانی دێتە مەسرەف كرن، ئەڤ ئاخافتنا وی داخوازا دكەم ژ پرۆتۆكۆلێ بێهتە دەرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

عظیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی هەموو پرەنسیپە دارایەكانی دونیا كاتێك كە بودجەی دارایی ساڵێكی پەرلەمان، دێتە پەرلەمان پەسەند دەكرێ دەبێ حكومەت پابەندبێت بەپێی ئەو یاسایە كارەكانی خۆی بكات، بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو كە كراوە لە پەرلەمانی كوردستاندا دەبێ ئەو ڕاو بۆچوون و ڕەخنانەی ئەندامانی پەرلەمان بە هەند وەربگیرێ، لەبەر ئەوەی كە پەرلەمانی كوردستان ڕاپۆرتی تەنها لیژنەی دیوانی چاودێری داراییمان نەبووە، هەروەها ڕاپۆرتمان نەبووە لەلایەن لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستانەوە، لیژنە مەعنیەكان كە نۆزدە لیژنەیە، تەنها لیژنەی دارایی و لیژنەی یاساییە، بۆیە لێرەوە پێشنیار دەكەم جارێكی تر ئەم پرۆژەیە، ئەم حیسابی خیتامیە بگەڕێتەوە بۆ هەموو لیژنەكان ڕاپۆرتی خۆیان لە بڕی ئەوەی كە ڕاپۆرتی چاودێری داریی نەبووە، بە وردە كاریەوە لەگەڵ وەزارەتەكاندا ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بكەن، هەروەها ئەو لیژنە تەحقیقیەی كە ئەندامانی پەرلەمان داوایان كردووە، هاوڕام لەگەڵیاندا كە لیژنەیەكی تەحقیقی ببێ بە بڕیار لە پەرلەمانی كوردستان، بۆ ئەوەی جارێكی تر بەم شێوەیە حیسابی خیتامی تێنەپەڕێ لە پەرلەمانی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ژمارانەی كە لە حیسابی خیتامیدا هاتووە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆربەی پەرلەمانتاران تێبینیان هەبوو لەسەری و، گومانیان هەبوو لە دروستی ژمارەكان، تەنانەت جیاوازی لە نێوان دوو كتاب لە ژمارەكاندا هەیە، جیاوازی هەیە لە نێوان حیسابی شەش مانگی یەكەم لەگەڵ حیسابی كۆتایی، لەبەر ئەوە كۆی ئەو تێبینیانە تەئكید لەوە دەكاتەوە كە پەرلەمانتاران گومانیان هەیە لە دروستی ژمارەكان و، هیچ بەڵگەیەكیش پشت ڕاستی نەكردۆتەوە كە ئەم ژمارانە ژمارەیەكی دروستن، ناشكرێت ئەستۆ پاكی بە حكومەت بدرێت لەسەر بنەمای سیقە، یەعنی ناكرێ بەوەی كە من تەنها سیقەم بە حكومەت هەیە

ژمارەیەکی بۆ من داناوە من ئەستۆ پاکی پێ بدەم و، تەئکید لەوە بکەمەوە بە یاسا کە حیسابەکە پەسەند بکەم و ئەو ژمارانە ژمارەی دروستن، زۆربەی پەرلەمانتاران باسیان لەوە کرد کە ئەوەی دەتوانێ ئەم کارە بکات دیوانی چاودێری داراییە، بۆیە بۆ ئەوەی کە ئەو گومانانە ئەگەر گومان و راستی نین، یاخود ئەگەر راستین، بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەکمان یەکلا بکرێتەوە، دوو رێگا هەیە، یان ئەوەیە کە لیژنەیەکی تەحقیقی پێك بهێنرێت وەك زۆر لە پەرلەمانتاران باسیان کرد، یان ئەوەیە کە پەسەندکردنی حیسابی خیتامیەکە دوابخرێت تا ئەو کاتەی کە دیوانی چاودێری دارایی پێك دەهێنرێت و تەئکید لە دروستی ژمارەکان دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەپرسم پەسەند بکرێ و، پەسەند نەکرێ یەعنی چی؟ یەعنی ئێمە قسە لەسەر مەوزوعێك دەکەین کە تازە رۆیشت، یەعنی حیسابی خیتامی باس لەوە دەکات باس لە تەحسیل حاسڵ دەکات ئەوەی کە لە (2011) سەرف کراوە، بۆیە ئیشی پەرلەمان، وەزیفەی پەرلەمان لە مەوزوعی حیسابی خیتامیدا پەسەندکرن و پەسەند نەکردن نیە، ئەوەندەی ئیشی تەحقیق کردنە لە وردەکاریەکانی بۆ ئەوەی بەرچاوی روون بێ بۆ دانانی بودجەی ساڵی داهاتوو، یەعنی (2013) لەم مەوزوعەدا، بۆیە ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمە لەراستیدا وردبینی کردنە لە هەموو ئەو مەسائیلانە و، دەریش کەوت کە رەخنە و تێبینیەکی زۆر هەیە لەلایەن هەموو لیژنەکان، بابڵێین ئەندامانی پەرلەمان لە هەموو لیژنەکاندا، بۆیە من جارێکی تر ئەو پێشنیارە بەو شێوەیە سیاغەی دەکەمەوە کە ئێمە لە بڕی پەسەندکردن و پەسەند نەکردن بیر لەوە بکەینەوە لیژنەیکی هاوبەش لە پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێری دارایی، بەو حوکمەیە کە ئێمە دیوانی چاودێری پەرلەمانی کوردستان تەعتیلی ئیشەکانی کردووە، مەفروز وایە پەرلەمان بەو وەزیفە هەڵسێ، با لیژنەیەکی هاوبەش بێ لە پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێری دارایی بۆ وردبینی کردن لە هەموو وردەکاریەکانی حیسابی خیتامی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا من رام وایە بڕگەی یەکەم و، دووەم پاش و پێش بخرێ ئەوەی پەیوەندی بە راپۆرتی لیژنەی داراییەوە هەیە، کە داوای ئیقرارکردنی پێشنیارەکانی دەکرێ، ئیقرارەکانی لەراستیدا بۆمان دەرکەوێ بە فیعلی تەسنیە دەکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر بڕگەی دووەم کە

پەسەندکردنی حیسابی کۆتایی حکومەتی هەرێم، یان حکومەتی هەرێمەکەش لابرێ، ئەگەر ئەمە حیسابی کۆتایی هەموو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانە سیاغە بکرێتەوە، بەلاًم من پرسیار لە وەزیری بەڕێز دەکەم، ئایا ئەم ئیقرارکردنە بێ بەری ئەم حیساباتانە دەکات لە فیلتەری دیوانی چاودێری دارایی؟ یان نا؟ دوو: لەراستیدا ئێمە چۆن هاوکاربین لەوەی کە ئەو واقع حاڵەی کە بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێ دەکات چۆن تێپەڕێنین، خاڵی تر جەوهەری کە پەیوەندی بە گفتوگۆ لەناو ئەم بابەتەوە هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە رای خۆمان بە سەریحی لەناو پەرلەمان بڵێین باشترە لە دەزگای تر بڵێین هەموو کەسێك سەربەستە لەوەی کە ئایا لەگەڵ ئەوە بێ ئەم حیسابە پەسەند بکرێ، یان دژی بوەستێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پەسەندکردنی حیسابی خیتامیەوە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە باسیان کرد، منیش پێموایە حیسابی خیتامی لە ئێستادا پەسەند نەکرێ لەبەر نا روونی، لەبەر ئەوەی وەلاًمەکانی وەزیر بەراستی موقنیع نین و، وەلاًمی هەموو پرسیارەکانی ئەندام پەرلەمانەکانی نەداوەتەوە، هەروەها من لەگەڵ پێك هێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەم دەربارەی حیسابی خیتامی، زۆر سوپاس.

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی منیش هەر وەکو دەیبینم شافافیەتی تێدا نیە لە سەرف کردنی بودجە، پلانێکی تۆکمەی نیە کە بۆ سەرف کردنی بودجە بە هەمان شێوە، هەروەها بە یاساش تەنەقول و دەست کاری بودجەی بە بێ یاسا کردووە، من پێموایە ئەوەی کە لیژنەی یاسایی نووسی کە بۆ تەصدیق کردنی ئەم بودجەیە دەبووایە ئێستا بینووسی با، ئەو پێشنیار و رەخنە و کەم و کورتیانەی کە لیژنەی دارایی دەست نیشانی کردووە هەموویان خستبا بەر دەستی ئێمە لەسەر ئەو کەم و کورتیانە ئەم یاسایە دەرکردبا کە ئێمە ئێستا دەنگی بۆ دابا و تەصدیق بکردبا، بەلاًم ئەوانەی نووسیە هێشتا ئەو راپۆرتە نەهاتیتە ئێرە ئێستا ئێمە نەمان خوێندیە و نە قسەمان لەسەر کردیە و بۆ خۆیان لە دەرەوە لەلای خۆیان لیژنەکە تەصدیقیان گۆتیە، ئەمە دەبێ تەصدیق بکرێ، من پێموایە ئەمە سەرپێچی یاسایە، دەبووایە هەر ئێستا بینووسی با، یەعنی دوای ئەم قسانە و ئەم گەنگەشە کردنە لەسەر ئەمە ئینجا ئەم خاڵانە دەست نیشان کردبا و ئەمەی هێنابا ئێرە تەصدیقمان کردبا، دەنگمان دابا بۆ ئەو خاڵانە گەڕاندباوە بۆ حکومەت کە شەفافیەت و ئەم خاڵانە چاك بکات بۆ ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەرکی پەرلەمان و، ئەرکی پەرلەمانتاران ڕێزم هەیە بۆیان، کاری ڕەقابیە ئێمە با بەروحیەتێك تەماشای حیسابی خیتامی بکەین، روحیەتی چاکسازی کردن بۆ ئاینده، ئەمەش بەوە دەبێ کە ئێمە هەوڵ بدەین کۆتی وا دابنێین یان بڕیاری وا بدەین کە ببێتە مایەی ئەوەی ساڵی ئاینده کە بودجە پەسەند دەکەین ئەو گرفتانەی زیادە ڕەوی، کەم ڕەوی، بە هەدەردانی تێدا دووبارە نەبێتەوە، ئەمەش تەنها دەکرێ کە بە لیژنەیەکی وا هەم پەیوەنداربن، هەم پڕۆفیشنال بن لە پەرلەمان پێك بێ ڕێگربێ بۆ بودجەی (2013) ئەو کەم و کورتیە، چونکە ئێمە یەکێك لە بۆشایە گەورەکانمان هەمووشمان دانی پێدا دەنێین نەبوونی دیوانی چاودێریە، با ئێمە ئەو فەراغە بەو شێوەیە پڕ بکەینەوە کە بە فیعلی لە مەنتیقی زۆرینە و کەمینە دەرچین، بۆ ئەوەی چاکسازی بکەین و هەنگاوەکە لە حیسابی خیتامیەوە دەست پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا تخوا ئەوە نوقتەی نیزامی بوو تو سەری خۆت؟ نزیك بوو، نوقتە نیزامە فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ئەوەی منیش لەوانەیە شتێك لەوەی کاك کاردۆ نوقتەی نیزامی بێ، ئەگەر نەڵێی نوقتەی نیزامیە، بەلاّم ئەو قسانەی کاك کاردۆ لەراستیدا لە جێگەی خۆیەتی و، جێگەی ئەوەیە ئێمە بە هەڵویستەوە بڕوانین، بەلاّم ئەمە لە کۆتایی نا، بەلاّم لە سەرەتاوە کە پێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکرێ فراکسیونی کوردستانی تەخوین نەکرێ بە هەندێ مەسەلە کە پەیوەندی بە ئیداراتی حکومەت و پڕۆسەی ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان و مەسائیلی مالیەوە هەیە، ئەم جوملانە هەندێك جار بە راستەوخۆ، یان نا راستەوخۆ لە کەناڵەکانی راگەیاندن پێش ئەوەی بچینە ناو تەفاسیلی موناقەشەی بودجەی خیتامیشەوە گوێ بیست بووین، بۆیە ئەم جۆرە تەسریح و ئەم جۆرە لێدوانانە بڕوابکە کارێکی کردووە ئێمە نەتوانین هەندێ مەسەلەی تر بە سەریح تر لەوان بیخەینە روو، بۆیە دۆخەکە لێڵکردنی لە بەرژەوەندی گشتی دانیە، کە ئەو جۆرە جوملە زبرانە وای کردووە ئەو لێڵکردنە بێتە کایەوە و نەتوانی دەست خەیت هەندێ کەلێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەوەی لیژنەی دارایی تەعقیبەن لەسەر قسەکەی کاك د. ئاراس، لە لیژنەی دارایی کە لە ئەخیری کردی، دەڵێم (تأنی) لەو قەراری پەسەندکردن بکرێ، بۆ (تأني)؟ ئینگلیز مەسەلەکیان هەیە دەڵێ ئەگەر قەرارەکی گرنگت دا (سلیپۆنت)، یەعنی وا لەسەری تێ بفکرە تۆ بتوانی حەکیم بێ لەو قەرارەت، پرسیارێکم هەیە لەسەر یەك فەقەرەی، ئیرادات ئەگەر زیاد بوو، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، ئیرادات ئەگەر زیاد بوو بەڕێز لیژنەی دارایی کاك د. ئاراس دەڵێ کێشە نیە، من دەڵێم کێشەیە هەندێك جار، کێشەیە ئیرادات دەبێ مەسدەری بێ لە کوێیە، ئایا لە غەرامەدا هاتووە؟ لە رسومات هاتووە؟ لە ئینتاجی مەعامل هاتووە؟ لە صادرات هاتووە؟ ئەوە بە حەد زاتی خۆی دەبێ تەحلیلەکی بۆ بکرێ، چونکە ئەگەر من بە نەزرەی هەندەسیش تەماشای ئەو فەقەرە و ئەو تەعلیقە بکەم، دەڵێم ئەگەر من مەقلەعێکم هەبێ رۆژی پرۆگرامم دانابێ چوار سەد بەردی لێ دەرهێنم، چوار هەزار بەردم لێ دەرهێنا مەقلەعەکە دەڕوخێ بەڕێزان، میزانیەش ئەوهایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کە بۆ پەرلەمانی کوردستان هاتووە حیساباتی کۆتایی هەموو موئەسەسەکانی هەرێمی کوردستانە لە ساڵی (2011)، ئەگەر وردبینەوە لەو خشتە و ژمارانەی کە هەن لەناو ئەو راپۆرتەی کە هاتووە بۆمان، بە نموونە تەنها یەکیان باس دەکەم، کە باس لە مووچە و دەرماڵە دەکرێت، واتە مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێم هەتا وەکو کەمترین پلەی ئیداری کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتبێت خەرجیەکەی رۆیشتۆتە ئەوێوە، بە هەمان شێوە بۆ بەشی وەبەرهێنانیش، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەم حیساباتە کۆتاییە پەسەند بکات، یان پەسەندی نەکات، لەسەر چ ئەساسێك دەیکات؟ ئەساسەکەی بە باوەڕی من ئەوە نەشی کات کە لە مەراجیعی عیلمیدا بۆی گەڕاوم، تەماشام کردووە پێوانەکەی ئەوەیە چەند حیساباتی  ختامی یان حکومەت ئەو ئالیەت و سیاسەتانەی کە بۆی دانرابوو لە قانونی موازەنەی (2011) بەکاری هێناوە و گەیشتووە بە ئامانجەکان ئەمە باشترین پێوانەیە بۆی، زائیدەن تەسبیت کردنی ئەو کورت هێنانەیە کە هەیە لە کۆتایی ساڵی (2011)، ئەوەی پەیوەندارە بە کەم و کوڕی، یان ئەگەر شەخسێك، یان وەزارەتێك بە جۆرێ لە جۆرەکان لە دەرەوەی یاسا مامەڵەی بە پارە و پوولی هەرێمی کوردستان کردبێ، پەسەندکردنی ئەم بودجەیە، ئەم حیساباتە مانای ئەوە نیە ئەو شەخصە یان ئەو موئەسەسەیە بە دەربکات لە بەدوا داچوونی یاسایی، چونکە ئێمە یاسای دیوانی چاودێری داراییمان هەیە، لە ماددەی (14) برگەی چواردەمی بە سەراحەت ئەوەی هێناوە کە دیوانی چاودێری دارایی دەتوانێ چوارچێوەی بەدوا داچوون و چاودێری بۆ موئەسەسەکەی خۆی دەست نیشان بکات، زائیدەن ئێمە یاسای

داواكاری گشتیمان هەیە، ئەگەر زانی لە شوێنێك سەرپێچیەك یان كەم و كورتیەك هەیە بە هەمان شێوە بەو یاسایە دەتوانین بەدوا داچوون بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من نەمویست موداخەلە بكەم لەسەر ئەمە، بەڵام چونكە خاڵی دووەمی ئەم یاسایە كە داڕێژراوە كە باس لە ئیقرار كردنی راپۆرتی لیژنەی دارایی دەكات پێشنیارەكانیان، هەرچی ئەم دیوو ئەو دیوم كرد پێشنیارێكی تێدا نەبوو، هەموو پرسیار بوو راپۆرتی لیژنەی دارایی، ئیقراری چی دەكات؟ ئەمە یەك، دوو هاوكارم بەڕێز كاك عمر دەڵێ ئەمە لیژنەی دیوانی چاودێری دارایی، منیش (بالفعل) پشتگیری دەكەم، بەڵام دیوانی چاودێری دارایی تا ئێستا راپۆرتی نیە، ئێمە وەكو لیژنە كۆبوونەوەی چی بكەین، راپۆرتی چی بنووسین، موقارەنە لە بەینی چی وچیدا بكەین؟ ئەم راپۆرتە هەمووی ئەرقامە بە عام هێناویەتی من چوزانم كامە نەفەقاتی تەشغیلی وەزارەتی كارەباكەی كە عائیدی لیژنەكەی منە لە كوێ بیهێنم؟ چۆن موقارەنەی كەم؟ ئەمە كەی ئیشی پەرلەمانتارە؟ ئەمە ئیشی دیوانی چاودێری رەقابیە، مادام ئەو نیە ئەمە یەك، دەبێ لیژنەی دارایی ئەم پرسیارانەی وەڵام بداباوە پێشتر، مادام ئەم دوو شتە هیچ كامیانی تەحسیل حاسڵ نیە، بۆ ئێمە بكەوینە بەردەم مەسئولیاتی حیساباتی خیتامی یەك دەنگ بین، بە حیساباتی خیتامیدا كە هەموومان گومانمان هەیە لەسەر هەموو رەقەمەكانی، لەبەر ئەوەی رەقەماكان جیا نین، ببوورە، ببوورە بەشێك، هەندێكمان، هەندێكی زۆر كەممان گومانمان هەیە لەسەر ئەم رەقەمانە، ئەوانی تر هەموو باوڕیان هەیە داوای لێبووردن دەكەم،،،،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئەوە دەڵێ داوای لێبووردن دەكەم، زیاتر چی تر، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێكمان گومانمان هەیە لەسەر ئەم ئەرقامانە، ناتوانین بڵێین راستە، ناتوانین بڵێین نا راستە، لەبەر ئەوەی كاتێك كە وەزیری بەڕێز وەڵام دەداتەوە بە رەقەم، من لێرەوە حیساباتێكی سەریع دەكەم سەیر دەكەم وا دەرناچێت، لەوانەیە ئەوەی من غەڵەت بێ، لەوانەیە ئەوەی وەزیر غەڵەت بێ، بۆیە دەبێ دیوانی چاودێری ئەم ئەركە بكات، لەبەر ئەوە ناكرێ ئێمە وەكو پەرلەمان بكەوینە ژێر ئەم مەسئولیاتە، ئەو كات حكومەت دیسان جارێكی تر پەرلەمان تاوانبار دەكات وەكو چۆن ئێمە دەنگمان نەدا بە بودجەی پێشوو، لەبەر ئەوەی عەجزی تێدابوو، ئێستا ئەوەتا پێمان دەڵێ ئێوە خۆتان ئیقراری بودجەتان كردووە، خۆتان ئیقرارتان كردووە، دەنگمان نەدا بە سەرۆكی دیوانی چاودێری دوای ساڵێك بەبێ ئەوەی هیچ ئیشێ بكات

تەقاعود بوو رۆیشتە ماڵەوە، هەر عەینەن شت خۆتان زانیتانە چۆنە با ئەمەش نەبێتە هەموو شتەکانی تر، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ماق مرۆڤ دەڵێ قسەی زبر وامان لێدەکات هەندێ جار هەندێك قسە هەیە نەیکەین، بەراستی بە (رد فعل) ئیش ناکرێت، ئەم شتە مادام دەزانین گومانمان هەیە لەسەری هەندێکمان خۆزگە دەنگمان پێ نەدایە، بۆ ئەوەی دیوانی چاودێری رەقابی راپۆرتی خۆی بنووسێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید ئەوە چەندجارە قسە بکەی؟ فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بودجە و ئەم حیسابی خیتامیە نا تەواوە، هی هەموو دەزگاکانی هەرێم نیە، بەم جەدوەلەی کە حکومەتی هەرێم خۆی ناردوویەتی بەس تەنها بەم جەدوەلە، یەك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هەرێم سفر، سەرۆکایەتی پەرلەمان سفر، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری سفر، ئیجازە بدە،،،،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە خۆ موناقەشە ناکەیتەوە جارێکی تر کاك حەمە سعید، ئێمە لەسەر خاڵی یەکەم قسە دەکەین، تکایە دانیشە، بۆ ماوەی نیو سەعات دانیشتنەکەمان تەئجیل دەکەین، ئیسراحەتێك دەکەین، کاتژمێر (1:30) دادەنیشینەوە، تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، هەر پێم خۆش بوو ئاگادارتان بکەمەوە لەوەی کە بودجەی 2013 هاتووە، بە پێی ماددەی 79 خاڵی دووەم، ئاراستەی لێژنەی دارایی و ئابووری کراوە، هەموو لێژنەکانی تر دەتوانن بچن لە لێژنەی دارایی و ئابووری دیراسەی بکەن و لە ماوەی 15 ڕۆژدا لێژنەکان راپۆرتەکانی خۆیان ئاراستەی لێژنەی دارایی و ئابووری بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش دوا راپۆرتی خۆیان بنووسن بۆ موناقەشە کردن لەسەری، دیارە ئێمە لە بەرنامەی داهاتووشمان بەیانی دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، ئێستاش دێینەوە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، داوا لە لێژنەی هاوبەش کە لێژنەی دارایی و یاساییە، بفەرموونە سەر سەکۆ، هەر وەکو ئێمە لە سەرۆکایەتی هەموو ئەو ڕەئیانەمان هەیە، سێ ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان دەڵێت ئەم حیسابی خیتامیە ڕەت بکرێتەوە، ڕەئیەکی تر دەڵێت لێژنەی تەحقیقی بۆ دابنرێت، ڕەئیەکیش هەیە دەڵێت پەسند بکرێت، کەواتە هەرسێکیان یەك، یەك دەخەینە دەنگەوە، ئێستا ڕەئی یەکەم کێ دەڵێت ئەم حیسابە خیتامیە ڕەت بکرێتەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 29 کەس دەڵێت ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدا نیە کە ڕەت بکرێتەوە؟، 46 کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە پەسند بکرێت و بمینێتەوە، ئینجا ڕەئیەکی تر هەیە دەڵێت: لێژنەیەکی تەحقیقی بۆ دابنرێت، کێ لەگەڵدایە کە لێژنەیەکی تەحقیقی بۆ دابنرێت؟، 31 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە لێژنەی تەحقیقی بۆ دابنرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی هاتووە وهەروەها بڕوات دەستی بەرز بکاتەوە؟، 49 کەس لەگەڵ لێژنەی تەحقیقیدا نیە، ماددەی یەکەم بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، فەرموون بۆ ماددەی دووەم، فەرموون ئێستا بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگ.

**بەڕێز عەونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی قەرارەکە بەو شێوەیە دەبێت:

قرار رقم (____) لسنة 2012، قرار تصديق الحساب الختامي لسنة 2011

1-تصديق الحساب الختامي لحكومة اقليم كوردستان-العراق للسنة المالية 2011.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدايە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 52 كەس پەسنديان كرد، كێ لەگەڵدا نيە؟، 29كەس لەگەڵدا نيە كەواتە بە زۆرينەی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ برگەی دووەم.

**بەڕێز عەونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2-اقرار تقرير لجنة الشؤون المالية و الاقتصاد لبرلمان كوردستان-العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەيە لەسەر ئەمە؟، كاك پێشەوا مولاحەزەت؟ هەيە فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەم هەيە لەسەر ئەم ماددەيە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەسەر برگەی دووەم قسەی هەيە با ناوی بنووسين، ئەم بەڕێزانە قسەيان هەيە، كاردۆ، دڵشاد حسين، ئەحمەد وەرتی، كاك عدنان، كوێستان محمد، ئاشتی عەزيز، عومەر نورەدينی، حاجی بيلال، كاك حەمە سعيد، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەوەی لە خاڵی يەكەم كە پەيوەندی بە پەسندكردنەوەكە هەبوو، پەسند كرا، بەڵام چەندين دانيشتنە پەرلەمانتاران تێبينی خۆيان و سەرنج و رەخنە و ئەوەی كە هەبووە گوتيانەوە و بە شێوەيەك لە شێوەكان لە لێژنەی دارايی ئەمە دووبارە كراوەتەوە، زۆری بە پرسيارە، بەڵام ئەم پرسيارانە ئێمە لە بەڕێز وەزيری دارايی وەڵامەكەمان نەبيست، بۆيە پێمان وايە كە پێويستە ئەم ڕاپۆرتە سەرەڕای ئيزافە كردنی تێبينی و سەرنجی پەرلەمانتاران، حكومەت پابەند بكرێ بە جێبەجێكردنی لە ساڵی 2013، بۆ ساڵی 2013 ئەم خاڵانەی كە لێرە دياری كراوە، بە هيچ شێوەيەك نابێ لە بودجەی ساڵی 2013 دووبارە بێتەوە و حكومەت ئيلزام بكرێ بە پابەند بوونی، بۆيە لە كاتی موناقەشەكانمان ڕێگر بين لەوەی كە وەكو ساڵان موناقەشە بكەين كە هيچ نەتيجەيەكی نەبێ، ئێمە لە كاتێكدا كە پەسندی حيسابی خيتامی يان بودجەيەك دەكەين، ئەگەر گفتوگۆكانمان بۆ پێشنيارێك يان ڕێگرتنێك نيە يان بۆ دياريكردنی بەرپرسياريەتيەك نيە، بۆ چی بێتە پەرلەمان؟، بۆ چی ئەو حيسابە خيتاميە هاتيە؟، ئەگەر ئيزافەيەك ناخاتە سەر ئەوەی نەيەڵێت ساڵی ئاينده دووبارە بێتەوە، لەبەر ئەوە من پێموايە بۆ ئەوەی نەتيجەی

هەبێت، دەبێت ئـەو ڕەخنـە و پێشـنیارانەی کـە لێژنـەی دارایـی دەق نووسـی کـردووە یـان لێژنـەی یاسـایی بیخاتە سەر ڕاپۆرتەکە و لەساڵی 2013 ڕێگە نەدەین دووبارە بێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ئاراس بۆ دواتر جواب نادەیەوە؟، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك کاردۆ ئێستا ئامـاژەی پێـدا لـە فەقـەرە (3)دا ڕوونکراوەتـەوە لـەو پـرۆژە یاسـایەی کـە لێژنـەی یاسایی پێشکەشی کردووە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی کە ئەبێ بە ڕاپۆرتی لێژنەیەك لە لێژنەکانی پەرلەمان پێویستە ئـەو تێبینیانـەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر حیسابی خیتامی دەریان بڕیوە ئیدراج بکرێت لە ڕاپـۆرتی لێژنـەی دارایـی، بـە تایبەتی ئەبێ، پێموایە پێشنیار دەکـەم پێشـێلکردنی بڕگـەکانی مـاددەی 32 و 33 ئیـدارج بکرێـت کـە بـە فیعلی پێشـێلی ئـەو دوو ماددەیـە کـراوە، چونکە حیسابی جێبـەجێکردنی پـرۆژە بەردەوامـەکان نـەکراوە، پێشێڵ کردنی ماددەی 33 و دووەم پێشـیلکردنی مـاددەی 32 حکومـەتی هـەرێم پابەنـد دەبـێ بـە ئـەنجام نەدانی گواستنەوە لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ سەر بودجەی گشتی، ئەوە ئیدراج بکرێ بۆ ئـەوەی لـە سـاڵی داهاتوو دووبارە نەبێتـەوە، سـێیەم، جگـە لـەو تێبینیـە گشـتیانە داوا بکـرێ لـە حکومـەتی هـەرێم منحـەی ئەحزاب بە قائیمەیەك بنێرێت بۆ پەرلەمان بۆ لێژنەی دارایی و ساڵانە لەگەڵ حیسابی خیتامی بینێرێت، چوارەم داوا بکرێت، هەر ئیدراج بکرێ بۆ حیسابی خیتامی تەفصیل بێ، روون بێ، دەزگاکانی هـەرێم هـەر لە پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، ئەنجومەنی وەزیـران و وەزارەتەکان بە ڕوونـی لـە حیسـابی خیتـامی لـە داهاتوودا هەبێ، بۆیە پێموایە هەموو ئەو تێبینیانەی ئەندامانی پەرلەمان لە ڕاپۆرتێکدا ئیدراج نـەکرێت، ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەند نابێ، چونکە ڕاپۆرتەکە تەنها شتی گشتی تێدایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ورتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـە پێـی بڕگـەی دووەم لـە ڕاپـۆرتی لێژنـەی یاسـایی کـە ئیقـرار کردنـی پێشـنیارەکانی لێژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری پەرلەمانـە، هەڵبەتـە ئـەو ڕاپۆرتـە ئـەو کاتـە نووسـراوە کـە ئـەو ڕوونکردنەوانـە لێـرە

نەدرابوون، چ لە لایەن لێژنەکەوە و چ لە لایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە، چ ئەو سەرنجانە کە خرانە ڕوو لە لایەن ئەندام پەرلەمانەوە، مەبەست لێرە لە پێشنیارەکانە، چونکە هەندێك تێبینینە لێرە لە لایەن لێژنەی داراییەوە خراوەنەتە ڕوو بە ناوی تێبینییەوە زیاتر بووە و بە ناوی موقتەرەحەوە نەبووە، هەندێك داوای ڕوونکردنەوەی کردووە و دواتر جەنابی وەزیر هەندێ ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەو تێبینیانەی داوە، پێویست بوو ئێمە پۆلۆنێکی دیکە بۆ ئەو پێشنیار و تێبینیانە بکەین کە هەم لە لایەن لێژنەی داراییەوە خراونەتە ڕوو و هەمیش لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەوەی کە زیاتر لێرە وەکو پێشنیار دێتە بەرچاوم، ئەوەی کە لە لاپەڕە 12دایە تێبینی لێژنەی دارایی بۆ نوێنەری حکومەت، ئەوە یەکێکیان تایبەتە بە مەسەلەی (سحب علی المکشوف) کە پێشنیار دەکات بۆ بەڕێز وەزارەتی دارایی کە لە کاتێکدا ناچار نەبن پەنا بۆ ئەم ڕێگایە نەبەن، بۆ کەمکردنەوەی بڕی خەرجی بۆ بودجەی ئاسایی و نائاسایی و بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، نەك پەنا بەرنە بەر (سحب علی المکشوف)، ئەوەی تر کە لە خاڵی 13 م کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان داهاتی خەملێندراوی ناوەخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011 و داهاتی فیعلی بەدەستهاتوو بە مەبەستی ڕەچاوکردنی ئەو خاڵ و داهاتەدا کە پێویستە خەملاندن تا ڕاددەیەك نزیك بێت لە واقیعەوە، یەعنی تەقریبەن ئەوە دەتوانین بڵێین ئەم دوو خاڵە زیاتر لە پێشنیاری لێژنەی دارایی ئەچن، ئەوانی دیکە تێبینییە و دواتر داوای ڕوونکردنەوەی کردووە لە نوێنەری حکومەت کە لێرە هەندێك ڕوونکردنەوەی داوە و دواتر سەرنجەکانی ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە من دەڵێم ئەم خاڵە و ئەم بڕگەیە ئەبێ پۆلنی، بکەین، پێشنیارەکان کامەنە و کامە خاڵە کەوا پەرلەمان دەنگی لەسەر داوە و دەبێ ئیقرار بکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا منیش ئەگەر بە ئەرك نەبێ، لێژنەی دارایی و ئابووری ئەو پێشنیارانەمان بخەنە بەرچاو و یەك یەك بۆمان بخوێننەوە کە ئێمە دەنگی لەسەر ئەدەین، چونکە بەڕاستی ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەشدا هاتووە کۆمەڵێك زانیاری تێدایە، ئەوەی زانیارییەکانی حکومەتە کە ناردوویەتی و زائیدەن کۆمەڵێك پرسیاریان کردووە لە نوێنەری حکومەت و نازانم تا چەند وەڵامەکان موقنیع بوو بۆ لێژنەی دارایی، بۆیە پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە بدرێ، پێشنیار دەکەم ئەگەر بە ئەرك نەبێ پێشنیارەکانمان بۆ بخوێننەوە یەك بە یەك بۆ ئەوەی بزانین پێشنیارەکان چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ماددەی (2) بكەین، موفتەرەحاتمان گۆڕی، كردمان بە (اقرار تقرير لجنة الشؤون المالية و الاقتصادية لبرلمان كوردستان-العراق)، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی دیكەش هەیە دەربارەی (سحب على المكشوف)، من ئاماژەم پێدا، ئەگەرچی ئێمە پێشنیارمان كرد، ئەكرێ ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، بزانین هەموویان ڕازین؟ن چونكە ئەوە تەنها بۆچوونی زۆرینەی لێژنەی داراییشە نەك هەمووی، ئێمە هەستمان بە ترسناكی ئەو كارەمان كردووە، بەڵام ئەگەر ئیقرار كرا (سحب على المكشوف) نەبێت، ئەو كاتە نابێ ئیلزامی حكومەتیش بكەین بە نەفەقاتی زیاتر لە توانای خۆی و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ ئەگەر هەر ئیقراری پێشنیارەكە بێت وەكو كاك ئاراس باسی كرد كە گۆڕاوە، یەعنی جاری ئێمە هەموومان دەزانین هیچ پێشنیارێك نیە لەم ڕاپۆرتە، هیچ پێشنیازێكی تێدا نیە، من لە بیرمە بۆ حیسابی خیتامی 2009 لێژنەی دارایی چەند پێشنیازی كرد، چەند خاڵێكم لە بیرە، باس لەوە كرا كە حیسابی خیتامی بۆ نموونە لە كاتی خۆی بێت بۆ پەرلەمان، باس لەوە كرا كە هەوڵ بدرێ بۆ كاراكردنی دیوانی چاودێری دارایی، ئەمانە بەشێك بوون لە ئیقتیراحەكانی لێژنەی دارایی كە تەصدیقی كرد، دیارە لە 2009 وە هەوڵ دراوە بۆ دیوانی چاودێری دارایی و تا ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە و دیارە وەزیفەی ئەویشە و نایكات، بەهەر حاڵ ئێستا هیچ نابێنین یەعنی خاڵێكی دیاریكراو نیە لەم راپۆرتە كە وەكو پێشنیاز لەبەردەم حكومەت بێ، ئەگەر ئیقراری تێبینیەكان بێت وەكو ئەوەی جەنابی دكتۆر باسی دەكات، ئیقراری تێبینیەكان ئەوە حكومەت وەڵامی داوەتەوە، حكومەت بە نووسراو وەڵامی داوەتەوە و لێژنە باسی نەكردووە، موقنیعە بە وەڵامەكانی حكومەت، وەڵامەكانی حكومەت تەواو، دروستە، نا دروستە، بۆیە ئەم تێبینیانەی كە لێژنە داویەتی حكومەت وەڵامی هەبووە لەسەری و بە نووسراو پێمانی داوە، بەڵام وەڵامی لێژنەی دارایی چییە؟، من پێم سەیرە بەڕاستی كە ئەمە دەنگ لەسەر بڕگەیەك بدرێ و بڕگەكە ئەم دیوی كارێكی زۆر نارێكە و ئەو دیویشی، نە پێشنیاز هەیە و تێبینیەكان وەڵام دراونەتەوە، مەفروز وایە تۆ لە تەصدیقی بودجە كۆمەڵێك خاڵت لە لا گەڵاڵە بووبێت، پەرلەمان لەم چەند رۆژەی گفتوگۆكانیدا چەند خاڵێكی لە لا گەڵاڵە بووە، كۆمەڵێك مولاحەزات بووە و ئەمانە دەكرێت ببێتە پێشنیاز خۆ ئەگەر (اضعف الایمان) ئەگەر ئەم پەرلەمانە لە توانای ئەوەدا نەبێ باس لەوە بكات كە حیسابی خیتامی لە كاتی خۆیدا نەبێ، كۆتایی ساڵ حیسابی خیتامی گفتوگۆی لەسەر بكرێ، خۆی مەفرووزە لە مانگی چوار بێت ئەو پەڕی مانگی پێنج بێت، باشە باس لە دیوانی چاودێری بكات كە زۆربەی ئەندامەكان باسیان لەوە كرد، باس لە

کۆمەڵێك خەلەلی عوقدەیی ئەم حیسابە خیتامیە کرا و بودجەکە کرا کە وەڵام نەدراوەتەوە، مەفروز وایە کە لە پێشنیازەکانی لێژنەی داراییدا باس لەوە بکرێ کە حکومەت چۆن جارێکی تر و بە شێوازێکی تر قسە لەسەر ئەوە بکات، بۆ نموونە ئێمە قسەیەکی زۆر گرنگمان کرد کە لە حیسابی خیتامیدا ناکرێت تۆ مامەڵە لەگەڵ پەرلەماندا دەکەیت لە غیابی دیوانی چاودێری، ناکرێت تۆ تەنها بە کۆمەڵێك ژمارە و بە کۆمەڵێك خانە و بە کۆمەڵێك جەداویلی مردوو تەعامول لەگەڵ پەرلەماندا دەکەیت، پەرلەمانێکە لەوانەیە لە هەندێ بواردا خیبرەی نەبێت، یەعنی لێژنەکان راوێژکاریان نیە، لێژنەی دارایی راوێژکاریان نیە، لێژنەکانی تر ڕاوێژکاری دارایی و موحاسەبە و ئەوانەیان نیە، باشە ئێمە داوای ئەوەمان کرد کە لێژنەی دارایی مەفروزە ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل تر لەسەر یاساکە، لەسەر بەندەکانی یاساکە و لەسەر ماددەکانی یاساکە بداتە پەرلەمان و بڵێت من ئەم ماددەیەم ئاوا کرد و ئەم ماددەیە نەمانتوانی و ئەم ماددەیە کەمی هێنا و ئەم ماددەیە کورتی هێنا، مەفروزە حیسابی خیتامی بەرچاو ڕۆشنی بێت بۆ یاسای موازەنە، تۆ بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی کە وزارەتی دارایی ئەیداتە پەرلەمانی کوردستان تۆ لەسەر بنەمای ئەوە ئەتوانی زیادی بکەی و کەمی بکەی، یەعنی کۆمەڵێك مەسائیل هەیە کە لە موازەنەیساڵی داهاتوودا ئەیخەیتە بەرچاوی خۆت، ئێ خۆ مەفروزە بە لانی کەم داوا لە وەزارەت بکەن و داوا لە حکومەت بکەن بڵێن کاکە کە حیسابی خیتامی ئەنێرن ئەم کلێشەیە کە لە بەغداوە بۆتان دێت و خانەکانی پڕ ئەکەنەوە بۆمان بنێرن، یان کە ئەینێرن هاوکات لەگەڵیدا راپۆرتێکی تێر و تەسەل خودی یاسای بودجەکە بۆمان بنێرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئێمە تەنها یەك پێشنیارمان کردووە ئەوە کە پێشتر باسم کرد، بەڵام ئەگەر سەیری کۆنووسەکەمان بکەی وتوومانە گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە کە ژمارە و هێڵە گشتیەکانی ڕاپۆرتی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، ئیشی ئێمە بەراستی تەدقیق نیە، دوایی ئێمە ئەو ڕاپۆرتە ئاراستەی هەموو لێژنە هەمیشییەکان کراوە، لە هیچ لێژنەیەکەوە تێبینیمان بۆ نەهاتووە، لە هیچ لێژنەیەکەوە پێشنیارمان بۆ نەهاتووە، ڕاستە ئێمە لێژنەی موختەصین، لێژنەی موختەص تەنها ئاماژە بە وەزعی حیساباتی کۆتایی دەکات، ئەڵێ ڕەقەمە سەرەکییەکان ئەمانەن، کەم ڕەوی لەوەدایە، زیادڕەوی لەوەدایە، ئیتر دوایی ئەوەی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەری یان گفتوگۆ لەسەری بۆ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەگرێتەوە، ئێمەش ئاماژەمان پێداوە و وتوومانە تەنها ژمارە گشتیەکانی و حیساباتی خیتامی بەو شێوەیە، خۆ ئەگەر لێژنەی دارایی بیەوێ حیساباتی خیتامی تەدقیق بکات و هەمووشمان توانای تەدقیقمان ئەبێ بە دوو ساڵ بۆمان تەواو ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی كاك پێشەوا و كاك عدنانم هەیە، ئەم ڕاپۆرتەی لێژنەی دارایی پێشنیاری تێدا نیە، هەر ڕوونكردنەوە و دووبارەكردنەوەی زانیارییەكان و پرسیارە، لەبەر ئەوە وەزارەت لە بڕگەی دوو و سێ ئیلزام ئەكەن چی جێبەجێ بكات؟، یەعنی من پێموایە ئەو دوو بڕگەیە هەر زیادە، چونكە شتێكی تێدا نیە كە لەم راپۆرتەدا حكومەت ئیلزام بكەی كە جێبەجێی بكات، پێشنیاری تێدا نیە، ئەی چی جێبەجێ ئەكات؟، بۆیە بەڕای منەوە ئەو دوو بڕگەیە هەر زیادە، هەر پەسندی بكەن وەكو خۆی و تەواو و لە داهاتووشدا پێویست ناكات لێژنەی دارایی ئەزیەت بكێشێت و راپۆرت بنووسێت كە ئیش بە راپۆرتەكەی نەكردیە و راپۆرتەكەیان بەس دووبارەكردنەوەی زانیارییە و پێشنیاری تێدا نەبێ، ئەو راپۆرتانە بۆ ئەنووسرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راپۆرتی لێژنەی دارایی، من بڕوام وایە بێجگە لە پێشنیار، كۆمەڵێك پرسیار كراوە، یەعنی ئەم پرسیارە بۆیە ئێمە لە سەرەتاوە قبوڵمان بووە لەبەر ئەوەی بڕوامان بووە لە جەوهەری كەم و كوڕی بودجەی داوە پرسیارەكان، ئەندامانی پەرلەمان لە چاوەڕێی ئەوەدابوون لە پرۆسەی قسە كردن و گفتوگۆكردندا وەڵامەكان وەربگیرێت، بۆیە پرسیارەكان قبووڵە، یەعنی ئەو پرسیارەی كە لێژنەكەی بەڕێزتان كردوویەتی كۆمەڵێك پرسیاری زۆر زۆر جەوهەریە كە ڕەبتی بە بودجەوە هەیە، لە خاڵی پێنجدا ئاماژە بە جیاوازی ژمارە ئەكەیت، یەعنی باس لە تێچوون و كورتهێنانەكان ئەكەیت لە شوێنێكدا بە سێ ترلیۆن و لە خوارتر بە چوار ترلیۆن، ئایا لێژنەی دارایی وەڵامی لەسەر ئەمە وەرگرتووە؟، لە خاڵی شەشەمدا پرسیارێك ئەكەی كە بۆ بڕی وەبەرهێنان پرۆژەكان و جێبەجێكردنی ئاستی ئەدائی حكومەت نزمە لە 49٪ كە لە نیوەی كەمترە، داوای ڕوونكردنەوەت كردووە، ئایا وەكو لێژنەی دارایی كە ئەم پرسیارە گرنگ و جەوهەریانە كە ڕەبتی بە فەلسەفەی ئیقتیصادی ئەم هێڵكاریە ئابووریەوە هەیە ورووژاندووتانە، ئایا وەڵامەكانتان وەرگرتووە؟، بۆیە من پێشنیار دەكەم بە پێی تێبینیەكانی ئێمە بێت وەڵاممان وەرنەگرتووە وەكو ئەوە كە بەڕێزیشتان ئیختیصاصین، ئەگەر وەڵامتان وەرگرتووە بە بڕوای من ئەبێ لە كۆتایی راپۆرتەكاندا، چونكە ئەمە مەسئولیەتێكی نیشتمانیە ئەبێ ئیقرار بكەن بە بڕگەیەك بڵێن وەكو لێژنەی دارایی ئێمە لە 70٪ یان لە 80٪ی وەڵامەكانی ئەو پرسیارانەی كە كردبوومان لە بەڕێز

وەزیـری دارایـی وەرمـانگرتووە، بـۆ ئـەوەی بچـێتە پرۆتۆكۆڵـەوە، نـاكرێ ئێـوە بـە كۆمـەڵێك پرسـیار لـە مەسئولیەتەكە بڕۆنە دەرەوە كە لێژنەی ئیختیصاصین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك دكتۆر پێش ئـەوەش باسـی كـرد، ئێمـە عـەرزی حاڵـەتێك بـۆ هـۆڵی پەرلـەمان بـۆ بـرادەران دەكـەین و دەڵێین بەڕێزان ئەمە، ئەوەی ئێمە لێی شارەزا و تێگەیشـتووین ئەوەیـە لەبـەردەمتان، ئیقـرار كـردن و نـە ئیقرار كردن، پەسند كردن و نا پەسندكردن عاید بە ئێوەیە، ئێمە ئەوەی لێـی تێگەیشـتین عـەرزمان كـرد بۆ جەنابتان، پرسیارە، داواكارییە، ڕوونكردنەوەیە، هـەر چـی بێـت لـەناو ڕاپۆرتەكـەدا هـاتووە و عـەرزمان كرد، ئیتر موناقشەی لەسەر كرا، ڕەئی ئەخیریش بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە پەسەندی بكەن یان نا؟ ئێمـە مـولزم نینە لە هەر پرسیارێك تەئكیدی بكەین و بڵێین ئەم پرسیارە ئەوها كـرا و وەڵامەكـەی ئـەوها بـوو و 70٪ یان 80٪ بە دڵمان بوو، برادەرانی ئەندام پەرلەمان گوێیان لە پرسیارەكە بوو، گوێیانیش لە وەڵامەكە بوو، ئازادن لەوەی قبوڵی بكەن یان قبوڵی نەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پشـتیوانی دەكـەم لـە ڕاپۆرتەكـەی لێژنـەی دارایـی كـە لـە بڕگـەی دووەمـدا دەڵێـت: ئیقـرار كردنـی پێشـنیارەكانی لێژنـەی كاروبـاری دارایـی و ئـابووری پەرلـەمانی كوردسـتان-عـێراق، تـەنها بـەوە نـەبێ كـە (ئیقرار)كـردنیش بكرێـت بـە (پەسـند)كردن، بـەو گۆڕانكارییـەی كـە لێژنـە ئامـاژەی پێـدا، چـونكە ئـەم ڕاپۆرتـەی لێژنـەی یاسـایی نـۆ ئەنـدامی لێژنـەی یاسـایی بـە هـەموو فراكسـیۆنەكانەوە و بـەبێ تەحـەفوز ئیمزایـان لەسـەر كـردووە و پشـتیوانیان كـردووە، هـەروەها سـەبارەت بـە ڕاپۆرتەكـەی لێژنـەی دارایـی و ئـابووری، ئەگـەر سـەیر بكـەین لـە ڕووی تەحلیلیـەوە وای كـردووە كـە زۆر پـرس هـەبن شـی بكرێنـەوە و كۆمەڵێك ڕاستی تر هەن كە بخرێنە ڕوو كە ڕەنگە، ئەگەر ئەو شی كردنەوە و ئەو تەحلیلەی ئەوان نەبایـە بەو شێوەیە بەرچاوی هەموو لایەكمان ڕوون نەدەبوو، هەروەها ڕاپۆرتەكـەیان كۆمـەڵێك پرسـیاری تێدایـە، هـەروەها لـە ڕاسـتیدا تێبـینی و پێشنیاریشـی تێدایـە، ئەگـەر سـەیری لاپـەڕە 12 بكـەین لێژنـەی دارایـی سەبارەت بە پەنا بردن بۆ (سحب على المكشوف) سەرنجیان هەبووە، هەروەها پێشنیاریان كردووە لە كاتێكدا ئەگەر حكومەت پەنا بۆ ئەم لایە بەرێ لە داهاتوودا چی بكەن؟، هەروەها سەبارەت بـە جیـاوازی لـە نێـوان داهاتی خەملێندراو بۆ ساڵی 2011 دیسان تێبینیان هەیە و پێشنیاریان هەبووە بۆ حكومەت، بۆیە دیسان

هەم شی کردنەوەی تێدایە و هەم پرسیاری مەنتیقی تێدایە و هەم تێبینی و پێشنیاری ئەوتۆی تێدایە کە لە داهاتوودا بەرچاوی حکومەت ڕۆشن دەکەن بۆ ئەوەی لە ئامادەی ژمێرەی کۆتایی هەوڵ بدات کە کاملتر و فرەلایەنیتر بێت، بۆیە پشتیوانی دەکەین بەو جیاوزییەی کە ئاماژەمان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوە بوو کە من لە رۆژانی رابوردوودا قسەم لەسەر ئەوە کرد کە لێژنەی ناوەخۆ و بەڕێزانی لێژنەی دارایی ئەڵێن هیچ لێژنەیەك راپۆرتی ئامادە نەکردووە، ئەوە دووەم جارە من ئەڵێم کە لێژنەی ناوەخۆ راپۆرتی ئامادە کردووە، داومانە بە بەڕێز وەزیری دارایی هەر خۆم بە دەست ناردم و داومان بە جەنابیشت، بۆیە داوا دەکەم ئەو سێ خاڵەی تێدایە و سێ پرسیاری گرنگی تێدایە کە هەموو لێژنەکەمان تەئیدی کردووە کە لێژنەی یەکەم ناوەخۆ، ئاسایش، ئەنجومەنی ئاساییش و لەگەڵ ئەنجومەنی خۆجەییەکان رەبتە پێوەی، بۆیە ئەو سێ پرسیارە هیچ نەبێ داوا دەکەم کە بخرێتە زمنی راپۆرتەکەی لێژنەی داراییەوە بۆ ئەوەی حکومەت کاری لەسەر بکات، بەداخەوە بەڕێز وەزیر جوابی نەدامەوە لە پرسیارەکانی پێشووتردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر ئاخیر تێبینی، تێبینی تا ئامادەکردنی ئەم کۆنووسە، هیچ جۆرە زانیارییەك و تێبینییەك لە لایەن لێژنە تایبەتمەندییەکانی پەرلەمانەوە نەگەیشتووتە لێژنەی دارایی، نەمانگوتووە نانووسن، گوتوومانە نەگەیشتیە، ئیتر سەبەبی نەگەیشتنەکە ئێمە نینە، بە دەست ئێمە نەگەیشتووە، ئێمە نەمانگوتووە راپۆرتیان ئامادە نەکردووە، فەرقە لە نێوان نائامادەکردن و نەگەیشتن، باسی نەگیشتنمان کردووە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو راپۆرتەی کە هاوکارانم لە لێژنەی دارایی ئامادەیان کردووە، من پێشەکی دەمەوێ پرسیارێك لە بەڕێزیان بکەم، ئایا ئەو پێشنیار و گفتوگۆیەی ئەم چەند رۆژەی رابوردوو کرا، دیارە بە هەموو

فراکسیۆنەکانەوە ئەوان هیچیان دەرج کردووە و نووسیویانە لای خۆیانەوە لە ڕاپۆرتەکەیان ؟، یان هیچیان نەنووسیوە، پێمان خۆشە ئەوەی کە نووسیویان لای خۆیان، ئەوەی کە قبوڵیانە بۆمان بخوێننەوە، ئەوەی کە قبوڵیشیان نیە هەر بۆمان بخوێننەوە تا بزانین دەنگ لەسەر چی ئەدەین؟، خۆ مەعقولیش نیە ئەو هەموو پێشنیار و قسەی ئەم خەڵکە هیچی بە کەڵك نەهاتبێ، ئەمە پرسیارێکە بۆ لێژنەی دارایی ئەگەر دوایی ئینشائەللا جوابم بدەنەوە، سەبارەت بەوەش من دیسان باسی ئەوە دەکەم سەبارەت بە لێژنەی شارەوانی، ئێمە کاتێك ئەم ڕاپۆرتەمان هاتە بەردەست، بە کۆی دەنگی ئەندامانی لێژنە بڕیارمان دا ڕاپۆرتی لەسەر نەنووسین لەبەر ئەوە بە ڕێکاری یاسایی نەهاتووە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری لەگەڵدا نیە، بە نووسراویش ئاراستەی سەرۆکایەتیمان کردووە و جوابمان داوەتەوە، یەعنی هۆکارەکەی جواب نەدانەوەی ئێمە بۆ ئەو ڕاپۆرتە نەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بووە لە کاتی خۆیدا، ئێستاش داوا دەکەم کە هەموو ئەو پێشنیار و داواکاری ئەندامان کە پێشتر قسەیان لەسەر کرد، هەمووی ڕێك بخرێ و بخوێندرێتەوە، ئێمە دەنگ لەسەر ئەوە بدەین و حکومەت ئیلزام بکەین بەوەی کە جێبەجێ بکات، نەك هەر پێشنیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانەو وئەو بۆچوونانەی کە هەبوو ئاراستەی جەنابی وەزیر کرا، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێ تۆمارمان کردووە، لە زیاتر لە 26 خاڵ کە زۆری تیکرار ئەبێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەو راپۆرتەی لێژنەی دارایی کە تێبینیە یان پرسیارە، وەزارەتی دارایی وەڵامی داوەتەوە، ئەوە یەك، کە وەڵامی داوەتەوە یەعنی ئەوانەی ئەوان وەڵامەکەی هەیە، ئیتر چۆن بکرێ بە بڕیاری راسپاردەی چیە؟، ئەوە یەك، خاڵێکی تر بەراستی منیش ئەو خاڵەم نووسیبوو کە کاك حاجی بیلال باسی کرد، ئەوە چەند رۆژە و چەند سەعاتە هەموو پەرلەمانتارەکان بێ جیاوازی کۆمەڵێك رەخنە، کۆمەڵێك تێبینی و کۆمەڵێك پرسیاریان کردووە کە پێویستە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی ئەو رەخنانە، من ناڵێم وردەکارییەکان و ئەوانە، من دەڵێم رەخنە گرنگەکان بیانکردایە بە راپۆرتێك و بەراستی ئەو راپۆرتە کە ڕای هەموو ئەندامانی تێدا بووایە دەنگی لەسەر بدرایە خاڵ بە خاڵ، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر پێم باشە لەم بڕیارە کە ئەمە پرۆژە بڕیارە، خاڵێك هەبێ کە ئیلزامی حکومەت بکات کە حیسابی خیتامی، یەکەم:

لەکاتی خۆیدا بێت، شەفاف بێت، بێ کەم و کوڕی و بێ سەرپێچی یاسایی بێت، بە وردی و تەفصیلی هی هەموو سەرۆکایەتیەکان و وەزارەتەکان و دەزگاکانی تێدا بێت، نەك بەو عمومیاتە کە ئەم خاڵە ئیلزام بێت، خاڵێکی تریش دیسان هەر ئیلزام بڵێت دەبێ کە حیسابی خیتامی جارێکی تر هاتەوە راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی تێدا بێت، ئەوە زۆربەی زۆری پەرلەمانتارەکان داوایان کردووە، خاڵێك باسی داهات بکات، گرفتی سەرەکی هەم لە بودجە و هەم لە حیسابی خیتامی بەراستی داهاتە، دەبێ داهاتەکان بە شەفافی و روونی و ئاشکرا بە دیاری کردنی سەرچاوەکانی و جۆری و بڕەکەی تێدابی، خاڵێکی تریش دەبێ موناقەلە نەکرێ، زیادە ڕەوی و پێچەوانەی یاسا لە بودجە سەرف نەکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ تێبینیت هەبوو؟، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتێك کە قسە لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەین، ئەوان چەندین پرسیار و با تۆزێك کاڵی بکەمەوە، چەندین تێبینی و چەندین سەرنجیان سەبارەت بە حیسابی خیتامی داوە، پرسیارەکانیشیان بۆ نموونە ئەوەی کە پەیوەندی بە یاساوە هەیە یان پێشێلکردنی یاساوە هەیە، ئێمە قسەمان لە سەر حیسابێکی بودجەی وەبەرهێنانمان کرد کە 49٪ یان ئەوان تەنفیز کردووە، بڕەکەی دیکە دیار نیە کە دەبێ لەناو سندوقەکە بێ، ئێمە دەبێ ئەمە بکەینە دەقێك کە تێبینی ئەوان دەقێك بێ جارێکی تر پێشنیارێك بێ حکومەت ئەم کەم و کورتیەمان بۆ دەربخات تا ساڵی ئاینده نابێ بودجەی وەبەرهێنان ئەم پارەی کە تەنفیز نەکراوە تیای نەبێ، یەعنی ئێستا ئەمە راستە تێبینیە، سەرنجە، بەڵام پرسیارە و پرسیارەکە لە لای ئێمە موقنیع نەبوو کە وەزیری بەڕێز دایەتی، پێشێلکاریەکەش پێشێلکاریەکی زەقی یاساییە، ئێستا مەعقولە ئێمە شتێك زیاد ناکەین و بڵێین کاکە نابێ ئەم پێشێلکاریانە لە بودجەی 2013 دووبارە بێتەوە؟، حکومەتیش ئیلزام بکەین؟، ئینجا کە راپۆرتی چاودێری داراییش دروست دەبێت ئەو کاتە راپۆرتەکەش دەبینین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەیەك کرا هاوکاری بەڕێزم کاك حاجی بیلال من بە پێویستی دەزانم راستکردنەوەیە بڵێم، هیچمان دژی ئەوەی نین کە رەقابەی مالی حیساباتی خۆی لەگەڵ راپۆرتی خیتامی بنێرێت بۆ پەرلەمان، بەڵام ئێمە لە لیژنە کۆبوونەوەمان نەکردووە بە کۆی دەنگ داوا بکەین کەوا هیچ راپۆرتێکمان نیە بۆ

ئەوەی بە رەسمی نەهاتووە بۆ ئێمە، چونکە بەراستی لەوانەیە ئەوەی بەرەسمی نەهاتبێ بۆ خۆی حکومەت ئەو مافەی دابێت بە سەرۆکی لێژنە کە خۆی ئەو قسەیە یان ئەو نووسراوە بنێرێت، بەڵام بە کۆبوونەوەی رەسمی، ئەوە زۆربەی ئەندامانی لێژنە لێرەن، بە کۆبوونەوەی رەسمی ئێمە کۆبوونەوەمان نەکردووە و ئەو بڕیارەمان دابێت کە هیچ راپۆرتێکمان نابێ لەسەر حیساباتی خیتامی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەندامی لێژنەی شارەوانیم، ئێمە کۆنووسمان هەیە، ئێمە دەفتەرێکمان هەیە کۆنووسەکانی تێدا دەنووسین، لە کۆبوونەوەی لێژنە کە دانیشتبووین بۆ کۆمەڵێك مەوزوع لە ناویشیدا مەوزوعی حیسابی خیتامی، ئەوەی کە کاك حاجی بیلال ئەڵێت ئێمە دەنگمان لەسەر داوە وتوومانە لەبەر ئەوەی کە بە رێکاری یاسایی نەهاتووە، دیوانی چاودێری دارایی نەیبینیوە و تەقریری نیە، بۆیە ئێمە ڕەتمان کردووتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم هەیە، وا ئەچێ سوء فەهمێك هەبێت لەسەر خودی راپۆرتەکەی لێژنەی دارایی، یەعنی بە بڕوای من دوو مەرحەلەی جیاواز هەیە لە راپۆرتەکە، لە کاتێکدا کە ئیمزا لەسەر ئەم راپۆرتە کراوە لە لایەن ئەندامانی لێژنەکەوە، ئیمزا لەسەر ئەوە کراوە کە بوێرانە ئەم راپۆرتە وێراویتی کۆمەڵێك هەڵە و کەم و کوڕی بودجە بخاتە ڕوو، بە پرسیار خستوویەتە ڕوو، بەڵام ئەم ئیمزایەیان لەسەر ئەوە حیساب ناکرێت کە ئەم ئەندامە بەڕێزانە کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان لەکاتی موناقەشەکردندا کە وتوویەتی دەستی خۆش بێت لێژنەی دارایی تەئیدی راپۆرتەکەیان ئەکەین، کاتێك تەئیدی راپۆرتەکەیان ئەکات کە ئەم راپۆرتە بە پرسیارەوە تێنەپەڕێ، بە وەڵامی پرسیارەوە تێبپەڕێ، ئیمزا لەسەر پرسیار کراوە لە مەرحەلەی یەکەمدا، لە مەرحەلەی دووەمدا هیچ حیکمەتێکی نیە ئەم پرسیارانە ئەگەر وەڵامێکی نەبێت، بۆیە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان جەنابت ئەندامی لێژنەی یاسایی؟، ئەی چۆن دیفاع لەوە دەکەی؟.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان و منیش لە زمنیان بووم کە وتوومانـە راپۆرتەکـە راپـۆرتێکی بوێرە و خاڵی گرنگی تێدایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لەسەر ئەصڵی مەوزوعەکە قسە بکەین، دیارە ماددەیەك هەیە کە ماددەی دووەمە، باس لە ئیقرار کردنی پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکات، باس لەوە ناکات کە سەرنج چیە و رەخنە چیە و پرسیار چیە؟، کە هەموو ئەوانە جیاوازن لە پێشنیار، بۆیە من دووبارەی دەکەمـەوە کـە هـەر وەکو سەرەتا داوام لە لیژنەی دارایی و ئابووری کردبوو بەو پێیەی کە ماددەکەش پەیوەندی بـە پێشـنیارەکانەوە هەیە، بە ئەرك نەبێ، ئەگەر پێشنیارەکانتان لایە، یـەك یـەك بۆمـان بخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی دەنگـی لەسـەر بدەین، ئەگەر پێشنیاریشتان نیە، با ئەو ماددەیەی ئیلغا بکەینەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ناوی من هات بۆیە حەزم کرد خۆم جوابی بدەمەوە، بۆ جوابی بـرای بـەڕێزم کـاك شـوان مـن بە بەڵگە قسە ئەکەم و بەڵگەشم ئەوەیە کۆنووسمان هەیە، هەمووومان ئیمزامان کردووە، ئەندامانی لیژنەی شارەوانیش لێرەن بە نووسراویش نووسیومانە و هیچ شتێکیش بە بێ کۆنـووس بـەڕێ ناکـەم لێـرە، راسـتە سەرۆکی لیژنەم، بەڵام کۆنووسمان هەیە و ئیمزامان هەیە، ئەو رۆژی کۆبوونەوەمان کردووە جا کاك شـوان لەوێ بووە یان نا؟ من لە بیرم نیە، بەڵام بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو کۆنووسەکە دێنم و لێرە پێشانتان دەدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی، ئەگـەر بگەڕێنـەوە بـۆ پـەیڕەو و پـرۆگـرام لـە ماددەکانی 79 تـا 85 ئامـاژە بـەوە نادات کە ئێمە راپۆرت ئامادە نەکەین تا راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2-اقرار تقرير لجنة الشؤون المالية و الاقتصاد لبرلمان كوردستان-العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لێژنەی دارایی وتی ئەم تێبینیانەمان هەمووی نووسیوە و هەندێکی دووبارەن، تکایە ئەوانەی دووبارەن لایبە و ئەوانەی کە نووسراوە بنووسرێتەوە و بکرێتە مولحەقی راپۆرتەکە، حەز دەکەم سەرۆکی لێژنەی دارایی ئەو پرسیارانە بخوێنێتەوە بە دووبارە بوونەوە نا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، نازانم چی ئەخرێتە دەنگدانەوە؟، دەبێ وازیح بێت، تکام وایە ئێمە وازیح بین لەوە، یەعنی با قسە لەسەر پێشنیازەکان بکرێت، ئەو پێشنیازانە و ئەو تێبینیانەی کە پەرلەمان هەیەتی بۆ حکومەت چیە با بخوێندرێتەوە، چەند پێشنیاز هەیە؟ ئەگەر نیە با لە ئێستادا پێش ئەوەی دەنگدان بکرێت ئەندامانی پەرلەمان هەر یەکە و پێشنیازێك بڵێت و لێژنەکە صیاغەی بکاتەوە، هەردوو لێژنەکە لەسەرەوەن، صیاغەی بکەنەوە و بیدەن بە حکومەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی و قانونی دوا تێبینیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی لێژنەی دارایی ئێمە ئەو راپۆرتەی خۆمان نووسیوە و خاڵی دووش ئەڵێ: ئیقراری ئەو راپۆرتە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـەش وەكـو لیژنـەی یاسـایی راپۆرتەكـەمان وازیحـە و زۆر روونـە، -اقـرار تقریـر لجنـة الشـؤون المالیـة و الاقتصاد، ئەوان لیژنەی پەیوەندیدارن زیاتر بە مەوزوعەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە تكایە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2- اقرار تقریر لجنة الشؤون المالیة و الاقتصادیة لبرلمان كردستان-العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 48 كەسی لەگەڵە، كێ لەگەڵدا نیە؟، 30 كەس لەگەڵدا نیە، بـە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا فەرموون بۆ بڕگەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

3-علی مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة اتخاذ ما یلزم بشأن ما جاء في الفقرة (2) اعلاه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەسەر فەقەرەی سێ تێبینی هەیە؟، تەنها یەك كەس، فەرموو كاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بڕگەیە باس لەوە ئەكات كە ئەنجومەنی وەزیران ئەو میكانیزمانە بگرێتـە بـەر یـاخود ئـەو ئیجرائاتـە بگرێتـە بـەر كـە لـەم راپۆرتـە هەیـە، زەحمـەت نـەبێ ئـەو شـتانە چـیە كـە حكومـەت مـولزەم دەكـات بـا بیخوێنێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە راپۆرتی خۆمان خوێندووتەوە، جارێكی تر نایخوێنینەوە، تەصدیقیش كرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی کاك ئارام زۆر روونە، ئەم میکانیزمانە چین؟ ئەو پێشنیارانە چین؟ دەبێ د.ئاراس جوابمان بداتەوە نەك هەر راپۆرتمان نووسیوە و حەقمان نیە چی لێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگ لەسەر شتێکی موبهەم و نەزانراو ئەدەین، دەنگ لەسەر شتێك ئەدەین کە عمومیە و نازانین چیە، با ئەو خاڵانە بخرێتە بەرچاومان و روون بێت و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئێمە بەو ماددەیە غەدرێکی زۆر گەورە لە حکومەت ئەکەین، بۆیە من پێشنیاز ئەکەم لەبەر ئەوەی دوو بڕگەکەی سەرەوە هیچ شتێکی تێدا نیە کە ئەو ئیلزام بکات، ئێمە ناحەقیەکی گەورەی لێ ئەکەین، پەسندمان کردووە و بڕواتە ڕییەوە، ئەو ماددەیە لاببرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3-على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة اتخاذ ما يلزم بشأن ما جاء في الفقرة (2) اعلاه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 48 کەسی لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 25 کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

4- ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەللآ من نوقتەیەكی نیزامیم لەگەڵ تێبینیەك هەیە، ئەگەر ئیجازەم بدەی یەك پرسیار لە جەنابت ئەكەم وەكو بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تكایەكی برایانە لە جەنابت ئەكەم، لە كوێی پەیڕەوی ناوەخۆ هاتووە كە قسەی پەرلەمانتار بسڕێتەوە؟، ڕوونی كەوە بۆ پەرلەمانتاران، ئەگەر هەیە ڕوونی بكەوە لێرە، ئەمە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵی چوارەم بەو شێوەی كە خوێندرایەوە تكایە كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدا نیە؟، 12 كەس لەگەڵدا نیە بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا هەموو قەرارەكە كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵدا نیە؟، 50 كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نیە؟، 29 كەس لەگەڵدا نیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ حیساباتی خیتامی ساڵی 2011 پەسند كرا، تا سەعات 6ی ئێوارەی ئەمڕۆ بە خواتان دەسپێرین و هەر سەركەوتوو بن.

**دانیشتنی سێیەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام ئەبین لەسەر دانیشتنەكانی ئەمڕۆ كە بەیانی دەستمان پێكردیە، ئێستا ئەچینە سەر پەرەگرافی دووەم، ئەویش (خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیار یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان) بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری تەعلیم عالی ئەكەین لەگەڵ مونەسیقی نێوانی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان، داوا لە لیژنەكانی یاسایی و خوێندنی باڵا و پەروەردە ئەكەین بفەرموون بۆ سەر سەكۆی لیژنەكان، لیژنەی خوێندنی باڵا فەرموون مادده بە مادده بەكوردی و عەرەبی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی دوایی موناقەشەی لەسەر بكەین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەصی یاسای پێشنیار كراو ئەخوێنینەوە

**قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**قانون الجامعات الخاصة في اقليم كوردستان-العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة (1):

يقصد بالعبارات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم:اقليم كوردستان -العراق

2-مجلس الوزراء:مجلس وزراء اقليم كوردستان- العراق

3-الوزارة:وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

4-الوزير:وزير التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

5-المجلس:مجلس وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

6-الجامعة:اي جامعة خاصة تؤسس وفق احكام هذا القانون تضم كليات ومعاهد عليا ومراكز بحثية

7-كلية الجامعة:اي كلية خاصة بمستوى الجامعة تضم اقساما علمية متنوعة تؤسس وفق احكام هذا القانون

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یاسای زانكۆ تایبەتەكانی هەرێمی كوردستان/عێراق**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

ماددەی (1):

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە

1-هەرێم:هەرێمی كوردستانی عێراق

2-ئەنجومەنی وەزیران:ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق

3-وەزارەت:وەزارەتی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

4-وەزیر:وەزیری فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم

6-زانكۆ:هەر زانكۆیەكی تایبەتی بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دابمەزرێ و كۆلێج و پەیمانگای باڵا و مەڵبەندی توێژینەوە دەگرێتە خۆ

7-كۆلێجە زانكۆ:هەر كۆلێجێكی تایبەتی لە ئاستی زانكۆ دابێ و بەشی زانستی هەمەجۆر دەگرێتە خۆ و بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێ

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبنیت هەیە؟

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**پێشەکی داوا کارم خاڵێکی تر ژمارە (8) ئیزافە بکرێ، (الهیئە) چونکە جاری وا هەیە هەیئەمان هەیە، (هیئة امناء في الجامعات الخاصة او كلية الجامعة)، هەروەها لەسەر دەقە کوردیەکە وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی نەك فێرکردنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تێبینیتان، فەرموو**

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ڕای هاوبەشی هەردوو لیژنە، یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ لەسەر ماددەی یەکەمی پرۆژە یاساکە بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**1- هەردوو لیژنە پێشنیار ئەکات کە پێشەکی ماددەکە بەم شیوەی خوارەوە دووبارە دابرێژرێتەوە: مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن ئەو واتایانەیە کە لەبەرامبەریاندا بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ڕوون کراوەتەوە**

**2- گۆڕینی دەستەواژەی هەرێمی کوردستان-عێراق، بۆ هەرێم، واتە تەنها بلێین هەرێم بەسە، سەبارەت بە بۆچوونەکی بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّ دەربارەی ئەوەی دەستەی تایبەتمەندی بۆ زانکۆ تایبەتی و ئەهلیەکان زیاد بکرێ ئێمە پێمان باشە کە وەلاّمی ئەو پرسیارەمان بداتەوە بۆ زیاد بکرێ؟ ئایا ڕای زانکۆ تایبەتەکان لەم بارەوە چیە؟ چونکە ئەوان کۆبوونەوەی هاوبەشیان کردووە، خاڵێکی تر ئەوەیە ئەڵێ ئەگەر هەبێ دەستە نەبێ، بەڵکو مەجلیس بێ، بەناوی مەجلیسەوە، بەلاّم ئایا ئەگەر هەیئە هەبێ لەگەڵ ئەنجومەنی زانکۆ، واتە هەر زانکۆیەك لەم زانکۆ تایبەتانە مەجلیسێکیان هەیە بەناوی مەجلیسی جامیعە و ئەنجومەنی زانکۆ، ئایا زەرووریەتی ئەم هەیئەیە بەناوی دەستەی ئەمینداریەتی چیە؟ پێمان باشە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانیش ڕوونی بکاتەوە تا لە هۆکارەکانی بوونی ئەم دەستەیە باشتر حاڵی بین**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر**

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئەرك و مەسئولیاتی ئەنجومەنی زانکۆ جیایە لە هەیئەی ئومەنا، ئەنجومەنی زانکۆ بەرپرسە لە بڕیاردان لەسەر کارگێڕی و دارایی ڕێنمایەکانی تایبەت بە پرۆسەی خوێندن و تاقی کردنەوە و هەتا دوایی، بەلاّم دەستەی ئەمینداران ئەرکێکی تری هەیە، زیاتر بەرپرسە لە دانانی ستراتیجی زانکۆکە، (ڤیژن) واتە بۆچوونی ئەم زانکۆیە، ئەو زانکۆیە بۆچی دائەمەزرێ؟ ئایا کێ لەخۆ ئەگرێ؟ ئەندامانی ڕاگرەکان، لەبەر ئەوە دەسەلاّتی دەستەی ئەمینداران دستەلاّتێکی جیاوازە لە دەستەلاّتی ئەنجومەنی زانکۆ، و بەڕای ئێمە لە**

زانكۆ حكومیەكانیش لە پـرۆژە یاسای داهـاتوودا داوا ئەكـەین دەسـتەی ئەمینـداران دابمـەزرێ، ئەركـەكانی جیایە و مەسئولیەتی جیایە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوولا ڕەئی خۆتان دەربڕی، ئەگـەر تەوافقیشـتان كـرد بـا بگەینـە نەتیجـەی نیهـائی، دوایـی قسـە كردنی ئەندامە بەڕێزەكان، ئێستا كێ ئەیـەوێ لـەم بـارەوە قسـە بكـات تـا نـاوی بنووسـین؟ (احمـد وەرتـی، جمال طاهر، جلال علي، تارا ئەسعەدی، عظیمة نجم الدین، شلێر محمد نجیب، عبدالسلام، سەمیرە عبدالله)، فەرموو دكتۆر احمد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ هاتبوو پشتگیری لێ ئەكەم، ئەنجومـەنی وەزیرانـی هەرێمی كوردستان دووبارە نەبێتەوە، چونكە لە سەرەوە هەرێمی كوردستان هەیە، سەبارەت بـە مەجلیسـی جامیعە و هەیئەی جامیعە ئەو ڕاپۆرتەی كە هەم جامیعەی (جیهان، سابیس، حەیات، لوبنـانی، فەرەنسـی) هەموویان پێشنیاریان كردووە كە مەجلیسی ئومەنا بەكار بێت، ئەنجومـەنی ئەمینـداران لـە بـڕی هەیئـەی ئەمینداران، یەعنی هەیئە نەبێ مەجلیس بێ، و جەنابی وەزیر وتی هەیئە بێ، ئایا ڕەئی ئەو جامیعانەشی وەرگرتووە؟ یان هەر تەنها ڕای وەزارتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستیە، چونكە ئێستا وا پێ ئەچـێت كـە بـەفیعلی ئـەو جامیعانـە لـە كوردسـتان هـەن، پێئەچـێت كـە ئـەوان مەجلیسـی ئومـەنایان هـەبێ، نـەك هەیئەی ئومەنا، بۆیە ڕەنگە ئەمە تێكگیرانێك لەگەڵ واقیعـی ئێسـتای ئـەو زانكۆ ئەهلیانـە دروسـت بكـات، بۆیە پێویستی بە ڕوون كردنەوەی زیاتر هەیە، ئەگەر وایە پێویستە ئـەم هەیئەیـە مەجلیسـی ئومـەنا بـێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەلال

**بەڕێز جلال علی عبدالله**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پێشەكی لە عینوانی پرۆژەكە دەست پێدەكەم، وەكو هەمووومان ئەزانین پێش ماوەیەك یاسایەكمان دەركـرد بە ناوی (مدارس و معاهد اهلیە)، بەلاّم كردمان بە مەدارس و مەعاهدی غێر حكومی، بۆیـە هـەتا بگـونجێ لەگەڵ ئەو بابەتە پێشنیار ئەكەم قانونەكە ببێتە قانون (الجامعات غیر الحكومیە) چونكە لێرە مەوزوع لـە سپێشەل و سپیسفیك دەرئەچێ ئەبێتە ئەو موئەسەسە كە بۆ نـەفعی عامـە، حكومـەت عیلاقـەی پـێ نیـە،

**یان داعی ناکات، تەنها لەسەر کەرتی تایبەت ئەمێنێ، ئەمە یەك، خاڵی دووەم ئەوەیە مەجلیس ئومەنا، مەجلیس ئومەنا لە تاریخی کۆنی عێراقەوە هەبوو، لە قانونی تەعلیمی ئەهلی عێراقی کۆن هەبوو، بەڵام ئەو تەجروبە فەشەلی هێنا، عێراق ناچار بوو ئەوە لابدات، ئێستا مەجلیس جامیعەیە، لەسەر پێشنیاری جامیعاتی تایبەت پێشنیاریان ئەوەیە کە مەجلیس جامیعە لە جیاتی مەجلیس ئومەنا، و کەسێك لەجیاتی سەهم دانان، ئەوەی کە پارە دەدرێ، کەسێك لەوانە تەمسیلی ئەوانەی کە تەمویلی جامیعە ئەکەن، ئەوە پێشنیاری جامیعەی نەورۆزە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك جەلال**

**بەڕێز جلال علی عبدالله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**سەرەڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی کاك جەمال، دیارە یاسای زانکۆی غەیرە حکومیەکان هۆکارەکەی ئەوەیە ئێستا جامیعاتمان هەیە ولاّتانی دراوسێ، یان جامیعەی ئەمریکی لە سلێمانی، جامیعاتی ئەهلیشمان هەیە، جامیعەی (کوردستان، فەراغ) لەبەر ئەوە ئەو غەیرە حکومیە مەعقول ترە لەوەی کە تایبەت بێ، چونەکە جامیعەمان هەیە ولاّتان دیانناوە و بە زمانی خۆیان ئەخوێنن، و جامیعەی خۆشمان هەیە، بە نیسبەت هەیئەی ئومەنا وازیحە کە جەمعی ئەمینی جامعەیە، لە کوێ وەصف کراوە؟ تا لێرە هەیئەی ئومەنا هەبێ؟ ئەبێ لە هەموو زانکۆیەك ئەمینی جامیعە یان ئەمینی زانکۆ هەبێ، ئینجا ئەمینی جامیعە هەبێ، لەبەر ئەوە زیاتری پێویستە پاساو هێنانەوە بۆ ئەو هەیئەی ئومەنایە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو تارا خان**

**بەڕێز تارا ئەسعەدی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**منیش هەر لەگەڵ ئەوەم کە قانونی جامیعاتی خاصە ناوەکەی بە کەرتێك بۆ بەکارهێنانی، لەبەر ئەوەی جامیعاتی خاصە هەیە لە ولاّتانی دونیاش، بەس ئەگەر بێتو لەگەڵیشی هەندێك پێی ئەگوترێ ئەهلی کە بڵێین جیاوازە لە حکومیەکان، یان ئیقتیراحی ئەوەی کە ببێتە غەیری حکومی، بەڵام خاصەکە جێگیر ترە لە ناوەکە کە بۆی دانراوە، من زیاتر ڕوون کردنەوەم ئەوێ لە جەنابی وەزیر کە مەجلیسی ئومەنا هەر خۆشیان ئێستا لە وەزارەت ئەو مەجلیسە ئیشی بۆ ئەکەن و هەیە، بۆ کار کردن بۆ ئەو ئومورەی کە عاید بە وەزارەتە. ئەو هەیئەیەی کە هەڵبژێردرا من پاساوەکە لەگەڵم لە لایەنی پیشەکانیەوە، بەڵام وابزانم ناوەکە ئەگەر هەیئەی ئومەنا بێ، یان مەجلیسی ئومەنا بێ، وەك ناو زۆر ئیشکال هەیە لەسەری، ئەبێ**

تۆزێك موبەریری تر هەبێ تا ئێمە ئیقرار لەسەر هەیئەکە بکەین کە ئەوان بە باشی ئەزانن بە پێی لایەنی ئیداری و کارکردن و فراوان کردنی ئەو شتانەی کە لە ژێر دەستی وەزارەتی تەعلیم عالی ئەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا لەسەر ناوەکە، یاسای زانکۆ تایبەتەکان، ئێمە وەکو لیژنەش کۆك بووین لەسەر ئەوەی زانکۆ تایبەتەکان بێ، نەك ناحکومی، چونکە هەموو ئەو زانکۆ تایبەتانەی تریش حکومەت سەرپەرشتی ئەکات، لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری حکومەتن، چۆن ئەکرێ بڵێی ناحکومی، لەبەر ئەوە ئەم زانکۆیانە و زانکۆ تایبەتەکانیش هەر حکومەت ئیشرافی ئەکات، بۆیە هەر وا بمێنیتەوە باشترە، خاڵێکی تر لە بڕگەی دووەمی زاراوەکانی خوارەوە، وەزارەت، وەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە تا شەشی ئامادەییە، قۆناغی ئامادەیی فێرکردن ناگونجێ لەگەڵ ئەمە، بۆ ئەو یاسایە گونجاو نیە، بۆیە ئەڵێین وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە کە بکرێ بە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، چونکە ناتوانین بۆ ئەو قۆناغە ئەوە بەکاربێنین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسیبەت ئەو زاراوانە بەراستی ئێمە وەکو خوێندنگا ناحکومیەکان ئەمانە بە پێی یاسای وەبەرهێنان لەبەر ئەوەی ئیمتیازی زەویەکە وەرئەگرن، لەبەر ئەوە لێرە هیچ باسی ئەو کەسە نەکراوە کە یەکەمجار مالیکی ئەو شوێنەیە، یان شەریکەیەکە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوە تەحدید بکرێ، چونکە ئەو مەجلیسی جامیعەیە وەك کاك جەمال وتی مەجلیسی ئومەنا کە گۆڕاوە بە مەجلیسی جامیعە ئەوانە ئیشەکانیان زۆربەی عیلمیە، بەس وەرە ئیشە ئیستیسماریەکە ئەو مالیکە کێیە ئەگەر پێناسەی بکەی بە شەریکە، یان هەر جەمعیەیەك بێ کە تەملیکی جامیعەکە بکات، چونکە دوایی لە کێشە یاسایی هەرچی تەبەروعات و شتی وایە کە وەری ئەگرێت ئەبێ ئەوانە خەڵکێك بن کە زۆر عیلاقەیان بە خوێندنەکە نیە، ئەبێ دیاری بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ خاڵم هەیە، دەربارەی وەزارەت پێم وایە پێویست ناکات موناقەشەی لەسەر بکەین، ئەم وەزارەتە بە یاسا ناوێکی ڕەسمی هەیە، بۆیە ئەبێ لە یاساکەش ئەو ناوە بەکار بێ کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسیتە، دووەم، منیش بەراستی موشکیلەم هەیە لەگەڵ ئەو تایبەتیە لە کوردیەکە نەك لە عەرەبیەکە، (الخاصە) عەرەبی بەس ئەو تایبەتیەی کوردی شتێکی ئەوە، ئیشکالیەتەکەمان لەگەڵ کەلتوری زانکۆیە، زانکۆکان لە دەرەوە دەستیان پێکردیە لە دەرەوەی دەوڵەت، بۆیە بزانە ئێستا لە ئەمریکا تەقلیدێك هەیە، زانکۆ زانکۆیە، بەلاَم ئەوانەی حکومەت پێی ئەڵێن (زانکۆ حکومیەکان)، یەعنی عەکسی ئێمەیە، ئێمە فێربووینە ئەو جامیعە هی حکومەتە، ئەوانەی ئەهلین چی پێ بڵێین؟ بۆیە مەسەلەکە مورتەبیتە بە کەلتور، منیش لەگەڵ ئەوە نیم ئەو خاصەیە بەکاربێنین لەبەر تاییبەتەکە لە کوردی، چونکە تایبەت باوەڕ ئەکەم (شپیشەڵ) هەڵئەگری، تایبەتە بە فلاَن شت، تایبەت شتێکە، ئەهلیەکە تەصەور ئەکەم نزیك تر ئەبێ لە ناحکومیەکە، تەئیدی کاك جەمال ئەکەم، سێیەم، مەسەلەی هەیئەی ئومەنا، تەبعەن من دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر ئەکەم کە هەوڵی دا بیرۆکەکە بۆ ئێمە شەرح بکات، ڕەنگە ئێمە فێری ئەو سیستەمە حکومی مەرکەزی بووینە، تۆزێك فکرەکە تازەبێ، تکا ئەکەم لە خوشك و برایان با بیری لێبکەینەوە، ئەگەر بیرتان بێت ئێمە لە موناقەشەی (N.G.O) کانمان کرد لەوێش گفتوگۆیەکی دوور و درێژ پەیدا بوو، مەجلیس ئومەنا جیهەتێکی ستراتیجیە، هەموو شتی لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنە، واتە مەجلیسی جامیعە ئەوانەن کە لەواو ئیشن، هەرکەسێکی تێدابێن ئەمانە کە دائەنیشن و بڕیار ئەدەن و تەقیمی ئیشی خۆیان ئەکەن و مومکینە هەتا تەوجیهاتی مەجلیسی ئومەنا تەتبیق ئەکەن، ئەمە ئاستی کارگێڕیە، بەلاَم بۆ ئەم جۆرە موئەسەساتانە کەلتوری ئەو جۆرە موئەسەساتانەی کە لە دەرەوەی حکومەتن، کە ئێمە زۆر موعامەلەمان لەگەڵ نەکردووە، ئەو کەسانەن کە بیرۆکەیەکی تایبەتیان هەیە، جامیعەیەك ئەکەنەوە لەسەر ئەو ئەساسەی تەعلیم، حەریسن لەسەر ئەوەی ئەم جامیعەیە، ئەم فەلسەفەی ئەوان کە بووە هۆی ئەوەی ئەوان بڕیار بدەن پارە بدەن و جامیعەیەك ئیستسمار بکەن بچێت لەسەری، ئەوان ئەتوانن قەراراتی گرنگ وەرگرن، حەلی جامیعەکە بکەن، یان جامیعەکە بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان گۆڕانکاری لێبکەن، و یەکێك لە ئەرکەکانی هەمیشەیی مەجلیس ئومەنا ئەوەیە ئەوەی کە سەرۆکی بەشی ئیداریە یان کارگێڕیەکەیە، ئەبێتە ئەندام ئەوان دەست نیشانی ئەکەن، لەو حاڵەتە مەسەلەن ڕەئیسی جامیعەیە، ئەو ئەبێ ڕاپۆرتی مالییان بۆ هەر ساڵێك پێشکەش بکات، ئەو ئەبێ خوتە دابنێ، ئەمانە تەنها بڕیار ئەدەن لە دەرەوەی ئیش کردنی ڕۆژانە، بۆیە تکا ئەکەم پێش ئەوەی بڕیار بدەین، ئایا مەجلیسی جامیعە جێگای ئەو ئەگرێ یان ناگرێ؟ ئێمە هەوڵ بدەین بیر بکەینەوە کە ئەم جۆرە پرۆژانە پێویستیان بە هەیئەیەك هەیە لە دەرەوەی ئەو ستافەی ئیشی ڕۆژانە ئەکات، تەبعەن مانع نیە لە نیزامی داخیلی ئەو جامیعەیە بڵێت ئەندامی مەجلیسی هەیئەی ئومەنا بۆی هەیە بە عەقد ئیشێك بکا یان نەکا هەتا ئەتوانین تەعویزی بکەین، بەلاَم ئەمانە ئیش ناکەن، ئەمانە حەریسن لەسەر

**فەلسەفەی جامیعە، بۆیە من زۆر تەئیدی ئەوە ئەکەم کە ئێمە جارێ پێناسـەی هەیئـەی ئومـەنا بکـەین، و چاوەڕوانی ئەو ماددەشمان هەبێ بۆ ئەوەی دەست نیشانی ئەرکەکان و پێکهاتەکانی بکەین، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو سەمیرە خان**

**بەڕێز سمیرە عبدالله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**منیش مالیك بە زەروورى ئەزانم کە پێناسە بکرێ، ئەوەی ئەگرێتەوە کێیە؟ یان ئەجهیزەیە؟ چونکە ئەوە جامیعەکان ئەهلینە، حکومی نینە، موستەسمیرە، پێویستە پێناسە بکرێ، هەروەها خوێندنی بالاّش، چونکە چەندجار خوێندنی بالاّ دەگەڕێتـەوە، بـەلاّم لێـرە پێناسـە نەکرایـە، ئـەویش بـە زەروور ئـەزانم، و هەیئـە، تەئیدی قسەکانی وەزیر ئەکەم، پێویستە هەیئەی ئومەنا هەبێ، هەیئەی ئومەنا کاك عبدالسلام زۆر جـوان شەرحی کرد، چونکە مەجلیسی ئەعلا ئەگرێتەوە بۆ ئیدارە، بەلاّم قانونیەن ئێمە ناتوانین فەرق لـە نێـوان هەیئەی ئومەنا و مەجلیسی جامیعە بکەین، ئەگەر ئەوە جەنابی وەزیـر بۆمـان ڕوون بکاتـەوە، بەنیسـبەت جامیعـەی خـاص و حکـومی و غێـر حکـومی ئێسـتا بـۆ نموونـە جامیعـەی کوردسـتان ئـەبینین، حکومـەت تەکلیفەکـەی ئـەدات، بـەلاّم قوتـابی بـە ئاسـتی دەرەجـە ئەچـن، ئـەوەش فـەرقێکی هەیـە لەگـەڵ ئەوانـەی هاوولاّتی پارەکەی ئەدات، ئەگەر لەسەر ئەوەش توزیحەك بدرێت باشە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنای وەزیر ئەگەر تێبینیت هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەیئە یەعنی (بۆرد) لە هەموو دونیادا مەجلیس یەعنی (کاونسل) بە کوردی یەعنی (ئەنجومەن)، کاونسـل جیایە، بۆرد جیایە، لە هەموو ئـەوروپا و لـە ئـەمریکاش زانکۆکـانی دونیـا مەجلیسی جامیعـە هەیـە، پێـی ئەڵێن (یونیڤیرسیتی کاونسل) ئەمـە بریتیـە لـە عەمیـدی کولیـە، سـەرۆکی زانکـۆ، یاریـدەدەرانی سـەرۆکی زانکۆ، نوێنەری مامۆستایان، ئەمە پێکهاتەی ئەنجومـەنی زانکۆیـە، هـیچ مامۆسـتایەك لـەناو زانکـۆ نـاتوانێ ببێ بە ئەندامی ئەنجومەنی زانکۆ، تەنها ئەگەر وەکو نوێنـەر هەڵبـژێردرا، ئەگـەرنا هـیچ کەسـایەتیەك لـە دەرەوەی زانکـۆ نـاتوانێ ببـێ بـە ئەنـدامی مەجلیسـی جامیعـە، مەجلیسـی جامیعـە مەجلیسـێکی فـەنی تەنفیزیە، کە وەکو وتم بریتیە لە سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرەکانی، ئەمانە دائەنیشن بـۆ کـارە کـارگێڕی و زانستی و دارایی و تەقیمی جامیعە و پرۆژە تەقدیم بکـەن بـۆ کردنـەوەی بـەش و کۆلیـژی تـر، پەیوەنـدی لەگەڵ زانکۆکانی تر، بەلاّم بۆردی ئەمینداران، بۆ نموونە ئەمانەی کە پارەیان داناوە دەکرێ هەموویان بـبن بە ئەندام لەوێ، ئەکرێ شاعیرێك، نووسەرێك، ئەدیبێك، سیاسیەك، شەخصیەتێك، دەکـرێ ئەمانـە ئەنـدام بن لـە بۆردەکـە، بـۆردی ئەمینـداران پێکهاتەکـەی جیایـە، و بەرپرسـیارەتی جیایـە، هەیئەتێکـە لـە سـەری**

ئەنجومـەنی زانکۆیـە، لەسـەروی مەجلیسـی جامیعەیـە، و بـەهیچ شـێوەیك وەك وتم ئەگـەر جامیعەیـەکی ئەهلی 95٪ی سەهمەکانی هی شەخصێك بێ ناتوانێ ببێتـە ئەنـدام لـە ئەنجومـەنی زانکـۆ، ئەگـەر 98٪ ی سەهمەکانی هەبێ، لەبەر ئەوە پێکهاتەکە فەرقی هەیە، ئەنجومەنی زانکۆ، مەجلیسی جامیعە، ئەبێ هەبێ، جیایە، و بۆردی ئەمینداران ئەوە جیایە، بە نیسبەت وشەی تایبەت و ئەوە، لە هەموو دونیا جامیعـات یـان حکومیە، پێـی ئـەڵێن (پـەبلیك یونیڤێرسـتی)، پێشی ئـەڵێن (سـتەیت یونیڤێرسـیتی)، هـەردووکی واریـدە، زیـاتر پێـی ئـەڵێن پـەبلیك، لـە ئـەوروپا زیـاتر پێـی ئـەڵێن (سـتەیت)، وشـەی (پرایڤـت)یش دائـەنرێ بـۆ زانکۆکـانی تـر، هـەر سـەرۆك زانکۆیـەك ببـینی لـە دەرەوەی هـەرێم و عێـراق لێـت ئەپرسـێ ئـەم زانکۆیـە (پـەبلیك)ە؟ یـان (پرایڤیـت)ە؟ لەبـەر ئـەوە وشـەی پرایڤیـت بـە تایبـەت دێـت، و وشـەی تایبـەت زۆر زۆر شایستە ترە لە غەیرە حکومی، یان وشەی ئەهلی کە خۆی هەر وشەیەکە لە زمانی عەرەبی هاتووە، لەبـەر ئـەوە مـن پـێم چاکە هـەر بڵـێین زانکـۆ تایبەتـەکان نـەك ئەهلیـەکان، دیسـان ئەیڵـێمـەوە هەیئـە جیایـە و مەجلیسیش جیایە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەو بەرێزانەی کە قەلەقی تایبەت و ناوی تایبـەتن، ئێمـە لـەم وڵاتـە کـەرتی گشـتی و کـەرتی تایبـەتمان هەیە، کەرتی تایبەت هی ئەو کەسانەیە کە پارە دائەنێن و کارێك ئەکەن کە تایبەتە، هی خۆیانە، بەدەر لە حکومەت، بۆیە دانانی وشەی تایبەت گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمە _(پرایڤیت) سێکتەرە، هیچ عیلاقەی نیە بەسەر (سپێشەل) ەوە، پرایڤەت یەعنی تایبەت، ئەوەی کە ئێمە لە ناو ئیستیسماریشدا باسمان کـردووە و وتوومانە کەرتی تایبەت ئەو کەرتەیە کە ئـەو خەڵکانـەی کـە وەبـەرهێنن کـاری تێـدا ئەکـەن، بۆیـە وەك خۆی بمێنیتەوە بە تایبەت باشترە، خاڵی دووەم سەبارەت بە هەیئەتی ئومەنا جاری وا هەیە ئـەو هەیئەیـە پشکدارەکانیشی تێدایە، ئەو پشکدارانەی کە پارەیان داناوە ئەتوانن بچنە ناو بۆردی ئومـەنا، بـەڵام نـاتوانن بچنە ناو مەجلیسی زانکۆ، لەبەر ئەوەی مەجلیسی زانکۆ سرف کارە عیلمیەکانی زانکۆ ئەگرێتە ئەستۆ، کـە لە زانکۆ دەرئەچێ ئەبێ لە لایەن مەجلیسی زانکۆ دەرچـێ، بـەڵام بـۆردی ئومـەنا لەوانەیـە زۆرجـار هـەبێ کەسی پشکدارەکانیش بەشداربن لێی، و هیوادارم نەك زانکۆ ئەهلیەکان، بـەڵکو زانکۆکـانی خۆشـمان بـۆردی ئومەنایان هەبێ، لەبەر ئەوەی ئەوکات زیاتر ئیستیقلالیان ئەبێ، مەصادیری پارەی زیـاتر پـەیا ئەکـەن بـۆ ئەوەی دەخلی زیاتریان هەبێت، و دەتوانن سیاسەتی ستراتیجی خۆشیان دابمەزرێنن، ئیسـتیقلالیەتی تـەواو وەرئەگرن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامە شلێرخان؟

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم هەیە لەسەر خاڵی حەوتەم، وامزانی برادەران چاکی ئەکەن، بەڵام تەعریف کرایە لەسەر کولیـە جامیعە، نووسرایە (کلیە جامعە) ئەو عیبارەتە لوغەویەن غەڵەتە، ئەبێ بڵێین (الکلیە جامعە)، نەك (کلیە جامعە) چونکە مانایەکەی فەرق ئەکات، (الکلیە جامعە) یەعنی (الکلیە تجمع بین عدە اقسام وفروع)، بەڵام کە وتت _کلیە جامعە) یەعنی کولیەیەك لە ناو جامیعەکە، یەعنی لوغەویەن چاك بکرێ، (ال)ی بۆ زیاد بکرێ مەعنا ئەبەخشێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوای وەرگرتنی ڕای ئەندامان ماددەکەمان بەم شێوەیە داڕشتەوە، دەقە عەرەبیەکە ئەخوێنمەوە،

المادة (1):

يقصد بالعبارات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم:اقليم كوردستان -العراق

2-مجلس الوزراء:مجلس وزراء الاقليم

3-الوزارة:وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

4-الوزير:وزير التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

5-المجلس:مجلس وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

6-الجامعة:اي جامعة خاصة تؤسس وفق احكام هذا القانون تضم كليات ومعاهد عليا ومراكز بحثية

7-الكلية الجامعة:اي كلية خاصة بمستوى الجامعة تضم اقساما علمية متنوعة تؤسس وفق احكام هذا القانون

8-الهيئة-هيئة الامناء في الجامعات الخاصة او الكلية الجامعة

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دواین داڕشتن بە زمانی کوردی ئەخوینمەوە

**یاسای زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی (1):

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە

1-هەرێم:هەرێمی كوردستانی عێراق

2-ئەنجومەنی وەزیران:ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم

3-وەزارەت:وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم

4-وەزیر:وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم

5-ئەنجومەن-ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

6-زانكۆ:هەر زانكۆیەكی تایبەتی بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دابمەزرێ و كۆلێژ و پەیمانگای باڵا و مەڵبەندی توێژینەوە دەگرێتە خۆ

7-كۆلێجە زانكۆ:هەر كۆلێجێكی تایبەتی لە ئاستی زانكۆ دابێ و بەشی زانستی هەمەجۆر دەگرێتە خۆ و بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دادەمەزرێ

8-دەستە_دەستەی ئەمینداران لە زانكۆ تایبەتەكان و كۆلیژە زانكۆ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزیان جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا كە باسی لە ئەنجومەن كرد، ئەنجومەنی جامیعەی تەعریف كرد، بەڵام لێرە لە پێناسەكان، ئەنجومەن، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمە، واتە جیایە، ئەو ئەنجومەنەی لە پێناسەكان هاتووە لەگەڵ ئەوەی جەنابی باسی كرد، ئەو ئەنجومەنی زانكۆیە لێرەش ئەنجومەنی وەزارەتە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە كە مەسەلەی هەیئەیان وەرگرت، بەڵام هەیئە تەنها لەسەر ئاستی زانكۆ ئەبێ، كۆلیژ بەشێكە بەو ستراكتەرەی زانكۆ، بۆیە لەسەر ئاستی بەڕێوەبردن كۆلیژ ڕۆڵی سەرەكی نابێ، ئەمەوێ ڕەچاوی ئەوە بكەن، ڕەئی جەنابی وەزیریش ئەگەر هەبێ سوپاسی ئەكەم، هەیئە تەنها لەسەر ئاستی ستراتیجیە، بەس یونیڤێرستی، ئەو (الكلیە جامعە) بۆ من غەریبە، نەمبیستووە لە عەرەبی، كۆلیژە زانكۆ نازانم چیە؟. كۆلیژ هەر كۆلیژە( الجامعە)، یەعنی هەیئە موفەریقە؟ یان موفرەد؟ نازانم بیدعەیەكی تازەیە، نازانم چیە؟ (الكلیە) تەواوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید محمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

یەکەم، هەیئە یان بۆرد تەنها بۆ زانکۆیە، بۆ کۆلیژ نیە، ئێمە کە باسی هەیئەمان کرد و بەراوردمان کرد لەگەڵ وشەی ئەنجومەن تەنها بۆ بەراورد بوو، ئەگەرنا کولیە نە ئەنجومەنی هەیە، نە بۆردی هەیە، کۆلیژ ئەنجومەن و بۆردی نیە، خاڵی دووەم، (کلیە جامعە) لەوێ بە وەصف وەکو نەکیرەیە یە زمانی عەرەبی، چۆن ئەڵێی (کلیە الجامعە)؟ یەعنی یەکێ لە کولیەکان، بەڵام دوایی لە ماددەکانی تر ڕوون ئەبێتەوە، مەسەلەن بڕۆ ماددەی چوارەم ئەڵێ (او للجامعە او الکلیە الجامعە)، لەوێ کە ئەڵێی (الکلیە الجامعە) فەرقی هەیە لەگەڵ (کلیە)، کولیەی ئیعتیادی ئەوەیە یان یەك بەش ئەگرێتە خۆ، یان کۆمەڵێك بەش کە نزیکن لەیەکەوە، بۆ نموونە ئەڵێی کۆلیژی زانست بەشی کیمیا و فیزیا و تا دوایی، بەڵام ناڵێی مێژوو و جوگرافیا، هەندێجار کولیە دروست ئەکرێ پێی ئەڵێن (الکلیە الجامعە) ئەمە ژمارەیەك پسپۆڕی لەخۆ ئەگرێ کە جیاوازن، لەوانەیە فیزیاشی تێدابێ، لەوانەیە عیلمی نەفسیشی تێدابێ، بەو جۆرە کولیانە ئەڵێن (الکلیە الجامعە) لەبەر ئەوە لە حەوتەم کە ئەڵێ (کلیە الجامعە) لەوێ وەصفی وشەی کولیە ئەکات وەکو نەکیرە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی زمانەوانی ئەشێ بڵێی (کولیە الجامعە)،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم ئەگەر ئەو یاسایە دەربکەین هەرچی ئەوانەی کە هەن بۆ ئەوەی نەچنە ژێر باری ئەم دروست کردنی مەجلیس و مەجلیسی زانکۆ و ئەم شتانە، ئەچن کولیە جامیعە ئەکەنەوە چونکە نە مەجلیسی تێدایە، یەعنی ئەمە شتێکە کە ئەبێ هەر هەبێ، وەکو چۆن لەناو زانکۆکەدا هەیە، لە کولیە جامیعەش ئەبێ مەجلیس هەبێ، ئەوکات مەجلیسەکە پێکهاتەکەی جیاواز ئەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا زانکۆ لەگەڵ کۆلیژە زانکۆ دوای ئەو ڕوون کردنەوەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاش دای، تۆ ئەکرێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆلیژە زانکۆ ئەنجومەنت هەبێ، وەکو چۆن ئەنجومەنی کۆلیژ هەیە، بەهەمان شێوە بۆ کۆلیژە زانکۆش ئەنجومەنێك ئەبێت، بەڵام جیاوازی نێوان زانکۆ لەگەڵ کۆلیژە زانکۆ ئەوەیە کە کۆلیژە زانکۆ لە کۆلیژێ کە ئێستا هەیە لە چوارچێوەی زانکۆیەکە بەشەکانی زیاترن، بەشی فراوانتر

ئەكرێتەوە، لە ئایندەش دا بە هەوڵی ئەوەی كە ببێتە زانكۆ، واتە وەك مەرحەلەیەكە لە نێوانی زانكۆ و كۆلیژ، وەك ئاماژەی پێدرا ئەكرێ كۆلیژە زانكۆیەك بكەیتەوە بەشە زانستیەكانیشی تێدابێ، هەندێك بەشە زانستە مرۆڤایەتیەكانیشی تێدابێ، بۆیە ئەم كۆلیژە زانكۆیە ئەنجومەنیشی ئەبێ و ئەكرێ دەستەی ئەمیندارانیشی هەبێ، لەبەر ئەوەی تایبەتە، ئینجازەشی پێ ئەدرێت، سەرمایە گوزاری تێدایە، دەستەی ئومەنا بەشێكیان لەوانەی كە موستەسمیرن، وەكو ئاماژەی پێدرا بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی پلان و ستراتیجیەت دەستەیەكی ئەبێ بۆ بەڕێوەبردنی جانبی ئیداری و ئەكادیمیشی كۆلیژە زانكۆ و ئەنجومەنێكی تایبەتی ئەبێ، بۆیە وەكو چۆن هاتووە ئاساییە، ئێمە پشتیوانی ئەكەین

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عزالدین**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

كەواتە لێرە كۆلیژە زانكۆ وەرگێڕانەكەی بۆ زمانی كوردی هەڵەیە، چونكە ئەو جامیعەیە كە لە عەرەبی (الكلیە الجامعە)، جامیعە بە مانای زانكۆ نایە، بە مانای كۆكەرەوە دێت، ئەو كۆلیژە چەند بەشێكی تری كۆ كردۆتەوە، كەواتە ئەبێ ناوێكی تر هەڵبژێرین بۆ زانكۆكە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جلال

**بەڕێز جلال علی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محی الدین**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لەكوردیەكەی كۆلیژە زانكۆ نەصە تەرجومەی عەرەبیەكەیە، مەعنای عەینی مەعنا نیە، بەراستی كۆلیژە زانكۆ یەعنی موناسب نیە، ئەتوانین بڵێین كۆلیژی فرە بەش، یان فراوان، ناوێكی تری لێبنێین نەك كۆلیژە زانكۆ، لە عەرەبیەكە (الجامعە) یەعنی تەجمەع،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد ورتی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وەکو کاك دکتۆر عومەر ڕوونی کردەوە کولیە کۆلیـژە زانکـۆ بەهـەمان شـێوەی زانکـۆ ئەنجومـەنی هەیـە، و لێرەش لە پرۆژەکە لە ماددەی 23 بە سەراحەت هێناویەتی ئەڵێ:

یکون للکلیە مجلس وهو اعلی هیئە علمیە واداریە فی الکلیە ، وەکو چۆن لە زانکۆ هەن، لەوێش هەن، چونکە ئەگەر سەیری تەعریفەکە بکەین ئەڵێ (کۆلیژە زانکۆ-هەر کۆلیژێك لە ئاستی زانکۆ دابێ) یـەعنی سیفەتی زانکۆی هەبێ، لەبەر ئەوە لە پرۆژەکەش دا هەیە، دوایی دێینە سەری، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا صیاغە بە ڕەچاو کردنی تێبینی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان**

دەقە عەرەبیەکە ئەکەینە ئەساس بۆ دەنگدان، دواتر ئەو دەستەواژانە بەرامبەری کوردیەکە ڕێکئەخرێ.

**قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**قانون الجامعات الخاصة في اقليم كوردستان-عيراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

المادة (1):

يقصد بالعبارات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم:اقليم كوردستان -العراق

2-مجلس الوزراء:مجلس وزراء الاقليم

3-الوزارة:وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

4-الوزير:وزير التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

5-المجلس:مجلس وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم

6-الجامعة:اي جامعة خاصة تؤسس وفق احكام هذا القانون تضم كليات ومعاهد عليا ومراكز بحثية

7-الكلية الجامعة:اي كلية خاصة بمستوى الجامعة تضم اقساما علمية متنوعة تؤسس وفق احكام هذا القانون

8-الهيئة-هيئة الامناء في الجامعات الخاصة او الكلية الجامعة

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تکایە لەسەر قسەی ئێمە هەیئە دامەنێن ئەگەر نازانین هەیئە چیە؟ بەڕێز وەزیریش زۆر جوان شەرحی کرد، هەیئە گەورەترین دەستەیە لە زانکۆ، بۆچی بچێتە خوارەوە بۆ کولیە؟ عەلەقەل جەوابمان بدەن بڵێن ئێوە راست ناکەن، هەمان جوابی کۆنمان بۆ دەخوێننەوە، هەیئەی ئومەنا هەیئەی دانانی ستراتیجیەتی پرۆژەکە هەموویتی، پرۆژەکە یەك وەحدەیە، ئەوانەی تر لە خوارەوەی ئەون، ئەمە یەك، ئەزانم ئیشکالیەتتان لە کوێیە، لە ڕووی عەمەلیەوە هەندێ لە وەبەرهێنان بیدعەیان بۆ ئێمە هێناوە، ئێستا لە کوردستان چونکە ئیمکانیاتی کردنەوەی زانکۆیان نەبوو، هەستاون بەم بیدعەیە ببورن وشەکە لائیقی ئەم جەلسەیە نیە، هێناویانە تاکو فێڵمان لێبکەن لە کولیەیەك کە نەبووە لە جامیعات، کولیە عیلمی نەفس و کولیەی جامیعات، شروتی جامیعەی نیە، (الکلیە الجامعە) ئێستا ئیشکالیەتتان لەوێیە، ئەبێ بێهێنمە ئەصلی جامیعە، تکایە یان هیئەکە نەبێ، چونکە مەعنای نیە، ئەگەر بۆرد ئۆف دایرێکتەری، یەك بۆردەك نەبێ، و تەنها لەسەر ئاستی زانکۆ، ئەو کۆلیژە جامعیەی باسی ئەکەن بەشێکە لەو جامیعەیە، یەعنی دەرەوەی جامیعەیە، بە تەنیایە، من جارێکی تر ئەڵێم ئەوە لە غیابی یاسا ئەم شتە غەریبە لە کوردستان هاتووە بووە بە واقیع، لەجیاتی ئێمە لە پەرلەمان بە عیلمیانە و بۆ ئایندە فکر بکەینەوە و نەهێڵین ئەم شتە کە بەڕەئی من سەقەتە، بمێنێت، ئێمە تەکریسی ئەکەین، قانونەکەی خۆمان ئەگۆڕین، مەفاهیمی وەکو بۆرد ئۆف دایرێکتەری ئەگونجێنین لەگەڵ واقیعێك کە سەقەتە لە ڕووی عیلمیەوە، با کولیە بکەینە جامیعە، بەس تکایە ئەوەی ئێوە ئەگەر وتتان (الکلیە الجامعە) شەرحی بکەن بۆ ئێمە، بە تەنیایە؟ یان لەناو جامیعەیەکە؟ بەتەنیا بێ من دژیمە، ئەوکاتە بۆرد ئۆف دایرێکتەری پێویستە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئێمە لازمە جیاوازی دیار بکەین لە نێوانی هەیئەی ئومەنا و مەجلیسی جامیعە، پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە، هەیئەی ئومەنا ئەو کەسانەن کە تەمویلی دامەزراندنی جامیعە ئەکەن؟ ئەگەر وابێ ئەوە نابێ لەجاتی مەجلیس جامیعە ئیش بکات، مەجلیس جامیعە جیهەتێکی عیلمیە، ئیداریە ستراتیجیەتی جامیعە، بەڵام....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەڵێ ئەبێ هەبێ، فەرموو لانا خان

**بەڕێز لانا احمد چلبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

یەعنی من بە نیسبەت خاڵی (6، 7) جامیعە مەعنای چیە؟ مەجموعە کولیەك پێکەوە ناوی لێ ئەندرێت جامیعە، لێرەش ئیشارەتی پێدرایە کە مەجموعە کولیەك و مراکزی عیلمی ئەوە پێی ئەگوترێ جامیعە، بەس کولیەی جامیعە، مەسەلەن وەکی جامیعەی کوردستان، جامیعەی کوردستان یەعنی کولیەیە، بەشی موتەنەوعی لەناوە، بۆیە پێی ئەگوترێ کولیەی جامیعە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر بەشیر

**بەڕێز د.بەشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

مەسەلەی کولیەی جامیعە شتێکی نامۆ نیە، لە وڵاتان هەیە و لە عێراقیشدا مەوجودە، ئەوەتا لە سلێمانی کولیەی (قەلەمی جامیعە) هەیە، دوێنێ لە پردێ کولیەی (کیتابی جامیعە) کراوەتەوە، بە موافەقەی تەعلیم عالی عێراقی، بۆیە ئەمە شتێکی غەریب نیە، و پشکداری تێدایە، و موساهیمی تیێدایە، دەکرێ بۆردێکی هەبێ، مەجلیس ئومەنائیشی هەبێ، هیچ مانع نیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا کۆلیژە زانکۆ لە چیەوە هاتووە؟ بۆ نموونە وەبەرهێنێك یەکەمجار داوای مۆڵەت بۆ باخچەی ساوایان ئەکات، چەند ساڵێك باخچەی ساوایانی ئەبێ، پاشان قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ئەکاتەوە، دوای ئەوە قوتابخانەی ئامادەیی ئەکاتەوە، بە هەمان شێوە سەرەتا ئەو وەبەرهێنە بۆ چەند بەشێکی زانستی بەیەکەوە کۆلیژە زانکۆیەك ئەکاتەوە، دوای ئەوە کاری لەسەر ئەکات تا ئەبێت بە زانکۆ، بۆیە هەیە لە وڵاتان هەیە، لە عێراق هەیە، دەستەی وەبەرهێنی هەیە، ئەنجومەنی تایبەتی هەیە، بەڵام جیاوازیەکەی چیە لەگەڵ زانکۆ؟ ئەڵێی کۆلیژی زمان تەنها زمان ئەخوێندرێ، بەڵام ئەم کۆلیژە زانکۆیە ناوی هەیە، بۆ نموونە کۆلیژە زانکۆی (ا) بەشی زمانی هەیە، بەشی زانستەکانی هەیە، بەشی ئەندازیاری هەیە، کۆمەڵێك کۆلیژی جیاواز لەژێر چەتری کۆلیژە زانکۆیەك کۆ ئەبێتەوە و تا لە داهاتوودا کۆ ئەبێتەوە و پەرەی پێ ئەدرێت و ئەبێت بە زانکۆ، بۆیە ئاساییە هەبێ و پێویستیشە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا ئەكەم لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا پێمان ڕابگەیەنێ چەند کۆلیـژە زانکۆ هەیـە لـە کوردسـتان هەتا ئێستا؟ ئەوەی من بزانم یـەك کۆلیـژە زانکۆ نیـە، نیمانـە، مـن باسـی کوردسـتان ئەکـەم باسـی عێـراق ناکەم، منیش وای ئەبینم کۆلیـژە زانکـۆ بیدعەیـە، بـەڵێ یـان ئـەبێ زانکـۆ بـێ، بـەلاَم نـاکرێ تـۆ کۆلیـژێك بکەیتەوە و ناوی بنێـی کۆلیـژە زانکـۆ، بـەش بـەحاڵی خـۆم ئەوەنـدەی دونیـام بینیـوە و سـەیرم کـردووە و خوێندوومە نەمبینیوە، یان زانکۆ هەیە ئەهلیە، یان حکومیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سـەبارەت بـە مـەجلیس ئومـەنا پرسـیاری زۆر کـرا، لـە پرۆژەکـە لـە مـاددە (12) بـاس لـە پێکهێنـانی ئـەو ئەنجومەنە ئەکات، ئەندامەکانی لە کێ پێکدێن؟ جەنابی وەزیـر زۆر بـاش ڕوونـی کـردەوە، کـە ئەنجومـەنی زانکۆ هەموو کەسی تێدا نیە، تەنها ڕاگری کۆلیژ، بەلاَم لە ماددە 12 هاتیـە کـە ئـەو ئەنجومەنـە نوێنـەری وەزارەتی تێدایە، واتە بۆ پاراستنی پێوەرە زانستیەکان زۆر گرنگە ئەو ئەنجومەنە پێك بێت، لەبەر ئـەوەی نوێنەری وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵای تێدایـە، لـە ئەنجومـەنی زانکـۆ نـاتوانرێ، بـەس لـەو ئەنجومەنـە تێیـدا ئەندام ئەبێ، سەبارەت بە (کلیە الجامعە) ئایا لە کوردستان هەیە یان نا؟ ئەو یاسایە لە ڕۆژی بلاَوکردنـەوە و پەسند کردنی جێ بەجێ ئەکرێ، لەوانەیە لە ئایندە ئەو جۆرە کۆلیژە دروست بکـرێ، بـۆ ئێمـە ئـەوکات پێویستمان بە هەموار کردنی یاساکە هەبێ؟ با هەبێ، ڕێکبخرێ، ئەگـەر هـەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بـەو جـۆرە کۆلیـژە هـەبوو و دایمەزرانـد، ئـەوە چوارچـێوەی یاسـایی هەیـە، ئـەوکات نـاکرێ بڵـێین یاسـا ڕێکینەخستیە، پێویستە یاساکە هەموار بکرێن ئێمە چوار ساڵە خەریکین ئەو یاسایە بگاتە هۆڵی پەرلەمان و گفتوگـۆی لەسـەر بکـرێ، نـاکرێ کۆلیـژێك لەبـەر زۆری ژمـارەی قوتابیـان پێویسـت بـەوە بکـات چـەند کۆلیژێك وەك لە پێناسەکە هاتیە ئەقسامی عیلمی جۆراوجۆر پێکبێت بڵێین ڕێگریەکی یاسایی هەیە، با لە یاساکە ڕێکی بخەین، ئەگەر لە ئایندە هەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بـەو جـۆرە کۆلیـژە بـوو ئـەوە دروسـتی ئەکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

نـازانم یـەعنی ئەگـەر ئـەو کولیەیـە کولیـەی جامیعـە نـەبێ یـەعنی هـەر جامیعـە بـێ، چ مانیعێـك هەیـە؟ هەمووی کە شروتی جامیعەی تێدایە ئیجازەی بدرێتێ جامیعەی بدەنێ، ئەوەی نیەتی بـا وەبـەرهێنان لـەو مەجالەیدا نەکات، یەعنی ئەوە شەرتە؟ مـن بـەخۆم لەگـەڵ ئـەوەی دا نـیم ئەساسـەن پرۆسـەی تەربیـە بـە

بنەڕەتی و جامیعە بدرێتە کەرتی تایبەت، بەلأم ئـەوە درا قـەینا، بـەلأم جامیعـە جامیعەیـە، ئـیتر کولیـژی جامیعە بۆ چیە؟ ئەوەی ئیقتیداری هەیە جامیعە دابنێ با دابنێ، ئەوە وەکو تەحاویلێکە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی موناقەشە زۆر کـرا، ئـەوە یـەك دانـە سـەعاتە یـەك مـاددە موناقەشـە ئەکـەین، ئـەم قانونـە (43) ماددەیە، یەعنی ئەبێ 43 سەعات ئێمە موناقەشەی بکەین ئەگەر بەم حاڵە بڕوات، حەز ئەکـەم دڵنیاشـتان بکەین هەتا سەری ساڵیش ئەبێ ئەمە تەواو بکـەین، جـا ئـەگـەر ڕەئـی موختـەلیف هەیـە بیخەنـە دەنگـەوە ئیتر، فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە نموونەی کۆلیژی زانکۆمـان لـە کوردسـتان هەیـە، زانکـۆی (جیهـان) بـەر لـەوەی ببێتـە زانکـۆ کۆلیـژی جامیعەی جیهان بوو کە من خۆم دەرسم تیا وتۆتەوە، دوایی ئاستی بەرز بوویـەوە بـۆ زانکـۆ کـە کۆمـەڵێك کۆلیژی تری لە خۆی گرت بـوو بـە زانکـۆ، لەبـەر ئـەوە ئـەم تەجروبەیـەمان هەیـە لـە کوردسـتان، شـتێکی غەریب نیە لە کوردستان، جگە لەوە دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پـێ ئەکرێت، ئێمە نابێ ڕێگە لەوە بگرین کۆلیژێك کە دائەمەزرێ مواسەفاتی عیلمـی تێدایـە، عەمیـدی هەیـە، جێگری هەیە، کۆمەڵێك بەشی زانستی تێدایە، بەلأم هیشتان نەگەیشتۆتە ئەو ئاسـتەی بەشـی تـر بکاتـەوە، ئەمە ئەبێتە کۆلیژە زانکۆ، لەبەر ئەوە نابێ ڕێگەی لێ بگرین، کە ئاستەکەشی بەرز بۆوە ئەبێتە زانکۆ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەگەر ڕەئی جیاواز هەیـە بیخەنـە دەنگـەوە، چـونکە موناقەشـە زۆر کـرا، فـەرموو هـەردوو ڕەئیەکـە یەك، یەك بخەنە دەنگەوە

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیار کرا لە لایەن چەند پەرلەمانتارێك کە کۆلیژی جامیعە ئیلغا بکرێ، واتە بڕگەی حەوتـەمی پـڕۆژە یاساکە ئیلغا بکرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی بالأ و توێژینەوەی زاستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با دوو شت جیا بکەینەوە، زانکۆ لەگەڵ کۆلیژە زانکۆ، زانکۆ مەعلومە بریتیـە لـە چـەند کۆلیـژێك، هـەموو کۆلیژێك بریتیـە لـە چـەند قسمێك، دەبـێ بـۆردی ئەمینـدارانی هـەبێ، ئـەبێ ئەنجومـەنی زانکـۆی هـەبێ، بـۆردی ئەمینـداران جیایـە، ئەنجومـەنی زانکـۆ جیایـە ڕوونمـان کـردەوە، بـەلأم کۆلیـژە زانکـۆ بریتیـە لـە

**کۆلیژێك کە چەند پسپۆریەك لەخۆ ئەگرێ، پێویست ناکات کە هەیئەشی هەبێ، و ئەشتوانی هەیئەی بۆ دابنێی، بەڵام جیایە لە زانکۆ، ئایا لە کاتی ئێستادا و بۆ ئەم یاسایە هەردووکی هەبێ؟ یان تەنها زانکۆ ئەبێ ئەوە بەجێ ئەهێڵین بۆ دەنگدان، ڕەئی ئێمە هەردووکی هەبێ،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو دکتۆر سەروەر**

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئەوەی کە باسی لێوە ئەکەین وەکو کاك عبدالسلام باسی لێوە کرد ئایا ئێمە یاسایەك دائەڕێژین یاساکە لەگەڵ واقیعدا ئەگونجێنین؟ یان بە پێچەوانەوە، ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیە سۆزان خان پرسیارێکی لە جەنابی وەزیر کرد وەڵامی نەدایەوە، ئەوانەی کە هەن زانکۆ تایبەتە ئەهلیەکان چەندیان زانکۆن؟ یان بەشێوەیەکی تر، زانکۆ بریتیە لەو دامەزراوەی کە کۆمەڵێك کۆلیژی هەیە، ئایا ئەو زانکۆیانە چەندیان کۆلیژیان هەیە و ئەو مەرجانەیان تێدایە؟ ئەمە لیستی زانکۆکانە کە لەبەر دەستم دایە، من ئەوەندەی تێبگەشتبم زۆربەی هەرە زۆریان ئەو واقیعەی ئێستا لە کوردستان هەیە ئەو بابەتەیە کە پێی ئەڵێن کۆلیژە زانکۆ، بەو جۆرەیە، جەنابی وەزیر ئەگەر هەڵەم پێم خۆشە ڕاستی بکەیەوە، پێم وانیە کۆلیژیان هەبێ، ئایا ئێوە یاساکە دائەنێین بۆ ئەوەی بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، ئەوانە کۆلیژیان هەبێ؟ ئەنجومەنیان هەبێ؟ یان ئەوەتا ئێمە یاسایەکی تایبەت دائەنێین ئەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەو واقیعەی کە هەیە بیسەپێنین بە پێی یاسا، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو هەردوو ڕەئیەکان بزانین، بەڵام من پێم وابێ ئێستا لە کوردستان کۆلیژە زانکۆ نیە، وەلەو کۆلیژە زانکۆ بە کوردیەکەی غەڵەتە، لە کوردستان نیە، بەڵام لە عێراق هەیە، ئەوەتا لە نێوان کەرکووك بۆ سلێمانی $2$ هەیە، بەڵام لە کوردستان نیە، بەس جامیعە هەیە، لە کوێ هەیە؟**

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن:**

**من ئەو پرسیارەم لە جەنابی وەزیر کرد کە وەڵاممان بداتەوە ئایا ئەو زانکۆیانەی کە لە کوردستاندا هەن چەندیان زانکۆن و مەرجی زانکۆیان تێدایە بەو پێیەی کە پێکهاتبێ لە کۆلیژ؟ ئەو پرسیارە وەڵامی ئەوەمان ئەداتەوە کە جەنابت باسی ئەکەی،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوانە ناویان زانکۆیە، ناویان کۆلیژ نیە، بەڵام کە ئەڵێی کۆلیژە زانکۆ لە کوردستان دا نیە، بەس لە عێراق هەیە، فەرموو کاك عومەر**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوو هاوكارمان پرسياريان له بەرێز كرد له بەرێز وەزير كه ئايا كۆليژه زانكۆمان هەيه لە هەرێم يان نا؟ دوو، ئێمە ئەم ياسايە بۆ رێكخستنی خوێندنی باڵا دەرئەكەين لە هەرێمی كوردستان، ئەوانەی كە پێی ئەوترێ ئەهلی، يان تايبەت، ئەگەر ئەم ياسايە به قازانجی هەم خوێندنە هەم قوتابيانەش نەشكێتەوه با پێش وەختە بڕيار نەدەين، ئايا ئەگەر بڕيارەكەمان دا كۆليژه زانكۆ نەبێت چەند ئەو زانكۆيانەی كە ئێستا هەن دائەخرێن، كە داخران قوتابييەكان چيان لێدێت؟ لە كوێ ئەخوێنن؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير ئەو پرسيارە وەڵام بدەيتەوە و بزانين كۆليژه زانكۆ لە كوردستان هەيە؟.

**بەڕێز د.علی سعيد محمد-وەزيری خوێندنی باڵا و توێژينەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژينەوەی زانستی له 2006 ەوە تا ئێستا هەر مۆڵەتێكی داوە بەناوی زانكۆ بووە، هيچ كۆليژه زانكۆيەك نيە لە هەرێم وەكو مۆڵەت پێدراو، بەلاّم ئەو زانكۆيانە كە هەن وەلەو زانكۆن، و مۆڵەتی زانكۆيان پێدراوە، كۆليژی زۆر ناگرنە خۆ، سفەتی زانكۆی تەواويان نيە لە ڕووی كۆليژەكانەوە، بەلاّم كۆليژه زانكۆمان تائێستا نەبووە، مۆڵەتمان نەداوە،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدينی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە راستيدا پرسيار لەوە كرا ئايا ئێمە واقيعێكمان هەيە و بە قانونی ئەيكەين؟ يان بۆ ئاينده ياسا دائەڕێژين، لە راستيدا بۆ هەردووكيەتی، ئەگەر ئێستا هەندێ مۆئەسەساتی خوێندنی بالأمان هەيە ناويان زانكۆی تايبەتە، يان ناويان كۆليژه زانكۆی تايبەتە، يان ناويان زانكۆی تايبەتە، لە جەوهەردا كۆليژه زانكۆن و تەنها بە ناو زانكۆی تايبەتن؟ هەروەها لە ئايندەدا كۆليژه زانكۆ ئەكرێتەوە و زانكۆی تايبەت ئەكرێتەوە؟ ئێمە ئەمانەوێ بۆ هەموو ئەو شتانە رێكخستنێكی قانونيانەی بۆ بكەين، ئێمە پێشبينی ئەوەمان كردووە، هەڵبەتە ئەم ياسايە كە دەردەچێ ماوەيەك دائەنرێ ئەم زانكۆيانەی كە لەهەرێمی كوردستاندا هەن لە بواری كەرتی تايبەتدا ئەبێ خۆيان لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايە بگونجێنن، ئەگەر مەرجەكانيشی تێدا نەبێ ئەبێ خۆيان بگونجێنن، وەزارەتی خوێندنی بالأش ئەو جيهەتەيە كە ئەبێ هەوڵی ئەوە بدات كە زانكۆكان خۆيان بگونجێنن لەگەڵی، ئايا لە ڕابردوودا كۆليژه زانكۆ هەبووە؟ بەڵێ بە واقيعی هەبووە، ئێستاش هەندێ زانكۆی تايبەت كە ناويان زانكۆی تايبەتە لە جەوهەردا پێوەرەكانيان كۆليژه زانكۆن نەك زانكۆ، لە ئايندەش دا كۆليژه زانكۆ پێشنياری كردنەوەی ئەكرێ وەكو مەرحەلەيەكی بيدائی پاشان گەشە كردن و بوون بە زانكۆ، بۆيە ئێمە هەوڵ بدەين رێكخستنێكی قانونيانەی باشی بۆ

بکەین، با هەوڵ نەدەین دەرگایەك کە لە ڕابردوودا کراوەتەوە ئێمە دایبخەین، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەم کە کۆلیژە زانکۆ هەبێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش هەندێ تێبینیم هەیە بەراستی، ئێستا خەریکە هەر قەزایەك و جامیعەیەکی لێ بکرێتەوە، باشە ئەو قەزایانە هەریەك و جامیعەیەکی لێ بکرێتەوە ئاستی خوێندن دانابەزێ؟ ئەو جامیعانەی ئێستا هەندێکیان مواسەفاتی جامیعەیان تێدا نیە، جا ئەگەر ئەوانە تیایان دانەبێ ئەدی ئەگەر کۆلیژە زانکۆ هەبێ چیمان لێ دێ؟ فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عزالدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا ئەم پرسیارە تەواوە، یەعنی ئایا زۆری ئەو جامیعانە مستەوای خوێندن دانابەزێنێ؟ ئەمە وەزارەتی خوێندنی بالاّ لێی بەرپرس ئەبێ، بەلاّم ئیشی ئێمە ئەمڕۆ لە دەرکردنی ئەم یاسایە، مەفروزە ئێمە ئەوەندەی من تێگەیشتبێتم لە بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّ ئەوەیە کە بابەتێك هەیە بووە بە واقیع، ئەویش کۆمەڵێك زانکۆ هەن وەکو بەڕێز کاك عمر نورەدینی باسی کرد کە لەناوەرۆکدا کۆلیژە زانکۆن، کەواتە تۆ ئەبێ لێرەوە قەرارێك بدەی، ئەگەر ئەتەوێ حەلی ئەم موشکیلە بکەی و بیانخەیتە ناو چوارچێوەیەکی یاساییەوە ئەبێ کۆلیژە یاسات هەبێ و چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنێی، کۆلیژە زانکۆ، و ئەگەریش نیەتمان وایە ئەم یاسایە کۆلیژە زانکۆی تیا نەبێ و دواتر هەموو کۆلیژە زانکۆیانە و ئەگەر ئەتوانین حکومەت و وەزارەتی خوێندنی بالاّ هەموو ئەو زانکۆ ئەهلی و تایبەتانەی کە لە ئەصلدا کۆلیژە زانکۆن و مواسەفاتی زانکۆیان تێدا نیە بە پێی ئەم یاسایە دایان بخات، یەعنی ئەمە ئەبێ قسەکە لەسەر ئەمە بێ، یەعنی ئێمە ئەزانین لە قودرەتی حکومەت دا هەیە ئەوانە دابخات، ئەوە با قەرار بدەین لەسەر ئەوەی با کۆلیژە زانۆکمان نەبێت لە تەعاریفەکاندا، بەلاّم ئەگەر ئێمە لەوەین کە چوارچێوەی قانونی بۆ بدۆزینەوە با هەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە ئیجازەکانیان بەناوی زانکۆیە، بە ناوی کۆلیژە زانکۆ نیە، مومکینە کەموکورتیان هەبێ، بەلاّم جامیعەن، بەراستی زۆر موناقەشە کرا، بەسە، بەڕەئی من، هەموو قسەتان کرد، بەراستی حەقە بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو شلێرخان

**بەڕێز شلێر محی الدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە بەراستی بەشێکین لە عێراق، ئەو یاسایەی کە دەری کردووە ئەگەر مولاحەزە بکەین لە ساڵی 96 دوایی تەعدیلێکی کردووە لە ساڵی 2002 ئەڵێ (الجامعه او الکلیه الاهلیه) باسی هین نیە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرە خان بەسە، ئێستا ڕێگە بە جەنابت بدەم شەش کەسی تر داوا ئەکات، بزانن چەند ڕەئی هەیە بیخەنە دەنگەوە، فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوو پێشنیار کرا، یەکیان کولیەی جامیعە نەمێنێ، دووەم پێشنیار ئەوە بوو هەیئەی ئومەنا تەنها لە جامیعات هەبێ، لە کولیەی جامیعات نەبێ، ئەو دوو پێشنیارەیە، کولیەی جامیعە نەمێنێ، ئەو پێشنیارە کرا، لە پرۆژەکە هاتیە، پێشنیارەك کرا کە نەبێت، لە پرۆژەکە هاتیە، پێناسە کرایە، ئیقراری کردیە......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە پرۆژەکە هاتووە کولیەی جامیعە هەبێ، ڕەئیەك هەیە ئەڵێ نەبێ، دیارە نەبێیەکە دوورتر، کێ ئەڵێ کولیەی جامیعە نەبێ؟ (35) کەس ڕەتی کردەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە هەبێ؟ (29) کەس ئەڵێ هەبێ، کەواتە بە (35) دەنگ بەرامبەر بە (29) دەنگ نەما، کاك سەروەر فەرموو

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو حاڵەتەی کە وەکو کاك دکتۆر عومەر باسی کرد لەبەر ئەوەی ئەو زانکۆ ئەهلیانە کاتێك دێن دەکرێنەوە، توانایان نیە لەسەرەتا، بۆ ئەوەی ئەو دەرگایەش دانەخرێ من ئەو پێشنیارە ئەکەمەوە بە پێی ئەو یاسایە وەکو شلێر خان باسی کرد لەوێ هاتووە ئەڵێ کولیەی ئەهلی، کاتێك ئەڵێ کولیەی ئەهلی بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتەش بڕەخسێ بۆ ئەوان، ئەو شروتانەی کە لەسەر زانکۆیەکی ئەهلی دائەنرێ ئەبێ ئەنجومەنی هەبێ، هەیئەی هەبێ، لە کۆلیژەکەدا تایبەتمەندیەکی تری هەیە، دەرگایەکی بۆ ئەهێڵینەوە بۆ ئەوەی دابمەزرێ و گەشە بکات، بەلاَم بەلەبەر چاو گرتنی تایبەتمەندی خۆی، بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم کولیەی ئەهلی زیاد بکرێتەوە، لەو حاڵەتەشدا ڕزگارمان ئەکات لەو پەرش و بلاَوی و سەرگەردانیەی کۆلیژە زانکۆش

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی قانونی فەرموو

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوای ئەو پێشنیارە کولیەی جامیعە دەنگی بەوە هێنا کە ئیلغا بکرێ، بڕگەی (7) نامێنێ، ماددەکە بەو شێوەیە دائەڕێژینەوە

**قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**قانون الجامعات الخاصة في اقليم كوردستان-العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة (1):**

**يقصد بالعبارات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:**

**1-الاقليم:اقليم كوردستان -العراق**

**2-مجلس الوزراء:مجلس وزراء الاقليم**

**3-الوزارة:وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم**

**4-الوزير:وزير التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم**

**5-المجلس:مجلس وزارة التعليم العالي والبحث العلمي للاقليم**

**6-الجامعة:اي جامعة خاصة تؤسس وفق احكام هذا القانون تضم كليات ومعاهد عليا ومراكز بحثية**

**7-الهيئة-هيئة الامناء في الجامعات الخاصة او الكلية الجامعة**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دايە؟ (37) كەس لەگەڵ دايە، كێ لەگەڵ دا نيە؟ (17) كەس لەگەڵ دا نيە، كەواتە بە زۆرينەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەيەكی تر**

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**الفصل الثاني**

**التاسيس والاهداف**

**المادة 2:**

**يتم بموجب هذا القانون تاسيس جامعات في الاقليم وحسب الحاجة وسياسة التعليم العالي في الاقليم.**

**بەڕێز زكيە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**بەشی دووەم**

**دامەزراندن و ئامانجەكانی**

**ماددەی 2**

**بەپێی ئەم ياسايە زانكۆكان لە هەرێم دادەمەزرێن و ئەمەش بەپێی سياسەت و خوێندنی بالاَ لە هەرێمدا ئەبێ**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە هەردوو لیژنە پێشنیاری ئەوەمان کردیە موئەسەساتی تەعلیمی خاصە زیاد بکرێ، ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یتم بموجب هذا القانون تاسیس جامعات او مؤسسات تعلیمیة خاصة في الاقلیم وحسب الحاجة وسیاسة التعلیم العالي في الاقلیم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو کەس، زیادی کرد (سیوەیل عثمان، جلال علي، سەروەر عبدالرحمن، جمال طاهر، خورشید احمد، تارا ئەسعەدی)، فەرموو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە منیش هاوڕام لەگەڵ دکتۆرە ڕۆژان ئەو موئەسەسە تەعلیم خاصە زیاد بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ پێشنیارەکەی دکتۆرە ڕۆژان، بەڵام حەسەب حاجە ئەبێ تەحدید بکرێ چ حاجەیەك؟ حاجەی عیلمی؟ یان تەتبیقی؟ بەڕەئی من بڵێ (حسب حاجە علمیە وتطبقیة)، یەعنی بە پێی پێویستی زانستی ولاَت، ئەمە ئیزافە بکرێ پێم باشە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وێڕای پشتگیریم هەم بۆ لیژنەی هاوبەش و هاوڕێم کاك جەلال کە باسی کرد، بەلاّم لێرەدا دووخالّ هەیە ئەبێ لەبەر چاو بگیرێ، یەکێکیان بە پێی کام پێداویستی؟ ئێمە کێشەیەکمان هەیە لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر کۆلیژی هاوشێوەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، کۆلیژە ئەهلیەکانیش کاتێك ئەکرێنەوە هەمان شێواز ئەکەنەوە، ئەمە تەزەخومێك دروست ئەکات لە کەوادیر، لە ئەنجامدا داوای دامەزراندن ئەکەن، ئەو توانایەش نیە دابمەزرێن، بۆیە ئەکرێ ئەمە لەبەر چاو بگیرێ کە بە پێی پێویستی بازاڕبێ، ئەگەر کۆلیژێکی هاوشێوە بێ حەق نیە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی بالأوە ڕێگەی پێ بدرێت، و خالّی دووەمیش، بە پێی ڕیککارەکانی وەبەرهێنان لەگەڵی بنووسرێ، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بەو جۆرە دابرێژرێتەوە ( بەپێی ئەم یاسایە زانکۆ ئەهلیەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی ئەهلی بالأی تایبەت بە پێی پێویستی بازاڕ و سیاسەتی خوێندنی بالأی هەرێم و ڕێککارەکانی وەبەرهێنان دائەمەزرێن، دامەزراوەی خوێندنی ئەهلی لێرەشدا بەهەمان شێوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش هاتووە کە پێشتر لە پێنسەکانیش دا کراوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پرسیارێك دێتن، کێ دایئەمەزرێنێ؟ ئەڵێ (یتم بموجب هذا القانون تاسیس جامعات في الاقلیم وحسب الحاجة وسیاسة التعلیم العالي في الاقلیم)، کێ دایئەمەزرێنێ؟ ئەفراد یان جەمعیات؟ یان موساهیمن؟ شەریکاتن؟ لازمە دیار بکەین، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەگەر بتوانن ماددەیەك ئیزافە بکەن، یان بیکەنە یەکەم، دووەم، (ویمکن ان تکون للجهة المؤسسة للجامعة کالنقابات والاتحادات و الجمعیات المهنیة او الافراد)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

کە ئەڵێ بە پێی پێویست، من بە باشی نازانم هەمووی لەناو پارێزگا بێ، لەناو موحافەزەکان بێ و تەزەخوم بکرێ، مەسەلەن بۆ نموونە پێویستمان بە کۆلیژەکی کشتوکالّە، بۆ محاوەلە نەکەین لەو شوێنانەی کە کشتوکالّی لێیە وەکو شارەزوور و دەشتی حەریر و ئەو ناوانە کە کشتوکالّ بەکاردێنن، و باسی مەعاهدیش نەکرایە، تەنها باسی جامیعە کرایە، ئەی مەعاهدیش دەگرێتەوە یان نا؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خورشيد

**بەڕێز خورشيد احمد**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەراستی من پێشنيارێكم هەيە، ئەگەر ئێمە ئەم خاڵە بەم شێوەيە صياغە بكەين ((يتم بموجب هذا القانون تاسيس جامعات في الاقليم وحسب الحاجة بما يتلائم وسياسة التعليم العالي في الاقليم على ان لاتقل مدة الدراسة فيها عن اربع سنوات وتمنح درجة جامعية اولى على الاقل)، خۆ جاميعات ئەبێ تەحديد بكەين بڵێين چوار ساڵە، چوار ساڵ و چ دەرەجەيك ئەبێ، دەرەجەی جاميعی ئەوەلی بدات، ئەو دوو خاڵە ئيزافە بكەين بۆ ئەوەی شێوەی جاميعە، يەعنی چوارچێوەی ياسايی دياری بكرێن سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا ئەسعەدی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من ئيزافەيەكم هەيە وێڕای پشتگيريم بۆ كاك خورشيد، ئەڵێ (يتم بموجب هذا القانون تأسيس جامعات في الاقليم ويجوز ان تفتح فروع واقسام لها في المحافظات خارج الاقليم وفي المناطق المتنازع عليها وحسب الحاجة بما يتلائم وسياسة التعليم العالي في الاقليم)

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ليژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەيی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سەبارەت بەو پێشنيارانەی كە كرا ئێمە كە وتمان پێويستی خوێندنی باڵا ئەو وردەكاريانەی هەمووی لە پێداويستی وەزارەت خۆيان دياری ئەكەن، ئايا تا چەند كردنەوەی ئەو زانكۆيە لەگەڵ ئامانجەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەگونجێ؟ ئێمەش ياسای وەزارەتی خوێندنی باڵامان هەيە، ئامانجەكان لەوێ دياری كرايە، و ئەو پرۆژەيە لەگەڵ ئەو ياسايە ئەگونجێ، سەبارەت بە (مايتلائم سياسە التعليم العالی) خۆی هەر ئەو مەبەستەشەكە (و) دانرايە، بەو شێوەيە دايدەڕێژينەوە (حسب الحاجە وبما يتلائم و سياسە التعليم العالی فی الاقليم)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزير

**بەڕێز د.علی سعيد محمد-وەزيری خوێندنی باڵاو توێژينەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەو موئەسەسە تەعلیم عالیە هەبێ، چونکە ئەوە دەرگایەك ئەکاتەوە کە کەس نازانێ مەبەستی چیە؟ چیە موئەسەسات تەعلیمی؟ تەنها بڵێ (یتم بموجب هذا القانون تأسیس جامعات في الاقلیم) هەتا دوایی، ئەم یاسایە بۆ جامیعات بێ، ئەی بۆ کولیە جامیعەمان لابرد؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە مادده (40) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا باس لە موئەسەساتی تەعلیمی غەیری حکومی ئەکرێ بەڕەزامەندی وەزارەت، لەبەر ئەوەی یاسامان نەبووە، کە ئێستا یاسامان هەبێ بۆ ئەو دامەزراوە زانستیانە غەیرە حکومیانە کە ناومان لێنایە تایبەت بە یاسا ڕێکبخرێ باشترە نەك تەنها بگەڕێتەوە بۆ ڕەزامەندی وەزارەت، مادده (40)، (41) ، (42) باس لەو موئەسەساتانە ئەکات، باس لە مەکاتیبی تەدریب و تەئهیل ئەکات کە بەڕەزامەندی وەزارەت دادەمەزرێ، واتە ڕێگە پێدرایە ئەگەر وەزارەت موافەقەتی کرد ئەو موئەسەساتانە دابمەزرێ، بۆ ئێستا لە چوارچێوەی یاسا ڕێکی نەخەین؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە زیاد کردنی موئەسەساتی تەعلیمی کە تائێستا بە پێی ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا دادەمەزرێ، ئێمە پێمان باشە بێتە چوارچێوەی ئەو یاسایە، چۆن ڕێکاری یاسایی دیاری کرایە بۆ وەرگرتنی ئیجازە بۆ دامەزراندنی زانکۆ، بۆ موئەسەساتی تەعلیمی موختەبەرات و فروع و مەراکیزی تەئهیل و تەدریب هەمان ڕێکاری یاسایی بیان گرێتەوە، نەك تەنها موافەقەتی وەزارەت بێ، ئەوەیە مەبەستەکە، ئەگەر پێشنیارەکەی هەردوو لیژنە دەنگی هێناو موئەسەساتی تەعلیمی زیاد بکرێ، ئەگەرنا یاساکە (یتم بموجب هذا القانون تاسیس جامعات او مؤسسات تعلمیة خاصة في الاقلیم وحسب الحاجة وسیاسة التعلیم العالي في الاقلیم)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە، با بفەرمووێ

**بەڕێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

موئەسەساتی تەعلیمی هیچ ماددەیەك نیە باسی بكات، چیە؟ چۆن ڕێكئەخرێ؟ ئیجازە پێدانی چۆنە؟ شرۆتی دانانی چیە؟ ئەوە ناحیەیەك، ناحیەی عینوانیش لەگەڵ عینوانەكەش ناگونجێ، من لەگەڵ دكتۆرە ڕۆژانم كو بە قانون ڕێك بخرێ، بەلاّم لە زمنی ئەو قانونە نا، ئەو قانونە باسی مەزوعێكی ترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو عەزیمە خان

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش لەگەڵ قسەكانی كاك فرسەتم، لەبەر ئەوەی ئێمە وتوومانە زانكۆ تایبەتەكان، نەمان وتووە موئەسەسەی تەعلیمی لە ناو ئەم یاسایە، تەنها بۆ زانكۆ تایبەتەكانە، لەبەر ئەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دوو بەڕێز باسی ئەوەیان كرد حەسەب حاجە، شتێكی مەتاتییە، حەسەب حاجە سەبەبێكی كافیمان ناداتە دەست بۆ ئەوەی زانكۆیەك بكەینەوە، بۆیە ئەبێ ئەمە ببەسترێتەوە بە بازاڕێ كارەوە، خۆشی مەنتق وات پێی ئەڵێ، هەموو زانكۆیەكی تایبەت كە ئەكرێتەوە یەكەم شت بە كۆلیژی یاساوە دەست پێدەكات، لەبەر ئەوە من داوا ئەكەم مەزوعی بازاڕی كار بخرێتە ناو ئێرەوە بۆ ئەوەی وابكەین وەزارەت دائیمەن دیراسەتێك بكات، لە ژێر دەستی دابێت كە بازاڕی كاری ئێستا چی پێویستە؟ پێویستمان بە كۆمپیوتەرە ئیجازەی ئەوە بدەین كە بەشی كۆمپیوتەر بكرێتەوە، پێویستیمان بە زەراعەتە، بكرێتەوە، گەشتیار، گەشتیاری بكرێتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بازاڕی كاری بۆ ئیزافە بكرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دبیژم گەلەكا زرووریە موئەسەساتێت تەعلیمی تێدا بن، سەنتەرێت زانستی و ئیستیشاری و خەدەمی و ئەڤ تشتا هەمی زەروورات و مولحەقاتێت زانكۆیەنە، كو دڤێتن تێدابێتن، ژ بەر هەندێ ئەز تەئیدا وێ چەندێت دكەم كو تێدا بێتن، ل ماددا ئێكێ ژی خاڵە چارێ بەحسێ زانكۆیێ دكاتن، نە بەس زانكۆیێ، بەحسێ كۆلیژ و پەیمانگای بالاّ و كۆلیژێت دكاتن، سەنتەرێت توێژینەوە، بۆیە پێویستە هەبێتن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال

**بەڕێز جلال علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو قسانەی من ئەوە نیە قسەکەی خۆم بگونجێنم، تەبعەن بازاڕ لەگەڵ عیلم و جامیعەدا لەوانەیە یەك نەگرێتەوە، ئەتوانرێت بگوترێ (حسب الحاجه العلمیه والتطبقیة)، تەتبیق پێویستە بەراستی، لە هەموو شوێنێك کۆلیژی یاسا ئەکرێتەوە، کۆلیژی کشتوکاڵ ئەکرێتەوە، ئەهلیەکانی خۆشمان بێن بیکەنەوە زیادە، بە پێی تەتبیقی ماددەکە بکرێتەوە چاکترە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عزالدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە هەموو جیهان دا پێویستی بازاڕ پیادە ئەکرێ لە دابین کردنی جۆرەکانی خوێندندا، ئێستا بۆ نموونە ئێمە کە وڵاتێکی بەرهەمهێنین لە نەوت، پێویستمان پێیە هەتا ئامادەیی نەوتیشمان هەبێ، پەیمانگای نەوت، کۆلیژی ئەندازیاری نەوت، گەشتیاری، کە بایەخ بە گەشتیاری ئەدەین ئێمە بە گوێرەی بازاڕی کار ئەبێ خەڵك پێبگەیەنین، زۆر زۆر پێویستە ئەو خاڵە لەو یاسایە جێگیر بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان

**بەڕێز نەریمان عبداللە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من قسەم لەسەر (حەسب الحاجە) هەیە، باس کرا کە مەتاتیە، ڕاستە مەتاتیە، بۆ؟ پێشتر بەڕێزت باست کرد لە قەزاکان خەرێکە زانکۆ بکرێتەوە، مستەوای عیلمی گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ، لەوانەیە هەر ناحیەیەك سبەینێ خۆپیشاندانێك بکات بۆ ئەوەی زانکۆی بۆ بکرێتەوە، پێویستیە و با منداڵمان دوور نەچن، ئەمە پێی ئەگوترێ حاجە، بەڵام زەرورەتی عیلمی چیە؟ بۆیە من داوا ئەکەم بکرێتە (حسب الحاجە ضرورة علمیة)، ئەگەر زەرورەتی عیلمی هەبوو ئینجا ئیجازەی پێ بدرێ بکرێتەوە، نەك لەوەی حاجەیەك، کۆمەڵێك خەڵك لەوانەیە ئاستە زانستیەکە نەزانێ چۆنە، بەڵام پێویستیەتی بۆ مەنتیقەکەی، بۆیە ئەوە مەتاتیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید

**بەڕێز خورشید احمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

باس لە حاجە ئەکەین، حاجە پێویستیە، کێ دیاری ئەکات؟ وەزارەت هەیە، وەزارەتی سیاسەت هەیە، دیراسەتی بازاڕ ئەکات، دیراساتی ئیحتیاجاتی موجتەمەع ئەکات، ئەوکات دێت ئەو حاجە تەحدید ئەکات، خۆ حاجە ئەوە نیە هەر لە خۆیەوە شتێك بنووسی، پاشان باسی سیاسەت ئەکەین، سیاسەتی تەعلیم لەسەر چ قائیمەك؟ قائیمە لەسەر ئیحتیاجی بازاڕ، چ ئیحتیاجی پێیە ئەیکەین، هەردووکی لەناوی جێگرە، یەعنی حاجە و سیاسەت هەردووك تەحدیدی حاجەی موجتەمەع ئەکەن، باسی کالاّ ئەکەین، باسی ئەوە ئەکەین بازاڕ پێویستی بە چ هەیە لە ڕووی بازرگانیەوە، نەك لە ڕووی عیلمەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە موئەسەساتی تەعلیمی کە پێشنیاری هەردوو لیژنەیە زیاد بکرێ ڕاستە لە ماددەی یەکەم پێناسە نەکرایە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات، لە ماددەی (40) ی وەزارەتی خوێندنی بالاّ باس کرایە، و ئەگەر لە ماددەکانی تر، یان لەو ماددەیە پەسند کرا ئەو پێشنیارە، ئەوە ئەگەر لە ماددەکانی تر لە هەر شوێنێك باس لە ڕیککارەکان کرا، باس لە مەرجەکانی دامەزراندنی جامیعە کرا ئەتوانن وشەی موئەسەساتی تەعلیمی زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی دەقێك هەیە لە ماددەی (42) ی وەزارەتی خوێندنی بالاّ کە ئەڵێ (تختص الوزارة حصرا بمنح اجازة فتح اي مؤسسة تعليمية عليا غير تابع لها حكومية كانت او غير حكومية) تا ئێستا لەبەر ئەوەی یاسای تایبەتمان نەبووە بە زانکۆکان هەموو دەستەلاّتەکان لە وەزارەت بووە، وەزارەت خۆی مۆڵەتی پێدایە، بۆیە ئەگەر ئەو پێشنیارە دەنگی هێنا ئەتوانین لە ماددەکانی تر وشەی موئەسەساتی تەعلیمی زیاد بکەین کە باس لە مەکاتیبی تەدریب و تەئهیلی عولیا ئەگرێتەوە، واتە ئەگەر لەو یاسایە باسی نەکەین موئەسەساتی تەعلیمی هەیە و خەڵك بۆی هەیە دایبمەزرێنێ، بەلاّم پێویستی بە موافەقەتی وەزارەت هەیە، بە پێی ماددەی (40) و (41) و (42) (43) یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاّ کە کاری پێ ئەکرێ ئێستا، ڕێگا هەیە موئەسەساتی تەعلیمی دابمەزرێ تەنها بە موافەقەتی وەزارەتی دەوێ، و ئەگەر لەو یاسایە باس نەکرێ مەعنای ئەوە نیە موئەسەساتی تەعلیمی لە هەرێمی کوردستان دانامەزرێ، دادەمەزرێ، بەلاّم دەستەلاّتەکە لە وەزارەتە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان

**بەڕێز فەرمان عزالدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لەو یاسایە بەراستی وەکو برادەران وتیان بۆ ڕێکخستنە، ئەگەر ئەمانەوێ بەراستی ئەو یاسایە بەو یاسایانە بچوێنین کە دەرمانچواندووە پێشتر بە مانای ئەوەی مەسەلەی خواستی تیا بێتە دی، ئەوە هەرگیز وا نیە، لەبەر ئەوەی خوێندنی بالآ لە هەرێمی کوردستان وەکو ئەو دەزگا فراوانە بەراستی خاوەن پلان و ستراتیجیەکی تۆکمە نیە بتوانێ ئەوە بکات، بەراستی ناتوانین ئێستا، نموونەی زۆرمان هەیە، ئەوانە تەنها هەر ئەصلەن ئەو زانکۆیانە، یان ئەوکۆلیژە زانکۆیانە وەلەو لە قانون سرپیمانەوە ناوی نەهێنین جارێکی تر، هەیە ئەصلەن قۆناغ برین نیە، لەو زانکۆیەکانی خۆشمان قۆناغ برین نیە، بەڵکو کات برینە، مەبەستمان چیە لە قۆناغ برین و کات برینە؟ قۆناغ برین ئەوەیە هەر خوێندکارێك لە پۆلی یەکەم ئەبێ هەموو زانستەکانی پۆلی یەکەم فێربێ ئینجا بچێتە پۆلی دوو، بەلآم لێرە چاوەڕێی ئەوە ئەکات بە چوار ساڵی ڕێکوپێك بەکەلۆریۆسەکە وەرگرێ و چاوەڕێی هەلی کاریش ئەکات، زانکۆکانی خۆمان ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان، وەکو وەزارەتی خوێندنی بالآ نەمانتوانیە پالنێك دابنێین لەسەر بنەمای خواستی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، بەردەوام تەخەروجی پێ ئەکەین، فەرموو ئێستا نموونەی یەك کۆمەڵە کۆلیژ ئەهێنم بۆ ئەو هۆڵە بەرێزە ب جەنابی وەزیرەوەش کە هەر مەجالی دامەزراندنی نادەن، کۆلیژەکەش قەپات نەکرا، ڕەنگە خۆمان داوامان کردبێ، لیژنەی پەروەردە گوتیتمان ئەگەر ئەوە دانەمەزرێن کۆلیژەکەیان داخەن، ئێستا ئەوە هەوڵ ئەدرێ کۆلیژەکە ئەکرێتەوە لەسەر هەمان بنەماوهەمان شت، بەراستی مەسەلەی خواستی هیزە زانستیەکە بە بازاڕ ئەوە قەت لە هەرێمی کوردستان من پێم وایە لە قۆناغی ئێستا و لە 20 ساڵی دادێش نابێ، لەبەر ئەوەی ئەوەندە دەرچوومان هەیە، ئەوەندە خەڵك لە زانکۆکان بۆتە هەڵئاوسان، خەڵکێکی زۆری دەرچووی زانکۆمان هەیە بێ ئیش و کار لە بازاڕە، هەموو ڕۆژێ بەردەرکی پەرلەمان ئەگرێ و ئەڵێ دامبمەزرێنن لەبەر ئەوەی بۆتە نەریت، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

سۆزان خان تێبینیت هەبوو؟

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ڕاستە موئەسەساتی تەعلیمی لە یاسای وەزارەتی خوێندنی بالآدا هاتووە، بەلآم باوەڕناکەم تا ئێستا هیچ موئەسەسەیەکی تەعلیمی لە هەرێمی کوردستان دروست کرابێ و ڕەزامەندی وەرگرتبێ و ئەهلیش بێ، بەو شێوەیە لە هەرێمی کوردستان نیە، ڕاستە لەناو یاساکە هاتووە، بوعد نەزەرێك هەبووە، لەکاتی خۆشی لە موناقەشە کردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالآ ئەو بوعدی نەزەرە لەوەدا بوو کە سبەی ڕۆژێ موئەسەساتێکی دەرەوەی هەرێم بێت لەناو هەرێم تەدریب بە کادیری ئێمە بکات لە بواری عیلمی و ئەکادیمی، لەبەر ئەوە پێویستە لە ناو وەزارەتی خوێندنی بالآدا هەبێ، کە لەناو یاسای وەزارەتی خوێندنی بالآ دا هەبوو، وەزارەتی خوێندنی بالآ مەسئولە لە ڕێگە پێدانیان ئەگەر هاتو ئەوان خزمەتیان بە

خوێندنی باڵا کرد له هەرێمی کوردستان ئەو لایەنی مەسئول ئەبێ، بەڵام ئەمە تەنها بۆ زانکۆکان ئەبێ، زانکۆکانی کە هەتا ئێستا نەبەستراونەتەوە بە بازاڕی کار.

من ئەوەیە مەبەستەکەم، بەستنەوەیە بە بازاڕی کارەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو کەسێك ئەگەر چاوەڕێ بکات 20 ساڵی تر، نەخێر، 20ساڵی تر نیە، ئێمە بەدەر نین، هەتا ئێستا ئەگەر هەڵەیەکیشمان کردبێ، پلانیشمان نەبووبێ بۆ ئەوەی خەڵك ئامادە بکەین بۆ بازاڕی کار، بەس لەمەودوا ئەبێ هەمان بێ، تەخەصوصاتمان ئەبێ هەبێ، بۆیە من پێم وایە بەستنەوەی بازاڕشی کار بە دروست کردنی ئەو زانکۆیانەوە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو پلانە جێ بەجێ بکەین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك حەمە سعید

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وایە پێویست ناکات موئەسەساتی تەعلیمیەی خاصە هەبێ، بۆ؟ لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو ڕایە، لە ماددەی (41) ئەم یاسایە موعالەجەی ئەوەی کردووە، ئەڵێ (زانکۆکان) یەعنی زانکۆ ئەهلیەکان بۆیان هەیە پەنابەرنە هەر لایەنێکی پسپۆڕی لە موئەسەساتی حکومەت، بۆچی؟ بۆ ئەنجامدانی تاقی کردنەوەی عیلمی، بۆ ڕاهێنان، بۆ مەشق پێکردنی قوتابیان، کەواتە پێویستە فەرمانگاکان ئاسانکاریان بۆ بکەن، کەواتە بەدیلەکە هەیە، وەکو لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو موئەسەسەیە هەیە، زانکۆ ئەهلیەکان ئەتوانن ئیستیفادەی لێ بکەن، و ئیستیفادەکەشی بۆ حکومەتە، تەبعەن حکومەت تەعامولی تیجاری لەگەڵ زانکۆ ئەهلیەکاندا ئەکات، بۆیە لە ماددەی (41)ی یاساکە ئەو مەسەلەی چارەسەر کردووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا قسە زۆر کرا، ئەگەر ڕەئیە جیاوازەکان هەیە بیخەینە دەنگ، جەنابی دکتۆر فەرموو

**بەڕێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێشنیاز ئەکەم بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەی بازاڕی کار و پێداویستیە ڕەچاو بکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی دامەزراندنی بەش و ئەو کۆلیژانەی کە هەمانە دووبارە نەبێتەوە، صیاغەی ئەو ماددە بکرێ بەم شێوەیە (یتم بموجب هذا القانون تاسیس جامعات في الاقلیم تضم کلیات واقسام علمیة مع تحدید التخصصات التي تحتاجها الاقلیم)، ئەگەر بێت بەو شێوەیە، یەکسەر ئێمە ڕێگە نادەین بەشی زمانی عەرەبی یان یاسا بکاتەوە، پێی ئەڵێین ئەگەر ئەتوانی فاڵان شت یان فڵان شت بکەوە، لەوێدا بازاڕی کار و دووبارە نەبوونەوەی ئیختیصاصەکان ڕەچاو ئەکرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

زۆر موناقەشەمان کرد، چیتر مەجالی موناقەشە نادەین، بزانین لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

به نیسبەت ماددەکە بەو شێوەیە دائەڕێژینەوە، ئەوە موئەسەسات تەعلیمیەکە نەدرا دەنگدان

((يتم بموجب هذا القانون تاسيس جامعات خاصة في الاقليم، حسب حاجة سوق العمل بما يتلائم و سياسة التعليم العالي في الاقليم)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ (38) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (5) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة (3)

تهدف الجامعة الى:

1-الاسهام في رفع مستوى التعليم والبحث العلمي

2-توفير التخصصات العلمية الحديثة لاعداد المتخصصين والفنيين والخبراء في شتى المجالات

3-تلبية احتياجات المجتمع المتطورة وتوفير الفرص التعليمية للاشخاص الذين يرغبون في رفع مستواهم العلمي

4-اداء الخدمات البحثية للغير

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

بە کوردیەکەی هەتانە؟

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 3

ئامانجی زانکۆ ئەمانەن:

1-بەشداری کردن لە بەرز کردنەوەی ئاستی فێرکردنی بالاْ و توێژینەوەی زانستی

2-فەراهەم کردنی پسپۆری نوێی زانستی بۆ ئامادە کردنی پسپۆری تەکنیکار و شارەزایان لە بواری هەمەجۆردا

3-جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانی کۆمەڵگای پەرەپێدرا و فەراهەم کردنی دەرفەتی فێرکردن بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی بەرز کردنەوەی ئاستی خۆیان هەیە

4- جێ بەجێ کردنی خزمەت گوزاری توێژینەوە بۆ خەڵکانی تر

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمووو لیژنەی هاوبەش

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتگیری لە ماددەکە ئەکەین، هیچ تێبینیمان نیە

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمووو جەنابی وەزیر

**بەرێز د.علی سعید محمد-وەزیری خوێندنی بالأو توێژینەوەی زانستی**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیاز ئەکەین کە خاڵی پێنجەم ئیزافە بکرێ، وەکو لای خوارەوە (الخدمە التی لها اهداف وطنیة لمکونات شعب کوردستان وفق المبادیء الدیموقراطیة وحقوق الانسان وبعیدا عن النزاعات الطائفیة والعنصریة والعرقیة)

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ (ئاهەنگ عارف، نەژاد عزیز، شوان کابان، تارا ئەسعەدی، سەمیرە عبداللە، بێریڤان، سیوەیل، خورشید)، فەرمووو ئاهەنگ خان

**بەرێز ئاهەنگ عارف**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من نوقتەی (3) (-تلبیة احتیاجات المجتمع المتطورة)، من پێم باشە بڵێ (تربیە و دراسە احتیاجات المجتمع) چونکە ئەگەر من دیراسەی بکەم موجتەمەعی من چ خەلەلی هەیە بە شێوەیەکی ئەکادیمی؟ زۆر سەهلیشە حەلەکەی بۆ ببینمەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمووو کاك نەژاد

**بەرێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وایە ئەو ماددەیە وەکو ئەهداف هاتووە راستە، بەلأم لەوە ئەچێ وەکو ئەسبابی موجیبە بێ، وەکو عام، بەلأم لە نوقتەی دووەمیش (-توفیر التخصصات العلمیة الحدیثة لاعداد المتخصصین والفنیین والخبراء فی شتی المجالات)، نووسراوە (فی شتی المجالات) پێم باشە بکرێتە، (فی المجالات الملحە التی یحتاج الیها الاقلیم)، یەعنی برادەرانیش باسیان کرد کە زۆر کولیەمان هەیە، ئەوێ ڕۆژێ باسی کۆلیژی قانونیان ئەکرد ئەیوت (22) کولیژی قانون لەو ولأتەی هەیە، بەراستی ئەوە شتێکی سەیرە، (22) کۆلیژی قانونمان بۆ چیە؟

لەگەڵ ئاهەنگ خانیش دامە، ئەوەی کە ئەو باسی کرد، مسەلەن ئێمە بە نموونە ئەیهێنمەوە، لەو مەوزوعەی (کۆلیژی تەمریز) ئێستا ئەوە بەتەمان لە دەرەوە مەسەلەی (نێرس)، و ئەوانە لە دەرەوە بهێنن، کولیەی (تمریض) پێویستمانە، کولیەی زەراعەمان تەصەور ئەکەم پێویستمانە، ئەو کولیانەی کە مولیحن، ئێستا بینای کوردستان، مەرحەلەی (ریکۆنستراکشن)، با منیش یەك، دوو وشەی ئینگلیزی بەکار بێنم، یەعنی ئیعادەی بینا، ئەوە گرنگە، ئەو نوقتەی جەنابی وەزیریش باسی کرد، بۆ بەس بە وەزیر ئەڵێن جەناب؟ بە کەسی تر ناڵێن؟ باسی کرد، زۆر لەگەڵی دامە، ئیزافە بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئامانج لە ماددەی (3) ڕیزبەندیەکانی بە ڕای من چاك بکرێ، کە تۆ مۆڵەت ئەدەی بەزانکۆیەك بکرێتەوە، چونکە پێویستت پێیەتی، بۆیە ئیجازەت پێدایە، ئەگەرنا نایدەی، سێیەم کە ئەڵێ (-جێ بەجێ کردنی پێویستیەکانی کۆمەڵگای پەرەپێدرا و فەراهەم کردنی دەرفەتی فێرکردن بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی بەرز کردنەوەی ئاستی خۆیان هەیە)، ئەوە یەکەم خاڵ بێ، دووەم خاڵ ئەوجا (-بەشداری کردن لە بەرز کردنەوەی ئاستی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی)، بەڵام لە چوارەمدا کە ئەڵێ (جێ بەجێ کردنی خزمەت گوزاری توێژینەوە بۆ خەڵکانی تر)، کێن خەڵکانی تر؟ بڵێم بۆ هەمووکەس کە ئەیەوێ، لە ئەوروپا ئەڵێ بۆ نەوەکانی تریش، بۆ نموونە من بمەوێ لە زانکۆیەکی تایبەت لە ماجستێر بخوێنم لەو خاڵەدا هەیە، ئەڵێ بۆ نەتەوەکانی تر، نەك خوێندن بچم توێژینەوەی زانستی بکەم، بۆیە با ئێمەش ئیجازە بدەین بەو زانکۆ تایبەتانەی ئێرە خەڵکی تریش بێ، قوتابیمان هەیە (لیبی)یە، با ئەوانیش توانای توێژینەوەی زانستیان هەبێ، بۆیە لە خاڵی چوارەمدا کە ئەڵێ بۆ خەڵکانی تر و نەتەوەکانی تر، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە بە نیسبەت چوارەم کە ئەڵێ (اداء الخدمات البحثية للغير)، حەقە دیاری بکرێ ئەو غەیرە کێیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك شوان

**بەڕێز شوان کریم کابان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێشنیار ئەکەم ئەم ماددەیە نەبێ، بۆ؟ یەکەم، ئێمە تا ئێستا گەورەترین گلەییمان لێ کرابێ لە زانکۆکان لەوە بووە کە لەو ئاستە زانستیە نین کە هەن، بە پێچەوانەوە پێمان وابووە، یان ئەوانەی لەو بوارەوە کاریان کردووە، نووسنیان بلاّو کردۆتەوە و گلەیی و تێبینیان هەبووە ئاستیان زۆر لەو زانکۆیانە باشترە بووە، یەك و سێ ئەگەر ئەم قسەی من راست بێ چۆن ئەو قسەی من هەدەفی ئەو زانکۆیانە ئەبێ کە ئەڵێ (الاسهام في رفع مستوى التعليم والبحث العلمي) ئێمە گلەییمان لەوە بێ کە لە بنەڕەت دا مستەوای زانستیان ئەوەندە نیە، لەگەڵ ڕێزم بۆ زانکۆکان، سێ (تلبية احتياجات المجتمع المتطورة وتوفير الفرص التعليمية للاشخاص الذين يرغبون في رفع مستواهم العلمي)، ئەمە یەك، دوون پێویستە بە بڕوای من لە شوێنی ئەم ماددەیە بڵێین وەزارەتی خوێندنی بالاّ چی ئەوێ لەو زانکۆیانە تا بیهێنە دی؟ یەعنی ئەبێ ئەوە دیاری بکەین، یان ئەبێ بڵێین ئامانج لە دانانی ئەم یاسایە چیە؟ ئێمە بۆ ئەم یاسایە دائەنێین؟ تاکو ئەم زانکۆیانە چی بکەن؟ نەك هەدەفی ئەو زانکۆیانە چیە؟ ئێستا ئەم یاسایە دائەنێێن لەبەر ئەوەی ئەم زانکۆیانە کاریان ڕێك ئەخەین، و ئەو گلەیی و گازندانەی کە هەبوو لەبەر خۆیان لابدەن، گلەییمان لەوە هەیە لەگەڵ ڕێزم دیسان ئاستی زانستیان لەو ئاستە نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وێڕای پشتگیریم بۆ کاك شوان، لەبەر ئەوەی خۆشم ئیقتیراحەکەم هەر ئەوە بوو کە ئەو هەدەفانە هی جامیعەکە نیە، ئێمە ئەسبابی موجەبەمان داناوە، بە شتێکی ڕێك و پێك نووسراوەتەوە، چەند خاڵێکە کە ئێمە چی وامانی لێکرد بە یاسا کردنی ئەو زانکۆ تایبەتانە بکەین؟ هەمووشی خاڵ بە خاڵ باس کراوە، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتو ئیقتیراحەکەی من و کاك شوان دەنگی هێنا ئەوە ڕۆیین ئەگەرنا ئەتوانم شتێکی تر زیاد بکەم لە چوارەم ئەڵێ (اداء الخدمات البحثية والتاهلية لمؤسسات الدولة)، چونکە غەیر مەبەستی ئەوەیە خاریجی جامیعە، بۆ موئەسەساتەکانی تری دەوڵەت، ولەناو جامیعەش ئەتوانێ تەقدیمی بکات، ئەتوانین خاڵێکی تریشی بۆ زیاد بکەین، ئەگەر هاتو مایەوە هەدەفەکان (توفير فرص اكثر لمواطني الاقليم وعدم تلبيتها في الجامعات الحكومية وزيادة الخبرات الاكاديمية العالمية للاقليم)، ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکرێ ئەگەر هاتو مایەوە، بەس لەگەڵ ئەوەم نەمێنێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك خورشید

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس سێیەم ((تلبیة احتیاجات المجتمع المتطورة)، موتەتەویر مەبەست موتەنامیە، لێرە موناسب نیە موتەتەویرە، (((تلبیة احتیاجات المجتمع المتنامیة وتوفیر الفرص التعلیمیة للذین یرغبون رفع مستواهم)، و تەئیدی موقتەرەحی جەنابی وەزیریش ئەکەم بۆ ئەو ئیزافەیە، ئەگەر بکرێت ئێمە بەو شکلە بڵێین ماددە (3) (علی الجامعات) نەك (تهدف الجامعات)، (علی الجامعات) پاشان بێینە (اهداف)ەکان، و لەجیاتی (المتطورة) بیکەینە (متنامیە)، ئیزافەی موقتەرەحی وەزیریش پەسند ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان

**بەڕێز سمیرە عبدالله**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش هەروەها پشتگیری موقتەرەحی جەنابی وەزیر ئەکەم، چونکە جەخت لەسەر ئاستی زانستی و ئینتیمای نیشتیمانی دەکات، قوتابی ئەڵێ تەنها پارەم دا و شەهادەکەم مسۆگەر کرد، با ئەوە نەمێنێ، زیاتر جەخت لەسەر ئاستی زانستی و ئینتیمای بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر دوا ڕەئیت

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەسبابی موجەبە، باس لە ئەسبابی موجەبەی دانانی ئەو قانونە ئەکات، ئەهداف، ئەهدافی جامیعەیە، هەموو جامیعەیەك کە وێبسایتەکەی ئەکەیتەوە پێش هەموو شتێك نووسراوە (میشن)، ئایا ئەم جامیعەیە بۆچی کار ئەکات؟ لەبەر ئەوە فەصلەکەش خۆی تەئسیس و ئەهدافە، لەبەر ئەوە ئەو ئەهدافانە وەکو هەدەفی جامیعەکە ئەبێ بمێنێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ئەنجامی ئەو قسانە و لە ئەنجامی گفتوگۆکان ئێمە پێمان باشە لە جیاتی (تهدف الجامعە) ببێتە (علی الجامعە)، چونکە ئەو جامیعە ئەبێ جێ بەجێی بکات، و ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کرد خاڵی چوارەم بێتە یەکەم، ڕێکخستنەکە، گۆڕینی تەسەلسولەکە بەپێی ئەولەویەت، سێیەم بێتە یەکەم، سەبارەت بە (اداء الخدمات البحثیة للغیر)، (للغیر) لەجیاتی موقابیل، بۆ نموونە من خاوەنی کارێکم، ئەمەوێ بەحسێکم بۆ بکرێ لە لایەنێکی ئەکادیمی (معترف به) کە بزانم ئایا ئەو کارەی من لە مەودایەکدا سەرکەوتوو ئەبم یان

نا؟ داوایان لێ ئەکەم بەفەرمی لە بەرامبەر بڕە پارەیەك ئەو بەحسەم بۆ بکەن، یەعنی ئەدائی خەدەماتی بەرامبەرە، بە پارەیە، بۆیە ئەتوانین بۆ ئەوەی ئەم مولابەساتە نەمێنێ (للغیر) لابدەین، بکەینە (اداء الخدمات البحثیة)، چونکە زانکۆ حەقی خۆیەتی مەصدەری پارە زیاد بکات بۆخۆی لە ڕێگای پێشکەش کردنی خزمەتی بەحسی بۆ ئەو کەسانەی کە لێی داوا ئەکەن، لەوانەیە حکومەت لێی داوا بکات، ئەوەندە باش بێ بەحسەکانی ئەوان، حکومەت لێی داوا بکات بەحسێکی بۆ بکات، بۆیە من پێم وایە ئەگەر (للغیر) لابرێ حەل ئەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا صیاغەتان

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوای وەرگرتنی ڕای ئەندامان بەو شێوەیە ماددەکە دائەڕێژینەوە:

یهدف هذا القانون الى: ڕیزبەندی خاڵەکان لەسەر پێشنیاری بێریڤان خان چاکی ئەکەینەوە

1- تلبية احتياجات المجتمع المتطورة وتوفير الفرص التعليمية للاشخاص الذين يرغبون في رفع مستواهم العلمي

2-الاسهام في رفع مستوى التعليم والبحث العلمي

3-توفير التخصصات العلمية الحديثة لاعداد المتخصصين والفنيين والخبراء في شتى المجالات

4-اداء الخدمات البحثية

5-خدمه الاهداف الوطنية لمكونات شعب كوردستان وفق المبادي الديموقراطية وحقوق الانسان وبعيدا عن النزاعات الطائفية والعنصرية والعرقية

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو صیەغەیەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (1) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 4:

للجامعە شخصیە معنویە واستقلال مالی واداری واکادیمی وتتمتع بالاهلیە القانونیە لتحقق اهدافها وتعد من المؤسسات ذات النفع العام.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 4:

زانكۆ كەسایەتیەكی مەعنەوی هەیە و لە ڕووی دارایی و كارگێڕی و ئەكادیمیەوە سەربەخۆیە و شیاوی یاسایی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی و لەو دەزگایانە ئەژمێردرێ كە سوودی گشتیان هەیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پشتگیری ماددەكە ئەكەین، هیچ تێبینیمان نیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پێشنیاز ئەكەم (ئەكادیمی) لادرێ، (للجامعە شخصیە معنویە واستقلال مالی واداری وتتمتع بالاهلیە)، ئەو ئیستیقلالە ئەكادیمیە ئەوكات لە ژێر دەستەڵاتی وەزارەت دا نامێنێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

كێ تێبینی هەیە؟ (ئاراس، بێریڤان سەرهەنگ، جمال طاهر، فەرمان عزالدین)، فەرموو دكتۆر ئاراس

**بەڕێز د.ئاراس حسین**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من دەقاو دەق پشتگیری لە بۆچوونەكەی بەڕێز وەزیر ئەكەم دەربارەی سەربەخۆبوونی زانكۆ لە ڕووی ئەكادیمیەوە، لە ڕووی ئەكادیمی یەعنی پشت بەستن بە بابەتی نەزەڕی كە دێتە كایەوە، ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ بابەتی نەزەڕی بێتە كایەوە لە چوارچێوەی بۆچوونەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستان نەگونجێ، ئەگەر ماشەوە ئەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی (في اطار توجیهات وتعلیمات وزارة التعلیم العالي)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**من پشتگیری له جەنابی وەزیر ئەکەم لە لابردنی وشەی ئەکادیمی، بەلاّم ئێمە لە کوردستان دا دوو جۆرە زانکۆی تایبەتمان هەیە، ئەو زانکۆیانەی کە خۆمالّینە، ئەو زانکۆیانەی کە نێودەولّەتینە، مەسەلەن من ئەوەم خوێندەوە کە زانکۆ ئەمریکیەکە ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی بالاّی کردیە ئەلّێ ئەگەر ئێوە ئەو یاسایە دەربکەن، ئێمە وەکو زانکۆ ئەمریکیەکە لە سلێمانی ناوەڕۆکمان پووچ ئەبێتەوە، ئێمە نەچین بە قسەی ئەو کە ئەلّێ مایە پووچ ئەبینەوە بێین یاسای خۆمان بگۆڕین، بەلاّم جۆرێك لە ڕێکخستن هەبێ لە نێوان هەردووکدا، یان ئەبێ زانکۆ ئەمریکیەکە بە پێی یاسای ئێمە و تێڕوانینی زانکۆی ئەمریکی بێ کە بۆ وەزارەتی نووسیە، یان ئەبێ زانکۆی ئەمریکی پاش چەند ساڵێکی تر بارگەی خۆی بپێچێتەوە و بڕوات، یان ئەبێ وا لە یاسایەکە بکەین کەمێك بیگونجێنین، لەبەر ئەوەی زانکۆکانی نێودەولّەتی ئێستا لە کوردستان هەن، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بێریڤان خان**

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**لە ماددەی چوارەمدا من لەگەلّ ئەو ماددەیەم بە تەواوی کە ئەلّێ کەسایەتی مەعنەوی هەبێ لە ڕووی دارایی و کارگێڕی و ئەکادیمی و سەربەخۆییەوە، بەلاّم ئەمەوێ یەك ڕستە زیاد بکرێ کە زانکۆی تایبەت پێویستە هاوکار بێ لەگەلّ زانکۆ حکومیەکان بۆ جێ بەجێ کردنی یاسا**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

**فەرموو کاك جمال**

**بەڕێز جمال طاهر**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**منیش پشتگیری ئەوە ئەکەم کە وشەی ئەکادیمی لابدرێ، و ئاخیری ڕستەکە کە ئەلّێ (لتحقق اهدافها وتعد من المؤسسات الخاصة ذات النفع العام)، چونکە ئەگەر خاصە زیاد بکەین ئەوە مەرکەزی قانونی ئەو جامیعە دیاری ئەکات، و شەخصیەی مەعنەویش خاصە، ئەوە موئەسەسەیەکی خاصە، بەلاّم نەفعی گشتی بۆ هەموو کەسێك هەیە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

**فەرموو شلێر خان**

**بەڕێز شلێر محی الدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە کە ئەڵێ (یتمتع باهلیە قانونیە) من پێم باشە بکرێ بە (بهذە الصفة اجراء جمیع التصرفات القانونیة بما في ذالك حق التقاضي وابرام العقود وقبول المساعدات)، ئەگەر ئەو ئەهلیە قانونیە نەفسی ئەو مەعنایەی هەیە با وەکو خۆی بێ، بەلاّم ئەگەر وانەبێ ئەبێ ((بهذە الصفة اجراء جمیع التصرفات القانونیة بما في ذلك حق التقاضي وابرام العقود وقبول المساعدات).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە نامانەوێ بەم یاسایە دەرگا دابخەین لەسەر زانکۆ عالەمیەکان بێنە ناو هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەمانەوێ بەم یاسایە گرێنتیەك بدەین هەم بە زانکۆ هەم بە خوێندکاران، من لە بەڕێز وەزیر ئەپرسم، ئەگەر تۆ حوریەتی ئەکادیمیت نەدانێ، بەشێوەیەك کە (ما معمول بە) وەکو چۆن لە ولاّتەکەی خۆی بوارە ئەکادیمیەکەی خۆی ڕێکخستووە ئەگەر تۆ ئەو مەجالەی نەدەی و ئەو حوریەتەی نەدەیتێ، ئەبێتە زانکۆیەکی ئیعتیادی وەکو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەو خۆی نایەت، وای لێدێ نایەت لە هەرێمی کوردستان فەرع بکاتەوە، بەڵکو ئەچێتە ولاّتێکەوە کە تەداخولی سافر نەبێ لە بوارە ئەکادیمیەکەیەوە، بۆیە من بەراستی دژی لابردنی ئەو وشەی ئەکادیمیەم، چونکە ئێمە نەك هەر تەنها، جارێکی تر ئەیلێمەوە، نەك تەنها بۆ زانکۆ ئەهلیەکان، بەڵکو ئەبێ هەوڵ بدرێ بۆ زانکۆ حکومیەکانیش حوریەتی ئەکادیمیان بدەینێ، ئیبداع وەختێك ئەبێت، وەختێك زانکۆکانمان ئەبێت بەو شوێنەی کە موبدیعی تێدا دروست ئەبێ کاتێك کە حوریەتی ئەکادیمیت دانێ، نەتبەستنەوە بە چوارچێوەی یەك بەرنامە کە دەیان ساڵە ئەگەر گۆڕانکاریشی بەسەر دا هاتبێ، ئەبێ لە چوارچێوەی ئەو موافەقاتانە بێ کە دانراوە و هیچ پێشخستنێکی نەکردووە، بۆیە من لەگەڵ مانەوەی وشەی ئەکادیمیم، دەرگا بکەینەوە بۆ زانکۆ عالەمیەکان بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان فەرع بکەنەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر دوا تێبینیت

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر زانکۆیەکی جیهانی بیەوێ فەرع بکاتەوە لە کوردستان ئەوە لە ماددەی (5) دا ئەوە هاتووە، و چارەسەر کراوە، خاڵی دووەم، ماددەی (5)ەم، بەلاّم ئێمە کە لەو وشەیە ئەترسین (ئەکادیمی) ئەنواع ئیبداع دروست ئەبێ، بەلاّم سیلبی، کۆرسات دروست ئەکەن بەس بۆ ئەوەی پارە وەرگرن، دەورە ئەکەنەوە، ساڵ زیاد ئەکەن، حەزفی ئەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە لەو ئەزموونەی هەمانە، با لە ڕووی ئەکادیمیەوە ئیستیقلالیەتیان نەبێ، بە پێی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی بالاّ ڕەفتار بکەن

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دەورە ئەکاتەوە، هەموو کەس ئازادە لەوەی ئەچێت داخیلی ئەو دەورەیە ئەبێ، قەت ملی کەس ناگرێ بە زۆر بڵێ ئەبێ هەر ئەبێ بێیتە ئەو دەورەیە، ئەیکاتەوە، (ئەناونس مێنت) ی بۆ ئەکاتەوە، ئەڵێ فەرموو کێ ئەیەوێ زمانی ئینگلیزی خۆی بەهێز بکات بێتە ئەو دەورەیەوە، کێ ئەیەوێ کۆمپیوتەری خۆی بەهێز بکات؟ بەزۆر قەت ئیجباری هیچ کەسێك ناکات بچێتە ناو کۆرساتەوە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ترسی نیە، بواری ئەکادیمی لە وڵاتی ئێمە ئەگەر بمانەوێ پێشی بخەین ئەبێ شتی نوێ بێنینە کایەوە، بەڵێ هەندێ زانکۆ هەیە من ئێستاش ئەیڵێم هەندێ زانکۆ هەیە لە هەندێ وڵات بە سێ ساڵ شەهادەی بەکەلۆریۆس ئەدات، و موعتەرەفیشە لە وڵاتەکەدا، و باشترین کەسی ئەکادیمی ئەهێنێتە کایەوە، مەعنای ساڵەکانی خوێندن مەعنای ئەوە نیە ئەگەر چوار ساڵ بوو بەکەلۆریۆسەکەی زۆر باشە، ئەگەر سێ ساڵ بوو، بەعەکسەوە هەندێ جار هەیە ئەو سێ ساڵە بە موکەسەفی ئەخوێندرێ، زیاتریش ئەبێ لەو سەعاتانەی لە وڵاتی ئێمە، لە عوتلەدا ئەچێتە سەرو، دەوامی عەینی مەکتەب لە سەعات (8)ەوە بۆ (12)ی نیوەڕۆ، بۆیە من بەراستی موصیرم لەسەر مانەوەی ئەو ئەکادیمیایە، وانەبێ پێش ناکەوێ وڵاتمان

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك جلال

**بەڕێز جلال علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

مێژوو هەیە لە جامیعەی ئەمریکی لە بەیروت، لە 48 ەوە هەیە، من وا تێئەگەم لە لوبنان مەسەلەی ئەکادیمی بەراستی سەربەخۆیی دراوە، چونکە ئەوە سەقافەتێکە، ئەوە موستەوایەکە، ئێمە مستەوایەکین، ئێمە بە جامیعەی ئەمریکی بڵێین تەلەبەی تۆ نابێ مێژوو بخوێنێ لەبەر ئەوەی کولیەکەی من ناخوێنێ، من تەجروبەی جامیعەی ئەمریکی ئەڵێم لە بەیروت پێشکەوتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەراستی من قەت تەوەقوعم نەدەکرد لە تەعریفی ئەم زانکۆیە ئیستیقلالیەتی دارایی هەیە، ئیداری هەیە، ئستیقلالیەتی جامیعی نەبێ، ئەکادیمی یەعنی چی؟ تێناگەم بۆ وا تەفصیل لەو شەیە ئەکات؟ خۆ ئەصلەن ئەگەر من نەهجێکی شێوەی منهج گوتن و هەڵبژادرنی مەنهەجم نەبێ، ئەی بۆ زانکۆ سەربەخۆ

ئەكەم؟ یەعنی تێناگەم، ئەصلەن یەكێكە لە موستەلزەمات ئەبێ بڵێی تۆ ئستیقلالیەتی ئەكادیمیت نەبێ ئجازەت نادەمێ، تۆ وێنەیەك بی لەو هەموو زانكۆیانەی كە هەنە، من پەرت و بڵاو ناكەمەوە، بۆیە تكا ئەكەم با مانای تری نەدەینێ، وشەی ئەكادیمی لێی ئەترسین؟ بكەنە زانكۆیی، بكەنە جامیعی، بەڵام مەرجە ئیستیقلالیەتی ئەكادیمی هەبێ، بەوەش زانكۆ ناودارەكانی دونیا سەركەوتوونە، چونكە (ئۆكسفۆرد) جیاوازە لە (هامبۆرگ)، (جامیعەی عەرەبی جیاوازە لە ئەمریكی و تا دوایی، بۆیە تكایە، تەبعەن جامیعەیەكە جیاوازە لە ئەوانی تر، بۆیە ئیستیقلالیەتێكی ئەكادیمی هەیە بیكەینە مەرج، نەك لێی بترسین

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك شوان

**بەڕێز شوان كریم كابان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

زۆر سوپاسی كاك جلال ئەكەم، قسەكانی منی كرد

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەڕێز ئاهەنگ عارف**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش پشتگیری قسەكانی سۆزان خان و كاك عبدالسلام ئەكەم، زۆر مەرجە ئێمە لە ئەكادیمی نەترسین، چونكە جامیعاتی پرایڤت ئێستا لە ویلایەتی موتەحیدەی ئەمریكی بە ناو ناسراوە بە تەخەصوصی ئەكادیمی موتەنەویع ناسراوە، هەیە لە ڕێی خوای ئێمە بێین لێرە ئەكادیمیا لەغو بكەینەوە، یەعنی تەعەجوبە ئەو قسەیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو دكتۆر بەشیر

**بەڕێز د.بەشیر خلیل**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بوونی حوریەتی ئەكادیمی زەرووریە بۆ پێشكەوتنی وڵات، بەڵام پرسەكەی جەنابی وەزیریش لە جێی خۆیدایە،ئەگەر ئەمە بێڵێنەوە لەگەڵ حوریەتی ئەكادیمی، بەڵام لە سنوورێكدا لەگەڵ فەلسەفەی وڵات بگونجێ و پێچەوانە نەبێت

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا صیاغە لیژنەی هاوبەش، فەرموو دكتۆر ئاراس

**بەرێز د.,ئاراس حسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە گرفتێك هەیە، ژمارەیەك لە زانكۆت هەیە، ژمارەیەك لە شەهادەی ماستەر و دکتۆرای داوە، تەواو وەرگرتنی ئەو پلە عیلمیانە جیاوازە لەگەڵ ئەو پەیڕەوەی لە وەزارەتی تەعلیمی عالی كوردستان ئەكرێ، و ئەگەر سەیری ژمارەی ئەوانە بكەی كە ئەو پلانەیان وەرگرتووە، بە چەند قات زیاترن كە لە ناو تەعلیمی عالی بە پێی پەیڕەوی تەعلیمی عالی شەهادەیان وەرگرتووە، ئا لەو كاتە چۆن ئێمە موعالەجەی ئەو حاڵەتە بكەین؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی هاوبەش دوا صیاغە بخوێننەوە، فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

هەر جەنابی سۆزان خان خۆی ئەمڕۆ خەمی لێهاتبوو كە زانكۆیەكی تایبەت لە كوردستان دا یەكسەر بڵاوی كردبۆوە كە خوێندنی ماستەری كردۆتەوە، و بە پەلە پەل ئێمە نووسراومان بۆ كردن كە ئێوە تواناتان نیە ماستەر بكەنەوە، ڕایگرن، و ئەمڕۆش ئیعلانمان كرد بۆ ئەوەی خەڵك نەچێت پارە بدات، ئەوە وەكو نموونەیەك

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

دوا صیاغەتان بخوێننەوە، فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

المادە 4:

للجامعە شخصیە معنویە واستقلال مالی واداری واكادیمی وتتمتع بالاهلیە القانونیە لتحقق اهدافها وتعد من المؤسسات ذات النفع العام

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (5) كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

المادة 5:

اولا: یمنح الوزیر بناء على توصیة مجلس الوزراء وبعد مصادقة رئیس مجلس الوزراء اجازة تاسیس الجامعة للمستثمر الخاضع لاحكام قانون الاستثمار رقم 4 لسنة 2006 وبما لا یتعارض مع احكام هذا القانون

ثانيا: للجامعات العالمية العريقة والمعتمده والمعروفة ان تنشا فروعا لها شريطة الالتزام بشروط الترخيص ومعايير الاعتماد العام والخاص والمعمول بها في الاقليم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 5:

یەکەم: وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران دوای پەسند کردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆ ئەدات بەو وەبەرهێنەی کە ملکەچە بۆ حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی ژمارە 4 ی ساڵی 2006 بە مەرجێك ناکۆك نەبێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا

دووەم: زانکۆ جیهانیە ڕەسەنەکان کە پشتیان پێ ئەبەسترێ و ناسراون بۆیان هەیە لقەکانیان بکەنەوە بە مەرجێك پابەند بن بە مەرجەکانی ڕێگە پێدان و پێوەرەکانی پشت پێبەستنی گشتی و تایبەتی کە لە هەرێمدا کاریان پێکراوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتگیری ماددەکە ئەکەین، تەنها لە بڕگەی دووەم وشەی عالەمی لادرێ، تاکو بتوانرێ هەموو ئەو زانکۆیانەی کە مواصەفاتەکانی تری تێدایە کە لە بڕگەی دووەمدا هاتیە و موعتەمەدن بتوانن فەرع بکەنەوە لە هەرێم بە پێی ئەو مەرجانەی کە دیاری ئەکرێ لە یاساکە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەس لە دەقە کوردیەکە تێبینی هەبوو لەسەر یەکەم، وابزانم وتی (لەسەر توصیەی ئەنجومەنی وەزارەت)، یەکەم بخوێنەوە بێ زەحمەت، وەزیر لەسەر تەوصیەی ئەنجومەنی وەزارەت، نەك وەزیران، ئەوە یەك، دووەم وشەی ملکەچ ئەگەر بکەین بە پابەند

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

**کێ تێبینی هەیە؟ (هاوڕاز خۆشناو، نەژاد عزیز، سمیرە عبداللە، جلال علی، سەروەر عبدالرحمن، شلێر محمد، عبدالسلام بەرواری، تارا ئەسعەدی، ئەڤین عمر، بێریڤان سەرهەنگ، ئامینە زکری، سیوەیل عثمان)**
**فەرموو هاوڕاز خان**

**بەڕێز هاوڕاز خۆشناو**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**خاڵی یەکەم لە کوردیەکە دیارە غەڵەتە لای ئێمە، چونکە ئەنجومەنی وەزیران نووسرایە، چاك کرایەوە، خاڵی دووەم تێبینیم لەسەری هەیە، ئەڵێ (زانکۆ جیهانیە ڕەسەنەکانی کە پشتیان پێ ئەبەسترێ و ناسراون بۆیان هەیە لقەکانیان بکەنەوە) لە ڕاستیدا بابەتی ڕەسەنایییەتی پێویستی بە پێناسە کردنە، من پێم وایە ڕەسەنایەتی لێرە ناکرێ، یەعنی ناسراوی، ئەوانە پێویستە پێناسە بکرێ، مەسەلەیەکی ڕێژەییە، لەوانەیە هەندێ زانکۆ هەبن لە ئەوروپاش و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش سەدان ساڵ تەمەنی بێت، ناسراویش بێت لە زەمەنێکدا، بەلام ئێستا چرایان کوژابێتەوە، ئێستا بەو شێوەیە نەبن کە جێگای ئەوە بن کە بەو پێیەی کە باسی ڕەسانایەتی ئەکرێ، و بتوانرێ خەڵکێکی باش و بتوانێ ئەو ئاستە زانستیە و لۆجستیە بەرەو پێش ببات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەبێ ئەوە پێناسە بکرێ، و پێویستە ئەوە باس بکرێ کە پێویستە لایەنی جۆری بکرێتە پێوەر، نەك ڕەسەنایەتی، چونکە پێناسەی نیە بەراستی، یەعنی دڵنیایی جۆری و پەروەردەی مێشك و کەلتووری ئەو وڵاتەی زانکۆکەی لێیە، یەعنی ڕەچاوی کەلتووری ئەو وڵاتە بکرێ کە زانکۆکەی تێدا ئەکرێتەوە، و ئەو فاکتەرانە ڕەچاو بکرێن کە لەو وڵاتە پێویستە جێ بەجێ بکرێ**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

**فەرموو کاك نەژاد**

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئەو ماددەیە ئەگەر لیژنەی قانونی ئیجازە بدەن پێم وایە ئەگەر بیکەنە (اولا: یمنح الوزیر بناء علی توصیة مجلس الوزارة صلاحیة اجازة تأسیس الجامعة للمستثمر الخاضع لاحکام قانون الاستثمار رقم 4 لسنة 2006 ولا یتعارض مع احکامه)، پێویست ناکا بنووسین ئەوەی دیکە، (مع احکام هذا القانون)، زۆرە ئەوە، هی دووەمیش، تەبعەن لە عەرەبیەکەی ڕاست هاتیە، من لەگەڵ هاوڕاز خانم کە ئەڵێ (عریقە)، عەریقە کە بە ڕەسەن تەرجەمەکرایە ڕاست نیە، مەبەستی لەوەیە کە دێرینن، با بڵێین ناوبانگیان هەیە، دوایی بزانە لە کولیەکەی ئەوەکی بۆ دابنرێ، پێم وایە دووەیش بکرێتە (تسری احکام هذا القانون علی الجامعات العریقة والمعتمده والمعروفة فیما اذا تنشا فروعا لها في الاقلیم)، پێویست ناکات ئەوەی تر، یەعنی ئەو قانونەی بەسەردا جێ بەجێ بکرێ تەواو**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سمیرە خان

**بەڕێز سمیرە عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

كاك نەژاد قسەكانی منی كرد، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جلال

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەوەی من تێگەیشتبم یاسای وەبەرهێنان گۆڕانی بەسەردا دێ، و ڕەشنووسەكەش تەواو بووە لەوانەیە بنێردرێت بۆ پەرلەمان، چونكە ئەو یاسای وەبەرهێنانی ژمارە 4 ە بكرێ بە یاسای وەبەرهێنانی كار پێكراو، چونكە لەوانەیە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا ئەو یاسایە بگۆڕدرێت، دوو، هەر لە یاسای وەبەرهێنانیش بكرێ بە ئەفراد یان جیهات، شەرت نیە، لەوانەیە فەردی هەبێ، لەوانەیە جیهەتێك بێ، ئەو مولاحەزەیە ئەدەم، مەسەلەی ڕەسەنیش، ئێمە تووشی كێشەیەك بووین لێرە جامیعەیەكی شاهانەی بەریتانی لێرە كرایەوە كە دەركەوت نە ئەصیلە و نە ئەصیلەكەش ئاگای لێیە، لەبەر ئەوە ئەگەر دێرین بێ یان ڕەسەنەكەشی تێدابێ شتێكی باشە، بكرێ بە زانكۆی بێگانە، نەك جیهانی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو دكتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من پشتگیری ڕای هاوڕاز خان ئەكەم كە دەڕی بڕی، لێرەوە ڕایەك دەرئەبرم كە ڕای بەڕێز وەزیری خوێندنی بالأی پێشووە، كە ئەو كاتەی گفتوگۆ كردنی یاساكە بڕیار بوو هەبێ، كۆمەڵێك تەبڕیری هێنایەوە بۆ ئەوەی دەستكاری بكرێ، بە داخەوە لێرەدا لەبەر چاو نەگیراوە، سەبارەت بە هەردوو بڕگە، لە بڕگەی یەكەم كە ئەڵێ (وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران دوای پەسند كردنی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی دامەزراندنی زانكۆ ئەدات) كە جەنابی وەزیر وتی ئەنجومەنی وەزارەتە، لێرەدا دیار نیە، هەست ئەكەی پەشێوییەك هەیە، ئایا سەری داواكە بۆ كێیە؟ پێشكەش بە كێ ئەكرێ؟ لە كوێوە دێت؟ بۆیە ئەڵێم پێویستە ئاشكرا بێ كە یەكەمجار وەبەرهێنەر دۆسیەی داواكەی پێشكەش بە وەزیری خوێندنی بالأ و توێژینەوەی زانستی ئەكات، لەوێش هەڵسەنگاندنی لۆجستی و ژێرخان و مێژووی ئەكادیمی و توانا و لایەنەكانی تری بۆ ئەكرێ، و لە وەزارەتەوە ڕاپۆرتەكەی بە پشتگیریەوە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرز ئەكرێتەوە، ئەگەر وەزارەت پشتگیری لێ نەكات بەو جۆرە ئەوە بەرز ناكرێتەوە، لێرە هەست ئەكەم ئەمە پێویستی بە دەست كاری كردنێك هەیە، ئایا هەر لە كوردیەكە

وایە یان لە عەرەبیەکەش بە کوردیەکەی بەستراوە لێرە، سەبارەت بە خاڵی دووەمیش هەر سەبارەت بە ڕەسەنایەتی دیارە ڕەسەنیەتی پێناسەی جیا جیای هەیە، مەسەلەی کام زانکۆ ڕەسەنە و کام زانکۆ مۆدێرنە؟ بۆیە مەسەلەی ڕەسەنایەتی مەسەلەیەکی جیاوازە و ڕێژەییە ئەوە هەردەم لە گۆڕاندایە، وەکو هاوکارم کە پێشتر باسی کرد، ئەو زانکۆیانەی کە پێشتر لەوەیە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەبێ، بەڵام لەوانەیە بە هۆی ئیفلاس کردنیان، یان بە هۆی بارودۆخی سیاسی، یان بە هۆی هەر بارودۆخێکی تربێ لەوەیە لە داکشان دابێ و ئەوەی نەمابێ، بۆیە پێویستی بەوەیە سەر لەنوێ پێناسە بکرێتەوە، یان ئەو وشەیە لابدرێ، یان بڵێین بە پێی ئەو پێوەرانەی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی بالأوە پێداچوونەوەی بۆ ئەکرێ، بەو شێوەیە هەست ئەکەم چاك بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو شلێرخان

**بەڕێز شلێر محی الدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش هەمان ڕەئی دکتۆر سەروەرم هەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

یەکەم تێبینیم پێشنیار ئەکەم ماددەی شەشەم بێتە پێش ماددەی پێنجەم، چونکە لەشەش دیاری کراوە، لیژنەی یاسایی، دکتۆرە ڕۆژان ببورە، پێشنیار ئەکەم ماددەی شەشەم بێتە پێش ماددەی پێنج، چونکە لە ماددەی شەشەم باسی ئالیەتی پێشکەش کردنی تەڵەبەکە ئەکات، بەس ماددەی پێنج باسی ئیجرائاتی پاشی تەڵەب ئەکات، بۆیە تکا ئەکەم ئەوە لەبەر چاو بگیرێ، دوو، وازیحە ئیتر ئەگەر ماددەی شەش هاتە پێش پێنج دیارە تەڵەبەکە تەقدیمی کێ ئەکرێ؟ ئەویش وەزیرە، واتە ئەو ئیشکالیەی مەجلیسی وزەرا لائەدرێ و ئەبێتە مەجلیسی وزارە، سێ، من تەصەور ئەکەم (الجامعة للمستثمر الخاضع لاحکام قانون الاستثمار و کذا)، ئەگەر بیکەینە (لطالب الطلب، لمقدم الطلب)، کافیە، (حسب القوانین المرعیە)، یەعنی بۆ حەسری بکەین ئینشائی جامیعە بە موستەسمیرێك کە ئەوە قانونی ئیستیسمارە، پێشنیار ئەکەم بڵێ (لمقدم الطلب)، و تەواوی بکات، لە دووەم شتێك بە ئەوە ئەزانم، (للجامعات ان تنشأ فروعا)، یەعنی ئالیەتی تەقدیم کردنی تەڵەبت لێی عەفو کردن، تۆ جامیعاتت ئازاد کرد بێن بۆ خۆیان بێ هیچ ئیجرائاتێك فروعێك ئینشا بکەن، (لها ان تنشا فروعا ان تقدم طلباً)، شتێکی ئاوا بکەین ئەو ئیقتیراحەی (تسری احکام)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر ئاراس

**بەڕێز د.ئاراس حسين**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من تەئیدی كاك عبدالسلام ئەكەم، بەو شێوەیە ئەو كێشەی پێشتر باسمان كرد لەوانەیە چارەسەری ئەو حاڵەتەش بكات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو ئەڤین خان

**بەڕێز ئەڤین عمر**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش تەقریبەن پشتگیری لە ڕەئیەكەی كاك عبدالسلام ئەكەم بەوەی كەوا ئەگەر بێت و ماددەی شەشەم بێتە پێش ماددەی پێنجەم، بەلاَم بە مەرجێك، ئێمە لێرە ڕێكاریەكانمان داناوە كە چۆن ئەو جامیعە تەئسیس ئەكەی بەو ئالیەتە؟ من نازانم خۆی ئەوەی كە دێت تەقدیمی مەنحی جامیعەیەك بكات هەڵبەتە موستەسمیرێكە، ئەو ڕێككارەكانی یاسای وەبەرهێنانی گرتۆتە بەر، بەلاَم ئەبێ لێرە باسی ئەوە بكەین مەنحی ئیجازە بە پێی ئەم یاسایە ئەكرێ، یاسای وەبەرهێنان، چونكە ئەم یاسایە ئەساسە، و لێرەدا كە مەرجەكان دانراوە كە زانكۆكە بە چ شێوازێك و لەسەر چ مەرجێك دائەمەزرێ؟ بۆیە بەلای من گرنگ ئەوەیە كەوا ئێمە لێرە كە مەنحی ئیجازە ئەكەین لەسەر ئەساسی خاڵەكان یان بڕگەكانی ئەم یاسایە بێ، لەگەڵ ئەو تەعلیمات و زەوابتانەی كەوا ئەنجومەنی وەزیران بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی تەعلیم عالی دەری ئەكات، سوپاس

**ەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا ئەسعەدی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

هاوكارانم وتیان كە تەسەلسولەكە بكرێت، شەشەم و پێنجەم، ئەوە باشتر ئەبێ بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون كردنەوە هەبێ بۆ ئەوانەی كە لایان ڕوون نیە، خۆی زۆر ڕوونیشە، كە تەڵەبەكە تەقدیمی وەزیر ئەكرێت، و لەگەڵیشی كار ئەكرێ بۆ ئەوەی وەرگیرێ، بەلاَم من ئیشكالیەتەكەم لەوەیە كە ئەم جامیعاتە عەریقە و مەعروفە كە هەمووی مەدحە، خۆزگە ئەو مەدحانە بۆ جامیعە باشەكانی خۆمان كە تایبەتە و لێرە هەیە، نازانم ئەم هەموو شتانە بۆ جامیعاتەكان دانراون كێ قەراری ئەوە ئەدات كامیان عەریقە و كامیان ڕەسەنە وەكو ئەوەی هاوكارانم وتیان هەمووی لابرێ و ئەگەر بنووسرێ (للجامعات الاجنبیە ان تنشا فروعا شریطة الالتزام بشروط الترخیص)، لە هی یەكەمیش كە ئەڵێ قانونی ئیستیسمار، قانونی ئیستیسمار لێرە لە صالحی موستەسمیرە، بەلاَم كە ئێمە زانكۆیەكی تایبەت ئەكەینەوە بەراستی زۆر شروت هەیەن مومكینە لە ئیستیسماردا شتی زیاتریشمان پێویستە، ئایا ئەو زانكۆیەی كە ئەیكەینەوە قاعەكەی كە لە 10 مەتر

کەمتر نەبێ بۆ مامۆستاکە، لە مەتر و نیوێك بۆ دوو مەتر کەمتر نەبێ بۆ تەڵەبەکە، ئایا ئەم پێوەرە عالەمیانەی کە هەیە بۆ زانکۆی تایبەت کە بکرێ لە 30، 40 تەڵەبە کەمتر نەبێ و زیاتر نەبێ، ئەمانە لە دواییدا باس ئەکرێ، ئایا ئەم شروتانە لە ماددەی شەشەم باس ئەکرێ؟ و دانراوە مەرجەکانی بە ڕێکوپێکی، ئەگەر ئەم مەرجانەی لەناو بێ بۆی هەیە جامیعەیەکی ئەجنەبی بێ بیکاتەوە، و هەتا تایبەتەکانی خۆشمان ئەبێ بەسەریدا فەرز بکرێ، زۆر گرنگە بایەخدان بەو خاڵە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو بێریڤان خان

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە نیسبەت ماددەی پێنجەم کە ئەخوێنمەوە وا هەست ئەکەم ئەوە مۆڵەت دانە بە زانکۆیەك کە ئەیەوێ بکرێتەوە لە هەرێمی کوردستان، هەر ناوی ماددەکە مۆڵەت بێ، یەکەمیش بە ڕەئی من زیادە، بەس بەشی دووەم زۆر گرنگە کە ئەڵێ زانکۆ جیهانیە ڕەسەنەکان کە پشتیان پێ ئەبەسترێ و ناسراون، ئەتوانن لقەکانیان لێرە بکەنەوە، پابەند بن بە مەرجەکانی ڕێگە پێدان، بۆ من ئەمە ڕوون کراوە نیە، نازانم ڕێگە پێدان مەرجەکانی چیە؟ بۆ من ڕێگە پێدان نیە، نازانم چ ڕێگە پێدان؟ مەرجەکانی چیە؟ ڕوون بکریتەوە مۆڵەت دان یان ڕێگە پێدان بۆ کرانەوەی هەر زانکۆیەك وەکو چۆن بۆ قوتابخانەکانی تایبەت دیاری کرابوو، مۆڵەت دان لای من ئەوەیە بینایەکە دەست دات بۆ زانکۆ، ڕێژەی قوتابیان چەند بێ؟ هەروەها چەند مامۆستای پسپۆری هەیە؟ ئەوکات مۆڵەت ئەدرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئامینە خان

**بەڕێز امنة ذكري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

خاستنێ من هاتنە گوتن، تەنها پشتگیریا هەردوو هاڤکارێ خو کاك جلال و کاك عبدالسلام ئەکەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سیوەیل خان

**بەڕێز سیوەیل عثمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش پشتیوانی قسەکانی هاوکارم کاك جلال ئەکەم، پێویست ناکا درێژەی پێبدەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ؟

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی باڵاّ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

گۆڕینی ماددەی شەش و هێنانی بۆ پێش ماددەی پێنج، ئەو ئیشكالیەتە چارەسەر ئەكات، و لەوێ هەموو مەرجەكانی تێدایە، یەك، دووەم، لەوێدا بڕگەی دوو كە ئەڵێ (للجامعات العريقة) تا دوایی، ناڵێ یەكسەر دێت بە هەوەسی خۆی ئەیكاتەوە، ئەڵێ (بشروط الترخيص ومعايير الاعتماد العام والخاص والمعمول بها في الاقليم)، (ال) ئەبێ لادرێ، جاری یەكەم ئەو زانكۆیەی كە ئەیەوێ لقێك بكاتەوە لە كوردستان دا لە دەلیلی یونسكۆ هەبێ، ئەوەی بڕگەی یەكەم، دوای دەلیلی یونسكۆ ئینجا ساڵانە ڕیزبەندی زانكۆكان هەیە لە عالەمدا، پێی ئەڵێن (ڕانكینگ)، بۆ نموونە ئێستا هەمووومان ئۆكسفۆرد و هینمان بیستووە لە بەریتانیا، نە ئۆكسفۆرد نە ئەوانە هیچیان ئێستا لە بەریتانیا یەكەم نین، (ئیمپریەڵ كۆلیژ) یەكەمە، لەبەر ئەوە ساڵانە (ڕانكینگ) هەیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینی پەرلەمانتاران و وەزیری خوێندنی باڵا ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە ئەكەین كە ماددەی پێنج دەمج بكرێ لەگەڵ ماددەی شەش، لەبەر ئەوەی بڕگەی چوارەم لە ماددەی شەش هەمان مەبەستی ماددەی پێنجی تێدایە، سەبارەت بە بڕگەی یەكەمیش لە ماددەی چوارەمدا هاتووە، باس لە ڕێكارەكانی چۆنیەتی پیشكەش كردنی داوا كردنی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی كۆلیژێكی تایبەت، سەبارەت بەو داڕشتنەوەی كاك نەژاد باسی كرد، ئەو داڕشتنە حوكمی یاساكە و ماناكەشی ئەگۆڕێ، لەبەر ئەوەی ئەوكات مۆڵەتەكە پابەندی یاسای وەبەرهێنان ئەبێ، مەبەستمان ئەوە نیە، مۆڵەتەكە بە پێی ئەو ڕێكارە یاساییە بێ كە لە بڕگەكانی (1، 2، 3، 4، 5)ەمی ماددەی شەش هاتووە لەم یاسایە، موستەسمیرەكە پابەندی ئەو یاسایە ئەبێ، و ژمارە و ساڵی یاساكەش هیچ ڕێگرێك نیە ئەگەر لە ئایندە ئەو یاسایە هەموار بكرێ، لەبەر ئەوەی كە ئاماژە بە یاسایەك ئەكەی مەبەست لەو یاسا كارپێكراوەیە لە هەرێمی كوردستان، هەركات هەموار كرا ئەوە شوێنی ئەوە ئەگرێتەوە و جێ بەجێ ئەكرێ، بۆیە ئێمەش پشتگیری ئەوە ئەكەین كە ماددەی پێنج لەگەڵ ماددەی شەش دەمج بكرێ، سوپاس

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەو ماددەیە یان ئەوەتا ئێستا ئەبێ ئیلغای بكەین، و دووەمی ئەو ماددەیە دەمج بكەین لەگەڵ ماددەی شەش، چونكە مەسەلەی فروع كردنەوەی زانكۆی جیهانی لە ناو ماددەی شەشەم باس نەكراوە، و ئێمە مەبەستمانە، ئەمانەوێ بێن ئەو زانكۆ جیهانیانە،

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

مادده پێنج لەگەڵ برگەی چوارەمی ماددەی شەش دەمج ئەکەین، ئەیخوێنینەوە ماددەی شەش بە هەموو برگە کانیەوە، و گفتوگۆی لەسەر بکرێ

**بەرێز سۆزان شهاب**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**المادة 6**

**اولا:** يقدم طلب تاسيس الجامعة الى الوزير مشفوعا بتقرير فيها طالبوا التاسيس بتوفير المستلزمات المادية والبشرية والعلمية بما فيها المباني والمكتبات والمختبرات وغيرها من المستلزمات الاخرى واعداد نظام داخلي يتضمن ماياتي:

1-اسم الجامعه واهدافها ومقرها

2-قائمة باسماء هيئة امناء الجامعة مع سيرتهم الذاتية والعلمية ومؤهلاتهم

3-الموارد المالية للجامعة

4-الكليات والاقسام او الفروع العلمية مع بيان عدد اعضاء الهيئة التدريسية لكل قسم علمي ومؤهلاتهم وخبراتهم وخدماتهم

5-الهيكل التنظيمي للجامعة

6-اية امور اخرى تنظم عمل الجامعة

**ثانيا:** دراسة طلبات الترخيص

يشكل الوزير بقرار منه لهذا الغرض لجنة من ذوي الخبرة والاختصاص في الجامعات الحكومية والقطاع الخاص على ان تكون من بينهم ممثلا عن الوزارة وعلى ان لاتقل عددهم عن خمسة

**ثالثا:** يلتزم طالبوا التاسيس بتوفير جميع الشروط والمستلزمات المطلوبة المنوه عنها في البند (اولا) من هذه المادة خلال مدة لا تزيد عن سنة واحدة من تاريخ التبليغ بقرار الوزير يمنح اجازة التاسيس، ويتعين على الوزارة التثبت من توفير تلك المستلزمات، وبخلاف ذلك تعد اجازة التاسيس ملغاة ويتولي الوزير تبليغ طالبي التاسيس بهذا الالغاء

**رابعا:** المصادقة والاجازة والترخيص

1-يمنح الوزير بعد مصادقة مجلس الوزراء اجازة تاسيس الجامعة او فروع لجامعة عالمية خلال مدة لا تتجاوز (90) يوما من تاريخ تسجيل الطلب لدى الوزارة و بعكس ذالك يعد الطلب مرفوضا

2-لطالبي التاسيس الاعتراض على القرار لدى مجلس الوزراء خلال ثلاثين يوما من تاريخ تبليغهم بقرار الرفض وعلى الوزارة البت في الاعتراض خلال مدة ستين يوما من تاريخ تقديم الاعتراض

**خامسا:** يلتزم طالبوا التاسيس بالمباشرة بانشاء المباني والمختبرات والمكتبات ونادي الطلبة وقاعات الرياضة وغيرها من المستلزمات المادية الاخرى على الارض المخصصة لمشروع الجامعة الخاصة وفق قانون الاستثمار

رقم (4) لسنة 2006 خلال مدة لاتتجاوز ستة اشهر من تاريخ التخصيص، وكذلك الالتزام باكمالها بمراحل وفق خطة ومتطلبات الجامعة المصادق عليها من الوزارة في ضوء التصميم الكامل لجميع الوحدات البنائية خلال مدة لا تتجاوز عشرة سنوات، ويشترط في ابنية الجامعة مايلي:

1-ان تكون مستقلة وغير مرتبطة باغراض سكنية او اقتصادية او تعليمية غير الجامعة او اية اغراض اخرى ليست للتعليم الجامعي

2-ان تشيد على مساحات تتناسب:

ا-مع عدد الكليات والاقسام المنوي انشائها وحاجتها فيما يتعلق بقاعات التدريس وعدد السنوات الدراسية

ب-مع نوعية الاختصاصات النظرية والتطبقية المنوي تدريسها

ج-مع عدد الطلاب المتوقع قبولهم وفق الخطة المصادقة عليها من قبل الوزارة

د-ان تتناسب هندستها مع مناهج التعليم التي تنوي اتباعها ومع الخصائص البيئية والاقتصادية والاجتماعية للمحيط الذي تنشأ فيه

ه-ان تلحق بها صالات للنشاطات الثقافية والترفيهية ومساحات خضراء ورياضة ومراب للسيارات ومراكز صحية بحيث يتم توزيعها مع حجم الجامعة

سادسا:

لايجوز فتح كليات او اقسام جديدة بهدف التوسع والاعلان عنها والبدء بالقبول والدراسة الا بعد تهيأة المستلزمات كافة ومنها:

1-المختبرات والمشاغل اللازمة حسب الاختصاصات المنوي تدريسها مع تحديد قدرة استيعاب كل منهما مع العدد الاجمالي للطلبة

2-مكتبة متخصصة في كل كلية ومكتبة عامة جامعية مركزية تحدد مواصفاتها اللجنة المذكورة في هذا القانون

3-يشترط في فتح الكليات الطبية توفير مستشفى تعليمي على ان لا تقل عن 200 سرير وفق المواصفات العالمية المعتمدة في الكليات الطبية في العالم و توفير الكوادر والمستلزمات الضرورية

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

جەنابی وەزیر مولاحەزەت هەیە یان کۆیان ئەکەیتەوە و دوایی قسە ئەکەی؟ فەرموو

**بەڕێز د.علی سعید-وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

یەکەم هەر لە سەرەتا ئەڵێ (: يقدم طلب تأسيس الجامعة الى الوزير مشفوعا بتقرير)، پێشنیاز ئەکەم ئەوە بکرێ بە (اولا: يقدم طلب تاسيس الجامعة من قبل الهيئة التاسيسية من ذوي الخبرة في الجامعة لا تقل عن عشر سنوات وعلى ان لا يقل عددهم عن خمسة اعضاء الى الوزارة مشفوعا بتقربر) تا دوایی، ئەوە یەك، دووەم، هەمووی بگۆڕدرێ کە ئەڵێی (يشكل الوزير بقرار منه) تادوایی، بکرێ بە دووەم، (يحال الطلب الى

جهاز الاشراف والتقييم النوعي في الوزارة وفق ضوابط الضمان النوعي والجدل الاعتمادية)، چونكه ئەو كاتەی ئەو رەشنووسە ئامادە كراوە ئەو شتە نەبووە، سێیەم، ئەڵێ (يلتزم طالبوا)، دێڕی دووەم ئەڵێ (لا تزيد عن سنه واحده) بكرێتە (سته اشهر) بە ڕەئی من زۆرە، (بقرار الوزير) بكرێ بە (بقرار الوزاره)، (ويتعين على الوزاره) بكرێ بە (ينبغى على الوزاره)، دێڕی دوای ئەوە ئەڵێ (ملغاه) (ويتولى الوزير) بكرێتە (وتتولى الوزاره)، دوایی (رابعا: يمنح الوزير) بكرێ بە (يمنح الوزاره)، هەموو وەزیرێك بكرێ بە وەزارەت، دوای ئەوە لاپەڕە پێنج (هـ) (ان تلحق بها صالات للنشاطات الثقافية والدورات المختلفة والترفيهية)، (والدورات المختلفه) زیاد بكرێ، ئینجا سێیەم ئیزافە بكرێ، یەكەم، دووەم، سێیەم، (في حالة عدم تحقيق المستثمر للاغراض المقصودة اعلى او فشل في تحقيقها او الغاء الجامعة الخاصة لاي سبب كان تؤول ملكية المنشئات المشيدة وتوابعها الى وزارة التعليم العالي والبحث العلمي بدون مقابل)، چونكە ئەوە زەوی حكومەتە وەری گرتووە، جاری وا هەیە جامیعەیەك كە ئیلغا ئەبێ ئەبێ بە جەدەلێكی قانونی، هەمووی بكرێ بە موڵكی دەوڵەت، دوای ئەوە ئەڵێ (لايجوز فتح اقسام وكليات)، لە ئەخیردا (الا بعد تهياة المستلزمات كافة وبتأييد ضمان الجودة ومنها)، ئێمە لیژنەیەكی بالأمان هەیە بۆ دڵنیایی جۆری، ئینجا یەكەم، دووەم، سێیەم، سێیەم ئەڵێ (يشترط في فتح الكليات الطبية) بكری بە (عند فتح كليات المجموعة الطبية)، هەمووی لابرێ ئەو سەریر و خەستەخانە و شتە، (تنحصر بطب الاسنان و الصيدلة والتمريض وفق المواصفات العالمية وتوفير الكوادر والمستلزمات الضرورية)، ئێمە لەگەڵ كردنەوەی كۆلیژی پزیشكی دا نین، بەلأم كۆلیژی ددان، دەرمانسازی، پەرستاری، زۆر بە چاكی ئەزانین، ماددەی (7) وابزانم تەواوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان**

كێ تێبینی هەیە؟ ئامینە خان فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز ئامینە زكری**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەوەی سۆزان خانێ خاندی ئەصلێ یاسایە، بەس ڕاپۆرتا هاڤبەشە هەردوو لیژنا پێتڤیا ئەوژی بهێتە خاندن،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان**

ئاخر ئەوان ئێستا سیاغەی ئەكەنەوە، با صیاغەی بكەن، دوایی، لیژنەی هاوبەش هێشتان صیاغەیان نەكردووە، وا خەریكن، ڕەئی ئێوە چیە؟ دوایی ئەوان صیاغەی ئەكەنەوە، ماددەی پێنج و شەشەمیان كرد بە یەك، صیاغەی بۆ ئەكەن، ئێوە ڕەئی خۆتان بدەن ئەوان صیاغەی خۆیان ئەكەن، ماددەی شەشەم خوێندرایەوە، ئەیانەوێ ماددەی پێنج و شەش تێكەڵاو بكەن و صیاغەیەكی تازەی بۆ بكەن، بەلأم ئێوە ڕەئی خۆتان بڵێن تا ئەوان ئیستیفادە لە ڕەئیەكەی ئێوە بكەن، فەرموو لیژنەی هاوبەش

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیار ئەکەین کە ماددەی پێنج دەمج بکرێ لەگەڵ بڕگەی چوارەمی ماددەی شەش وەکو سۆزان خان بڕگەکانی خوێندەوە، تەنها ماددەی پێنجمان لەگەڵ بڕگەی چوارەمی ماددەی شەشمان دەمج کردیە بەو شێوەیە، (رابعا:

رابعا: المصادقة والاجازة والترخيص

1-تمنح الوزارة بناءا على توصية مجلس الوزارة و بعد مصادقة مجلس الوزراء اجازة تاسيس الجامعة

2-: للجامعات العريقة والمعتمده والمعروفة ان تنشا فروعا لها شريطة الالتزام بشروط الترخيص ومعاير الاعتماد العام والخاص والمعمول بها في الاقليم

3- يصدر الوزير قرار منح الاجازة لتاسيس جامعة او فروع لجامعة معتمدة خلال مدة لا تتجاوز (90) يوما من تاريخ تسجيل الطلب لدى الوزارة و بعكس ذالك يعد الطلب موافقا

4- لطالبي التاسيس الاعتراض على القرار لدى مجلس الوزراء خلال ثلاثين يوما من تاريخ تبليغهم بقرار الرفض وعلى الوزارة البت في الاعتراض خلال مدة ستين يوما من تاريخ تقديم الاعتراض)، ئەوە بەس بڕگەی چوارەم بوو لەگەڵ ماددەی پێنج دەمجمان کرد، بڕگەکانی تر وەکو خۆیەتی، ئەوە تەنها بڕگەی چوارەم بوو، بە نیسبەت تێبینیەکانی لیژنەی هاوبەش لەسەر ئەو ماددەیە سەرقاڵی دەمج کردنی بڕگەکە بوون، تێبینیمان لە بڕگەی دووەم هەیە، پێشنیار ئەکەین کە دەستەواژەی (التشاور مع مجلس الوزراء) زیاد بکرێ، ( يشكل الوزير لهذا الغرض التشاور مع مجلس الوزارة)، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، پێشنیار ئەکەین ئەوە زیاد بکرێ، اضافة عبارة (عن طريق اللجنة المشار اليها في الفقرة الثانية من هذه المادة)، لە ماددە دوو ئاماژە بە لیژنەیەك ئەکرێ، لە ماددەی سێ پێشنیار ئەکرێ کە ئاماژە بە هەمان لیژنە بکرێ کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، بە نیسبەت بڕگەی چوارەم تێبینیمان لە بڕگەی چوارەم ئەوەیە وشەی (اجازە) لابدرێ لە عینوانی ماددەکە، تەنها بکرێتە (المصادقە والترخيص) ، ناونیشانی بڕگەی چوارەم وشەی (اجازە)ی لادرێ، و پێشنیاری ئەوەشمان کردووە کە مەجلیسی وزەرا چەندجارێك ناوی دووباە بۆتەوە، تەنها وشەی مەجلس بێ، لەبەر ئەوەی مەجلس وزەرا پێناسە کرایە لە ماددەی یەکەم، ئەگەر لەگەڵ مەجلیس وزەرا تێکەڵ نەبێ ئەوە پێویست ناکا هەمووجار مەجلیس وزەرا ناوی بێ، ئەگەرنا ئەشزانین تێکەڵاویەك هەیە لە نێوان مەجلیس وزەرا و ئەنجومەنی وەزارەت ئەوا با ناوەکە دووبارە بکرێتەوە، پێشنیاری زیاد کردنی بڕگەیەك ئەکەین بە ڕیزبەندی حەوتەم، بەو شێوەیە (عند فتح الجامعه يراعى التخصص العلمى وخطط الحكومة و احتياجات التعليم والموقع الجغرافي)، بۆ ماددەی شەشەم زیاد بکرێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە تا ناوی بنووسین؟ (فەرمان عزالدین، لانە ، سیوەیل عثمان، شوان کریم، امینە زکری، سەروەر عبدالرحمن، سمیرە عبداللە، نەژاد عزیز، هاوڕاز خۆشناو، احمد وەرتی) فەرمووو مامۆستا فەرمان.

**بەرێز فەرمان عزالدین**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

جەنابی وەزیر فەرمووی لە كاتێكدا ئەگەر هاتو یەك لەو زانكۆیانـە فەشـەلی هێنـا یـان بـە هـەر سـەبەبێك ئیلغا بوو هەموو مونشەئاتەكەی یەكسەر بـدرێت بـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـالا، مـن پێشـنیار ئـەكـەم لەبـەر ئەوەی ئەو زانكۆیەی كە دروست كرایە وەكو بینایـە بـە دەیـان ملیـار دینـاری تێچووبێت، بەراسـتی ئـەگـەر زانكۆیەكە لە ئاستی ستاندارد و جیهانیەكان بێ، لێرە ئەگـەر هـاتو لـە ڕووی كارگێڕیـەوە فەشـەلی هێنـابوو بیكەینە تێكەڵاو، لێرە پێشنیارەكەم ئەوەیە خوێندنی باڵا بكرێ بە كەرتی تێكـەڵاو، ئەگـەر هـاتو لەلایـەنی كارگێڕیـەوە فەشـەلی هێنـا دەوڵـەت ئـەتوانێ، كـەرتی گشـتی ئـەتوانێ كۆمـەڵێك پشـتگیری بكـات بـە لایـەنی كارگێڕیـەوە بـۆ بـەردەوام بـوونی زانكۆكـە، ئەگـەر هـاتو لەسـەر ئاسـتی زانسـتی بـوو دیسـان خوێنـدنی بـالا ئەتوانێ پشتگیری بكات بە كادیر پێشكەش كردن بۆ ئەو زانكۆیە، بـەڵام ئەگـەر بێـت هـەموو مومتەلـەكاتی بدرێ بە خوێندنی باڵا بەراستی ئەوە ناكرێ، ئەوە غەدرێكی گەورەیە لە كـابرای وەبـەرهێن ئـەكرێ، بـەڵام ئەكرێ بیكەینە كەرتی گشتی، لەهەر لایەنێك لە لایەنەكان فەشەلی هێنـا وەزارەتـی خوێنـدنی بـالا ئـەكرێ لەو لایەنە بۆی پڕ بكاتەوە، و پرۆژەكەش وەكو خۆی بڕوات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو لانە خان

**بەڕێز لانە احمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

بە نیسبەت ماددەی شەشەم پێشنیار ئەكەم كە نووسرایە ((: يقدم طلب تأسيس الجامعة)، كە بـۆ وەزارەتـی تەعلیم عالی تەقدیم ئەكرێ ئـەڵێ (طـالبوا التأسـيس بتـوفير المسـتلزمات الماديـة والبشـرية والعلميـة)، لێـرە تەحدید كرایە (بما فيها المباني والمكتبات والمختبرات) ئەبێ تەحدیدیش بكەی لە تەڵەبەكە (تحديد مفردات المواد وعدد وحداتها التي تدرس في هذه السنوات)، دەبێ لێرە ئـەو تەڵەبـەی تەقـدیم ئـەكات بـۆ وەزارەت بـۆ تەئسیسی جامیعە ئەبێ لەگەڵیشی مەنهەجی دیراسیەكە تەحدید بكات، یەعنی ئەو مەوادانەی كـە دیراسـە ئەكرێ خیلال ئەو چەند ساڵە، چوار ساڵە، پێنج ساڵە، شەش سـاڵە، و عـەدەد وەحداتـەكانیش ئـەبێ دیـاری بكـرێ، پێنجـەم كـە لەگـەڵ تەقدیمەكـەی لەگەڵیـەتی بـە نیسـبەت مـوفرەداتی مـەواد، خـاڵی سـێیەمیش نووسرایە (الموارد الماليه للجامعه) یەعنی بە من ئەوە بكرێتە (الامكانيات الماليه)، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە سێیەم هەمانە، ئەمن هاوڕام لەگەڵ جەنابی وەزیر كە وتی ساڵێك بكرێتـە زیـاتر نەبێ لە شەش مانگ، لە پێنجەم فەرعی (ه) هاتیە نایخوێنمەوە، بەڵام لە كۆتایەكەی ئەڵێم كـە ئـەڵێ (مع

حجم الجامعه) يەك تێبینی گچکەم هەیە، (مع مراعات ذوي الاحتیاجات الخاصة) لەكاتی دروست كردنی بینا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك شوان

**بەڕێز شوان كریم كابان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە ماددەی شەش (2) هەم ئەوەندەی من بزانم هیوادارم هەڵەش نەبم، نیزام داخیلی ناوی تیا نیە، لیستێك بە ناوی هەیئەی ئومەنا و یان ئەوەی كە لابرا پێشتر، پێم وابێ ئەوەی خاڵی دووەم لابرێ، دووەم، من پرسیارێكم هەیە بۆ لیژنەی موختەص، ئەگەر لە كاتێكدا ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیر قبوڵ كرا بەوەی كە ئەگەر ئەو زانكۆیە نەیتوانی بەردەوام بێ، یان نەیتوانی لە ڕووی زانستیەوە ئەو ئەركەی كە پێی سپێردراوە جێ بەجێی بكات، چۆن ئەو موڵكەی هەیەتی ئەبێ بە هی حكومەت لە كاتێك ئەوە ئەبێ بە موڵكی خۆی لە ڕووی قانونیەوە، ئەوە چۆن موعالەجە ئەكرێ؟ ئەبێ ئەوە چارسەر بكرێ لە كاتێك ئەگەر ئەو موقتەرەحە قبوڵ كرا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئامینە خان

**بەڕێز امنة ذكري:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

سەبارەت ماددا هەندێ كو دبێژیتن جەنابێ وەزیری پێشنیار دكات ببیتە شەش هەیڤ، بلا بۆمە ڕوون كردنێ بدات بوچی شەش هەیڤ؟ ئەوە ل ئەصلێ قانونێ دایە كو دگەل هەندێ مە كو یەك ساڵ تێپەڕ نەكا، چونكی ئەڤ مەوادێ بەردەستێ وێ، ئەو كەسێت كو ئیستیسمارێت دكات دبیتن ئەڤ جا چێببیتن ساڵەكێ كێمتر ئەو هەمی پێتقیەت خۆیێ، یەعنی ئەڤاهیێ خۆیێ، پێداویسستیەت یەن زانكۆیە دابین بكات، كێ یەك ساڵدا كێمتر بكات؟ بەس ئەگەر وێ ماوێ ئێك ساڵ ئیحتیماله شەش هەیڤ زۆر یا كێم بیتن بۆ ئەڤ بەرهەم هێنەر یان ژی موستەسمیر، بشێتن زانكۆیەك یان كەلوپەلێت زانكۆیەت دابین بكاتن، داخازێ وەزیرت ئەكەم سبب چیە؟ هەر سەبەبێك هەبیتن حەتا بشێتن زانكۆیەدا بگریتن و هەموو تشتێت وی بۆ وەزارەتێ خوێندنێ بالاَ بیتن، ئەز پشتگیریا هاڤكارێ خۆ كاك شڤانێت دكەم، مەسەلەن زانكۆ، پێداویستیەت وی پارا موستەسمیرێت وێ ساف كری، ئیحتیماله ل ساڵێت دوێدا دەرگایێ زانكۆیەت وی بهێتە كرن، یەعنی مافێ وی موستەسمیری چ لێهیێتن؟ ل سەر وی هاتیە تاپۆ كرن، سەبارەت بە ماددە شەشێ كو پێشنیار كری، تەنها ڤەكرنا یان كۆلیژێت یا تایبەت بێ یا پزیشكیا ددانێ، دەرمان خانە و پەرستیارێ، دیسان ل جەنابێ وەزیرێ داخاز دكەم بوچی یا حەصر كری ڤان 3 كۆلیژێت پزیشكی؟ بوچی كۆلیژیا بەرفراوان نەبی؟

پزیشکیا گشتی نەبی، ئەگەر روون کردنەکی مە بدەن کۆ ئەندامێت پەرلەمانی ژی بەرچاوێ ڤان ڕوون بکا کە ل سەر چ ئەساس ئەڤە هاتیە دەست نیشان کرن تا دەنگدانەکا دروست هەبیتن؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من بەر لەوەی سەرنجەکانم بدەم داوایەکم هەیە، بەراستی هەم کاتەکەی لەوەیە درەنگ بێ و هەم ماددەکە زۆر دوور و درێژە، و زۆر ئاڵۆزیشە، پێم وایە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی ورد هەیە، بۆیە من ئەو سەرنجە ئەدەم کە ڕاپۆرتی ئێمە، ئەو ڕاپۆرتەی کە ئێمە نووسیومانە لە مانگی هەشتی 2010 نووسراوە، بەڵام لە 11/29 دا بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دکتۆر (دلاوەر عەلائەدین) بە شێوازێکی ڕەسمی ڕاپۆرتێك و نووسراوێك وەکو سەرنجەکانی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، پێشکەش بە لیژنەی پەروەردەی کردووە.

تکا ئەکەم ئەگەر کارێك بکەین ئەمڕۆ ئەم دانیشتنە هەڵگیرێ بۆ بەیانی بۆ ئەوەی لەبەر چاو بگیرێ، چونکە مەسەلەی پێ بەخشینی زەوی هەیە، ئالۆزیەکە ئەوەیە حکومەتی کردۆتە دیلی دەستی وەبەرهێنەرەکان زیاتر، بۆ ئەوان ئەگەڕێتەوە، مەرجەکانی کە دانراوە ئەتوانم بڵێم مەرجی ئاڵۆزن، و ئاسانکاری زۆر کراوە بۆ ئەوەی مەرجێکیان بۆ دابنرێ، بۆ نموونە لە خاڵی یەکەم کە هاتووە ئەڵێ (داواکاری دامەزراندنی زانکۆ پێشکەش بە وەزیر ئەکرێ و ڕاپۆرتێکی پێوە ئەلکێندرێ کە داواکارانی دامەزراندن پەیمان ئەدەن، پەیمان ئەدەن یەعنی چی؟ خۆ پەیمان دان کارێکی زۆر ئاساییە، خەڵك هەیە پەیمانیش ئەدات، بەڵام جێ بەجێی ناکات، کاتێك ئەوە پەیمان ئەدات و زەوی پێ ئەبەخشرێ، ئیمتیازاتەکانی بۆ دابین ئەکرێ، دوایی نەیکرد؟ چ ڕیگایەك ئەگیرێتە بەر؟.

بۆیە ئەم تەسەلسولەی کە لێرەدا هاتووە دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و پەیمان ئەدات و مۆڵەتی پێ ئەدرێت و زەوی پێ ئەدرێ و کارئاسانی بۆ ئەکرێ بۆ جێ بەجێ کردن و بەردەوام بوونی کارەکان، ئەمە هەست ئەکەین نە لە خزمەتی مەسەلەی وەبەرهێنان دایە، نە لە خزمەتی لایەنە یاساییەکانیشی دایە، چونکە کۆمەڵێك نموونەمان هەیە لەوانە لە مەسەلەی وەبەرهێناندا کاتێك زەویشیان وەرگرتووە، جێ بەجێشیان نەکردووە، بە ناوی زانکۆشەوە نموونەمان هەیە، دواتر بۆ مەبەستی تر بەکارهێنراوە، و هیچ ئیجرائاتێکیشی بەرامبەر نەکراوە، چونکە ئەزانین ئەوانەی کە کاری وەبەرهێنان ئەکەن لەوەیە بتوانن لەمەسەلەی (لۆبی) کردندا پشتوپەنایان هەبێ، یاساکان بە پیێی پێویست جێ بەجێ نەکەن، بۆیە پێویستە یاساکە وەکو پێویست جێ بەجێ بکرێ، ئەمە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی زیاتر هەیە.

لە خاڵی سێیەم دا لە مەش باس لەوە ئەکرێ کە داواکارانی دامەزراندن ئەبێ هەموو مەرجەکان جێ بەجێ بکەن، بەڵام لە دواتر باس لە هەڵوەشاندنەوە ئەکرێ، ئا لێرەشدا ئەگەر بێتو دوای ئەوە مەرجەکانی

جێ بەجێ نەکرد بڕیارەکە هەڵوەشایەوە، کێ تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە ئەکات؟ ئەو خوێندکارانەی لەوێ ئەخوێنن، ئەو کەسانەی تیایدا زیان مەند ئەبن، کێ قەرەبوویان ئەکاتەوە؟ ئەوەش یەك لەو مەسەلانەیە کە تیای نەهاتووە، لە خاڵی چوارەمدا دیسان بە هەمان شێوە وەزیر دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆیەکی جیهانی ئەدات، ئەڵێ دوای هەڵسەنگاندنی داواکە، ئایا ئەو مۆڵەتەی کە لێرە ئەڵێ ئەیدات ئەو مۆڵەتەیە بۆ کردنەوەی زانکۆکەیە یان بۆ خوێندنە؟ چونکە مۆڵەت بۆ کردنەوەی زانکۆ شتێکە، بۆ خوێندنیش شتێکە.

بۆیە پێویستە لەمەشیان مۆڵەتەکە کافی بێت، ئەگەر بێتو مەرجەکان جێ بەجێ نەکات ڕێگەی پێ نەدرێت کە دەست بەکار بێت، لە خاڵی پێنجەمدا دیسان ئەڵێ (هەموو ئەوانە پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بۆیە ڕاستە لێرەدا ئەبێ ئاسانکاری زۆر بکرێ بۆ مەسەلەی وەبەرهێنان، بەڵام خاڵی گرنگ کە پێیوستە لەبەر چاو بگیرێت بەرژەوەندی حکومەتە.

ئەوەی من تێبینی ئەکەم لەو ماددیە بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی حکومەت و لایەنی زانستی و ڕێکارە یاساییەکان بۆ ئەوەی وەکو پێویست ڕێی خۆیان بگرن نە گێراوەتە بەر، دوا خاڵیشم سەبارەت بە کۆلیژی پزیشکی گشتی، پێم وایە زۆر ئاساییە با پزیشکی گشتیشی تێدابێ، نەوەك ئێمە حەصری بکەین لە چەند کۆلیژێك، بەڵام بە مەرجێك ڕێکارەکانی بۆ دەست نیشان بکرێ، سەبارەت بە بەشەکانی تریش کە هەیە ئەگەر بێتو کۆمەڵێك ڕێکار دەست نیشان بکرێ چی تێدایە کۆمەڵێك پزیشکی شارەزا لە وڵاتانی پێشکەوتوو، دامودەزگا پێشکەوتووەکانی تریش بێن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك نەژاد

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەراستی لەگەڵ هەموو ئەو تێبینیانەم کە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاو تویژینەوە زانستی دەربڕی، مولاحەزاتەکانی دەقیق بوون، بە حەقیقەت هەندێ مولاحەزات منیش ئیشارەتم پێدایە، بەڵام ئەو ئیشارەتی پێدا و پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، بەڵام لە یەکەمدا پێم وایە فەقەرەیەك زیاد بکرێ کە تەسبیتی ژمارەی ئەو قوتابیانە بکرێ کە وەرئەگیرێن لەو جامیعەیە، لە دووەمیش (یشکل الوزیر بقرار منه لهذا الغرض) ئەو (بقرار منه)وە ئەوە تەحصیل حاصله، تەبعەن وەزیر قەرار ئەدات بۆیە لیژنە تەشکیل ئکات، ئەو (بقرار منه) زیادە، لە سێیەم دا (یلتزم طالبو التاسیس بتوفیر جمیع الشروط والمستلزمات المطلوبة المنوه عنها في البند (اولا) من هذه المادة خلال مدة لا تزید عن سنة دراسیة واحدة)، یەعنی تەحدید بکرێ بە ساڵی خوێندن، هەروەها (وبخلاف ذلك تعد اجازة التاسیس ملغاة) لە جیاتی بڵێین (و تبلغ طالب التاسیس بذالك) ئەوەی تر پێی ناوێ (ویتولي الوزیر تبلیغ طالبي التاسیس بهذا الالغاء)، (-

يمنح الوزير بعد مصادقة مجلس الوزراء اجازة تاسيس الجامعة او فروع لجامعة عالمية من عدمه) يان نايدات، يان ئەيدات، (من عدمه) زيادە باشترە، لە پێنجەميشدا نووسرايە (لاتتجاوز عشره سنوات) پێم وايە هەموو شتەكانى تەكميلە بكات بە پێنج ساڵ، 10 ساڵ زۆر زۆرە، بۆ ئەوەی جامیعەكە تەكمیل بێ پێنج ساڵ مودەيەكى موناسيبە بۆ ئەوە بتوانێ، ئەگەر وەبەرهێنەرێك بە پێنج ساڵ نەتوانێ تەكميل بكات ئەوە حەقى وەبەرهێنانى نابێت، هەر لە پێنجەم، و لە دووەمدا لقى (ا) (مع عدد الكليات والاقسام المنوي انشاءها وحاجتها فيما يتعلق بقاعات التدريس وعدد سنوات الدراسة) ئاواى لێ بكرێ پێم باشترە، شەشەميش (لايجوز فتح كليات او اقسام جديدة بهدف التوسع والاعلان عنها والبدء بالقبول والدراسة الا بعد موافقة الوزارة وحسب حاجة الاقليم) ديسان لێرە (حاجه الاقليم) تەسبيت بكرێتەوە، (من اختصاصات) تا كۆتايى، و ديسان دووبارەى ئەكەمەوە لەگەڵ پێشنيارەكانى بەرێز وەزيرم، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بايز-سەرۆكى پەرلەمان**

فەرموو سەميرە خان

**بەرێز سميره عبدالله**

**بەرێز سەرۆكى پەرلەمان**

بەخۆى وەزارەتى خوێندنى باڵا و توێژينەوەى زانستى سەرنج و تێبينيەكى جوانى ناردیە، بۆ هەموو ئەندامانى پەرلەمان، بۆ ليژنەى پەروەردە و خوێندنى باڵا، پێويست بوو ليژنەى پەروەردە و خوێندنى باڵا خاصەتەن لەسەر ئەو ماددەى شەشە كە رۆحى ياسايەكەيە هەمووى گرتۆتە خۆ، نابێ بەو شێوە تەقليديە ئێمە هەر دەنگى لەسەر بدەين و تەواو، هەموو برگەكان پێويستى بە تەوزيح كردن هەيە، وشەى هەيە پێناسەى ئەوێ، برگەى هەيە هەر پێويست نيە، نابێ لەو ياسايە هەبێ، ياساى هەيە، بە رێنمايى جێ بەجێ ئەكرێ، زۆريشى غامزن و پێويستى بە مەجالى زياتر هەيە، چونكە ئەوە ئاستى زانسيتە، ئەوە كتێب خانەيەك نيە، موختەبەرێك نيە، موختەبەريش جۆرى هەيە، بۆ نموونە موختەبەرى كيميا، كە ئەچى سەردانى ئەو كۆليژە ئەهليانە ئەكەيت زۆربەى موختەبەركان دوو پێنجى تێدا نيە تەجاروبى عيلمى لێ بكەى، هودێكى تيا نيە ئەو تەجاروبى مەوادى سامەى هەيە لێى بكەن، يان باسى كۆليژى پزيشكى ئەكەن، ئەم كۆليژە چۆن ئەبێ بەو پێوەرە؟ نە كواليەتيەكى تێدايە، نە پێوەرێكى جيهانى تێدايە، ئەگەر بكرێ مەجال بدرێ بە ليژنەى پەروەردە، تەئيدى قسەكانى دكتۆر سەروەر ئەكەم كە ئەو ماددەيە ڕابگرن تا زياتر ديراسەتى بكەن، تەوزيحاتى زياترى لەسەر بدەن، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بايز-سەرۆكى پەرلەمان**

فەرموو هاوڕاز خان

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش ئەمەویٚ ئەوە بلێم بەراستی ئەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کە پێشتر ناردوویانە لە کاتی پرۆژە یاساکە ڕاپۆرتێکی زۆر باشە، شتی زۆر جوان و تۆکمەی تێدایە، زۆر کەڵکی لێ وەردەگرین، هەرچەند وابزانم زۆر کەڵکی لێ وەرنەگیراوە تا ئێستا، بەس شتی زۆر جوانی تێدایە، لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ ئەگونجێ، سەبارەت بە ماددەی شەش کە یەکەم ئەڵێ (دواکاری دامەزراندنی زانکۆ یان کۆلیژە زانکۆ پێشکەش بە وەزیر ئەکرێ) من پێم وایە ئەبێ ئەمە وەزارەت بێ، دوایی ئەڵێ ڕاپۆرتێکی پێوە ئەلکێنرێ کە داواکارانی دامەزراندن پەیمان ئەدەن، ئەو پەیمان دانە بەراستی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، لەوانەیە ئەم پەیمان دانە بەراستی جێگای متمانە نەبێ، چونکە زۆرمان بینیوە کاتێك پەیمان دراوە لەکاتی کە وەبەرهێنێك داواکاری پێشکەش ئەکا بۆ ئەوەی لەکەرتی تایبەت کۆلیژێك یان قوتابخانەیەك دامەزرێنێ، دوایی کۆمەڵێك سەرپێچی کردیە کە پێچەوانە بووە لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە پێویست بووە جێ بەجێ بکرێ، هەروەها لەگەڵ مەرجەکانیش، پێم باشە ئەو پەیمان دانە بگۆڕدرێت بە شتێکی تر، چونکە جێگای متمانە نیە و زۆر بە ئاسانیش پێشێل ئەکرێ، هەر ئەو داواکاریانە پێم وایە یەکجار زۆرن لەو ماددەیە، ئەکرێ لەگەڵ ئەوەی کە ماددەی پێنجیش بڕگەیەکی خراوەتە سەر، ئەکرێ جیا بکرێتەوە بە ماددەی تر، هەموو ئەو شتانە تێکەڵ کراون بەراستی ئاڵۆزیەکی زۆر بەو ماددەوە دیارە، بڕگەی چوارەم مۆڵەت و روخسەت پێدان، ئەڵێ وەزیر دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆ یان کۆلیژە زانکۆ یان لقێکی زانکۆیی جیهانی ئەدات لە ماوەی (90) ڕۆژ لە مێژووی داواکاریەکە کە لە لایەن وەزارەت و بە پێچەوانەی ئەمە داواکاریەکە بە ڕەفز کراو دائەنرێ، من نازانم ئەبێ ئەوە دیار بێ کە وەزارەت بە چ دەستەلاتێك، بە چ میکانیزمێك ئەو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە ڕەت ئەکاتەوە؟ ئەمە ئەبێ دیاری بکرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە دووەم لە ماددەی شەشەم منیش پشتگیری لە ڕای لیژنە ئەکەم کە ببێتە (بالتشاور مع مجلس الوزارە) بێت، بەلام پێم باشە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (یشکل الوزیر بالتشاور مع مجلس الوزارة لهذا الغرض لجنة لا یقل عدده اعضاءە عن خمسة من ذوي الخبرة والاختصاص في الجامعات الحکومیة والقطاع الخاص على ان یکون من ضمنها ممثل الوزارة) ، ئەوە بە هەڵە نووسراوە لێرە، (على ان تکون من بینهم ممثلا)، لە ڕووی داڕشتنەوە هەڵەیە، سەبارەت بە سێیەم لە کۆتایەکەی ئەڵێ (وبخلاف ذلك تعد اجازة التاسیس ملغاة ویتولي الوزیر تبلیغ طالبي التاسیس بهذا الالغاء).

بەلأم لێرە دیاری نەکراوە لە مودەی چەندا تاڵیبی تەئسیس ئاگادار ئەکرێتەوە لە لایەن وەزیر یان لە لایەن وەزارەت بەو ئیلغا کردنەوە، ئەبێ لێرە مودەیەك دیاری بکرێ بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا ئاگادار بکرێنەوە کە داواکاریەکەیان وەرنەگیراوە و ئیلغا ئەکرێتەوە، سەبارەت بە چوارەم لە ڕاپۆرتی یان لە پێشنیارەکانی وەزارەتی خوێندنی بالأ کە جەنابی وەزیر خوێندیەوە، ئەڵێ (حذف لجامعە عالیە) ، ئێمە پێشتر باسمان لەوە کرد کە جامیعاتی ئەجنەبی بۆیان هەیە لێرە فەرع بکەنەوە، ئایا بۆچی لێرە ئەم حەزف بکرێت؟ (یمنح الوزیر بعد مصادقه مجلس الوزاره اجازه تاسیس او مجلس الوزراء اجازة تاسیس جامعة او فرع لجامعة عالمیة)، چونکە لێرە مادەم ئیجازە پێدانە ئەگەر ئەوفەرعی جامیعەی عالەمیەش یان ئەجنەبیە لە کوردستان دا ئەکرێتەوە ئەویش پێویستی بە مۆڵەت پێدان هەیە، بۆچی لێرە حەزف بکرێ؟.

من داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم لە جەنابی وەزیر کە بۆچی پێشنیاریان کردووە حەزف بکرێ؟ دواتر لە خاڵی دووەم لە چوارەم کە باس لە (لطالبي التاسیس الاعتراض على القرار لدى مجلس الوزراء خلال ثلاثین یوما من تاریخ تبلیغهم بقرار الرفض وعلى الوزارة البت في الاعتراض خلال مدة ستین یوما من تاریخ تقدیم الاعتراض)، ئایا دواتر بۆیان نیە دوای ئەوەی کە وەزارەت بەت ئەکات لە قەرارەکە لە مەحکەمە تەمیزی ئەو بڕیارە بکەنەوە؟ لێرە کۆتایی پێهاتووە کە داواکارانی دامەزراندن بۆیان نیە پەنا بەرنە بەر هیچ جێگایەکی تر دوای ئەوەی وەزارەت بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەدات دیارە قەراری مەجلیسی وەزارەت باتە، لێرە پێویستە ڕێگایەکی تر بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە تەمیز بکەنەوە لە دادگای ئیداری بێ یان دادگا بۆ ئەوەی حەقی ئەوەیان هەبێ کە جارێکی تر هەست بە تەزەڵوم بکەن، و لە پێنجەمیشدا دیارە جەنابی وەزیر ئەوەی خوێندەوە کە (فی حالة عدم تحقیق المستثمر للاغراض المقصودة اعلاه او الفشل في تحقیقها او الغاء الجامعة الخاصة لاي سبب کان تؤول ملکیة المنشئات المشیدة وتوابعها الى وزارة التعلیم العالي والبحث العلمي بدون مقابل)، ئایا جێگەی نەزەر نیە بدون موقابیل هەموو ئەو کەلوپەل و هەموو ئەو شتانەی کە لە زانکۆی تایبەت دا هەیە هەمووی بۆ وەزارەتی خوێندنی بالأ بڕوات بێ بەرامبەر؟ ئەمە بەراستی حەز ئەکەم ڕوون کردنەوەی لەسەر بدرێ، جگە لەوە من لێرە لەبەر ئەوەی کە ئیلغا کردنەوەی جامیعەی تێدایە من پێم باشە ئەو فەقەرەیە بچێتە ئەحکامی خیتامی و ببێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، نەك لێرەدا فەقەرە هەبێ، چونکە باس لە هەڵوەشاندنەوە ئەکات، لەبەر ئەوە هەر جامیعەیەك هەڵئەوەشێتەوە لە ئەحکامی خیتامیەکە بە ماددەیەك دیاری بکرێت کە ئەم کەل و پەلانە بۆ وەزارەتی خوێندنی بالأ ئەبێ، بەلأم بەبێ موقابیل من پێم باشە ڕوون کردنەوەی زیاتری لەسەر بدرێ، ئەگەر ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان گوێ لەیەکتری نەگرن بەراستی هیچمان قسە نەکەین باشترە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان

**بەرێز سۆزان شهاب:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە زۆربەی ئەو سەرنج و تێبینیانە لەگەڵ ئەوەی وەزارەت جارێكی تر هەوڵمان داوە صیاغەی بكەینەوە ما عەدا بابەتێك نەبێ كە لەگەڵی نەبووین و وەزارەت پێشكەشی كردووە و ئەڵێ ((في حالة عدم تحقيق المستثمر للاغراض المقصودة اعلاه او الفشل في تحقيقها او الغاء الجامعة الخاصة لاي سبب كان تؤول ملكية المنشئات المشيدة وتوابعها الى وزارة التعليم العالي والبحث العلمي بدون مقابل)، ئەوە بە پێی یاسا فەرمیەكانی كوردستان و یاسای وەبەرهێنان مامەڵەی لەگەڵ ئەكرێ، ناكرێ ئەو كابرایە بۆ ئەو مەشروعە وەری گرتووە و فەشەلی هێناوە ئەتوانێ بیگۆڕێ بۆ شتێكی تر، بۆیە ئێمە بەس ئیعتیڕازمان لەسەر ئەوە بوو كە ئەم بابەتەی وەزارەت داخڵ نەكەین؟ یەك مولاحەزەی تریش، دوو بەرێز باسی پەیماننامەیان كرد، كە ئەڵێ پەیماننامە یەعنی تەعاهودی لای كاتب عەدل، یەعنی كەفالە، یەعنی شوێنێكی ڕەسمی باوەرپێكراوە، سوپاس

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

پێشنیاری دەمج كردنی ماددەی پێنج و شەش بخرێتە دەنگدان، دواتر ئێمە ماددەكەمان داڕشتەوە تاكو دەنگی لەسەر بدرێ

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی ماددەی پێنج و شەش بكرێن بە یەك، كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بیخوێننەوە دوا صیاغەتان

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

ماددەی 5:

پێنجەم و شەشەم دەمج كرا، ڕیزبەندی ژمارە پێنجی وەرگرت

اولا: يقدم طلب تاسيس الجامعة من قبل هيئة تاسيسية ذوي خبرة جامعية لا تقل عن عشرة سنوات وان لا يقل عددهم هن خمسة الى الوزير مشفوعا بتقرير يتعهد فيها طالبوا التاسيس بتوفير المستلزمات المادية والبشرية والعلمية بما فيها المباني والمكتبات والمختبرات وغيرها من المستلزمات الاخرى واعداد نظام داخلي يتضمن ماياتي:

1-اسم الجامعه واهدافها ومقرها

2-قائمة باسماء هيئة امناء الجامعة مع سيرتهم الذاتية والعلمية ومؤهلاتهم

**3-الموارد المالية للجامعة**

**4-الكليات والاقسام او الفروع العلمية مع بيان عدد اعضاء الهيئة التدريسية لكل قسم علمي ومؤهلاتهم وخبراتهم وخدماتهم**

**5-الهيكل التنظيمي للجامعة**

**6-اية امور اخرى تنظم عمل الجامعة**

**ثانيا: يحال الطلب الى جهاز الاشراف والتقييم النوعي في الوزارة وفق ضوابط الضمان النوعي والجودة الاعتمادية**

**ثالثا: يلتزم طالبوا التاسيس بتوفير جميع الشروط والمستلزمات المطلوبة المنوه عنها في البند (اولا) من هذه المادة خلال مدة لا تزيد عن ستة اشهر من تاريخ التبليغ بقرار الوزارة بمنح اجازة التاسيس، ويبغي على الوزارة التثبت من توفير تلك المستلزمات، وبخلاف ذلك تعد اجازة التاسيس ملغاة ويتولي الوزير تبليغ طالبي التاسيس بهذا الالغاء**

**رابعا:1- تمنح الوزارة بناء على توصية مجلس الوزارة وبعد مصادقة رئيس مجلس الوزراء اجازة تأسيس الجامعة**

**2: للجامعات العالمية العريقة والمعتمده والمعروفة ان تنشأ فروعا لها شريطة الالتزام بشروط الترخيص ومعايير الاعتماد العام والخاص والمعمول بها في الاقليم**

**3-تصدر الوزاره قرار منح الاجازه لتاسيس الجامعه او فرع للجامعه معتمده خلال من تاريخ تسجيل الطلب لدى الوزاره وبعكس ذالك يعد الطلب مقبولا**

**4- لطالبي التأسيس الاعتراض على القرار لدى مجلس الوزراء خلال ثلاثين يوما من تاريخ تبليغهم بقرار الرفض وعلى الوزارة البت في الاعتراض خلال مدة خمس واربعين يوما من تاريخ تقديم الاعتراض**

**خامسا: يلتزم طالبوا التأسيس بالمباشرة بانشاء المباني والمختبرات والمكتبات ونادي الطلبة وقاعات الرياضة وغيرها من المستلزمات المادية الاخرى على الارض المخصصة لمشروع الجامعة الخاصة وفق قانون الاستثمار النافذ في الاقليم خلال مدة لاتتجاوز ستة اشهر من تاريخ التخصيص، وكذالك الالتزام باكمالها بمراحل وفق خطة ومتطلبات الجامعة المصادق عليها من الوزارة في ضوء التصميم الكامل لجميع الوحدات البنائية خلال مدة لا تتجاوز خمس سنوات، ويشترط في ابنية الجامعة مايلي:**

**-ان تكون مستقلة وغير مرتبطة باغراض سكنية او اقتصادية او تعليمية غير الجامعة او اية اغراض اخرى ليست للتعليم الجامعي**

**2-ان تشيد على مساحات تتناسب:**

**ا-مع عدد الكليات والاقسام المنوي انشائها وحاجتها فيما يتعلق بقاعات التدريس وعدد سنوات الدراسة**

ب-مع نوعية الاختصاصات النظرية والتطبقية المنوي تدريسها

ج-مع عدد الطلاب المتوقع قبولهم وفق الخطة المصادقة عليها من قبل الوزارة

د-ان تتناسب هندستها مع مناهج التعليم التي تنوي اتباعها ومع الخصائص البيئية والاقتصادية والاجتماعية للمحيط الذي تنشا فيه

ه-ان تلحق بها صالات للنشاطات الثقافية والترفيهية والدورات الخاصة ومساحات خضراء ورياضة ومراب للسيارات ومراكز صحية بحيث يتم توزيعها مع حجم الجامعة ومراعات ذوي الاحتياجات الخاصة

سادسا:

لايجوز فتح كليات او اقسام جديدة بهدف التوسع والاعلان عنها والبدء بالقبول والدراسة الا بعد تهيأة المستلزمات كافة وبتأيد ضمان الجودة ومنها:

1-المختبرات والمشاغل اللازمة حسب الاختصاصات المنوي تدريسها مع تحديد قدرة الاستيعاب كل منهما مع العدد الاجمالي للطلبة

2-مكتبة متخصصة في كل كلية ومكتبة عامة جامعية مركزية تحديد مواصفاتها

3-يشترط عند فتح كليات المجموعات الطبية والتي تنحصر (بطب الاسنان، الصيدلة التمريض) مراعات المواصفات العالمية و توفير الكوادر والمستلزمات الضرورية

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (6) كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، تا بەیانی سەعات 10 ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |